عبدالقادر وحیدی

فەرموودەکانی ئەحکام

التفسیر
چاپی دووەم

فەرمودەکانی ئەحکام

فەرمودەکانی ئەحکام

نوسین: عبدالقادر تەوحیدی

چاپی دووەم ١٤٤١ ك- ٢٠٢٠ ز

نوسینگەی تەفسیر

بۆچاپ و بڵاوکردنەوە

هەولێر- شەقامی 30 مەتری تەنیشت منارەی چۆلی

+964 750 818 08 66

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

/TafseerOffice

ئامادەکردنی پێڕست - نوسینگەی تەفسیر

فەرمودەکانی ئەحکام، عبدالقادر تەوحیدی (نووسەر)

٤٧٢ لاپەڕە

١٧* ٢٤ سم

بابەت، فەرموودە" فیقهی

ISBN: 978-9922-620-84-8

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (١٤١) ی ساڵی ٢٠٠٨ پێدراوە.

"بیروبۆچونی ئەم کتێبە، مەرج نییە هەمان بیرو بۆچونی نوسینگەی تەفسیر بێ"

دیزاینی ناوەوە: جمعە صدیق کاکە

خەتی بەرگ: نەوزاد کۆیی

فەرمودەکانی ئەحکام

نوسینی
عبدالقادر تەوحیدی

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەكی

الحمد لله الذي علم الانسان مالم يعلم، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد الذي قال (من يرد الله به خيراً يفقهه في الدين) وعلى آله واصحابه اجمعين.

براو خوشكە مسولْمانو خواناسە كورد زمانەكانم.

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

ئاشكرایە كە خۆشبەختیو سەرفرازی مرۆڤ لە پەیرەوی كردنی یاسا بەرزو بەنرخەكەی ئیسلام دایەو ئەویش نابێ مەگەر مرۆڤ ئەو یاسایانە بناسێت, ناسینی ئەو یاسایانەش تەنها بە قورئانو فەرمودە بەنرخەكانی پێغەمبەری ئازیزمان (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەبێ، سوپاس بۆ خوا لەم سەردەمەدا هەرچەن ئاین غەریبەو پەیڕەوانی ڕاستەقینەی كەمو نامۆن بەلاّم جێگەی نائومێدی نیەو لەو كەمە بەرهەمێكی زۆری زانستی ئایینی لە هەمو بوارەكاندا هەیەو خەڵكی مسولْمان ئەتوانن بەماوەیەكی كەم هەر بەزمانەكەی خۆیان شارەزایی ئایینەكەیان ببنو خۆیان بگەیەننە قافڵەی خۆش بەختانو سەرفرازی هەردوو دونیا بەدەست بهێنن منیشوەكو منالێكی ناو ئەو كاروانە دوورو درێژە دەستم كردوە بەگڕوگاڵو ئەمەوێ بەئەندازەی بەڕەی خۆم پێ ڕابكێشمو سودێك بەبەشێكی ئەو كاروانە درێژو نەپساوە بگەیەنمو لەدوعای

خێری ئەوان بێبەش نەبم، بەڵكو خوای میهرەبان بیكات بە مایەی خۆشبەختیو سەرفەرازی ئەوانو لە كێشانەی چاكەدا بۆ ئەم بەندە لاوازە ىدا بنێت ﴿...هُوَ أَهْلُ ٱلتَّقْوَىٰ وَأَهْلُ ٱلْمَغْفِرَةِ﴾(المدثر- ٥٦).

لەبەرئەوە لێرەدا هەستام بەدەرهێنانی ((٨٨٨)) فەرمودەی پێغەمبەری ئازیزمان (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە هیچ كامیان لە پلەی (حسن لغیره) خوارتر نین، واتە: هەمو فەرمودەكان جێگای باوەڕنو زانینو ئیش پێكردنو فەتوا پێدانیان بێترسە، ئەمیش لە (منتقی الاخبار) لە (نیل الاوطار)دا كە بریتیە لە (٣٩٤٦) فەرمودە دەرم هێناون. ئەوەی لێرە ئێمە كردومانە، ئەوەیە كە ئەگەر چەند فەرمودە هەبووە لەبارەی یەك شت ئێمە یەكێكیانمان هێناوەوە ئەگەر فەرمودەیەكی (صحیح) بووە لەبارەی حوكمێكەوە بەڵام فەرمودەیەكی (حسن، یان حسن لغیره) بووە هەر لەوبارەیەوە زیادەیەكی تێدابووە یان كورت تر بووە ئێمە (حسن، یان حسن لغیره)یەكمان هێناوە لەبەر سودی زیاتر یان لەبەر ئاسان لەبەر كردن، هەوڵمان داوە هەمو فەرمودەكان بە ژمارەیانەوە بنوسین تا ئەگەر برایەك لە شتێكا گومانی پەیدا كرد بتوانێ بە ئاسانی ئەو فەرمودەیە بدۆزێتەوەو تەماشای خۆیو ڕاڤەكانیان بكات، پێشەكی ئێمە ژمارەی خۆمان ئەنووسین پاشان ژمارە هەمان فەرمودە لە (نیل الاوطار)دا بەم شێوەیە ئەنوسین (ن/١)، ئینجا فەرمودەكە ئەنوسین پاشان ئەگەر تەنها ئیمامی بوخاریو مسلم ئەو فەرمودەیان هێنا بوو ئەنوسین (أَخْرَجاه/ ئەو دوانە دەریانهێناوە)وە ئەگەر ئیمامی ئەحمەد یان لەگەڵدا بوو ئەنووسین (متفق علیه/ یەكن لەسەری)، وە ئەگەر ئەمانە خاوەنی {سوننەنەكانیان، واتە: (أبو داود – ترمزی- النسائی- وأبن ماجه)یان لەگەڵدا بوون ئەنووسین (رواه الجماعة)} ،وە ئەگەر ئیمامی ئەحمەدو خاوەنی سوننەكان دەرهێنابو، ئەوە بۆیان ئەنوسین (رواه الخمسة) لەپاش ئەوە یەك بەیەك خۆیانو ژمارەی فەرمودەكان ئەنوسینو هەندێ جاریش

بێجگە لەوانیش کەسانی تریش ئەنوسین بەڵام زۆر بەکەمیو یەك دوو فەرمودەشمان هێناوە لەغەیری (منتقی)و لە شوێنی خۆیدا ڕاویەکەمان نوسیوە لەپاشدا (ن/ش)م نوسیوە، واتە: لە شەرحەکەیدا هاتووە، گرنگ ئەوەیە کە هیچ فەرمودەیەکمان نەنوسیوە کە ئیشی پێ نەکرێتو مانایەکی کورتمان کردوە،وە دەرهێنانی فرمانەکانمان داوەتە دەست ژیریو تێگەیشتن و.

زۆر بەی ئەمەش شتێکی زۆر گران نیە، چونکە بەش بەشەو هەر بەشەی لەبارەی کۆمەڵە فرمانێکەوەیەو هەر لە بەشەکانەوە حوکمی ئەو بەشە زۆر بەزوی هەست ئەکرێت بەڵام ئەوەندەی هەیە فەرمودەکانی پێغەمبەرمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کورتو پڕ مانایەو زۆرجار وادەبێ کە وەڵامدەرەوەی پرسیارەکە، ڕوکارەکانی دەورو پشتیەتی لەبەرئەوە ئەبینی لە فەرمودەیەکدا چەند فەرمان هاتوە ئەو بابەتەی کە ئەو فەرمودەمان بۆ نوسیوە کەمەو ئەو فەرمودوە بۆ چەند جێگا ئەشێت بەڕای ئێمە هەوڵمان داوە لە دووبارە کردنەوەی فەرمودەکان خۆمان بپارێزین لەبەرئەوە براو خوشکانمان پێویستە بە چاکی سەرنجی فەرمودەکانو فرمانەکانی ناوی فەرمودەکان بدەنو تەنها بۆ یەك جێگا نەبێو لەبیر بچێتەوە هەر لەبەرئەوە ئەبینی زۆر باسی فیقهی هەیە ئێمە هێمامان بۆ نەکردوە، چونکە یان فەرمودەی باوەڕ پێکراومان دەست نەکەوتوە یان ئەو باسە لە فەرمودەیەکدا هاتوە کە لەسەر باسێکی تر نوسیومانەو لەبەر دوبارە نەکردنەوەی باسێکی سەربەخۆمان بۆ ئەو باسە فیقهیە نەنوسیوە، واتە فەرمودەکانی پێغەمبەری ئازیزمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەر یەکە بۆ خۆی دەریایەکەو جۆرەها فرمانو سودی لێوەرئەگیرێ وعەقڵو ژیری مرۆڤیشوەکو یەك نیە مەرج نیە فەرمودەیەك کە زانایەك چەند فرمانی لێ دەرهێنابێ ئیتر شتی تری لێوەرنەگیرێ زۆر بیسەر بوونو ئەبن کە لە هەڵگری فەرمودەکان زیاتر ئەتوانن سود لەو فەرمودانە وەربگرن، جا کەواتە قوڵی مەردانەی لێ هەڵکەنو لەو

دەریایەش بەشی خۆتان نۆشی گیانكەن، ئەمە سێهەم پەڕاوی فەرمودەیە[١] جا ئەگەر خوا یارمەتی داین زیاتر بەو كاروانە كۆمەك ئەكەین، پێم خۆشە پێش ئەوەی بچمە سەر فەرمودەكان ڕوشنكردنەوەیەك لە بارەی فەرمودەكانی پێغەمبەرمانەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بكەین بۆ ئەوەی سودی زیاتروەبەر براو خوشكانمان بكەوێتو وەكو كورتەیەكی زۆر كورت لەبارەی (علوم الحدیث)ەوە ئەنوسین. وما توفيقي الا بالله عليه توكلت واليه انيب.

فەرمودە ئەگەر لە ڕێگایەكەوە هات كە جێگای دڵنیای بو لە هەمو سەردەمەكاندا تا ئەوكاتەی كە نوسراوەتەوە ئەوە پێی دەوترێت (متواتر)و پەسەند كراوە لەلای هەموان ئەگەر عەیبێك كەوتە ڕێگای هێنانی یانوشەكانی ئەوە لەو پلە دێتە خوار، لە ڕاستیدا ئەم بەشەی دوهەمیانە كە لەو پۆی لێئەبێتەوەو هەندێكی بەرای هەموان ئیشی پێ ئەكرێتو هەندێكی تروەلا ئەنرێتو بەشێكی تری كێشەی لەسەرە، ئێمە ئەگەر خوا یاربێ بەكورتی ئەو بەشانە ئەخەینە بەردەم ئێوەی ئازیزو خۆشەویست بەڵكو ببێ بەمایەی خەیر بۆ ئێوەو لە كێشانەی چاكەشدا (كەریم) بۆ منیشی دابنێت.

١- ئەو فەرمودەی كە لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەتا نوسەری ڕیوایەتەكە پچڕانی تێدا نەبێو دەست بەدەست لە ڕیوایەتكەرێكی دادپەروەری هۆش چاكو ڕیزپەڕیو هۆیەكی تێدا نەبێ ئەوە پێی ئەوترێ (صحیح، ڕاستە) (اتصالُ السَّند مِنْ عَدْلٍ ضابِطٍ خال عن العِلة والشذوذ).

---

(١) پەراوی یەكەم چل فەرمودەی قودسیە، وە پەرواوی دوهەم (١٧٥) فەرمودەیە لە هەمو بابەتەو بە گوڵزاری چاكان، ناسراوە بەڵام بەداخەوە تا ئێستا یەكەمیان چاپی بەخۆیەوە نەدیوەو دوهەمیان سوپاس بۆخوا لەهەمان نوسینگەی بە ڕێزە وەچاپ كراوبڵاو كرایەوە.

٢- ئەگەر لەمبارەوە کەوترا بۆ یەکەم لە دادپەروەریو هۆش چاکیدا کزییەك هەبوو ئەو فەرمودەیە بە (حسن، جوان) ناو ئەبرێت.

٣- وە ئەگەر لەپارچەیەك لەو پارچانەی یەکەم کزیەکی زیاتر بوو، وەك نەزانینی دادپەروەری کابرای ڕاوی یان شت تێکەڵاوکردنی هۆشی یان ڕیزپەریەکی تێدا بوو یان هۆیەکی تری هەبوو ئەو فەرمودەیە ئەکەن بە (ضعیف، لاواز) بەو مەرجە درۆزن لەناو ڕیوایەتکەرەکاندا نەبێ، چونکە ئەگەر درۆزن بوو، ئەوە بە (موضوع، کەڵەکو درۆ) ئەژمێردرێتو نابێ ڕیوایەتیش بکرێت ئەگەر بناسرێت مەگەر بۆ باسکردنی درۆو کەڵەکەکەی.

جا ئەگەر بەشی سێهەم لە چەند ڕێگایەکەوە هاتبێو هیچیان درۆزنیان تێدا نەبێ ئەوە ئەبێ بە (حسن لغیره، جوانە لەبەر غەیری خۆی)و دوهەمیش هەروا ئەگەر لە چەند ڕێگایەکەوە هاتبێ ئەبێ بە (صحیح لغیره، ڕاستە لەبەر غەیری خۆی)واتە خۆیان (حسن) نین یان (صحیح) نین، بەڵام لەبەر چەند ڕیوایەتی تر (بە حسنو بە صحیح) ناونراون.

ئەم چوار بەشە ئەکرێن بە سێ بەشەوە بەهۆی ژمارەی ڕیوایەتکەرەکانیانەوە:

١- ئەگەر یەك نەفەر لە پێغەمبەرەوەوە تاگەیشتوەتە پلەی خوار (تابع، تابعین) هێناویەتی - یەك نەفەر لە یەك نەفەر- پێی ئەوترێ (غریب)، واتە فەرمودەیەکی غەریبەو ئەگونجێ (صحیح یان صحیح لغیره، یان حسن، یان حسن لغیره)، یان لاواز بێ.

٢- ئەگەر ڕیوایەتکەرەکان لەسەرەوە تا خوارێ (تابع تابعین) دوکەس بوون ناو ئەبرێ بە عەزیز (العزیز)، واتە شتێکی کەمو نایابە.

٣- ئەگەر زیاتر لەو ژمارە ڕیوایەتیان کرد بوو لەپاش (یارەکانی پێغەمبەر (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)) ئەوە پێی ئەوترێت بەناوبانگ (مشهور).

دوبارە بەگوێرەی پچڕانی ڕاویەکانو نەپچڕانی سێ بەشی سەرەکییی هەیە:

١- ئەگەر نەپچڕاو بوو لە نوسەری فەرمودەکە تا پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) - ئەوە پێی ئەوترێ (مرفوع -و- متصل).

٢- ئەگەر لە یارەکانەوە هاتبوو مەجالی ڕەئیو ئیجتهادی تێدابوو ئەوە پێی ئەوترێ وەستێنراو (الموقوف)، بەڵام ئەگەر لەبارەی شتانێکی پەنامەکیەوە بوو بە غەیری پێغەمبەران ئەو شتە نەئەزانرا، یان بە وشەی (أُمِرنا - نُهينا)، یان (پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە ژیاندا بوو، وامان ئەکرد ئەمانە هەمویان هەر بە (متصلو مرفوع) حیساب ئەکرێنو نابێ بە خاڵێکی لاواز لە ڕیوایەتکەرەکاندا.

٣- ئەگەر تابیعیەك فەرمودەکەی لە پێغەمبەرەوە (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باس ئەکردو ناوی ئەصحابەی نەدەبرد ئەوە بەرەڵایە (المرسل). ئەم بەشەی دووهەمو سێهەم وەبەر بەشی لاواز (الضعيف) ئەکەوێت.

هەمو ئەمانەیش ڕیوایەتکەرەکان یان بەیەك شێوە چۆن لە پێغەمبەرەوە وەرگیراوەو پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چۆنی کردووە ئەوانیش وایان کردووە پێکەنینیو هەستانی ئەوە پێی ئەوترێ (المسلسل)وە ئەگەر بەوشەی (عن)، (عن فلان)و (عن فلان) هاتبێ پێی ئەوترێ (مُعَنْعَن).

چەند تێبینی:

١- ئەم بەشەی فەرمودە واتە: (خبر الاحاد) ئەكرێ بە بەڵگە لەسەر بەندایەتیو مامەڵەدا، بەڵام كۆڕی زانایانی ئوصولی ئەڵێن فەرمودەیە، كەوابێ نابێ بە بەڵگە لەبارەی ئەو شتانەی كە پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە هەیە (العقیدة) مادام زۆر نەبن، چونكە ئەوەی بەناوبانگەو زۆرە ئەبێ بەهۆی ئارام گرتنی دڵ، هەروەكو زۆری ڕیوایەتكەرە، زۆری بەڵگەو قەرینەكانیش، بەڵام ئەوەی كە تاكە لە هەمو ڕوویەكەوە نابێ بە بەڵگە لەسەر هیچ شتێكی بیروباوەڕو عەقیدەیی، وە هەركەسێك دژایەتی فەرمودەیەكیوا بكات كافر نابێ تەنها بە فەرمودەی (متواتر)، یان ئەوانەی كە بە قەتعی لە ئاییندا زانراون وەكو نوێژو زەكاتو حەجو ڕۆژو جیهادو ئەمر بە چاكەو بەرگری لە خراپەو بەهەشتو جەهەنەم، كافر ئەبێ، بەڵام تاوانێكی زۆر گەورەیە .

٢- زۆر فەرمودەی (آحاد) هەیە بەڵام لە ڕاستیدا حوكمی (متواتر)ی هەیە، وەكو ئەو شتو ڕووداوانەی كە لەناو كۆمەڵێكی زۆردا ڕوویداوە لە پاشا یەكێ، یان دوو لە یارەكانی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باسیان كردوەو كەس نەیووتەوە وانەبووە، وەكو دەست خستنە ناو ئاوێكی كەم لەلایەن پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و سوود وەرگرتنی، زیاتر لە هەزار كەس لەو ئاوەو سەدان فەرمودەی تری ئاوەها كە باسكراوە كەس دژایەتی نەكردووە.

٣- مەرج نیە فەرمودەیەك لە ڕیوایەتێكدا - لاواز یان بەكەڵك دابنرێ- هەمان فەرمودە لە ڕیوایەتێكی تردا هەروابێ یان كە بەرچاوت كەوت لەلایەك ئەو تانەیە لێبدرێت ئیتر هەمان فەرمودە پشتگوێ بخرێت، بەڵكو پێویستە تەماشای هەمو ڕیوایەتەكانی بكرێت، جا ئەگەر لە هەمویاندا هەر كەسێكی درۆزنی تێدا بوو ئەوە لایبەو هیچ حیسابێكی بۆ مەكە لەبارەی حەرام یان

حەلاڵ کردنەوەوە, ئەگەر درۆزنی تێدا نەبوو لە هەموياندا، يان لە زۆربەياندا وە ڕيوايەتەكانى زۆربوون بەكۆى هەمويان دەگاتە (حسن لغيره)و دروستە ئيشى پێ بكرێت بەو مەرجەى دژايەتى نەبێ بۆ ئايەت، يان فەرمودەيەكى لەخۆى بەهێزتر ئەم جۆرە باسانە لەو كتێبانەدا زۆرە كە شەرحى فەرمودەيان كردوە، وەكو (فتح الباري و نيل الاوطار).

٤- مەرج نيە كە وترا - ئەم فەرمودەيە- اسنادەكەى- ((صححه)) فەرمودەكەش (صحيح) بێ، چونكە مەرجى تر پێويستە بۆ (صحيح) بوون، كە ئەبێ زيادەيەكى تێدا نەبێ كە لەگەڵ ڕيوايەتى (صحيح) ترى ئەو فەرمودەدا دژايەتى بكات، يان هۆيەكى ترى واى نەبێ كە زيان بەو فەرمودە بگەيەنێ، كە ئەوە تەنها كۆمەڵێكى كەم لە هەمو سەردەمێكدا بەو شتە نادياره ئەزانن‌و سوپاس بۆ خوا فەرمودەكانى پێغەمبەرمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەپاك‌و پوختەيى ئێستا لەبەردەست ئێمەدان‌و لە هەمو سەردەمێك زياتر ئاسان تر بووە ناسينى فەرمودەكانى, خواى گەورە جەزاى خێرى پێشەواكانى پێشومان بداتەوەو بە بەهەشتى بەرينيان شاد بكات، ئەگەر ئەركى ئێمە لەم سەردەمەدا تەنها ئەوە بێت كە بخوێنينەوەو ماناى دروستيان بزانين‌و ئەوەى پێويست بێت، بەگوێرەى توانا لەبەركرێت‌و دڵسۆزانە بە خەڵكى ڕاگەيەنين، زۆر باشەو هيوادارم وەبەر شەفاعەتى پێغەمبەرى ئازيزمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بكەوين، بەكورتى لەمبارەوە چوار بەشە:

يەك- يان مەتن‌و سەنەد هەردو (حسن) يان (صحيح)ن.

دوو- يان هەردوو بە پێچەوانەوەى يەكەمين.

سێ- يان مەتن (حسن يان صحيح)ەو سەنەدەكەى لاواز يان كەڵەكە.

چوار- یان سەنەدەكەی (حسن) یان (صحیح)ە بەڵام (مەتنە)كەی وەرناگیرێ لەبەر {شذوذ، یان علە، یان سەقامگیر نەبوە (مُضْطروب)}ە كە ئەمەی ئاخر هۆیەكی ترە بۆ لاوازكردنی سەنەدەكەیش، واتە ئەگەر لە سەنەدەكەیشدا بە چەند شێوە هاتبێ جارێكی تر ناوی نەفەرێ گۆڕابێ‌و جارێ نەفەرێ زیاد، یان كەم كرابێ، ئەوەش كار ئەكاتە سەر سەنەدو لاوازی یان لە پلەی (صحیح)ەوە دایئەبەزێنێ بۆ (حسن).

٥- هەر زانایەك بەناوبانگ بوو بۆ (گۆڕین (تدلیس)) هەرچەند پلەی بەرزیش بێ، مادام بەوشەی (عن) لەزۆر خۆیەوە فەرمودەی هێنایەوە لێی‌وەرناگیرێ‌و پێی ئەوترێ (مودەلیس) جاری‌وا هەیە لە سەنەدەكەدا ئەوە ئەكات‌و هەندێ جاریش لە (مەتنەكە)دا روو ئەدات.

لاسایی کەرەوە/ التقلید

تەقلید لە ڕوانگەی ئایینەوە زانایان بەم شێوەیە مانایان کردوە (قبول قول الغیر من غیر معرفة بدلیلە: وەرگرتنی قسەی خەڵك بەبێ ئەوەی بەڵگەی بناسێت) کەوابوو وەکو وتمان ئیش بە قورئانو فەرمودەی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و ئیجماع ئەگەر بزانرێت وەبەر تەقلید ناکەوێت.

زانایان لەبارەی تەقلیدەوە سێ بۆچوونیان هەیە:

١- هەندێکی ئەڵێ حەرامە.

٢- هەندێکی ئەڵێ پێویستە (واجب).

٣- هەندێکی تریان ئەڵێن ئەگەر بۆی بکرێت پێویستە (اجتهاد) بکاتوە ماوە بە تەقلید ئەدەن کاتێ کە توانای (اجتهاد) نەبێ یان زۆر سەخت بێ.

ئەوەی کە عەوامەو توانای ئیجتیهادی نیە پێویستە تەقلید بکات.

وە ئەو کەسەی شتێکی لە زانین وەرگرتبێو مەرجەکانی ئیجتیهادی تێدا نەبێ ئەبێ تەقلید بکات. وە بۆی هەیە لەبارەی بەڵگەکانو چۆنیەتی گەیاندنی ماناکانیانەوە تەقلید بکات.

وە ئەو کەسەیش کە ئەهلیەتی ئیجتیهادی پەیدا کردبێو مەرجەکانی تێدا هەبێو بەڵام، وەختەکەی تەنگ بێو نەگات بە ئیجتیهاد لەبارەی هەر فرمانێکەوە ئەویش دروستە تەقلید بکات.

وە ئەو کەسەی کە هەندێ مەرجی ئیجتیهادی تێدابێو هەندێکی تێدا نەبێ، وەکو ئەوەی کە فەهمو دەرکی باش بێو لەو بوارەدا پێگەیشتبێ، بەڵام ناسینی ڕێگای سابت بوونی فەرمودەی بۆ پەیدا نەبووبێ، ئەوە پێویستە لەبارەی سابت بوونی فەرمودەوە تەقلید بکات، بەڵام بۆ وەرگرتنی ماناکانیان ئیجتیهاد بکات.

شەوکانی یەکێکە لەو زانایانەی کە تەقلیدی بەلاوە حەرامە، بەڵام ئەو لە نێوان

تەقلیدو ئیجتیهادا پلەیەکی تری داناوە بەناوی (الاتباع)وە پێش ئەویش کۆمەڵێك لە لێکۆڵەرەوەکان (المحققین) ئەم شتەیان وتوە، وەکو لە (إعلام الموقعین لابن القیم) داهاتووە ٤/٢٦٠. ئەویش بریتیە لە پرسیاری نەزان لە زانا لەو شتەی کە بۆی هاتوەتە پێش نەك پرسیار لە ڕەئی خۆی بکات، بەڵکو پرسیار لە ڕەئی شەرع ئەکات لەو زانایە، واتە ئەڵێ: ئایە ئەمە قسەو بۆچوونی خۆتە یان شەرع، جا ئەگەر وەڵامی دووهەم بوو بە گوێی ئەکات. هەرچەندە ئەمە بەڵگەی دڵسۆزییە تا خەڵك خواو پێغەمبەری پێ بناسرێتو قسەی ئەوان بە فەرزو پێویست لەسەر خۆی بزانێ نەك وابزانێ کە قسەی زانایەك پێش قسەی ئەوانەو لەباتی پەرستنی خواو پەیڕەوکردنی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە نەزانیو دوچاری نەفس پەرستنو مەزهەب پەرستن بێ؟!

هەرچەند ئەم مەبەستە شتێکی پیرۆزو ڕاستو دروستە، بەڵام ماوە نەدان بە تەقلید شتێکی نەگونجاوەو زیادە ڕەوییەو نکوڵییە لە شتە ئاشکراکان، چونکە نە هەمو کەس ئەتوانن بگەنە ئەو فەهمە لە هەمو شتێکدا لە بەڵگەو شێوەی ماناکەی تێبگەنو نەهەمو زانایەکیش ئەتوانێ هەرکەسێ پرسیاری لێکردن ئەو شتەی بۆ

ڕۆشن بکاتەوە. جا کەوابو تەقلید هەر دەبێ هەبێ، بەڵام تێگەیاندنو پێگەیاندنی خەڵك ئەرکێکی گەورەو گرنگی سەرشانی زانایانە کە بە هەمو هۆیەك بۆی بچێت بەتایبەت ئەگەر ئەمرۆ ئیسلام یاسا بێتو ئەو هەمو هۆی ڕاگەیاندنانەی کە دەیان کاتژمێر ڕۆژان دژی ئیسلامو ئایین ئەنووسنو ئەدوێنو پیشان ئەدەن یان بە ئیشی بێهودە خەڵکی سەر گەرم ئەکەن یان بە قومارێکی وەکو گۆڵێن سێ چوار سەعات ڕۆژانە پیشان ئەدرێت، خەڵکێکی زۆری پێوە خەریك ئەکەنو لاوانێکی زۆری بۆ هەڵ ئەنێن، بەڵام بەداخەوە ئامادەنین ڕۆژانە سێ کاتژمێر تەرخان بکەن بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕاستیو تێگەیاندنو پێگەیاندنی نەوەی ئاینده فإلى الله اَشتكی.

بەڕاستی ئەگەر ئەوانە دڵسۆزانە بۆ ئیسلام ئیش بکەن بە ماوەیەکی کەم خەڵکێکی زۆر بەو پلە ئەگات کە پرسیاری بەڵگە بکات، یان خۆی بەڵگەی هەبێو لەسەر کارو پێشهاتەکانی خۆیو خەڵکی دەوروبەری جا کەوابوو باشترین بۆچوون لەمبارەوە قسەی بەشی سێیەمە، ئەوەی توانای ئیجتیهادی هەبێو بۆی بلوێت ئەبێ تەقلید نەکات، وە ئەوی تری ئەبێ تەقلید بکات.

هەر بەم مانای سەرەوە مانای ئەو قسە پیرۆزەی زانایانی پێش ئەکەین کە فەرمویانە (لا تُقَلِّدْني وَلا تقلد مالِكاً وَالشافعي وَخُذْ من حيث أخذوا: نە تەقلیدی من بکەو نە تەقلیدی مالك نە شافعیو بکەو تۆشوەری بگرە بۆ خۆت لەو جێگەوە کە ئەوان وەریانگرتوە, ئەم جۆرە قسانەیان بەو قوتابیانەی خۆیان وتوە کە توانای ئیجتیهادیان بووەو هەڵیان ناون لەسەر شتێك کە لە توانایان دابووە، وە ئەم قسەی ئەوانە ڕوو بە نەخوێندەواران نیە، بەڵام لە شێوەی قسەکانیانەوە ئەوە وەرئەگیرێ کە با نەخوێندەوارانیش بزانن ئایین کامەیەو ئەبێ بەقسەی کێ بکەنو قسەی کێ میزانی ڕاستیو ناڕاستی مرۆڤەو کەم کەموەکووتمان بەرەو تێگەیشتنو پێگەیشتن هەنگاو هەڵگرن، بۆچی لە هەمو کاروبارێکی دونیاییدا هەمو بەحری بێ پەین بەڵام

لەبارەی ئایینەوە جۆگەلەیش نین؟! بەمەرجێك هاتنی ئێمە بۆ دونیا بۆ بەهەشت یان دۆزەخە، چونكە لەسەر ئەم ئایینە ئەو دوو جێگە ئەدرێ بە مرۆڤ، یان ئایینی ناسیوەو بەگوێرەی توانای هەوڵی بۆ داوە یان نەو یەكەم بۆ بەهەشتەو دووهەم بۆ دۆزەخو ماڵێكی تری ناوەڕاست نیە (اَلكَيِّسُ من دان نفسه وعمل لما بعد الموت: ژیر ئەو كەسەیە كە نەفسی ڕام ئەكاتو ئیش ئەكات بۆ پاش مەرگ) بەڵێ بەڕاستی ئەو بەهەشتەو ئەو جێگا خۆشو هەمیشەییە بۆ كارو تەلاش ئەشێت ﴿وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ﴾، پەلە بكە بۆ لێبوردنی پەروەردگارتانو بەهەشتێك كە پانایییەكەی بەئەندازەی ئاسمانانو زەوییە كە ئامادەكراوە بۆلە خواترسان) [١].

عبدالقادر تەوحیدی
١٧/ رجب/ ١٤٢٤هـ.ق
هەولێر

---

(١) (آل عمران – ١٣٣).

(بەشی پاك و خاوێنی)

١- ن/١ [عن أبی هريرة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال سأل رجلٌ رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فقال: يارَسُولَ الله إنَّا نركبُ البَحْرَ ونَحمِلُ مَعَنَا القليل مِنَ الماء فان تَوضَئنا به عَطِشْنَا اَفَتَوضَّأُ بماء البَحْرِ؟ فقال رسولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): هُوَ الطَّهُورُ مَاؤُهُ الحِلُّ مَيْتَتُهُ]. رواه الخمسة، وقال الترمذی. (هذا حديث حسنٌ صحيح) .

له ئەبو هورەیرەوە -خوای لێی خۆش بێت- ئەگێڕنەوە کە پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) کردووتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە لەناو دەریادا هاتووچۆ ئەکەین‌و ئاوی کەم لەگەڵ خۆماندا هەڵ ئەگرین، جا ئەگەر بەو ئاوە دەستنوێژ بگرین تینو ئەبین ئایا بە ئاوی دەریا دەستنوێژ بگرین؟

پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: دەریا ئاوەکەی پاکژکەرەوەیە مرداربووەکانیشی حەڵاڵە، واتە دروستە دەستنوێژ پێ‌گرتنی، وە هەر زیندەوەرێکی ناو دەریایش بمرێت تا بۆگەن نەکات حەڵاڵە خواردنی. .

٢- ن/٢ [عن أنس بن مالک (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال, رأيتُ رسول الله ءحانت صَلاةُ العَصْرِ فَالْتَمس الناسُ الوَضُوءَ فلم يجِدوا فَأُتی رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بوَضُوءٍ فَوَضَعَ رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)

فی ذلک الاناءِ یَدَهُ وَاَمَرَ النَاسَ اَن یَتَوَضَّئُوا مِنْهُ فَرَأَیْتُ الماءَ یَنْبُعُ مِنْ تَحْتِ اَصَابِعِهِ حَتی تَوَضَّئُوا مِنْ عِنْدِ آخِرِهِمْ. متفق علیهٔ ومِتَّفَقُ علی مثل مَعْنَاهُ مِنْ حدیث جابر بن عبدالله].

له ئەنەسی کوڕی مالیکەوه (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێرنەوه که ئەڵێ پێغەمبەری خوام دی که کاتی نوێژی عەسر بوو خەڵکی بەشوێن ئاوی دەستنوێژدا ئەگەڕانو دەستیان نەکەوت، جا لەو کاتەدا هەندێ ئاوییان هێنا بۆ خزمەت پێغەمبەر خوا (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ)، ئیجا پێغەمبەریش (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) دەستی خستە ناو ئەو کاسە ئاوەوەو فەرموی با خەڵك بێن دەستنوێژی لێبگرن، ئەمدی ئەو ئاوە لەژێر پەنجەکانیدا هەڵ ئەقولاّ هەتا هەمویان دەستنوێژیان لـێ شۆری. له ڕیوایەتی جابیردا ئەڵێ (١٥٠٠) هەزارو پێنج سەد بووین، وه ئەگەر سەد هەزاریش بوینایه بەشی ئەکردین.

لەم فەرمودەیه زۆرشت وەرئەگیرێ لەوانه:-

أ- شتێکی چاکه مرۆڤ لەکاتی پێویستی دا ئاوی لەخۆی زیاد ببەخشێ.

ب- دروسته به گوێل له ئاوی کەم دەربهێنرێتو ئاوەکه پێی ناوترێت بەکارهێنراو، لەبەرئەوەیه ئیمامی شافیعی دەست شۆرینی پێش خستنه ناو کاسەی ئاوی بەلاوه چاکه نەك پێویست، بەو مەرجەی دەستی پیس نەبێ ئەوه ئەبێ پێشەکی دەستی بشوات تائاوه که پیس نەکات.

ج- دروسته به ئاوی پیرۆزی وەکو زەمزەم دەستنوێژ بگیرێت. ئاشکرایشه که ئەمه یەکێکه له موعجیزه گەورەکانی پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ).

٣- ن/٣ [عن جابر(رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: جاء رسـول الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) يَعُودُنى وَأنا مَريضٌ لا اَعْقِلَ فَتَوضَّأ وَصَبَّ وَضَـوَهُ عَلَـىَّ. متفـق عليهٔ].

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێرنەوە کەوتوویەتی پێغەمبەری خـوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتە سەرەدانم کە من نەخۆش بووم‌و زهنم لای خۆم نەبوو، جا پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەستنوێژێکی شۆری‌و ئاوی دەستنوێژەکەی کرد بەسەرما، لێـرەدا ئـەوە وەرئەگرین کـە ئـاوی دەسـتنوێژ پاکـە، هـەروەها سـەردان لـە نـەخۆش سـوننەتێکی پێغەمبەری ئازیزمانە وەکو لە فەرمودەی تردا ئەم باسـەی بـۆ کـردووین (صـلى الله عليه وعلى آله وسلّم تسليماً كثيرا).

٤- ن/ش/٥ [عن أبى هريرة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال ان النبّـى الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فقال لَهُ: سُبْحانَ الله اِنَّ المُؤمِنَ لا يَنْجُسُ].

لە ئەبوو هورەیرەوە ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویـەتی بـەو: پاك‌و بێعـەیبی بۆ خوا بەڕاستی باوەڕدار پیس نابێ، ئەڵێن ئەبو هورەیرە لە یـەکێك لە کۆڵانەکانی مەدینەدا توشی پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هـات لەشـی پـیس بـوو لەبەرئەوە خـۆی دزییـەوەو خـۆی شـۆرد، ئینجـا هاتـەوە خزمـەتی پێغەمبـەرو پێـی فەرموو ئەبو هورەیرە لەکوێ بویت؟ ئەویش وتی لەشم پیس بوو پێم خۆش نەبوو بـە پیسی لەگەڵتا دانیشم، ئینجا پێغەمبـەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئـەوەی فـەرموو، واتـە مسوڵمان دروستە بە لەشی پیس لەگـەڵ مرۆڤـی زانـاو چـاکدا دابنیشـێ‌و بـە لـەش پیسـی بمێنێتـەوە بـەو مەرجـەی فـەرزەکانی نەفـەوتێت ئەگـەر چـی خۆشـۆردنەکەی چاکترە، وەکو لە فەرمودەی تردا هاتووە.

٥- ن/١٠ [عن إبن عباس (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال ان رسـول الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كان يَغْتَسِلُ بفَضْل مَيْمُونَةَ] رواه احمد ومسلم .

لە عـەبدولاّی کوری عەباسەوە ئەگێرنەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە پاشماوەی ئاوی مەیمونەی خێزانی خۆی شۆردووە، ئەمە بەلّگەیە لەسەرئەوەی کە ئـەو قەدەغەیەی کە هـاتووە ئەگـەر سـابت بێـت بـۆ پـاكو خاوێنیـەو هیچـی تـر، واتـە فەرموودەی شەشەم کە ئەلّێت.

٦- ن/٩ [عن الحَكم بنِ عمرو الغفاری أن رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَهَى ان يَتَوَضَّـأُ الرَجُلَ بفَضْل المرأة]. رواه احمـد وترمـزی وأبـو داود وقـال الترمذی هذا حديث حَسَنٌ .

لە حەکەمی کوری عـەمری غەفارییەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە کە پێغەمبـەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری کردوە لەوەی کە پیاو بـە پاشمـاوەی ئـاوی خۆشـۆردنی ئافرەت خۆی بشۆرێت.

٧- ن/١٣ [عن ابی سعيد الخدری قال: قيل يارسـولَ الله اَتَتَوَضَـأُ مِـن بِئْـرِ بُضاعَةَ وهی بِئْرٌ يُلْقى الحِيَضُ ولُحُومُ الكِلابِ والنَتْنُ؟! فقال رسـول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْماءُ طَهُورٌ لا يُنَجِسُهُ شَيءٌ] رواه أحمد وابـو داود والترمذی وقال حديث حسنٌ.

لە ئەبوو سەعیدی خیدریەوە ئەگێڕنەوە کەوتوویەتی کە: بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بێژرا ئایا تۆ دەستنوێژ ئەگریت بەئاوی بـیری بوزاعـە کـە ئـەوە بیرێکـە ئافرەتان پەڕۆی بێنوێـژی خۆیـانی تـێ فـڕێ ئـەدەنو گۆشـتی سـەگی تـێ ئـەکرێتو بۆگەنە ؟!

پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ئاو پاكۆكەرەو هیچ شتێك پیسی ناكات، واتە ئاو یەكێكە لەو نیعمەتە گەورەو بەنرخانەی خوا كە بە هیچ شتێك پیس نابێ بەڵكو پیسەكانی پێ پاك ئەكرێتەوە، بەو مەرجەی خۆی یەكێك لەو سێ شتانەی تێدا نەبێت، تامو رەنگو بۆنی بەشتی دەرەكی نەگۆڕابێ، واتە ئەگەر گۆڕانەكە بەهۆی زۆر مانەوەی بوو لەو شوێنەدا، یان تامو بۆنی ئەو خاكەوابوو كە ئاوەكەی تێدایە زیانی نیەو لە پاكیەتیو پاكۆكەرەوەی ناكەوێت.

٨- ن/١٥[عَنْ أبی هريرة (رَّضِیَ اللّٰهُ عَنْهُ) ان النبّیّ (صَلَّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: (لا يَبُولَنّ اَحَدُ كُم فی المْاءِ الدائِم الذّی لاَيجَرْی ثُمّ يَغْسِلَ فيه) رواه الجماعة وهذا لفظ البخاری ولفظ الترمذی (ثم يتوضَأُ مِنْهُ)].

لە ئەبوو هورەیرەوە ئەگێڕنەوە كە پێغەمبەر (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی هیچ كام لە ئێوە میز نەكاتە ئاوێكی وەستاوەو لەپاشدا خۆی لێ بشۆرێت، بەم شێوەیە ئیسلام داوا لە پەیرەوانی ئەكات كە پاكو خاوێنی ئاوە وەستاوەكان بپارێزنو پیسیان نەكەن نە بە میز تێكردن نە بە خۆشۆردن لەناویاندا.وەلەوشەی تورمزی دا (پاشان دەستنوێژی لێ بگرێت).

٩- ن/ ١٦[وعنه قال: قال رسول الله (صَلَّی اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (اِذَا وَلَغَ اْلكَلْبُ فی اِناءِ اَحَدِكُمْ فْليرِقْهُ ثمْ لِيَغْسِلْهُ سَبْعَ مَرَاتٍ) رواه مسلم والنسائی.

هەر لەوەوە ئەگێڕنەوە كە وتوویەتی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئەگەر سەگ دەمی خستە دەفری یەكێكتانەوە، با هەرچی تێیدایە مادام تەڕ بێت بیرێژێتو لەپاشدا حەوت جار بیشۆرێت، ئەو شۆردنە دەبێ جارێكیان خۆڵی لەگەڵ بێ وەكو لە ڕیوایەتی تردا هاتووە.

١٠- ن/١٧ [عَنْ كَبْشَةَ بنتِ كعب بن مالك – وكانت تحت ابن ابى قتادة – اَنّ اَبَا قَتَادَةَ دَخَلَ عَليها فَسَكَبَتْ لَهُ وَضُوءً فَجَاءَتْ هِرَّةٌ تَشْرَبُ مِنْهُ فأصغى لَهَا الإنَاءَ حَتى شَرِبَتْ مِنْهُ قالَتْ كَبْشَةُ: فَرآنى اَنْظُرُ فَقالَ: اَتَعْجَبِين يَابْنَةَ اَخى؟ فَقُلْتُ: نَعمْ! فَقال: اِنّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال (اِنَّها لَيْسَتْ بَنجسٍ اِنَّها مِنْ الطَّوَّافينَ والطَّوَّافَاتِ) رواه الخمسة وقال الترمذى: حَديثٌ حَسن صحيح].

له کەبشەی کچی کەعبی کوڕی مالیك - کە خێزانی کوری ئەبوو قەتادە بوو- ئەگێڕنەوە کە ئەبوو قەتادە هاتوەتە ماڵی‌و ئاوی کردووە بە دەستیا بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن‌و لەوکاتەدا پشیلەیەك هاتووەو لە ئاوەکەی خواردوەتەوەو ئەویش کاسەکەی بۆ ڕاگرتووە تا تێری خواردووە لە ئاوەکە، کەبشە ئەڵێ دی کە من تەماشای ئەکەم وتی: بەلاتەوە سەیرە ئەی کچی برام؟ وتم: بەڵێ!

وتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئەوە پیس نیە چونکە شتێکە زۆر زۆر هاتوچۆتان ئەکەن‌و تێکەڵاوتان ئەبن، واتە خۆپاراستن لێیان سەختە لەبەرئەوە بەپیس دانەنراوە.

لەم فەرمودەوە دەرئەکەوێت کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەمیشە هەوڵی ئاسانکاری ئەدات لەناو مرۆڤدا ئەگەر مرۆڤ لەخۆی تێك نەدات‌و دژایەتی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر نەکات، دیسان ئەوەمان تێ ئەگەیەنێ کە ئیسلام نەك تەنها مشورخۆری بنیامە بەڵکو خاوەنی سۆزو بەزەییە بۆ حەیواناتیش ئەوەتە ئەو یارە بەرێزەی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چۆن لەسەر دەستنوێژەکەی خۆی‌وەستاو بەو شێوە جوانە پشیلەکەی ئاودا،وە سەدان فەرمودەی تر لەمبارەوە هەیەو ئەمە نموونەیەکی بچووکی بوو.

١١- ن/٢١ [عن آسْماءِ بنْت ابى بكر قالَتْ جاءَتْ اِمرءَةٌ اِلى النبّى (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فقالَتْ احدانا يُصيبُ ثَوبَهَا مِنْ دَمِ الحَيضَةَ كَيْفَ تصْنَعُ بِـهِ؟ فَقالْ: تحُتُّهُ ثُمَّ تَقْرُصُهُ بِالَماءِ ثُمَّ تَنْضَحُهُ ثُمَّ تُصَلِّى فيهِ. متفق عليهٔ].

له ئەسمای کچی ئەبو بەکرەوە (خوا لەخۆیو باوکی ڕازی بێت) ئەگێڕنەوە کە وتویەتی ئافرەتێك هاتوەتە خزمەتی پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) وتوویەتی: ئەگەر یەکێك لە ئێمە لیباسەکەی خوێنی عوزری پێوە درا چی لێ بکات؟

فەرمویەتی: با پێشەکی بی پروێنێت –گەر وشك بو- ئینجا بە ئاویشەوە چاك لەنێوان پەنجەکانیدا بی پروێنێتو لەپاشدا بەچاکی بە ئاو بیشۆرێت، ئینجا نوێژی پێوە بکات، واتە بەو شێوە شۆردنە پارچەکە پاك ئەبێتەوەو مانی ڕەنگەکەی زیانی نیە ئەگەر بەوجۆرە شۆردنە لانەچوو، وە لە لایەکی ترەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت تەنها بەو خوێنە یاخود شتێکی پیسی تر لیباسەکەی پیس ئەبێ ئەگینا ئەگەر خوێنی بەرنەکەوت پێویست ناکات پاش پاکبونەوەو خۆشۆردن لیباسەکەی بشۆرێت چونکە ئارەقی کاتی بێنوێژی زیانی بێنوێژی کردنی نیە.

١٢- ن/٢٦ [عن ابى هريرة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْـهُ) قـال: قَـامَ أعرابِّـى فَبَـالَ فـى الْمَسْجدِ، فَقَامَ اِلَيهِ النّاسُ لِيَقعُوا بِهِ فَقالَ النبّىّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) (دَعُوهُ وَاَريقُوا عَلَى بَوْلِهِ سَجْلاً مِنْ مَاءٍ (او ذَنُوباً مِنْ مَاءٍ) فَإنَّمـاَ بُعِثْـتُمْ مُيَسَرِّينَ وَلَمْ تُبْعَثوُا مُعَسِّرين).] رواه الجماعة الاّ مُسلِماً.

له ئەبوو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە کە وتوویەتی عەرەبێکی دەشتەکی هەستاو میزی کردە مزگەوتەوەو خەڵك هەستان بۆی بۆ ئەوەی لێی بدەن، جا پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرموی وازی لێبهێنن‌و سەتڵێك ئاو بکەن

بەسەر میزەکەیدا، بەڕاستی ئێوە بۆ ئاسانکاری ڕەوانەکراونو ڕەوانە نەکراون کە سەختگیر بن، لەم فەرمودەوە ئەمانەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە:-

أ- زەوی پیس بوو بە میزو شتی تەڕ ئاوی بکەیت بەسەریدا پاك ئەبێتەوە.

ب- ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینێکە بۆ ئاسوودەی ژیانو ئیش ئاسان کردنو دژی سەختگیریە، واتە بڕیارەکانی هەموی ئاسانەو ئاسانکارییەو شتی سەختی تێدا نیە، ئەگەر بەچاکی شارەزای ببینو سودو حیکمەتەکانی بزانین، نەك بەو مانایە واز لە دەقەکان بهێنینو وابزانین ئەوە ئاسانکارییە نەخێر ئەوە لادانو سەر لێشێواوییە.

ج- بە هێواشیو بەنەرمی جوولانەوە لەگەڵ نەزانانندا ئەگەر چی ئیشەکەیشیان شتێکی ناڕەواو نادروستو ناشیرین بێ، واتە هەر کەسێك بە گوێرەی دەركو شارەزایی لە ئایین مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چەندە شارەزا بێت تاوانەکەی زیاتر ئەبێ, پێچەوانەکەیشی هەروەها.

(١٣- ن/٢٩)- [عن ابی سعید أنّ النبیّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: اِذا جَاءَ اَحَدُكُمُ الْمَسْجدَ فَلْيَقْلِبْ نَعْلَيْهِ ولْيَنْظُرْ فيهما فَاِنَ رَأى خَبَثاً فَلْيَمْسَحْهُ بِالأَرْضِ ثُمَّ لِيُصَلِّ فيهمَا.] رواه احمد وابو داود .

لە ئەبوو سەعیدەوە ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکام لە ئێوە هەرکاتێ هات بۆ مزگەوت با تەماشای ژێری پێڵاوەکەی بکات، جا ئەگەر پیسییەکی پێوە دی، با بیسڕێت بەزەویداو لەپاشدا نوێژیان پێوە بکات، واتە دروستە بە پێڵاوەوە نوێژکردن بەو مەرجەی پیس نەبێ، وە ئەگەر پیس بوو بە سڕین بە زوی پاك ئەبێتەوەو پێویست بە شۆردن ناکات، چونکە بەو خاکە پاك ئەبێتەوە، دیارە ئەمە لەو مزگەوتانەدا پێڵاو بردن چاکە کە فەرشی تێدا نەبێ، وەکو مزگەوتەکانی سەردەمی پێغەمبەرمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەك ئەو مزگەوتە نەخشو

نیگاركروانەی ئاخر زەمان، سیمای جوانو چاك، بەلاّم خالّی لە باوەرداری ڕاستو پاك، ئیسلام دژی پاكو خاوێنیو جوانی نیە، بەلاّم دژی زیادە ڕەوی زیادو بێكەلّكە، بە مەلایین باوەڕداری ڕاستو پاك بێ مالّەو منارەیەكی هەندێ لە مزگەوتەكان بەشی چەند مالّە ؟!

١٤- ن/٣١ [عن علی بن أبی طالب (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) اَنَّ رسولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال (بَوْلُ الرَّضيع يُنْضَحُ وَبَوْلُ الْجارِيَـةِ يُغْسَلُ).] رواه احمد والترمذی وقال: حدیث حسن.

لە عەلی كوری ئەبو تالبەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە كە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: میزی كوڕی شیر خۆر - ئەگەر بە لیباس بكەوێت- ئاوی پێدا ئەكرێتو پێویستی بە شۆردن نیەو میزی كچ ئەشۆرێت.

١٥- ن/٣٧ [عن اَنَس بن مالک اَنَّ رهطاً مِنْ عُكْلٍ ـ اَو قَالَ عُرَيْنَة ـ قَدِموا فاجْتَوَوُا المَدينَةَ فَأَمَرَ لَهُمْ رَسُولُ الله بِلِقاحٍ واَمَرَهُمْ اَن يَخْرُجُوا فَيَشْرَبُوا مِنْ اَبْوَالِهَا وَاَلْبانِها ـ متفق عليۀ] .

لە ئەنەسی كوری مالیكەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە كە كۆمەلّە خەلّكێكی عُوكل یانوتی عورەینە هاتنە مەدینەو لە پاشدا دانیشتنی مەدینەیان بەلاوە ناخۆش بوو، بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فرمانی بردنە دەرەوەی چەند وشترێكی شیردەری داو، فەرموی بەوانیش بچنە دەرەوەو لە میزو شیری ئەو وشترانە بخۆن، ئەمە ئەكەن بە بەلّگە لەسەر ئەوە كە وەكو شیر پاكە باقی شتەكانی تری حەیوانی گۆشت خوراو پاكەو بەلّگەشیان بەهێزە[1].

---

(١) تەماشای شەرحی هەمان فەرمودە بكە لە (نیل الاوطار)دا بەسودە.

١٦- ن/٣٨ [عن سَهْلِ بن حُنَيف قال كُنْتُ اَلْقَى مِنَ المَذْى شِدَّةً وَعَنَاءَ وكُنْتُ أُكْثِرُ مِنْهَ الاِغْتِسَالَ فَذَكَرْتُ ذلِک لِرَسُولِ الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) وسَأَلْتُهُ عَنْهُ؟ فقال: (اِنَّماَ يُجزيکَ من ذلک الوُضُوءُ) فَقُلتُ: يا رسُولَ الله كَيْفَ بِما يُصيبُ ثَوْبى مِنْهُ؟ قال: (يَكفيکَ اَنْ تأخُذَ كَفاً مِنْ مَاءٍ فَتَنْضَـحُ بِهِ ثَوْبَکَ حَيْثُ تَرَى اَنَّهُ قَدْ اَصَاب مِنْهُ) رواه ابو داود وابـن ماجـه والترمـذى وقال حديث حسنُ صحيح].

له سـەهلی کوڕی حونەیفەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویەتی من لەبارەی (مەزییەوە)

-ئـاوێکی سـپیو ڕوونو لینجـە بـەهۆی زۆری ئـارەزووەوە دێـتو هەسـتی پـێ ناکرێت- توشی سەختیو ناخۆشیەکی زۆر هاتبوومو زۆر خۆمم ئەشـۆری لەبـەر ئـەو مەزییەو باسم کـرد بـۆ پێغەمبـەری خـوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و پرسـیاری ئـەو شـتەم لێکرد؟

فەرموی: ئەوە بەسە بۆت کە دەست نوێژ بگریت، واتە خۆ شۆردنی ناوێت.

لەپاشدا وتم ئەی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەی ئەگەر بەر لیباسم کەوت چۆنە؟

فەرموی: بەسە گوێلێ ئاو هەڵگریتو ئـەو شـوێنەی پـێ بشـۆریت کـەوا دەزانـی بەری کەوتووە.

١٧- ن/٤١ [عن عائشة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قالت: كُنْتُ اَفْرُكُ المَنِيَّ مِـنْ ثَـوبِ رسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ثُمَّ يَذْهَبُ فيُصَلِّ فيه. رواه الجماعـة الا البخاریَّ].

لە خاتوو عائیشـــەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنــەوە کــە وتویــەتی مــن مــەنیم -کــە ئاوی پیاوە- ئەپرواند کە بە لیباسی پێغەمبەری خواوە (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بوو، ئینجـا ئەچوو نوێژی پێوە ئەکرد، واتە پاکەو پێویستی بە شۆردن نیە، وە ئەگـەربیش شـۆرێت چاکترە، لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە ئەڵێت: ئەم شۆردەوە لە فەرموودەی تردا هـاتووە، کە ئەگەر وشك بووایە ئەم کڕاندەوە لە لیباسەکەو ئەگەر تەڕبوایە ئەم شۆرد.

١٨- ن/٤٣ [عن أبی هریرة (رَّضِیَ اللَّهُ عَنْهُ) اَنّ رسولَ الله (صَلَّی اللَّـهُ عَلَیْـهِ وَسَلَّمَ) قال: (اِذَا وَقَعَ الذُّبَابُ فی شَرَابِ اَحَدِکُمْ فَلْیُغْمِسْهُ کُلُّهُ ثُمَّ لْیَطْرُحْهُ فَأِنَّ فی اَحَدِ جناحیه شفاءً وفی الآخَرِ داءً. رواه أحمد والبخاری وغیرهما].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە کە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکاتێ مێشێك کەوتە ناو خواردنـەوەی یـەکێك لـە ئێـوە، تەواو نقومی بکەن لەو شتە داو پاشان فڕەی بدەن، چونکە بە یەکێك لە باڵەکانیـەوە شیفا هەیەو بەوی تریان نەخۆشی، واتە ئەو شتانەی خوێنیان لـێ ناڕوات بە مردنیان لەناو ئاوی کەمدا ئاوەکە پیس ناکات، هەروەها نابێ شـتی قێـزەون بخورێـت ئەوەتـە فرمانی دا بە فڕێدانی مێشەکە.

١٩- ن/٤٤ [عن انس بن مالک ان النبّی (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَـلَّمَ) لمـاً رمـی الجمرة وَنَحَر نُسُکَهُ وَحَلَقَ نَاوَلَ الحَلاَّقَ شِـقَّهُ اْلأَ یْمَـنَ فَحَلَقَـهُ ثُـمَّ دعـا اباطلحة الانصاری فأعْطاهُ ایاهُ ثُمَّ نَـاوَلَ الشِّـقَّ اْلأَ یْسَـرَ فَقَـال: (اِحْلِقْهُ) فَحَلَقَهُ فَاَعْطَاهُ اباطلحة وقال (اِقْسِمْهُ بَیْنَ النّاسِ) متفق علیهٔ].

لە ئەنەسی کوری مالیکـەوە ئەگێڕنـەوە کـە پێغەمبـەر (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کاتـێ ڕەجمی شەیتانی کردو حەیوانی سەربڕیو سەری تاشی لای ڕاستی خسـتە بەردەسـتی

سەرتاش‌و سەری تاشی، لەپاشان ئەبو تەلحەی یاریدەدەری بانگ کردو هەمو مووەکەی پێدا، لەپاشان لای چەپی خستە بەردەست سەرتاش‌و فەرموی بیتاشە ئەویش تاشی‌و مووەکەی دایە دەست ئەبو تەلحەو فەرموی ((لەنێوان خەڵکدا دابەشی بکە)).

لێرەدا ئەوەوەرئەگرین پارچەکانی لەشی مرۆڤ پاکە با لە لەشەکەیش جیاببنەوە هەروەها پیرۆزە مووەکانی پێغەمبەری ئازیزمان بەڵام ئەمە تەنها بۆ ئەوە چونکە پێغەمبەری خوایەو پاش ئەویش کەس ئەو وەسفەی نابێ تا ئەو پیرۆزییەی پێ ببرێت.

٢٠- ن/٥٥ [عن ابن عباس قال تُصُدِّقَ عَلىَ مَوْلاةٍ لمَيْمونَةَ بشاةٍ فَمَاتَتْ فَمَرَّ بها رسوُلُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فقال: هَلاَ اَخَذْتُمْ اِهابها فَدَ بَغْتُمُوهُ فَانْتَفَعْتُمْ بِهِ؟ فقالوا: اِنَّهَا مَيْتَةٌ! فَقَال (اِنَّما حَرُمَ اَكْلُهَا) رواه الجماعة الا ابن ماجة].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە کە حەیوانێك کرا بە چاکەو درا بە کەنیزەیەکی خاتون مەیمونەو مرداربویەوەو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دای بەلای داو فەرموی ئای بۆ پێستەکەتان لێ نەکردوەتەوەو دەواخی بدەن‌و سودی لێ‌وەرگرن؟

وتیان بەڕاستی مرداربووەتەوە!

فەرموی ((بەس تەنیا خواردنی قەدەغە کراوە))، واتە پێستی حەیوانی مردارۆ بوو بە دەواخ کردن پاك ئەبێتەوەو ئەکرێ بەکونەو مەشکەو هەمانەو شتی تر.

دەواخ کردن بەهەمو شتێکی تاڵ ئەبێت، وەکو جەوت‌و مازو تێکەڵاو بە ئاو بکرێت بە هەڕاوەی‌و پێستەکەی بۆ ماوەیەك تێ بنرێت‌و پاشان بە ئاو بشۆرێت.

٢١- ن/٦٢ [عن انس قال اَصَبْنَا مِنْ لَحْم - يعنى يَوْمَ خَيْبَر- فَنَادى مُنَادى رَسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): اِنَّ الله وَرَسُولَهُ يَنْهَيانِكُمْ عَنْ لُحُوم الحُمُرِ فإِنَّهَا رِجْسٌ اَوْ (نَجَسٌ) متفق عليهٔ].

له ئەنەسەوه (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوه كەوتویەتی هەندێ گۆشتی كەری مالّیمان دەستكەوت - مەبەستی له كاتی خەیبەرە- وەكو له ڕیوایەتی تردا هاتووە دێزەو قابلەمەیان لێنایە سەر ئاگرو خەریك و پێ ئەگەیشت - لەوكاتەدا جارچییەك بەناو جارچیانی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بانگی كردووتی: خواو پێغەمبەرەكەی گۆشتی كەری لێ قەدەغە كردوون، بەڕاستی ئەوە گۆشتێكی پیسە، واتە گۆشتی حەیوانێك كە قەدەغە بێ خواردنی ، ئەگەر سەر بڕا هەر پیسەو نابێ بخورێت‌و كەریش یەكێكە لەو حەیوانە قەدەغەكراوانە، بەلاّم كەری كێوی گۆشتی ئەخورێت جا پێویستە ئەو دەفرەیەش گۆشتی تێبكرێت بشۆرێت، وەكو له فەرمودەی تردا هاتووە. مەبەستی لێرەدا بەو پیسییە گۆشتی ئەو حەیوانانەیە كە گۆشتیان ناخورێت.

٢٢- ن/٦٣ [عن حُذَيفهٔ قال سَمِعْتُ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (لا تَلْبَسُوا الْحَرِيرَ ولاالدِّيباجَ وَلاتَشْرَبُوا فى آنيهٔ الذَّهَب وَالفِضَّهٔ وَلاتأكلوا فى صِحافِها فَاِنّها لَهُمْ فى الدُّنيا وَلَكُم فى الآخِرَهٔ. متفق عليهٔ].

له حوزەیفەوە ئەگێڕنەوە كەوتویەتی بیستوومە له پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە ئەیفەرمو: هەورێشم نەپۆشن - دیباجیش هەر هەورێشمە بەتان‌و پۆوە- وە له كاسەی زێڕو زیودا نەخۆنەوەو له دەفرەكانیاندا شت مەخۆن بەڕاستی ئەوە بۆ

ئەوانە – كافران - لە دونیاداو بۆ ئێوەیە – مسولمانان - لە پاشەرۆژدا، واتە قەدەغەیە پۆشاكی ئاورێشمو بەكارهێنانی دەفری زێرو زیو.

٢٣- ن/٧١ [عن جابر بن عبدالله فی حدیث له ان النبّی (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) قال: (اَوکِ سقاءَکَ واذْکِرُ سْمَ الله وخَمرِّهِ اِنَاءَکَ وَاذْکُرِ سْمَ الله وَلَوْ اَنْ تَعْرِضَ عَلَیْهِ عُوداً متفق علیهٔ وَلِمُسلِمِ: اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) قال: غَطُّوا الانِاءَ وَاَوکُوا السِّقاءَ فَأنَّ فی السَّنَةِ لَیْلَةً یَنْزِلُ فیها وَبَاءٌ وَلایَمُرُّ بأِناءٍ لَیْسَ عَلَیْهِ غِطاءٌ او سقاءٍ لَیْسَ علیه وِکاءٌ اِلاَّ نَزَلَ فیه من ذَلِکَ الْوَبَاءِ)].

لە جابیری كوری عبدوڵلاوە ئەگێڕنەوە لە قسەیەكیدا كە پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی دەمی كونەی ئاوتان ببەستنو (بسم اللّٰه)ی لەسەر بكەنو سەری دەفرەكانتان كە شتی تێدایە داپۆشنو (بسم الله) لەسەر بكەن ئەگەر - هیچتان دەست نەكەوت با دارێك رادەن بەسەریا، واتە چەندت بۆ كرا ئەبێ ئەوەندە داپۆشیت. بوخاریو موسلم هەردووكیان ئەم فەرمودەیان باس كردوەو مسلم ئەڵێ: بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: سەری دەفرەكانتان داپۆشنو دەمی كونەكان ببەستن بەڕاستی لە ساڵێكدا شەوێك هەیە نەخۆشی سەختو كوشندە بڵاوئەبێتەوەو نادات بەلای هیچ كاسەیەكدا كە دانەپۆشرابێ یان كوندەیەك كە دەمی نەبەسترابێ مەگەر هەندێك لەو نەخۆشیە بچێتە ناویەوە.

بەم شێوەیە ئەو پێغەمبەرە ئازیزە (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەوڵی رزگار كردنی گەلەكەی ئەدات لە هەمو دەردو بەڵایەكو پەنجە بۆ هەمو شتە مەترسیدارەكان ڕائەكێشێ، تا گەلەكەی خۆیانی لێ بپارێزنو ساغو سەلامەتو كەم دەردی سەربن، وصلی الله علیه وعلی آله وسلم تسلیما كثیرا.

٢٤-ن/٧٣ [وعن اَبى ثَعلَبَةَ قال: قُلْتُ: يارَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اِنّا بأَرْضِ قَّوْم اَهْل كِتاب اَفَنَأْكُلُ فى آنِيتَهِمْ؟ قال (اِنْ وَجَدْتُمْ غَيْرَها فَلا تَأْكُلُوا فيها وَاِنْ لَمْ تَجِدُوا فاَغْسِلُوها وكُلوا فيها. متفق عليهٔ)].

لە باوکی سەعلەبەوە ئەگێڕنەوە کە وتویەتی: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئێمە لەناو خەڵکێکی ئەهلی کیتابداین ئایا لەناو دەفرەکانیاندا شت بخۆین، واتە دەفرەکانیان بەکاربهێنین؟

فەرموی! ((ئەگەر بێجگە لە دەفرەکانی ئەوانتان دەست ئەکەوێت نەخەیرو بەکاریان مەهێنن‌وە ئەگەر دەستتان ناکەوێت ئەوە بیشۆرن‌و شتی تێدا بخۆن، واتە بەبێ شۆردن بەکاریان مەهێنن چونکە پیسە.

٢٥- ن/٧٥ [عن اَنَس بن مالِكٍ (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: كانَ رَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اِذَا دَخَلَ الخَلاَءَ قَالَ: (اَللَّهُمَّ اِنىَّ اَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبثِ وَالخَبائِثِ)] رواه الجماعهٔ .

لە ئەنەسی کوری مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کاتێ بیویستایە بچێتە سەر ئاو ئەیفەرمو ((خوایە پەنا ئەگرم بەتۆ لە شەیتانە نێرو مێیەکان‌و لە هەندێ ڕیوایەتی تردا هاتووە، کە پێشەکی ئەیفەرمو بەناوی خوا (**بسم الله**[1])، وە کاتێ کە دەرئەچوو ئەیفەرمو: لێم ببورە (**غُفْرَانَكَ**)[2]، واتە چونکە مرۆڤ بۆ یادی خوا دروستکراوەو لەو شوێنەیشدا نابێ یادی خوا بکات کە ئەهاتە دەرەوە داوای لێبوردنی لەخوا ئەکرد کە ئەو چەند کاتەی

(١) فەرمودەی بسم الله ژمارە ٧٥ لە (نيل الاوطار رواه سعيد بن منصور)دا، هاتوە.
(٢) فەرمودەی ژمارە ٧٦، نيل الاوطار رواه الخمسة الا النسائيً.

بێ یادی خـوا بردوەتـە سـەر، وە لـە ڕیوایـەتی تـردا هـاتووە کـە کاتـێ ئەهاتـەدەر سوپاسی خوای ئەکرد کە ئەو ئازارەی لە کۆڵکردەوەو رزگاری کرد **(اَلْحَمْـدُ للهِ الَّـذي اَذْهَبَ عَنِّي الاَذى و عافاني)**[1].

٢٦- ن/٧٨ [وعنه قال: كَانَ رَسُولُ الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) إذا دَخَـلَ الخَـلاَءَ نَزَعَ خاتَمَهُ]. رواه الخمسة الا احمد وَصَحَّهُ الترمذى.

هەر لەوەوە ئەگێڕنەوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هـەرکاتێ بیویسـتایە دەسـت بـەئاو بگەیـەنێت ئەنگوسـتیلەکەی لەدەسـتی لا ئـەبرد، چـونکە لەسەری نووسرابوو (محمد رسول الله) لێرەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نابـێ نـاوی خواو پێغەمبەران هەڵگرین بۆسەر ئاودەست، ئاشکرایە کـە هـەڵگرتنی قورئـان یـان ئایەتێك لـە قورئـان‌و بردنـی بـۆ ئـەو شـوێنە نـاڕەواترە، پێویسـتە ئـەوە بـزانین کـە بارودۆخی ناچاری بڕیارێکی تایبەتی خۆی هەیە لە یاسا ئاساییەکان دەرئەچێت, جـا بۆخۆت لەمە وورد بەرەوە.

٢٧- ن/٧٩ [عن ابن عمر (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) ان رجلا مَرَّ وَ رسـولُ الله (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَبُولُ فَسَــلَّم عَلَيْـهِ فَلَـمْ يَـرُدَّ عَلَيْـه]. رواه الجماعـة الا البخارى.

لە کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوا لە خۆیی‌و باوکی بێـت- ئەگێڕنـەوە کـە پیاوێـك داوێتی بەلای پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کاتێ کە میـزی ئـەکردو سـەلامی لـێ کردوە، بەڵام پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەڵامـی نەداوەتـەوە، واتـە لـەکاتی دەست گەیاندن بە ئاو قسـەکردن بـاش نیـەو نابـێ سـەلامی لـێبکرێت، وە ئەگـەر

---

(٣) فەرمودەی ژمارە ٧٧، نیل الاوطار رواه ابن ماجة.

سەلامی لێكرا هەرچەند وەڵامدانەوەی سەلام فەرزە ئەتوانێ لەوكاتەدا، وەڵامی نەداتەوە بەڵكو پاش لێبوونەوە وەڵامی بداتەوە ئەگەر كابرا نەدەچوو یان عاجز نەدەبوو ئەگینا هیچ نەبێ بە (وَعَلَيْكَ)وەڵامی بداتەوە تا دڵ گران نەبێت.

٢٨- ن/٨٠ [عن ابی سعید قال: سَمِعْتُ النَّبی (صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (لا يَخرجُ الرَّجُلانِ يَضْرِبَان الغَائِطَ كَاشِفَيْنِ عَنْ عَوْرَتِّهِمَا يتحدّثان فَانَّ اللهَ يَمْقُتُ عَلی ذلِکَ)]. رواه احمد وابو داود وابن ماجه.

لە ئەبو سەعیدەوە ئەگێڕنەوە كە وتوویەتی بیستم پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەیفەرمو: هیچ كام لە ئێوە دو نەفەری نەچنە سەر دەست ئاو بەدیار چاوی یەكترەوە شەرمگای (عورة) خۆتان ڕوتكەنو قسە لەگەڵ یەكتردا بكەن، بەڕاستی خوا ڕقی هەڵدەستێت لەسەر ئەو ڕەفتارە، واتە ڕوتكردنی شەرمگا لەبەر چاوی خەڵكی هەروەها قسەكردن لەسەر دەست بە ئاودا قەدەغەیە بەڵكو پێویستە لە كاتی دەست بەئاودا خۆی لەبەر چاوی خەڵك وون بكاتو قسە نەكات، وەكو لە فەرمودەی سەلام كردنیشدا باسكراوو چەند فەرمودەی تر هەیە لەمبارەوە.(١)

٢٩- ن/٨٤ [عن ابی هريرة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: (اِذَا جَلَسَ اَحَدُكُمْ لِحاجَتهِ فلا يَسْتَقْبِلِ القِبْلَةَ وَلا يَسْتَدْبِرْها)]. رواه احمد مسلم وفی روايةٍ (وَلا يَسْتَطِبْ بيَمِنِهِ) .

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەگێڕنەوە كە فەرمویەتی: هەركاتێ هەركام لە ئێوە دەستی گەیاند بەئاو با نە ڕوو لە قیبلە بكاتو نە پشتی تێ بكا، وە لە ڕیوایەتی تر دا هاتوە كە بەدەستی ڕاستی

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٨١، ٨٢، ٨٣)، نیل الاوطار بكە.

خۆی پاك نەکاتەوە، ئەم ڕوو تێنەکردنو پشت تێنەکردنە بەلای زۆرێك لە زانایانەوە وەختێکە کە هیچ داپۆشەرێکی نەبێ، ئەگەر داپۆشەری بوو قەیناکە[1]، هەر خوایش زانایە.

٣٠- ن/٩٢ [وعنه(رَّضِيَ اللَّهُ عَنْـهُ) قـال: (اِتَّقُـــوا اَللاَّعِنَـيْن) قـالوا: ومـا اللاّعِـنَـــانِ يا رَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟ قال (اَلّذى يَتَخَـــلّى فى طَرِيقِ النَّـاسِ اَوْ فى ظِلِّهِمْ).] رواه احمد ءمسلم ءابو داود.

هەر لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: خۆتان لە دوو نەفرین کەرەکان بپارێزن ((وتیان: کامانەن ئـەو لەعنـەت کەرانە ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فـەرموی: ئـەو کەسـەیە کـە پیسـی ئەکاتە سەر ڕێگای خەڵك یان لەژێر سێبەرییان، واتە ئەمانە ئەبنـە هـۆی ئـەوە کـە خەڵکی نەفرینو لەعنەتیان لـێ بکەن، وەکو ئەوە وایـە کـە خۆیـان لەعنەتەکـە لـە خۆیان بکەن، بۆیە فەرموی (لاعن، نەیفەرموو: ملعون). والله أعلم.

٣١- ن/٩٨ [عَن عائِشَةَ (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قَالتْ مَـنْ حَـدَّثَكُمْ اَنَّ رَسُـولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَالَ قائِماً فَلا تُصَدِّقُوهُ، مَاكَان يَبُـولُ اِلاّجالِسـاً] رواه الخمسة الا ابا داود وقال: الترمذى: هو احسن شيءٍ فى هذا الباب، واَصَحُّ.

لە خاتون عـائیشـەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە کە وتوویەتی هەر کەس پێـی ووتـن کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە پێوە میزی کردووە باوەڕی پێ مەکەن، هیچ کـات میزی نەکردوە مەگەر دانیشتبێت، واتە میز بە پێوەکردن خراپەو ئەو فەرمودەیـەش

---

(٢) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٨٩)، نیل الاوطار بکە.

کە ئەڵێ بە پێوە میزی کردوە(١) چەند قسەیەك لەبارەیەوە کراوە هەندێك ئەڵێن: برینێك بە ژێر کەوچەی پێغەمبەرەوە بوەو نەیتوانیوە دانیشێ، وە هەندێکی تر ئەڵێن بۆ بەیان کردن بووە، واتە بە پێوە میزکردن حەرام نیە بەڵکو باش نیە ئەگەر میزەکە لەخۆی نەداتەوە، بەلاّم ئەگەر لەخۆی بداتەوە ئەوە حەرامە وەکو لە فەرمودە بەناوبانگەکەی دوو قەبرەکاندا هاتووە (٢).

٣٢- ن/١٠١ [وعنهما (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: (اِذا ذَهَبَ اَحَدُكُم اِلى الغائِطِ فَلْيَسْتَطِبْ بِثَلاَثَةِ اَحْجارٍ فإِنَّها تجزىءُ عَنْه)]. رواه احمد والنسائى وابوداود والدارقطني وقال اسناده صحيحٌ حسنٌ.

هەر لە خاتوون عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکام لە ئێوە دەستی بە ئاو گەیاند - پیسی کرد- با بە سێ بەرد خۆی پاك بکاتەوە بەڕاستی ئەوە بەسیەتی، واتە ئیتر پێویست بە شۆردنی ناکات، بەلاّم پێویستە ئەوەی کە خۆی پێ پاك ئەکاتەوە شتی بەڕێز نەبێ‌و ئێسقان‌و شیاکەی حەیوانات نەبێ (٣).

٣٣- ن/١١٤ [عن اَنَس بن مالک (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قَالَ كَانَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَدْخُلُ الخَلاءَ فَأَحْمِلُ اَنَا وَغُلامٌ نَحْوِى اِدَاوَةً من مَاءٍ وعَنَزَةً فَيَسْتَنْجِى بِالْمَاءِ- متفق عليهٔ]

---

(١) فەرمودەی ژمارە ١٠٠، نیل الاوطار، تەماشا بکە.
(٢) فەرمودەی ژمارە ١٠٢، نیل الاوطار، تەماشا بکە.
(٣) فەرمودەی ژمارە ١٠٧ تا ١١٣، نیل الاطار، تەماشا بکە.

لە ئەنەسی كوری مالیكەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە كە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەركاتێ دەستی ئەگەیاند بەئاو منو منالێكی تریوەك خۆم مەسینەی ئاوو نێزەكەمان بۆ هەڵئەگرتو بە ئاو خۆی پاك ئەكردەوە.

٣٤- ن/١١٨ [عن عائِشَةَ (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْها) ان النبيّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) قَالَ: (السِّوَاكُ مَطْهَرَةٌ لِلْفَمِ مَرضَاةٌ لِلَّربِّ) رواه احمد والنسائي.

لە خاتون عائیشەوە هاتوە كە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: سیواك بۆ پاككردنەوەی دەمەو هۆی خۆشنودی خوایە.

٣٥- ن/١١٩ [عن زيد بن خالِدٍ قال: قال رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) (لَوْلا اَنْ اَشقَّ عَلَى اُمَّتی لأَخَّرْتُ صَلاةَ العِشاءِ اِلی ثُلُثِ اللَّيْلِ وَلأَمَرْتُهُمْ بِالسِّواک عنْ كُلِّ صلاةٍ)]. رواه احمد والترمذی وصَحَّحَهُ .

لە زەییدی كوری خالیدەوە ئەگێڕنەوە كەوتوویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئەگەر نارەحەت نەبوایە بۆ گەلەكەم نوێژی عیشام دوا ئەخست بۆ سێ بەشی شەوو فرمانم پێ ئەكردن كە هەمو نوێژێك سیواك بكەن.

٣٦- ن/١٢٨ [عن ابی هُريرة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (خَمْسٌ مِنَ الفِطْرَةِ، اَلأَسْتِحْدادُ، والْخِتانُ, وقَصُّ الشّارِبِ, ونَتْـفُ اْلإبْطِ وتَقْليمُ اْلأَظْفَارِ). رواه الجماعة]

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە،كە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: پێنج شت هەیە كە دابو نەریتی مرۆڤی پاكو خاوێنەو بە ئەنجامدانیان سیمای مرۆڤ جوانتر ئەبێ یەكەم: تاشینی مووی شەرمگە. دووهەم:

سونەتکردنی پیاوو ئافرەت. سێهەم: کورتکردنەوەی سمێڵ. چوارەم: هەڵکێشانی موی بن دەست. پێنجەم: نینۆك کردن.

٣٧- ن/١٣٦ [عن ابن عمر (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُما) عن النّبي (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ): (خالِفُوا الْمُشْرِكينَ: وَفِّرُوا اَللِّحى واَحْفُوا الشَّوارِبَ). متفق عليهٔ]

له عەبدوڵڵای کوری عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە ئەویش لـە پێغەمبـەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە فەرمویەتی: ((پێچەوانەی بت پەرستان بجولێنـەوە ڕیشـتان فـرە بکەنو سمێڵتان بگرن))، واتە ڕیـش بـەردانو سمـێڵ گـرتن شـتێکی پێویسـتە لەسـەر خاوەن باوەڕان، بەداخەوە ئەمرۆ بە پێچەوانەی ئیسلام ڕەفتـار ئەکـەنو پـەیڕەوی لـە بت پەرستان ئەکەنو مەیمون ئاس، چۆن بکەن لاساییان ئەکەنەوەو گوێ بـە فـەرمانی پێغەمبەر نادەن؟!

٣٨- ن/١٣٧ [عن عَمْرو بن شُعَيْب عن ابيه عن جدّه ان النّبي (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: (لاتَنْتفِوُا الشَّيبَ فَاِنَّهُ نورُ الْمُسْلِمِ مَامِنْ مُسْلِمَ يَشـيبُ شَيْبَةً فى الأسْلامِ اِلاّ كَتَبَ اللهُ لَهُ بِها حَسَنَةً وَرَفَعَهُ بِهَا دَرَجَةً وَحَطَّ عَنْـهُ بِها خَطيئَةً). رواه احمد وابو داود وغيرهما].

له عەمری کوری شوعەیب ئەویش لە باوکیەوەو ئەویش لە باوەیەوە ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویـەتی: مـوی سـپی هەڵمەکێشـن بەڕاسـتی ئـەوە روناکی مسوڵمانە - لە ڕۆژی قیامەتا[1]- هیچ مسوڵمانێك مویەکی لـێ سپی نابێ لەناو ئیسلام دا مەگەر بەو تاڵە مووە خوا چاکەیەکی بۆ بنوسێتو پلەیەکی بۆ بـەرز

(١) له ڕیوایەتی تردا هاتووە کە ئەفەرموێ ((مَنْ شَابَ شَيْبَةً فِي الأِسْلامِ كَانَتْ لَهُ نُوراً يَوْمَ الْقِيامَـةِ)) تەماشای شەرحی هەمان فەرمودە بکە لە (نيل الاوطار)دا .

بکاتــەوەو تــاوانێکی لەســەر لابــات، ئیمــامی نــەوەوی ئــەڵێ: ئەگــەر بوترێــت موهەڵکێشان قەدەغەو حەرامە لەبەر ئەو فەرمودانە دوور نیە.

٣٩- ن/١٣٨ [عن جابر بن عبدالله قال: جِيءَ بِأَبِي قُحافَـةَ يَـوْمَ الْفَـتحْ إِلـى رَسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَكَأَنَّ رَأْسَهُ ثَغامَـةٌ فقـال رَسُـول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (اِذْهَبوُا بِهِ إِلـى بَعْـضِ نِسـاءِهِ فَلْتُغَيِّـرْهُ بِشَـيْءٍ وَجَنِّبوُهُ السَّوَاد). رواه الجماعة الا البخاري والترمذي].

له جابیری کوڕی عەبـدوڵڵاوە ئەگێڕنـەوە، کـە وتوویـەتی: ئـەبو قوحافـەی بـاوکی ئەبوبکریان لە ڕۆژی گرتنی مەکەدا هێنایە خزمـەتی پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سـەری وەکـو سـەغامە (کـە گیایەکـە گوڵەکەیشـی هـەر سـپیە) وابـو بۆیـە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ببیـەن بـۆ لای هەنـدێ لـە ئافرەتـانی – مەحرەمی- خۆی با ڕەنگی سەری بگۆڕێتو دوری بخەنـەوە لـە ڕەنگـی ڕەش، واتـە گۆڕاندنی موی سپی سوننەتە بەو مەرجەی ڕەنگەکە ڕەش نـەبێت، بـە ڕەش دروسـت نیە.

٤٠- ن/١٤٦ [عَنْ عائِشَةَ (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُا) قَالَت: (كَانَ شَعْرُ رَسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَوْقَ الْوَفْرِةِ وَدُونَ الجُمَّةِ) رواه الخمسة اِلا النسـائى وصَـحَّهُ الترمذى].

لــە خــاتوون عائیشــەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هــاتووە، کــە وتویــەتی: ((مــوی ســەری پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە نەرمەکە گوێی زیاتر بـووەو نەگەیشـتۆتە سـەر شانی. (وَفْرَە) بەو مووەی سـەر ئـەڵێن کـە بگاتـە نەرمـە گـوێو لـەوێ زیـاتری کـرد (لِمّە)ی پێ ئەڵێنو گەیشتە سەر شان (جُمَّە)ی پێ ئەڵێن، ئەم دوو وشەی دوایـی بـە

پێچەوانەوە مانا کراون، واتە هەروەکو کورتکردنەوەو تاشین دروستە هەروەها درێژبوونیش تا سەر شان بۆ پیاو دروستە، وەکو لە ڕیوایەتی تردا هاتووە (**لَـهُ شَـعْرٌ يَضْرِبُ مَنْكِبَيْهِ**/ ئەو مویەکی وای بوو ئەیدا لە شانی))[1].

٤١- ن/١٤٩ [عَنْ عَبدِ الله بن مُغَفَّلٍ قَالَ: (نَهَى رَسُولُ الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) عَنِ التَّرجُلِ اِلاّ غِبّاً) رواه الخمسةُ اِلا ابنَ ماجةَ وصَححهُ الترمذى].

لە عەبدوڵڵای کوڕی موغەفەلەوە هاتووە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری کردووە لەسەر شانەکردن مەگەر ڕۆژێ نارۆژێ، بەڵێ هەروەکو فەرمویەتی (**من كان له شعر فليكرمه**/ هەر کەسێك کە مووی هەیە با ڕێزی بگرێت) هەروەها داینـاوە ئەو ڕێزە بەو شێوە ئەبێ کە ڕۆژێ نا ڕۆژێ شانەی بکات نەك هەر نەیکات یان بەکەمی یان هەمیشەی، ئایا ئەگونجێ ئەو پێغەمبەرە بەڕێزەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە باسی مووی بەو شێوە کردووە هەندێ لە پێویستیەکانی ئایینی واز لێهێنابێ‌و باسی نەکردبێ‌و ئێمە ئەمڕۆ بیزانین‌و بە شتێکی چاکی دابنێین بۆ خەڵك؟! کورد واتەنی ((لە عاقڵان ئیشارەتێك بەسە))وە ((هەر کەس کەسە ئەلفێ بەسە)).

٤٢- ن/١٦٦ [عن ابى هريرة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)قال: (اِذَا اسْتَيقَظَ اَحَدُكُم مِنْ نَوْمِهِ فَلا َيغْمِس يَدَهُ حَتَّـى يَغْسِـلَهَا ثَلاثاً فإِنَّهُ لايَدْرِى اَيْنَ بَاتَتْ يَدُهُ). رواه الجماعةُ اِلا البخارىّ لم يذكر العدد وفى لفظ الترمذى وابن ماجة: (اِذَا اسْتَيقَظَ اَحَدُكُم مِنْ الليل...)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی هەرکاتێ هەر کام لە ئێوە لەخەو هەستا، جا با دەستی نەکات

---

(١٢) شەرحی هەمان فەرموودە ١٤٧، لە نیل الاوطاردا.

بەناو ئاودا هەتا دەستی سێ جار لەلا ئەشۆرێت، چونکە نازانێ شەو دەستی لە کوێدا بووە.

٤٣- ن/١٦٨ [عن عثمانَ بن عفَّان (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) أنَّه دَعَا باناءٍ فَأفْرَغَ عَلَى كَفَّيْهِ ثَلاثَ مَرَّات فغَسَلَهُمَا ثُمَّ اَدخَلَ يَمينهُ في الأناءِ فمضمضَ واسْتَنْثَرَ ثم غَسَلَ وَجَهَهُ ثَلاثاً وَيَدَ يْهِ اِلَى الْمِرفَقَيْنِ ثَلاَثاً ثُمَّ مَسَحَ برأْسِهِ ثُمَّ غَسَلَ رجْلَيْهِ اِلىَ الْكَعْبين ثُمَّ قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تَوَضَّأ نَحْوَ وُضُوئى هذا. ثُمَّ قَالَ: مَنْ تَوَضَّأ نَحْوَ وُضُوئى هذا ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ لايُحدَّثُ فيهِما نَفْسَهُ غَفَر الله لَهُ مَا تَقَدَّم مِن ذَنْبِهِ. متفق عليهْ].

لە عوسمانی کوری عەفانەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە کە داوای کاسەیە ئاوی کرد کە بۆی هێنرا هەردوو دەستی لەلا سێ‌جار شۆرد، ئینجا دەستی کرد بەناو کاسەکەداو ئاوی گێڕا بەدەمیاو ئاوی کردە لوتیو مشی کردەوە لەپاشا دەمو چاوی سێ جار شۆردوە هەردوو دەستی هەتا گەیشتە هەردوو ئەنیشکەکانی لەپاشا دەستی تەڕی بەسەر یا هێنا لەپاشا هەردوو پێێ هەتا قولە قاپی سێ جار شۆرد لەپاش ئەوەوتی: چاوم بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کەوت کە دەستنوێژی وەکو ئەم دەستنوێژەی من گرت، ئینجا فەرموی: هەرکەسێك وەکو ئەم دەستنوێژەی من دەستنوێژ بگرێتو پاشان دوو رکات نوێژی پێ بکات لەو دوو رکاتەدا خەریکی دالْغە لێدان نەبێ خوا لە تاوانەکانی پێشوی خۆش ئەبێ. ئەم فەرمودەیە ڕۆشنکەرەوەی ئایەتی (٥)ی سورەتی (المائدة)یە لێرەدا ئاو بەدەمو لووت ژمارەی شۆردنەکانی بۆ باس کردووین ئەو شێوە دەستنوێژ گرتنەو بەو جۆرە نوێژکردنە ئەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکانی مرۆڤ نەك کەم تەرخەمی لە دەستنوێژدا، یان

هەر چوینە سەر نوێژ خەریکی مامەڵەو کڕینو فرۆشتن بین تا لێ ئەبینەوە، نازانین چیمان کردوەو چیمان وتوەو نازانین لەخزمەت کێداوەستاوینو لەگەڵ کێدا ڕازو نیاز ئەکەین؟! لێرەدا بەم فەرمودەیە واز لە باقی فەرمودەکانی تری دەستنوێژ ئەهێنین چونکە ئەم فەرمودەیە زۆربەی سوننەتەکانی دەستنوێژو هەمو فەرزەکانیو تەرتیبەکەی باسکردوە، ئەوەی نەووتراوە بە پیشتیوانی خوای گەورە دەینوسین.

٤٤- ن/١٧٤ [عن لَقيطِ بنِ صَبَرةَ قال: قُلْتُ: يا رَسُولَ الله اَخبِرْني عَن الوضوءِ؟ قال (اسْبِغ الوضوءَ وَخَلِّلْ بَيْنَ الأَصابعِ وَبالِغْ فى الاسْتِنْشَاقِ اِلاّ اَنْ تكونَ صائِماً) رواه الخمسة وصَححهُ الترمذى] .

لە لەقیتی کوڕی سەبەرەوە ئەگێڕنەوە کەوتویەتی:وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باسی دەستنوێژم بۆ بکە؟

فەرموی: جوان دەستنوێژ بگرەو دەست بخەرە نێوان پەنجەکانتەوەو زۆر چاك ئاو بدە بە لوتداو چاکی هەڵمژە مەگەر بەڕۆژ بیت، واتە: ئەگەر بەڕۆژو بێت زۆر هەڵی مەمژە نەوەك بچێتە قورگتەوەو ڕۆژوەکەت بەتاڵ بکاتەوە. و الله أعلم.

٤٥- ن/١٧٨ [عن عثمانَ بنِ عفَّان (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) اَنَّ النبى (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (كانَ يُخَلِّلُ لِحيَتَهُ) رواه ابنَ ماجة والترمذى وصححه] .

لە عوسمانەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (دەستی ئەخستە ناو ڕیشیەوە - لە کاتی دەستنوێژدا-)، واتە سوننەتە دەست تێخستنی ڕیشی پڕ، بەڵام ئەگەر تەنك بوو ڕوبەروەکەت ژێری ڕیشی ئەبینی پێویستە دەستی تێبخەیتو ژێری تەڕ ببێ لە دەستنوێژدا، بەڵام ژێر تەڕبوونی هەمو جۆرە ڕیشێك لە خۆشۆردندا پێویستە.

٤٦- ن/١٨٠ [عن ابى أُسامَۀ اَنَّهُ وَصَفَ وُضُوءَ رَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَذَكَرَ ثَلاثَاً قال: وكَان يَتَعَاهَدُ الْماقَيْن] رواه أحمد.

له باوکی ئوسامەوە ئەگێڕنەوە کە باسی دەستنوێژی پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کردووە وتویەتی هەموویان سێ جار سێ جار بوون، وتویەتی: کە هەمیشە دەستی ئەخستە ناو هەردوو گۆشەی چاوەکانیەوە لەلای لوتیەوە، واتە: شۆردنی هەردوو گۆشەی چاوەکان لەلای لوتەوە پێویستە، چونکە زۆر جار شتێکی کرێم ئاسای پێوەیە بەتایبەت ئەگەر چاوەکان نەخۆش بن یان کابرا بەتەمەن بێت.

٤٧- ن/١٨٣ [عن ابى هريرۀ (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: قال رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (اَنْتُمْ الْغُرُّ الْمُحَجَّلُونَ يَوْمَ الْقِيامَۀ مِنْ اِسْباغِ الوُضُوءِ فَمَنْ اسْتَطَاعُ مِنْكُمْ فَلْيُطِلُ غُرتَهُ وتَحْجيلَهُ)] . رواه مسلم.

له ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە، کە وتویەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئێوە ناو چاوو چاری دەستو پێ سپین لە ڕۆژی قیامەتا بەهۆی جوان دەستنوێژ گرتنتانەوە جا هەر کام لە ئێوە ئەتوانێ با سپیەتی ناو چاوو دەستو قاچەکانی زیاتر بکات، واتە: با زۆرتریان لێ بشۆرێتو لە سنوری فەرز دەرچێت.

٤٨- ن/١٩٦ [عن ابن عباس (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) اَنّ النَّبِى (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَسَحَ بِراَسِهِ واُذُنَيْهِ ظاهِرِهِمَا وَباطِنِهِمَا]. رواه الترمذى وصحّحه ولِلنَّسائِيِّ: باطِنِهِمَا بالمُسَبَحتَيْنِ وَظَاهِرِهِمَا بِأَبْهامَيْهِ.

له عەبدوڵڵای کوری عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەستی تەڕی هێناوە بەسەریاو بەدەرو ناوی گوێیداو نەسائی ئەڵێ: پەنجەی

شـایەتومانی ئەخسـتە نـاو گوێیـەوەو پەنجـە بەرانـەی لـە دەری گوێیـەوە دائـەناو ئەیسوڕاند.

٤٩- ن/١٩٩ [عَنْ عَمْروبن أُمَيَّةَ الضَّمرى قال: رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ يَمْسَحُ عَلَـى عَمَامَتِهِ وَخُفَّيْهِ]. رواه احمد والبخارى وابن ماجة.

له عەمری کوری ئومەیەی زەمەریەوە ئەگێڕنەوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوام (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دی کە لەسەرمێزەرو لەسەر خوف دا مەسحی کردوە، واتە لەکاتی دەستنوێژدا لەباتی مەسحی سەر، مێزەرەکەی تەڕکردوەو لەباتی شۆردنی پێ دەستی تەڕی بەسەر خوف دا -پێلاوێکی ناسکە لە چەرم دروست ئەکرێت- هێناوە لە بارەی خوفەوە ماوەکەی بۆ سەفەری سێ شەو سێ ڕۆژە بەو مەرجەی لەسـەر دەسـتنوێژ لـە پێی کردبێ‌و نیشتەجێ شەو ڕۆژێکە لە نەمانی دەستنوێژی پێشوەوە بـۆ مێـزەرەیش لەسەر سەر بەتەنهاو لەسەر مێزەر بەتەنها،وە لەسـەر بەشـێکی دیـاری سـەرو بـاقی مێزەرە مەسحی کردوە، جا ئەگەر بەم شـێوەیەی سـێهەمیانە بێـت زۆر چـاکترە(١). والله أعلم.

٥٠- ن/٢٠٦ [عَنْ عبدالله بن عَمْرو قال تَخلَّـفَ عَنَّـا رَسُـولُ اللهِ فـى سَـفْرَةٍ فَأَدْرَكَنَا وَقَدْ أَرْهَقْنا العَصْرَ فجعلنا نَتَوَضَأُ وَنَمْسَحُ عَلـى اَرْجُلِنَـا. وقـال: فَنَادىَ بِأَعْلى صَوْتِهِ (وَيْلٌ لِلأَعْقاب مِنَ النَّـارِ!) مَـرَّتَيْنِ اَوْ ثَلاَثـاً]. متفـق عليهْ.

---

(١٣) لەبەر فەرمودەی (أَنّ النَّبيَّ صَلّى الله عليه وسلم تَوَضَّأً فَمَسَحَ بِنَاصِيَتِهِ وَعَلى الْعَمَامَةِ وَالْخُفَّيْنِ) (متفق عليه) سەرچاوەی پێشـوو ژمـارە ٢٠٥. هـەروەها تەماشـای فـەرمودەی ژمـارە ٢٢٨ لـە هەمان سەرچاوە بکە بۆ ماوەی خوف و چۆنیەتیەکەی .

لە عەبدوڵڵای كوڕی عەمرەوە ئەگێڕنەوە، كە وتویەتی لە سەفەرێكدا - لە مەكەوە بۆ مەدینە- پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دواكەوت كاتێ پێمان گەیشت نوێژی عەسرمان دواكەوتو بەپەلە خەریكی دەستنوێژ گرتن بووین‌و پێمان مەسح كرد لەبەرئەوە هەتا توانای بوو دەنگی هەڵبڕی‌و فەرموی: ((هاوار بۆ پاژنەكان لەناو ئاگردا)) دووجار یان سێ جار، واتە پێویستە پێكانتان بەچاكی بە پاژنەوە بشۆرن نەك تەنها تەڕی بكەن ئەمە بەڵگەیەكی ترە لەسەر پێویستی شۆردنی پێ مەگەر خوفی پۆ شیبێ، وەكو لە فەرمودەی پێشوودا دەركەوت.

٥١- ن/٢١٢ [عن أبي هُريرةَ (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: (اِذا لَبِسْتُمْ وَاِذَا تَوَضَّأْتُمْ فَابْدَءُوا بِأَيَامِنِكُمْ). رواه احمد وابوداود] .

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە كە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: هەركاتێ لیباستان پۆشی، وە هەركاتێ دەستنوێژتان گرت لە ڕاستەوە دەست پێ بكەن، واتە: لای ڕاست پێش خستن لەو دوو حاڵەدا پێویستە.

٥٢- ٢١٧ [عَنْ عُمَرَ بْنَ الخطَّاب (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: قَالَ رَسُولُ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الله: (ما مِنْكُمْ مِنْ اَحَدٍ يَتَوَضَّأَ فَيُسْبِغُ الوضوءَ ثُمَ يَقولُ: اَشْهَدوا اَنْ لا اِلهَ الاّ اللهَ وَحْدَهُ لاشريك لَهُ وَاَشْهَدوا اَنْ مُحَمَدَّاً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ, اِلاّ فُتِحَتْ لَهُ اَبْوابُ اْلجَنَّةِ الثمانِيةِ يَدْخُلُ مِنْ اَيِها شَاءَ)] رواه احمد وابو داود.

لە عومەری كوری خەتابەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: لەناو ئێوەدا هیچ كەسێك نیە كە دەستنوێژ

بگرێو دەستنوێژەكەی جوان بگرێتو لەپاشا بڵێت: من شایەدی ئەدەم كە هیچ پەرستراوێكی ڕاستەقینە نیە بێجگە لە خواو تەنیایەو هاوەڵی نیەوە شایەدی ئەدەم، كە (محمد (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)) بەندەی خوایەو پێغەمبەریەتی، مەگەر هەر هەشت دەرگای بەهەشتی بۆ بكرێتەوە بچێتە ناویەوە لە هەر كامیانەوە كە خۆی ئارەزوی لێبێت، واتە: سوننەتە پاش دەستنوێژ سەر بەرزبكەیتەوە بۆ ئاسمانو ئەو وشانەی پێشوو بڵێیتو پاشان بڵێیت خوایە لە ڕیزی تەوبەكاراندا دام بنێو لەناو پیاوانی پاكو خاوێندا حیسابم بكە، پاكو خاوێنیت ئەی خوایەو لەگەڵ سوپاسو ستایشدا بۆت شایەتی ئەدەم كە هیچ پەرستراوێكی ڕاستەقینە نیە جگە لە تۆ داوای لێخۆشبونت لێ ئەكەمو ئەگەڕێمەوە بۆ لات.

زانایانی فەرمودەناس ئەڵێن تەنها - بسم الله- لە ئەوەڵەوەو ئەم دوعایەی كە لە كۆتایی دەستنوێژ دایە بە تەواوی دامەزراوەو باقی دوعاكانی شوێنەكانی تری دەستنوێژ جێگای متمانە نینو بەراستیان نەزانیون. والله أعلم.

٥٣- ن/٢٢٠ [عن الْمُغَيْرة بن شُعبَةَ أَنَّهُ مَعَ رَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) في سَفَر وَأَنَّهُ ذَهَبَ لِحاجَةٍ لَهُ وَأَنَّ مُغَيْرَةَ جَعَلَ يَصُبُّ الْمَاءَ عَلَيْهِ وَهُوَ يَتَوَضَّأُ فَغسَلَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ وَمَسَحَ بِرَأْسِهِ وَمَسَحَ عَلَى الْخُفَّيْنِ]. رواه البخاري وَمُسْلِمٌ.

لە موغەیرەی كوڕی شوعبەوە ئەگێڕنەوە كە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووە لە سەفەرێكداو دەستی گەیاند بە ئاو - لەپاشا- موغەیرە ئاوی ئەكرد بە دەستیا لە كاتێكا كە دەستنوێژی ئەشۆری جا دەمو چاوو دەستی شۆریو سەری تەڕ كردو دەستی تەڕی هێنا بەسەر هەردوو خوفەكەیدا، واتە دروستە لە دەستنوێژ

گرتندا یارمەتی بدرێت، وە ئەو حەدیسانەی بەرگری لەوە ئەکەن هیچیان متمانەیان پێ نەکراوەو سابت نەبوون، هەروەها دروستە مەسحکردنی خوف لە پێدا[١].

٥٤- ن/٢٣٣ [وَ رَوَى شُرَيْحُ بنُ هانيءٍ قَالَ سَأَلْتُ عائِشَةَ (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْها) عن المسح عَلَى الخفين؟ فقالَتْ سَلْ عَليّاً فَأَنَّهُ اَعْلَمُ بهذا مِنيِّ، كَانَ يُسافِرُ مَعَ رَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَسَأَلْتُهُ فَقال: قالَ رَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (لِلْمُسافِرِ ثَلاثَةُ اَيّامٍ ولَيَالِيهِنَّ وَلِلْمُقيمِ يَومٌ وَلَيْلَةٌ)]. رواه احمد ومسلم والنسائى وغيرهم.

شورەیحی کوڕی هانی ئەڵێت: پرسیارم لە خاتوون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) سەبارەت بە مەسحی خوف کرد، وتی: لە عەلی بپرسە ئەو لەمن لەوبارەوە شارەزاترە ئەو سەفەری کردوە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) منیش پرسیارم لێکرد.

وتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: (کابرای سەفەری ئەتوانێ سێ ڕۆژ بەشەوەکانیەوە مەسحی خوف بکات و لەپێی نەکەنێت، وە بۆ دانیشتویش ڕۆژو شەوێکە)).

٥٥- ن/٢٣٥ [عن علی (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: لَوكَان الدِّينُ بالرَّأى لَكَان اَسْفَلُ الخُفِّ اَوْلى بالْمَسْحِ مِنْ اَعْلاهُ لَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَمْسَحُ عَلَى ظَاهِرِ خُفَّيْهِ]. رواه ابوداود والدار قطنى وقال الحافظُ فى (بلوغ المرام) اسناده حسن.

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە ٢٣٢، لە سەرچاوەی پێشو بکە.

لە عەلیەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە، كە وتوویەتی: ئەگەر ئایین بەرەئیو بۆچوون بوایە ژێری خوف شایستەترە بۆ مەسح تا سەرەكەی – بەلام- بەڕاستی من پێغەمبەری خوام (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دی كە ئەوەی كە دەرئەكەوت لە خوفەكەی – سەرەكەی- مەسح ئەكرد، واتە ئایین نابێ بەرەئیو بۆچوون بێت، چونكە بۆچوونو ڕەئیەكان ئەگونجێ هەڵە دەربچن، هەروەها لە مەسحی خوفدا سەرەكەی پێویستە، بەلام ئەگەر ژێرەكەیشی مەسح بكرێت چاكترە لەبەر فەرمودەی تر[1]، دیارە عەلی (خوا لێی ڕازی بێ) هەر بەو شێوەی دیوە تا كاتێ ئەم قسەی گێڕاوەتەوە ئەگەر فەرمودەكەی تر ڕاست بێ، والله أعلم.

٥٦- ن/٢٣٨ [عَن ابی هریرة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: قال رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (لا يَقْبَلُ اللهُ صَلاةَ اَحَدِكُمْ اِذَا اَحْدَثَ حَتَّى يتَوَضَّأَ) فقال رجلٌ مِنْ اَهْلِ حَضْرَمَوْتَ مَا الْحَدَثُ يا اَبا هُرَيْرَةَ؟ قال فُساءٌ اَوْ ضُراطٌ] متفق عليهِ.

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((خوا نوێژی هیچ كام لە ئێوە وەرناگرێت هەركاتێ بێ دەستنوێژ ببێ هەتا دەست ئەگرێتەوە)) پیاوێكی حەزرەمەوتی وتی چ شتێك ئەبێ بەهۆی بێ دەستنوێژی ئەی ئەبوو هورەیرە؟

وتی بەهۆی دەرچوونی هەوا یا دەنگەوە، بێ دەستنوێژی پەیدا ئەبێ، لە ڕیوایەتی تردا هاتووە كە بێ دەستنوێژی بەهۆی میزو پیسی كردنەوەو بەهۆی خەوی درێژەوەو

(١) (اَنَّ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم مَسَحَ اَعْلَى الْخُفِّ واَسْفَلَهُ) ژمارە ٢٣٧ نیل الاوطار، بەلام لە ڕاستی ئەم فەرمودەدا قسە هەیە.

بەهۆی دەستدانی لە شەرمگەی خۆی یان کەسێکی تـر لەبـەر ئـەم فەرمودەیـەی کـە ئێستا ئەینوسین.

٥٧- ن/٢٥٥ [عن عَمْرو بن شعيب عن ابيه عن جَدّهِ عن النبّى (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: (اَيُّما رَجُلٍ مَسَّ فَرجَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ، و اَيُّما امْـرَءَةٍ مَسَّـتْ فَرجَها فَلْتَتَوَضَّأْ)] رواه احمد وقال البخاريُّ عندى صحيح .

لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە لە باوکیەوە، لە باوەیەوە ئەگێڕنـەوە کـە پێغەمبـەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویـەتی: هـەر پیاوێـك دەسـتی لـە عـەورەتی خـۆی بـدات دەستنوێژی ئەشکێت، وەهەر ژنێکیش دەست لە عـەورەتی خـۆی بـدات دەسـتنوێژی ئەشـکێتو هـەروەها دەسـتنوێژ بـە جیمـاعیش ئەشـکێتو بـە خـواردنی گۆشـتی حوشتریش لەبەر ئەم فەرمودەیە کە ئەفەرموێت:

٥٨- ن/٢٥٦ [عن جابر بن سَمُرَةَ اَنّ رَجُلاً سَأَلَ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) اَنَتوَضَّأ مِنْ لُحُومِ الْغَنَمِ؟ قالَ: (اِن شِـئْتَ تَوَضَّـأْ وَان شِـئْتُ فَـلاَ تَوَضَّأْ) قال: اَنَتوَضَّأُ مِنْ لُحُومِ الأَبلِ قال (نَعَمْ، تَوَضَّأْ مِنْ لُحُومِ الأَبِـلِ) قَالَ أصُلِّى فى مرابِضِ الْغَنَمِ ؟ قال (نَعَم) قال: أُصَلِّى فى مرابِضِ الأَبلِ؟ قال: (لا)] رواه احمد ومسلم.

لە جابیری کوری سەمەرەوە ئەگێڕنەوە کە پیاوێك پرسـیاری لـە پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کردووە کە ئایا دەستنوێژ بگرینەوە ئەگەر گۆشتی مەڕمان خوارد؟

فـەرموی: ((ئەگـەر ئـارەزووت لێبـوو بیگـرەوەوە ئەگـەر ئـارەزووت لێبـوو مەیگرەوە)).

وتی: ئەی دەستنوێژ بگرینەوە ئەگەر گۆشتی وشترمان خوارد؟

فەرموی: ((بەڵێ دەستنوێژ بگرەوە بەهۆی خواردنی گۆشتی وشترەوە)).

وتی نوێژ بكەم لە مۆڵی مەردا ؟

فەرموی ((بەڵێ)).

وتی نوێژ بكەم لە مۆلی وشتردا ؟

فەرموی ((نەخێر)).

بەم شێوەیە دەرئەكەوێت كە خواردنی گۆشتی وشتر دەستنوێژ ئەشكێنێ و هەروەها مۆڵی -شوێنی خەوتن-ی مەڕ پاكەو بێنوێژ نیە بەڵام مۆڵیوشتر پیسە)) ئیمامی شافیعی فەرمویەتی كە ئەگەر حەدیسی جابیری كوڕی سەمورە (صحیح) بێت منیش هەروا ئەڵێم، ئیمامی بەیهقی شافیعی مەزهەبەو ئەڵێ دوو حەدیس لەبارەی گۆشتی وشترەوە (صحیحن) حەدیسی جابیری كوری سەمورەو حەدیسی بەراء، واتە: دەستنوێژ ئەشكێنێ بە مەزهەبی شافیعیش، والله أعلم.

٥٩- ن/٢٥٩ [عن عَبَّادِ بنْ تَميمِ عَنْ عَمِّهِ قَالَ: شُكِيَ اِلَى النَّبيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الرَّجُلُ يُخَيَّلُ اِلَيْهِ اَنَّهُ يَجدُ الشَّيَء فى الصَّلاةِ؟ فَقَالَ: (لا يَنْصَرِفُ حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتاً اَو يَجدَ ريحاً) رواه الجماعة اِلاّ الترمذى.

لە عەبادی كوری تەمیم لە مامیەوە ئەگێڕنەوە، كە وتویەتی: سكاڵایەك عەرزی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كرا كە پیاو جاریوا هەیە لەناو نوێژدا وائەزانێ شتێ لەناو لەشیا دەرچووە، ئەبێ چی بكات؟

فەرموی: ((لەسەر نوێژەكەی لا نەچێت هەتا دڵنیا نەبێت، چ دەنگێك ببیستێ یان بۆنێك بكات))، واتە شتی تەواو دامەزراو بەگومان هەڵناوەشێتەوە،وە ئەمە بناغەیەكی گرنگی فیقهیە، (اليقين لا يزول بالشك)، هەروەها ئەوە دەگەیەنێت كە هەرشتێك چۆن بووبێت لە پێشەوە هەروا ئەمێنێتەوە، تا بەڵگەی دروست نەبێت

لەسەر گۆڕانی. (الاصل بقاء الشيء على ما كان) ئەمانەیش دو یاسای شارەزایی بونن چاکیان بزانن بەسودە.

٦٠- ن/٢٨٠ [(عن عائشة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْها) قالت: كانَ رسولُ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الله إذا أرادَ أَنْ يَنامَ وهو جُنُبٌ غَسَلَ فَرْجَهُ وتَوَضَّأَ وضوءَهُ لِلصَّلاةِ)] رواه الجماعة .

لە خاتوون عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەرکاتێ بیویستایە بنوێت بەلەش پیسی شەرمگەی خۆی ئەشوردو دەستنوێژێکی ئەگرت وەکو دەستنوێژی نوێژ، ئینجا ئەخەوت، واتە سوننەتە کەسێ لەشی پیس بوو ویستی بخەوێت دەستنوێژ بگرێت، ئینجا بخەوێت، هەروەها سوننەتە لەش پیس دەستنوێژ بگرێت بۆ خواردنو خواردنەوە یان دەستی بشۆرێت [(١)].

٦١- ن/٢٨٣ [(عن ابى سعيد عن النَّبيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: (إذَا أَتَى أَحَدُكُمْ أَهْلَهُ ثُمَّ أرادَ أَنْ يَعودَ فَلْيَتَوَضَّأْ) رواه الجماعة إلا البخاريّ].
وزاد ابن خزيمة وابن حبان والحاكم (فَإِنَّهُ أنْشَطُ لِلْعَوْدِ).

لە ئەبو سەعیدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((هەر کام لە ئێوە چوە لای خێزانی خۆی - جماعی کرد- ویستی جارێکی تر بگەڕێتەوە سەری با دەستنوێژ بگرێت... چونکە ئەوە چالاک تری دەکات بۆ بادانەوە سەر خێزانیو ئەم دەستنوێژە سوننەتە.

---

(١٦) فەرمودەی ٢٨٢، لە (نیل الاوطار) و حدیث عائیشة لە (صحیحین).

٦٢- ن/٢٨٧ [عن أُمِّ سَلَمَةَ ان أُمَّ سُلَيْم قَالَتْ: يا رَسَولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) اِنَّ الله لا يَسْتَحْى مِنَ اَلْحقّ فَهَلْ عَلَى الْمَرأة الغُسْلُ اِذا اَحْتَلَمَتْ؟ قال: (نَعَمْ اِذا رَأتِ الماءَ) فَقَالَتْ أُمُّ سَلَمَةَ: وَتَحْتِلمُ الْمَرأَةُ؟! فَقَالَتْ: تَربَتْ يَدَاكِ! فَبِما يُشْبِهُهَا وَلَدُها؟!) متفق علية].

له ئومـه سـەلەمەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنـەوە كـە ئومـو سـولەیم، وتـی: ئـەی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڕاستی خوا لە ڕاستی وتن شـەرم ناكـات، ئایـا ئافرەت وەختێ ئیحتیلامی بوو -واتە لە خەودا ئاوی هاتەوە چ بزانـێ، یـان نـەزانێ پاش خەبەربوونەوە- ئەبێ خۆی بشۆرێت؟

فەرموی: ((بەڵێ، ئەگەر ئاوی بەخۆیەوە دی)).

خاتو ئوموسەلەمە وتی: بۆ ئافرەتیش ئیحتلامی ئەبێ؟!

فەرموی: ((دەستت لەخاك بدات - دوعایەكی شـەڕە بـەڵام لـە زمـانی عەرەبیـدا بەزۆری بەكار ئەهێنرێتو مەبەستی قسە پێ وتن نیە، هەر بۆ خۆشی ئەوترێت لێـرە بۆ خۆشیە - ئەی بەچی منالەكەی بە دایكی ئەچێت؟ واتە: بـەڵێ ئـەویش ئیحـتلام ئەبێ وەكو پیاو، وەكو لە فەرمودەی تردا ئەفەرموێت **(انما النساء شقائق الرجال)** ئافرەتان بێجگە لە خوشكانی پیاوان شتێ تر نین)[١] .

٦٣- ن/ ٢٨٨[عَنْ ابى هريرة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) عن النَّبِـی (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) قال: (اِذا جَلَسَ بَيْنَ شُعَبِهَا الأَرْبع، جَهَدهَا فَقَدْ وَجَـبَ الْغُسْـلُ). متفق علية ولمسلم واحمد (وَاِن لَمْ يُنْزِلْ)].

---

(١) فەرمودەی ٢٩٤، رواه الخمسة الا النسائي، سەرچاوەی پێشوو.

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەویش لە پێغەمبەرەوە (صَلیَّ اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ)، کە فەرمویەتی: (هەرکاتێ پیاو لەناو لینگی ئافرەت دا دانیشت بۆ جماعو زۆری لێکرد، واتە ئالەتی چووە ناو لەشیەوە ئیتر خۆشۆردنی لەسەر پێویست ئەبێ... ئەگەر چی ئاویشی نەیەتەوەو خۆشیشی پێ نەگات، فەرمودەی (الْمَاءُ مِنَ الْمَاءِ)، یان مەنسوخە، یان بۆ ئیحتلام بوونە[1]، واللە أعلم.

٦٤- ن/٢٩٥ [عَنْ قَيْس بِن عاصِم اَنَّهُ اَسْلَمَ فَاَمَرَهُ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اَنْ يَغْتَسِلَ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ] رواه الخمسة اِلاّ اْبنَ مَاجة.

لە قەیسی کوڕی عاسمەوە هاتووە کە مسولْمان بووە لەوکاتەدا پێغەمبەر (صَلیَّ اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانی پێداوە کە خۆی بشۆرێت بە ئاوو مۆرد - درەختێکی بۆن خۆشە- ، واتە: سوننەتە هەر کافرێك مسولْمان بوو خۆی بشۆرێت.

٦٥- ن/٢٩٧ [عَنْ عائشة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْها) أنَّ فاطِمَةَ بِنْتَ أبي حُبَيْش كَانَتْ تُسْتَحاضُ فَسَأَلَتِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟ فقال: ذَلِكَ عِرْقٌ، ولَيسَتْ بالْحَيْضَةِ، فَإذا اَقبَلَتِ الْحَيْضَةُ فَدَعى الصَلاةَ، وإذا اَدْبَرَتْ فَاغْتَسِلِي وَصَلِّي. رواه البخاري. متفق علية بلفظ (فَاغْسِلِي عَنْكِ الدَّمَ وَصَلِّي)] .

لە خاتون عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە کە فاطمەی کچی ئەبو حوبەیش خوێنی هەبوو هەمیشەو پرسیاری لە پێغەمبەر (صَلیَّ اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) کرد، فەرموی ئەوە دەمارێکە - نەخۆشەو هۆی ئەو خوێنەیە- هەرکاتێ کاتی عوزری شەرعیت هات واز لە نوێژ بهێنەو وەختێ کاتەکەی تەواو بوو، خۆت بشۆرەو نوێژت بکە،

(١) فەرمودەی ٢٩٠- ٢٩١، تەماشا بکە لە سەرچاوەی پێشوو.

ئەمە بۆ ئافرەتێكە كە زەمانو چەنیەتی عوزرەكەی بزانێت، پێش ئەوەی كە دوچاری ئەو نەخۆشیە بوبێت، باقی شێوەكانی تر لە پەراوە فیقهیەكاندا باسكراوەو لێرە باسی ناكەین تا لە مەبەستی خۆمان دەرنەچین كە حوكمەكانە بەگوێرەی فەرمودەكان.

لە ڕیوایەتی ئیتیفاقیدا لە ئاخردا ئەفەرمویت ((ئەو خوێنە لە خۆت بشۆرەو نوێژەكەت بكە)). مەبەست لە ((متفق علیه)) ئیمامی (أحمدو بخاریو موسلیمە) خوا لێیان خۆش بێ.

٦٦- ن/٢٩٨ [عن علی ـ كَرَّمَ الله وجهه ـ قال: كَانَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْضِي حَاجَتَهُ ثُمَّ يَخْرُجُ فَيَقْرأُ القُرآنَ ويأكُلُ مَعَنَا اللَّحْمَ وَلا يَحْجُبُهُ (وَرُبَمَّا قال: لايَحْجُزُهُ) مِنَ القُرآنِ شَيْءٌ لَيْسَ الجنابةَ]. رواه الخمسة.

لە عەلییەوە - خوا ڕێزی دەموچاوی بگرێت- ئەگێڕنەوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەستی ئەگەیاند بە ئاو لەپاشا ئەهاتەدەر قورئانی ئەخوێندەوە وگۆشتی لەگەڵ ئێمەدا ئەخوارد،-واتە دەستنوێژی نەبووە هیچ بەرگری نەئەكرد (یان زۆرجار ئەیوت: هیچ شتێك بەرگری ئەوی نەدەكرد- لە قورئان خوێندن بێجگە لەش پیسی، واتە تەنها لە كاتی دەست بە ئاوگە یاندن و لەش پیس ناتوانێ قورئان بخوێنێ.

٦٧- ن/٣٠٩ [عَنْ ابن عمر قال: قال رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (اِذَا جَاءَ اَحَدُكُمْ اِلَى الْجُمُعَةِ فَلْيَغْتَسِلْ)]. رواه الجماعة.

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((هەرکاتێ هەرکام لەئێوە چون بۆ جومعە با خۆی بشۆرێت، واتە سوننەتە خۆشۆردنی ڕۆژی جومعە[1]، بەلای هەندێك زانایانەوە واجبەو بەڵگەیشیان بەهێزە.

٦٨- ن/٣٢٩ [عن عائشة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْها) اَنَّ النَّبــيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ اِذَا اِغْتَسَلَ مِنَ الْجَنابَةِ: يَبْـدَأُ فَيَغْسِلُ يَدَيْهِ ثُـمَ يُفْـرَغُ بيَمينِـهِ عَلَـى شَمالِهِ فَيَغْسِلُ فَرْجَهُ ثُمَّ يَتَوَضَّيءُ وُضُوءَهُ لِلصَّلاةِ ثُمَّ يَأْخُذُ اَلْماءَ وَيُدْخِلُ اَصابَعَهُ فى اُصُول الشَّعرْ حَتَّى اِذا رَأى اَنْ قَدْ اسْتَبْرَأَ حَفَـنَ عَلَـى رَأْسِـهِ ثَلاَثَ حَثَيَاتٍ ثُمَّ اَفَاضَ عَلَى سائِرِ حَسَدِهِ ثُمَّ غَسَـلَ رِجْلَيْـهِ. اَخْرَجـاهُ وَفى روايةٌ لَهُما: ثُمَّ يُخَلِّلُ بيَدَيْهِ شَعْرَهُ حَتَّى اِذَا ظَنَّ اَنَّهُ قَدْ اَرْوى بَشَرَتَهُ اَفَاضَ عَلَيْهِ الْماءَ ثَلاثَ مَرَّاتٍ].

لە خاتوون عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە، کە پێغەمبەر (صَلیَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەرکاتێ خۆی بشۆردایە بەهۆی لەش پیسیەوە، پێشەکی هەردوو دەستی ئەشۆرد لەپاشا بەدەستی ڕاستی ئاوی ئەکرد بە دەستی چەپیاو شەرمگەی خۆی ئەشۆرد، لەپاشا دەستنوێژی ئەگرت، وەکو دەستنوێژی نوێژ، ئینجا هەندێ ئاوی هەڵئەگرتو پەنجەی ئەخستە ناوبنی مووی سەریەوە هەتا بەتەواوی ئەیزانی، کە بە تەواوی مووی سەری تەڕ بووە، ئینجا سێ مشت ئاوی بەسەریا ئەکرد، ئینجا ئاوی ئەکرد بەسەرخۆیدا پاشان هەردوو پێی ئەشۆرد. ((بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان کردووە. وە هەر لە ڕیوایەتێکی تری ئەواندا هاتووە کە: ((لەپاشا دەستی ئەخستە ناو مووی

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە ٢١٢- ٢١٣، لە سەرچاوەی پێشو بکە.

ـەریەوە هەتا ئەیزانی کە بەتەواوی پێستی سەری تـەڕبووە، ئینجـا سـێ جـار ئـاوی بەسەریا ئەکرد))، واتە لە خۆشۆردنی لەش پیسیدا پێویستە بەچاکی سەر تەڕ ببـێو وشکی نەمێنێ بۆ پیاوو بۆ ژن، وەکو یەکە بەڵام ئەگەر ئافرەت بۆ لەش پیسـی بـوو پەلکی هەبوو ئەتوانێ شی نەکاتەوە، بەڵام بـۆ خۆشـۆردنی عـوزرە شـەرعیەکانی تـر ئەبێ پەلکەکانی بکاتەوەو بەچاکی سەری تەڕ بکات، وەکو لـەم فـەرمودەدا هـاتووە کە ئەفەرموێت:

٦٩- ن/٣٣٥ [عَن امِّ سَلَمَةَ قالَتْ: قُلْتُ: يَارَسولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) إِنِّي امْرَأَةٌ اَشَدُّ ضَفْرَ رَأْسِي اَفَأَنْقُضُهُ لِغُسْلِ الْجَنابَةِ؟ قال: (لا اِنَّمْا يَكْفيكِ اَنْ تَحثِـي عَلَـى رَأْسِـكِ ثَـلاَث حَثَيَـاتٍ ثُـمَّ تُفيضـينَ عَلَيْـكِ الْمـاءَ فَتَطْهُرين)]. رواه الجماعة الا البخاري وقال الترمذيُّ حسنٌ صحيح.

لە خاتون ئومـو سـەلەمەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنـەوە، کـە وتویـەتی: وتم: ئـەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مـن پـەلکی سـەرم –کـەزی- زۆرو بتـەوە، ئایـا هەڵیوەشێنمەوە بۆ کاتی خۆشۆردنی لەش پیسی؟

فەرموی: نەخەیر، سێ چنگ ئاوی پێدا بکەو ئینجا ئاو بکە بـەخۆتاو خـۆت پـاك بکەرەوە، واتە پێویست بە هەڵوەشاندنەوە ناکات، بەڵام بۆ شـۆردنەکانـــــی تری هەڵیوەشێنەوە وەکو لە فەرمودەی تردا هاتووە [1].

---

(١) شەرحی فەرمودەی ٣٣٥، لە سەرچاوەی پێشو تەماشا بکە.

٧٠- ن/٣٣٧ [عَنْ عُرْوَةَ، عَنْ عائشة، اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال لَها - وكانت حائِضاً-: (اُنْقُضِي شَعْرَكِ واغْتَسِلِي)]. رواه ابن ماجة باسناد صحيح.

له عورووه ئەویش له خاتون عائیشەوه هاتوه كه پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرمووه - كاتێ له حەیزا، - مانگانەی ئافرەت- بووه: پەلكەكانت هەلّوەشێنەوەو خۆت بشۆره، ئەمە ئەكەن بە بەلّگە لەسەر ئەوەی كه بۆ شۆردنی غەیری لەش پیسی ئافرەتان پێویستە پەلكەكانیان هەلّوەشێننەوەو بە چاكی لەشیان بشۆرن كه هیچ وشكی تێدا نەمێنێ.

٧١- ن/٣٤٠ [عَنْ اَنَس قال: (كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَغْتَسِلُ بالصَّاعِ اِلَى خَمْسَةَ اَمْدادٍ وَيَتَوَضَّأُ بالْمُدِّ)] متفق علية.

له ئەنەسەوه (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوه، كه وتویەتی: ((پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) به مەنێك كه تا پێنج مود بووه خۆی شۆردوه، وه به مودێكیش دەستنوێژی گرتوه، مود: دوو مشتی چاك ئاو ئەگرێت بەلای كەمەوه بەچاوی خۆم مودی پێغەمبەرم (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دیوه. گرنگ تەڕبوونی لەشە ئەگەر بە كەمتریش لەوه بێ دروستە، وەكو لە فەرمودەی تردا هاتووه[1].

٧٢- ن/٣٤٨ [عَنْ يَعْلى بن اُمَيَّةَ اَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رأى رَجُلاً يَغْتَسِلُ بالْبَرَازِ بلا اِزَارٍ، فَصَعِدَ المنبر فَحَمِدَ اللهَ وَاَثْنَى عَلَيْهِ ثُمَّ قَالَ:

(٢) تەماشای فەرمودەی ٣٤٤-٣٤٧، له سەرچاوەی پێشو بكە.

(اِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ حَيٌّ سِتِّيرٌ يُحِبُّ الحَياءَ والسِّتْرَ، فَـأِذَا اغْتَسَـلَ اَحَـدُكُمْ فَلْيَسْتَتِرْ)]. رواه ابو داود واللفظ له، والنَّسائيُّ.

له یەعلای كوڕی ئومەیـەوە ئەگێڕنـەوە كـە پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پیاوێكی دی له دەشتێكا بێ پەردە خۆی ئەشۆرد، لەبـەر ئـەوە چـووە سـەر جێگـای وتـاردانو سـوپاسو ستایشـی خـوای كـردو لەپاشـا فـەرمووی: ((بەڕاسـتی خـوای بالآدەستو گەورە زۆر بە شەرمو داپۆشەرە شەرمو داپۆشینیشی پێخۆشە، هەر كاتێ یـەكێك لـە ئێـوە خـۆی شـۆری بـا خـۆی داپۆشـێت، واتـە پێویسـتە مرۆڤـ لـەكاتی خۆشۆریندا خۆی دەرنەخات كە خەڵك ببینێت، بەڵام ئەگەر شوێنێكی چۆڵ بوو ئەوە قەیناكە. داستانی كولله بارین بەسەر ئەیوبدا كاتێ خۆی ئەشۆریو ڕاكردنـی بـەردی لیباسەكەی موسا بەناوبانگن كە ڕوت بوون[١].

٧٣- ن/٣٥٤ [عَنْ عِمْرَانَ بنْ حُصَيْن قال: (كُنَّا مَعَ رَسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) في سَفَرٍ فَصَلَّى بِالنّاسِ فَإِذَا هُوَ بِرَجُلٍ مُعْتَزِلٍ فقال: (ما مَنَعكَ اَنْ تُصَلِّيَ؟) قال: اَصابَتْني جَنَابَـةٌ وَلا مَـاءَ، قـال (عَلَيْـكَ بِالصَّـعِيدِ فَأَنَّـهُ يَكْفيكَ)]. متفق عليهْ.

لـە عیمرانـی كـوڕی حوسـەینەوە ئەگێڕنـەوە، كـە وتوویـەتی: ((ئێمـە لەگـەڵ پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووین لە سەفەرێكدا جەماعەتی كرد لەوكاتـەدا دی پیاوێك خۆی كەنار داوە فەرمووی: (چ بەرگری لـێ كردوویـت كـە تـۆش نوێـژ بـە جەماعەت بكەیت) وتی: لەشم پیسەو ئاویش نیـە، فـەرمووی: ((خـاك بەكاربهێنـە، واتە تەیەموم بكە بەسە بۆت)).

(١) تەماشای فەرمودەی ٣٤٩-٣٥٠، لە سەرچاوەی پێشو بكە.

٧٤- ن/٣٥٨ [عَنْ عمرو بن شُعَيْب عن ابيه عن جَدَّهِ قَالَ: قَال رَسُولُ الله (صَلّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (جُعِلَتْ لِيَ الأَرْضُ مَسجِداً وَطَهُوراً, اَيْنَمَا اَدْرَكَتْنى الصَّلاةُ تَمَسَّحْتُ وَصَلَّيْتُ)، رواه احمد اصله فى الصحيحين].

له عەمرِی کوری شوعەیب له باوکیەوه له باوەیەوه ئەگێڕنەوە، کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((زەوی کراوه به مزگەوتو پاکۆکەر بۆم له هەر کوێدا نوێژم پێگەیشت مەسح ئەکەمو نوێژ ئەکەم، واتە هەر ئاو نەبوو خاك بەکارئەهێنم، والله أعلم. بەڵێ بەڕاستی خاك پاکۆکەره ئەگینا ئێستا لەبەر ئەو هەمو پیسیه ئەکرێتە سەر زەوی کەس نەدەژیا.

٧٥- ن/٣٦٠ [عن ابى هُرَيرة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) اَنّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: (اِذا اَمَرْتُكُمْ بِأَمْرٍ فأْتوا مِنه ما اسْتَطَعْتُمْ). متفق عليهٔ].

له ئەبو هورەیرەوه (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی هەرکاتێ فەرمانێکم بەسەرتاندا دا چەند دەتوانن ئەوەندە لەو شتە ئەنجام بدەن. بەڕاستی ئەمە دەرگایەکی گەورەی زانینەو زۆر شت بەم فەرمودە بەنرخە ڕێكوپێك ئەکرێت، جا هەمو فەرمانەکانی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەبەرچاو بگرەو له هەرکام چەندت توانی ئەوەندە ئەنجام بدەو کۆتایی مەکە ئەوەیش کە نەتوانی لێپرسراو نیت.

٧٦- ن/٣٦٤ [عن عَمَّارٍ أَجْنَبْتُ فَلَمْ أُصِبِ الْماءَ فَتَمَعَّكْتُ فى الصَّعِيدِ وَصَلَّيْتُ فَذَكَرْتُ ذلِكَ للنبّى (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟ فقال: (اِنَّما يَكْفيك هكذا) وَضَرَبَ النبّى (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بكَفَّيْهِ الأَرْضَ وَنَفَخَ فيهما ثُمَّ مَسَحَ بِهِما وَجْهَهُ وكَفَّيْهِ) متفق عليهٔ].

لە عەمارەوە، کە وتویەتی لەشم پیس بوو ئاو دەست نەکەوت لەبەر ئەوە خۆم تلاند بەناو خۆڵداو نوێژم کرد جا ئەمەم بۆ پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) باسکرد فەرموی: ((هەر ئەمەت بەس بووە)) پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) هەردوو لەپی خۆیدا بە زەویداو فوی لێکردن‌و ئینجا هێنانی بەدەم‌و چاوو ناو لە پیداواتە لە تەیەمومدا تەنها مەسحکردنی دەم‌و چاوەو هەردوو دەستی تا موچی[1] جا ئەوەی کە ئەڵێ دوو جار، وە ئەوەی تر کە ئەڵێ تا ئەنیشکی بەڵگەی بەهێزیان نیە[2]، هەروەها سوننەتە پاش دەستدان لە خاك فوی پێدا بکات با زۆر تۆزاوی نەبێ.

٧٧- ن/٣٦٧ [عن عائشة أنّها اسْتعارَتْ مِنْ اسْماءَ قَلادَةً فَهَلَكَتْ فَبعَثَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رجالاً في طَلَبِها فوَجَدوها فَأَدْرَكَتْهُمُ الصَّلاةُ وَلَيْسَ مَعَهُم ماءٌ فَصَلُّوا بغَيْرِ وُضوءٍ فَلَماَّ أَتَوا شَكَوا ذلِكَ اِلَيْهِ, فأَنْزَلَ الله عَزَّ وجَلَّ - آيةَ التَّيمُم) رواه الجماعة اِلاَّ الترمذيَّ].

لە خاتون عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە کە گەردەن بەنێکی لە ئەسمائی خوشکی بە ئەمانەت وەرگرت، جا ئەو گەردەن بەنە وون بوو پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) چەند پیاوێکی نارد بۆ دۆزینەوەی - ئەوانیش هاتن‌و- دۆزیانەوە لەوکاتەدا نوێژیان پێ گەیشت _ نوێژ بوو _ هیچ ئاویان پێ نەبوو بەناچار بێ دەست نوێژ نوێژیان کرد، کاتێ هاتنەوە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) سکاڵای ئەو ئیشەی خۆیانیان لەلا کرد، جا خوای بەدەسەڵات و گەورە ئایەتی تەیەمومی ناردە خوارەوە، لێرەدا ئەمە ئەکەن بە بەڵگە لەسەر ئەوە، کە مرۆڤی خاوەن باوەڕ کاتی نوێژی هات نە ئاوی دەستکەوت نە خاك، واتە زەوی هەموی تەڕبوو ئەتوانێ

---

(١) موچ: ئەو جومگەیە کە لەش ئەگەیەنێت بە دەست.

(٢) تەماشای ڕاڤەی ئەم فەرمودەیە بکە لە (نیل الأوطاردا) بەسودە.

بێ دەستنوێژ نوێژەکەی بکات هەندێکیش ئەڵێن گێڕاندنەوەشی ناوێت چونکە پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هیچ کامیانی بەوانی نەفەرمووە، ڕۆشنکردنەوەیش کاتی ڕووداو پێویستە، مادام هیچی نەفەرمووە بەسە.

باسی بێ نوێژی ئافرەت (الحیض)

٧٨- ن/٣٧٤ [عن أمِّ عَطِيةَ قالت: (كُنّا لا نَعُدُّ الصُّفْرةُ والكُدْرَةَ بَعْدَ الطُّهْرِ شَيْئاً) رواه ابو داود والبخاری ولم يذكر (بعد الطَّهْرِ)]

له دایکی عەتیەوه ئەگێڕنەوه، کە وتوویەتی: ((ئێمە کاتی خۆی، -واتە لە سەردەمی پێغەمبەردا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) زەردیو لیڵی پاش پاك بوونەوەمان لە خوێنی حەیز, بەهیچ دانەئەنا. لە لای بوخاری: باسی دوایی پاکیەتی نەکراوە، واتە نە لەپاشو نە لەپێش، بەڵام چونکە ڕیوایەتی تر هاتووە ئەوەی پاش پاکبوونەوە بە حەیز دانەنرێت چاکەو ئەوەی پێش بە حەیز دابنرێت، والله أعلم.

٧٩- ن/٣٧٨ [عن اَنس بن مالكٍ اِنَّ اليَهودَ كانوا اِذا حاضَت المَرأةُ منهم لَمْ يؤاكِلوها ولَمْ يُجامِعوها في البيوت, فَسَألَ اَصْحابُ النَبيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فأنزل اللهُ عزّوجَلَّ (وَيَسئلونَكَ عن المحيض ...) الى آخر الآيةَ (البقرة-٢٢٢) فقال رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (اِصْنَعوا كُلَّ شَيءٍ اِلاَّ النِكاحَ) وفي لفظٍ: (اِلاّ الجِماعَ). رواه الجماعة اِلا البخاری].

لە ئەنەسی کوری مالیکەوە ئەگێڕنەوە کە جولەکە هەر کاتێ ئافرەتێکیان بکەوتایە عوزرەوە نە لەگەڵیان ئەخوارد نە لەیەك ماڵیشدا لەگەڵی کۆ دەبوونەوە، هەر بۆیە یارەکانی پێغەمبەرمان (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پرسیاریان لە پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرد لەبەر ئەوە خوای بە دەسەڵاتو گەورە ئەم ئایەتەی ڕەوانە کرد:

((پرسیارت لێ ئەکەن دەربارەی عوزری ژنانەوە، بڵێ: ئازارێکەو لەوکاتەدا نزیك ئەو ژنانە مەکەونەوە - بۆ جیماع- وە نزیکیان نەکەونەوە تا پاك ئەبنەوە، جا ئەو کاتەی خۆیان پاك کردەوە بچنە لایان - بۆ جیماع- لەو جێگایەوە کە فرمانتان پێ دراوە بە ڕاستی خوا تۆبەکارانی زۆر خۆش ئەوێت‌و پاك‌و خاوێنانیشی زۆر خۆش ئەوێ))، ئینجا پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ((هەمو شتێکیان لەگەڵ ئەنجام بدەن بێجگە لە جیماع))، وشەی نیکاحیش لێرەدا مانای جیماعە، واتە تەنها جیماعیان لەگەڵدا دروست نیە، ئیتر تێکەڵاوی‌و یاری ژن‌و مێردو بەیەکەوە خەوتن بە ڕوتی هیچ قەیناکات..

٨٠- ن/٣٨٥ [عَن معاذة قالت: سألتُ عائِشة ما بالُ الْحائِض تَقْضِي الصَّوْمَ وَلا تَقْضِي الصَّلاةَ؟ قالت: (كانَ يُصِيبُنا ذلِكَ مَعَ رَسُولِ الله صلى الله عليه وسلم فَنُؤمَرُ بِقَضاءِ الصَّوْمَ وَلانؤْمَرُ بِقَضاءِ الصَّلاة). رواه الجماعة].

لە موعازەوە ئەگێڕنەوە، کە وتوویەتی پرسیارم لە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) کرد، وتم: ئەوە چیە ئافرەت پاش حەیز - خوێنی باوی ئافرەت- ڕۆژو قەزا ئەکاتەوەو نوێژ قەزا ناکاتەوە؟

وتی: ((ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بوین توشی ئەو خوێنە ئەهاتین فرمانمان پێ ئەکرا کە ڕۆژو قەزا بکەینەوە، بەڵام فرمانمان پێ نەئەکرا کە نوێژ قەزا بکەینەوە.

لە ڕاستیدا ئیسلام ئاینێکی ئاسانە بۆ ئەو کەسەی خوا بۆی بکات‌و مسوڵمان بێ، قەزای ڕۆژو ئاسانە چونکەساڵی جارێکە، بەڵام قەزای نوێژ سەختە بۆیە خوا ئەو بارە سەختەی لەسەر ئافرەتان لابردووە، والله أعلم.

٨١- ن/٣٨٨ [(عن عِكْرِمةَ, عن حَمْنَةَ بِنْتِ جَحْشٍ: أَنَّها كانت تُسْتحاضُ وَكانَ زوجُها يُجامِعُها). رواه ابو داود, وقال النووي: اسناده حسنٌ] .

له عیکریمەوە، له حەمنەی کچی جەحشەوە هاتووە، کە: ئەو خوێنی هەمیشەیی بووەو مێردەکەی جیماعی لەگەڵدا ئەکرد، واتە ئافرەتی ئاوا کابرای مێردی ئەتوانێ جیماعی لەگەڵ بکاتو بەو ئافرەتە ئەوترێت (مُسْتحاضة).

٨٢- ن/٣٩١ [عن امِّ سَلَمَةَ (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قالت: (كَانَتِ الْمَرْأَةُ من نِسَاءِ النَّبِيّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تَقْعُدُ فى النِّفاسِ اَرْبَعينَ لَيْلَةً لا يَأْمُرُهَا النّبيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِقضاءِ صَلاَةِ النِّفَاسِ) رواه ابو داود

له دایکی سەلەمەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە، کە وتوویەتی: (لە ژنانی پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووە کە چل ڕۆژ ئەمایەوەو نوێژی نەئەکرد بەهۆی خوێنی منداڵ بوونەوەوە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانی پێ نەئەکرد کە نوێژی ئەو سەردەمەی (نفاس) بگێڕێتەوە. نفاس خوێنی پاش منداڵبوونە.

(بەشــی نوێژ)

٨٣- ن/٣٩٣ [عن انس بن مالک قال! ((فُـرِضَتْ على النَّبِّيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الصَّلَوَاتُ لَيْلَةَ أُسْرِىَ بِهِ خَمْسِـينَ ثُمَّ نَقَصَتْ حَتى جُعِلَتْ خَمْساً, ثُمَّ نودِي يا مُحَمَـدُ إِنَّـهُ لايُبَدَّلُ القَوْلُ لَدَيَّ وَاِنَّ لَـکَ بِهـذا الخَمـسِ خَمْسينَ) رواه احمد والنسائى والترمذى وصحَّحَهُ].

لە ئەنەسی كوری مالیكەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە، كە وتوویـەتی: نوێـژ فـەرز كرا لەسەر پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەو شەوەی كە شەوڕەوی پێكـرا، پـەنجا نوێـژ بوو لە پاشا كەم كرایەوە، تا كرا بە پێنج، لە پاشا بانگ كرا ئەی ((محمد)) بەڕاستی ئەو بڕیارە لای من ناگۆڕێت، واتە بە پێنج نوێژ ئەمێنێتـەوە، وە بـۆ تـۆ ئـەو پێـنج نوێژە بە پەنجا دائەنرێت، واتە: یەك بەدەیە.

٨٤- ن/٤٠١ [عن بريدة: سَمِعْتُ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) يقـول: (اَلْعَهْدُ الذى بيننا وبينهم الصَّلاةُ فَمَنْ تَرَكَها فَقَدْ كَفَرَ)، رواه الخمسة] .

لە بریدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە، كە وتویەتی: بیستم لـە پێغەمبـەری خـواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە ئەیفەرمو: ئەو بڕیارو جیاكەرەوەی كە لە نێـوان ئێمـەو ئەوانـدا — كافران- هەیە نوێژە لەبەر ئەوە هەركەسێك وازی لێـبهێنێ بەڕاستی كـافر بـووە، هەروەها چەندین فەرمودەی تر بەهەمان ماناو مەبەست هاتوەو ڕاستن، بۆیە زۆربـەی

زۆری زانایان نوێژنەكەریان بەلاوە كافرەو هەموشیان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی كە هەركەسێك ئینكاری فەرزبوونی نوێژ بكات كافرە[(١)].

٨٥- ن/٤٠٥ [عن ابی هریرة: سَمِعْتُ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يقول: (اِن اَوَّل ما يُحاسَبُ بِهِ الْعَبْدُ يَوْمَ القِيامةِ الصَّلاةُ الْمكتوبَةُ فَإنْ اَتَمَّهَا ، وَاِلاَّ قِيلَ : اَنْظُرُوا هَلْ لَهُ مِنْ تَطَوُّعٍ ؟ فَاِنْ كَانَ لَهُ تَطَوُّعٌ اُكْمِلَتِ الفريضَةُ مِنْ تَطَوُّعِهِ ثُمِّ يُفْعَلُ بِسائِرِ الأَعْمالِ المفْروضَةِ مِثْلُ ذلِكَ)، رواه الخمسة].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە، كە وتویەتی: بیستم لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە ئەیفەرمو: پێشەكیترین شتێ - لە بەندایەتیدا- لێكۆڵینەوەی لەسەر ئەكرێت لەگەل بەندەكاندا لە ڕۆژی قیامەتدا نوێژە فەرزەكانە ئەگەر تەواوی كرد بوو - ئەوە باشە- ئەگینا ئەوترێت: تەماشا بكەن بزانن نوێژی سوننەتی هەیە، جا ئەگەر نوێژی سوننەتی هەبوو، فەرزەكانی پێ تەواو ئەكرێت لەپاشا باقی كردەوە فەرزەكانی تریش هەر بەو شێوەیە، واتە پێویستە مسوڵمان زۆر ئاگاداری ئەنجامدانی فەرزەكانی بێت بەتایبەت نوێژو لە هەمویاندا بازیادەیشی هەبێ، نەوەك فەرزێكی كەم بێت لە ڕۆژی قیامەتا, هەروەها لێرەوە دەرئەكەوێت كە قەرزار ئەتوانێ سوننەت بكاتو نابێ لە بژاردنەوەی فەرزەكەیشی كەمتەر خەم بێت.

٨٦- ن/٤١٥ [(عن عمرو بن شُعَيب عن ابيه, عن جَدِّه قالَ: قالَ رسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (مُروا صِبيانَكُمْ بالصَّلاةِ لِسَبْعِ سِنينَ واضْربوهُمْ عَلَيْها لِعَشرِ سِنِينَ وَفَرِّقوا بَيْنَهُمْ فى المَضَاجِعِ) رواه احمد وابوداود] .

---

(١) تەماشای فەرمودەی ٤٠٠ و ٤٠٣ و شەرحی یەكەمیان بكە، لە سەرچاوەی پێشوو.

لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە لە باوکیەوە لە باوەیەوە ئەگێڕنەوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی فەرمان بدەن بەسەر منالەکانتاندا لە حەوت سالێدا نوێژ بکەنو لێیان بدەن لەسەر - نەکردنی نوێژ- لە دە سالێداو لەو تەمەنەدا خوشكو برا جێگایان بۆ جیا بکرێتەوە.

٨٧- ن/٤١٧ [عن عمرو بن العاص أنَّ النَبّيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: (الأِسْلامُ يَجُبُّ ما قَبْلَهُ) رواه احمد].

لە عەمری کوڕی عاسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: بەباوەڕهێنان بە ئیسلام چاو پۆشی ئەکرێت، لە هەرچی ئیشێکی خراپ کە لە پێش مسولمان بووندا کرابێ، بەو مەرجەی لە ئیسلامەکەدا ڕاست بکاتو بەجوانی بجولێتەوە، وەکو لە فەرمودەی تردا کە ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردوە ڕۆشن کراوەتەوە[1].

٨٨- ن/٤١٨ [عن جابر بن عبدالله انَّ النَبّيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) جاءَهُ جبريل – عليه السلام – فقال له: (قُمْ فَصَلَّهْ) فَصَلَّى الظُهْرَ حينَ زالَتِ الشَّمْس, ثُمَّ جاءَهُ العَصْرَ فقال: (قُمْ فَصَلَّهْ) فَصَلَّى العَصْرَ حينَ صارَ ظِلُّ كُلِّ شَيْءٍ مِثْلَهُ, ثُمَّ جاءَهُ المَغْرِبْ فقال: (قُمْ فَصَلَّهْ) فَصَلَّى المَغْرِبَ حينَ وَجَبَتِ الشَّمْس, ثُمَّ جاءَهُ العِشاءُ فقال: (قُمْ فَصَلَّهْ) فَصَلَّى العِشاءَ حينَ غابَ الشَّفَقُ. ثُمَّ جاءَهُ الفَجْر فقال: (قُمْ فَصَلَّهْ) فَصَلَّى الفَجْرَ حينَ بَرَقَ الفَجْرُ اَوْ قال: سَطَعَ الفَجْرُ– ثُمَّ جاءَهُ مِنَ الْغَدِ لِلظُّهرِ فقالَ: (قُمْ فَصَلَّهْ)

(١) تەماشای شەرحی فەرمودەی ژمارە ٤١٧ کە فەرمودەی (٨٧) خۆمانە لە (نيل للاوطار) بکە.

فَصَلَّى الظُّهْرَ حينَ صارَ ظِلُّ كُلّ شَئٍ مِثْلَهُ, ثُمَّ جاءَهُ العَصْرَ فقـال: (قُـمْ فَصَلِّهْ) فَصَلَّى العَصْرَ حينَ صارَ ظِلُّ كُلّ شَئٍ مِثْلَيْهِ, ثُمَّ جـاءَهُ المَغْـرِبَ وَقْتاً واحِداً لم يَزُلْ عَنْهُ , ثُمَّ جاءَهُ العِشاءَ حين ذَهَـبَ نِصْـفُ اللَّيْـلِ – اوقال: ثُلُثُ اللَّيْلِ – فَصَلَّى العِشاءَ ثُمَّ جاءَهُ حِينَ اَسْفَرَ جداً فقـال: (قُـمْ فَصَلِّهْ) فَصَلَّى الفَجْرَ, ثُمَّ قال: (مابَيْنَ هـذَيْنِ الـوَقْتَيْنِ وَقْـتٌ) رواه احمـد والنسائى, والترمذى بنحوه](وقال البخاريُّ هوَ اَصَحَّ شئٍ فى المواقيتِ).

له جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوه هاتوه که جوبرەئیل - علیـه السـلام- هاتوەتـه لای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و پێی فەرموه که ((هەستەو نوێژ بکه)) نوێژی نیوەڕۆی کرد کاتێ که ڕۆژ له ناوەڕاستی ئاسماندا لایدا، لەپاشا عەسر هاتـەوە لای‌و فـەرموی ((هەسـتەو نوێـژ بکـه)) نوێـژی عەسـری کـرد، وەختـێ سـێبەری هـەمو شـتێك بـه ئەندازەی خۆی لێهات _ بێجگه له سێبەری نیوەڕۆ _ لەپاشا مەغریب هاتەوە لای‌و فەرموی ((هەستەو نوێژ بکه)) نوێژی مەغریبی کرد، وەختـێ ڕۆژئـاوا بـوو. لەپاشـا عیشا هاتەوە لای‌و فەرموی ((هەسـتەو نوێـژ بکـه)) نوێـژی عیشـای کـرد، وەختـێ سـورایی کـەناری ڕۆژئـاوا‌وون بـو لەپاشـا بـەیانی هاتـەوە لای و فـەرموی ((هەسـتە نوێژێکەی نوێژی بەیانی کردکاتێ که بەیانی دەرکەوت — یـان، وتـی: کاتـێ بـەیانی ڕۆشن بوویەوە. لەپاشا ڕۆژی دوایی هاتەوە لای لەکاتی نیوەڕۆداو فەرموی ((هەسـتە نوێژ بکه)) جا نوێژی نیوەڕۆی کرد کاتێ سێبەری هەمو شتێك، وەکو خـۆی لێهـات - بێجگه له سێبەری نیوەڕۆ- له پاشا عەسر هاتەوە لای‌و فـەرموی ((هەسـتەو نێـژ بکه)) جا نوێژی عەسری بۆ کرد، کاتێ که سێبەری هەمو شتێك دوو بەرامبەر خۆی لێهات - بیجگه له سێبەری نیـوەڕۆ- لەپاشـا مـەغریب هاتـەوە لای هـەر لـه یـەك کاتداو لای نەدابوو لێی. لەپاشا عیشا هاتـەوە کـه نیـوەی شـەو بـوو، — یـان وتـی

بەشی سێهەمی كۆتایی شەو بوو- جا لەوكاتەدا نوێژی عیشای كرد، لە پاشا كاتێ كە ئاسمان بەتەواوی زەرد ببوو - نزیك بە هەتاو دەركەوتن- بوو، فەرموی ((هەستە نوێژ بكە)) جا نوێژی بەیانی كرد، لەپاشا فەرموی: ((نێوان ئەو دوو كاتانەدا كاتن - بۆ ئەنجامدانی ئەو پێنج فەرزە-)) ئیمامی بوخاری فەرمویەتی ئەمە ڕاستترین شتە لەبارەی كاتی نوێژەكانەوە بۆیە منیش لەناو دەیان فەرمودەی ڕاست ئەم فەرمودەیەم هەڵبژارد بە هیوای سوود لێوەرگرتن، جیاوازی كەمێ لە وەختی مەغریبو عیشاو بەیانیو عەسردا لە ئاخیری كاتیانەوە هەیەو بەو شێوەیە كە ئێستا باوە ڕاستەو جێگای دوو دڵی نیە، عیشا هەتا نوێژی بەیانی ئەمێنێو بەیانی تا ڕۆژ دەرئەكەوێو عەسر تا ڕۆژئاوا ئەبێو مەغریب تا نزیكی كاتی عیشا ئەمێنێ[(١)]، والله أعلم.

٨٩- ن/٤٢٤ [عن ابی زرّ قال: كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فی سَفَرٍ, فَأَرَادَ الْمؤذِّنُ اَنْ يُؤَذِّنَ لِلظهْر فقال النبيّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (اَبْرِدْ)، ثُمَّ ارَادَ ان يُؤَذِّنَ، فَقَالَ لَهُ (اَبْرِدْ) حَتَّى رَأَيْنا فَيْءَ التُّلُول، فقال النَّبي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (اِنَّ شدَّةَ الْحَرِّ مِنْ فَيْحِ جَهَنَّمَ، فَإِذَا اِشْتَدَ الْحُرُّ فَاَبْرِدُوا بِالصَّلاةِ). متفق عليهِ].

لە ئەبو زەڕەوە ئەگێڕنەوە كەوتویەتی: ((لە سەفەرێكدا لە خزمەتی پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووین، بانگوێژ ویستی بانگی نیوەڕۆ بڵێت، پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی (ساردی كەرەوە))، دیسان ویستی بانگ بڵێت پێی فەرموو: (ساردی كەرەوە) هەتا سێبەری تەپۆڵكەكانمان دی — ئینجا بانگدراو نوێژی نیوەڕۆ

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە ٤٧٤-٤٧٥، لە سەرچاوەی پێشوو بكە.

کرا – جا پێغەمبەر (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ((بەڕاستی گەرمای توند هەناسەی دۆزەخە، هەرکاتێ گەرما زۆر توند بوو ساردی بکەنەوە – بە نوێژەکانتان))، واتە: نیوەڕۆ دوا بخەن تا هەوا کەمێ فێنێك ئەبێو نزیك ئەکەوێتەوە لە عەسر.

٩٠– ن/٤٢٦ [عَنْ اَنَس قال: سَمِعْتُ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ (تِلْكَ صَلاةُ المُنافِقِ: يَجْلِسُ يَرْقُبُ الشَمْسَ حَتّى اِذَا كَانَتْ بَيْنَ قَرنَى الشَّيْطانِ، قَامَ فَنقَرهَا اَرْبَعاً لا يَذْكُرُ اللهَ اِلاّ قَليلاً)]. رواه الجماعةُ اِلاّ البخاری واِبن ماجهْ.

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، کە وتویەتی بیستم لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە ئەیفەرمو ((ئەوە نوێژی مونافیقەکانە: دائەنیشێو تەماشای ڕۆژ ئەکات هەتا ئەچێتە نێوان دوو شاخەکەی شەیتانەوە، هەڵئەسێو چوار دەنووك بەزەویدا ئەدات یادی خودا ناکات مەگەر کەمێك)) بەم شێوەیە پێغەمبەرمان (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سەرکۆنەی ئەو کەسانە ئەکات کە بەبێ بەهانەیەکی شەرعی نوێژی عەسر دوا ئەخەنو ئەیخەنە کاتی ڕۆژ پەرستان، ئەوانەی کە لەکاتی ڕۆژهەڵهاتنو ڕۆژئاوابووندا سوجدە بۆ ڕۆژ ئەبەنو شەیتان لە ڕێگای ڕاست لای داونو سەرلێشێواو گومرای کردوون، ئەگونجێ دوو شاخی شەیتان حەقیقەت بێ، یان بەو مەبەستە بێت کە پەنجەمان بۆ کێشا، والله أعلم.

٩١– ن/٤٣٠ [عَنْ رَافِعِ بنِ خَديجٍ قال: كُنَّا نُصَلِّي الْعَصْرَ مَعَ رَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ثُمَّ نَنْحَرُ الْجُزُورَ فَتُقْسَمُ عَشْرَ قِسْمٍ، ثُمَّ تُطْبَخُ فَنَأْكُلُ لَحْمَهُ نَضيجاً قَبْلَ مَغيبِ الشَمْسِ]. متفق عليهْ.

لە رافیعی كوڕی خەدیجەوە هاتووە، كە وتویەتی: ئێمە نوێژی عەسرمان لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كردووەو پاشان وشترمان سەربڕیوەو كراوە بە دە بەشەوەو پاشان كوڵاندومانەوەو لە گۆشتەكەمان خواردووە بەكوڵاوی پێش ئەوەی ڕۆژ ئاوا بووبێت، واتە ئەوەندە زوو نوێژی عەسر كراوە، لەوە دەچێت ئەوە كاتی بەهارو هاوین پایز بوو بێت، چونكە زستان ڕۆژگاری كورتەو ئەو ئیشە لەپاش عەسری زستان بەو شێوەیە ئەنجام نادرێت، واللە أعلم.

٩٢- ن/٤٣١ [عَنْ بَرَيْدَةَ الأَسْلَمِيَّ قال: كُنّا مَعَ رَسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) في غَزْوَةٍ، فَقال: (بَكِّرُوا بِالصَّلاةِ في الْيَوْمِ الْغَيْمِ فَإِنَّهُ مَنْ فاتَهُ صَلاَةُ العَصْرِ خَبِطَ عَمَلُهُ)] رواه احمد وابنُ ماجة.

لە بورەیدەی ئەسلەمیەوە هاتووە، كە وتویەتی: لە غەزایەكدا ئێمە لە خزمەت پێغەمبەری خودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووین، فەرموی: ((پەلە بكەن لە ئەنجامدانی نوێژەكانتان لە ڕۆژی هەوردا بەڕاستی هەركەسێ نوێژی عەسر بفەوتێنێ كردەوەكانی هەڵدەوەشێتەوە، واتە پێویستە زۆر گرنگی بدرێت بە ئەوەڵی وەختی نوێژەكان بەتایبەت نوێژی عەسرو ئەبێ وورياییی بكەین نەفەوتێت، چونكە ئەبێ بەهۆی بەتاڵ بوونەوەی كردەوەكانی تری باوەڕدار، تەماشای ئەم فەرمودەی تر بكەن.

٩٣- ن/٤٣٢ [عَنْ علي كَرَمَ الله وجهه اَنَّ النَّبي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ يَوْمَ الأَحْزَابِ: (مَلأَ اللهُ قُبُورَهُمْ وَبيوتَهُمْ ناراً، كما شَغَلُونَا عَنِ الصَّلاةِ الْوُسْطى حَتَّى غَابَتِ الشَّمْسُ. متفق عليهُ). ولمسلم واحمد وابي داود: (شَغَلُونا عَنِ الصَّلاةِ الْوُسْطى صَلاةِ العَصِرْ)].

لە عەلیەوە - سەلامی خوای لێ بێت- هاتووە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە ڕۆژی حیزبەکاندا - ڕۆژی خەندەق- فەرموی: ((خوا گۆڕەکانیانو ماڵەکانیان پڕ بکات لە ئاگر، هەر چۆنێ ئێمەیان سەرگەرم کرد لە نوێژی ناوەڕاست تا ڕۆژئاوا بوو، و لە ڕیوایەتی موسلیمو ئەحمەدو ئەبو داوددا — فەرمویەتی- ((سەرگەرمیان کردین لە نوێژی ناوەڕاست، نوێژی عەسر)) لەم فەرمودەوە ئەمانە وەرئەگیرێن:

١- فەوتانی نوێژ بە بەهانەی شەرعی تاوانی نیەو پاشان قەزا ئەکرێتەوە[1].
٢- دروستە دوعای شەڕ لە بێباوەڕان بکرێت.
٣- کۆتای کاتی عەسر ڕۆژئاوا بوونە.
٤- (صلاة الوسطى) نوێژی عەسرەو ئەمە ڕاستترین بۆچوونە، والله أعلم.
٥- لەکاتی پێویستدا جیهاد پێش هەمو بەندایەتیەکی تر ئەخرێت.

٩٤- ن/٤٤٦ [عن ابن عمر رضى الله عنهما قال: قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): إِذَا وُضِعَ عَشَاءُ أَحَدِكُمْ وَأُقِيمَتِ الصَّلاةُ فَابْدَءُوا بِالْعَشَاءِ وَلاَيَعْجَلْ حَتَّى يَفْرُغَ مِنْهُ] متفق عليهُ.

لە عەبدوڵڵای کوری عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکاتێ خواردن دانرا بۆ یەکێکتان وقامەتی نوێژکرا، پێشەکی خواردنەکە بخواتو پەلە نەکات هەتا لێدەبێتەوە لەو خواردنە، واتە پێشەکی ئارەزوی نەفسی بشکێنێت تا بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە نوێژەکەی

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە ٤٨٣، لە سەر چاوەی پێشوو بکە، ئەمانە بۆیە ئەڵێم تا بزانن ئەگەر لە مانای فەرمودەیەکەدا شتێکم وت لەو فەرمودەدا نەبوو، لە فەرمودەی تردا هەیەو قسەی خۆم نیە.

ئەنجام بدات، بەتایبەت ئەگەر بە ڕۆژوو بوو بۆ نوێژی مـەغریب، ئەگەرچـی کاتیشـی کەمە ئەمە بەهانەیەکی شەرعییە بۆ دواخستنو هیچ تاوانی نیە بەڵکو سوننەتە.

٩٥- ن/٤٦١ [عَن أبي بَرْزَةَ ٱلأَسَلَمِيِّ، اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَـانَ يَسْتَحِبُّ اَنّ يُؤَخَّرَ الْعِشاءَ الَّتي تَدْعُونَهَا الْعَتَمَةَ وكَانَ يَكْـرَهُ النَّـوْمَ قَبْلَهَـا وَٱلحَدِيثَ بَعْدَها]. رواه الجماعة.

لە ئەبو بەرزەی ئەسلەمیەوە هاتووە، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێـی خـۆش بووە کە نوێژی عیشا دوابخرێت ئەو عیشایەی ئێوە پێی ئـەڵێن ((خـەوتنان))وە پێـی ناخۆش بووە خەوی پێشیو قسەی پاشـی، واتـە: هـەموو نوێـژەکان کـاتی ئـەوەڵیان چاکترەو دواکەوتنیان بۆ کاتی ئاخر لە خێرەکـەی کـەم ئەکاتـەوە بێجگـە لـە نوێـژی عیشا کە ئەگەر لە ئەوەڵی کاتدا بۆت ئەنجام نەدرا، تا دوای خـەیت بـۆ شـەو خێـری زۆرترە، هەروەها چاك نیـە لـە پـێش عیشـا بخـەویت یـان پـاش عیشـا دانیشـی بـۆ قسەکردن مەگەر شتێکی پێویست بێ[1].

٩٦- ن/٤٦٥ [عَنْ مالِكٍ سُمَيّ عن ابي صالحٍ، عن ابي هُرَيْرَةَ، اَنّ رَسُـولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: (لَوْ يَعْلَمُ النَّاسُ ما في النِدّاءِ والصَّفِّ الأَوَّل، ثُمَّ لَمْ يَجدوُا اِلا اَنْ يَسْتَهِمُوا عليه - لا سْتَهَمُوا عَلَيْهِ- وَلَو يَعْلَمُـونَ مَـا في التَّهْجيرِ، لا سْتَبَقُوا اِلَيْهِ، وَلَو يَعْلَمُونَ مَا في الْعَتَمَةِ وَالصُّبْحِ لَأَتَوْهُمَـا وَلَوْ حَبْواً). متفق علية. زاد احمد في روايته عن عبـدالرَّزاق فَقـــلْتُ لِمالِـكٍ اَمَـا تَكْـــرَهُ اَنْ تَقُولَ: الْعَتَمَـــةَ؟ قال: هَكَذَا، قَالَ الَّذي حَدَّثَني].

---

(١) تەماشای ڕاڤەی فـەرمودەی ژمـارە ٤٦٢- ٤٦٣ و هـەمان فەرمودەکـە ژمـارە ی٤٦١ لـە (نیـل الاوطار) دابکە.

لە مالیكەوە لە سومەییەوە، لە باوكی صالّحەوە، لە ئەبو هـورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئەگـەر خـەڵك بزانـێ چەند چاكەو خـەیرێكی زۆر هەیـە لـە بـانگـو ڕیـزی یـەكـەمی جەماعەتـداو لەپاشـا دەستیان نەكەوێت مەگەر بە تیرو پشك - تـیرو پشـكی لەسـەر ئەكـەن-، وە ئەگـەر بزانن لە زوو چوون بۆ مزگـەوت - بەتایبـەت ڕۆژانـی جومعـە- چـەند چـاكەی زۆری تێدایە، كێبـەركێیان بـۆ ئـەكردوە ئەگـەر بـزانن چ خـەیرێكی زۆر هەیـە لـە نوێـژی عیشاو بەیانیدا، بۆیان ئەهاتن، ئەگەر بە گاگۆڵكـەیش بوایـە (لەسـەر سـمت یـان چۆك ڕۆیشـتـن).

٩٧- ن/٤٦٩ [عن أَنَس، عَنْ زَيْد بن ثابتٍ قال: تَسَحَّرْنا مَعَ رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ثُمَّ قُمْنا إِلَى الصَّلاةِ قُلْتُ: كَمْ كَانَ قَدْرُ ما بَيْنَهُما؟ قـال: قَدْرَ خَمْسَين آيَةً]. متفق عليهِ.

لـە ئەنەسـەوە، لـە زەیـدی كـوڕی سـابیتەوە هـاتووە، كـە وتویـەتی لـە خزمـەت پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پارشێومان خواردو پاشان هەستاین بۆ نوێژ.

وتم: بەینی ئەو دوانە - پارشێوو نوێژی بەیانی- چەند بوو؟

وتی: بە ئەندازەی خوێندنی پەنجا ئایەت بوو، بە خوێندنێكی مام ناوەندی.

٩٨- ن/٤٧٧ [عَنْ عبادة بن الصّامِتِ عن النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: (سَتَكُونُ عَلَيْكُمْ بَعْدي أُمَرَاءُ تَشْغَلُهُمْ أَشْـياءُ عَـن الصَّـلاةِ لِوَقْتَهـا حَتَّـى يَذْهَبَ وَقْتُها فَصَلُّوا الصَّلاةَ لِوَقْتَها) فقال رَجُـلٌ: يـا رَسُـولَ اللهِ أُصَـلِّي مَعَهُمْ؟ فقال (نَعَمْ إِنْ شِئْتَ) رواه ابوداود واحمـد بِنَحـوِهِ وفـي لَفْظٍ (وَاجْعَلـوُا صَلاَتَكُمْ مَعَهُمْ تَطَوُّعاً)].

لە عوبادەی کوڕی سامیتەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، کە پێغەمبەر (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((بەم زووانە ئەمیرانێکتان ئەبن کە چەند شتانێك ئەبێتە هۆی ئەوە کە نوێژ دوابخەن تا کاتەکەی ئەڕوات، جا ئێوە نوێژەکان لەکاتی خۆیاندا بکەن)).

پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) نوێژیان لەگەڵدا بکەمەوە؟ فەرموی: ((بەڵێ، ئەگەر مەیلت لێبوو،وە لە وشەیەکی تردا هاتووە کە ((ئەو نوێژەی لەگەڵ ئەواندا ئەیکەین بە سوننەتی دابنێن)). دیارە ئەگەر ترسی تۆڵەی ئەمیری بوو ئەگەر نوێژەکەیان لەگەڵدا نەکات پێویستە لەم کاتەدا نوێژەکەی لەگەڵیاندا بکاتەوە تا دوچاری زیان نەبێت لەو ئەمیرانەوە)).

٩٩- ن/٤٧٨ [عن انس بن مالکٍ اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) قـال: (مَنْ نَسِيَ صَلاةً، فَلْيُصَلِّها اِذَا ذَكَرَها لاكَفَّارَةَ لَهَا اِلاَّ ذلِکَ)]. متفق علیهٔ.

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، کە پێغەمبەر (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی هەرکەسێك نوێژێکی لەبیرچوو با بیکاتەوە، هەرکاتێ کەوتەوە بیری، بێجگە لەوەیش هیچ تۆڵەیەکی تری نیەو لە ڕیوایەتی تردا، بۆ خەویش هەروا با هەرکاتێ خەوەری بویەوە نوێژەکەی بکاتو تاوانی تری نیە[1]. واتە ئەگەر نوێژ فەوتان بە ودوشێوە نە بو تاوانی تری لەسەرە. تێ بگە

١٠٠- ن/٤٨٦ [عن مالِکٍ بن الْحُوَیْرِثِ اَنَّ النَّبِـی (صَلَّى اللّٰـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) قال: (اِذا حَضَرتِ الصَّلاةُ فَلْيُؤَذِّنْ لَکُمْ اَحَدُکُمْ وَلْيَؤُمَّکُمْ اَکْبَـرکُمْ)]. متفـق علیهٔ.

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە ٤٨٠-٤٨١، لە سەرچاوەی پێشوو بکە.

لـە مـاليكی كـوڕی حوەيريسـەوە هـاتووە، كـە پێغەمبـەر (صَلَّىٰ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمويەتی: ((هەركات نوێژ بوو با يەكێكتـان بانگ بداتو بـە تەمەنتـرتان ببێت بە پێشەوا –ئيمام-تان، واتە بانگ بۆ نوێژە فەرزەكان پێويستەو هەركەسێك بـانگ بدات چاكە، بەڵام بۆ ئيمامەت ئەبێ زاناترو بەتەمەنتر بێت، وەكـو لـەم فـەرموودەدا هاتووە لەبەرچاو بگيرێت.

١٠١- ن/٤٨٩ [عن عقبةَ بن عامرٍ قال: سَمِعْتُ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (يَعْجَبُ رَبُّكَ – عَزَّ وَجَلَّ- مِنَ رَاعـى غَـنَم فـى رأسـى شظَّيةٍ بجَبَلٍ، يُؤَذِّنَ بالصَّلاةِ وَيُصَلِّى فَيَقُولُ اللهُ – عَزَّ وَجَلَّ- أُنْظُرُوا اِلـى عَبْدى هذا يُؤَذِّنُ وَيُقِيمُ لِلصَّلاةِ يَخافُ مِنِّى، فَقَدْ غَفَرْتُ لِعَبْدِى وَاَدْخَلْتُهُ الْجَنَّةَ)]. رواه احمد وابو داود والنسائى.

لە عوقبەی كوڕی عـاميرەوە هاتووە، كە وتويەتی بيستوومە كە پێغەمبەری خـوا (صَلَّىٰ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەيفەرمـو: ((پێخۆشحاڵە پەروەردگاری - بەدەسـەڵاتو گـەورە-ت لە شوانێك كە لەسەر بەرزايی چيايەك بانگ ئەدا بۆ نوێژو نوێژ ئەكات جا خـوای بـە دەسەڵاتو گـەورە ئەفـەرموێت: تەماشـای ئـەم بەنـدەی مـن بكـەن بـانگ ئـەداتو قامەت ئەكات بۆ نوێژ، لەمن ئەترسێت لەبەرئەوە وا من خـۆش بـووم لـەو بەنـدەمو خستمە بەهەشتمەوە، واتە سوننەتە ئەگەر ئينسان خۆيشی بەتەنيا بێت كـاتی نوێـژ هات بانگ بداتو قامەت بكات، هەروەها بەڵگەيە لەسەر ئەوەی كە بانگدان ئـەبێ بەهۆی لێخۆشبوونی خواو چـوونە بەهەشـتەوە شـێوەی بـانگيش ئـەو ووشـانەيە كـە ئێستە ئەوترێن بەم شێوەيە:- بانگدان

(الله أكبر ٤ جار، أشهد أن لااله الا الله ٢ جار، اشهد ان محمد رسـول الله ٢ جـار، حيَّ على الصلاة ٢جار، حـيَّ علـى الفـلاح ٢ جـار، الله أكـبر ٢ جـار، لاالـه الا الله

١جار، وه ئەگەر بانگی بەیانی بوو پاش حیَّ علی الفلاح سوننەتە بووترێت - الصَّلاةُ خیر من النوم ٢ جار) هەرچەند كە ئەمە لە بانگی یەكەمی بەیانیدایە كە بەداخەوە ئەمڕۆ پشتگوێ خراوە، وەكو زۆربەی سوننەتەكانی تری پێغەمبەرمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وهێنراوەتە بانگی دوهەمەوە ، داواكارم لە خوا كە هەموومان بكات بە پەیڕەوانی ڕاستەقینەی ئەم ئایینە بەڕێزە.

قامەت كردنیش بەم شێوەیە (الله أكبر ٢ جار، اشهد أن لآاله الا الله ١ جار، اشهد ان محمد رسول الله ١ جار، حيَّ على الصلاة ١جار، حيَّ على الفلاح ١ جار، (قدْ قامتِ الصَّلاةُ) ٢ جار، الله أكبر ٢ جار، لااله الا الله ١ جار. لە قامەتا ئەگەر بێجگە لە (لااله الاّ الله) تاكەكان دووجار بووترێن قەیناكە[١]. وه بانگ دان بۆ نوێژی فەوتاویش سونەتە هەروەها قامەتیش[٢].

١٠٢- ن/٥٠٣ [عن عمر بن الخطَّاب (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: قال رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (اِذا قَالَ المُؤَذِّنُ اللهُ اَكْبَرْ اللهُ اَكْبَرْ فَقَالَ اَحدُكُمْ اللهُ اَكْبَرْ اللهُ اَكْبَرْ، ثُمَ قال: اَشْهَدُ اَن لا اِلَهَ اِلاّ الله، قَالَ: اَشْهَدُ اَن لا اِلَـهَ اِلاّ اللهُ، ثُمَّ قال: اَشْهَدُ اَنَّ محمداً رَسُولُ الله قالَ اَشْهَدُ اَنَّ محمداً رَسُولُ الله، ثُمَ قال: حَيَّ عَلى الصَّلاةْ قَالَ: لاحَوْلَ وَلا قُوَّةَ اِلاّ بالله، ثُمَّ قَالَ حَيَّ عَلى الفَلاح، قَالَ: لاحَوْلَ وَلا قُوَّةَ اِلا بالله، ثُمَّ قَالَ: الله اكبر الله اكبر، قَالَ: الله اكبر الله اكبر، ثُمَّ قَالَ: لا اله الاّ الله قَالَ: لا اله الاّ الله مِنْ قَلْبِهِ ــ دَخَلَ الجَنَةَ ــ)]. رواه مُسْلِمٌ وابوداود .

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە ٤٩٣-٤٩٤، لە سەرچاوەی پێشو بكە.
(٢) تەماشای فەرمودەی ژمارە ٥١٢-٥١٣، لە سەرچاوەی پێشوو بكە.

لە عومەری کوڕی خەتابەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کەوتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکاتێ بانگوێژ وتی: الله اکبر الله اکبر، گوێگر وتی: الله اکبر الله اکبر لەپاشا بانگوێژ وتی: اشهد أن لاّالـه الا الله، گوێگر وتی: اشهد أن لاّ اله الاّ الله، لەپاشان وتی: اشهد ان محمد رسول الله گوێگر وتی: اشهد ان محمد رسول الله، لەپاشا وتی: حيَّ على الصلاة گوێگر وتی: لاحول ولا قوة الاّ بالله - واتە: نە جموجوڵو نەتوانای هەیە مەگەر بە مەیلی خوا - یان ناتوانرێ هیچ خراپەیەك لابرێتو هیچ چاکەیەك ئەنجام بدرێت مەگەر بەخوا — لەپاشا وتی: حيَّ على الفلاحوتی: لاحول ولا قوة الاّ بالله. لەپاشاوتی: الله اکبر الله اکبر، گوێگر گوتی: الله اکبر الله اکبر، لە پاشا وتی: لا اله الاّ الله گوێگر وتی: لا اله الاّ الله - هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە بێجگە لەخوا - بەدڵ ئەمەی وت ئەچێتە بەهەشتەوە،واتە سوننەتەو خەیرێکی ئاوا گەورەی هەیە وەڵام دانەوەی بانگ. بەڵام زۆر جێگای داخە زۆربەی مسوڵمان خۆیان لەوخەیرە گەورە بێ بەش ئەکەن وئەو سوننە تە گرنگە ئەنجام نادەن کەچی کاتێ وترا فاتیحە کەهیچ بە ڵگەیەکی راستە لەسەر نیە هەمو دەست ئەکەن فاتیحە خوێندن ؟!

١٠٣- ن/٥٠٥ [عن جابر، اَنّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَال: (مَنْ قَالَ حينَ يَسْمَعُ النِّداءَ: اللّهُمَّ رَبَّ هذهِ الدَّعْوَةِ التّامَّةِ والصَّلاةِ الْقائِمَةِ آتِ مُحَمَداً الْوَسيلَةَ والْفَضيلَةَ، وَابْعَثْهُ مَقاماً مَحْمُوداً الّذي وَعَدْتَهُ، حَلَّتْ لَهُ شَفاعَتي يَوْمَ الْقِيامَةِ)] رواه الجماعة الا مسلماً .

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((هەر کەسێك کاتێ بانگی بیست — پاش وەڵامدانەوەو تەواوبوونی بڵێ: ئەی خوایە، پەروەردگاری ئەم بانگە تەواوە- بانگی تەوحیدو یەکتاپەرستی، کە

تێرو تەواوو بێ کەمو کورپیەو هەرگیز ناگۆڕێ -وە ئەم نوێژەی کە هەمیشە ئەنجام ئەدرێت ببەخشە بە محمد (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پلەی بەرزو پلەی زیادە لە هەمو کەسێکی ترو زیندوی بکەرەوە بۆ ئەو پلەو جێگا سوپاس کراوەی کە بەڵێنت پێداوە کە شەفاعەتی گەورەی وەختی کۆبوونەوەی خەڵکە - بەڵێ ئەو کەسەی ئەمەی وت پێغەمبەر (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: تکا کاری من بۆ ئەو لە ڕۆژی قیامەتا حەلاڵ ئەبێت، واتە: شەفاعەتی ئەکەم.

لەبارەی بانگەوەو ڕێزو نرخی, چەندین فەرمودەی تر هەیە ئێمە بەو سێ فەرمودەیە لەم باسە ئەچینە سەر باسی قەدەغە بوونی کرێوەرگرتن لەسەر بانگ. وەکو لەم فەرمودەدا هاتووە.

١٠٤- ن/٥١١ [عَنْ عثمان بن العاصِ قَالَ: آخِرُ مَاعَهِدَ اِلَيَّ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اَنْ اَتَّخِذَ مُؤَذِناً لا يأخُذُ عَلى أذانِ اَجْراً]. رواه الخمسة.

لە عوسمانی کوڕی عاسەوە هاتووە کەوتویەتی: دواترین شتێ کە پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەمنی وتوە - ئەوە بوو کە فەرموی- بانگوێژێك رابگرە کە لەسەر بانگەکەی کرێ وەرنەگرێت، واتە: کرێی بانگووتن چاك نیەوە ئەگەر لازم بێت چاكوایە لە پێنج یەکی پێنج یەك کە بەشی پێغەمبەرە (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەوێوە بانگوێژ کرێی پێ بدرێت نەك لە (بەیتولمالّ) ماڵی گشتی.

١٠٥- ن/٥١٤ [(عن ابی سعید الخدری: اَنّ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: لا يَنْظُرُ الرَّجُلَ اِلى عَوْرَةِ الرَّجلُ وَلا المَرأَةُ الى عَوْرَةَ المَرأَةِ, وَلايُفضى الرَّجُلُ الى الرَّجُلِ فى الثوب الواحد وَلايُفضِى المَرأَةُ الى المَرأَةِ فى الثوب الواحد) رواه مسلم وابوداود والترمذى].

لە ئەبوو سەعیدی خودریەوە هاتووە كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: با هیچ پیاوێك تەماشای شەرمگەی (عەورەتی) پیاوێكی تر نەكات - ئافرەت خراپتر- وە با هیچ ئافرەتێك تەماشای عەورەتی هیچ ئافرەتێك نەكات - بێجگە لە ژنو مێرد یان ئەوەی كە بەپارە كڕی بێتی[1] - با هیچ پیاوێك لەگەڵ پیاوێكی تردا بەیەكەوە یەك پۆشاك نەكەنەبەر - بەڕوتی لەشیان لەیەكتر بكەوێت، هەروەها ئافرەتیش - با هیچ ئافرەتێك لەگەڵ ئافرەتێكی تردا بەیەكەوە یەك پۆشاك نەكەنەبەر- كە لەشیان بە ڕوتی لەیەك بكەوێت-.

زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن ئەژنۆ تا ناوك عەورەتە پیاو بۆ پیاو ژن بۆ ژن[2].

١٠٦- ن/٥٣٠ [عن جابر بن عبدالله اَنَّ النبيّ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: (اِذا صَلَّيْتَ في الثوب الواحد فَاِنْ كانَ واسِعاً فالْتَحِفْ بِهِ, وان كانَ ضَيِّقاً فَاتَّزِرْ بِهِ) متفق عليهْ]

لە جابیری كوڕی عەبدوڵڵاوە هاتووە كە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئەگەر لەیەك پۆشاكدا نوێژت كرد ئەگەر گەورە بوو باش لەخۆتی بپێچەوە ئەگەر كەمیش بوو لە - سەر ناوكت- بیبەستە بۆ نوێژەكەت، واتە: دروستە مرۆڤ یەك پۆشاكی لەبەر دابێت نوێژ بكات بەو مەرجە تەنك نەبێت[3] كە عەورەتی دەركەوێت جا ئەگەر زۆر بوو ئەبێ هەندێكی بكەوێتە سەرشانی تا لەكاتی هەڵسوكەوتی نوێژەكەدا لێی نەبێتەوە بەڵام ئەگەر كەم بوو ئەبێ لە پشتوێنگەی دا بیبەستێت، وەكو وترا، والله أعلم.

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە ٥١٤، لە سەرچاوەی پێشوو بكە.
(٢) تەماشای فەرمودەی ژمارە ٥١٥ تا ٥٢٤، لە سەرچاوەی پێشوو بكە.
(٣) تەماشای فەرمودەی ژمارە ٥٣٤، بكە لە هەمان سەرچاوە.

١٠٧- ن/٥٣٧ [(عن ابی هريرة (رَّضِیَ اللَّهُ عَنْـهُ) قـالَ: نَهَـی رَسُـولُ الله اَنْ يَحْتَبِیَ الرَّجُلُ فی الثَّوبِ الواحِدِ لَيْسَ علی فَرْجِهِ منه شیء, وان يَشْتَمِلَ الصَّمَّاءَ بِالثَّوْبَ الواحِدِ ليس علی اَحَدِ شِقَّيْهِ منـه, يعنـی: شـیء) متفـق عليهٔ].

له ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خـوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری کردوە لـەوەی کـە پیاویـەك پۆشـاکی لەبـەر دابێـتو هـیچ شـتێك لەسـەر عـەورەتی نـەبێتو لەسـەر کلـۆکی دانیشـێو قاچـی بەرزبکاتـەوە - چـونکە عەورەتی دەرئەکەوێت- وە هەروەها قەدەغەی کردووە کەیەك پۆشاکی لەبەر دابـێو هیچی بەسەر شانیەوە نەبێت چونکەوەکو لەمانای فـەرمودەی پێشـوودا وتمان نزیکـە لە کاتی هەڵسو کەوتیا ئەو لیباسە دابەزێتو عەورەتی دەرکەوێت.

١٠٨- ن/٥٤١ [عن عائِشة (رَّضِیَ اللَّهُ عَنْها) اَنَّ النبیّ الله (صَلَّی اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) قالَ: (مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيسَ عَلَيْهِ اَمْرُنا فَهوَ رَدٌّ) متفق عليهٔ, ولا حمد: (مَنْ صَنَعَ اَمْراً عَلَی غَيْرِ اَمْرِنا فَهو مَرْدُودٌ)].

له خاتوون عـائیشـەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتووە کـە پێغەمبـەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((هەر کەسێك هەر ئیشێك بکات ئەمری ئێمەی لەسەر نەبێ ئـەوە ئـەو ئیشە وەرناگرێتو لە ریوایەتی ئیمـامی ئەحمـەددا ئەفـەرموێ ((هـەر کەسـێك هـەر شتێك دروست بکات بە فـەرمانی ئێمـە نـەبێ ئـەوە ئـەو شـتە وەرناگیرێـت، واتـە: بەندایەتیو ناسینی خواو قەبرو قیامەتو فریشتەو باقی شتە پەنهانیەکان ئەبێ بـەو شێوە بێ کە لە پێغەمبەری خواوە (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هـاتوەو نابـێ زیـادیو کـەمی بکرێتو بەوانە ئەوترێت داهاتوو - البدعة - هەمو داهاتوویەکیش لەناو ئاگر دایە،

چونکە هەموی گومراییە ((كُلُّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ)) بەڕاستی ئەم فەرمودەیە یەکێکە لە بناغەکانی ئەم ئایینە، چونکە بڕیارو حوکمانێکی بێ سنوور ئەگرێتەوەوە ئەم فەرمودەیە راستەو خۆترینو گەورەترین بەڵگەیە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی قسەی ئەو زانایانە کە (بیدعە) ئەکەن بەچەند بەشێکەوە[١].

١٠٩- ن/٥٩٧ [(عن ابی قتادة, اَنّ رَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) كـان يُصَلّى وَهوَ حامِلٌ اُمامَةَ بِنْتَ زَيْنَبَ, فاِذا رَكَعَ وَضَعَها وَاِذا قامَ حَمَلَهـا). متفق عليۀ]

لە باوکی قەتادەوە هاتووە کە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نوێژی ئەکردو لەهەمان کاتدا ئومامەی کچی زەینەبی هەڵگرتبوو جا هەر کاتێ ئەچوو بۆ چەمینەوە (الرکوع) دایدەناو، هەر کاتێ هەڵئەسایەوە هەڵی ئەگرتەوە: ئیشی کەم نوێژ بەتاڵ ناکاتەوەو بەگومان شت بەپیس دانانرێت، ئاشکرایە ئەوە منداڵ بووەو نەیتوانیوە خۆی لەپیسی بپارێزێت بەڵام مادام ئاشکراو روون نەبێت نابێ بەگومان بڕیار بدرێت، هەروەها پیسی ناوەوە کاریگەر نیە لەسەر بەتاڵکردنەوەی نوێژ چ ئەو شتە بەکۆڵی نوێژکەرەوە بێت، وەکو ئەم فەرمودەیە یان نوێژکەر لەسەر شتێ بێ کە پیسی لەناو دابێت، وەکو ئەم فەرمودەیە کە ئێستا ئەینوسین.

١١٠- ن/٦٠١ [عن ابن عمر (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قالَ: رأَيْتُ النبّيّ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلّى على حِمارٍ وَهوَ مُتَوَجِّهٌ اِلى خَيْبَرَ). رواه احمد ومسلم والنسائی وابو داود].

(١) ئەوەی زیاتر ئەیەوێ لەم باسە بزانێ، با تەماشای شەرحی هەمان فەرمودە بە ژمارەی ٥٤١، لە (نیل الاوطار)دا بکات.

له عەبدوڵلای كوڕی عومەرەوه (خوا لەهەردووكیان رازی بێت) هاتووه، كه وتویەتی: پێغەمبەرم (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دی كه لەسەر گوێدرێژ – كەر- كه بەرەو خەیبەر ئەچوو نوێژی ئەكرد. جا كەر بێ وەكو ئەم ڕیوایەته، یان وشتر بێت، وەكو ریوایەتی زۆربەی ریوایەتكەرانی تری ئەم فەرمودەیە، فەرقی نیه كه هەڵگری ئەو هەمو پیسیەی ناو خۆیەتی هەروەها بەڵگەیه لەسەر ئەوه كه ئارەقی ئەو وڵاخه سواریانه چاوپۆشی لێكراوەو بەپیس دانانرێت، چونكه ئەگەر بەپیس دابنرایه گومانی تێدا نیه ئەگەر قاچی سوار كەتەڕ نەبێ بەو عارەقه كورتانەكەی هەر تەڕ ئەبێ كه له ژێر كابرای سواردایه بەتایبەت بۆ سەفەرێكی ئاوا دوور ڕۆیشتن، بەڵام له ڕیوایەتی تردا هاتووه كه ئەمه تایبەت ئەكات به نوێژی سوننەتەوه، واته: فەرز بەسواری ناكرێت مەگەر هیچ مەجالێك نەبێ[1]، والله أعلم.

١١١- ن/٦٠٥ [(عن ابی سعید, اَنَّهُ دَخَلَ علی رَسُولِ الله (صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَوَجَدَهُ يُصَلّی علی حَصيرٍ يَسْجُدُ عليه) رواه مسلم].

له باوكی سەعیدەوه هاتووه كه چووەته لای پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دی لەسەر حەسیرێكدا نوێژ ئەكاتو له سوجدەدا سەری ئەخسته سەری.

١١٢- ن/٦٠٩ [(عن شَدّادِ بنِ اوس قالَ: قالَ رَسُولُ الله (صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (خالِفوا اليَهودَ, فَأَنَّهُمْ لا يُصَلُّون فی نِعالِهِمْ ولا خِفافهِمْ) رواه ابو داود].

(١) تەماشای فەرمودەی ژماره ٦٢٢ لەسەرچاوەی پێشوو بكه.

لە شەدادی کوڕی ئەوسەوە ئەگێڕنەوە کەوتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّی اللّٰهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((بە پێچەوانەی جولەکەوە بجولێنەوە، چونکە ئەوان بە نەعل و خوفەکانیانەوە نوێژ ناکەن، واتە: ئێوە نوێژ بکەن)).

١١٣- ن/٦١٣ [(عن ابی مَرْثَدِ الغَنَویّ قالَ: قالَ رَسُولُ الله (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ): (لاتُصَلُّوا اِلی القُبورِ ولاتَجْلِسوا علیها) رواه الجماعۃ الا البخاریَّ وابن ماجۃ] .

لە باوکی مەرسەدی غەنەوییەوە هاتووە کەوتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّی اللّٰهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((بەرەو گۆڕ نوێژ نەکەن و لەسەری دانەنیشن)).

١١٤- ن/٦١٤ [(عن ابن عُمَرَ (رَّضِیَ اللَّهُ عَنْهُما) قالَ: قالَ رَسُولُ الله (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ): (اِجْعَلوا من صلاتِکُمْ فی بیوتِکُمْ ولا تَتَّخِذوها قُبوراً) رواه الجماعۃ الا اِبنَ ماجۃ].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کەوتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّی اللّٰهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەندێ لە نوێژەکانتان لە ماڵەوە بکەن و ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان. بەڵێ فەرزەکان هەتا بکرێت باش ئەوەیە لە مزگەوتا ئەنجام بدرێت بەڵام سوننەتەکان لە ماڵەوە بێ باشترە. هەم دوورترە لە ڕیا هەم منداڵیش لە ماڵەوە چاوی بەو هەڵس و کەوتە ئەکەوێت و کەم کەم فێرئەبێت و ئەمەیە بڕیاری پێغەمبەری ئازیزمان (صَلَّی اللّٰهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) بەکورتی چەند جوان ڕێنماییمان ئەکات.

١١٥- ن/ ٦١٥ [(عن جُنْدُبِ بن عبدالله البجلیِّ, قالَ: سَمِعْتُ رَسُول الله (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) قَبْلَ اَنْ یَموتَ بِخَمْسٍ وهو یَقولَ: (اِنَّ مَنْ کانَ

قَبْلَكُمْ كانوا يَتَّخِذونَ قُبورَ أَنْبيائِهِمْ وَصَالحِيهِمْ مَساجِدَ, أَلاَ فَلاَ تَتَّخِـذوا القُبُورَ مَساجَد, إِنِّي أَنْهاكُم عن ذلِكَ) رواه مسلم].

لــه جونــدوبی کــوڕی عەبــدوڵڵای بەجەلییــەوە هــاتووە کەوتویــەتی: بیســتم لــە پێغەمبەری خواوە (صَلىَّ اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) پێنج ڕۆژ پێش لە دونیـا دەرچـوونی ئەیفـەرمو: بەڕاستی کەسانێ بوون لە پێش ئێوەوە کە گۆڕەکانی پێغەمبەرانیانو پیاو چـاکانیان ئەکرد بە مزگەوت، با باش بزانن کە من بەرگری ئێوە ئەکەم لەوشتە، واتـە دروست نیـە شـوێنی پێغەمبــەرانو پیاوچـاکانو گۆڕەکانیـان بکرێـت بــە جێگـای نوێـژو خواپەرستی.

١١٦- ن/٦١٨ [عن اِبْنُ عُمَر (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُما) قال: دَخَلَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْبَيْتَ هُوَ وَأُسامَةُ بْنُ زَيْدٍ وَبِـلالٌ وَعُثمـانُ بْـنُ طلحـةَ فَأَغْلَقوُا عَلَيهم الْبابَ فَلَمَّا فَتحوُا كُنْتُ أَوَّل مَنْ وَلَجَ فَلَقَيْتُ بِلالاً فَسَأَلْتُهُ: هَلْ صَلَّى فيه رَسُولُ الله؟ قال: نَعَمْ بَيْنَ الْعَمودَيْنِ الْيمَانِيِيْنِ] . متفق عليهُ .

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، کە وتویـەتی: پێغەمبـەری خوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) چووە نـاو بەیتـەوە، ئـەوو ئوسـامەی کـوڕی زەیـدو بـیلالو عوسمانی کوڕی تەلحە جا دەرگاکەیان لەسەر داخستن - تا کەسی تر نەچێتە ژوورەوە، ئینجا کاتێ کردیانەوە من یەکەم کەس بووم کە چوومە ناوەوە، بـە بـیلال گەیشـتمو پرسیارم لێکرد: ئایا پێغەمبەری خوا لەناویا نوێژی کرد؟

وتی: بەڵێ لە نێوان دوو دیرەگە – دینگە- یەمانیەکانـدا، واتـە سـوننەتە لـەناو کەعبەدا نوێژکردن.

١١٧- ن/٦٢٠ [وعنه قال: سُئِلَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَيْفَ أُصَلِّيَ فِي السَّفِينَةِ؟ قَالَ: (صَلِّ فيهـا قائِمَـاً اِلاّ اَنْ تَخَـافَ اَلْغَـرَق)] رواه الـدارقطنى، والحاكم وقال صحيح الاسناد ولم يخرجاهُ .

وەهەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، کە وتویەتی: لە پێغەمبـەر (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پرسیار کرا کە چۆن نوێژ بکەن لە کەشتیدا؟ فـەرموی: بەراوەسـتان نوێـژ بکـە ئەگەر ترسی نقوم بوونت نەبوو، واتە ئەگەر ترسای کەشتیەکە بنیشێت نابێ هەستی بەڵکو بەدانیشتنەوە نوێژ ئەکەیت، وە ئەگەر ئەو ترسە نەبوو ئەبێ هەستیت.

١١٨- ن/٦٢٦ [عَنْ عُثمان بن عَفَّانَ (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: سَمِعْتُ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (مَنْ بَنَى لِلّهِ مَسْجِداً بَنَىَ اللهُ لَهُ مِثلَـهُ فــي الْجَنَّةِ)]. متفق علية.

لـە عوسمـانی کـوڕی عەفانـەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتووە کەوتویـەتی بیسـتم لـە پێغەمبەری خواوە (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە ئەیفـەرمو: ((هـەر کەسـێك مزگـەوتێك بـۆ خوا دروست بکـات، خـوا مـاڵێکیوەکو ئـەو مزگەوتـە - لـەناودا نـەك لـە گـەورەو جوانیدا- بۆ ئەو کەسە دروست ئەکات لە بەهەشت دا)).

١١٩- ن/٦٢٩ [عن اَنَس اَنّ النَبّيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) قَـالَ: (لا تَقـوُمَ السَّاعَةُ حَتَّى يَتَباهَى النَّاسُ في الْمَسَاجِدِ)]. رواه الخمسة الاّ الترمذى.

لـە ئەنەسـەوە ئـەویش لـە پێغەمبـەرەوە (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کـە فەرمویـەتی: ((قیامـەت نایـەت تـا خـەڵکی خـۆی بـە مزگـەوت دروسـتکردنەوەو ڕازاندنـەوەی هەڵنەکێشـێت. بەڕاسـتی ئـەم دیـاردە ئـەمڕۆ زۆر زەقـەو هەرکەسـێ هـەوڵ ئـەدات مزگەوتەکـەی خـۆی لـە مزگـەوتانی تـر جـوانترو ڕازاوەتـر بکـاتو زۆر فـەرزیان واز

لێهێناوە، بەڵام خۆیان بە دروستکردنی مزگەوت، بەگەورەو بە نرخ دەزانن، وەکو خوا لە سورەتی تەوبەدا سەرزەنشتی قورەیشەکان ئەکات کاتێ کە خۆیان لە مسوڵمانە کۆچەرییەکان بەچاکتر دائەنا، چونکە ئەیانوت ئێمە ئاوی حاجیان ئەدەین و خزمەتی ماڵی خوا ئەکەین، فەرمویەتی: ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ وَعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ كَمَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَجَاهَدَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ۚ لَا يَسْتَوُونَ عِندَ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾. ئایا وا دائەنێن کە ئاودان بە حاجیەکان و ئاوەدان کردنەوەی ماڵی خوا وەکو ئەو کەسەوایە کە باوەڕی بەخواو بەڕۆژی دوایی هێناوەو جیهاد ئەکات لە ڕێگای خوادا؟ وەك یەك نین - ئەم دوو دەستەیە- لە لای خواو خوا ڕێنمایی ستەمکاران ناکات[1].

بەڕاستی ڕازاندنەوەی مزگەوت بەو شێوەیە کە ئەمڕۆ هەیە لە سنووری شەرع دەرچووەو مەسرەفێکی بێ کەڵکەو لەباتی چاکە لەوانەیە تاوانی بگات چونکە ئەو ماڵەی کە لە دەستت دایە هی خوایەو ئەمانەتەو ئەبێ بە گوێرەی فەرمانی ئەو خەرجی بکەیت و ئیسراف و زیادەڕەوی تیادا نەکەیت, ڕاست ئەوەیە کە بەگوێی خواو پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بکەیت نەك بە مەیلی خۆت.

١٢٠- ن/٦٣١ [عن عائشة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْها) قالَتْ اَمَرَ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِبِناءِ الْمَسَاجِدِ فى الدُّورِ وَاَنْ تُنَظَّفَ وَتُطَيَّبَ] رواه الخمسة الا النسائىَّ] .

لە خاتوون عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، کە وتویەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فرمانی داوە بە دروستکردنی مزگەوت لەناو ماڵەکاندا بۆ ئەوەی هەمو

(١) بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم باسە تەماشای شەرحی فەرمودەی ژمارە ٦٢٨، لە سەرچاوەی پێشوو بکە.

کەس بتوانێ بگات پێی -و پاك بکرێتەوەو بۆن خۆش بکرێت، واتە پاكو خاوێنیو بۆنی خۆش بۆ مزگەوت پێویستەو بەر ڕازاندنەوەکەی پێشوو ناکەوێت.

١٢١- ن/٦٣٣ [(عَنْ جابر: اَنّ النَبّيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (مَنْ اَكَلَ البَصَلَ والثُّومَ والكُرَّاثَ فَلاَ يَقْرَبَنَّ مَسْجِدَنا فَإِنَّ المَلائِكَةَ تَتَأَذَّى مِماَّ يَتَأَذَّى مِنْهُ بَنو آدَم) متفق علیهٔ]

لە جابیرەوە هاتووە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((هەر کەسێك پیازو سیرو کوڕادە (کنوالّ) بخوات - چونکە بۆنیان ناخۆشەو خەلّکی ئازار ئەدات- با نزیکی مزگەوتەکانمان نەکەوێتەوە بەڕاستی فریشتەکانیش ئازاریان پێ ئەگات بەو شتانەی کە ئازار ئەگەیەنێت بە بنیام.

١٢٢- ن/٦٣٤ [(عَنْ اَبی حُمَيْد واَبی اُسَيْدٍ قالَ: قَالَ رَسولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (اِذا دَخَلَ اَحَدُكُمْ المَسْجِدَ فَلْيَقُلْ: اَللهُمَّ افْتَحْ لَنا اَبْوابَ رَحْمَتِكَ, واِذا خَرَجَ فَلْيَقُلْ: اَللهُمَّ اِنیٍّ اَسْئَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ) رواه احمد والنسائی ومسلم وابوداود]

لە ئەبو حومەیدەو ئەبو ئوسەیدەوە هاتووە کەوتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکاتێ هەرکام لەئێوە چووە مزگەوتەوە با بلّێت: ئەی خوایە دەرگای ڕەحمەتی خۆتمان لێ بکەرەوە- لە ڕیوایەتانی‌تردا هاتووە کە بلّێ بسم الله اللّهم صلّی علی محمد، سەلام لە بکاتو ئینجا ئەم دوعایە بکات- وە هەرکاتێ دەرچوو با بلّێت: ئەی خوایە داوای لوتفو بەرەکەت لەتۆ ئەکەین- هەروەها لە ڕیوایەتی‌تردا هاتووە، کە پێشەکی بلّێ (بسم الله/ بەناوی خوا)و داوا بکات لە خوا کە سەلاوات لەسەر پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بداتو ئینجا ئەو دوعایەش بکات، والله أعلم.

فەرمودەی (دروست نیە لەمزگەوتا) هەواڵ پرسینی ونبوو لە گوڵزاری چاکان ژمارە ١٤٨ باسکراوە.

١٢٣- ن/٦٤٦ [(عَنْ عبدالله بن عمر (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُما)- (اَنَّهُ كانَ يَنامُ وَهوَ شابٌ عَزِبٌ لا اَهْلَ لَهُ في مَسْجِدِ رَسولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ))
رواه احمد والنسائي ومسلم وابوداود].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە کە: کاتێ گەنجو بێ ژنو ماڵ بوو لە مزگەوتی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەخەوت، واتە خەوتن لە مزگەوتا دروستە، هەروەها خواردنو خواردنەوەیش، وەکو لە فەرمودەی ژمارە (٦٤٩)دا لە نەیلول ئەوتاردا هاتووە, بەڵام نەکرێت بە چایخانەو چێشتخانەو ئوتێل.

١٢٤- ن/٦٥٠ [(عَنْ اَنَس قالَ: كانَ قِرَامٌ لِعائِشَةَ قَدْ سَتَرَتْ بِهِ جانِبَ بَيْتِها, فَقالَ لِها النبّيُّ (اَميطِي عَنيِّ قِرامَكِ هذا فإِنَّهُ لاتَزالُ تَصاويرهُ تَعْرِضُ لِي في صَلاتي) رواه احمد والبخاريّ].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، کە وتویەتی: خاتوون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) پەردەیەکی هەبوو کە گۆشەیەك لە ماڵەکەی پێ دا ئەپۆشی، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرموو: ((لایبە ئەم پەردەیەت لە بەرامبەری منەوە بەڕاستی وێنەکانی هەمیشە ئەهاتنە بەر چاوم لە نوێژەکەدا، واتە: نابێ لەبەردەم نوێژکەردا شتی نەخشو نیگاردار هەبێ، کە وێنەیش یەکێکە لەوانە چونکە لە نوێژەکەی بێئاگای ئەکات هەر بۆیەش ڕازاندنەوەی مزگەوت چاك نیەو ئەگەر خوا یاربێ باسی وێنەیش لە بەشی پۆشاکدا ئەنوسینو بۆ زیاتر شارەزابوون لەبارەی وێنەوە تەماشای فەرمودەی قودسی لەبارەی وێنەوە (لە چل فەرمودە قودسیەکان بکە بەسە بۆ خاوەن

باوەڕی ڕاست)، بەڵام زمانی ئارەزووکارانو تەئویلکردنی فەرمودەکان ناگیرێ. خوا بمانپارێزێ لەو نەخۆشیانەو لە ئارەزووپەرستان دوورمان خاتەوە.

١٢٥- ن/٦٥٢ [(عَنْ ابى هريرة قالَ: اَمَرَنا رَسولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (اِذا كُنْتُمْ فى المَسْجِدِ فَنُودِىَ بِالصَّلاةِ فَلا يَخْرُجِ اَحَدُكُمْ حَتَىَّ يُصَلىَّ) رواه احمد].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتووە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانی پێداوین کە ((هەر کاتێ لە مزگەوتا بوونو بانگی نوێژ وترا لەو مزگەوتە دەرمەچن هەتا نوێژ ئەکەن، واتە: بەبێ بەهانەیەکی شەرعی بۆ کەسێ لە مزگەوتا بێت لە کاتی بانگ نابێ دەرچێت تا نوێژەکەی نەکات.

١٢٦- ن/٦٥٥ [(عَنْ ابن عمر (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُما) قالَ: بَيْنَما النّاسُ بقُباءَ فى صَلاةِ الصُّبْح اِذْ جاءَهُم آتٍ فَقَالَ: اِنَّ النِبىَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَدْ اُنْزِلَ عَلَيْهِ الَّيْلَةَ قُرآنٌ, وَقَدْ اُمِرَ اَنْ يسْتَقْبِلَ الْكَعْبَةَ. فاسْتَقْبَلوها وَكانَتْ وُجوهُهُمْ اِلىَ الشَّامِ فَاسْتَدَارُوا الى الْكَعْبَةِ) متفق علية].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت) هاتووە، کە وتویەتی: کاتێ خەڵکی لە قوباء لە نوێژی بەیانیدا بوون لەو کاتەدا یەکێك هات ووتی: بەڕاستی ئەمشەو هەندێ لە قورئان هاتووە بۆ پێغەمبەرو (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانی پێکراوە کە ڕوو بکاتە (کەعبە/ ماڵی خوا) ئەوانیش ڕوویان تێکرد، پێشەکی ڕوویان بەرەو شام بوو سوڕان تا ڕوویان کردە کەعبەوە، واتە ڕووکردنە قیبلە مەرجێکی دروستبوونی نوێژە مەگەر لە کاتی گەرمایی شەڕ یان ترسێکی زۆر

یان ئەنجام دانی نوێژی سوننەت لە سەفەر کە هەرکام لە شوێنی خۆی باسکراوە ئەمەش یەکێکیانە کە ئەفەرموێت.

١٢٧- ن/٦٥٩ [(وعَنْه قالَ: كانَ النِبّـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُسَـبحُّ عَلـىَ راحِلَتِهِ قِبَلَ اَیٍّ وِجْهَةٍ تَوَجَّهَ ويـوتِرُ عَلَيْهـا غَيْـرَ أَنَّـهُ لايُصَـلىٍّ عَلَيْهـا المَكْتوبَةَ) متفق عليهٔ].

وە هەر لەوەوە هاتووە، کە وتویەتی: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەسەر وڵاخەکەیەوە بەرەو هەرکوێ بڕوایە نوێژی بەسەرەوە ئەکردوە نوێژە تاقەکەیشی بەسەرەوە ئەکرد بەڵام فەرزەکانی بەسەر وڵاخەوە ئەنجام نەدەدا.

(دەروازەکانی سیفەتی نوێژ)

١٢٨- ن/٦٦٢)- [(عَنْ علی بن ابی طالب (رَّضِيَ اللَّـهُ عَنْـهُ) عـن النِبـــيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: (مِفْتاحُ الصَّلاةِ الطُّهورُ وتَحْريمُهـا التَّكْبيـرُ وتَحْلِيلُهَا التَّسْليمُ) رواه الخمسة الا النسائى وقال الترمذى هذا اَصَحُّ شىء فى هذا الباب واَحْسَنُ].

له عەلی کوڕی ئەبو تالّبەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: کلیلی نوێژ- پاكو خاوێنیو دەستنوێژە- چوونە ناوەیەوە (الله أکبر)و نێدەرچوونی بە سەلام دانەوەیە.

١٢٩- ن/٦٦٣ [(عَنْ عن مالک بن الحُويرث، اَنَّ النِبـــيَّ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) قالَ: (صَلُّو كَما رأيْتُمونِي اُصَلّي) رواه احمد والبخارى].

لـه مـالیکی کـوڕی حورەیسـەوە هـاتوە کـە پێغەمبـەری (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: نوێژ بکەنوەکو چۆن من ئـەبینن نوێـژ ئەکـەم، واتـە: پێویسـتە لەسـەر مسولّمانان تەماشای نوێژەکانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بکـەنو هەرچـی ئەو کردبێتی پێویستە لەسەر ئوممەتەکەیشی مەگەر بەلّگەی سوننەتیەتی هەبێ.

(١٣٠- ن/٦٦٤)- [عن النُّعْمان بن بَشير قَال: كَانَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُسَوّينا فى الصُّفُوفِ كَما يُقَوِّمُ الْقَدَحُ حَتَّى اِذَا ظَنَّ اَنْ قَدْ اَخَـذْنا

ذَلِكَ عَنْهُ، وفَقِهْنَا، اَقْبَلَ ذَاتَ يَوْمٍ بِوَجْهِهِ اِذَا رَجُلٌ مُنْتَبِذٌ بِصَـدْرِ، فَقَـالَ: (لَتُسَوُّنَّ صُفُوفَكُمْ اَوْ لَيُخَـالِفَنَّ اللهُ بَـيْنِ وَجُـوهِكُم)]. رواه مسـلم وابـوداود والنسائي وابن ماجة والترمذي وصَحَّحَهُ.

لـه نوعمـانی کـوڕی بەشـیرەوە هـاتوە کـە: پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕیزەکانی - لە کاتی نوێژدا - بۆ ڕێك ئەکردین، وەکو چۆن پەرداخ ریز بکرێت تاوای زانـی کـە ئـیتر ئێمـە لـەوەوە فێربـووینو شـارەزایین -وازی لێهێنـاینو خۆمـان ڕێـز دەبووین بەڵام -ڕۆژێکیان لای کردەوەو دی پیاوێك سنگی خۆی زۆر دەرپەڕانـدوە لـە ڕیزەکـەی فـەرموی: ((یـا ڕیزەکانتـان ڕێكوپێـك بکـەن یـان خـوا نـاکۆکی بخاتـە نێوانتانەوە)).

ئایا ئەو هەمو ناکۆکیەی ئەمڕۆی مسـوڵمانان بەڵگـە نیـە لەسـەرئەوەی کـە ئـەو نزایەی پێغەمبەرە دژی ئێمە گیرا بووە یەك ڕیزی جەماعەتمان نیە ڕێـك بێـتو هـیچ کەس لـەوبارەوە خـۆی بەرپرسـیار نازانێـت، بـەڵکو بەداخـەوە ئەگـەر بەکەسـێکیش بووترێت بۆ خۆت ڕاست ناکەیتەوەو پاڵ بەبرا ئاینیەکەتەوە بدەیت؟ زۆر تورە ئەبێو هەنـدێ جـاریش لەوانەیـە مزگـەوتو جەماعـەتیش واز لێ بێنێـت؟! ئەوەتـە ئیسلامیەتەکەی ئەمڕۆمان تەنانەت لە ئەنجامدانی نوێژیشدا بـە گـوێی پێغەمبـەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ناکەینو ئارەزۆ کاریو نەفس بووەتە خوامانو ئەو دەپەرستین، ڕاستە خوای گەورە ئەفەرمویت ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴾. زۆربـەی ئەوان باوەڕ ناهێنن بەخوا مەگەر ئەوانیش موشریك بن) (یوسف- ١٠٦).

١٣١- ن/٦٧٣ [عَنْ وَائِلِ بن حُجْر، اَنَّهُ رأى النَّبِـيَّ رَفَعَ يَدَيْهِ حينَ دَخَلَ فِـي الصَّلاةِ وَكَبَّرَ ثُمَّ الْتَحَفَ بِثَوْبِهِ ثُمَّ وَضَعَ يَدَهُ الْيُمنى عَلَـى الْيُسْـرى، فَلَمَّـا

أَرَادَ أنْ يَرْكَعَ أَخْرَجَ يَدَيْهِ مِنَ الثَّوْب. ثُمَّ رَفَعَهُما فَكَبَّرَ فَرَكَعَ، فَلَمَّـا قَـالَ: (سَمِعَ الله لِمَنْ حَمِدَهُ) رَفَعَ يَدَيْهِ فَلَمَّا سَجَدَ سَجَدَ بَـيْنَ كَفَّيْـهِ. رواه احمـد ومسلم وفی رِوَايَةٍ لأحمد وابی داود: (ثُمَّ وَضَعَ يَدَهُ الْيُمنـى عَلَـى ظَهْـرِ كَفِّـهِ الْيُسْرى والرُّسْغِ وَالسّاعِدِ)].

لـە وائیلـی كـوڕی حـوجرەوە هـاتوە كـە چـاوی بـە پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كەوتووە، كە دەستی بەرز كردوەتەوە لەوكاتەی كە نوێژی دائەبەستیو (الله اكبر)ی ئەكرد لەپاشا پۆشاكی خۆی ئەپێچا بەخۆیەوەو دەستی ڕاستی لەسەر دەسـتی چـەپی دائـەنا هـەركاتێ بیویسـتایە كـە بچـەمێتەوە (الركـوع) دەسـتی دەرئـەهێنا لـە پۆشـاكەكەیەوەو پاشـا بـەرزی ئـەكردەوەو (الله أكـبر)ی ئـەكردو ئەچـووە ركوعـەوە. هەركاتێ ئەیفـەرمو ((سَـمِعَ الله لِمـن حَمِـدَه/ خـوا نـزای ئـەو كەسـەی وەرگـرت كـە سـوپاسی كرد)) دەستی بەرز ئەكردەوە، هەركاتێ كە سوجدەی ئەبرد سەری لە نێـوان هەردو لەپیدا دائەنا.. وە لە ریوایەتێكی تری ئیمام ئەحمەدو ئەبو داوددا هـاتوە كـە - كاتێ دەستی ئەگرت بەم شێوە بووە ((دەستی ڕاستی لەسەر لەپی دەستی چەپیو مـوچو قـۆڵی دائـەنا))، واتـە دەسـتگرتن بـەم شـێوە سـوننەتەو هـەروەها دەسـت بەرزكردنەوە لەو شوێنانەدا كە باسی كردوە بەرز كردنەوەكـە بەرامبـەری نـەرم گـوێ بێت باشە، چونكە لە ڕیوایەتی تردا هاتوە[١]، تا سەرشانو تا گوێی باسكردووە.

١٣٢- ن/٦٧٩ [عن انس عَن النَّبـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَال: (مَـا بَـالُ أَقْوَامٍ يَرْفَعُونَ أَبصَارَهُمْ إلَى السَّماءِ فی صَلاتِهمْ؟) فَاشْتَدَّ قَوْلُهُ فی ذلِـكَ حَتی قَالَ: (لَيَنْتَهُنَّ أوْ لَتُخْطَفَنَّ أبْصارُهُمْ)]. رواه الجماعة الا مسلماً والترمذیّ.

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە ٦٧١- ٦٧٢، لە سەرچاوەی پێشوو بكە.

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەویش لە پێغەمبەرەوە (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، كە فەرمویەتی: ((ئەوە چییە هەندێ كەس چاویان لە كاتی نوێژدا بۆ ئاسمان بەرز ئەكەنەوە؟)) فەرمودەكانی لەو بارەوە زۆر توند بوو تا ئەو جێگایەی كە فەرموی ((یا باواز بهێنن یا با چاوییان دەربێت))، واتە چاو بەرزكردنەوەو ڕوانین بۆ ئاسمان لەكاتی نوێژدا خراپەو قەدەغەیە، ئەمە بەندایەتیەو ئەگەر هیچ سوودیشی نەزانین ئەبێ گوێڕایەڵی بكەین‌و بەدوای بۆچی‌و لەبەر چییدا نەگەڕێین.

١٣٣- ن/٦٨١ [عَن ابی هريرة قَال: (كَانَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اِذَا كَبَّرَ فى الصَّلاة سَكَتَ هُنَيْهَةً قَبْلَ القِرَاءَة، فَقُلْتُ يا رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِاَبى اَنْتَ وَاُمِّى! اَرَاَيْتَ سُكُوتَكَ بَيْن التَّكْبير وَالْقِراءَة ماتقُولُ؟ قَالَ: اَقُولُ: اللّهُمَّ بَاعِدْ بَيْنى وَبَيْنَ خَطَايَاىَ كَما باعَدْتَ بَيْنَ المَشْرِقِ وَالْمَغْرب، اللّهُمَّ نَقِّنى مِنْ خَطَايَاىَ كَما يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَس، اللّهُمَّ اغْسِلْنى مِنْ خَطَايَاىَ بِالثَّلْجِ وِالْماءِ والْبَرَدِ)] رواه الجماعة الا الترمذیّ].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی ((پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كاتێ نوێژی دائەبەست‌و (الله اكبر)ی ئەكرد كەمێ بێ دەنگ ئەبوو پێش ئەوەی دەست بكات بە خوێندنی - فاتیحە-

وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باوك‌و دایكم بە قوربانت بێ ئایا پێم نالێیت ئەو بێ دەنگیەی خۆت لە نێوان (الله أكبر)و لە نێوان قورئان خوێندنتا چی ئەفەرمویت؟

فەرموی: ئەڵێم: ئەی خوایە من‌و تاوانەكانم وا لەیەك دوور بخەرەوە، وەكو چۆن ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوات لەیەك دوور كردەوە، ئەی خوایە پاكم كەرەوە لە تاوانەكانم

وەكو چۆن پۆشاكی سپی پاك ئەكرێتەوە لە چڵك، ئەی خوایە بمشۆرە لە تاوانەكانم بە بەفرو بە ئاوو بە تەرزە، واتە سوننەتە لە نێوان (اللە أكبر)ی ئەوەڵو خوێندنی فاتیحەدا دوعا بكرێتو ئەوەی سەرەوەیش یەكێكە لەو دوعایانە(١).

١٣٤- ن/٦٩٣ [عن عُبادَةَ بن الصّامت اَنَّ النَّبــِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (لا صَلاةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرأْ بِفَاتِحَةِ الْكِتاب)] رواه الجماعة.

لە عوبادەی كوڕی سامیتەوە هاتوە، كە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((ئەوكەسەی كە سورەتی فاتیحە نەخوێنێ لە نوێژدا، ئەو نوێژەی بەنوێژ بۆ دانانرێت))، واتە: نوێژەكەی دروست نیەو چەندین فەرمودەی تر لەمبارەوە هەیە كە دابەشكردنی سورەتی حەمد یەكێكە لەوانەو لە فەرمودە قودسیەكاندا باسكراوەو تەماشاكردنی بەسودە.

١٣٥- ن/٦٩٦ [عَن ابی هریرۃ اَنَّ رَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْــهِ وَسَــلَّمَ) قَــال: (اِنّمَا جُعِلَ الأِمامُ لِيُؤْتَمَّ بِهِ فَأِذَا كَبَّرَ فَكَبِّرَوا واِذَا قَرَأَ فَأَنْصِتُوا] رواه الخمسة الاّ الترمذی وَ قَال: مسلم هُوَ صَحيحٌ.

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((پێش نوێژی كەر (امام) بۆیە دانراوە تا پەیڕەوی بكرێت جا هەركاتێ وتی (اللە اكبر)و نوێژی دابەست ئێوەش بڵێن (اللە اكبر)وە هەركاتێ قورئانی خوێند بێدەنگ بنواتە، ئەبێ چاو لە ئیمام بكرێت لەكاتی جەماعەتداو نابێ پاشو پێشی لێبكرێتو شتێ ئەنجام بدرێت كە ئیمام ئەنجامی نەداوەو ئەبێ

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە ٦٨٢-٦٨٣، لە سەرچاوەی پێشوو بكە كۆمەڵێكی تر دوعایان تێدایە.

کاتێ قورئان ئەخوێنێت گوێی لێ بگیرێتو مەئموم خۆی مەشغوڵ نەکات بە قورئان خوێندنەوە بێجگە لە خوێندنی سورەتی فاتیحە، واللە اعلم.

١٣٦- ن/٦٩٩ [عن عُبادَةَ اَنَّ النَّبـِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَال: (لا يَقْـرآَنَّ اَحَدٌ مِنْكُمْ شَيْئاً مِنَ الْقُرْآن اِذَا جَهَرْتُ بِالقراءَةِ الاّ بِأُمِّ الْقُرْآن)]. رواه الدار قطني وقال: رجالُهُ كُلَّهُمْ ثِقَاتٌ. وصححه البخاري في (جزء القراءة).

لە عوبادەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((با هیچکام لە ئێوە هیچ شتێك لە قورئان نەخوێنێ هەرکاتێ من بەدەنگی بەرز - لە نوێژدا - قورئانم خوێند بێجگە لە سورەتی فاتیحە کە (دایکی قورئان/ أم القرآن) ناوێکی تری سورەتی فاتیحەیە، واتە لەکاتی دەنگ بەرزکردنەوەی ئیمامدا تەنها ئەم سورەتە مافی خوێندنی هەیە لەلایەن مەئمومەکانەوەو پاش ئەوە ئەبێ بێدەنگ بن وەکو لە فەرمودەی پێشوودا فەرموی[1].

١٣٧- ن/٧٠٤ [عَنْ وائِل بن حُجْرٍ قَالَ سَمِعْتُ النَّبـِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَرَأَ (غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عليهم وَلا الضَّالِّين) فقال: (آمين) يَمُدُّ بِهَا صَوْتَهُ. رواه احمد والترمذيّ وابوداود وزاد (رَفَعَ بِهَا صَوْتَهُ)].

لەوائیلی کوڕی حوجرەوە هاتوە، کە وتویەتی بیستم لە پێغەمبەرەوە، کە وەختێ (غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ)ی ئەخوێند ئەیفەرمو (**آمین/** خوایە لێموەرگرە)و درێژی ئەکردەوە.

لە ڕیوایەتی ئەبو دەردا ئەمەیشی زیاد کردوە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ((دەنگی بە ووشەیە - **آمین** - بەرز کردوەتەوە، واتە پاش (وَلَا ٱلضَّآلِّينَ)و وتنی

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە ٧٠١ ، لە سەرچاوەی پێشو بکە.

ئامین‌و درێژکردنەوەی‌و بەدەنگی بەرز بۆ پێشەوا (ئیمام) سوننەتەو چاك وایە مەئمومەکانیش بەیەك دەنگ لەگەڵ ئیمامدا - پاش‌و پێش نەکەون بڵێن ئامین - وەکو لە فەرمودەی تردا هاتوە.

١٣٨- ن/٧٠٥ [عن رفاعة بن رَافِعٍ اَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَّمَ رَجُلاً الصَّلاةَ فَقَالَ: (اِنْ كَانَ مَعَكَ قَرآنٌ فَاقْرأْ وَاِلاَّ فَاحْمَدِ اللهَ وكَبِّرْهُ وَهَلِّلْهُ، ثَمَّ ارْكَعْ)] رواه ابوداود والترمذي وقال: حسنٌ.

لە ریفاعەی کوڕی رافیعەوە هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی کابرایەکی فێری نوێژ کردو فەرموی: ((ئەگەر قورئانت ئەزانی قورئان بخوێنە ئەگینا - (الحمد لله، الله اكبر)و (لا إله الاّ الله) بڵێ، پاشان بچەمێوە (الركوع)، واتە ئەگەر کەسێ قورئانی نەئەزانی‌و فێر نەئەبوو با ئەم سێ وشانە بڵێت‌و نوێژەکەی بکات.

١٣٩- ن/٧٠٧ [عن ابى قَتَادَةَ اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَقْرَأُ فى الظُّهْرِ فى الأُولَيَيْنِ بِأُمِّ الْكِتَابِ وَ سُورَتَيْنِ وفى الرَّكْعَتَيْنِ الأُخْرَيَيْن بفَاتِحَةِ الْكِتاب ويُسْمِعُنَا الآيَةَ اَحْيَاناً وَيُطَوِّلُ فى الرَّكْعَةِ الأُولى مَا لايُطِيلُ فى الثَّانِيَةِ وَهَكَذا فى الْعَصْرِ وَهَكَذا فى الصُّبْحِ]. متفق عليهٔ.

لە باوکی قەتادەوە هاتوە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە دوو رکاتی ئەوەڵی نوێژی نیوەڕۆدا سورەتی فاتیحەو دوو سورەتی ئەخوێندو لە دوو ڕکاتی دواییدا تەنها سورەتی فاتیحەی ئەخوێندەوە جاری‌وابوو ئایەتێکی بەرز ئەخوێندەوە وە رکاتی یەکەمی درێژتر ئەکردەوە لە رکاتی دوهەم جا هەر بەوشێوەیە لە نوێژی عەسرو لە

نوێــژی بەیانیــدا، باش‌وایــە درێژکردنــەوەی ئیمــام بــەگوێرەی توانــای‌و کــاتی مەئمومەکانی بێت‌و ریعایەتیان بکات.

١٤٠- ن/٧١١ [عَنْ حُذَيفة، قال: (صَلَّيْتُ مَعَ النَّبـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) ذاتَ لَيْلَةٍ فافْتَتَحَ البَقَرَةَ) فَقُلْتُ يَرْكَعُ عِنْدَ المِائَةِ ثُمَّ مَضَى، فَقُلْتُ: يُصَلّي بها في رَكْعَةٍ فَمَضَى فَقُلْتُ يَرْكَعُ بها فَمَضَى ثُمَّ أَفْتَتَحَ (النِّساءَ) فَقرأَهَا، ثُمَّ أَفْتَتَحَ (آل عِمران) فقرأها مُتَرَسِلاً، إذا مَرَّ بآيَةٍ فيها تَسْبيحٌ سَبَّحَ، وَإذا مَرَّ بسؤالٍ سَأَلَ وإذا مَرَّ بتَعَوُّذٍ تَعَوَّذَ ثُمَّ رَكَعَ فَجَعَـلَ يَقـولُ: (سَـبْحانَ رَبـيَّ الْعَظيم) وكانَ رُكوعُهُ نَحْواً مِنْ قِيامِهِ ثُمَّ قالَ: (سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، رَبَّنـا لَكَ الْحَمْدُ) ثُمَّ قامَ قِياماً طويلاً قَريباً مِمّا رَكَعَ ثُمَّ سَجَدَ فَقالَ: (سَـبْحانَ رَبيَّ الأَعْلى) فَكانَ سُجُودُهُ قَريباً مِنْ قِيامِهِ) رواه احمد ومسلم والنسائي].

لــە حوزەیفــەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هــاتوە، کــە وتویــەتی: ((شــەوێك لــە خزمــەتی پێغەمبــەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نوێــژم کــرد دەســتی کــرد بــە خوێنــدنی ســورەتی ((بەقەرە))، وتم لە ئایەتی سەدیا ئەچێتە روکوعــەوە، لــە پاشــا لــەوە تێپــەڕی، وتم: لەیــەك رکــات نوێــژدا ســورەتەکە تــەواو ئــەکات، دەی هــەر ڕۆیــی، وتم: لەگــەڵ تەواوبوونیدا ئەچێتە رکوعەوە، هەر لەسەر خوێنــدن چــوو لەپاشــا دەســتی کــرد بــە خوێندنی سورەتی ((**نساء**))و تەواوی کردو لەپاشا دەستی کرد بەخوێنــدنی ســورەتی ((**آل عمران**))و تەواوی کردو بەهێواشی، هەرکاتێ ئایەتێکی بخوێندایەو باســی پــاکو بــێ عــەیبی خــوای بکردایــە ((تەسبیحاتی)) خــوای دەکــرد،و ئایــەتێکی داواکــاری بخوێندایە داوای - شتی لە خــوا - ئــەکرد، وە ئەگــەر ئایــەتێکی پــەناگرتن بــەخوای بخوێندایە، پەنای بە خوا دەگرت لەپاشدا چووە رکوعەوەو ئەیفــەرمو ((**سُبْحانَ رَبِّي**

العَظِيم/ پاكو بێ عەیبە پەروەردگاری گەورەم)) وە ركوعەكەی نزیكی وەستانەكەی بوو لەپاشا سەری بەرز كردەوەو فەرموی: ((**سَمِعَ اللهُ لمن حمدهُ**/ خوا وەری گرت داوای ئەو كەسەی كە سوپاسی كرد، ئەی پەروەردگارم تەنها بۆتۆیە سوپاس)) لەپاشا وەستانێكی درێژی كرد نزیك بوو لەو وەستانەی كە چەمایەوە (الركوع) تێیدا لەپاشا سوجدەی بردو فەرموی: ((**سبحان ربِّي الاعلى**/ پاكو بێ عەیبە پەروەردگاری بلند مەقام)) وە سوجدەكەیشی نزیك بوو لە وەستانەكەی بەڵێ ئەم فەرمودە چەندین فرمانو حوكمی لێوەردەگیرێ لەوانە:

١- دروستە شەونوێژ بە جەماعەت بكرێت.

٢- پاشو پێش كردنی سورەتەكانی قورئان لە نوێژدا دروستە.

٣- ئەو سێ زیكرانە لەو سێ شوێنەدا سوننەتە بخوێنرێن (**سُبحانَ رَبِّي العَظيم**) لە ركوع داو (**سبحان ربِّي الاعلى**) لە سوجدەداو (**سَمِعَ اللهُ لمن حمدهُ**) لە سەر بەرزكردنەوەی پاش ركوع دا.

٤- دروستە ئەو روكنانە درێژ بكرێنەوە بە ئەندازەی نزیكەی وەستانی نوێژەكە.

٥- ریزكردنی روكنەكان بەو شێوەیە پێویستەو نابێ پاشو پێش بخرێن، واتە: (قیام، ركوع، رفع اعتدال، سجدە/وەستانو چەمینەوەو بەرزبوونەوەو راست وەستانو كورنوش).

٦- دوعاو پارانەوەو پەنا گرتن بەخوا لە كاتی خوێندنەوەی ئایەتانێك دا كە ئەو مانایە بگەیەنن سوننەتە لە نوێژدا.

١٤١- ن/٧٢٥ [عن اِبنِ مَسعودٍ، قالَ: (رَاَيْتُ اَنَّ النَّبيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُكَبِّرُ فى كُلِّ رَفْعٍ وخَفْضٍ وَقيامٍ وَقُعُودٍ) رواه احمد والنسائى والترمذى وصَحَّحه]

له کوڕی مەسعودەوە (عبد الله) هاتوه، کەوتویەتی: ((چاوم بە پێغەمبەر (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کەوت کە (الله أكبر)ی ئەکرد لە هەمو بەرزبوونەوەیەكو نزم بوونەوەیەكو هەستانو دانیشتنیا.

١٤٢-ن/٧٢٩ [(عن جابر، قال: اشْتكى رَسولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَصَلَّيْنا وَرَاءَهُ وَهوَ قاعِدٌ، وَابو بَكرٍ يُسْمِعُ النَّاسَ تَكْبيرَهُ) رواه احمد ومسلم والنسائى وابن ماجة]

له جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەخۆش بوو ئێمە نوێژمان لە پشتیەوە کرد کە ئەو تەشریفی دانیشتبوو، ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێ) (الله أكبر)ەکانی ئەدا بەگوێی خەڵکا، واتە دروستە کەسانێك بە پێوەبن پەیرەوی بکەن لە ئیمامی دانیشتوو، هەروەها دروستە کاتێ کە دەنگی ئیمام نە دەگەیشتە خەڵك کەسێك، یان کەسانێك بە گوێرەی پێویست دەنگ بەرزبکەنەوەو (الله أكبر)ەکانی ئیمام بە خەڵك ڕاگەیەنن.

١٤٣- ن/٧٣٢ [(عن مصعب بنِ سَعْدٍ قال: (صَلَّيْتُ الى جَنْبِ اَبى، فَطَبَّقْتُ بَيْنَ كَفَّيَّ ثُمَّ وَّضعتهُما بَيْنَ فَخِذَيَّ فَنَهانِي عَنْ ذلِكَ وَقالَ: كُناَّ نَفْعَلُ هذا، وَاُمِرْنا اَنْ نَضعَ اَيْدِينا عِلىَ الرُّكَب) رواه الجماعة]

لە مەسعەبی کوڕی سەعدەوە هاتوە کەوتویەتی: ((لە تەنیشتی باوکم نوێـژم کـرد هەردو ناولەپم لکاند بەیەکەوە خستمە نێوان هەردو ئەژنۆم دا - لە کاتی رکوع دا - باوکم بەرگری ئەوەی لێکردم ووتـی: ئێمـەیش لـە پێشـەوەوامان دەکـرد - بـەلاّم - فرمانمان پێدرا کە دەستەکانمان لەسەر ئەژنۆکانمان دابنێین.

١٤٤- ن/٧٣٥ [(عن عائشة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُا) انَّ رَسولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) كان يَقولُ فى رُكُوعِهِ وَسُجُودِهِ: (سُـبُّوحٌ قُـدّوس رَبُّ المَلائِكـةِ والرُّوحِ) رواه احمد ومسلم وابوداود والنسائى]

لە خاتون عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەری خـوا (صَلّىٰ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە رکوعو سوجدەیدا ئەیفەرمو: ((پاكو بێ عەیبەو خـــاوەن خێری زۆرە - خواو - پەروەردگاری فریشتەکانو جبرەئیلە))، واتە سوننەتە ئەم دوعایەش لـەو دوو شـوێنەدا بخوێنرێـت جـا چ بەتـەنها خۆیـان، یـان لەگـەڵ ئـەوەی فـەرمودەی (١٤٠) هەروەها چەندین دوعاو نزای تری پێغەمبەرمان هاتوە، لەم دوو شوێنەداو هـەمویان سوننەتن چ بەیەکەوە چ بەتاکی[(١)]، والله أعلم.

١٤٥- ن/٧٣٩ [(عن ابن عباس رضى الله عنهما قال: كَشَفَ رَسولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) السِّتارَةَ، والنَّاسُ صُفوفٌ خَلْفَ اَبِي بَكْرٍ، فَقـالَ: يأَيُّهـا النَّاسُ لَمْ يَبْقَ مِنْ مُبَشْرَاتِ النُّبوَّةَ اِلا الرُّؤْيا الصّالِحَةُ، يَراهـا الْمُسْـلِمُ اَوْ تُرى لَهُ، اَلا وانىّ نُهيت اَنْ اَقْرَأ القـُـرآنَ رَاكِعـاً اَوْ سـاجِداً اَمَّـا الرُّكـوعُ

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٧٣٦) و شەرحەکەی بکەن لە سەرچاوەی پێشوودا.

فَعَظِّموا فيه الرَّبَّ وَاَمَّا السُّجودُ فَاجْتَهِدوا فی الدُّعاءِ فَقَمِنٌ اَنْ يَسْـتَجابَ لَكُمْ) رواه احمد ومسلم وابوداود والنسائی].

له عەبدوڵڵای كوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كەوتویەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) - لەوكاتەی كە نەخۆش بـوو لەماڵـەوە- پـەردەی لاداو تەماشـای كرد خەڵك لە پشتی ئەبوبەكرەوە ڕیزیان بەستووە -بۆ نوێژ- فەرموی: ئەی خەڵكینە مژدەدەرانی پێغەمبەرایەتی نەماون - ئەمە ئیشارەیە بە كۆچـی خـۆی- بێجگـە لـە خەوی چاك كە مسوڵمان خۆی ئەیبینێ یان خەڵكی تر پێـوەی ئـەبینن، ئاگـادار بـن من بەرگری كراوم لەوەی كە قورئان لە ركوعو سجوودا بخوێنم -واتە قورئان خوێنـدن لە ركوعو سوجوددا دروست نیە جا نوێژ بەتاڵ ئەكاتەوە یان نەء ئەوە نـاكۆكی تێـدا هەیە جا لە ركوعدا خوا بەگەورە دابنێن، واتە ئەو وشـانە بـەكاربهێنن كـە بەڵگـەی دەسەڵاتو گەورەی خوایەوەكو ئەو وشانەی لە پێشەوە باسكران،وە لـە سـوجودا زۆر بپاڕێنەوە - چونكە لەو جێگادا شایستەیە كە دوعاو نزاكانتـان لێوەرگیرێـت، واتـە پارانەوەو دوعای زۆركردن لە سوجدەدا شتێكی چاكو شەرعییە.

١٤٦- ن/٧٤٠ [(عن ابی هريرة (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: كَانَ رَسولُ الله (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اِذا قامَ اِلی الصَّلاةِ يُكَبِّرُ حينَ يَقومُ ثُمَّ يُكَبِّرُ حينَ يَرْكَعُ، ثُمَّ يَقولُ: (سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ) حينَ يَرْفَعُ صُلْبَهُ مِنَ الرَّكْعَـةِ ثُـمَّ يَقـولُ وَهوَ قائمٌ: (رَبَنا وَلَكَ الحَمْدُ) ثُمَّ يُكَبِّرُ حينَ يَهْـوی سـاجداً، ثُـمَّ يُكَبِّـرُ حينَ يَرْفَعَ رأْسَهُ ثُمَّ يُكَبِّرُ حينَ يَهْوی ساجداً، ثُمَّ يُكَبِّرُ حينَ يَرْفَعَ رأْسَهُ، ثُمَّ يَفْعَلُ ذلِكَ فی الصَّلاةِ كُلِّها، وَ يُكَبِّـرُ حـينَ يَقـومُ مِـنَ الثِّنْتَـيْنِ بَعْـدَ الجُلُوسِ) متفق علية وفی رواية لهم: (رَبَنا لَكَ الحَمْدُ)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە/ کە وتویەتی: ((پێغەمبەری خوا (صَلَّیٰ اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) هەرکاتێ هەڵسابێ بۆ نوێژ بە (الله أکبر) دەستی پێ ئەکرد لەو کاتەدا کە رائەوەستا لەپاشا (الله أکبر)ی ئەکرد ئەوکاتەی کە ئەچووە رکوعەوە لەپاشا ئەیفەرمو: ((**سَمِعَ الله لمن حمده**)) کاتێ پشتی بەرز ئەکردەوە لە رکوع لەپاشا ئەیفەرمو: ئەوکاتەی کە بەپێوە وەستا ((**ربَّنا ولك الحمد** -و لە هەندێ ریوایەتی فەرمودە کەدا (واوەکەی) نیە بەم شێوەیە (**ربَّنا لك الحمد**) واتە: هەردو شێوە دروستە. لەپاشا (الله أکبر)ی ئەکرد وەختێ دادەنەوییەوە بۆ سوجدە لەپاشا (الله أکبر)ی ئەکرد ئەو کاتەی کە ئەچووە سوجدەی - دوهەمەوە - لەپاشان (الله أکبر)ی ئەکرد کاتێ کە لە سوجدەی دووهەم سەری بەرز ئەکردەوە، لەپاشا ئا بەو شێوەیەی ئەکرد لەهەمو نوێژەکەیداوە (الله أکبر)ی ئەکرد کاتێ کە لە دووهەم رکات پاش دانیشتن هەڵئەسایەوە. لەم فەرمودەیەدا شوێنی (الله أکبر)ەکان دیاری کراوە هەروەها شوێنی- **سَمِعَ الله لمن حمده**، وە شوێنی - **ربَّنا ولك الحمد.**

<u>تێبینی:</u> (الله أکبر)ی ئەوەڵ واجبەو ئەگەر نەکرا نوێژەکە هەڵوەشاوەیەو دروست نیە بەڵام باقی (الله أکبر)ەکانی تر سوننەتن بۆ ئیمامو بۆ مەئموم.

١٤٧- ن/٧٤٥ [(عَنْ أَبِی مَسْعودِ الْأَنْصاریِّ (رَّضِیَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: کَانَ رَسولُ الله (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ): (لا تُجْزِئُ صَلاةٌ لایُقیم فیها صُلْبَهُ فی الرکوع والسجود) رواه الخمسة وصَحَّحه الترمذی)]

لە ئەبو مەسعودی یاریدەدەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّیٰ اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: دروست نیە نوێژی ئەو کەسەی کە لە رکوعو سوجوددا پشت بەرز نەکاتەوە، واتە پێویستە لە رکوعو سوجوددا بەچاکی پشتی

بەرز بكاتەوەو ئەوەندە بوەستێت تا پشتی ئارام ئەگرێت، ئەگینا نوێژەكەی خۆماندو كردنەو هیچی تر.

١٤٨- ن/٧٤٨ [(عَنْ عبْدِالله بن بُحَينَةَ قال: (كَانَ رَسولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذا سَجَدَ يُجَنِّحُ في سُجُودِهِ حَتى يُرىَ وَضْحُ إِبْطَيْهِ) متفق عليهٔ].

لە عەبدوڵڵای كوڕی بوحەینەوە هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەركاتێ سوجدەی ببردایە قۆڵەكانی لەتەنیشتی دور ئەخستەوە بە شێوەیەك كە سپیایی بن دەستمان ئەبینی.

١٤٩- ن/٧٤٩ [(عَنْ اَنِس (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) عن النبيّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: (اِعْتَدِلوا في السُجُودِ وَلا يَبْسُطْ اَحَدُكُمْ ذَراعيهِ اِنْبساط الْكَلْبِ) رواه الجماعةُ].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی ڕاست بوەستن لە سوجدەكانداو قۆڵەكانتان ڕانەخەن، وەكو ڕاخستنی سەگ، بەڵكو پێویستە هێز بدەنە سەر دەستەكانتانو لەپی دەست لەزەوی بتەو بكرێتو قۆڵەكان بەرزبكرێنەوەو لە تەنیشت دور بخرێنەوە، مەگەر كابرا توانایی نەبێت یان زۆر سەخت بێ بۆی لەم كاتەدا ئەتوانێ زیاتر زۆر لە ئەژنۆكانی بكات، وەكو لە فەرمودەی (**اسْتَعينوا بِالرُكب** - بە ئەژنۆكان یارمەتی وەرگرن) [1] داهاتوە.

---

(١) ئەبو داود (٩٠٢) و ترمزی (٢٨٦) و حاكم (١/ ٢٩٩) وئیبنوحبان (٥٠٧- مەوارید)و بەیهەقی (٢/٢٩-٣٠) و شەوكانی لە ڕاڤەی فەرمودەی (٧٤٨) ی خۆی نەیلول ئەوتاردا هێناویانە.

١٥٠- ن/٧٥٣ [(عن ابن عباس (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُما) قال: قالَ النبــيّ (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (اُمِرْتُ اَنْ اَسْجُدَ عَلىَ سَبْعَةِ اَعْظُمٍ عَلى الْجَبْهَةِ وَاَشارَ بيَدِهِ عَلَى اَنْفِهِ، والْيَدَيْنِ، والرُّكْبَتَيْنِ , والْقَدَمَيْنِ) متفق عليهْ].

له عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کەوتویەتی: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: فرمانم پێ دراوە - لە لایەن خواوە - کە سوجدە ببەم لەسەر حەوت ئێسقانم: لەسەر ناوچەوانمو ئیشارەی کرد بەدەستی بۆ لوتیشی، واتە ناوچەوانو لوت بەیەکەوە سەر زەوی بخرێن،وە هەردوو دەستو هەردوو ئەژنۆو هەردوو پێ،لە وحەوتانە تەنها ناوچاو پێویستە روت بێ.

١٥١- ن/٧٥٤ [(عَنْ اَنِس (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قال: (كُناَّ نُصَلّى مَعَ رَسولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فى شِدَّةِ الحَرِّ فاِذا لَمْ يَسْتَطِعْ اَحَدُنا اَنْ يَمْكِّنَ جَبْهَتَهُ مِنْ الأَرْضِ بَسَطَ ثَوْبَهُ فَسَجَدَ عليه) رواه الجماعة] .

له ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کەوتویەتی: ((ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نوێژمان ئەکرد لەکاتی زۆر گەرمادا، جا ئەگەر هەرکاتێ هیچ کام لە ئێمە لەبەر زۆر گەرمی نەیتوانیایە ناوچەوانی بەچاکی لەسەر زەوی دانێت پۆشاکێکی خۆی رائەخستو سەری ئەنایە سەری، واتە دروستە سوجدە لەسەر زەوی نەبێ، بەلاّم ئەگەر بەهانە نەبوو چاكوایە لەسەر زەوی بێت. چونکە لێرە ئەبینین لەبەر زۆر گەرمی بووەو ریوایەتی بێ بەهانەی سەر لەسەر شت دانان زۆرن، بەلاّم زۆریەیان تەواو نیەن، والله أعلم.

١٥٢- ن/٧٥٧ [(وعنه قال: كانَ رَسولُ الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) قـال: (سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ) قامَ حتى نَقول: قَدْ اَوْهَمَ ثَمَّ يَسْـجُدُ وَيَقْعُـدُ بَـيْنَ السَّجْدَتَيْنِ حَتى نَقولَ قَدْ اَوْهم) رواه مسلم].

هەر لەوەوە هاتوە، كە وتویەتی: ((پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەركاتێ لە نوێژدا ئەیفەرمو (سَمِعَ اللهُ لمن حمده)) ئەوەندە ئەوەستا تا ئێمەوامان گومـان دەبـرد كە بێ ئاگا بـووەو سـەهوی كـردووە لەپاشـان سـوجدەی ئـەبرد، ئەوەنـدە دائەنیشت لەنێوان سوجدەكاندا تاوامان گومان ئەكرد كە بێ ئاگا بووەواتە درێـژە دان بـەو دوو شوێنە سونەتە هەروەكو درێژكردنەوەی ركوعو سوجودەكان بەلاّم كەمتر.

١٥٣- ن/٧٥٩ [(عن ابن عباس (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُما) اَنَّ النبّـيّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): كانَ يَقولَ بَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ: (اَللّهُم اغْفِرلـي وَارْحَمْنـي وَاجْبُرْنـي وَاهدِني وَارْزقني) رواه الترمذی وابن ماجه وابوداود، الا انه قال فيـه: (وَعـافِنِي مَكَانَ وَاجْبُرْني)].

لە عەبدوللاّی كوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كـە پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە نێوان هەردوو سوجدەكاندا ئەیفەرمو: ((ئـەی خوایـە لـێم ببـورەو بـەزەییت هەبێ بۆمو كەمو كوڕیەكانم بۆ ساغ كەرەوەو ڕێنمایم بكەو ڕۆزیم پێ بدە... بەلاّم لـە ڕیوایەتی ئەبو داوددا - چاوپۆشیم لێبكە/ عافنی لە باتی ((واجبرنی)) هاتوە - ئەم فەرمودەیە بەڵگەیە كە لەو شوێنەدا دوعاكردن بەو وشـانە سـونەتەو وشـەی تـریش هاتوە وەكو (رب اغفرلي، رب اغفرلي[1]) پەروە ردگارم لێم خۆ شـبە، پـەروەردگارم لێم خۆشبە.

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە ٧٥٨، لە سەرچاوەی پێشوو بكە.

(٤٨٤/ن/٢٢٤٨) [عن ابی سعید وابی هریرۀ ان رسول الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) اسْتَعْمَلَ رَجُلاً عَلَى خَيْبَرَ فَجَاءَهُمْ بِتَمْرٍ جَنِيبٍ فقال: (اَكُـلُّ تَمْـرِ خَيْبَرَ هَكَذَا؟قَالَ : اِنَّا لَنَأْخُـذُ الصَّـاعَ مِـنْ هَـذَا بِالصَّـاعَيْنِ وَ الصَّـاعَيْنِ بِالثَّلاثَةِ فَقَالَ : (لاتَفْعَلْ ، بِعِ الْجَمْعَ بِالدَّراهِمِ ، ثُمَّ ابْتَعْ بِالدّراهِمِ جَنِيبـاً)] رواه البخـاری ومسـلم والنسـائی. (خ / ٢٢٠١/ ٢٢٠٢م /٩٤ /١٥٩٣) والنسـائی (٢٧١/٧).

له ئەبو سەعیدو ئەبو هورپرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پیاوێكی كرد بەسەرپەرشتی خەیبەر ئەویش هەندێ خورمای چاكی بۆ هێنان فەرموی: ئایا خورمای خەیبەر هەموی ئاوایە؟

وتی: ئێمە مەنێك لەمە وەرئەگرین بە دوو مەنو دوومەن وەرئەگرین بە سێ، فەرموی: ((وانەكەیت، ئەو خورما خراپە بفرۆشەو بە پارەكەی خورمای چاك بكڕە (جنیب) خورمای چاكە (جمع) خورمایەكە، كە وشكەڵۆ پیسی زۆرەو لەو خراپترە، واتە مادام یەك ڕەگەزن نابێ بە زیادو كەم بەیەك بفرۆشرێن، چونكە ئەو جۆرە خورما فرۆشتنە سووە (الربا).

(نەزانینی یەکسانی وەکو زانینی زیادە وایەو ڕەوا نیە)

(٤٨٥/ ن/٢٢٤٩) [عن جابر قال: نَهَى رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) عَنْ بيعْ الصُّبْرَةِ مِنَ التمر لا يُعْلَمُ كَيْلُها بِالكيلِ الْمُسَمىَّ مِنَ التَّمْرِ] رواه مسلم (١٥٣٠)، والنسائي (٧/٢٧٠).

له جابیرەوه (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه، که وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری کردوه له فرۆشتنی کۆگایەك خورما به خورمایە، که نەزانرێت پێوانەی به پێوانەیەکی ناوبراو (واته هەر چۆن خورمای زیادە به خورما دروست نیە مادام نەزانی یەکسانیشن هەم دروست نیە.

(٤٨٦/ن/٢٢٥١) [عن ابن عمر عَنِ النَّبِـيِّ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) قَـالَ: (اَلمِكْيَالُ مِكْيَالُ اَهْلِ الْمَدِينَةِ وَالْوَزْنُ وَزْنُ اَهْلِ مَكَّةَ)] رواه ٣٣٤٠/ ابـوداود ٥ر٥٤ والنسائي.

له عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوه (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه، له پێغەمبەرەوه (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) که فەرمویەتی: پێوانه پێوانەی خەڵکی مەدینەیەو کێشانه کێشانەی خەڵکی مەکەیە، واته ئەو دوانه لەو سەردەمەدا ڕێكوپێکترین پێوانەو کێشانەیان هەبووە، ئێستایش چاو لەوان کردن چاکه.

٤٨٧[١]/ ن/٢٢٥٥) [عنِ سَهْل بن ابى حثمة قَالَ: نَهَى رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عن بَيْعِ الثَّمَرِ بالتَّمْرِ وَقَالَ ذَلِكَ الرِّبَا تِلْكَ الْمُزابَنَةُ اِلاَّ اَنَّهُ رَخَّصَ فِي بَيْعِ العَرِيَّةِ، النَّخْلَةَ والنَّخْلَتَينْ يَأْخُذُهَا اَهْلُ الْبَيْتِ بِخَرْصِهَا تَمْراً يَأْكُلُونَهَا رُطَباً] (خ/٢١٩١) م/٦٨/١٥٤٠) وابوداود (٣٦٦٣) والنسائى (٧/ ٢٦٨).

لە سەهلی كوڕی ئەبو حەسمەوە هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری كردوە لە فرۆشتنی بەروبومی تەڕ بە خورماوە، فەرمویەتی ئەوە سووەو ئەوەیە (مزابەنە) كە لە پێشەوە باسمان كردوە، بەلاَم ماوەی داوە بە (مامەڵەی عەرایە) كە دار خورمایە یان دوو دار خورمان تا چوار خەروار خورمای تەڕ, لەبەر پێویستی بە خورمای ووشك بفرۆشرێتو كابرا سوود لە تەڕەكە وەرگرێت، دیارە ئەو فرۆشتنە بە گوترەكاری ئەبێو لەبەر پێویستیو نیازی زۆری خەڵك ماوەی پێدراوە, ناكرێ بە قیاس بۆ شتانی تر.

(٤٨٨/ ن/٢٢٥٩) [(عن جابر: اَنَّ النَّبِّي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اشْتَرىَ عَبْداً بِعَبْدَيْنِ) رواه الخمسة احمد (٣٤٩/٣، ٣٥٠، ٣٧٢) وابوداود (٣٣٥٨) والترمذى (١٢٣٩) وابن ماجه(٢٨٦٩) الا النسائى وصححه الترمذى ومسلم (١٦٠٢/١٢٣) بمعناه

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بە ڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەندەیەكی كڕیوە بە دوو بەندە، واتە دروستە حەیوانێك بفرۆشرێت بە دوو حەیوانو سووی تێدا نیە، ئەگەر دەست بە دەست بێ.

(٤٨٩/ ن/٢٢٦٦) [(عن ابن عمر ان النبّي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: (اِذَا ضَنّ النَّاسُ بِالدِّينَارِ وَالّدرهَمِ وَتَبَايَعُوا بِالْعِينَةِ واتَّبَعُوا اَذْنَابَ الْبَقرِ وَتركُوا

اْلجِهَادَ فِي سَبِيلِ اللهِ، اَنْزَلَ اللهُ بِهِمْ بَلاَءً فَلاَ يَرْفَعُهُ حَتَّى يُراجِعُوا دِيَـنهُمْ)
رواه احمد وابوداود (٣٤٦٢) بلفظ آخر وقال الحافظ رجاله ثقاة وعندى حسن لغيره والله اعلم].

له عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بە ڕاستی پێغەمبەر (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی هەرکاتێ خەڵکی رژدیان کرد لە دینارو درەمداوە مامەڵەی عینەیان کرد، واتە بازرگان ماڵی فرۆشت بە کابرا بە قەرزو لە پاشان هەمان ماڵی لێکڕیەوە بە حازر بە کەمتر لەو نرخەی پێی فرۆشتووە – بە داخەوە کە ئەمڕۆ ئەمە زۆر باوە لە ناو بەناو موسڵمانانندا –وە دوای کلکی مانگا کەوتن‌و واتە دەستیان کرد بە تۆو چاندن‌و لە کاتی پێویستی جیهاددا وازیان لە جیهاد هێنا لە ڕێگای خوادا، خوا تەنگو چەڵەمەو گرفتارییەکی زۆرو گەورەیان ئەدا بەسەرداو لای نابات لەسەریان هەتا نەگەڕێنەوە بۆ لای ئایینەکەیان. وە ئەبو داود بە شێوەیەکی تر هەمان فەرمودەی گێڕاوەتەوە.

٤٩٠/ ن/٢٢٧٤ [(عن ابى هريرة، اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَرَّ بِرَجُلٍ يَبِيعُ طَعَاماً، فَأَدْخَلَ يَدَهُ فِيهِ فَاِذاً هُوَ مَبْلُولٌ، فَقَالَ (مَنْ غَشَّنا فَلَيْسَ مِنَّا)
رواه الجماعة الا البخارى والنسائى م(١٦٤/١٠٢) احمد (٢/٢٤٢) وابوداود(٣٤٥٢) والترمذى (١٣١٥) وابن ماجة (٢٢٢٤)]

له ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بە ڕاستی پێغەمبەر (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دای بەلای کابرایەکدا کە خواردەمەنی ئەفرۆشت، جا دەستی کرد بەناویا دی کە لەناوەوە تەڕەو فەرموی (ئەو کەسەی گزیمان لێبکات لە ئێمە نیە)، واتە گزی کردن لە فرۆشتندا ناڕەوایە.

(٤٩١/ ن/٢٢٧٦) [(عَنْ عَائِشَةَ (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْها): (اَنَّ النَبّـِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَضَى اَنَّ الْخَرَاجَ بِالضَّمَانِ) رواه الخمسة الا الترمذى، وللحديث عند احمد (٤٩/٦، ١٦١، ٢٠٨،٢٣٧) والنسائى (٧/ ٢٥٤،٢٥٥) ءابن ماجة (٢٢٤٢) ابى داود ثلاث طرق اثنتان رجالهما رجال الصحيح والثالث قال ابوداود ليس بذلک].

لە دایکی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە بە ڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڕیاری دا کە پەیدا بوو سوود لە باتی زەمانەت دایە، واتە ئەگەر کەسێك سەیارە، یان ولآخێکی کڕیو چەند ڕۆژێك ئیشی پێکردو سودێکی لێ دەست کەوتو پاشان دەرکەوت کە عەیبدارەو بردیەوە بۆ خاوەنەکەی ئەوە هەر سەیارە، یان ولآخەکەی ئەکەوێتەوە نەك ئەوەیش کە لێی پەیدا کردوە، چونکە ئەو ماڵە لە زەمانەتی ئەم دابووە ئەگەر لەو بەینەدا بفەوتایە نەیدەتوانی بیداتەوە بەسەر خاوەنەکەیدا کەوابوو ئەو سودە لە باتی ئەو زیانە بەو دەدرێت. ئەمە یاسایەکی گەورەی فیقهییەو گەلێك کێشەی پێ چارەسەر ئەکرێت. واللە اعلم.

(٤٩٢/ ن/٢٢٧٧) [(عَن اَبى هُريرة، اَنَّ النبّـِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) قـال: (لاتُصَرّوا الأبِلَ وَالْغَنَمَ فَمَن ابتَاعَهَا بَعْدَ ذَلِكَ فَهُوَ بخَيرِ النَّظَـرَيْنِ بَعْـدَاَنْ يَحْلِبَهَا اِنْ رَضِيَهَا اَمْسَكَهَا وَاِنْ سَخِطَهَا رَدّهَا وَصَاعاً مِنْ تَمْرٍ) متفق عليـة، رواه الجماعة الا الترمذى وابـن ماجـة خ(٢١٥٠) م(١٥١٥/١١) (٢٦/ ١٥٢٤) احمـد (٣٩٤/٢، ٢٤٢، ٤٦٥، ٤١٠) وابوداود (٣٤٤٣) والنسائى (٢٥٣/٧)]

(لاتَصُروا): واتە کۆ مەکەنەوە شیر لە گوانی شیرداراندا تا خەڵکی پێ بخەڵەتێننو وابزانن شیریان زۆرە. ئینجا ئەچینە سەر فەرمودەکە:

لە ئەبوهورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە بە ڕاستی پێغەمبەر (صَلىَّ اللّهُ عَلَيـهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: شیر كۆ نەكەنەوە لە گوانی وشترو مەڕەكاندا – بۆ خەڵەتاندن كە چەند ڕۆژێك نەیاندۆشن ئینجا بیانبەنە بازاڕەوە – جا ئەو كەسەی كە ئەو جۆرە حەیوانانەی كڕی بۆ شیرو – دوایی بۆی دەركەوت كە فێڵیان كردووە – دو ڕێگای بۆ هەیە دوای ئەوەی كە دۆشی، ئەگەر ڕازی بو وەریگرێت، وە ئەگەر ڕازی نەبو بیگەڕێنێتەوەو بۆ هەر حەیوانێك مەنێ خورماشی پێ بدات لە باتی شیرەكە.

(٤٩٣/ ن/٢٢٧٩) [(عن انس قال: غَلاَ السِّعْرُ عَلَى عَهْدِ رَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالُوا: يَا رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لَوْ سَعَّرْت فَقَالَ: (اِنَّ اللهَ هُوَ الْقَابِضُ الْبَاسِطُ الرَّازِقُ الْمُسعِّرُ وَاِنِيِّ لاَرْجُو اَنْ اَلْقَى الله – عزوجلّ – وَلاَ يَطْلُبُنِى اَحَدٌ بِمَظْلَمَةٍ ظَلَمْتُها اِيَّاهُ فى دَمٍ وَلاَ مَالٍ) رواه الخمسة الا النسائى وصححه الترمذى، احمد (١٥٦/٣، ٢٨٦) وابوداود (٣٤٥١) والترمذى (١٣١٤) وابن ماجة (٢٢٠٠)].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كەوتویەتی: شت گرانبو لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيـهِ وَسَلَّمَ) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيـهِ وَسَلَّمَ) خۆزگە نرخی شتت دیاری بكردایە، فەرموی: بەڕاستی هەر خوایەو تەنگانەو فەرەحی دەرەو ڕۆزیدەرەو نرخ دیاریكەرە،و بە ڕاستی من هیوادارم بگەم بە خوای باڵادەستو گەورە – هیچ كەسێك داوای باجی ستەمێكم لێ نەكات كە ستەمم لێ كردبێت نە لە گیانو نە لە ماڵدا، واتە نرخی كاڵاو خۆراك دیاری كردن لەلایەن دەسەڵاتدارەوە دروست نیە.

(٤٩٤/ ن/٢٢٨٠) [(عَنْ سَعِيدِ بن الْمُسَيِّب عَنْ معمر بن عبدالله العدوى اَنَّ النَّبِىَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: (لاَيَحْتِكَرُ اِلاّ خَاطِىءٌ) رواه احمد

(٣/٦٦،٣٥٤/٤٠٠) ومسلم (١٢٩/١٦٠٥) وابوداود (٣٤٤٧) والترمذی (١٢٦٧) وابـن ماجة (٢١٥٤) رواه الجماعة البخاری والنسائی].

لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە لە مەعمەری کوڕی عەبدوڵای عەدەوییەوە هاتوە کە بە ڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئەوەی کە مادەی خۆراك هەڵگرێت لە کاتی پێویست بۆ گرانی تاوانبارە، واتە حەرامو قەدەغەیە شت هەڵگرتن بە مەبەستی گران کردنو بە گران فرۆشتن (الاحتكار).

(بەشی سێیەم)

(٤٩٥/ن /٢٢٨٦) [عَنْ اِبْن عَبَّاس قَالَ: قَدِمَ النَّبِّیُّ (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) الْمَدِینَةَ وَهُمْ یُسْلِفُونَ فِی الثِّمَارِ السَّنةَ وَالسَّنَتَیْنِ فَقَالَ: مَنْ اَسْلَفَ فَلْیُسْلِفْ فی كَیْلٍ مَعْلُومٍ وَ وَزْنٍ مَعْلُومٍ اِلی اَجَلٍ مَعْلُومٍ، رواه الجماعـة]. / احمد (٢٨٢/١) خ (٢٢٤٠، ٢٢٤١) م (١٢٧/ ١٦٠٤) وابوداود (٣٤٦٣) والترمذی (١٣١١) والنسائی (٢٩٠/٧) وابن ماجة (٢٢٨٠).

(سلف، واتە: سلم) هەردو یەكواتایان هەیەو بەوە دەوترێت كە كابرا پارە ئەدات بە كابرایەك بە شتێك كە لەوكاتەدا نیەو پاش ماوەیەك پەیدا ئەبێ، وەكو ئەوە بڵێ فرۆشندە یان بكڕ – هەزار دینارم پێ بدە كە ئێستا زستانە، هاوین دو تەن گەنمت پێ ئەدەمو هەردو ڕازی ببنو پارەكە وەرگرێت، جا بۆ ئەمە پێویستە چاو لەم فەرمودەیە بكەین كە عەبدوڵای كوڕی عەباس(خوا لێی ڕازی بێ) وتویەتی: پێغەمبەر (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) تەشریفی گەیشتە مەدینە خەڵكی مەدینە سەلەمیان كرد لەسەر بەروبومی ساڵێكو دو ساڵ فەرموی: هەركەسێك سەلەم ئەكات با سەلەمەكەی بە پێوانەیەكی دیاری بێ –ئەگەر بە پێوانە بو-وە كێشانەی دیاری –ئەگەر كێشانە بو-وە بۆ ماوەی دیاری.

(٤٩٦/ن /٢٢٩٢) [عَنْ اَبِی رَافِعٍ قَالَ: استلف النبّی (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) بكرً فَجَائَتْهُ اِبِلُ الصَّدَقَةِ فَأَمَرَنِی اَنْ اقضی الرَّجُلَ بِكْرَه فَقُلْتُ: اِنِیّ لَمْ

اَجِدْ فِي الْاِبِلِ اِلاّ جَمَلاً خياراً رُبَاعِيّاً فَقَالَ: (اَعْطِهِ اِيَّاهُ فَاِنَّ مِنْ خَيْرِ آلنَّاسِ اَحْسَنُهُمْ قَضاءً)] رواه الجماعة الا البخاری م (١٢٢٤/٣) و (١٦٠٠/١١٨) / احمد (٣٩٠/٦) وابوداود (٣٣٤٦) والترمذی (١٣١٨) والنسائی (٢٩١/٧) وابن ماجة (٢٢٨٥).

له باوكی ڕافیعەوه (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه كەوتویەتی: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وشترێكی وەرگرت بە سەلەم، ئینجا وشتری زەكاتی بۆ هات فەرمانی پێكردم كە عەینی ئەو وشترە بدەمەوە بە كابرا، منیش وتم: وشتری وەكو هی ئەوە نیە بەڵكو هەمویان لەو تەمەنە زیاترنو چاكترن. فەرموی ئەوەی باشترە پێی بدە بە ڕاستی چاكترین خەڵك ئەو كەسەیە كە بە جوانترین شێوە قەرز ئەداتەوە، واتە زیادەدانەوە نە قەرزدا مادام لە پێشەوە بڕیاری زیادە نەدرابێت چاكەو بەر سووخۆری ناكەوێت[1]، هەروەها لێرەوە دەرئەكەوێت كە وەكیل گرتن دروستە.

---

(١) تەماشای فەرمودەی ٢٢٩٥، لە سەرچاوەی پێشو بكە – عن جابر...فقضانی و زادنی. متفق علیه.

بەشی بارمتە (الرهن)

(٤٩٧/ن /٢٢٩٩) [عن انس قال: رَهَنَ رَسَوُلُ الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) دِرْعاً عِنْدَ يَهُودِىّ بِالْمَدِينَةِ وَاَخَذَ مِنْهُ شَعِيراً لأَهْلِهِ] رواه الجماعة الا مسلماً وابى داود احمد (١٣٣/٣) خ / ٢٠٦٩) والترمذى (١٢١٥) والنسائى (٢٨٨/٧) وابن ماجة (٢٤٣٧).

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتويەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) زرێيەكی لەلای كابرايەكی جولەكە لە مەدينەدا بە بارمتە داناو هەندێ جۆی لێوەرگرت بۆ دەستو دايرەكەی خۆی.

(٤٩٨/ن /٢٣٠١) [عن ابى هريرة، عن النبّى (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) انه كان يقول: الظهر يُركبُ بِنفَقَتِهِ اِذاَكَانَ مَرْهُوناً ،وَلَبَنُ الدَّرِّ يُشْرَبُ بِنفقتِهِ اِذَا كَانَ مَرْهُوناً، وَعَلَى الذَّى يَرْكَبُ وَيَشْرَبُ النَّفَقَةُ] رواه الجماعة الامسلما والنسائى واحمد (٢٢٨/٢ /٤٧٢) خ / ٢٥١٢ وابوداود (٣٥٢) والترمذى (١٢٥٤) وابن ماجة /٢٤٤٠).

لە ئەبو هورێرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، كە ئەيفەرمو: وڵاخی سواری لە بارمتەدا سواربونی دروستە لەباتی خەرجيەكەيداو شيری شيرداری ئەخورێتەوە لەباتی خەرجيەكەيدا، وە پێويستە لەسەر ئەوكەسەی كە سواری ئەبێو شيری ئەخوات خەرجی بدات.

(بەشی ڕەوانە کردنی خاوەن قەرز بۆ لای یەکێکی تر)

(٤٩٩/ن /٢٣٠٣) [وعنه اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَطْلُ الْغَنِـيِّ ظُلْمٌ وَاِذَا أُتبعَ اَحَدُهُمْ عَلى مَلِـيءٍ فَلِيَتْبَـعْ] رواه الجماعـة خ /٢٢٨٧ احمـد (٢٤٥/٢) وابوداود (٣٣٤٥) والترمذي (١٣٠٨) والنسائي (٣١٧/٧) وابن ماجة (٢٤٠٣) (م/٣٣/ ١٥٦٤).

وە هەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کـە بەڕاسـتی پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمويـەتی: کەسـێ قـەرزی کەسـێکی بـە لاوە بـێو دەسـەڵاتی هـەبێ بیداتـەوەو نەیداتەوە ئەوە ستەمی کردوە، وە هەر کاتێ یەکێك لە ئێوە ڕەوانەی لای کەسـێکی دارا کرا با بچێت، واتە کەسێ ئەگەر قـەرزی بـە لای کەسـێکەوە بـو وەختـێ داوای کرد –یان بێ داوا- ناردی بۆ لای کابرایەك کە پارەی لابـووە کـابرا هـەیبوو، کـاتی دانەوەیشی بوو ئەبێ بچێتو بەم چونە مافی نامێنێ لەسەر قەرزاری ئەوەڵ، مەگـەر دوهەم ئینکاری بکاتو نەیداتەوە.

(٥٠٠/ن /٢٣٠٥) [عَنْ سَلَمةَ بنِ الأَكْوَعِ قَال: كُنَّا عِنْدَ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فأُتى بِجَنَازَةَ فَقَالُوا: يَا رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) صَـلِّ عَلَيْهَا قَالَ: ((هَلْ تَرَكَ شَـيْئاً؟) قالوا: لا..قَـالَ: ((هَـلْ عَلَيْـهِ دَيْـنٌ ؟)) قالُوا: ثَلاَثَةُ دَنَانِيرَ ، قَالَ:((صَلُّوا عَلى صَاحِبِكُمْ)) فَقَالَ أَبو قَتَادَةَ: صَـلِّ

عَلَيْهِ يَارَسُولَ اللهِ وَعَلَيَّ دَيْنُهُ . فَصَلَّى عَلَيْهِ) رواه احمد ٤٧/٤، ٥٠ والبخاری (٢٢٨٩) والنسائی (٤/ ٦٥)].

لە سەلەمەی كوڕی ئەكوەعەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: لە خزمەت پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بوین مردوكیان هێنا وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نوێژی لەسەر بكە، فەرموی هیچی لێ بەجێ ماوە —لە ماڵو سامان-؟ وتیان: نەخێر، فەرموی: ئایا قەرزی بەلاوەیە؟ وتیان: بەڵێ سێ دیناری بەلاوەیە، فەرموی نوێژ بكەن لەسەر ڕەفیقەكەتان —واتە نوێژی لەسەر نەكرد- لەبەرئەوەی كە قەرزار بوو، باوكی قەتادە —یەكێك لە یاوەرانی پێغەمبەر بو-وتی لەسەر من بێ قەرزەكەی. ئینجا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نوێژی لەسەر كرد، واتە پێویستە مسوڵمانان پارێزگاری لە ماڵی یەكتر بكەنو كەس ماڵی كەس بە ناڕەوا نەخواتو قەرز نەكات هەتا زۆر پێویست نەبێو كاتێ قەرزیشی كرد هەوڵ بدات هەرچی زوتر بیداتەوە، نەوەك بمرێتو كەس بۆی نەداتەوەو دەبێ لە قیامەتا بە كردەوەی باشی بیداتەوە ئەگەر هەیبو ئەگینا لە تاوانی خاوەن قەرزەكەی بە ئەندازەی قەرزەكەی ئەخرێتە سەرو ئەبێ سزا بچێژێ مەگەر كەسێك لە شەڕی دەریادا لە ڕێگای خوادا شەهید بێت ئەوە خوا خۆی بۆی ئەبژێرێت لە قیامەتا.

جا ئەم نوێژ نەكردنە تەنها تایبەتی پێغەمبەر بوە، چونكە ئەو دوعای گیرا دەبو بۆ مردو ئەویش مافی خەڵكی بەسەرەوە بوو لەبەرئەوە پێشەكی نوێژی لە قەرزدار نەدەكرد، بەڵام وەختێ سەروەتو سامان كەوتە بەردەستی بۆی ئەبژاردەوەو نوێژی لەسەر دەكردو زانایان بەلایانەوە وایە پێویستە لە بەیتولماڵ قەرزی مردوی قەرزار بدرێتەوە مەگەر خەزێنەی موسڵمانان خاڵی بێ.

٥٠١/ن /٢٣٠٩) [عن عمروبن الشريد عن أبيه عن النَّبِّيَ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لَيُّ الَواجِدِ ظُلْمٌ يَحِلُّ عِرْضَهُ وَعُقُوبَتَهُ]. رواه الخمسة الا الترمذى.

له عەمری كوڕی شەرید لە باوكیەوە لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتوە، كە فەرمویەتی: ماتەڵ كردنو نەدانەوەی قەرزی دەسەڵاتدار ستەمە ﴿وەكو فەرمودەی ٤٩٩﴾وە ئەمە ئەبێ بە هۆی – ناوبردنی بە خراپ لە كاتی سكاڵای خاوەن قەرزەكەو ئەبێ بە هۆی – تۆڵە لێ سەندنەوەی بە زیندانو شتی تر. احمد (٣٨٨/٤) وابوداود (٣٦٢٨) والنسائي (٣١٦/٧) وابن ماجة (٢٤٢٧).

٥٠٢/ن /٢٣١٠) [عن ابی سعيد قال أُصِيبَ رَجُلٌ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِى ثِمَارٍ ابْتَاعَهَا فَكَثُرَ دَيْنُهُ فَقَالَ: (تَصَدَّقُوا عَلَيْهِ)] رواه الجماعة الا البخارى (م/١٨/١٥٥٦).

له باوكی سەعیدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پیاوێك لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دوچاری قەرزاریەك هات بە هۆی بەروبومێكەوە كە كڕی بوی‌و لەناوچوبو. جا قەرزەكانی زۆر بو، پێغەمبەر فەرموی ((خێری پێ بكەن)) خەڵكی خێریان پێكرد بەڵام نەگەیشتە تەواوی قەرزەكانی، ئینجا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی بە خاوەن قەرزەكان: وەریبگرن ئەوەی كە دەستتان ئەكەوێت‌و بێجگە لەوە شتێكی ترتان بۆ نیە، واتە ئەگەر كەسێك قەرزار بوو هیچی نەبو لەباتی قەرزەكەیدا بیداتەوە ئەبێ خاوەن قەرزەكان، یان ئازادی بكەن، یان لێی بوەستن‌و لەوە زیاتریان بۆ نیە. احمد (٣٦/٣) وابوداود (٣٤٦٩) والترمذي (٦٥٥) والنسائي (٢٦٥/٧) وابن ماجة (٢٣٥٦).

(٥٠٣/ن /٢٣١٢) [عن ابی هریرة عَنِ النَّبِّــیّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَــلَّمَ) قَــالَ: مَنْ اَدْرَكَ مَالَهُ بِعَيِنْهِ عَنْ رَجُلٍ اَفْلَسَ (اَوْ اِنْسَانٍ قَدْ اَفْلَسَ) فَهُو اَحَقُّ بِــهِ مِنْ غَيْرِهِ] رواه الجماعة احمد (٢٥٨،٢٢٨/٢) (خ/٢٤٠٢) (م/١٥٥٩/٢٢) و ابوداود (٣٥١٩) والترمذی (١٢٦٢) والنسائی (٣١١/٧) وابن ماجة (٢٣٦٠).

له ئەبوهورەیرەوه (خوا لێی ڕازی بێ) له پێغەمبــەرەوه (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هــاتوه، کــه فەرمویەتی: هەرکەسێ ماڵی خۆی -بێ کەمو زیادی- له لای کابرای هیچ له دەست نەماو ﴿موفلیس﴾ دیبەوه (یان مرۆڤێ که هیچی نەمابو) ئەوه شایستەتره بەو ماڵه تا بێجگه لەو.

بەڵگـەی باڵـغ بوون

(٥٠٤/ن /٢٣١٨) [عن ابن عمر قال: عُرِضْتُ عَلَى النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) يَومَ أُحُدٍ وَأَنَا ابْنُ أَرْبَعَ عَشَرَةَ سَنَةً فَلَمْ يُجِزْنِـي، وَعُرِضْـتُ عَلَيْـهِ يَوْمَ الْخَنْدَقِ وَأَنَا ابْنُ خَمْسَ عَشَرَةَ سَنَةً فَأَجَازَنِي]. رواه الجماعة الا النسائى خ/٤٠٩٧ م/١٨٦٨/٩١.

لە عەبدوڵای كوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، كـە وتویـەتی: ڕۆژی ئوحـد برامە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، كە تەمەنم ١٤ ساڵ بوو ماوەی پێنەدام بچم بۆ غەزای ئوحود، وە لە ڕۆژی خەندەقدا برامە خزمەتی تەمـەنم ١٥ سـاڵ بـوو، ماوەی پێدام كە هاوكاری بكەم، واتە لە ١٥ ساڵیدا مرۆڤ بە باڵغ دائەنرێت، ئەگەر پێش ئەوەی نێرینە بو ئیحتلام نەبوبێ، یان شەرمگەی موی نەكردبێ، وە مێینە بوو نەكەوتبێتە عوزری شەرعییەوە, واتە بـە سـاڵ (١٥)پـانزە سـاڵە، لێـرەش ئـەوە دەر ئەكەوێت كەمناڵ نابێ ببرێن بۆ غەزا وئیشی جیهادیان بدرێ بەسەردا والله اعلم.

بۆ سەرپەرشتی بێ نەوای هەیە
لە ماڵی هەتیو بخوات

(٥٠٥/ن /٢٣٢١) [عَنْ عَائِشَةَ رضى الله عنها فى قَوْلِهِ تَعَالَى (وَمَنْ كَانَ غَنِيًّا فَلَيَسْتَعْفِفْ وَمَنْ كَانَ فَقِيراً فَلْيَأْكُلْ بِالْمَعْرُوفِ)] اخرجاه خ/٢٢١٢ (٤٥٧٥،٢٧٦٥) م(١١،١٠ /٣٠١٩) احمد (١٧/٢)ءابو داود (٤٤٦٥) والترمذى (١٧١١) و ابن ماجة (٢٥٤٣).

لە دایکی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە بارەی فەرمودەی خوای باڵادەستەوە كە ئەفەرموێت: ﴿هەر كەسێك دەوڵەمەندە با خۆی بگرێتەوە لە ماڵی هەتیوو هەر كەسێكیش فەقیرە با بە شێوەی عادەتی لێی بخوات﴾ سورەتی **نیساء** ئایەتی (٦) كە لەبارەی سەرپەرشتی هەتیوانەوەیە، ئەگەر فەقیر بن، ئەوە ئەتوانێ لەباتی ئەو سەرپەرشتیو خزمەتی هەتیوانە لە ماڵیان بە شێوەی عادەتی بخوات، وە لە وشەیەكی تردا هاتوە كە: دابەزیوە لەبارەی سەرپەرشتی هەتیوەوە كە بەسەریا ئەگەڕێتو ماڵەكەی بۆ چاك ئەكات، ئەگەر فەقیر بو لەو ماڵە بخوات بە شێوەی عورفو عادەتی سەردەم.

ئاشتی کردن لەسەر شتی
دیاری و نا دیاری دروستە

(٥٠٦/ن /٢٣٢٦) [عَنْ جَابِرٍ اَنَّ أَبَاهُ قُتِلَ يَـوْمَ أُحُـدٍ شَـهِيداً ، وَعَلَيْـهِ دَيْـنٌ ، فَاشْتَدَّ الْغُرَمَاءُ فِى حُقُوقِهِمْ ، قَالَ: فَأَتَيْتُ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَسَأَلْتُهُمْ اَنْ يَقْبَلُوا ثَمَرَةَ حَائِطِى وَيُحَلِّلُوا أَبِى، فَأَبَوْا ، فَلَمْ يُعْطِهِمُ النَّبِـــيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حَائِطِى وَقَال : ((سَـنَغْدُ عَلَيْـكَ)) فَغَـدا عَلَيْنَـا حِينَ اَصْبَحَ فَطَافَ فِـى النَّخْـلِ ، وَدَعَـا فِـى ثَمَرِهَـا بِالْبَرَكَـةِ فَجَـدَدْتُهَا فَقَضَيْتَهُمْ وَبَقِىَ لَنَا مِنْ ثَمَرِهَا . وَفِى لَفْظٍ : اَنَّ اَبَـاهُ تُـوفِّىَ وَتَـرَكَ عَلَيْـهِ ثَلاَثِينَ وَسْقًا لِرَجُلٍ مِنَ الْيَهُودِ . فَاسْتَنْظَرَهُ جَابِرٌ ، فَأَبَى اَنْ يُنْظِرَهُ ، فَكَلَّمَ جَابِرٌ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَشْفَعُ لَهُ اِلَيْهِ ، فَجَاءَ رَسُـولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَكَلَّمَ الْيَهُودِىَّ لِيَأْخُذَ ثَمَرَةَ نَخْلِهِ بِالَّذِى لَهُ فَأَبَى، فَدَخَلَ النَّبِـيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) النَّخلَ فَمَشَى فِيهَا ثُمَّ قَالَ لِجَابِرٍ: ((جُدَّ لَهُ فَأَوْفِ لَهُ الَّذِى لَهُ)) فَجَدَّهُ بَعْدَمَا رَجَعَ رَسُولُ الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَأَوْفَاهُ ثَلاَثِينَ وَسْقاً وَفَضَـلَتْ سَـبْعَةَ عَشَـرَ وَسْـقاً] رواهمـا البخارى خ/٢٧٨١،٤٠٥٣ والنسائى/٦ /٢٤٤].

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی باوكی لە غەزای ئوحوددا شەهید كراوە قەرزار بوو خاوەن قەرزەكان زۆر توندیان كرد لەسەر جابیر بۆ مافەكانیان، وتی: هاتمە خزكەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) داوام لێكردن كە بەروبومی باخەكەم لێ وەرگرنو باوكم ئازاد بكەن، نەیانكرد، پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باخەكەی پێ نەدانو فەرموی ((بەیانی دێین بۆ لات)) بەیانی كە ڕۆژ بوویەوە هاتە لامانو گەڕا بەناو خورماكانداو داوای كرد كە بەروبومەكەی پیتی تێكەوێت، منیش بڕیمو قەرزەكانیانم دایەوە،وە هەندێكیشی مایەوە بۆمان.

لە وشەیەكی تردا هاتوە كە: بە ڕاستی باوكی وەفاتی كرد سێ خەروار خورمای جولەكەیەك قەرزار بوو، جا جابیر داوای ماوەی لێكرد ماوەی نەدا، لە پاشان جابیر داوای لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كرد كە تكای بۆ بكات لەو كابرایە پێغەمبەری خوایش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتو قسەی كرد لەگەڵ جولەكەكەدا كە بەروبومی خورماكەی لێ وەرگرێت لەباتی مافی خۆیدا، ئەویشی نەكرد، جا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چووە ناو خورماكانەوە هاتوچۆیەكی تێدا كردو فەرموی بە جابیر ((بڕۆ بیبڕەوەو حەقی خۆی پێ بدەرەوە)) ئیتر جابیر پاش ئەوەی كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گەڕایەوە بەری خورماكەی بڕیو سێ خەروارەكەی داوە بە كابراو حەڤدە خەرواریشی مایەوە وصلى الله على حبيبنا وشفيعنا محمد واله واصحاب اجمعين وسلم تسليما كثيرا.

(٥٠٧/ن /٢٣٣٠) [عن ابن عباس قال: قال رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (لا ضَرَ وَلا ضِرارَ وَلِلرَّجُلِ اَنْ يَضَعَ خَشَبَةً فِي حَائِطِ جَارِهِ وَاِذَا اخْتَلَفْتُمْ فِي الطَّرِيقِ فَاجْعَلوهُ سَبْعَةَ اَذْرُعٍ)]. رواه احمد ٣١٣/١ وابن ماجة (٢٣٣٧)].

لە عەبدوڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: زیان نیە، زیان گەیاندن نیەو بۆ دراوسێ هەیە، کە دار بخاتە سەر دیواری هاوسێکەی خۆی، وە هەرکاتێ لەبارەی ڕێگاوە ناکۆکیتان بو حەوت گەز دابنێن لە نێوانیاندا.

دیارە ئەمە بۆ ئەو کاتە بووە کە بە وشترو ئەسپ وقاترو گوێدرێژ ئازو گویاز ئەکراو بەلای یەکترا بە بارەوە بچونایەو لەملاولایانەوە دو کەس بە ئاسانی هاتوچۆی بکردایە، ئەمڕۆ ئەبێ دو سەیارەی باری لەبەرچاو بگریتو جێگای هاتوچۆی ڕێبواریش لەملاو لایانەوە واللە أعلم.

پـاره تێکەڵاوکردن و هاوبەشـی دروسـتە

(٥٠٨/ن /٢٣٣٧) [عن ابی المنهال اَنَّ زَّیدَ بْـنَ ارقـمَ والبَــرَّاء بْـنَ عَــازِب كَانَــا شَرِيكَين فاشتريا فِضَّةً بَنَقْدٍ وَنَسِيئَةً فَبَلَغَ النَّبِــيّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) فَامَرَهُمَا: (اَنَّ مَا كَانَ بِنَقْدٍ فَأَجِيزُوهُ وَمَا كَانَ نَسِيئَةً فُـرُدُوه)]. رواه احمد ٣٧١/٤ والبخاری بـمعناه، خ (٢٤٩٧، ٢٤٩٨).

لە بـاوکی مینهالـەوە هـاتوە، کـە زەیـدی کـوڕی ئەرقـەمو بـەرائی کـوڕی عـازب هاوبەش بون بە یەکەوە هەندێ زیویان کڕی هەندێکی بە حازرو هەندێکی بـە قـەرزو ئەم ئیشە گەیشتە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و فرمانی پێدان، کە ((ئەوەی بە حازر بوە وەریگرنو ئەوەیشی بە قەرز بوە بیگێڕنـەوە -بـۆ خاوەنەکـەی-))، چـونکە ئـەو شتانەی کە سوویان تێدایە ئەبێ دەست بـە دەسـت بـن ئـەگینا ئـەبێ بـە سـوو، بـە داخـەوە ئـەمڕۆ ئـەم کـارە ناپەسـەندە لـەناو مسـوڵمانانـدا رەواجـی پەیـدا کـردووە، حیساب بۆ پاشەڕۆژوو حیسابی ناکەن مەبەستیان هەر دنیـا دەسـتکەوتنە، خـوا لـە شەڕو فەرتەنەی دنیاو دنیاپەرستان بـمان پارێزێت.

كەسێ كرا بە وەكیل بۆ كڕینـی شتێ
جا ئەو بەو پارەیە زیاتر لەوەی كڕی دروستـە

١٠٩٥/ن /٢٣٥٠) [عن عُروة بنِ اَبی اَلجْعد الْبَارقی: اَنَّ النَّبِـــيّ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَعْطَاهُ ديناراً لِيَشْتَرِىَ بِهِ شَاةً، فَاشْتَرىَ لَهُ بِهِ شَاتَيْنِ ، فَبَـاعَ اِحْدَاهُمَا بدِينَار ، وَجَاءَهُ بدِينَار وَشَاة، فَدَعَا لَهُ بِالْبَرَكَةِ فِي بَيْعِهِ ، وكَـانَ لَو اِشْتَرىَ التُّرَابَ لَـرَبِحَ فِيـهِ .] رواه الجماعـة الا مسـلما والنسـائى واحمـد (٣٧٥/٤) (خ/٣٦٤٢) وابــوداود (٣٣٨٤، ٣٣٨٥) والترمــذى (١٢٥٨) وابــن ماجــة (٢٤٠٢).

له عومەری كوڕی ئەبو جەعدی باریقیەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، كـە بـە ڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دینارێكی پێدا كە حەیوانێكی بۆ بكڕێت ئـەویش بـەوە، دوو حەیوانی كڕیو یەكێكیانی فرۆشتەوە بە دینارێكو ئەوسـادینارێكو حـەیوانێكی هێنایەوە بۆی، ئینجا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دوعای بۆ كرد كـە پیـت بكەوێتـە مامەڵەیەوە، ئیتر ئەو ئەگەر خاكی بكڕایە سوودی لـێ ئەكرد.

باسی ئاودان و شینایی

(٥١٠/ن /٢٣٥٣) [(عَنْ عمر اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَامَلَ أَهْلَ خَيْبَرَ بِشَطْرِ مَايَخْرُجُ مِنْ ثَمَرٍ اَوْ زَرْعٍ) رواه الجماعة احمد (٢٢،١٧/٢) خ (٢٣٢٩/٢٣٢٨) م/-١٥٥١/٣/ وابوداود (٣٤٠٨) والترمذى (١٤٠١) والنسائى (٥٣/٧) وابن ماجة (٣٤٦٧) وللبخارى (اَعْطَى يَهُودَ خَيْبَرَ أَنْ يعَمْلُوهَا وَيْزرَعُوهَا وَلَهمُ شَطْرُ مَايَخْرُجُ مِنْهَا)].

له عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بە ڕاستی پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەگەڵ خەڵکی خەیبەردا ڕێکەوت لەسەر نیوەی دەرامەدی بەروبومو شینایی، وە لە ڕێواتێکی بوخاریدا هاتوە کە: دەستکەوتی خەیبەریدا بە جولەکەی خەیبەر –باخو زەوییەکان–ی لەسەر ئەوەی کە ئەوان ئیشی تێدا بکەن بە خزمەتو ئاودانو تۆچاندن لەسەر نیوەییان – نیوەی بۆ جولەکەکانو نیوەشی بۆ پێغەمبەرو موسڵمانان–، واتە ئاوا مامەڵەیەك دروستە.

(٥١١/ن /٢٣٥٨) [(عَنْ رافع بن خَديج قَال كُنَّا اَكْثَرُ الأَنْصَارِ حَقْلاً فَكُنَّا نُكْرِى الأَرْضَ عَلَى اَنَّ لَنَا هَذِهِ وَلَهُمْ هَذِهِ فَرُبَّما اَخْرَجَتْ هَذِهِ وَلَمْ تُخِرْجْ هَذِهِ فَنهَانَا عَنْ ذَلِكَ فَاَمَّا الْورِقُ فَلَمْ يَنْهَنَا) أخرجاه خ/٢٣٢٧، م/١١٧/١٥٤٧.

لە ڕافیعی كوڕی خەدیجەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: ئێمە زەوی‌و باخ‌و بێستانمان لە هەمو یاریدەدەرەكان زۆرتر بو، ئێمە زەویمان بەكرێ ئەدا لەسەر ئەوەی كە ئێرە بۆ ئێمە بێ‌و ئەوێ بۆ ئەوان ﴿واتە جێگای نزیك بە ئاو چاكیان هەڵئەبژارد بۆ خۆیان‌و ئەویتریان ئەدا بە كابرا بۆ خۆی بیچێنێت، جا زۆرجار وائەبو ئەو بەشەی كە چاك بووە خاوەنی زەوی بۆ خوای دانا بو دەغڵی چاكی ئەهێنا ئەوی تر هیچی نەدەهێنا‌و كابرای زەحمەتكێش هیچی دەست نەدەكەوت، لەبەرئەوە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەوە بەرگری كردین، بەڵام بە پارە بەرگری نەكردین، واتە خاوەن زەوی ئەبێ بە پارەیەكی دیاری زەوییەكەی بدات ئیتر چی تێدا ئەبێ یان نابێ لە مل خاوەن زەوی نیە،وە نابێ بە دە یەك یان بە زیادو كەمتر بدرێت.

باسی بەکرێدان و بەکرێ گرتن

(٥١٢/ن/ ٢٣٦٤) [(عن عائشة في حديث الهجرة، قَالَـتْ: وَاسْـتَأْجَرَ النَّبـِـيُّ وَأَبُوبَكْرٍ رَجُلاً مِنْ بَنَيَ الدِّيَلِ هَادِيَا خِرِّيتاً..(والخِرِّيتُ : اَلْماهِرُ بِالْهِدَايـةِ) وَهُوَ عَلَى دِينِ كُفّارِ قُرَيْشٍ ، وَاَمِنَّاهُ فَدَفَعَا اِلَيْهِ راحِلَتَهُمَا وَوَاعَـدَاهُ غَـارَ ثَوْرٍ بَعْدَ ثَلاَثِ لَيَالٍ ، فَأَتَاهُمَا بِرَاحِلَتِهِمَا صَبِيحَةَ لَيَالٍ ثَـلاثٍ فَـارْتَحَلاَ)، رواه احمد (١٩٨/٦) والبخاري (٢٢٦٣) وابوداود (٤٠٨٣).

لە دایکی باوەڕدارانەوە خاتون عایشـە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، کـە سـەبارەت بـە دەنگوباسی کۆچ کردن قسەی کـردوە کـە وتویـەتی: پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ)و ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێ) کابرایەکیان لـە تـیرەی (بـەنی دییـەل) کـە ڕێگـای دەزانـیو شارەزا بو بەکرێ گرت،وە ئەو لەوکاتەدا لەسەر ئایینی قوڕەیش بـو بـەڵام ئـەوان بـە ئـەمینیان ئـەزانیو دوو وشـتریان پێـدا کـە پـاش سـێ شـەو بۆیـان بێنـێو بـەڵێنی ئەشکەوتی (سەوریان) پێدا ئەویش بەیانی شەوی سـێهەم بـۆی بـردن، واتـە دروسـتە مرۆڤی مسوڵمان ئەگەر مسـوڵمانی شـارەزای دەسـتنەکەوت بێباوەڕ بکـات بـە ڕێ پیشاندەرو چاوساغی، بەڵام ئەگەر مسوڵمان هەبو نابێ ئەو کارە بکـات لەبـەر ئـەم فەرمودەیە کە ئەفەرموێت: ((فَلَـنْ اَسْـتَعِيَن بِـمُشرِكٍ/ مـن یارمـەتی لـە موشـریکم ناوێ)) لە پاشدا دێت.

٥١٣/ن /٢٣٦٥) [(عن ابی هريرة، عَنْ النَّبـِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَــالَ: مَا بَعَثَ اللهُ نَبِيّاً اِلاَّ رَعىَ الْغَنَمَ) فقال اصحابهُ: وانْـتَ؟ قـــال: نَعمْ، كُنْـتُ أرْعَاهَا عَلَى قَرَارِيطَ لأِهْـلِ مَكَّةَ) رواه احمد (٣٢٦/٣) والبخارى (٢٢٦٣) وابن ماجة (٢١٤٩).

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە لە پێغەمبـەرەوە (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ)، کـە فەرمویەتی: خوا هیچ پێغەمبەرێکی ڕەوانە نەکردووە مەگەر شوانی مەڕیان کردبێ.
یارەکانی وتیان تۆیش؟

فەرموی: بەڵـێ، منیش لەوەڕاندومە بۆ خـەڵکی مەکـە بـە چـەند قـەراریتێك - پـارەی ئـەو سـەردەمە بـوە —واتـە: پێغەمبـەری ئازیزمـان شـوانی کـردوە، چـونکە دەورەیەکی زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ لە زۆر بوارەوە.

(٥١٤/ن /٢٣٧١) [(عَنْ انس اَنَّ النَّبـِـيَّ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) اِحْـتَجَمَ، حَجَمَهُ اَبو طَيْبَةَ وَاَعْطَاهُ صَاعَيْنِ مِنْ طَعَامٍ وكَلَّمَ مَوالِيَهُ فَخَـــفَّفُوا عَنْـه)، اخرجاه، خ/٢/ ٢١٠) م (١٥٧٧/٦٢).

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، کـە بەڕاسـتی پێغەمبـەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) کەڵەشاخی گرتوە (خوێن گرتن) کەڵەشاخ گرەکە ئەبو تەیبە —کە ناوی نافیع بـو-وە دومەن خۆراکی پێداو قسەی کرد لەگەڵ خاوەنەکەیدا — بۆ بار سوککردنی ئەویش - بۆیان سوك کرد جـا ئەمـە ئـەوە ئەگەیـەنێ کـە پـارەی خـوێن گـرتن قەدەغـە نیـە، ئەگەرچی نەخواردنی چاکە وەکو لە پێشەوە باسکرا.

لەسەر ڕاگەیاندنی قورئان و خەڵك شارەزا كردن لێی، نابێ كرێ وەرگیرێت

(٥١٥/ن/٢٣٧٣) [(عَنْ عبدِ الرحمن بن شِبْلٍ عَنِ النَّبِــيِّ (صَــلَّى اللَّــهُ عَلَيْــهِ وَسَلَّمَ) قَــالَ: اقْــرءُوا القُــرْآنَ وَلاَ تَغْلُوُا فِيهِ وَلاَ تَجْفُوا عَنْهُ وَلاَ تَــأْكُلُوا بِهِ وَلاَ تَسْتَكْثِروُا بِهِ) رواه احمد (٣/٤٤٤).

لە عەبدوڕەحمانی كوڕی شیبلەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە فەرمویەتی قورئان بخوێنن و زیادەڕۆیی تێدا مەكەن و خۆتانی لێ دورنەخەنەوە و پێی مەخۆن، وە داوای سامان زۆركردن نەكەن بەو.

دروستە ئەگەر بۆ شیفا خوێنرا بەسەر نەخۆشدا كرێ وەرگیرێ و مەرجیش بكرێت

٥١٦ /ن /٢٣٧٧) [(عَن اَبی سَعیدٍ قَال: انْطَـلَقَ نَفَرٌ مِنْ أَصْحَابِ النَّبـــِیِّ فِـی سَـــفْرَةٍ سَـــافَرُوهَا حَتَّـــى نَزَلُـــوا عَلَـــى حَـــیّ مِـــنْ أَحْيَـــاءِ الْعَـــرَبِ فَاسْـتَضَـــافُوهُمْ فَأَبَوْا أَنْ يُضَيِّفُوهُمْ فَلُدِغَ سَيِّدُ ذَلِكَ الْحَـیِّ ، فَسَـعَوا لَـهُ بِكُلِّ شَیْءٍ لا يَنْفَعُهُ شَیْءٌ ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ : لَوْ أَتَيْتُمْ هَؤُلاءِ الـرَّهْطَ الَّـذِينَ نَزَلُوا، لَعَلَّهُمْ أَنْ يَكُونَ عِنْدَهُمْ بَعْضُ شَیْءٍ، فَأَتَوْهُمْ ، فَقَالُوا : يَأَيُّهَا الرَّهْطُ إِنَّ سَيِّدَنَا لُدِغَ وَسَعَيْنَا لَهُ بِكُلِّ شَیْءٍ لا يَنْفَعُهُ ، فَهَلْ عِنْدَ اَحَدٍ مِنْكُمْ مِـنْ شَیْءٍ ؟ قَالَ بَعْضُهُمْ : إِنِّی وَاللهِ لأَرْقِی ، وَلَكِنْ وَاللهِ لَقَدْ اسْتَضَفْنَاكُمْ ، فَلَمْ تُضَيِّفُونَا، فَمَا أَنَا بِرَاقٍ لَكُمْ ، حَتَّى تَجْعَلُوا لَنَا جُعْلاً، فَصَـالَحُوهُمْ عَلَـى قَطِيعٍ مِنْ غَنَمٍ فَانْطَلَقَ يَتْفُلُ عَلَيْهِ وَيَقْرَأُ : ((اَلْحَمْـدُ لِلّـهِ رَبِّ الْعَـالَمِينَ)) فَكَأَنَّمَا نُشِطَ مِنْ عِقَالٍ ، فَانْطَلَقَ يَمْشِی وَمَا بِـهِ قَلَبَـةٌ، قَـالَ: فَـأَوْفُوهُمْ جُعْلَهُمْ الَّذِی صَالَحُوهُمْ عَلَيْهِ فَقَالَ بَعْضُهُمْ: اَقْتَسِمُوا ، فَقَالَ الَّذِی رُقَی : لاتَفْعَلُوا حَتّی نَأْتِیَ النَّبِیِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَنَذْكُرُ لَهُ الَّـذِی كَـانَ ، فَنَنْظُرَ الَّذِی يَأْمُرُنَا ، فَقَدِمُوا عَلَى النَّبِیِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَـذَكَرُوا لَهُ ذَلِكَ ، فَقَالَ: ((وَمَا يُدْرِيكَ أَنَّها رُقْيَةٌ)) ثُمَّ قَالَ: ((قَدْ أَصَبْتُمُ اقْتَسِمُوا ، وَاضْرِبُوا لِی مَعَكُمْ سَهْماً وَضَحِكَ النَّبِیُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ)) رواه

الجماعة الا النسائی، وهذا لفظ البخاری وهو أتم احمد (٣/١٠،٤٤)، خ/٢٢٧٦) (م/٦٥/٢٢٠١) وابوداود (٣٩٠٠) والترمذی (٢٠٦٤) وابن ماجة (٢١٥٦).

لە باوكی سەعیدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: چەند كەسێك لە یارەكانی پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە سەفەرێك لە سەفەرەكانیاندا چون تا گەیشتنە دێهاتێك لە دێهاتەكانی عەرەب, داوای میوانداریان لێكردن، وەریان نەگرتن جا لەوكاتەدا گەورەی ئەو دێیە گەزرا هەرچی شت بو بۆیان هێنا سودی نەبو، لەبەرئەوە هەندێكیان وتیان: ئای خۆزگە بچونایە لای ئەو تاقمە ڕێبوارە بەڵكو لەلای ئەوان شتێك هەبێ، جا چونە لایانو وتیان ئەی تاقمەكە بەڕاستی گەورەكەمان گەزراوە هەمو شتێكمان بۆ كردوە هیچ سودی نەبوە، ئایا لەلای ئێوە شتێك نیە؟ هەندێكیان وتیان: بەڕاستی من دوعا ئەكەم بەڵام بە خوا ئێمە داوای مێوانداریمان كرد لە ئێوە، ئێوە میوانداریتان نەكردین، جا منیش دوعا ناكەم بۆتان هەتا ئێوە شتێكمان بۆ بڕیار نەدەن، ڕێككەوتن لەسەر پارچەیە مەڕ — كە سی سەر بون — جا ئەو مسولمانەیش ڕۆیو فوی كرد بەسەریاو (الحمد لله رب العالمین)ی خوێند بەسەریا، هەروەكو ئەوە لە پەت بەروبو بێت هەستایەوەو ئەڕۆیشتو هیچ ئازارێكی پێوە نەما، وتی: ئەوەی بەڵێنتان پێداوە پێیان بدەن — ئەوانیش پێیاندان —و هەندێكیان وتیان بەشی بكەن، ئەوەی كە دوعاكەی كردبو وتی: وا نەكەن هەتا نەچینەوە لای پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و ئەوەی كە بوو بۆی باس ئەكەین.

جا تەماشا كەین بزانین چ فرمانێكمان بەسەرا ئەدات، هاتنەوە خزمەتی پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و ئەوەیان بۆ باسكرد، فەرموی: (چۆن زانیت كە ئەوە دوعایە؟) لە پاشان فەرموی ((پێكاوتانە، بەشی بكەنو، لەگەڵ خۆتان بەشێكیش بۆ من دانێن))و پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێكەنی، واتە لەسەر زەحمەتی دوعا بۆ خەڵك ئەتوانی پارە وەرگریت.

دروستە خوازیاری شت

(٥١٧/ن /٢٣٩٢) [(عَنْ اَنس بْنِ مَالِكٍ قَالَ: كَانَ فَزَعٌ بِالْمَدِينَةِ فَاسْتَعَارَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فرساً مِنْ اَبِى طَلْحَةَ يُقَالُ لَهُ: الْمَنْدُوبُ فَرِكَبَهُ فَلَمَّا رَجَعَ قَالَ: (مَا رَأَيْنَا مِنْ شَىْءٍ وَاِنْ وَجَدْنَاهُ، لَبَحْراً) رواه الجماعة الا النسائى خ/٦٢١٢, ٢٨٦٩, ٢٨٦٨, ٢٨٦٧, ٢٨٦٢, ٢٨٥٧, ٢٨٢٠, ٢٨٢٧)، م/٤٩ /٢٣٠٧, وابو داود ٤٩٨٨) والترمذى (١٦٨٥-١٦٨٦-١٦٨٧) (وابن ماجة ٢٧٧٢) واحمد (١٤٧/٣, ١٨٠, ١٨٥،٢٧١،٢٧٤،٢٩١)].

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: نائارامییەك لە مەدینەدا ڕویدا، لەبەرئەوە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە ئەمانەت داوای ئەسپێکی کرد لە ئەبو تەلحە کە پێیان ئەوت (مەندوب)و سواری بو کاتێ گەڕایەوە فەرموی: هیچمان نەدی بەڕاستی، وەکو دەریایە — ئەم ئەسپە —واتە دروستە شت بە ئەمانەت لە خەڵکی تر بخوازیت.

(٥١٨/ن /٢٣٩٤) [(عَنْ عَائِشة أَنَّهَا قَالَتْ – عليهادِرْعٌ قطْرِىٌّ ثَمَنَ خَمْسَةَ دَرَاهِمَ:- كَانَ لِى مِنْهُنَّ دِرْعٌ عَلَى عَهْدِ رَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَمَا كَانَتِ امْرَأَةٌ تَقَيَّنَ بِالْمدِينَةِ اِلاّ اَرْسَلَتْ اِلَىَّ تَسْتَعِيرَهُ) رواه البخارى. خ/٢٦٢٨)].

لە دایکی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: -کە لەوکاتەدا کراسێکی لە لۆکە دروستکراوی لەبەردا بو بایی پێنج درەم بو – من لەناو خێزانەکانی پێغەمبەردا – یان لەناو ئافرەتانی ئەو سەردەمەدا – کراسێکم هەبو لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا هیچ ئافرەتێك نەبو کە خۆی جوان بکردایە – بۆ گواستنەوە – لە مەدینەدا مەگەر بیناردایە لامو ئەو کراسەی بە ئەمانەت لەلام ببردایە، واتە ئەمڕۆ وا خەڵکی شتی زۆری هەیەو ئەم پۆشاکەی منیان ئێستە لەلا بێنرخە ئەوکاتە ئاوا بووە، وە ئەوە ئەگەیەنێ کە پۆشاك وەرگرتن بە ئەمانەت بۆ بوك نە عەیبەو نە خراپە.

هەر کەسێ زەویەك پاك بکاتەوە

(٥١٩/ن /٢٣٩٦) [(عَنْ جَابِرٍ اَنَّ النَّبِــيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ أَحيَا أَرْضاً مَيِّتَةً فَهِيَ لَهُ] رواه أحمد (٣٥٦/٣) و الترمذى ١٣٧٩ وصححه.

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکەسێ زەویەك کە هی کەس نەبێ دەریبێنێو پاکی بکاتەوە ئەوە هی خۆیەتی، واتە بۆ کەس نیە لێی بسێنێتەوە.

(٥٢٠/ن /٢٤٠٠) [(عَنْ اَبِى هُرِيرة عَنِ النَّبِــيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ تَــمْنَعُوا فَضْلَ اَلْمَاءِ لِتَمْنَعُوا بِه الْكَــلأَ)] رواه اجماعــة الا ابــا داود والنســائى/ احمد (٢٤٤/٢) خ/٢٣٥٣) م (١٥٦٦/٣٦) والترمذى (١٢٧٢) وابن ماجة (٢٤٧٨).

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە لە پێغەمبەرەوە (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە فەرمویەتی: بەرگری مەکەن لە ئاوی زیادە بۆ ئەوەی بەرگری بکەیت بەو ئاوە لە لەوەڕ واتە نابێ ئاوی زیادەو لەوەڕ بەرگری بکرێت لە کەس.

(٥٢١/ن /٢٤٠٩) [عَنِ الصَّعْبْ بْنِ جَثَّامَةَ اَنَّ النَّبِىَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حَمَى النَّقِيعَ، وَقَالَ: (لاَ حِمَى الاَّ لِلّهِ وَلِرَسُولِهِ) رواه احمد ٣٧/٤، ٣٨، ٧١ وابو داود ٣٠٨٣، ٣٠٨٤ وللبخارى منه (٢٣٧٠): لاَ حِمَى اِلاّ لِلهِ وَلِرَسُولِهِ وقَالَ: بلغَنَا اَنَّ النَّبِىَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حَمَى النَّقِيع وَاَنّ عُمَرَ حَمَى الشَرفَ والرَّبْذَةَ].

لە سەعبی کوڕی جەسامەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە بە ڕاستی پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پارێز گاری لەوەڕی نەقیع کردوە بۆ وشتری زەکات، وە فەرمویەتی: پارێزگاری لە لەوەڕ بۆ کەسی تر نیە مەگەر بۆ خواو بۆ پێغەمبەرەکەی (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وە لە لای بوخاریش هاتوە هەر لەوەوە کە پارێزگاری نیە مەگەر بۆ خواو پێغەمبەرەکەی (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وە ئەڵێ پێمان گەیشتووە کە پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) - نەقیع - کە ناوچەیەکە لە لای مەدینە— ی پاراستوەوە عومەر — شەرەفو ڕەبەزە - کە دو جێگان پاراستونی بۆ لەوەڕی وشتری زەکاتو دەستکەوتەکان تا دابەش دەکرێت.

پچڕینی زەوی لە لایەن دەسەڵاتی شەرعیەوە بۆ ئەندامانی گەل

(٥٢٢/ن /٢٤١٤) [عَنْ اَسْمَاءِ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ فِي حَدِيثٍ ذَكَرْتَهُ، قَالَتْ: (كُنْتُ اَنْقُلُ النَّوَى مِنْ اَرضْ الزُّبَيْرِ الَّتِي اَقْطَعَهُ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى رَأْسِي وَهُوَ مِنِّي عَلَى ثُلُثَيْ فَرْسَخٍ)] (ارجاه خ/٣١٥١،٥٢٢٤ م/٢١٨٢).

لە ئەسمای کچی ئەبوبەکرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) لە قسەیەکدا، کە کردویەتی وتویەتی: من ناوکەم – ناوکی خورما بۆ ناشتن – لە زەوی زوبەیرەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆی پچڕی بو ئازاو گویاز دەکردوە ئەو دوویەش لە سێ بەشی کە فرسەخێك لە منەوە دور بو.

داگیر كردن

(٥٢٣/ن /٢٤٢٤) [عَنْ السَّائِبِ بْنِ يَزِيدَ عَنْ اَبِيهِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (لاَ يَأْخُذَنَّ اَحَدُكُمْ متاعَ اَخيهِ جاداً وَلاَ لاَعِباً واذا اَخذ احدكم عَصا اَخِيهِ فَلْيَرُدَّهَا عَلَيْهِ) رواه احمد (٢٢١/٤) وابو داود (٥٠٠٣) والترمذى(٢١٦٠) والبخارى فى الادب المفرد برقم (٢٤١)].

لە سائیبی كوڕی یەزیدەوە لە باوكیەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((با هیچكام لە ئێوە كەلوپەلی برای خۆی نەبات، چ بە ڕاستی‌و چ بە گاڵتەوە هەركاتێ یەكێك لە ئێوە عەسای براكەی برد، بابیگەڕێنێتەوە بۆی))، واتە ماڵی كەس بۆ كەس حەڵاڵ نیە، مەگەر بەو ڕێگایانەی كە لە شەریعەتی ئیسلامدا ڕێگای پێدراوە.

(٥٢٤/ن /٢٤٢٧) [عَنْ عَائِشَةَ اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ ظَلَمَ شِبْراً مِنَ الأَرْضِ طَوَّقَهُ اللهُ مِنْ سَبْعِ اَرْضِينَ] متفق عليه (خ/٢٤٥٣) (م/١٦١٢) احمد (٢٥٢،٧٩/٦)].

لە دایكی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەركەسێك بستێ زەوی بە ستەم لە كەسێك وەرگرێت خوا هەتا حەوت قاتی زەوی ئەكات بە تەوق‌و ئەیكاتە ملیەوە — یان بەناو هەر حەوت قاتی زەویدا ئەیباتە خوارەوە — ڕیوایەتی هەردو هاتوەو

ئەگونجێ سزای ئەو جۆرە كەسانە جیا جیا بێت یان بە هەردو شێوە سزا بدرێن. واللە اعلم.

(٥٢٥/ن /٢٤٣٥) [(عَنْ اَنَسٍ قَالَ: اَهْدَتْ بَعْضُ اَزْوَاجِ النَّبِىِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اِلَيْهِ طَعَاماً فِى قَصْعَةَ فَضَرَبَتْ عَائِشَةُ الْقَصْعَةَ بِيَدِهَا فَأَلقَتْ مَا فِيهَا فَقَالَ النَّبِىُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): طَعَامٌ بِطَعَامٍ وَاِنَاءٌ بِأِنَاءٍ) رواه الترمذى وصححه وهو بمعناه لسائر الجماعة الا مسلماً) احمد (١٠٥/٣)، خ/٥٢٢٥) وابو داود(٣٥٦٧) والترمذى (١٣٥٩) والنسائى (٧٠/٧) وابن ماجة (٢٣٣٤)].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە هەندێ لە خێزانەكانی پێغەمبەر (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خواردنێكی نارد بۆ پێغەمبەر (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە قاپێكدا — لەوكاتەدا پێغەمبەر (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە لای عائیشە بو — عائیشە دەستێكیدا لە قاپەكەو ئەوەی كە تێیدا بو ڕژاوو — قاپەكەیش شكا — جا پێغەمبەر (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: خواردنێك لە باتی خواردنەكەداو قاپێك لەباتی قاپەكەدا، واتە خواردنێكی وەكو ئەم خواردنەمان بۆ دروست بكەو قاپێكی ساقی وەكو ئەم قاپەی كە شكاندت بیدەرەوە بەوەی كە ئەم شێوەی بۆ ناردوین. درودی خوات لێبێ ئەی پێغەمبەری ئازیز بۆ ئەو دڵە گەورەو حەوسەڵەو خۆ گریتە.

(٥٢٦/ن /٢٤٤١) [(عَنْ اَبِى هُرِيرةَ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ فَقَالَ يَا رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، أَرَأَيْتَ اِنْ جَاءَ رَجُلٌ يُرِيدُ اَخْذَ مَالِى قَالَ: (فَلاَ تُعْطِهِ مَالَكَ) قَالَ أَرَأَيت اِنْ قَاتَلَنى؟قَالَ: ((قَاتِلْهُ)) قَالَ: أَرَأَيْتَ اِنْ قَتَلنِي؟ قَالَ: ((فَأَنْتَ شَهِيدٌ)) قَالَ: أَرَأَيْتَ اِنْ قَتَلْتَهُ ؟ قَالَ: ((هُوَ فِى النَّارِ))، قَالَ: (رواه

مسلم (١٤٠/٢٢٥) واحمد(١٦٠/٢) وفي لفظه، يا رسـول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أرَأيْتَ إنْ عَدَا عَلَى مَالِي؟ قَالَ (اَنْشِـدِ اللهَ) قَالَ فَإنْ اَبْـوا عَلَـيَّ؟ قَالَ: ((اَنْشِـدِ اللهَ)) قال: فَإنْ اَبْوا عَلَيَّ؟ قَالَ: ((قَاتِلْ، فَـإِنْ قُتِلْـتَ فَفـي الْجَنَّةِ وَاِنْ قَتَلْتَ فَفِي النَّارِ.].

له ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوه، کـه وتویـەتی: پیاوێـك هاتـه خزمـەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ووتی تۆ بە لاتەوە چۆنە ئەگـەر کابرایـەك هـاتو ویستی ماڵم ببات فەرموی (ماڵەکـەتی نـەدەیتێ)، وتـی: ئـەی پێـت چـۆنە ئەگـەر شەڕی لەگەڵما کرد؟ فەرموی (شەڕی لەگەڵدا بکە)، وتـی: ئـەی پێـت چۆنە ئەگـەر کوشتمی؟ فەرموی (تۆ شەهیدیت)، وتی: ئەی پێت چـۆنە ئەگـەر کوشـتم؟ فـەرموی (ئەو لەناو ئاگردایە)، وە لە وشەی لای ئیمامی ئەحمەددا هاتوه، کە: ئەی پێغەمبەر خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێت چۆنە ئەگەر کەسێ دەستدرێژی کردە سەر ماڵم؟ فـەرموی (داوای لێ بکە لەبـەر خـاتری خـوا ئـەو ئیشـە نـەکات)، وتـی: ئـەی ئەگـەر گـوێی پێنەدام؟ فەرموی:(داوای لێ بکە لەبەر خاتری خوا ئەو ئیشـە نـەکات) وتـی: ئـەی ئەگەر گوێی پێ نەدام ؟ فەرموی (شەڕی لەگەڵ بکە) جا ئەگەر تـۆ کوژرایـت، ئـەوە تـۆ لـە بەهەشـتدایتو ئەگـەر تـۆ ئـەوت کوشـت، لـە نـاو ئاگردایـە، لێـرەوە ئـەوە دەردەکـەوێت کـە بەربـەرەکانی پـەلامادەر پێویسـتەو چـاك وایـە پێشـەکی لـە ئاسانەکانەوە دەست پێ بکات.

(٥٢٧/ن /٢٤٤٣) [(عَنْ سَعيد بْنِ زَيْدٍ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: مَنْ قُتِلَ دُونَ دِينِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ وَمَنْ قُتِلَ دُونَ دَمِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ وَمَنْ قُتِلَ دُونَ مَالِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ وَمَنْ قُتِلَ دُونَ اَهْلِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ) رواه الخمسة

وصححه الترمذي, احمد (١/١٨٧) وابـو داود (٢٧٧٢) والترمـذي (١٤٢١) والنسـائي (١١٥/٧، ١١٦) وابن ماجة (٢٥٨٠)].

لـه سـەعيدی كـوڕی زەيـدەوە (خـوا لێـی ڕازی بێ) هـاتوە، كـه وتويـەتی بيسـتم لـه پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، كه ئەيفـەرمو: هەركەسـێ بكـوژرێ لەسـەر ئـايينی شەهيدە، وە هەركەسێ بكوژرێ لەسەر پاراستنی گيـانی شـەهيدە، وە هەركەسـێك بكوژرێت لەســـەر مـاڵی شـەهيدە، وە هـەر كەسـێك بكوژرێـت لەسـەر خـاوخێزانی شەهيدە، و لله الحمد والمنـة.

تێبينی: ئەم پاراستنە لەسەر گيـانی خـۆی پێويسـت نيـە لەسـەری، بـەلاّم لەسـەر پاراستنی خـاوخێزانیو هـەر سـتەم لێكراوێكـی تـر مـادام توانـای هـەبێ پێويسـتە لەسەری[1].

(٥٢٨/ن /٢٤٤٨) [(عَنْ اَنَسٍ عَنْ اَبِي طَلْحَةَ اَنَّهُ قَـالَ: يَـا رَسُـولَ الله ، اِنِّـي إشْتَرَيْتُ خَمْراً لأَيْتَامٍ فِي حِجْرِي؟ فَقَالَ (اَهْرِقْ الْخَمْـرَ وَاكْسِـرْ الـدِّنَانَ) رواه احمـد (١١٩/٣، ١٨٠، ٢٦٠) وابـوداود (٣٦٧٥) والترمـذي وصـله عـن مسـلم (١٩٨٣/١١)].

له ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) له ئەبو تەلحەوە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) هـاتوە، كـه بەڕاسـتی ئەو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) من هەندێ شـەراوم كڕيـوە بـۆ ئـەو هەتيوانـەی كـه بـەخێويان ئەكـەم؟ فـەرموی: ئـەو شــەراوە بڕژێنـەو گۆزەكـەيش بشكێنە،واتە شتی حەرام نابێ بە موڵكو لەناوبردنی تۆڵەی نيە.

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٢٤٤٤، ٢٤٤٥، ٢٤٤٦، ٢٤٤٧)، له نيل الاوطار، بكه.

(٥٢٩/ن /٢٤٥١) [(عَنْ جَابِرٍ اَنَّ النَّبِــيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَضَى بالشُّفْعةِ فِي كُلِّ مَا لَمْ يُقْسَمْ فَإذَا وَقَعَتِ الْحُدُوْدُ وَصُرِفَتِ الطُّرُقُ فَلاَ شُفْعَةَ] وأحمد (٢٩٦/٣) والبخارى (٢٢٥٧) وعند غيرهما بالفاظٍ مختلفة. رواه الجماعـة الا مسـلماً والنسائى، ابوداود (٣٥١٤) والترمذى(١٣٧٠) وابن ماجة (٢٤٩٩).

له جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه، كه بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڕیاری هاوجوتی (الشفعة) داوه له هـەر شـتێكدا كـه بـەش نـەكرابێت، جـا هـەركاتێ جیـا كرایـەوەو سـنوریان دیـاریكراو ڕێگـای چـونه ناویـان گـۆڕا، ئـیتر مـافی هـاوجوتی نامێنێ، واته ئەگەر دو كەس یان زیاتر له شتێكدا هاوبەش بـون لـه پاشـا یـەكێك، یان زیاتر لەوان بەشی خۆی فرۆشت مادام بەش نەكرابێ ئەوانی تر مافیان هەیه بـەو نرخەی كه فرۆشراوه ئەو بەشه هەڵگرنەوه، وه نابێ به بێ پرسـی ئـەوان بیفرۆشـێت، مادام بەش نەكرابێت بەڵام وەختێ بەشكراو سنوری بەشەكان دیاری كـرا، ئـیتر هـەر كامیان بۆیان نیه بڵێن ئێمه هەڵیئەگرینەوه، بەڵام باش وایه پرسیان پێ بكات لەبەر فەرمودەی بەردەم.

(٥٣٠/ن /٢٤٥٥) [(عَنْ سَـمُرَةَ عَنْ النَّبِــيِّ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) قَـالَ: (جَـــارُ الدَّارِ اَحَـــقُّ بِالـدَّار مِـنْ غَيْـــرِهِ) رواه احمـد (١٢،٨/٥) وابـوداود (٣٥١٧) والترمذى (١٣٦٨) وصححه].

له سەمورەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه، كه پێغەمبەر (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویـەتی: دراوسێی خانوو شایستەتره بەو خانووه، بێجگه لەو ئەگەر دوو شتی جیا لـه یـەكن‌و سنوریان دیارییەو ڕێگاشیان جیاوازه، بەڵام هێشتا مافی هاوسێیەتی ئەمێنێ‌و چاك وایه پێشەكی لەو كڕین‌و فرۆشتنەی ئەو خانوه ئاگادار بكرێت جا ئەگەر ویسـتی بـا بەو بیفرۆشێت ئەوه چاكتره.

هەڵگرتنی شتی کەم نرخ و سەرف کردن، یان خواردنی بە تاوان ناژمێردرێت

(٥٣١/ن /٢٤٦٠) [(عَنْ اَنَس اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَـرَّ بِــتَمْرَةٍ فِـى الطَّرِيقِ فَقَالَ: (لَوْلاَ اَنّى اَخاف اَنْ تَكُونَ مِنَ الصَّدَقَةِ لأَكَلْتُهَـا) متفـق عليهْ. خ (٢٤٣١) م(١٦٥/١٠٧١) وابوداود (١٦٥١) واحمد٣/٢٥٨،١٨٤،١٩٣].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بە ڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە ڕێگادا دای بەلای دەنکە خورمایەکدا فەرموی: ئەگەر نەترسامایە کە ئەو خورما هی زەکاتەو – کەوتوە – ئەم خوارد.

باسی شتە گومبووەكان

(٥٣٢/ن /٢٤٦٢) [(عَنْ زَيْـدِ بْنِ خَالِدٍ، اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) قَالَ: (لاَ يَأْوِى الضَّالَّةَ اِلاَّ ضَالٌّ مَا لَمْ يَعْرِّفْهَـا) رواه احمـد (١١٧/٤) ومسـلم (١٧٢٥/١٢)].

لە زەیدی كوڕی خالیدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بە ڕاستی پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: گومبویـەك هەڵناگرێتـەوە، مەگـەر گومڕاهێـك مـادام باسـی نەكاتو جاڕی بۆ نەدات.

(٥٣٣/ن /٢٤٦٣) [(عَنْهُ قَالَ سُئِلَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) عَـنِ اللُّقَطَةَ الذَّهَبِ وَالْوَرِقِ؟ فَقَالَ: اعْرِفْ وِكَاءَهَا وَعِفَاصَهَا ثُـمَّ عِّرِفْهَـا سَـنَةً فَاِنْ لَمْ تَعْرِفْ فاسْتَنْفِقهَا وَلْتَكُنْ وَدِيعَةً عِنْدَكَ فَإِنْ جَاءَ طَالِبُهَا يَوْماً مِـنَ الدَّهْرِ فَادِّهَا اِلَيْهِ)) وَسَأَلَهُ عَنْ ضَالَّةَ الأبِلِ؟ فَقالَ :(مَالَـكَ وَلَهَـا ؟ دَعْهَـا فَإِنَّ مَعَهَا حِذاءَهَا وَسِقَاءَهَا، تَرِدُ الْمَاءَ وَتَأْكُلُ الشَّجَرَ حَتَّى يَجِدَهَا رَبُّهَا)) وَسَأَلَهُ عَنْ الشَّاةِ؟ فَقَالَ: (خُذْهَا فَإِنَّمَا هِيَ لَـكَ اَو لأَخِيـكَ أَوْ لِلـذِّئْبِ) رواه الجماعة الا النسائى خ/٢٤٢٩) م (١٣٤٦/٣)].

وە هەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە پرسیار كرا لە پێغەمبەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەبارەی هەڵگرتنەوەی زێڕو زیو - پارەی سەردەم- فەرموی: (با ئەو شتەی

کە تێیدایەو زاربێنی بناسێت، پاشان تا ساڵێك ناونیشانی بکات لە جیگا گشتییەکان، وەکو قاپی مزگەوتو جێگای کۆبونەوەی خەڵك - پێشەکی بەیانیانو ئێواران پاشان ڕۆژی جارێك پاشان حەفتەی جارێك – جا ئەگەر نەناسراوە خەرجی بکە ئەوە ئامانەتێکە لەلات هەتا ماوی، ئەگەر خاوەنی پەیدا بو هاتە لات بیدەرەوە)، وە لەبارەی وشتری گومبووەوە پرسیاری لێکرد؟

فەرموی: "تۆ چیت داوە لەو"وازی لێبێنە بە ڕاستی لەگەڵ ئەودایە پێڵاوەکەیو کونەی ئاوەکەی، واتە پێویستی بە هێنانەوە ناکاتو وازی لێ‌بهێنە -چونکە ئەو ئەچێتە سەر ئاوو گژو گیاو درەخت ئەخوات هەتا خاوەنەکەی ئەیدۆزێتەوە.وە لەبارەی گومبوی ماڵەوە پرسیاری لێکرد؟

فەرموی: هەڵیگرەوە لای خۆت، چونکە ئەو نیە بێجگە لەوەی کە یان هی تۆیە یان هی براکەتە - خاوەنەکەی - یان هی گورگە واتە گورگ ئەیخوات. لەم دوو فەرمودەدا پێناسەی هەڵگری گومبووە جۆری گومبوەکانی بۆ باس کردین.

تێبینی: ئەو شتە گومبوانەی کە خراپ ئەبن وەکو میوەو گۆشتو سەوزی هەڵئەگیرێنو ئەخورێنو نرخەکەی بۆ خاوەنەکەی دائەنرێت.

باسی بەخشین و سەوقاتی

١٥٣٤/ن /٢٤٦٦) [(عَنْ اَبی هُرَيْرَةَ عَنْ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (لَوْ دُعِيتُ اِلَى ذِرَاعٍ لأَجَبْتُ وَلَوْ أُهْدِيَ اِلَيَّ ذِرَاعٌ اَوْ كُرَاعٌ لَقَبِلْتُ) رواه البخاری (٥١٧٨)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە دەفەرموێت: ئەگەر دەعوەت بکرێم بۆ خواردنی سەری قاچێکی حەیوان یان دەستێك دەچم، واتە بە کەمی نازانم، وە ئەگەر بە سەوقاتی دەستێ، یان سەری قاچێکی حەیوانم بۆ ڕەوانە بکرێت وەری ئەگرم، واتە نابێ شتی کەم بە بێنرخو بێ ڕێز تەماشا بکرێت، لە ڕاستیدا ئەو بەخشینو سەقاوەتی یە بەڵگەی خۆشەویستیو سۆزە بۆیە نابێ بەکەم سەیر بکرێت. والله اعلم.

(٥٣٥/ن/٢٤٧٥) [(عَنْ اَسْمَاءَ بِنْتِ اَبی بَكْرٍ، قَالَتْ: اَتَتنی أُمِّی رَاغِبَةً فِی عَهْدِ قُرَيْشٍ وَهِيَ مُشْرِكَةٌ فسألتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اصلها ؟ قال: ((نعم))) متفق علیۀ] احمد (٣٣٥،٣٤٧،٣٤٤/٦) م(٦٩٦/٢) خ(٥٩٧٩) وابو داود (١٦٦٨)(وزاد: قال ابن عُينة فأنزل الله فِيهَا((لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ)) الممتحنة/٨ وَمَعْنَى رَاغِبَةً، اَیْ طَامِعَةً تَسْأَلُنِی شَيْئاً).

لە خاتون ئەسمای کچی ئەبوبەکرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: دایکم لە سەردەمی پەیمانی قورەیشدا هاتە لام کە ئەو بت پەرست بو، لەبەرئەوە پرسیارم لە پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرد ئایا پێوەندی پێوە بکەم؟

فەرموی: بەڵێ. وە لە ریوایەتی ئیمامی بوخاریدا هاتوە، کە: کوڕی عویەینە وتویەتی لەمبارەوە ئەم ئایەتە دابەزی (خوا بەرگریتان ناکات — لە پەیوەندیتان بەو کافرانەی — کە شەڕیان لەگەڵتان نەکردووە لەبارەی ئایینتانەوە) وشەی راغبە: واتە بەتەمابو داوای شتم لێ بکات.

(٥٣٦/ن/٢٤٧٨) [(عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْبَلُ الْهَدِيَّةَ وَيُثِيبُ عَلَيْهَا). رواه احمد (٦/٩٠) والبخاري (٢٥٨٥) وابوداود (٣٥٣٦) والترمذى (١٩٥٣) فى الشمائل].

لە دایکی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: (پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دیاری وەرگرتوەو پاداشتی داوەتەوە، واتە پاداشت دانەوەی دیاری سوننەتە).

(٥٣٧/ن /٢٤٨٢) [(عَنْ نُعمانِ بْنِ بَشِيرٍ اَنَّ اَبَاهُ اَتَى بِهِ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: اِنِّي نَحَلْتُ ابْنِي هَذَا غُلاَماً كَانَ لِي؟ فَقَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (اَكُلُّ وَلَدِكَ نَحَلْتَهُ مِثْلَ هَذَا؟) فَقَالَ: لاَ. فَقَالَ: (فَارْجِعْهُ) رواه الجماعة الا ابـاداود) خ(٢٥٨٦)م (١٦٢٣/٩) احمد (٢٨٦/٤) والترمذى (١٣٦٧) والنسائى (٢٥٨،٢٥٩/٦) وَلَفْظُ مُسْلِمٍ: قَالَ: تَصَدَّقَ عَلَيَّ اَبِي بِبعْضِ مَالِهِ فَقَالَتْ أُمِّي عَمْرَةُ بِنْتُ رَوَاحَةَ: لا أَرْضَى حَتَّى تُشْهِدَ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَانْطَلَقَ اَبِي اِلَيْهِ يُشْهِدُهُ عَلَى صَدَقَتِي ، فَقَالَ

رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : ((اَفَعَلْتَ هَذَا بِوَلَدِكَ كُلِّهِمْ ؟)) قَالَ : لا ، فَقَالَ : ((اتَّقُوا اللهَ وَاعْدِلُوا فِي اَوْلادِكُمْ)) فَرَجَعَ اَبِي فِي تِلْكَ الصَّدَقَةِ ، وَلِلْبُخارِيّ مِثْلُهُ، لِكن ذَكَرَهُ بِلَفْظِ العَطِيَّةِ لا بِلَفْظِ الصَّدَقَةِ].

لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە هاتوە کە بە ڕاستی باوکی بردویەتیە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وتویەتی: بەڕاستی من ئەو خزمەتکارم — بەندەی بوە — بەخشیوە بەم کوڕەم؟

پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ئایا بە هەمو منالێکت شتی وات بەخشیوە؟

وتی: نەخێر.

فەرموی: (بیگەڕێنەوە).

لە وشەی ئیمامی موسلیمدا هاتوە، کە وتویەتی: باوکم هەندێ ماڵی بە چاکە بە من دا، جا دایکم (عەمرەی کچی ڕەواحە) وتی من ڕازی نیم هەتا پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە شایەت نەگریت، لەبەرئەوە باوکم بردمیە لای بۆ ئەوەی کە شایەتی بدات لەسەر ئەو چاکەی کە بەمن درا بو، پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ئەمەت کردوە لەگەڵ هەمو منالەکانتدا؟

وتی: نەخێر.

فەرموی: لە خوا بترسەو دادپەروەربە لە نێوان منالەکانتدا.

لەبەرئەوە باوکم لەو چاکەیە پەشیمان بویەوە. لە لای ئیمامی بوخاریش بەم شێوە هەیە بەڵام لەباتی (چاکە- الصدقه) بەخشینی وتوە — (الهدية).

(٥٣٨/ن /٢٤٨٤) [(عن طاوس ابن عُمْر وَابن عباس, رَفَعَاهُ اِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (لاَ يَحلُّ لِلرَّجُلِ اَنْ يُعْطِيَ الْعَطِيَّةَ فَيَرْجِعَ فِيهَا اِلاَّ

الوَالِدَ فِيمَا يُعْطِي وَلَدَهُ وَمَثَلُ الرَّجُلِ يُعْطِي الْعطِيَّةَ ثُمَّ يَرْجِعُ فِيهَا كَمَثَلِ الْكَلْبِ اَكَلَ حَتَّى اِذَا شَبِعَ قَاءَ ثُمَّ رَجَعَ فِي قَيْئِهِ) رواه الخمسة وصححه الترمذی, احمد (٢/٢٧) وابوداود (٣٥٣٨) والترمذی (٢١٣٢) والنسائی (٦/٢٦٧) وابن ماجة (٢٣٧٧)].

لە تاووسەوە – رەحمەتی خوا برژێ بەسەریا – هاتوە، كە عەبدوڵای كوڕی عومەرو عەبدوڵای كوڕی عەباس، گەیاندوویانەتە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە فەرمویەتی: ڕەوا نیە بۆ هیچ كەسێك كە شتێ ببەخشێتو لە پاشدا لێی پەشیمان ببێتەوە – پاش وەرگرتن – بێجگە لە بەخشینی باوك لەوەی كە ئەیدات بە ئەولادی، وە وێنەی ئەو كەسانەی كە شتێك ئەبەخشێتو لە پاشداوەری ئەگرێتەوە وەكو سەگێك وایە كە بخوات هەتا تێر ئەخوات، ئەڕشێتەوە، لە پاشدا ڕشانەوەكەی خۆی بخوات.

(٥٣٩/ن /٢٤٨٦)) [(عَنْ جَابِرٍ، اَنَّ رَجُلاً قَالَ: يَارَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اِنَّ لِي مَالاً وَوَلَداً وَاِنَّ اَبِي يُرِيدُ اَنْ يَجْتَاحَ مَالِي؟! فَقَالَ: اَنْتَ وَمَالُكَ لأَبِيكَ) رواه ابن ماجة (٢٢٩١).

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە ڕاستی من ماڵو منداڵم هەیەو باوكم ئەیەوێ هەمو ماڵەكەم ببات؟! فەرموی خۆتو ماڵەكەتیش هی باوكتی، واتە ئەتوانێ بیبات.

(٥٤٠/ن /٢٤٨٩) [(عَنْ زَيدِ بنْ ثَابتٍ قَالَ :قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): مَنْ اَعْمَرَ عَمْرىَ فِهِي لِمُعمَّرِهِ مَحْيَاهُ وَمَمَتَاتُهُ ولاتُرْقِبُوا فَمَنْ

أَرْقَبَ شَيْئاً فَهُو سَبِيلُ الْمِيـرَاثِ) رواه الخمسـة الاّ الترمـذى. احمـد (١٨٩/٥) وابوداود (٣٥٥٩) والنسائى (٢٧٢/٦) وابن ماجة (٢٣٨١)].

له زەیدی كوڕی سابیتەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كـە وتویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەركەسێ ماڵێكی بەخشی بە كابرایەك تا ماوە واتـە وتی ئەو ماڵە بۆ تۆ تائەوماوەیە لە پاشدا بێتەوە بۆ خۆم ئەوە بۆ پێی بەخشراوە، لە ژیانیشداو پاش مردنیشی واتـە بـۆ واریسـەكانی ئـەو ئـەبن.وە مـاڵ نەبەخشـن بـە چاوەڕوانی مردن واتە كابرا بڵێ بە كەسێكی تر ئەو ماڵـەم بـۆ تـۆ ئەگـەر پـێش تـۆ مردم، وە بۆخۆم ئەگەر پاش تۆ مردم، هەر كەسـێك ئاوەهـای كـرد ئـەویش بـۆ پـێ بەخشراو ئەبێ‌و بەرەو میرات گرانی ئەو ئەچێت، واتە ناگەڕێتەوە بۆ بەخشـندە.واتە ئەو ئیشە مەكەن، وە ئەگەر واتان كرد ئەوە ئەبێ ئا بەو شێوە بێت‌و ناگەڕێتەوە بـۆ كابرای بەخشندە.

دەستی کاری ئافرەت لە ماڵی مێردیدا

(٥٤١/ن /٢٤٩٤) [(عَنْ عَائِشَــةَ رضى الله عنها قَالَــتْ: قَالَ : رَسُـولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): اِذَا اَنْفَقَتِ الْمَرْأَةُ مِنْ طَعَامِ زَوْجِهَا غَيْـرَ مُفسِـدَةٍ كَانَ لَهَا اَجْرُهَا بِمَا اَنْفَقَــتْ وِلِزَوْجِهَا اَجْرَهُ بِمَا كَسَــبَ وَلِلْخَـازِنِ مِثْـلُ ذَلِكَ لاَيَنْقُصُ بَعْضُـهُمْ مِـنْ اَجْـرِ بَعْـضٍ شَـيْئاً) رواه الجماعـة خ(٢٠٦٥) م(١٢٠٣/٧٩) احمـد (١٣٩/٤٤/٦،١٤١،١٤٢،٢٧٨) وابـوداود (١٦٨٥) والترمـذى (٦٧١،٢٧٢) والنسائى (٦٥/٥) وابن ماجة (٢٢٩٤)].

لە دایکی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە خوالێی خۆشبێت هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکاتێ ئافرەت لە خواردنی مێردەکەی بەخشیو مەبەستی زیان لێدانی مێردەکەی نەبو، ئەوە پاداشتی بەخشینەکەی پێ ئەدرێتو مێردەکەشی پاداشی وەدەستهێنانی هەیەو خەزێنەداریش هەر ئاوایە، هیچکامیان پاداشی هیچکامیان کەم ناکەنەوە، بەڵێ هەرکاتێ ئافرەت مێردەکەی ماوەی پێدا یان شتێکی کەم بو وای ئەزانی کە مێردەکەی بەوە ناڕازنیە پاداشی تەواو وەرئەگرێت بەڵام ئەگەر مێردەکەی ماوەی پێنەدابوو شتەکەیش زۆر گرنگ بو ئەمە بۆی نیە ببەخشێتو ئەو فەرمودانەی کە ماوەی نەداوە بە بەخشینی ئافرەت لە ماڵی مێردی وەبەر ئەم بەشە ئەکەوێت، وە ئەگەر خواردنو شتەکە مێردی بەوی دابو بەڵام ئەو بە بێ ئیجازەی مێردی بەخشی

ئێرەدا نیوە چاکەی بۆ ئەنوسرێت، واتە پاداشی بەخشینەکەی هەیە نەك شتە بەخشراوەکە جا ئەم فەرمودەو ئەو فەرمودە ڕاستەی کە ئەڵێ نیوە چاکەی بۆ هەیە بۆ ئەو بەشەیە, تەنانەت ئافرەتی هەڵە خەرج بۆی نیە لەماڵی تایبەتی خۆیدا خەرج بکات بە بێ ئیجازەی مێردی بەڵام ئەگەر لێزان بو ژیر بو ئەوە لە ماڵی تایبەتی خۆیدا ئەتوانێ خەرج بکاتو ئەمانە هەمویان فەرمودەیان لەسەرە[1].وە بەندەیش (العبد) لە ماڵی گەورەکەیدا هەروەکو ئافرەت وایە. واللە اعلم.

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٢٤٩٥ تا ٢٥٠٠) لە سەرچاوەی پێشو، بکە .

باسی گیردان (الوقف)

(٥٤٢/ن /٢٥٠٥) [(عَنْ ابْنِ عُمَرَ اَنَّ عُمَرَ اَصَابَ اَرْضاً مِنْ اَرْض خَيْبَرَ فَقَالَ يَارَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اَصَبْتُ اَرَضاً بِخَيْبرَ لَمْ أُصِبْ مَالاً قَطُّ اَنْفَسَ عِنْدِي مِنْهُ فَمَا تَأْمُرُنِي ؟ فَقَالَ : (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) :(اِنْ شِئْتَ حَبَّسْتَ أَصْلَهَا وَتَصَدَّقْتَ بِهَا)) فَتَصَدَّقَ بِهَا عُمَرُ عَلَى الاَتْبَاعَ وَلاَ تُوهَبَ وَلاَ تُورَثَ فِي الفُقَرَاءِ وذوَى الْقُرْبى وَالرِّقَابِ وَالضَّيْفِ وَابْنِ السَّبِيلِ ، لاَجُنَاحَ عَلَى مَنْ وَلِيَهَا أَنْ يَأْكُلَ مِنْهَا بِالْمَعرُوفِ وَيُطْعِمَ ، غَيْرِ مُتَمَوِّلٍ) رواه الجماعة احمد (١٢٥/٥٥/٢) خ (٢٧٣٧) م(١٦٣٢،١٦٣٣/١٥)].

لە عەبدولاَّی کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە بەڕاستی عومەر –باوکی- لە خەیبەردا زەوییەکی بۆ بوەو وتویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە خەیبەردا زەوییەکەم بۆ بووە ماڵی ئەوەندە بە نرخم نیە، چی ئەفەرموێت پێم لەوبارەیەوە فەرموی: ئەگەر پێت خۆشە ڕاگیری بکە (الوقف)وە بەروبومەکەی ببەخشە، جا عومەریش کردی بە چاکە لەسەر ئەو بناغەیە کە نە بیفرۆشرێتو نە بە خەلاَّت بدرێتو نە بە ئیرس بڕوات داینا بۆ فەقیرانو خزمانیو ئازادکردنی بەندەو میوانو ڕێبوار، هیچ تاوانێك نیە لەسەر ئەو کەسەی کە سەرپەرشتی ئەکات بە گوێرەی باوی خەڵك لێی بخواتو بیدات بە ماڵو مناڵیو بە میوان بەو مەرجەی هیچی لێ هەڵنەگرێتو بیکات بە ماڵی خۆی.

(٥٤٣/ ن /٢٥٠٨) [(عَنْ اَبی هُرَیَرَۀ قَالَ: قَالَ رَسُـولُ الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ): مَنْ اَحْتَبَسَ فَرَساً فِی سَبِیلِ الله اِیمَاناً وَاحْتِسَاباً فَاِنَّ شَبعَهُ وَرَوْثَهُ وَبَوْلَهُ فِی مِیزَانِهِ یَوْمَ الْقِیَامَۀِ حَسَنَاتٌ) رواه احمد (٣٧٤/٢) والبخاری (٢٨٥٣) والنسائی (٢٢٥/٦)]

له ئەبوهورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، که وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکەسێك ئەسپێك بەخێو بکات بۆ ئەوەی غەزای پـێ بکرێـتو باوەڕی بەوە ببێو چاوەڕێی پاداش بکات بەڕاستی ئەوە تێربونیو تەرسو میـزی لـە کێشانەی کابرادا لە ڕۆژی قیامەتا بە چاکە دائەنرێت.

(٥٤٤/ن /٢٥١٠) [(عَنْ اَنَسٍ اَنَّ اَبَا طَلْحَۀَ قَالَ یارَسُـولُ الله اِنَّ اللهَ یَقُـولُ: [ٱ ٻ ٻ ٻ پ...] (آل عمران-٩٢) واِنَّ اَحَـبَّ اَمْـوالِی بَیْرَحَـاءُ وَاِنَّهَـا صَدَقَۀٌ لِلَّهِ، اَرْجُو بِرَّهَا وَ ذخْرَهَا عِنْدَ الله فَضَعْها یَارَسُولَ الله حَیْثُ اَراکَ اللهُ. فَقَالَ: ((بَخ بَخْ ذَلِکَ مَالٌ رابِحٌ (مَرَّتَین) وَقَدْ سَمِعْتُ (مَاقُلْـتَ فِیهَـا) اَرَی اَنْ تَجْعَلَهَا فِی الأقْربین)) فَقَالَ اَبُو طَلْحَۀَ: اَفْعَلُ یَارَسُولُ الله فَقَسَمَهَا اَبُو طَلْحَۀَ فِی اَقَارِبِهِ وَبَنِی عَمِّـهِ. متفـق عليـۀ) خ/١٤٦١) م/ ٤٣/٩٩٨) وفـی روایۀ لَمَّا نَزَلَتْ هَذِهِ الآیَۀُ ((لَن تَنَالُوا آلبِرَّ)) قَالَ اَبُو طَلْحَۀَ: یَارَسُولُ الله ، اَرَیَ رَبّنا یَسْأَلُنا مِن اَمْوالِنَا فأُشْهِدُکَ اَنّی جَعَلْتُ اَرْضِـی بَیْرَحَـاءَ لِلّـهِ ((فَقَالَ: اجْعَلْهَا فِی قَرابَتِکَ)) قَالَ: فَجَعَلَهَا فِی حَسَّانِ بْنِ ثابِتٍ وَاُبَیٍّ بْـنِ کَعْبٍ رواه احمد (١٤١/٣) ومسلم.

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە باوکی تەلحە (خوا لێی ڕازی بێ)وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڕاستی خوا ئەفەرموێت (ناگەن بە چاکە هەتا نەبەخشن لەوەی کە خۆشتان ئەوێ) آل عیمران- ٩٢،وە بەڕاستی خۆشەویسترینی مالّم لە دلّی خۆمدا (بەیرەحایە) — ناوی جێگایەك بو —وە بەڕاستی ئەوە چاکە بێ بۆ خوا، چاوەڕوانی چاکەکەیو پاداشتی لە خوا ئەکەم، جا تۆیش ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چۆن خوا پێی خۆشە ئاوەهای لێبکە؟

فەرموی: بەهـ، بەهـ، ئەوە مالّێکی سوودەدەرە (دووجار ئەمەی فەرموو) بەڕاستی بیستم (ئەوەی لەوبارەوە وتت) من وای بەچاك ئەزانم کە دایبنێیت لەناو خزمەکانتا، جا باوکی تەلحەش وتی: وا ئەکەم ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باوکی تەلحە مالّەکەی بەخشی لە نێوان خزمەکانی کوڕانی مامیا.. لە ریوایەتێکی تردا هاتوە، کە لەکاتێکدا کە ئەم ئایەتە ﴿لَن تَنَالُواْ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ ...﴾ هاتە خوارەوە باوکی تەلحەوتی ئەی پێغەمبەری خوا: من ئەبینم پەروەردگارمان داوای مالّمان لێ ئەکات جا من تۆ بەشایەت ئەگرم کە بەڕاستی زەوی (بەیرەحا)م دا بە خوا، فەرموی: بیدە بە خزمەکانت، ئەویش دای بە حەسسانی کوڕی سابیتو ئوبەیەی کوڕی کەعب کە خزمی بوون.

بەستنەوە بەناو منالەوە
منالی منالیش ئەگریتەوە

(٥٤٥/ن /٢٠١٦) [(قَالَ البرَّاءُ عَنِ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): أَنَا النَّبِـــيُّ لاكَذِبِ أَنَا ابْنُ عَبْدِالمُطَّلِبْ) (وهـو فـى حـديث متفـق عليـة) احمـد (٢٨١/٤) خ/٢٨٦٤) م/١٧٧٦) والترمذى (١٦٨٨).

بەراء وتـی: لـە پێغەمبـەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هـاتوە، کـە فەرمویـەتی (مـن پێغەمبـەرم بـێ درۆ، مـن کـوڕی عەبدولموتـەلیبم) جـا ئەمـە ئـەوە ئەگەیـەنێ، کـە ئەولادی ئەولاد وەکو ئەولادی خـۆی وایـە پێغەمبـەرمان کـوڕی عەبدولڵایـە عبـدولا کوڕی عـەبدولموتەلیبە.

زیادەی سامانی کەعبە چی لێبکرێت

(٥٤٦/ن/٢٥١٩) [(عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: لَوْلاَ اَنَّ قَوْمَكِ حَدِيثُو عَهْدٍ بِجَاهِلِيَّةٍ (اَوْ قَالَ: بِكُفْرٍ) لاَنْفَقْتُ كَنْزَ الْكَعْبَةِ فِي سَبِيلِ اللهِ وَجَعَلْتُ بَابَهَا بِالأَرْضِ وَلاَ دْخَلْتُ فِيهَا مِنَ الْحِجْرِ) رواه مسلم. خ (٤٤٨٤) م(١٣٣٣/٣٩٩) والنسائي (٢١٤/٥،٢١٥)].

له دایکی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی بیستم لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەیفەرمو: ئەگەر گەلەکەت نزیك نەبونایە لە نەفامیەوە (یان فەرموی لە کوفرەوە) هەرچی لەناو کەعبەدا هەیە هەموم ئەبەخشی لە ڕێگای خوادا و دەرگاکەی -کە ئێستا بەرزە- ڕێکم ئەکرد لەگەڵ زەویدا و ئەو بەشەی حیجریشم ئەخستە سەر کەعبەوەو گەورەترم ئەکرد -چونکە کاتی خۆی ئەویش هەر لەسەر کەعبە بووە، بەڵام لەبەر کەم دەستی قورەیش کاتی دروستکردنەوەی لێیان کەم کردۆتەوە، واتە هەندێ جار واز لە ئیشی دروستو ڕاست ئەهێنرێ لەبەر پەیدانەبوونی کێشەو دەردەسەری گەورەتر وەکو بناغە فیقهیەکە ئەڵێ (یُتَحَمَّلُ اَخَفَّ الضَرَرَیْنِ - سوکترینی دوزیانەکان وەرئەگیرێت).

باسی ئامۆژگاری بۆ پاش مەرگ (الوصیه)

(٥٤٧/ ن /٢٥٢٠) [عَنْ ابْنِ عُمَرَ اَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (مَا حَقُّ امْرِىءٍ مُسْلِمٍ يَبِيتُ لَيْلَتَيْنِ وَلَهُ شَيْءٌ يُرِيدُ اَنْ يُوصِيَ فِيهِ اِلاَّ وَوَصِيَّتهُ مَكْتُوبَةٌ عِنْدَ رَأْسِهِ) رواه الجماعة (خ/٢٧٣٨) (م/١ـ٣/ ١٦٢٧) احمد (١٠/٢، ٥٠، ٥٧، ٨٠) وابوداود (٢٨٦٢) والترمذی (٢١١٨) والنسائی (٢٣٨/٦، ٢٣٩) وابن ماجة (٢٧٠٢)].

لە عەبدولاّی کوڕی عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتوە، کە بە ڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ڕەوا نیە بۆ هیچ مرۆڤێکی موسڵمان کە شتێکی هەبێ وەسیەتی تێدا بکات و دوو شەوی بەسەردا هاتبێ مەگەر وەسیەتەکەی نووسرابێ و لەلای سەریدا بێ، لێرە ئەمە ئەکەن بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە خەتی ناسراو بەڵگەیە و شتی پێ سابت ئەبێت.

(٥٤٨/ن /٢٥٢٣) [عَنْ ابْنِ عَبَّاس قَالَ: لَوْ اَنَّ النَّاسَ غَضُّوا مِنَ الثُّلُثِ اِلَى الرُّبعِ فَأَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الثُّلُثُ وَالثُّلُثُ كَثِيرٌ] اخرجاه (خ/ ٢٧٤٣) م (١٠/١٦٢٩).

لە عەبدولاّی کوڕی عەباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: ئای خەڵك لە وەسیەتکردندا سێیەکەوە ئەچون بۆ چوار یەك، واتە چواریەکی پێ باش بووە،

لەبەرئەوەی کە پێغەمبەری خوا (صَلیّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلّمَ) فەرمویەتی سێیەك، سێیەك زۆریشە.

(٥٤٩/ن /٢٥٢٧) [عَنْ اَبِى اُمَامَةَ قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِىَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: اِنَّ اللهَ قَدْ اَعْطَى كُلَّ ذِى حَقٍّ حَقَّهُ فَلاَ وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ] رواه الخمسة الا النسائى. (٥/ ٢٧٦) وابوداود(٢٨٧٠) والترمذى (٢١٢٠) وابن ماجة (٢٧١٣).

لە باوکی ئومامەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی بیستم لە پێغەمبەرەوە (صَلیّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلّمَ) ئەیفەرمو: (بە ڕاستی خوا بەشی هەمو خاوەن مافێکی داوە)، کەواتە وەسیەت نابێ بۆ ئیرسبەر بکرێت, چونکە ئەوەی کە خودا داینـاوە راستترو دروسترە.

بەخشینی نەخۆش لە سێیەك دائەمەزرێت

(٥٥٠/ن/٢٥٣٠) [عَنْ اَبِی زَیدْ الأَنْصَارِیِّ: اَنَّ رَجُلاً اَعْتَقَ سِتَّةَ اَعْبُدٍ عِنْدَ مَوْتِهِ لَیْسَ لَهُ مَالٌ غِیرُهُمْ، (فَأَقْرَعَ بَیْنَهُمْ رَسُولُ الله فَأَعْتَقَ اثْنَینْ وَاَرقَّ اَرْبَعَـةً) رواه احمد (٥/ ٣٤١) وابوداود (٣٩٦٠) بِمَعْنَاهُ وَقَالَ فِیهِ: (لَـوْ شَـهِدْتَهُ قَبْـلَ اَنْ یُدْفَنَ لَمْ یُدْفَنْ فِی مَقَابِرِ الْمُسْلِمینَ)]

لە باوكی زەیدی ئەنسارییەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە كـە بەڕاسـتی پیاوێـك شـەش بەندەی ئـازاد كـردوە لـە سـەرەمەرگیاو بێجگـە لـەو شـەش بەندەیـەش مـاڵی تـری نەبووە، جا پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تیرو پشكی بۆ كـردنو دوویـانی ئـازاد كردووەو چواریان بە بەندە هێلاوەتـەوە، وە ئـەبو داودویـش هـەر لـەم مانایـەدا ئـەم فەرمودەی گێڕاوەتەوەو ئەمەی تێدا هاتوە ((ئەگەر لێرە بوومایە, پـێش شـاردنەوەی ئەم ئەهێشت لە گۆڕستانی موسڵمانانندا بشارێتەوە)).

كافرێكی شەڕكەر ئەگەر واریسەكانی موسڵمان بوون ئایا دەتوانن سپاردە كەی بۆجێبەجێی بكەن؟

(٥٥١/ن /٢٥٣٢) [عَنْ عُمْرِ بْنِ شُعَيبْ عَنْ اَبِيه عَنْ جَدِّهِ: (اَنَّ الْعَاصَ بْنَ وَائِلٍ اَوْصَى اَنْ يُعْتَقَ عَنْهُ مِائَةَ رَقَبَةً فَأَعْتَقَ ابْنُهُ هُشَامٌ خَمْسِينَ رَقَبَةً فَارَادَ عَمْرُو اَنْ يَعْتِقَ عَنْهُ الْخَمْسِينَ الْبَاقِيَةَ ، فَقَالَ: يَارَسُولَ الله اِنَّ اَبِى اَوْصى بِعِتْقِ مِائَةْ رَقَبَةْ وَاِنَّ هِشَاماً أَعْتَقَ عَنْهُ خَمْسِينَ رَقَبَةً، وَبَقِيَتْ خَمْسُونَ رَقَبَةً أَفَأَعْتِقُ عَنْهُ؟ فَقَالَ : رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) :(لَوْ كَانَ مُسْلِماً فَاَعْتَقْتُمْ عَنْهُ اَوْ تَصَدَّقْتُمْ عَنْهُ أَوْ حَجَجْتُمْ عَنْهُ- بَلَغَهُ ذَلِكَ))] رواه ابوداود (٢٨٨٣) واحمد (١٨١/٢).

لە عەمری كوڕی شوعەیبەوە لە باوكیەوە لە باوایەوە هاتوە، كە بەڕاستی عاسی كوڕی وائیل وەسیەتی كرد كە سەد بەندەی بۆ ئازاد بكرێت جا هیشامی كوڕی پەنجای ئازاد كرد، ئینجا كوڕەكەی تری (عەمر)ویستی پەنجاكەی تر ئازاد بكات وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڕاستی باوكم وەسیەتی كردووە بە ئازادكردنی سەد بەندە، وە بەڕاستی هیشام لەباتی ئەودا پەنجای ئازاد كردووە، پەنجای تری ماوە ئایا منیش ئازادی كەم بۆی؟

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ئەگەر موسڵمان بوایە لەباتی ئەودا بەندەتان ئازاد كردایە، یان چاكەتان بۆ بكردایە، یان حەجتان بۆ بكردایە - پێی

دەگەشت، واتە پێی ناگات بەڵام بەرگری نەکرد لە کردنی، واتە وەسییەتەکەی بۆ جێبەجێ بکەن قەیناکە، بەڵام هیچی پێ‌ناگات، تەنها لەبەر دڵی وارسەکانی بەرگری نەکراوەو خێرەکە بۆخۆیان ئەگەڕێتەوە، واللە اعلم.

باسی کەلەپور (الارپ)، یان
فەرزە دیاری کراوەکان (الفرائچ)

(٥٥٢/ن /٢٥٤٢) [عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ عَنْ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ اَلْحِقُوا الْفَرائِضِ بِأَهْلِهَا فَمَا بَقِيَ فَهُو لأَوْلَى رَجُلٍ ذَكَرٍ] رواه الجماعة الا النسائيّ (خ/ ٦٧٤٦) (م/٢/١٦١٥) احمد (٣١٣/١) وابوداود (٢٨٩٨) والترمذی (٢٠٩٨) وابن ماجة (٢٧٤٠).

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتوە، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: بەشە دیاریکراوەکانی ئێرس بدەن بە خاوەنەکانیانو هەرچی مایەوە بیدن بە نزدیکترین نێرینەی مردوەکە.

بەڵێ خوای گەورە لە سورەتی ﴿ النساء ﴾دا باسی دابەشکردنی کەلەپوری کردوەو زۆربەی هەرە زۆری کەلەپوربەرانی باسکردوەو بەشیشی بۆ دیاریکردونو پێویستە مسوڵمانان بە چاکی شارەزای بنو بەوشێوەیە بیدەن بە خاوەن مافەکانیان، سوپاس بۆ خوا من هەم لە تەفسیردا، وە هەم لەسەر رەحەبیە باسی ئەوکەسانەو بەشەکانیانو چۆن دابەشکردنیانم کردوەو پێویست بە دوبارەکردنەوە ناکات، هەرکەس دەیەوێت با دەستی خۆی بخات.

(٥٥٣/ن /٢٥٤٤) [عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ أَنَّـهُ سُـئِلَ عَـنْ زَوْجٍ وَأُخْـتٍ لابـوين، فَأَعْطَى الزَّوْجَ النِّصْفَ وَالأُخْتَ النِّصْفَ، وَقَالَ (حضرْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَضَى بِذَلِكَ)] رواه احمد (١٨٨/٥).

لە زەیدی كوڕی سابیتەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، كـە پرسـیاری لێكـرا لـەبارەی مێـــــردو خوشكی باوكو دایكیەوە، جا ئەویش بە مێردەكەی نیوەی مـاڵی - ژنـە مردوەكەی پێداو بە خوشكەكەشی نیوەی دا، واتە ماڵەكەی كرد بە دوو بەشەوە هەر یەكەی نیوەی پێدان، چونكە ئەو ئافرەتە مردوە جگە لەو دووانە كەسی تری نـەبووە، وتی (لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووم ئاوای بڕیاردا).

خوشك لەگەڵ كچاندا عەسەبەیە، واتە بەشی دیاری نابێ

(٥٥٤/ن/٢٥٤٧) [عَنْ هُزَيل بنْ شَرَحْبِيلَ قَالَ سُئِلَ أَبُومُوسَى عَنْ ابْنَـةٍ وَابْنَـةِ ابْنٍ وَأُخْتٍ فَقَالَ: لِلأَبْنَةِ النِّصْفُ ولِلأُخْتِ النِّصْفُ، وَأتِ ابْنَ مَسْعُودٍ فَسُئِلَ ابْنُ مَسْعُودٍ، وَأُخْبِرَ بِقَوْلِ اَبِى مُوسى، فَقَالَ : لَقَدْ ضَلَلْتُ اِذَنْ وما اَنا مِـنَ الْمُهْتَدِينَ اَقْضِى فِيهَا بِمَا قَضَى النَّبِـيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) : لِلْبِنْـتِ النِّصْفُ، وَلاَبْنَةِ الأبْنِ السُّدُسُ تَكْمِلَةُ الثُّلُثَـيْنِ، وَمَـا بَقِـيَ فَلِلأُخْـتِ. رواه الجماعة الا مسلماً والنسائى. خ/ ٦٧٣٦ احمد (٣٨٩/١) وابوداود (٢٨٩٠) والترمذى (٢٠٩٣) وابن ماجة (٢٧٢١) وزاد احمد والبخارى: فأتِينا ابَوُ مُوسـى فَاَخْبَرنَـاهُ بِقَوْلِ ابْنِ مَسْعُودٍ فَقَالَ: لاَ تَسْألُونى مَادَامَ هَذَا الْحَبْـرُ فِيكُمْ].

لە هوزەیلی كوڕی شەرەحبیلەوە هاتوە، كە وتی. پرسیارلە ئەبوموسا كرا لەبارەی كچ و كچی براو خوشكەوە ، جاوتی: كچەكەی نیوەی هەیەو خوشكەكەیشی نیوەی هەیە،وە بچن بۆ لای كوڕی مسعود، پرسیار لەو كراو قسەی ئەبو موسایان بۆ باسكرد، جا وتی بە ڕاستی ئەگەر وابێ من سەر لێشێواوم لە ڕێ پیشاندراوان نیم، بڕیار ئەدەم بەو شێوەیەی كە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڕیاری داوە بۆ كچی - مردوەكە- نیوەیماڵەكەی بۆ هەیەو بۆ كچی كوڕەكەیشی شەش یەكی بۆ هەیە كە تەواوكەری دووبەش لە سێ بەشەو باقی هی خوشكەكەیەتی.

لە ریوایەتی ئیمامی ئەحمەدو ئیمامی بوخاریدا ئەمەی زیادکراوە: جا هاتینەوە لای ئەبوموساو قسەی کوڕی مەسعودمان بۆ باسکرد، وتی: لەمن پرسیار مەکەن هەتا ئەو زانا گەورەیە لەناو ئێوەدایە، ڕەحمەتی خوا برژێ بەسەر گیانی پێغەمبەری ئازیزماندا چۆن مرۆڤێکی پەروەردە کردوە، ئەمڕۆ هەر کە وترا فلانەکەس زانایە ئەوی تر هەر بە پەلە دێتە سەر چۆكو ئەیەوێ بەهەر نرخێك بێ ئەو کەسە بێنرخ بکات، ئەوەندە حەسادەتێکی گەورە هەیە لەناو بەناو زانایانی ئەم چەرخانەی دواییدا. (اللهم اني اعوذ بك من الجهل والحسد والرياء والغيبة).

(٥٥٥/ن /٢٥٥٧) [عَنْ اَبِى اُمَامَةَ بْنِ سَهْلٍ اَنَّ رَجُلاً رَمَى رَجُلاً بِسَهْمٍ فَقَتَلَهُ وَلَيْسَ لَهُ وارِثٌ اِلاّ خالٌ فَكَتَبَ فِى ذَلِكَ اَبُوعُبَيْدَةَ بْنُ الْجَرَّاحِ اِلَى عُمَرَ، فَكَتَبَ عُمَرُ اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اللهُ وَرَسُولُهُ مَوْلَى مَنْ لاَ مَوْلَى لَهُ وَالْخَالُ وَارِثُ مَنْ لاَ وَارِثَ لَهُ]. رواه احمد (١/ ٢٨، ٤٦) وابن ماجة (٢٧٣٧) والترمذی (٢١٠٣) وحسنه.

لە باوکی ئومامەی کوڕی سەهلەوە هاتوە کە پیاوێك تیرێکی لە پیاوێك داو کوشتی، وە هیچ کەس نەبوو ئیرسی لێ ببات بێجگە لە خاڵی جا ئەبو عوبەیدە ئەم ڕووداوەی نووسی بۆ عومەر (خوا لێی ڕازی بێ)، عومەریش نوسی بە ڕاستی پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: خواو پێغەمبەرەکەی یارمەتیدەرو سەرپەرشتی ئەو کەسەن کە سەرپەرشتی نەبێو بێکەس بێ، وە خاڵ کەلەپوربەری ئەو کەسەیە کە کەسی تری نەبێ کە میراتەکەی ببات.

(٥٥٦/ن /٢٥٦٣) [(فِي حَدِيثِ الْمُتَلاَعِنَيْنِ الَّذِي يَرْوِيهِ سَهْلُ بْنُ سَعْدٍ قَالَ: وَكَانَتْ حَامِلاً وَكَانَ ابْنُهَا يُنسبُ إِلَى أُمِّهِ فَجَرَتِ السُّنَّةُ أَنَّهُ يَرِثُهَا مِنْهُ مَا فَرضَ اللهُ لَهَا) رواه الجماعة الا الترمذي وابن ماجة خ(٥٣١٢) م(١٤٩٣/٥)].

له فەرمودەی ئەو دوو كەسەدا -ژنو مێرد-، كه نەفرينيان لەيەكتر كردوه سەهلی كوڕی سەعد هێناويەتی، وتی: ئەو ئافرەتە باردار بوەو كوڕەكەی بەناو ئەوەوە ناو ئەبراوە سوننەتی -ئيسلاميش- بەو شێوەيه هاتوە، كه ئەو له دايكی ئيرس ئەباتو دايكيشی لەو ئيرس دەبات بەو شێوەی، كه خوا بۆی داناوە كه سێيەكه ١/٣ يان شەش يەكه ١/٦.

(٥٥٧/ن /٢٥٦٧) [عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنْ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (اذا اسْتَهَلَّ الْمَوْلُودُ وَرِثَ) رواه ابوداود (٢٩٢٠) وابن حيانُ صححه].

له ئەبی هورەيرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، له پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كه فەرمويەتی: منالّ به زيندويی لەدايك بو ئيرس ئەبات.

بەرگری کراوە لە کڕین و فرۆشتن و بەخشینی سەرپەرشتی و بەرەڵاکردنی بەبێ سەرپەرشتی (الولاء)

(٥٥٨/ ن /٢٥٧٢)- [عَنْ ابْنَ عُمَرَ عَنْ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): أَنَّهُ نَهَى عَنْ بَيْعِ الْوَلاَءِ وَهِبَتِهِ) رواه الجماعة خ (٢٥٣٥) م(١٥٠٦/١٦) احمد (٧٩/٩/٢) وابوداود (٢٩١٩) والترمذى (٣٠٦/٧) ابن ماجة (٢٧٤٧)].

لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتوە، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری کردوە لە فرۆشتنی ولایەتو بەخشینی،وە لە ڕیوایەتی تردا هاتوە، کە ئەهلی ئیسلام کەسێکیان ئازاد کرد ویلایەتەکە لەسەر خۆیان لانابەن، وە کابرا بەرەڵا ناکەن بێ سەرپەرشتیار بەڵام خەڵکی نەفام ئەوەیان ئەکرد[1].

(٥٥٩/ ن /٢٥٧٧) [عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (لاَيَرِثُ الْمُسْلِمُ الْكَافِرَ وَلاَ الْكَافِرُ الْمُسْلِمَ) رواه الجماعة الا النسائى احمد(٢٠٠/٥) م(١٦١٤/١) وابوداود (٢٩٠٩) والترمذى (٢١٠٧) وابن ماجة (٢٧٢٩)].

لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرمویەتی ((موسڵمان لە کافر ئیرس نابات، وە کافرێ لە موسڵمان ئیرس

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٢٥٧٤)، لە سەرچاوەی پێشو، بکە.

نابات)) جا كافری ئەسڵی بێ، یان پاشگەزبووەوە جیاوازی نیەو لەنێوان دوو ئاییندا ئیرس بردن نیە.

(٥٦٠/ ن /٢٥٨١)- [عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْب عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ عَنْ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (لاَيَرِثُ الْقاتِلُ شَيْئاً) رواه ابو داود (٤٥٦٤) والنسائي (٧٩/٤)].

لە عەمری كوڕی شوعەیبەوە لە باوكیەوە لە باوایەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، كە فەرمویەتی ((بكوژ هیچ -میراتی لەكوژراو- نابات)).

ئافرەت لە خوێنـی مێردەكەی میرات ئەبات (الارث)

(٥٦١/ن /٢٥٨٣) [عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمَسَيِّبِ اَنَّ عُمَرَ قَالَ: الدِّيَةُ لِلْعَاقلَةِ لاَ تَـرِثُ الْمَرْأَةُ مِنْ دِيَةِ زَوْجِهَا حَتَّى اَخْبَرَهُ الضَّـحَّاكُ بْـنُ سُـفْيَانَ الْكِلاَبِـيُّ (اَنَّ النَّبِـيَّ كَتَبَ اَلَيّ اَن اُوَرثَ امْرأَةَ اَشْيَمَ الضَّـبابِيُّ مِـنْ دِيـةِ زَوْجِهَـا) رواه الخمسة الا النسائی وصححه الترمذی، احمد (٤٥٢/٣) وابـوداود (٢٩٢٧) والترمـذی (١٤١٥،٢١١٠) وابن ماجة (٢٦٤٢)].

لە سەعیدی كوڕی موسـەیبەوە هـاتوە، كـە بەڕاسـتی عومـەر وتویـەتی: پـارەی خوێن بۆ خزمانی كابرایەو خێزانی هیچی نابات، تا زەحاكی كوڕی سوفیانی كیلابی وتی: " بە ڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نوسی بۆم كە ئیرس بـدەم بـە خێزانـی ئەشیەمی زەبابی لە خوێنی مێردەكەی "واتـە ئـافرەت لـە پـارەی خـوێنی مێردیـدا بەشی دیاریكراوی خۆی ئەبات، كە چوار یەك ١/٤ یان هەشت یەكە ١/٨.

پێغەمبەران ئیرسیان لێ نابرێت

(٥٦٢/ ن /٢٥٨٦) [عَنْ اَبِى بَكْرٍ الصِّدِّيقُ عَنِ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) قَالَ: (لاَنُورَثُ مَا تَرَكْنَاهُ صَدَقَةٌ) اخرجاه خ(٦٧٢٥،٦٧٢٦) م(١٧٥٨/٥٣)].

له ئەبوبەكری سدیقەوە رضي الله عنه هاتوە، له پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، كه فەرمویەتی: ئیرسمان لێ نابرێت ئەوەی بەجێی ئەهێڵین چاكەیە، واتە ئەدرێ بە مسوڵمانانی نیازمەند پاش خەرجی خێزانەكانیو پێویستی ئیشكەرەكانی، وەكو لەم ریوایەتەی بەردەمدا هاتوە.

(٥٦٣/ ن /٢٥٨٩) [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ: قَـالَ رَسُـولُ الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ): لاَ تَقْتَسِمُ وَرَثَتِي دِينَاراً مَا تَرَكْتُ بَعْدَ نَفَقِةْ نِسَائِي وَمؤْنَةِ عَـامِلِي فَهُــوَ صَــدَقَةٌ) خ(٦٧٢٧،٦٧٣) م(١٧٥/٥١) احمــد (٢/٢٤٢،٣٧٦،٤٦٤) وابــو داود(٢٩٧٤)].

له ئەبو هورەیرەوە رضي الله عنه هاتوە، كه وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی كەلەپوربەرانی من یەك دینار دابەش ناكەن ئەوەی لێم بەجێ ئەمێنێ پاش خەرجی خێزانەكانمو خەرجی ئیشكەرەكانم چاكەیە، واتە ئەدرێ بە نیازمەندانی مسوڵمانان.

(٥٦٤/ ن /٢٥٩١) [عَنْ اَبِى هُرَيَرَةَ عَنْ النَّبِـىِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) قَـالَ: مَنْ اَعْتَقَ رَقَبَةً مُسْلِمَةً اَعْتَقَ اللهُ بِكُلِّ عُضْوٍ مِنْهُ عُضْواً مِـنَ النَّـارِ حَتَّـى فَرْجَهُ بِفَرْجِهِ) رواه الجماعة الا اباداود وابن ماجة خ (٦٧١٥) م (١٥٠٩/٢٣) احمد (٤٢٠/٢،٤٢٢،٥٢٩) والترمذى (١٥٤١) والنسائى فى الكبرى (١٦٨/٣)،(٤٨٧٥)]

له ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، له پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، كـه فەرمویـەتی: هەركەسـێك بەندەیـەكی موسـڵمان ئـازاد بكـات -خـوای بالآدەسـتو گەورە- لەبەر هەر هەر ئەندامێكی ئەو بەندەیە ئەندامێكی ئەو كابرایـە دەپارێزێـت له ئاگر هەتا لەباتی عەیبیدا عەیبی ئەو ئەپارێزێت.

بەم شێوەیە ئایینی بەرزی ئیسلام خەڵكی هەڵئەنێ لەسەر ئازادكردنی بەنـدەكانو كۆیلـەكان[1] جالـەباتی ڕێزلێنـان و سـوپاس كردنـی ئـاینی پـیرۆزی ئیسـلام كەچـی نەزانانو دوژمنانی ئاین ڕەخنە لە ئیسلام ئەگرن لەسەر بەندایەتی، كە شتێكی پێش ئیسلام بووەو ئیسلام دەیان ڕێگای داناوە بۆ ئازادكردنیانو نزیك بە بنبـڕ بوون چـو، بەڵام ئێستایش لە وڵاتە بەناو خاوەن شارستانیو پێشكەوەكاندا هێشـتا بنیـادەم بـە كڕینو فرۆشتن ئەڕوات ولە هەندێ جێگایش وەكو ئاژەڵ سەر ئـەبڕێنو گۆشـتەكانیان ئەفرۆشرێت؟؟!! كە سیش ئەوە بەكاری ناپەسـەندو نامرۆڤایـەتی بـاس ناكـات وەكـو ئەوەی كە هیچ ڕوی نەدابێت چونكە كاری خۆیانە؟!

بەداخـەوە شـەیتان لایـەنگرو دۆسـتانی زۆری لەبـەرەی ئـادەمیزاد بۆخـۆی دروستكردوەو ڕۆژی دوایش حاشایان لـێ ئەكات.

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٢٥٩٢-٢٥٩٣)، لە سەرچاوەی پێشو، بكە.

هەر کەسێ بەندەیەکی مەحرەمی خۆی کڕی لەسەری ئازاد ئەبێ

(٥٦٥/ ن /٢٥٩٧) [وعَنْهُ قَالَ قَالَ : رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): لاَيْجزى وَلَدٌ عَنْ وَالِدِهِ اِلاَّ اَنْ يجِدَهُ مَمْلُوكاً فَيَشْتَرِيهُ فَيُعْتِقَهُ) رواه الجماعة الا البخارى لكن اخرجه فى الادب المفرد الحديث (١٠)م (١٥١٠/٢٥) احمد (٢٣٠/٢) وابوداود (٥١٣٧) والترمذى (١٩٠٦) والنسائى فى الْكُبرىَ (١٧٣/٣) وابن ماجة (٣٦٥٩)].

وە هەر لەوەوە هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: منالّ پاداشی باوکی خۆی ناداتەوە مەگەر باوکی بەندە بێ‌و بیکڕێتەوەو ئازادی بکات وەکو لە ڕیوایەتی تردا هاتوە، کە هەرکەسێك بو بەخاوەنی خزمێکی مەحرەمی خۆی ئەوە ئەو خزمە ئازادە، واتە هەر بە کڕینەکەی ئازاد ئەبێ، والله اعلم.

(٥٦٦/ن /٢٦٠٠) [عَنْ ابْنِ عُمَرَ اَنَّ النَّبِىَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ اَعْتَقَ شِرْكاً لَهُ فِي عَبْدٍ وكَانَ لَهُ مَالٌ يَبْلُغُ ثَمَنَ الْعَبْدِ قُوِّمَ اَلْعَبْدُ عَلَيْهِ قِيمَةَ عَدْلٍ فَأَعْطَى شُرَكَاءَهُ حِصَصَهُمْ وَعَتقَ عَلَيْهِ الْعَبْدُوَ اِلاَّ فَقَدْ عَتَقَ عَلَيْهِ مَاعَتَقٍ) رواه الجماعة الا النسائى والترمذى خ(٢٥٢٢) م(١٥٠١/١)].

لە عەبدولاّی كوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەركەسێك بەندەیەكی هاوبەشی ئازاد بكاتەوە ئەو كەسە ماڵی هەبێت كە بگات بە نرخی ئەو بەندەیە ئەوە بەندەكە نرخێكی دادپەروەرانەی لەسەر دائەنرێتو ئەیدا بە هاوبەشەكانی – هەركەس بەشی خۆی –و بەندەكەی پێ ئازاد ئەكرێ ئەگینا بە ئەندازەی بەشەكەی ئەوی لێ ئازاد ئەبێو بەس.

(٥٦٧/ن /٢٦٠٥) [عَنْ جَابِرٍ اَنَّ رَجُلاً اَعْتَقَ غُلاَماً لَهُ عَنْ دُبُرٍ فَاحْتَاجَ فَأَخَذَهُ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: (مَنْ يَشْتَرِيهِ مِنِّى؟ فَاشْتَراهُ نُعَيْمُ بْنُ عَبْدُ الله بِكَذَا وَكَذَا فَدَفَعُهُ اِلَيْهِ) رواه الجماعة الا احمد خ (٢١٤١) م (٩٧٩/٥٨) وابو داود (٣٩٥٥-٣٩٥٧) والترمذيُّ (١٢١٩) والنسائيُّ (٧/ ٣٠٤) –وابن ماجه (٢٥١٢-٢٥١٣)].

لە جابیرەوە هاتوە (خوا لێی ڕازی بێ)، كە پیاوێك بەندەیەكی ئازاد كرد بۆ پاش مەرگی، واتە وتی: هەركاتێ مردم تۆ ئازادیت، جا ئەم كابرایە كەمدەستو موحتاج بو لەبەرئەوە پێغەمبەر (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەریگرت وفەرموی: كێ ئەم بەندەیەم لێ ئەكڕێ؟، نوعەیمی كوڕی عەبدولاّ لێی كڕی بە ئەوەندەو ئەوەندە پێغەمبەریش (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێیفرۆشت, واتە ئەو جۆرە ئازادكردنە كابرا ئەتوانێت، ئەگەر ویستی بیفرۆشێت، ئەوانەی، كە ووتویانە دروست نیە بەم فەرمودەیە بەرپەرچ ئەدرێنەوە.

(٥٦٨/ن /٢٦١٢) [عَنْ مُوسَى بْنِ اَنَسٍ اَنَّ (سِيرِينَ سَأَلَ اَنَسَ بْنَ مَالِكٍ الْمُكَاتَبَةَ وَكَانَ كَثِيرِ الْمَالِ فَأَبَى فَانْطَلَقَ اِلَى عُمَرَ فَقَالَ: كَاتِبْهُ فَأَبَى فَضَرَبَ عُمَرَ بِالدُّرَّةِ وَتَلاَ عُمَرَ (فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا) (النور) اخرجه البخارى (٤٩٤/٥) معلقا ووصله عبدالرزاق (٣٧١/٨) رقم (١٥٥٧٦)].

لە موسای کوڕی ئەنەسەوە هاتوە، کە بەڕاستی: سیرین داوای لە ئەنەسی کوڕی مالیك کرد کە (نووسینی لەگەڵدا بکات)، واتە نرخی لەسەر دابنێ‌و بیکات بە چەند بەشەوەو هەر مانگێك شتێکی بدات، تا تەواو ئەبێ‌و ئازاد بێ، وە مالّی زۆری هەبووە، ئەنەس نەیکردوە، ئینجا چوونە لای عومەرو ئەویش وتویەتی: ئازادی بکە، هەر نەیکردوە، جا عومەر بە عەسا لێی داوەو ئەم ئایەتەی بۆ خوێندوەتەوە کە ئەفەرموێ (نوسینیان لەگەڵ بکەن، ئەگەر ئەتانزانی لەناو ئەواندا ماڵ هەیە)، واتە، مادام ترسی ماتەڵکردنتان نەبێ‌و بزانن ئەتوانن ماڵ پەیداکەن، یان ماڵیان هەیە بەو شێوەیەی کە لە سەرەوە باسمان کرد ئازادیان بکەن.

بەشـی ژن و ژنخـوازی (النكاح).

(٥٦٩/ن /٢٦٢١) [(عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ): يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّـهُ اَغَـضُّ لِلْبَصَرِ وَاَحْصَنُ لِلْفَرْجِ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَـاءٌ] رواه الجماعة الا الترمذی خ (١٩٠٥/٥٠٦٥) م(١/١٤٠٠).

لە عەبدولآی كوڕی مەسعودەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئەی كۆمەڵی لاوان هەر كام لە ئێوە توانای جیماعی هەیە، با ژن بهێنێ بەڕاستیبە ئەوە چاكتر چاوتان لەڕاست ئافرەتانی نامەحرەم دادەخرێو پارێزگاریترە بۆ عەیبتان، وە هەركەسێكیش دەسەڵاتی نیە با ڕۆژوو بگرێت بە ڕاستی ئەو ڕۆژووە بۆ ئەو خەسێنەرە.

(٥٧٠/ن /٢٦٣٠)[عَنْ اَبِی هُرَيْرَةَ عَنْ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) قَـالَ: تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لأَرْبَعٍ: لِمَا لَهَا وَلِحَسَبِهَا وَلِجَمَالِهَا وَلِدِينِهَا فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ] رواه الجماعة الاّ الترمذی والنسـائی خ (٢٠٩٧) م (٥٤/٧١٥) احمـد (٢/٤٢٨) وابوداود (٢٠٤٧) وابن ماجة (١٨٥٨).

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، كـە فەرمویەتی: ئافرەت لەبەر چوار شت ئەخوازرێت: لەبەر ماڵی، لەبەر پلەو مـەقامی، لەبەر جوانی، وە لەبەر ئایینی، دە زاڵ بـە بەسـەر ئایـیندارەكەدا دەسـتت لـە خـۆڵ

درێت ((وشەیەکە بۆ هەڵنان ئەوترێت))، واتە تـەنها ئاییـنەکـە، جێگـای دڵخۆشـیو پشت پێ بەستنە، ئەوانیتر لەوانەیە ببنە مایەی زیانو جیابوونەوەو شتانێکی کاتین.

(٥٧١/ن /٢٦٣٥) [وَعَنْهُ عَنْ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ: لاَ يَخْطُـبُ الرَّجُلُ عَلَى خِطْبَةِ أَخِيهِ حَتَّى يَنْكِحَ اَوْ يَتْرُكَ] رواه احمد(٤٦٢/٢) والبخاری (٥١٤٤) والنسائی (٧٣/٦).

وه هەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: با هیچ پیاوێك خوازبێنی ئافرەتێك نەکات کە برایەکی خوازبێنی کردبێ تا نیکـاحی دەکات، یان وازی لـێ دەهێنێ.

تەماشا کردنی ئەو ئافرەتەی کە داخوازی ئەکەیت

(٥٧٢/ ن /٢٦٤٠) [عَنْ ا لْمُغَيْرةَ بِنْ شُعْبَةَ أَنَّهُ خَطَبَ امْرَءَةً فقالَ النَّبِـيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (اُنْظُرْ اِلَيْهَا اَحْرَى اَنْ يُؤْدَمَ بَيْنَكُمَـا)] رواه الخمسـة الا ابـا داود. احمـد (٤/ ٢٤٤/ ٢٤٥) والترمـذی (١٠٨٧) والنسـائی (٦٩/٦) وابـن ماجـة (١٨٦٦).

لە موغەیرەی کوڕی شوعبەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، کـە خـوازبێنی ئـافرەتێکی کـردوە، پێغەمبــەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویــەتی: تەماشـای بکـە بەڕاسـتی ئـەوە شایستەترە بۆ ڕێکەوتنتانو بەیەکـەوە گونجانتـان، واتــە تەماشـاکردن لەوکاتـەدا بـە

تاوان دانانرێت بەڵكو سوننەتەو پێویستە تا لە پاشدا گەیشتنە یەك پەشیمان نەبنەوە بە هۆی دیمەنو ڕەنگیەوە، دیارە بۆ ئەم مەبەستە دەموچاوو دەست بینین بەسەو نابێ لەوە زیاتر تەماشای بكات، جا ئافرەتەكە بزانێ یان نەزانێ قەیناكا. والله اعلم.

(٥٧٣/ ن /٢٦٥٠) [عَنْ عُقْبَةَ بِنْ عامر اَنّ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اِيَّاكُمْ وَالدُّخُولَ عَلَى النِّساءِ فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الأَنْصَارِ يَارَسُولُ الله أَفرَاَيْتَ الْحَمْوَ قَالَ: الْحَمْوُ الْمَوْتُ] رواه احمد (٤/ ١٤٩/١٥٣) والبخاری (٥٢٣٢) ومسلم (٢١٧٢) والترمذی (١١٧١) وصححه.

لە عوقبەی كوڕی عامیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ووریا بن، خۆتان بپارێزن لە چوونە لای ئافرەتان - ئەگەر مەحرەم نەبوون- جا پیاوێك لە یاریدەدەرەكان (الانصار)، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێم بڵێ ئەی برای مێردی ئافرەت؟

فەرموی: ئەوە مردنە، واتە زۆر خراپە بەیەكەوە لەیەك ژووردا دانیشنو كەسیان لەگەڵدا نەبێ، باقی قەدەغەكراوەكان لە سورەتی نوردا هاتونو لێرەدا لەبارەیانەوە نانووسینو بچن لەوێ تەماشای بكەن. وشەی (حَمْوُ) بە خزمانی ژن لەلایەن مێردیەوە ئەوترێت وەكو برای مێردیو ئامۆزایو..و..هتد.

(٥٧٤/ ن /٢٦٥٨) [عَنْ اَبِی مُوسَی عَنِ النَّبِیِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ نِكَاحَ اِلاَّ بِوَلِیٍّ] رواه الخمسة احمد (٤/٣٩٤/٤١٣) وابوداود (٢٠٨٠) والترمذی (١١٠١) وابن ماجة (١٨٨١) الاّ النسائی وحسنه الترمذی وصححه ابن حبان.

لە باوکی موساوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ)، کە فەرمویەتی: نیکاحی ئافرەت بەبێ سەرپەرشت دروست نیە، هەروەها بەبێ دوو شایەتی دادپەروەریش, ئەگەرچی بەڵگەی ڕاستو دروست لەبارەی شایەتەکانەوە نیە، بەڵام کۆی ریوایەتەکان کراوە بە بەڵگە[1].

(٥٧٥/ ن /٢٦٦٤) [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): لاَ تُنْكَحُ الأَيِّمُ حَتَّى تُسْتَأْمَرَ وَلاَ الْبِكْرُ حَتَّى تُسْتَأْذَنَ، قَالَ يَا رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَكَيْفَ اِذْنُهَا؟ قَالَ: (اَنْ تَسْكُتَ)] رواه الجماعة الا احمد خ(٥١٣٦) م(١٤١٩/٦٤).

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((بێوەژن نیکاح ناکرێت تا پرسی پێ نەکرێتو ڕەزامەندی خۆی دەرنەبڕێت، وە کچیش هەتا ماوە نەدات))، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) چۆنە ماوەدانی؟ فەرموی ئەوەیە کە بێدەنگ بێ.

---

(١) هەروەها ابن حبان لە سەحیحی خۆیدا فەرمودەیەکی هێناوە بە ژمارەی (٤٠٧٥) لاَ نِكَاحَ اِلاَّ بِوَلِيٍّ وَ شَاهِدَي عَدْلٍ ...) عن عائشة. نیکاح دروست نیە مەگەر بەسەرپەرشتو بە دو شایەتی دادپەروەر.

بەرگری ئافرەت لە گەڕانەوە بۆ لای مێردی پاش نەمانی عیدە

(٥٧٦/ن /٢٦٧٢) [(عَنْ مَعْقِلِ بنْ يَسَار قَالَ: كَانَتْ لِـي أُخْـتٌ تُخْطَـبُ اِلَـيَّ، فَأَتَانِي ابْنُ عَمّ لِي فَأَنْكَحْتُهَا اِيَّاهُ ثُمَّ طَلَّقَهَا طَلاَقاً لَهُ رَجْعَـةً ثُـمَّ تَرَكَهَـا حَتَّي انْقَضَّتْ عِدَّتُهَا فَلَمَّا خُطِبَتْ اِلَيَّ اَتَانِي يَخْطُبُهَا ، فَقُلْـتُ : لا وَاللهِ لا أُنْكِحُكَهَا اَبداً. قَالَ : فَفِيَّ نَزَلَتْ هَذِهِ الآيَةُ : ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَٰجَهُنَّ ...﴾ الآيةُ (البقـرة: ٢٣٢. قَـالَ: فَكَفَّـرْتُ عَنْ يَمِينِي وَاَنْكَحْتُهَا اِيَّاهُ)) رواه البخاری (٤٥٢٩) وابـوداود (٢٠٨٧) والترمـذی (٢٩٨١) وصححه ولم يذكر التَكْفِيرَ، فيه في روايةِ البخاری: وَكَـانَ رَجُـلاً لاَ بَأْسَ بِهِ وَكَانَتِ الْمَرْأَةُ تُرِيْدُ انّ تَرْجِعَ اِلَيْهِ، وَهُوَ حُجَّةٌ فِي اِعْتَبارِ الْوَلِيِّ].

لە مەعقیلی كوڕی یەسارەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: خوشـكێكم بـو لەمن خوازبێنی دەكرا، جا ئامۆزایەكم هاتە لام‌و لێم نیكاح كـرد لـە پاشـدا تـەڵاقی دابوو ئەیتوانی بیباتەوە بـەڵام وازی لێهێنـا تـا عیـدەی ڕۆی، جـا كاتـێ خـوازبێنیم لێكرا هاتە لام‌و داخوازی كردەوە، وتم، نەخێر، بەخوا هـەرگیز لـەتۆی نیكـاح ناكـەم جالـەبارەی منـەوە ئـەم ئایەتـە دابـەزی ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ ...﴾ ئایـەتی (٢٣٢)

سورەتی بەقەرە. واتە : هەرکاتێ ژنەکانتان تەڵاقدان- تەڵاقی سێهەم نەیو- عیدەیان بەسەرچو بە رگریان مەکەن لە خۆ نیکاح کردنی لە مێردە کانیان .

وتی: لەبەرئەوە کەفارەتی سوێندەکەم داو لێم مارە کردەوە...تورموزی باسی کەفارەتەکەی نەکردوە،وە لەم فەرمودەدا هاتوە لە ریوایەتی بوخاریدا، کە: ئەو پیاوێك بوو کە هیچ خراپەیەکی تێدا نەبووو ئافرەتەکەش ئەیویست بگەڕێتەوە بۆ لای وە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە وەلی حیسابی بۆ کراوە، ئەگینا ئافرەتەکە بێوەژن بوو ئەیتوانی هیچ حسابێ بۆ براکەی نەکات،وە ئەمە پاڵپشتێکی چاکە بۆ فەرمودەی (**لاَ نِكَاحَ اِلاَّ بِوَلِيٍّ**) ژمارە (٥٧٤).

لەبەر چاو گرتنی هاوشانیەتی چاکە

(٥٧٧/ن /٢٦٧٦) [عَنْ عَبْدِ الله بنْ بُرَيْدَةَ عَنْ اَبيهِ قَالَ: جَاءَتْ فَتَاةٌ اِلَى رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَتْ: اَنَّ اَبِى زَوَّجَنِى اَبْنَ اَخِيهِ لِيْرفَعَ بِهِ خَسِيسَتَهُ، قَالَ: (فَجعلْ الاَمْرَ اِلَيْهَا) فَقَالَتْ: قَدْ اَجَزْتُ مَا صَنَعَ اَبِى وَلَكَنْ اَرَدْتُ اَنْ أُعْلِمَ النِّسَاءِ اَنَّ لَيْسَ اِلَى الآبَاءِ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ]. رواه ابن ماجة (١٨٧٤) واحمد والنسائى من حديث ابْنِ بُرَيْدةُ عَنْ عائشةْ قال :النِّسائِيُّ هَذا الْحَديث: يُوثقونه ، فى الكبرى (٢٤٨/٣) رقم (٥٣٩٠).

لە عەبدوللاَی کوڕی بورەیدەوە لە باوکیەوە هاتوە، کە وتویەتی: کچێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و وتی: بەڕاستی باوکم منی داوە بە برازایەکیو ئەیەوێ بێنرخی ئەو بە من پڕ بکاتەوە، وتی: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (بڕیاری ئەو ئیشەی دایە دەستی خۆی -و ئافرەتەکەی کردە سەرپشك لە کردنو نەکردندا)، وتی: من ئەوەی باوکم کردویەتی دانم پێدا نا، بەلاَم ویستم ئافرەتان تێبگەیەنم کە باوکان لەمبارەوە هیچیان بۆ نیە، واتە تا ئافرەتەکە ڕازی نەبێ باوك مافی زۆرکاری نیە.

دوعایەك بۆ پیاو و ئافرەت كە یەكەمجار بە یەك ئەگەن

٥٧٨١ /ن /٢٦٨٣) [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ اَنَّ النَّبِــيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (اِذَا رَفَّأَ اِنْسَاناً اِذَا تَزَوَّجَ قَالَ: بَارَكَ اللهُ لَكَ وَبَارَكَ اللهُ عَلَيْــكَ وَجَمَـعَ بَيْنَكُمَــا بِخَيْرٍ) رواه الخمسة وصححه الترمذى والنسائى فى عمل اليوم والليلة (٢٥٩) احمـد (٣٨١/٢) وابوداود (٢١٣٠) والترمذى (١٠٩١) وابن ماجة (١٩٠٥)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە هەركاتێ دوعای بكردایە بۆ ئینسانێك كە ژنی بگواستایەوە فەرمویەتی: خوا پیرۆزكا لێت‌و فەڕت بەسەرا بڕێژێ‌و كۆتان بكاتەوە بە چاكە.

نیکاحی لەزەت وەرگرتن (المتعـە) ڕەوا نیە

(٥٧٩ /ن /٢٦٨٩)) [عَنْ عَلِيّ رضى الله عنه اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) نَهَى عَنْ نِكَاحِ الْمُتْعَةِ وَعَنْ لُحُومِ الْحَمُرِ الأَهْلِيَّةِ زَمَنَ خَيْبَـرَ) رواه الجماعـة الا ابـاداود احمـد(١/٧٩) خ(٥٠٧١، ٤٦١٥) م(١٤٠٤) والترمـذی (١١٢١) والنسائی (١٢٦/٦، ١٢٥) وابن ماجة (١٩٦١)].

لە عەلیەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بـە ڕاسـتی پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری کرد لە نیکاحی لەزەتوەرگرتن – نیکاح کردنی ئافرەت بۆ ماوەیەکی دیاری –وە لە گۆشتی کەری ماڵی لە زەمانی خەیبەردا. وە لە ریوایەتی تردا هاتوە، کە لە حەجی ماڵ ئاواییدا چەند ڕۆژێ ماوەی پێداوەو پاشان قەدەغەی کردوە[1].

---

(١) تەماشای فەرمودەی (٢٦٩١)، لە سەرچاوەی پێشوو، بکە.

تاوانی نیكاح كردن بۆ چاك كردنەوەی نیكاح (نكاح المُحَلِّل)

(٥٨٠ /ن /٢٦٩٢) [عَنْ اِبنْ مَسْعُودْ قَالَ لَعَنَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) المُحَلِّلْ و المُحَلَّلْ له) رواه احمد (٤٤٨/١) والنسائی (١٤٩/٦) والترمذی (١١٢٠) وصححه والخمسة الاالنسائی من حديث عَلِيٍّ مِثْلَهُ].

له عەبدوڵای كوڕی مەسعودەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەفرینی كردوە لە حەڵاڵكەرو حەڵاڵ بۆكراو، وە لە عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) بە هەمان شێوە هاتوە، چواركەس لە پێنج ریوایەتكەرەكان هێناویانە، مەبەست ئەو ئافرەتەیە كە بە تەواوی تەڵاقی ئەكەوێت‌و هیچ ڕێگایەك نیە بۆ گەڕانەوەی، هەندێ دێن ئەو ئافرەتە نیكاح ئەكەن لە كابرایەك لە پاشدا تەڵاقی بداتەوەو مێردی پێشوو بیهێنێتەوە ئەمە تاوانەو حەرامەو فێڵ كردنەو بەر نیكاحی لەزەتیش ئەكەوێت، چونكە ئەمەی كە ئێستا ئەو ئافرەتە نیكاح ئەكات تەنها ئەوەیە كە بچێتە لایو پاشان تەڵاقی بدات، لە ڕیواتدا هاتوە بە ساورێنی خوازراو ناوبراوە. (اَلتَّيْسَ الْمُسْتَعَارُ)[1].

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٢٦٩٣)، لە سەرچاوەی پێشوو، بكە.

باسی مارەپڕیتی
ئافرەت بەئافرەت بەبێ مارەیی

(٥٨١ /ن /٢٦٩٦) [عَنْ اَبِی هُرَیْرَةَ قَالَ اَنَّ رَسُولُ اللهِ (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) نَهَی عَنْ الشِّغَارِ، وَالشِّغَارُ اَنْ یَقُولَ الرَّجُلُ: زَوِّجْنِی اِبْنَتَکَ وَأُزَوِّجُکَ اِبْنَتِی، اَوْ زَوِّجْنِی اُخْتُکَ أُزوِّجُکَ اُخْتِی) رواه احمد (٢/٤٣٩) ومسلم (٦١/١٤١٦) والنسائی (٦/١١٢) ءابن ماجة (١٨٨٤)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری کردوە لە شیغار، شیغار ئەوەیە کە پیاوێك بلێ: کچی خۆتم لێ نیکاح بکەو منیش کچی خۆمت لێ نیکاح ئەکەم، یان خوشکەکەتم لێ نیکاح بکەو منیش خوشکی خۆمت لێ نیکاح ئەکەم. هەریەکە لەم دوانە مارەیی ئەویتریان بێت.

(جێبەجیٚ كردنی مەرجەكان لە نیكاح دا)

(٥٨٢ /ن /٢٦٩٩) [عَنْ عُقْبَةَ بِنْ عَامِرٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ): اَحَقُّ الشُّروطِ اَنْ يُوَفِىَّ بِهِ مِا اسْتَحْلَلْتُمْ بِهِ الفُرُوجَ) رواه الجماعـة احمد (١٤٤/٤، ١٥٠، ١٥٢) خ(٢٧٢١) م (١٤١٨) وابوداود (٢١٣٩) والترمذى (١١٢٧) والنسائى (٩٢/٦، ٩٣) وابن ماجة (١٩٥٤)].

لە عوقبەی كوڕی عامیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: شایستەترین مەرج بۆ ئەوەی جێبەجیٚ بكرێت ئەو مەرجەیە كە عەیبی ئافرەتتان پیٚ حەلاڵ كردوە، واتە پێویستە ئەو مەرجانە جێبەجیٚ بكرێن، وەكو پێدانی مارەیی‌و شتی تر مادەم ئەو مەرجە قەدەغە نەكرابیٚ، وەك ئەوەی كە ئافرەتەكە بڵیٚ بەو مەرجە من خۆت لی مارە ئەبڕم، كە ئەو ژنەی ئێستەت تەڵاق بدیت، ئەو مەرجە حەرامەو بە گوێی ناكرێت، وەكو لە فەرمودەی تردا هاتوە[1].

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارەی (٢٧٠٠)، لە نیل الأوطار، بكە.

(٥٨٣ /ن/٢٧٠٢) [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ: رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): الزَّانِى الْمَجْلُودُ لاَ يَنْكِحُ الامِثْلَهُ) رواه احمد (٣٢٤/٢، وابوداود(٢٠٢٥)]

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: زیناكاری دارلێدراو نابێ نیكاح بكات، مەگەر وەكو خۆی زۆربەی زانایان ئەم بەرگرییە بۆ هەڕەشەو سەختگیری حیساب ئەكەنو بە حەرامی نازاننو كە جگە لەوان بە قەدەغەو حەرامی ئەزاننن جگە لەو ئافرەتە زیناكارانە بخوازێت.

(٥٨٤ /ن /٢٧٠٥) [وَعَنْهُ قَالَ: (نَهَى النَّبِىُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ان تُنكَحَ الْمَرأةُ عَلَى عَمِّتَهَا اَوْ خَالَتِهَا) رواه الجماعة الاّ مسلما وابن ماجة احمد (٢٦/٢) خ (٥١٠٨) وابوداود (٢٠٦٥) والترمذى (١١٢٦) والنسائى (٩٨/٦)].

وە هەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەر (صَلیَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری كردوە لەوەی كە ئافرەت نیكاح بكرێ بەسەر پوریا -خوشكی باوكی یا دایكی-.

نابێ بەندە (العبد) ژن بهێنێ به بێ ماوەپێدانی ئاغاكەی

(٥٨٥ /ن/٢٧١١) [عَنْ جَابِرٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ): أَيُّـمَا عَبْدٍ تَزَوَّجَ بِغَيْرِ إِذْنِ سَيِّدِهِ فَهُوَ عَاهِرٌ) رواه احمـد (٣٨٢،٣٠١/٣) وابـو داود (٢٠٧٨) والترمذی (١١١١) وحسنه].

له جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کـه وتویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەر بەندەیەك بەبێ پرسی گەورەكەی ژن بخوازێ ئەوە زیناكارە.

(٥٨٦ /ن/٢٧١٣) [عَنْ قَاسِمٍ عَنْ عَائِشَةَ (رضی الله عنها): اَنَّ بَرِيـرَةَ خَيَّرَهَـا النَّبِـيُّ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) وَكَـانَ زَوْجُهَـا عَبْـداً) رواه مسـلم (١٠،١١/١٥٠٤) وابوداود(٢٢٣٤) والنسائی (١٦٢/٦) وابن ماجة (٢٠٧٦)].

له قاسمەوە له عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە بەڕاستی بـەریرە -کـاتێ ئـازاد بوو- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کردی بەسەر پشـك لـە هەڵبـژاردن، یـان لـە نەویستنی مێردەكەیدا كە بەندە بوو، واتە ئازادو بەندە هاوشانی یەكتر نـین ئـەتوانن نیكاح هەڵبوەشێننەوە.

دوو خوشك دروست نیە هاوسەری یەك پیاو بن

(٥٨٧ /ن /٢٧٢٣) [عَنْ أُمِّ حَبِيبَةَ: أَنَّهَا عُرَضَتْ عَلَى رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اَنْ يَنْكِحَ أُخْتَهَا فَقَالَ: (لاَ تَحِلُّ لِي) اخرجاه خ (٥١٠٦،٥١٠٧) م (١٥،١٦-١٤٤٩)](١).

لە دایکی باوەڕدارانەوە ئومو حەبیبەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە: خوشکی خۆی باسکرد بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە بیخوازێت فەرموی: ڕەوا نیە بۆم، وە ئەمەش لە سورەتی نیسا دا لەباسی ئەو ئافرەتانە داهاتوە کە نیکاحیان ڕەوانیە کە ئەفەرموێت ﴿...وَأَن تَجْمَعُوا بَيْنَ الْأُخْتَيْنِ...﴾ (١).

واتە کۆ کردنەوەی دوخوشك بۆیەك پیاو ڕەوانیە .

---

(١) ئەم فەرمودە لەراڤەی فەرمودەی هەمان ژمارە دایە ، نیل الاوطار ج٤ /ل/ ٢٤٢

پیاو و ئافرەتی كافر ، كە
یەكێكیان بەر لە ئەویتریان موسڵمان بێت

(٥٨٨ /ن /٢٧٢٤) [عَنْ ابْنِ عَبَّاس: اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ردَّ ابْنَتَهُ زَيْنَبَ عَلَى زَوْجِهَا اَبِى الْعَاصِ بْنِ الرَّبِيعِ بِالنِّكَاحِ الاَوَّلِ لَمْ يَحْدَثْ شَيْئاً]
رواه الخمسة وقال ابْنُ كَثِيرٍ في الارشاد: هو حديث جيدّ. احمـد (٢١٧/١) وابـو داود (٢٢٤٠) والترمذي (١١٤٣) وابن ماجة (٢٠٠٩).

لە عەبدوڵای كوڕی عەباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتوە، كە: بەڕاستی پێغەمبەر (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) زەینەبی كچی دایەوە بە مێردەكەی كە (ابوالعاصی كوڕی ڕەبیع بو) هەر بە نیكاحی پێشوو هیچ شتێكی تازە پەیدا نەبوو.

بەڵێ بەڕاستی لەم فەرمودانەو لە واقیعی یارەكانی پێەمبەرەوە (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) وا دەرئەكەوێت كە بە مسوڵمان بونی یەكێك لە ژنو مێرد نیكاح هەڵناوەشێتەوە تا یەكێكیان هەولی جیابونەوە نەدات، واتە ئەو بینایە ناڕوخێت تا یەكێكیان دەستكاری نەكات. والله اعلم.

(٥٨٩ /ن /٢٧٢٨) [عَنْ اَبِى سَعِيدٍ: اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) يَـوْمَ حُنَينٍ بَعَثَ جَيْشاً اِلَى اَوْطَاسَ فَلِقِـيَ عَـدواً فَقَـاتَلُوهُمْ فَظَهَـروُا عَلَـيْهِمْ وَاَصَابُوا لَهُمْ سَبَايَا فَكَأَنَّ نَاساً مِنْ اَصْحَابِ النَّبِـيّ تحرَّجُـوا مِـنْ غِشْـيَانِهِنَّ مِنْ اَجْلِ اَزْوَاجِهِنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ، فَأَنْزَلَ اللهُ تَعالَى فِي ذَلِكَ (ب پ

ﭽ ﭾ ﭿ ﮀ اَیْ فهُنَّ لَكُــمْ حَــلاَلٌ اِذَا انْقَضَــتْ عِــدَّتُهُنَّ] رواه الجماعـة الاّ البخاری وابن ماجة. رواه مسلم (٣٣/ ١٤٥٦) والنسائی (٦/ ١١٠) وابـوداود (٣١٥٥) وكذلک احمد (٣/ ٨٤) وليس عِنْدَهُ الزِيَادَةُ فِی آخِرِهِ بَعْـدَ الآيَـةِ، والترمـذی (١١٣٢، ٣٠١٦) مختصراً.

له باوكی سەعیدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كه به ڕاستی پێغەمبـەری خـوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕۆژی حونەین كۆمەڵێك له یارەكانی نارد بۆ ئـەوتاس، لـەوێ گەیشـتنه دوژمن و شەڕیان كردو سەركەوتن بەسەریانداو لەوانه هەندێ ئافرەتیان دەستكەوت، جا چوون هەندێ له یارەكانی پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێیـان نـاخۆش بـوو بچـنه لای ئەو ئافرەتانه لەبەر مێردەكانیان، خوای بالادەست ئەو ئایەتـەی نـاردە خـوارەوە كه ئەفەرموێ: (قەدەغەیە لێتان ئافرەتـانی مێـردداز، جگـه لەوانـەی كـه ئـەبن بـه موڵكتان)، واته ئەوانه حەڵاڵه بۆتـان، وه گـوێ نـادرێ بـەوەی كـه مێـردی كافریـان هەیه. واتـه: بەوهـه لۆێسـته خراپـەیان و بـەو بـەره نگاریـەی ئیسـلام وموسـڵمانان كردویانه ئەو حورمەتەیان نامێنێ والله اعلم

مارەیی ئافرەت

(٥٩٠ /ن /٢٧٣٢) [عَنْ اَنَس اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) رَأى عَلَـى عبَدِالْرَّحَمنِ بنْ عَوْفٍ اَثَرَ صُفْرَةٍ فَقَالَ: (مَا هَذَا؟) قَالَ تَزَوَّجْتُ امْرأةً عَلَى وَزْنِ نَوَاةٍ مِنْ ذَهَب، قَالَ: بَارَكَ اللهُ لَكَ، أَوْ لَمْ وَلَـوْ بِشَـاةٍ) رواه الجماعـة خ(٥١٥٣) م(٨١/١٤٢٧) احمد (٢٠٤/٣،١٩٠، ٢٠٥،٢٧١) وابوداود (٢٠١٩) والترمذى (١٩٣٣) النسائی (١٣٧/٦) ءابن ماجة (١٩٠٧)].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، کـە بەڕاسـتی پێغەمبـەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چاوی بە عەبـدوڕەحمانی کـوڕی عـەوف کـەوت دی شـوێنەواری زەردایییـەکی پێوەیـە فەرمووی: ئەمە چیە؟

وتی: ژنم هێناوە لەسەر ناوکێك زێڕ -شتێکی کەم بوە-

فەرمووی (خوا پیرۆزی کات لێت، دەعوەتـێ بکـە، ئەگـەر بـە تاکـە حـەیوانێکیش بێ)، واتە: ١- مارەیی ئەگەر کەمیش بێت قەیناکە.

٢- سوننەتە دەعوەتی نان خواردن بۆ ژن گواستنەوە.

فێر کردنی قورئان ئەکرێ بە مارەیی ئافرەت

(٥٩١ /ن /٢٧٣٩) [عَنْ سَهْلِ ابْنِ سَعْدٍ: اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) جَاءَتْهُ امْرَأَةٌ فَقَالَتْ: يَارَسُولَ الله اِنِيِّ قَدْ وَهَبْتُ نَفْسِي لَکَ فَقَامَتْ قِيامـاً طَويلاً، فَقَامَ رَجُلٌ فقَالَ يَارَسُولَ الله زَوِّجَنيهَا اِنْ لَمْ يَكُنْ لَکَ بهَا حَاجَةً فَقَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : ((هَلْ عِنْدَکَ مِنْ شَيْءٍ تُصْدِقُهَا اِيَّاهُ ؟)) فَقَالَ : مَاعِنْدِي اِلاّ اِزَاري هَذَا ،فَقَالَ : النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) ((اِنْ اَعْطَيْتَهَا اِزَارَکَ جَلَسْتَ لاَ اِزارَ لَکَ فَالْتَمِسْ شَيْئاً)) فَقَالَ : مَا اَجدُ شَيْئاً فقَالَ: ((الْتَمِسْ وَلَوْ خَاتماً مِنْ حَدِيدٍ)) فَالْتَمَسَ فَلَـمْ يَجِـدْ شَيْئاً، فَقَالَ لَهُ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : ((هَلْ مَعَکَ مِنَ القُـرْآنِ شَيْءٌ؟)) قَالَ: نَعَمْ سُورَةُ كَذَا وَسُورَةَ كذا لِسُوَرٍ يُسَمِّيهَا. فقَالَ لَـهُ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) :((قَدْ زَوَّجْتَكَهَا بمَا مَعَکَ مِنْ القُـرْآنِ)) متفـق عليهٔ ، وَفِي رِوَايَةٍ متفق عليهٔا: قَدْ مَلَّكْتَكَهَا بِمَا مَعَکَ مِنْ القُـرْآنِ) وَفِـي رِوَايـــةٍ متفــق عليـــهٔا (فَصَـــعَّدَ فِيهَـــا النَّظَـــرَ وَصَـــوَّبهُ) خ(٥٠٨٧،٢٣١٠، ٥١٢١، ٥٠٣٠، ٥١٣٠، ٥١٣٢) احمـــد (٥/ ٣٣٠) وابـــوداود م(١٤٢٥) (٢١١١) والترمذى (١١١٤) النسائى (٦/ ١١٣) وابن ماجة (١٨٨٩)].

لە سەهلی کوڕی سەعدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، کـە ئافرەتێـك هاتـە خزمـەتی پێغەمبەر (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە ڕاستی من خۆم بەخشیوە بەتۆ، جا زۆر بە پێوە وەستا، ئینجا کابرایەك هەستاو وتی: ئـەی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نیکاحی بکە لە مـن، ئەگـەر تـۆ پێویسـتت پێـی نیە، پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: هیچ هەیـە لـەلات کـە بیکـەی بـە مارەیی بۆی؟

وتی: هیچم لانیە بێجگە لەم کراسەم.

پێغەمبەر (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ئەگەر کراسەکەتی پێ بدەیت خۆت بێکراس دائەنیشیت بگەڕێ بۆ شتێکی تر کە بیدەیتێ.

وتـی هیچـم دەسـت ناکـەوێت فـەرموی بگـەڕێ -شـتێ پەیـدا بکـە- ئەگەرچـی ئەنگوسیلەیەکی ئاسنیش بێ، گەڕاو هیچی دەستنەکەوت.

ئینجا پێغەمبەر (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرمو: هیچ لە قورئانت لانیە؟

وتی: بەڵێ: سورەتی فلانو سورەتی فلانو چەند سورەتێکی ناوبرد.

جا پێغەمبەر (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ئەوە مارەم بڕی لێـت لەسـەر فێرکردنـی ئەو ئەندازە قورئانەی کە ئەیزانیو لاتە.

لە ریوایەتێکی تردا هاتوە کە کردم بە موڵکت لەسەر ئەو قورئانەی کە لاتـە، لـە ڕیوایەتی تردا هاتوە، کە چاوێکی پێدا خشان لە خوارەوە بۆ سەرو سەری داخست.

(٥٩٢ /ن /٢٧٤١) [عَنْ عَلَقَمَةَ فِي امْرَءَةٍ تَزَوَّجَهَا رَجُلٌ ثُمَّ مَاتَ عَنْهَـا وَلَـمْ يُفْرِضْ لَهَا صِدَاقاً وَلَمْ يَكُنْ دَخَلَ بِهَا قَالَ: فَاخْتَلَفُوا اِلَيْهِ فَقَـالَ: اَرَى لَهَـا مِثْلَ مَهْرِنِسَائِهَا وَلَها الْمِيـرَاثُ وَعَلَيْهـا الْعِـدَّةُ فَشَـهِدَ مَعْقِـلُ بـنْ سِـنَانٍ الاَشْجَعَيَّ (اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَضَى فِي بَرْوَعِ ابْنَةَ وَاشِـقٍ

بِمِثْلِ مَا قَضَى]، رواه الخمسة وصححه الترمذى) احمد (٣/٤٨٠) وابوداود (٢١١٥) والترمذى (١١٤٥) والنسائى (٦/ ١٢١، ١٢٢) وابن ماجة (١٨٩١).

له عەلقەمەوە هاتوە، کە وتویەتی: لە باسی ئافرەتێ کە پیاوێك خواستبوی لە پاشا مردبوو مارەیی بۆ دانەنراوەو کابرایش نەیگواستبووەوە -جیماعی لەگەڵ نەکردبوو-، وتی: ناکۆکیەکەیان هێنایە لای، وتی: منوای بۆ دەچم کە بە وێنەی ئافرەتانی خزمی مارەیی بۆ هەیەو میرات وەرئەگرێو ئەبێ عیدەی -وەفاتیش- تەواو بکات لەوکاتەدا مەعقەلی کوڕی سەنانی ئەشجەعی شایەتیدا کە: بە ڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڕیاریدا بۆ بەروەعی کچی واشیق بەو شێوەیەی کە تۆ بڕیارتدا.

(٥٩٣ /ن /٢٧٤٤) [عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْب عَنْ اَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ اَيُّمَا امْرَأَة نُكِحَتْ عَلَى صَدَاق اَوْ حِبَاءٍ أَوْ عِدَة قَبْلَ عِصْمَةِ النِّكَاحِ فَهُوَ لَهَا وَمَا كَانَ بَعْدَ عِصْمَةِ النِّكَاحِ فَهُوَ لِمَنْ أُعْطِيَهُ، وَاَحَقُّ مَا يُكرَمُ عَلَيْهِ الرَّجُلُ ابْنَتَهُ وَأُخْتَهُ، رواه الخمسة الا الترمذى/ احمد (٢/١٨٢) وابوداود (٢١٢٩) والنسائى (٦/ ١٢٠) وابن ماجة (١٩٥٥)].

لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە لە باوکیەوە لە باوایەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بە ڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەر ئافرەتێك نیکاح کرا لەسەر مارەییەك، یان بە هەر شتێك، یان بەڵێنی شتێکی پێدرا پێش ئەوەی نیکاح بکرێت، ئەوە هی ئەو -ئافرەتەیە-وە ئەوەی پاش نیکاحەکە بڕیار درا بۆ ئەو کەسەیە کە بڕیاری بۆ ئەدرێت وە شایەستەترین شت کە پاداشتی پیاو بدرێتەوەو ڕێزی بۆ دابنرێت کچیەتیو خوشکیەتی، واتە پاش مارەبڕین ئەگەر کابرای زاوا هەرچی ببەخشێ بە باوکی بوك، یان برای شتێکی چاکەو حەڵاڵەو بۆ خۆی دەبێ،

بەلاّم پێش مارەبڕینی هەرچی وترا هی ئەو ئافرەتەیەو باوكو برا مافیان تێدا نیە ئەگەر بەناوی ئەوانیشەوە بێ، چونکە لەباتی کچەکەدا هاتووەو کابرا ناچار، یان روگیر بووە ناوی باوك، یان کەس‌وکاری ئافرەتەکەی بردوە، وە ماڵەکە بەبێ هیچ هۆیەك ئەخورێت بەر فەرمودەی **(بِمَ أَكَلَ مَالَ أَخِيكَ؟)** بەچی ماڵ براکەت ئەخۆی ، ئەکەوێت.

دەعوەتی ژن گواستنەوە

(٥٩٤ /ن /٢٧٤٦) [عَنْ أَنَس قَالَ: مَا أَوْ لَمْ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى شَيْءٍ مِنْ نِسَائِهِ مَا أَوْ لَمْ عَلَى زَيْنَبَ، أَوْ لَمَ بشاةٍ] متفق عليه احمد (٣/ ٢٢٧) (خ/ ٥١٦٨) (م/ ٩٠/١٤٢٨) ءابوداود (٣٧٤٣)].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خواردنی دروست نەکردوە بۆ ژن گواستنەوە، وەکو ئەو دەعوەتکردنەی کردی بۆ زەینەب، حەیوانێکی سەربڕی، هەروەها لە حەدیسی عەبدورەحمانی کوڕی عەوفیشدا پێغەمبەرمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی دەعوەت بکەن، ئەگەر بە حیوانێکیش بووە.

(٥٩٥ /ن /٢٧٥٠) [عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: (شَرُّ الطَّعَام طَعَامُ الْوَلِيمَةِ تُدْعَى لَهَا الأَغْنِيَاءُ وَتُتْرَكَ الْفُقَرَاءُ وَمَنْ لَمْ يُجِب الدَّعْوَةَ فَقَدْ عَصَى اللهَ وَرَسُولَهُ) رواه البخاري (٥١٧٧) ومسلم (١٤٣٢) وابوداود (٣٧٤٢) وابن ماجة (١٩١٣)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: خراپترین خواردن خواردنی ژن گواستنەوەیەكە دەولّەمەند بانگ كرابێ‌و، واز لە فەقیر هێنرابێ، وە هەركەسێك وەڵامی بانگكردنی ژن گواستنەوە نەداتەوە بەڕاستی نافەرمانی خواو پێغەمبەركەی (صَلیَّ اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) كردوە. ئەمە بە مەرجێك وایە كە لەو جێگادا شتی بێ شەرعی وەكو تێكەڵاوی ئافرەت‌و پیاوو بونی وێنەو مۆسیقاو گۆرانی نەبێ، یان ئەگەر ببێت بەو لەناو ببرێت(١).

(٥٩٦ /ن /٢٧٥٣) [وعَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ): اِذَ دُعِيَ اَحَدُكُمْ فَلْيُجِبْ فَاِنْ كَانَ صَائِماً فَلْيُصَلِّ وَاِنْ كَانَ مُفْطِراً فَلْيُطْعِمْ، رواه احمد (٥٠٧/٢) ومسلم (١٤٣٠/١٠٥) وابوداود (٢٤٦٠) والترمذی (٧٨٠)].

وە هەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەركاتێ یەكێك لە ئێوە بانگ كرا باوەڵام بداتەوە، جا ئەگەر بە ڕۆژو بوو دوعایی خەیری بۆ بكات، وە ئەگەر بە ڕۆژو نەبوو با خواردن بخوات.

(٥٩٧ /ن /٢٧٥٦) [عَنْ عَائِشَةَ اَنَّهَا سَأَلَتِ النَّبِـيَّ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) فَقَالَتْ: اِنَّ لِـى جَارَيْنِ فَأَلىَ اَيِّهِـمَا اُهْدِىَ؟ فَقَالَ: اِلَى اَقْرَبِهَما مِنْكَ بَاباً] رواه احمد (٦/ ١٧٥، ١٨٧) والبخاری (٦٠٢٠).

لە دایكی باوەڕدارانەوە خاتون عایشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە ئەو پرسیاری كرد لە پێغەمبەر (صَلیَّ اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) وتی: من دوو هاوسێم هەیە بۆ كامیان هەدیە بەرم؟

(١) با تەماشای ئاخری باسی (ولیمە لە مغنی موحتاجدا) بكرێت زۆر بەسودە بۆ ئەم دەعوەتەو شێوەكانی, تەماشای فەرمودەی (٥٩٨) بكە.

فەرموی: بۆ ئەوەیان كە دەرگاكەی لێتەوە نزدیكە. هەروەها ئەگەر دوو بانگكەر بانگیان كرد بەیەكەوە بابچێت بۆ لای ئەوەیان كە دەرگاكەیان لە تۆوە نزیكە، ئەگینا كامیان لە پێشەوە بوو پێویستەوەڵامی ئەوە بدرێتەوە[١].

(٥٩٨ /ن /٢٧٦٠) [عَنْ عَلِيٍّ رضى الله عنه قَالَ صَنَعْتُ طَعَاماً فَدَعَوْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَجَاءَ فَرأَى فِي الْبَيْتِ تَصَاوِيَر فَرَجَعَ] رواه ابن ماجة (٣٣٥٩) والنسائى (٨/٢١٣).

لە عەلیەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كەوتویەتی: خواردنێكم دروست كردو بانگی پێغەمبەری خوام (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كرد ئەویش هات بۆ لام، بەڵام كاتێ چاوی بە چەند وێنەیەك كەوت لەناو ماڵدا گەڕایەوە. واتە ئەگەر لەوشوێنەدا شتی بێشەرعی هەبوو ئەتوانێ، وەڵامی بانگكەرەكە نەدەیتەوەو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، كە وێنە چەندە نادروستو نارەوایە خۆزگە موسڵمانان خواپەرست بوونایە نەك خۆپەرستو ئارەزووپەرست هەرماڵێك دەبینی ئەڵێیت عەنتیكە خانەیە؟؟!!

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٢٧٥٥)، لە نیل الاوطار، بكە.

دەف لێدان و ئالەتی گەمە بۆ ژن گواستنەوە

(٥٩٩ /ن /٢٧٦٩) [عَنْ عَائِشَةَ أَنَّهَا زَفَّتِ امْرءَةً إِلَى رَجُلٍ مِنَ الأَنْصَارِ، فَقَالَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَاعَائِشَةُ، مَا كَانَ مَعَكُمْ مِنْ لَهْوٍ فَإِنَّ الأَنْصَارَ يُعْجِبُهُمُ اللَّهْوُ، رواه احمد (٦/٢٦٩) والبخاري (٥١٦٢)].

له دایکی باوەڕدارانەوە خاتون عایشە هاتوە، کە ئافرەتێکی گواستەوە بۆ پیاوێکی یاریدەدەر، پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ئەی عایشە چیتان لەگەڵە سەرگەرمکەر؟ بەڕاستی یاریدەرەکان سەرگەرمکەریان پێخۆشە .(لهو) سەرگەرمکەر -گاڵتەو گەمە.

بەڵی دەف لێدان بۆ ئەو شتانە باشە نەك بۆ یادی خوا چونکە یادی خوا شتێکی راستو دروستەو دەف لێدان گاڵتەو گەمەیە، دەی موسڵمانان کەی ڕەوایە ئەو دوانە بە یەکەوە بن؟!

(٦٠٠ /ن /٢٧٧٤) [عَنْ عَمروْ بنْ شُعَيْب عَنْ اَبِيهِ عَنْ جدِّهِ عَنْ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (اِذَا اَفَادَ اَحدُكُمُ امْرَءَةً اَوْ خَادِماً اَوْ دَابَّةً - فَلْيَأْخُذْ بِنَاصِيَتِهَا وَلْيَقُلْ: اللّهُمَّ اِنِيِّ أَسْئَلُكَ مِنْ خَيْرِهَا وَخَيْرِ مَاجَبَلْتَهَا عَلَيْهِ وَاَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّمَا جَبَلْتَهَا عَلَيْهِ) رواه ابن ماجة (١٩١٨) وابوداود (٢١٦٠) بمعناه].

لە عەمەری کوڕی شوعەیبەوە لە باوکیەوە لە باوایەوە لە پێغەمبەرەوە (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتوە، کە فەرمویەتی: هەرکام لە ئێوە ئەگەر ژنی خواست یان خزمەتکارێکی دەست کەوت یان ولاخێکی کڕی جاهەرکاتێ ویستی دوعایان بۆ بکات با ناوچاوانی بگرێو بڵێ (ئەی خوایە داوات لێ ئەکەم لە خەیرەکەیو خەیری ئەوەیش کە ئەمەت بۆ دروست کردوەو پەنا ئەگرم لە شەڕیو لە شەڕی ئەوەیش کە ئەمت بۆ دروست کردووە).

(٦٠١ /ن /٢٧٧٧) [عَنْ ابِنْ مَسْعُودٍ أَنَّهُ قَالَ: لَعَنَ اللهُ الوَاشِمَاتِ وَالْمُسْتَوْشِمَاتِ وَالْمُتَنَمِّصاتِ وَالْمُتَفَلِّجَاتِ لِلْحُسْنِ الْمُغَيرَّاتِ خَلْقَ اللهِ تَعَالَى وَقَالَ: مَالِي لاَ اَلْعَنُ مَنْ لَعَنَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رواه البخاری (٥٩٣٩) ومسلم (٢١٢٤) والنسائی (١٢٦/٨) والترمذی (٢٧٨٢)].

لە عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی (نەفرینی خوا لەو ئافرەتانەی کە خاڵ ئەکوتنو ئەوانەی داوای خاڵ کوتان دەکەن ئەوانەی کە موی ڕومەتیان هەڵئەکێشنو ئەوانەی کە دانیان باریك ئەکەن بۆ جوانیو تێکدەرانی دروستکراوەکانی خوای باڵادەستن،وتی چیە بۆمن نەفرین نەکەم لەو کەسەی کە پێغەمبەری خوا نەفرینی لێکردوە، بەداخەوە سەرەڕای ئەم فەرمودەیەو دەیان فەرمودەی ڕاستی تر هێشتا دەبینین، ئارەزووبازان فتوای حەڵاڵبوونی ئەدەنو هیچ گوێیان لەو فەرموودانە نیە؟! لەباتی ئیجتیهاددا بە ئیشتیهاوە خەریکن؟؟!!.

(٦٠٢ /ن /٢٧٨٥) [عَن ابْنِ عَبَّاس اَنَّ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لَوْ اَنَّ اَحَدَكُمْ اِذَا اَتَى اَهْلَهُ قَالَ: بِسمِ اللهِ، اَللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا، فَأنْ قُدِّرَ بَيْنَهُمَا فِي ذَلِکَ وَلَدٌ لَنْ يَضُرَّ ذَلِکَ الْوَلَدَ

الشَّيْطَانُ اَبَداً رواه الجماعة (خ/١٤١) (م/١٤٣٤) والنسائى فى عمل اليوم والليلة (١٤٤)] احمد (٢١٧/١، ٢٢٠، ٢٤٣، ٢٨٣) وابوداود (٢١٦١) والترمذى (١٠٩٢) وابن ماجة (١٩١٩).

لە عەبدوڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بە ڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئەگەر هەر کام لە ئێوە ویستی بچێتە لای خێزانەکەی خۆی بڵێ: بەناوی خوا ئەی خوایە دورمان بخەرەوە لە شەیتانو شەیتانیش دور بخەرەوە لەوەی کە پێمان دەدەیت. جا ئەگەر بڕیار بێ لەوجارەدا منداڵیان ببێ، ئەوە شەیتان هەرگیز زیان بەو منداڵە ناگەیەنێ...

(٦٠٣ /ن /٢٧٩٤) [عَنْ جُذَامَةَ بِنْتِ وهْبِ الاَسَدِيَّةِ قَالَتْ: حَضَرْتُ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي النَّاسِ وَهُوَ يَقُولُ: (لَقَدْ هَمَمْتُ اَنْ اَنْهَى عَنْ الْغَيْلَةِ فَنَظَرْتُ فِي الرُّومِ وَفَارِسَ فَاذا هُمْ يَغِيلُونَ اَوْلاَدَهُمْ فَلاَ يَضُرُّ اَوْلاَدَهُمْ شَيْئاً ثُمَّ سَأَلُوهُ عَنِ الْعَزْلِ، فَقَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ذَلِكَ الْوَأْدُ الْخَفِيُّ وَهَيَ [وَإِذَا ٱلْمَوْءُۥدَةُ سُئِلَتْ] (التكوير- ٨) رواه الجماعة الاّ البخارى احمد (٣٦١/٦، ٤٣٤) (م/١٤٤٢/١٤٠) وابوداود (٣٨٨٢) والترمذى (٢٠٧٦) والنسائى (١٠٦/٦، ١٠٧) وابن ماجة (٢٠١١)].

لە جوزامەی کچی وەهبەی ئەسەدییەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بووم لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکاو ئەیفەرمو: بە ڕاستی ویستم بەرگری بکەم لە (غەیلە) -چوونە لای ئافرەت لەکاتی حەملداو لەکاتی شیرداندا – تەماشام کرد ڕۆمو فارس وا ئەکەن بە منداڵەکانیان-، واتە ئەچنە لای دایکی منداڵەکانیان – هیچ زیانێك ناکەوێت لە منداڵەکانیان - لە پاشدا پرسیاری

عەزلیان لێكرد، واتە: پیاو ئاوی نەكاتە ناو ڕەحمی خێزانیەوە بۆ ئەوەی منالّی نەبیّ: پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ئەوە زیندە بەچالّكردنێكی شاراوەیە،وە ئەوە ئەم ئایەتەیە كە ئەفەرمویّ: (وە هەركاتیّ زیندە بەچالّكراوەكان پرسیاریان لێكرا) تەكویر– ٨. لێرەدا وادەرئەكەویّ، كە ئەو لادانە(عزل) شتێكی خراپەو شێوەی زیندوو بە چالّی هەیە بەلاّم زیندوو بە چالّ نیە، واتە بەو شێوە تاوانەكەی گەورە نیەو لە فەرمودەی تردا هاتوە، كە ئەگەر نەیكەن چاكە چونكە ئەگەر خوا بیەویّ كەسیّ دروست بكات كەس ناتوانێت ڕێگای پیّ بگرێت[1].

بەرگری ژن ومێرد لە باسكردنی ئەو شتەی، كە لە نێوانیاندا ڕوودەدات لە كاتی جیماع دا

(٦٠٤ /ن /٢٧٩٦) [عَنْ اَبِى سَعِيدٍ اَنَّ النَّبِــىَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (انَّ شَرَّ النَّاسِ عِنْدَ اللهِ مَنْزِلَةً يومْ اَلْقِيَامَةِ الرَّجُلُ يُفْضِي اِلَى الْمَـرْأَةِ وَتُفْضِـي اِلَيْهِ ثُمَّ يُنْشِرِ سِرَّهَا) رواه احمـد (٦٩/٣) ومسـلم (١٢٣/١٢٤ـــ١٤٣٧) وابـوداود (٤٨٧٠)].

لە باوكی سەعیدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: بە ڕاستی خراپترین خەلّك لە پلەوپایەدا لەلای خوا لەرۆژی قیامەتدا ئا ئەو پیاوەیە كە ئەچێتە لای خێزانی خۆیو لە پاشان نهێنییەكانی بلاّوئەكاتەوە.

(١) بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە با تەماشای ژمارە (٢٧٨٨-٧٩٥)، لە سەرچاوەی پێشوو، بكەن.

قەدەغەیە جیماع لە پاش ئافرەتەوە

(٦٠٥/ن /٢٨٠١) [عَنْ اَمِيرِ الْمُؤْمِنِينَ عَلّى بْنِ اَبى طَالِب (رَّضِىَ اللَّهُ عَنْهُ) اَنَّ النَّبِـىَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (لاَ تَأْتُوا النِّسَاءَ فِـى اَعْجَـازِهِنَّ اَوْ قَالَ - فِى اَدْبَارِهِنَّ. رواه احمد (٨٦/١) قال (فـى مجمـع الزوائـد) رجالـه ثقـاة (٣٠٣/٤)].

لە ئـەمیری باوەڕدارانـەوە عـەلی کـوڕی ئـەبو تالبـەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە لـە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرمویەتی: نەچنە لای ژنانەوە لە دوایانەوەواتـە: تەنها جێگای منداڵ بوون ڕەوایەو بەس. جا بۆئەو جێگا ڕەوایە بەهەر شێوەیەك ببێت دروستەوەکو ئەم فەرمودەی پاش رونی ئەکاتەوە.

(٦٠٦/ن /٢٨٠٥) [عَنْ جَابِرٍ اَنَّ يَهُودَ كَانَتْ تَقُولَ: اِذَا اُتِيَتِ الْمَرْأَةُ مِنْ دُبُرِهَـا ثُمَّ حَمَلَتْ كَانَ وَلَدُهَا اَحْوَلُ. قَالَ فَنَزَلَتْ [نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ...] (البقرة- ٢٢٣) رواه الجماعة الا احمد، غير ان النسائى فى الكبرى كما فـى التحفة (٣٦٣/٢) خ (٤٥٢٨) (م/١٤٣٥) وابـوداود (٢١٦٣) والترمـذى (٢٩٧٨) وابـن ماجة (١٩٢٥)].

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە جولەکە وتویانە: ئەگەر ئافرەت لـە پاشـەوە جیماعی لەگەڵدا بکرێتو لەپاشا حامیلە ببێ، منداڵەکـەی خێـل دەبـێ، وتـی: ئـەم ئایەتە هاتە خوارەوە (ئافرەتەکانتان کێڵگەی خۆتانن بچنە لایان چۆنتان پێ خۆشـە)

بەم شێوەیە بەدرۆی خستنەوە بەڵام جێگای بەروبووم یەك شوێنە لە قسەی جولەکەکانیشەوە دەرئەکەوێ کە هەر ئەو شوێنە مەبەستە، چونکە تەنها لەو شوێنەوە ئافرەت باردار دەبێ.

(٦٠٧/ن / ٢٨١٠) [عَنْ اَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): اَنَّ الْمَرْأَةَ كَالضِّلَعِ اِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهَا كَسَرْتَهَا وَاِنْ تَرَكْتَهَا اسْتَمْتَعْتَ بِهَا عَلَى عِوَجٍ (وَفِي لَفْظٍ (اسْتَوْصَوْا بالنِّسَاءِ فَاِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ وَاَنَّ اَعْوَجٍ شَيْءٍ فِي الضِّلَعِ اَعْلاَهُ فَاِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهُ كَسَرْتَهُ وَاِنْ تَرَكْتَهُ لَمْ يَزَلْ اَعْوَجَ فَاَسْتَوْصَوُا بِالنِّسَاءِ, متفق عليه خ(٣٣٣١،٥١٨٤) م(١٤٦٨/٥٩،٦٠) احمد (٤٤٩،٤٩٧،٥٣٠/٢)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئافرەت وەکو پەراسو وایە -لارە- ئەگەر بچی ڕاستی بکەیتەوە ئەیشکێنی-، واتە ئەبێ تەڵاقی بدەیت، وە ئەگەر وازی لێبهێنی لەزەتی لێوەرئەگریت لەسەر ئەو لارییە. وە لە وشەیەکی تردا هاتوە، کە ئامۆژگاری وەرگرن لەبارەی ئافرەتانەوە -باش رەفتاریان لەگەڵدا بکەن-، چونکە ئافرەت لە پەراسو دروست بووە - ئەو لە پەراسوی ئادەم دروست کراوە -وە لارترین شت لە پەراسودا لای سەریەتی -کە حەوای لێ دروست بووە-، یان مەبەستی لارترین شوێن لە ئافرەتان لای سەریەتی کە زمانی تێدایە لەو زمانەیەوە هەمو لارییەکەی دەرئەکەوێت، جا ئەگەر بچی ڕاستی بکەیتەوە ئەیشکێنی، وە ئەگەر وازی لێبهێنی هەروا لار ئەبێ-، واتە هەرگیز ڕاست نابێتەوە، دەی ئامۆژگاری -خواو پێغەمبەرو خەڵکانی چاك- سەبارەت بە ئافرەت وەرگرەو باش بجولێرەوە لەگەڵیا، وە لە ڕیوایەتی تردا هاتوە، کە (ئەگەر لەو دارەو شتێکی ناحەز هەبێت ڕەوشتێکی

باشیشی تێدایە[1] - پێویستە باشەکەی بنرخێنیو چاوپۆشی بکەی لە خراپەکەی تـ ژیانێکی خۆشبەختانە بدەیتە سەر.

(٦٠٨/ن /٢٨١٦) [(وَعَنْهُ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اِذَا دَعَا الرَّجُلُ أمْرَأَتَهُ اِلَى فِرَاشِهِ فَأبَتْ اَنْ تجِيءَ، فَبَاتَ غَضْبَانَ عَلَيْهَا – لَعَنَتْهَا الْمَلاَئِكَةُ حَتَّى تُصْبِح) اخرجاه خ(٣٢٣٧) م(١٤٣٦/١٢٢)]

وە هەر لەوەوە (خوالێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەر (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکاتێ پیاو بە خێزانی خۆی وت بچێتە لایو ئەو بەگوێی نەکرد، ئەو شەوە رقی بوە لێی - فریشتەکان هەتا ڕۆژ ئەبێتەوە، نەفرینی لێ ئەکەن.

(٦٠٩/ن /٢٨٢١) [(عَنْ عَمْروْ بنْ الأَحْوَص اَنَّهُ شَهِدَ حَجَّةَ الْوَداعِ مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَحَمِدَ اللهَ وَاَثْنَى عَلَيْهِ وَذكَّرَ وَوَعَظَ ثُمَّ قَالَ: اسْتَوْصَوْا بالنِّسَاءِ خَيْراً فَاَنَّمَا هُنَّ عِنْدكُمُ عَوَانٌ، لَيْسَ تَمْلِكُونَ مِنْهُنَّ شَيْئاً غَيْرَ ذَلِكَ، اِلاّ اَنْ يَأْتِينَ بفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ فَاِنْ فَعَلْنَ فَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ ضَرْباً غَيْرَ مُبرِّحٍ فَاِنْ اَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْتَغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً، اِنَّ لَكُمْ مِنْ نِسَائِكُمْ حَقًّا ، وَلِنِسائِكُمْ عَلَيْكُمْ حَقًّا ، فَأَمَّا حَقُّكُمْ عَلَى نِسَائِكُمْ فَلا يُوطِئْنَ فُرُشَكُمْ مَنْ تَكْرَهُونَ وَلا يَأْذَنَّ فِي بُيُوتِكُمْ لِمَنْ تَكْرَهُونَ، اَلاَ وحَقُّهُنَّ عَلَيْكُمْ اَنْ تُحْسِنُوا اِلَيْهِنَّ فِي كسْوَتِهِنَّ وَطَعَامِهِنَّ) رواه ابن ماجة (٣٠٨٧،١١٩٣) والترمذي وصححه (٣٠٥٥،٢٦٦٩،١٨٥١)].

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٢٨١١)، لە سەرچاوەی پێشوو، بکە.

لە عەمری کوڕی ئەحوەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی ئەو بۆ حەجی ماڵ ئاوایی لە خزمەتی پێغەمبەردا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووە، کە - سوپاسی خوای کردووەو ستایشی کردوەو، وە بیری خستۆتەوە -و ئامۆژگاری کردووە لەپاشا فەرمویەتی: ئامۆژگاری چاكوەرگرن لەبارەی ئافرەتانەوەو - ئامۆژگاری چاکیشیان بکەن - بەڕاستی ئەوان لەلای ئێوە دیلن، بۆ ئێوە هیچ مافێك نیە بەسەر ئەوانەوە بێجگە لەوە -جیماع- مەگەر بەئاشکرا دەست بدەنە داوێن پیسی-، واتە ئەوە مافی ئێوەیەو خیانەتتان پێ ئەکەنو لەمبارەوە بۆتان هەیە لێپرسینەوەو تەلاقدان بەم شێوەیەیە، کە -ئەگەر وایان کرد لە جێگای خەوتندا وازیان لێبهێننو لەگەڵیاندا مەخەونو لێیان بدەن بە لێدانێك کە شوێنی نەشکێتو بریندار نەبێ، جا ئەگەر پەیڕەوییان کرد ئیتر ئێوە بۆتان نیە ئازاریان بدەن، بەڕاستی ئێوە مافتان هەیە بەسەر ئافرەتانەوەو بۆ ئافرەتانیش مافیان هەیە بەسەر ئێوەوە، جا مافی ئێوە بەسەر ئافرەتانەوە ئەوەیە کە کەسێك نەهێننە سەر جێگاکانتان کە ئێوە خۆشتان لێیان نەبێ. وە ماوە نەدەن بۆ ماڵەکانتان بەکەسێك کە ئێوە رقتان لێیان بێ،وە ئاگادار بن مافی ئەوانیش بەسەر ئێوەوە ئەوەیە کە بەجوانی رەفتاریان لەگەڵدا بکەن لەبارەی پۆشاكو خۆراکەوە.

(١٠/ن /٢٨٢٦) [(عَنْ جَابرِ اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): قَالَ اِذَا طَالَ اَحدُكُمُ الغَيْبَةَ فَلاَ يُطْرُقْ اَهْلَهُ لَيْلاً) رواه الجماعة الاّ النسائى وابن ماجة خ (٥٢٤٣) م(٧١٥/١٨٤) احمد (٢٩٩،٣٠٢/٣) وابوداود (٢٧٧٦) والترمذى (٢٧١٢)].

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە فەرمویەتی: هەرکاتێ یەکێك لە ئێوە ماوەیەکی زۆر لەماڵ نەبو, با بەشەو نەچێتەوە ناوخێزانی.

باسی دابەشكردنی شەو مانەوە بۆ پێوەژنی تازە هێنراو بەسەر خێزانی كۆندا كچ و

(٦١١/ن /٢٨٣٠) [(عَنْ اَبِی قِلاَبَةَ عَنْ اَنَسٍ قَالَ: مَنْ السَّنَةِ اِذَا تَـزَوَّجَ اَلْبِكْـرَ عَلَى الثَّيِّبِ اَقَامَ عِنْدَهَا سَبْعاً وَاِذَا تَزَوَّجَ الثَّيِّبَ اَقَامَ عِنْدَهَا ثَلاَثاً، ثُمَّ قَسَمَ، قَالَ أَبُو قِلاَبَةَ: لَوْ شِئْتُ لَقُلْتُ: اِنَّ اَنَساً رَفَعَهُ اِلَى رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)) اخرجاه خ/٥٢١٣،٥٢١٤) م/٤٤/١٤١٦)].

له باوكی قیلابەوە لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: بەشێكە لەسوننەت هەركاتێ كچی هێنا بەسەر بێوە ژندا حەوت ڕۆژ لەلای بمێنێتەوەوە هەركاتێ بێوە ژنی هێنا سێ ڕۆژلەلای بمێنێتەوە لەپاشدا - بەیەكسانی شەوەكان دابەش بكات بەسەر خێزانەكانیا، باوكی قیلابە وتویەتی: ئەگەر ئارەزوم لێبێ ئەڵێم: ئەنەس ئەمەی گەیاندوەتە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، واتە فەرمودەكە بەرزكراوەیە (المرفوع)و نەوەستێنراوە (الموقوف)و ڕاستە.

لە چیدا پێویستە یەکسانی لەنێوان خێزانەکاندا و لەچیدا پێویست نیە

(٦١٢/ن /٢٨٣٤) [(عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَا مِنْ يَوْمٍ إلاَّ وَهُوَ يَطُوفُ عَلَيْنَا جَميعاً امْرَءَةً امْرَءَةً فَيَدنُوُ وَيَلْمَسُ مِنْ غَيْرِ مَسِيسٍ حَتَّى يُفْضِيَ إلَى الَّتى هُوَ يَوْمُهَا فَيَبيتُ عِنْدَهَا)ی رواه احمد (١٠٧/٩) وابوداود (٢١٣٥) بنحوه. وَفِي لَفْظٍ: كَانَ إذَا انْصَرَفَ مِنْ صَلاَةِ الْعَصْرِ دَخَلَ عَلَى نِسَائِهِ فَيَدْنُو اِحَداهُنّ) اخرجاه خ/٥٢١٦) م/١٤٧٤/٢١)].

لە دایکی باوەر دارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) هیچ ڕۆژێ نەبووە - کە لە ماڵدا بێ - مەگەر سوڕاوە بەسەر هەمو خێزانەکانیدا -کە نۆ خێزان بوون- ئافرەت بە ئافرەت‌و نزیك ئەبووەوە لێیان‌و دەستی لێ‌ئەدان بەڵام - کاری ژن‌و مێردی ئەنجام نەدەدا - هەتا ئەگەیشتە ئەو ئافرەتەی کە ئەبوایە ئەو شەوە لای بوایە شەو لەوێ دەمایەوە..وە لەوشەیەکی تردا هاتوە کە: کاتێ کە لە نوێژ عەسر ئەگەڕایەوە ئەچووە لای خێزانەکانی‌و لە یەکێك لەوانەوە نزیك ئەبووە.

(٦١٣/ن /٢٨٣٥) [عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ كَانَتْ لَهُ اَمْرَأَتَانِ يَمِيلُ لاِحْدَاهُمَا عَلَى الأُخْرى، جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَجُرُّ

أَحَدَ شِقَّيْهِ سَاقِطاً) اَوْ (مَـائِلاً) رواه الخمسـة. احمـد(٢/٤٧١) وابـوداود(٢١٣٣، والترمذی(١١٤١) والنسائی(٧/٦٣) وابن ماجة (١٩٦٩)].

لـە ئـەبو هـورەيرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، كـە پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمويەتی: هەركەسێك دوو ژنـی هـەبێ‌و ئـارەزووی لای یـەكێكیانی هـەبێ‌و گـوێ بەوی تریان نـەدات، ڕۆژی قیامـەت كـە دێتـە مەیـدانی مەحشـەر لایـەكی بەشـوێن خۆیدا ئەكێشێ بەزەویدا، یان (لایەكی بەرەو زەوی لاربووەتەوە)، واتە: ئەبێ لەشـەو جێگەو خۆراك‌و پۆشاك فەرقیان نەخات، بەڵام مەسـئەلەی خۆشەویسـتی دڵـی ئـەوە لەدەست كەسدا نیەو تاوانی ناگات ئەگەر یەكێكیانی لەوی تر یان زیاتر خۆشـبوێت، وەكو لەم ڕیوایەتەی بەردەمدا دەرئەكەوێت.

(٦١٤/ ن /٢٨٣٦) [(عَنْ عَائِشَـةَ قَالَتْ: كَـانَ رَسُـولُ الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) يَقْسِمُ فَيَعْدِلُ وَيَقُولُ: اللّهُمَّ هَذَا قَسْمِي فِيمَا اَمْلِكُ فَلاَ تَلُمْنِي فِيمَا تَمْلِكُ وَلاَ أَمْلِكُ) رواه الخمسـة. احمـد (٦/١٤٤) وابـوداود (٢١٣٤) والترمـذی (١١٤١) والنسائی (٧/٦٣) وابن ماجة (١٩٧١)]

لە دایكـی باوەڕدارانـەوە خـاتون عـائیشـە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، كـە وتویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شـەوەكان‌و خـۆراك‌و پۆشـاكی دابـەش ئـەكردو دادپەروەر بوو، ئەیفەرمو: ئەی خوایە ئەمە دابەشكردنی منە لەو شتەدا كە مـوڵكی منە، وە لۆمەم مەكە لەسەر ئەو شتەی، كە لە دەسەڵاتی تۆدایەو توانای منی تێدا نیە، واتە: خۆشەویستی‌و موحیبەتی دڵ.

٦١٥[١]/ ن / ٢٨٣٩) [وَعَنْهَا: اَنَّ النَّبِــيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): كَانَ اِذَا اَرَادَ اَنْ يَخْرُجَ سَـفَراً اَقْـرَعَ بَيْـنَ اَزْوَاجِهِ فَأَيَّتُهُنَّ خَرَجَ سَهْمُهَا خَرَجَ بِهَـا مَعَـهُ) متفق عليهٔ. خ /٢٦٦١) م/٢٧٧٠) احمد (١٩٧/٦)].

وە هەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کـە بەڕاسـتی پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەرکاتێ بیویستایە دەرچێ بۆ سەفەر، تیرو پشکی دەکرد لەناو خێزانەکانیا کامیـان بۆی دەرچوایە لەگەڵ خۆیدا دەیبـرد.

باسی بەخشینی ئافرەت شەوی خۆی بە هەویکەی

(٦١٦/ ن /٢٨٤٠) [وَعَنْهَا اَيضاً: اَنَّ سَـوْدَةَ بِنْتَ زَمْعَةَ وَهَبَـتْ يَوْمَهَـا لِعَائِشَـةَ وَكَانَ النَّبِــيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُقْسِمُ لِعَائِشَةَ يَوْمَهَا وَيَـوْمَ سَـوْدَةَ) رواه البخاری (٥٢١٢) ومسلم (١٤٦٣) وابوداود(٢١٣٥) وابن ماجة (١٩٧٢)]

وەهەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە سەودەی کچی زەمعەی خێزانی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕۆژی خۆی بەخشی بە عـائیشە، پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕۆژ خـۆیو ڕۆژ سـەودەی پـێ دەدا، واتـە عائیشـە لـە نـۆ ڕۆژدا دوو ڕۆژی هـەبوو لـە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وە ئەمە دروستە.

باسی بەرەڵاکردنی ئافرەت (الطلاق)

(٦١٧/ ن /٢٨٤٣) [عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطّابِ: اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) طَلَّقَ حَفْصَةَ ثُمَّ رَاجَعَهَا] رواه الخمسة الا احمد والترمذى ابوداود والنسائى وابن ماجة وابوداود (٢٢٨٣) والنسائى (٢١٣/٦) ابن ماجة (٢٠١٦) ولاحمد من حديث عاصم بن عمر].

لە ئەميری باوەڕدارانەوە عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حەفسەی خێزانی -کە کچی عومەر بوو- تەڵاقیدا لەپاشدا هێنایەوە، واتە تەڵاقدان بۆ ناچاری دروستەو چاك وایە بەوشێوەیەبێ، کە بتوانێ ئەگەر پەشیمان بوونەوە بیهێنێتەوە وەکو لەم فەرمودەی بەردەمدا بەچاکی ڕوون ئەبێتەوە.

(٦١٨/ ن /٢٨٤٧)- [عَنْ اَبْنَ عُمَرَ قَالَ: كَانَتْ تَحْتِي امْرَأَةٌ أُحِبُّهَا وَكَانَ أَبِي يَكْرَهُهَا فَأَمَرَنِي اَنْ أُطَلِّقَهَا فَأَبَيْتُ، فَذَكَرَ ذَلِكَ لِلنَّبِي (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: يَا عَبْدَاللهِ بْنَ عُمَرَ طَلِّقِ اَمْرَأَتَكَ رواه الخمسة الاّ النسائى وصححه الترمذى والحاكمُ وافقه الذهبى (٣٢٢/٧) احمد (٢٠/٢) وابوداود (٥١٣٨) والترمذى (١١٨٩) وابن ماجة (٢٠٨٨)].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: ژنێکم هەبوو خۆشم دەویستو باوکم بەلایەوە ناحەز بوو فرمانی پێدام کە تەڵاقی بدەم، منیش نەمکرد، جا ئەوە باسکرا بۆ پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ئەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ژنەکەت تەڵاق بدە، واتە پەیڕەوی باوکت شایستە ترە، لە خۆشەویستی ئافرەتێك.

بەرگری کراوە لە تەڵاقدانی ئافرەتێك کە لە حەیزدابێ یا پاك بێ و جیماعی لەگەڵ دا کرابێ

(٦١٩ / ن / ٢٨٤٨)- [وَعَنْهُ، أَنَّهُ طَلَّقَ امْرأَةً وَهِيَ حَائِضٌ فَذَكَرَ ذَلِكَ عُمَرُ لِلنَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: مَرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا أَوْ لِيُطَلِّقْهَا طَاهِراً أَوْ حَامِلاً] رواه الجماعة الاّ البخاري احمد (٢/٢٦، ٥٨) (م/١٤٧١/٥) وابوداود (٢١٨١) والترمذي (١١٧٦) والنسائي (١٤١/٦) وابن ماجة (٢٠٢٣).

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە خێزانی خۆی تەڵاقداوە، کە لە حەیزا بووەو عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) باسی کردوە بۆ پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و فەرمویەتی: فرمانی پێ بدە با بیهێنێتەوە، یان تەڵاقی بدات کە پاك بێ -و جیماعی لەگەڵدا نەکردبێ - یان با حامیلە بێ[1].

[1] / تەماشای فەرمودەی ژمارە (٢٨٤٨) بکە لەسەرچاوەی پێشوو.

(٦٢٠ / ن / ٢٨٦١)- [عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: كَـانَ الطَّلاَقُ عَلَى عَهْـدِ رَسُـول اللهِ وَاَبِى بَكْرٍ وَسَنَتَيْنِ مِنْ خَلاَفَةِ عُمَرَ: طَلاَقُ الثَّلاثِ وَاحِدَةٌ، فَقَالَ عُمَـرُ بْنُ الْخَطَّابِ: اِنَّ النَّاسَ قَدِ إسْـتَعْجَلوُا فِـى أَمْـرٍ كَانَـتْ لَــهُمْ أَنَـاةٌ فَلَـوْ اَمْضَيْنَاهُمْ عَلَيْهِمْ، فَأَمْضَاهُ عَلَيْهِمْ] رواه احمد (٣١٤/١) ومسلم (١٤٧٢/١٥).

له عەبدوڵڵای كوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتويەتی: تەڵاق لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و ئەبوبەكرو دوو ساڵی جێنشينی عومەر -سێ تەڵاقە يەك بووە-، واتە بەيەك تەڵاق دائەنرا - جا عومەری كوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێ) وتی: بەڕاستی خەڵك پەلە ئەكەن لە شتێكدا كە ئەتوانن لەسەرخۆو ئارام بن، جا با ئێمەيش بۆيان ئيمزا بكەين، ئيتر بڕياردرا لەسەريان، واتە هەركەسێ سێ تەڵاقی وت بەتەواوی هيچی نامێنێ، بەگوێرەی ئەم فەرمودەيە پەلەی خەڵك وای لە عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) كرد كە ئەو بڕيارە بدات، وە پەيرەوی كردنيشی دروستە، چونكە يەكێكە لە خەليفە ڕاشيدەكان و پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمويەتی :((**عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ**. ڕەوشتی منو ڕەوشتی خەليفە ڕاشيدەكان بگرن)).

بەکارهێنانی وشـەی تەڵاق
بەگاڵتە یان بەزۆر یان بەهۆی سەرخۆشیەوە

٦٢١/ ن /٢٨٦٢)- [عَنْ اَبِی هُرَیْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَـلَّی اللَّـهُ عَلَیْـهِ وَسَلَّمَ) ثَلاَثٌ جِدُّهُنَّ جِدٌّ وَهَزْلُهُنَّ جِدٌّ: النِّكَاحُ وَالطَّـلاقُ وَالرِّجْعَـةُ] رواه الخمسة الا احمد والنسائی وقال حَسَنٌ غَرِیبٌ وابـوداود (٢١٩٤) والترمـذی (١١٨٤) وابن ماجة (٢٠٣٩).

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبـەری خـوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَیهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: سـێ شـت جدیان جدیـەو گاڵتەیشـیان هـەر جدیـە: نیکـاحو تەڵاقو ژن گەڕاندنەوە، تەڵاق بەزۆرو ناچارکردن ناکەوێو چەندین ڕیوایـەت لـەمبارە هەیە[١].

(٦٢٢/ ن / ٢٨٦٨)- [عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَیْبِ عَنْ اَبِیهِ عَنْ جَدِّهِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ): لاَ نَذْرَ لاِبْنِ آدَمَ فِیمَا لاَ یَـمْلَكُ وَلاَ عِتقَ لَهُ فِیمَا لاَ یَمْلِكُ وَلاَ طَلاَقَ فِیمَـا لاَیَمْلِـكُ] رواه الخمسـة الا النسـائی احمـد (١٨٥/٢) وابوداود (٢١٩٠) والترمـذی (١١٩٢) وابـن ماجـة (٢٠٤٧) وقـال حـدیث حسن وهو احسن شیء فی هذا الباب.

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٢٨٦٤-٢٨٦٥) بکە، لە سەرچاوەی پێشوو.

لە عەمەری کوڕی شوعەیبەوە لە باوکیەوە لە باوەیەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: جێبەجێ کردنی - نەزری نیە لە شتێکا کە موڵکی خۆی نەبێ و ئازادکردن نیە لە شتێکا کە موڵکی خۆی نەبێ وە تەڵاقدان نیە لە کاتێکا کە موڵکی نیە، واتە کابرا بەر لە ژنهێنانی هەرچی تەڵاق بخات بابیشلێت - هەرکاتێ ژنم هێنا تەلاقی کەوتبێ ناکەوێت، چونکە لەکاتی وتنەکەی خاوەنی تەڵاق نیە.

تەڵاق بە وشەی کینایە ناکەوێ ئەگەر نیەتی نەبێ

(٦٢٣/ ن /٢٨٧٠)- [عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: خَيَرَّنَا رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَاخْتَرْنَاهُ فَلَمْ يَعُدَّهَا شَيْئاً)، رواه الجماعة خ/٥٢٦٣، ٥٢٦٣، م/١٤٧٧/٢٧) احمد (٣٩/٦) وابوداود (٢٢٠٣) والترمذی (١١٨٩) والنسائی (١٦١/٦) وابن ماجة (٢٠٥٢)].

لەدایکی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئێمەی کرد بە سەرپشك، ئێمەیش ئەومان هەڵبژاردوە ئەمەی بە هیچ دانەنا، واتە بەتەڵاقی حیساب نەکرد.

(٦٢٤/ ن /٢٨٧١)- [وَعَنْهَا أَنَّ ابْنَةَ الجوْنِ لَمَّا أُدْخِلَتْ عَلَى رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَدَنَا مِنْهَا، قَالَتْ: اَعُوذُ بِاللهِ مِنْكَ فَقَالَ لَهَا: (لَقَدْ عُذْتِ

بِعَظِيمٍ الْحَقَى بِأَهْلِكِ) رواه البخاري (٥٢٥٤) وابن ماجة (٢٠٥٠) والنسائي (١٥٠/٦) وقال (الكِلاَبِيَّةُ) بدل (الْجَوْنِ)].

وه هەرلەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە بەڕاستی وەختێ كچی جەونیان هێنا بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و نزيك بوويەوە لێیوتی: پەنا ئەگرم بەخوا لەتۆ، فەرموی پێی: بەڕاستی پەنات بەشتێكی گەورە گرت، بچۆرەوە بۆناو خانەوادەی خۆت.وە نەسائی لەباتی كچی جەونا،وتويەتی: كيلابيە ئەمە بەڵگەيەكە تەڵاق بەكينا ئەبێ ووشەی (اَلْحِقِي بِأَهْلِكِ/ بگەڕێوە ناو خانەوادەی خۆت) سێ تەڵاق نيە چونكە لەشوێنی تردا، سەرزنشتی سێ بەسێی كردووە، ناگونجێ خۆی ئەنجامی بدات،والله أعلم. لە ناوی ئەو ئافرەتە دانارێكی هەيەو وتراوە: (فاتيمەی كچی زەحاك ، عاليەی كچی زيبيان، عەمرەی كچی يەزيد ئيبنو حەجەر لەفەتح دائەڵێ : ڕاست ئەوەيە كە ناوی ئومەيمەی كچی نوعمانی كوڕی شەراحيلە).

تەلاق هاتن بەدڵدا تا نەیەتە زارەوە ناكەوێت

٦٢٥/ن/٢٨٧٧ [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): اَنَّ اللهَ تَجَاوَزَ لأُمَّتِي عَمَّا حَدَّثَتْ بِهِ أَنْفُسُهَامَالَمْ تَعْمَلْ بِهِ اَوَ تَكَلَّمْ بِهِ» اخرجاه خ/٦٦٦٤) م/١٢٧/٢٠١]

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: بەڕاستی خوا چاوپۆشی كردووە لەگەلەكەم لەوەی كە بەدڵیا دێت هەتا ئیشی پێ نەكات یان بەقسە نەیلێت، تەلاقیش یەكێكە لەوشتانە كە چاوپۆشی لێ كراوە تالە ناودڵدا بێت, بەلام كاتێ كەوتە سەرزار بەڕاستیو بەگاڵتە هەر بەڕاستی دادەنرێت.

دارنینی تەلاق (اَلْخُلْعُ)

٦٢٦/ ن /٢٨٧٨) [عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ جَاءَتِ امْرَأَةُ ثَابِتِ بْنِ قَيْسِ بْنِ شَمَّاسٍ اِلَى رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَتْ يَا رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، اِنِيِّ مَا اَعْتُبُ عَلَيْهِ فِي خُلُقٍ وَلاَ دِينٍ وَلَكِنْ اَكْرَهُ الْكُفْرَ فِي الأِسْلاَمِ فَقَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): اَتَرُدِّينَ عَلَيْهِ حَدِيقَتِهِ؟) قَالَتْ، نَعَمْ، فَقَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): اقْبِلِ الْحَدِيقَةَ وَطَلِّقْها تَطلِيقَةً) رواه البخاری (٥٢٧٣) والنسائی(١٦٩/٦) وابن ماجة (٢٠٥٦)].

له عەبدوڵڵای كوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كه وتویەتی: خێزانی سابتی كوڕی قەیسی كوڕی شەماس هاته خزمەتی پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) من هیچ ڕەخنەم لەرەوشتو ئایینی ئەو نیە بەڵام پێم ناخۆشه كافربوون پاش ئیسلام - یان كوفری نیعمەت پاش مسوڵمان بوونم - جا پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ئایا باخچەكەی - كه كردبووی بەمارەیی بۆی- دەدەیتەوە؟)) وتی: بەڵێ: پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: - به سابت - باخچەكەی لێ وەرگرەوەو یەك تەلاقی بدە)).

تێبینی: هەركاتێ ئافرەت خۆی كرِیەوە لە مێردی ئەوە دارِنینی پێ ئەڵێن (الخلع واتە كاتێ خۆی یان كەسێك‌وتی ئەوەندەت پێ ئەدەم تەڵاقم بدە كەوتی باشەو تەڵاقی دا تازە ئەو پیاوە توانای گەرِانەوەی ئەو ئافرەتەی نامێنێو چاكیش‌وایە یەك تەڵاقی بدات.لەبەر دو هۆ یەكەم: تا ئەگەر لەپاشدا هەردو پەشیمان بوونەوە بتوانرێت نیكاح بكرێتەوە بۆی. دوهەم: تا دوچاری ئەو حەڵاڵە بێزراوەوواتە تەڵاقی سێ بەسێ نەبێت.

باسی گەرِانەوە (الرجعە)

(٦٢٧/ ن /٢٨٨٧) [عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: جَاءَتْ امْرَأَةُ رِفَاعَةَ الْقُرَظِيِّ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَتْ: كُنْتُ عِنْدَ رِفَاعَةَ فَطَلَّقَنِي فَبَتَّ طَلَاقِي فَتَزَوَّجْتُ بَعْدَهُ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ الزَّبِيرِ وَإِنَّما مَعَهُ مِثْلُ هَدْبَةَ الثَّوْبِ فَقَالَ: اتريدين اَنْ تَرْجِعَ اِلَى رِفَاعَةَ، لاَ، حَتَّى تَذُوقِي عُسَيْلَتَهُ وَيَذُوقَ عُسَيْلَتَكِ) رواه الجماعة لكن لابى داود معناه من غير تسمية الزوجين) خ/٢٦٣٩)م/١٤٣٣/١١١) احمد (٢٢٦/٦) والترمذى (١١١٨) والنسائى (١٤٨/٦) وابن ماجة (١٩٣٢)].

لە دایكی باوەرِدارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی رِازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: خێزانی ریفاعەی قورەزی هاتە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وتی: من خێزانی ریفاعە بووم‌و تەڵاقی دام بەتەواوی، دوای ئەو شووم كرد بە عبدورەحمانی

کوڕی زەبیروە ئەوەی لایەتیوەکو ریشکی پۆشاكو خاوو سستە. فەرموی ئەتەوێ بگەڕێیتەوە بۆلای ریفاعە، نەخەیر، هەتا لەزەت لەیەکتروەرنەگرن نابێ، (عُسیلة) واتە جماع کردن، وە ئەبێ ئافرەت لە مێردی دووهەمی سوود وەربگرێت واتە ئالەتی کابرا تەواو بێ بۆجماع خاو پەك کەوتو نەبێ. کەواتە بە مارەبڕین لە منالێ یان کابرا نەتی هێزی تێدا نەبێ گەڕانەوە بۆ مێردی یەکەم نابێت. باسی -سوێند خواردن (الایلاء)[1] لە سورەتی بەقرە ئایەتی ٢٢٦ هاتوەو تا ئەگاتە چوار مانگ بەسوێند خواردن دانانرێتو کابرا ئەبێ سوێندی خۆی بباتە سەرو لە چوار مانگ تێپەڕی نیلایە یا ئەبێ بەتەواوی تەڵاقی بدات یا ئەبێ بچێتە لای خێزانیو سوێندەکەی بشکێنیو کەفارەتی بدات.

٦٢٨١/ ن /٢٨٩٥)- [عَنْ سَلَمَةَ بْنِ صَخْرٍ عَنْ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي الْمُظَاهِرِ يُوَاقِعُ قَبْلَ أَنْ يُكَفِّرَ، قَالَ: كَفَّارَةٌ وَاحِدَةٌ) رواه ابن ماجة والترمذي وحسنه (١١٩٨)].

لە سەلەمەی کوڕی سەخرەوە لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتوە سەبارەت بەوکەسەی کە بە خێزانی خۆی ئەڵێ تۆ وەکو پشتی دایکم وایتو بەرلەوەی کەفارەت بدات بچێتە لای خێزانی، کە فەرمویەتی: (یەك کەفارەتی لەسەرە)، واتە بەجماعەکە تاوانی کردووە بەڵام کەفارەتەکە هەریەکە[2]. چۆنیەتی کەفارەتەکەی لەسورەتی (المجادلة)دا باسکراوە. بەکورتی پێش چونەلای ئەبێ بەندەیەك ئازاد

(١) واتە کابرایەك کە سوێند لە ژنەکەی بخوات کە جیماعی لەگەڵدا نەکات بۆماوەی زیاتر لە چوار مانگ.

(٢) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٢٨٩٧) لەسەرچاوەی پێشوو بکە.

بکاتو ئەگەر نەیبو دو مانگ لەسەر یەك ڕۆژ بگرێتو ئەگەر نەیتوانی خواردنی شەست فەقیر بدات.

(٦٢٩ / ن /٢٨٩٩)- [عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: اَذَا حَرَّمُ الرَّجُلُ امْرأَتَهُ فَهِيَ يَمِينٌ يُكَفِّرهُا وَقَالَ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ) اخرجاه خ/٤٩١١) م/١٨،١٩/١٤٧٣)].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه، کە وتویەتی: هەرکاتێ پیاو خێزانی خۆی لەسەرخۆی حەرام بکات ئەوە سوێنەو کەفارەتی بدات،وەوتی: بەڕاستی بۆ ئێوە هەیە لە پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێشەوایەتی جوان، مەبەستی ڕووداوی سورەتی - تەحریمە - کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) جارییەکی خۆی لەخۆی قەدەغە کرد قورئان دابەزیو فەرموی: بۆچی حەرامی ئەکەیت ئەوەی کەخوا بۆی حەڵاڵ کردویت. بۆ زیاتر ڕوون بوونەوە تەماشای تەفسیری سورەتی تەحریم بکە.

باسی نەفرین (اللعان)

١٦٣٠/ ن /٢٩٠١)- [عَنْ نَافِعٍ عَنْ ابْنِ عُمَرَ اَنَّ رَجُلاً لاَعَنَ امْرَأَتَهُ وانْتفَى مِنْ وَلَدِهَا، فَفَرَّقَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَيْنَهُمَا وَأَلْحَقَ الْوَلَدَ بِالْمَرْأَةِ) رواه الجماعة خ/٥٣١٥) م/١٤٩٤/٨) احمد (٧١/٢، ٦٤، ٣٨، ٧) وابوداود (٢٢٥٩) والترمذي (١٢٠٣) والنسائي (١٧٨/٦) وابن ماجة (٢٠٦٩)].

لە نافیعەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە پیاوێك لەگەڵ خێزانەکەیدا نەفرینیانکرد لەیەکتر، لەبەرئەوە چونکە پیاوێك خێزانەکەی بەزیناکاردایە قەڵەمو منداڵەکەی بەهی خۆی دانەنا، (جا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەیەکی جیاکردنەوەو منداڵەکەی دا بەئافرەتەکە).

(٦٣١/ ن /٢٩٠٥)- [وَعَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لِلْمُتَلاَعِنَيْنِ: (حِسَابُكُمَا عَلَى اللهِ اَحَدُكُمَا كَاذِبٌ لاَسَبِيلَ لَكَ عَلَيْهَا) قَالَ: يَارَسُولُ اللهِ مَالِي؟ قَالَ: لاَمَالَ لَكَ اِنْ كُنْتَ صَدَقْتَ عَلَيْهَا فَهُوَ بِمَا اسْتَحْلَلْتَ مِنْ فَرجِهَا، وَاِنْ كُنْتَ كَذَبْتَ عَلَيْهَا فَذَلِكَ اَبْعَدُ لَكَ مِنْهَا) رواه الجماعة الا الترمذي وابن ماجة خ/٥٣٥٠،٥٣١٢) م/١٤٩٣/٥) احمد (١١/٢) وابوداود(٢٢٥٧) والنسائي (١٧٧/٦)].

وە هەرلەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کەوتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەدوو نەفرین کارەکەی فەرموو: حیسابتان لەلای خوایەو یەکێکیان درۆ ئەکەن -بە پیاوەکەی فەرموو- تۆ ئیتر هیچت بەسەر ئەوەوە نیە، وتی: ئەی پێغەمبەری خو (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ماڵەکەم؟ فەرموی: ماڵ نیە بۆتۆ ئەگەر ڕاست ئەکەیت لەبارەی ئەو ئافرەتەوە ئەوە - ماڵەکەت - لەباتی ئەوەی کە ئەو بەینە بەحەڵاڵی سوددت لێوەرگرتووە، وە ئەگەر درۆیشی بۆ بکەیت ئەوە - ماڵەکەت - زیاتر لەتۆوە دوردو ئەکەوێتو بۆ ئافرەتەکە ئەبێ.

(٦٣٢/ ن /٢٩٠٦)- [عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ فِي خَبَرِ الْمُتَلاَعِنَيْنِ قَالَ: فَطَلَّقَهَا ثَلاَثَ تَطْلِيقَاتٍ فَأَنْفَذَهُ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَكَانَ مَا صَنَعَ عَنْ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سُنَّةً، قَالَ سَهْلٌ: حَضَرْتُ هَذَا عَنْدَ النبيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَمَضَتِ السُّنَّةُ بَعْدُ فِي الْمُتَلاَعِنَيْنِ اَنْ يُفَرَّقَ بَيْنَهُمَا ثُمَّ لاَيَجْتَمِعَانِ اَبَداً) رواه ابوداود (٢٢٥٠)].

لە سەهلی کوڕی سەعدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) لەهەواڵی دوو نەفرین کارەکان هاتوە کەوتویەتی: جا سێ تەڵاقی داو پێغەمبەری خوایش بەڕێوەی برد،وە ئەوەی کە کردی لەلای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سوننەتە، سەهلوتی: بۆ ئەمە لەخزمەتی پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووم جا پاش ئەوە نەریتی نەفرین کاران دامەزرا لەسەر ئەوەی کە جیابکرێتەوە لەیەکتری لەپاشدا بۆ هەمیشە نابێ کۆ ببنەوە بەناو ژنو مێردییەوەواتە تەڵاقێکی بدات یان سیان فەرقی نیە.

(٦٣٣/ ن /٢٩١١)- [عَنْ اَبْنِ عَبَّاسٍ اَنَّ هَلاَلَ بْنَ اُمَيَّةَ قَذَفَ امْرَأَتَهُ عِنْدَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِشَرِيكِ بْنِ سَمْحَاءَ فَقَالَ النَّبِيُّ (صَلَّى

اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْبَيِّنَةُ اَوْ حَدٌّ عَلَى ظَهْرِکَ) فَقَـالَ يَارَسُـولُ الله، اِذَا رأى اَحَدُنَا عَلَى امْرَأَتِهِ رَجُلاً يَنْطَلِقُ يَلْتَمِسُ الْبَيِّنَةَ؟! فَجَعَلَ النَّبِـيُّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ : ((الْبَيِّنَةُ وَالاَّحَدٌّ فِي ظَهْرِکَ)) فَقَـالَ هِـلاَلٌ: وَالَّـذى بَعَثَکَ بِالْحَقِّ اِنِّی لَصَادِقٌ وَلَيُنْزِلَنَّ اللهُ مَا يُبَرِّىءُ ظَهْرِی مِنَ الْحَـدِّ فَنَـزَلَ جبرْيِلُ وَاَنْزَلَ عَلَيْهِ: ((وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ أَزۡوَٰجَهُمۡ (النور-٦) فَقَرأَ حَتَّى بَلَـغَ ((إِن كَانَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ)) (النور-٩) فَانْصَرَفَ النَّبِـيُّ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) فَأَرْسَلَ اِلَيْهِمَا فَجَاءَ هِلاَلٌ فَشَهِدُوا النَّبِـيُّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُـولُ : ((اِنَّ اللهَ يَعْلَمُ اَنَّ أَحَدَكُما كَـاذِبٌ ، فَهَـلْ مِنْكُمَـا تَائِـبٌ؟)) ثُـمَّ قَامَـتْ فَشَهِدَتْ، فَلَّمَا كَانَ عِنْدَ الْخَامِسَةِ وَقَفُوهَا فَقَالُوا : اِنَّهَا مُوجِبَةٌ فَتَلَكَّـأَتْ وَ نَكَصَتْ حَتَّى ظَنَنَّا أَنَّهَا تَرْجِعُ ثُمَّ قَالَـتْ: لا أَفْضَـحُ قَـوْمِي سَـائِرَ الْيَـوْمِ فَمَضَتْ ، فَقَالَ النَّبِـيُّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : ((أَنْظِرُوهَا فَإِنْ جَـاءَتْ بِهِ اَكْحَلَ الْعَيْنَيْنِ، سَابِغَ الأَلْيَتَيْنِ، خَدَلَّجَ السَّاقَيْنِ فَهُوَ يشَرِيکَ بْن سَمْحَاءَ فَجاءَتْ بِهِ كَذلِکَ، فَقالَ النَّبِـيُّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : ((لَولا مَا مَضى مِنْ كِتابِ الله لَكَانَ لِـی وَلَهَـا شَـأْنٌ)) رواه احمـد (٢٣٨،٢٣٩/١) والبخـارى (٤٧٤٧) وابوداود(٢٢٥٦)].

له عەبدوڵڵای كوڕی عەباسەوه (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه، كه بەڕاستی هـیلالی كـوڕی ئومەیه نیسبەتی ژنەكەی خۆی دا لەزینا لەخزمەت پێغەمبەردا (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەشەریكی كوڕی سەمحاء جا پێغەمبەر (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: (شایەت یان حەد لەپشتت) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كەسێ پیاوێكی دی بەسەر

خێزانی خۆیەوە بچێ شایەت پەیدا بکات؟! پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەر ئەیفەرمو (شایەت یان حەد لە پشتت) جا هیلال وتی: بەوکەسەی کە تۆی بەڕاستی ناردووە، راست ئەکەم‌وەدڵنیام کەخوا فرمانێك رەوانە ئەکاتە خوارو پشتم لەحەد ئەپارێزێت، جا جبرەئیل هات‌و ئەم ئایەتی -سورەتی نوری بۆ هێنا (٦) کە ئەفەرموێت (وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ أَزۡوَٰجَهُمۡ.....و بۆی خوێندەوە تا گەیشتە ((إِن كَانَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ، واتە: ئەوانەی کەنیسبەتی خێزانی خۆیان لەزینا ئەدەن‌و بێجگە لەخۆی شایەتێکی تری نیە، ئەوە شایەتی هەر یەکێك لەوانە. بەم شێوە ئەبێ پاش ئامۆژگاری‌و پاش عەسر لەمزگەوتا کە پیاوەکە - بڵێ ئەشهەدوبیلا من لەم قسەمەدا کە ئەڵێم فلان کەسی خێزانی - ناوی ببات - زینای کردووە راست ئەکەم‌وەئەم‌وشەیە چوار جار بڵێتەوە - پاشان ئامۆژگاری بکرێت ئەگەر هەرسوور بوو - جاری پێنجەم بڵێت: نەفرینی خوام لێ بێ ئەگەر درۆم بکەم - بەم شێوەیە حەد لەسەر کابرا لادەچێ‌و پێویستە ئافرەتەکە بەرد باران بکرێت ئەگەر دانی پێدانا یان ئاماد نەبووەلامی بداتەوە، بەلام ئەگەر ئامادە بووەلامی بداتەوە ئەویش بەم شێوەی کەدێت بڵێ - حەدی لەسەر لائەچێت چوار جار بڵێ بەخوا فلان کەسی مێردم - ناوی ببات - لەو قسەیەدا کەمنی بەزیناکارداناوە درۆ ئەکات - پاشان ئامۆژگاری بکرێت‌و سزای قیامەتی بۆباس بکرێت جا ئەگەر هەر سوور بوو لەسەر قسەی خۆی - جاری پێنجەم بڵێ: رق‌و تورەیی خوا بۆ من ئەگەر ئەو مێردەم راست بکات. بەم شێوەیە ئەویش لەحەد دەرباز ئەبێ‌و بۆ هەمیشە لەیەکتر حەرام ئەبن، لێرەش ئەفەرموێت: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گەڕایەوەو ناردی بەشوێن هیلال دا جا هاتنە خزمەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە ئەیفەرمو: بەڕاستی خوا ئەزانێ کە یەکێکتان درۆئەکەن، ئایا کەسێك هەیە لەهەردووکتان تەوبە بکات؟)) لەپاشدا ئافرەتەکە هەستاو شایەتی داو کاتێ گەیشتە پێنجەم جاروەستانیان‌وتیان: بەڕاستی

تیتر ئەمە سزات بۆ پێویست ئەكات، جا كەمێ زمانی گیری كردو بەرەوپشت كەمێ هاتەوەووامانزانی كە پەشیمان ئەبێتەوە لەپاشداوتی: من تیرەی خۆم سەرشۆر ناكەمو جاری پێنجەمیشیوەكو لە سەرەوەوتمان ئەنجامداو ڕۆیشت، جا پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: چاوەڕوانی ئەوە بكەن ئەگەر منالەكە چاو ڕەشو سمت قەلەو قاچ لار بوو ئەو هی شەریكی كوڕی سەحمایەواتە هیلال راستی كردووە، جا ئافرەتەكە منالێكی بەوشێوەی بوو، ئینجا پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ئەگەر نەچوایە ئەوەی كەلەكیتابەكەی خودابوو من دەربارەی ئەو بڕیارێكی ترم ئەداواتە، سەنگسارم ئەكرد چونكە درۆی كردوەو زیناكاربووە.

نابێ ئافرەت ناشرین بکرێت بەوەی
کە منداڵەکەی لەخۆی و مێردەکەی ناکات

(٦٣٤/ ن /٢٩١٩) [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ مِنْ بَنِى فَزَارةَ اِلَى رَسُـولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) – فَقَالَ: وَلَدَتِ امْرَأَتِـى غُلاَمـاً اَسْـوَدَ وَهُـوَ حِينَئِذٍ يُعَرِّضُ بأَنْ ينفْيَهُ، فقَالَ لَهُ النبِّـيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ): هَـلْ لَکَ مِنْ اِبِلٍ؟ قَالَ: نعَمْ، قَالَ (فَمَا اَلْوَانُهَا؟ قَالَ: حُمْرٌ ، قَالَ : ((هَـلْ فِيهَـا مِنْ أَوْرَقَ؟)) قال : اِنّ فِيها لَوْرقاً قَالَ: ((فَأَنَّى أَتَاهَا ذَلِکَ؟)) قَال: عَسَى اَنْ يَكُونَ نَزعَهُ عِرقٌ ، قَالَ : ((فَهذا عَسى اَنْ يَكُون نَزَعَـهُ عِـرْقٌ)) وَلَـمْ يُرَخِّصْ لَهُ فِـى اْلأنْتِفَـاءِ مِنْـهُ) رواه الجماعـة خ/٥٣٠٥،٦٨٤٧،٧٣١٤ م/١٨-١٥٠٠/٢٠) احمد (٢٣٩/٢) وابـوداود (٢٢٦٢،٢٢٦٠) والترمـذى (٢١٢٨) والنسـائى (١٧٨،١٧٩/٦) وابن ماجة (٢٠٠٢)].

لەئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، کـە وتویـەتی: پیاوێـك هاتـە خزمـەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە تیرەی فەزارە وتی: خێزانەکەم منـاڵێکی ڕەشـی بـووەوە ئـەو لەوکاتـەدا ئەیویسـت لـەخۆی دووربخاتـەوە - بڵـێ ئافرەتەکـەم زینـای کردووە- .

جا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: وشترت هەیە؟

وتی: بەڵێ، فەرموی چ رەنگن؟

وتی: سورن.

فەرموی: خۆڵەمێشیشی تیّدایە؟

وتی بەڵێ: خۆڵەمێشیان تێدایە.

فەرموی: ئەوە لەکوێوە هێناویەتی؟

وتی: نزیکە لەئەسڵدا لەو ڕەنگە بووبێت.

فەرموی: ئەمیش نزیکە- هەروا — لە ئەسڵێکەوە هێنابێتی، وە ماوەی پێنەدا کە لەخۆی دورخاتەوە. چونکە هەرخوا خۆی دەزانێ مرۆڤ تاگەیشتۆتە خۆی لە بناغەیدا چەند ڕەنگ بووەو لەوانەیە پاش چەندین پشت مرۆڤ بچێتەوە سەر ئەو بناغەیە،وە ئەوە ناکرێ بەعەیب بۆ ئافرەتو نابێ گومانی لێ بکرێت.

(٦٣٥/ ن /٢٩٢٠)- [وَعَنْهُ قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ): الْوَلَـدُ لِلْفِـرَاشِ وَلِلْعَـاهِرِ الْحَجَـرُ) رواه الجماعـة خ/٦٨١٨،٦٧٥٠)م/١٤٥٨) احمـد (٢٣٩/٢،٢٨٠،٣٨٦) والترمذى (١١٥٧) والنسائى (١٨٠/٦) وابن ماجة(١٠٠٦)].

وە هەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: منداڵ هی ئەو کەسەیە کە کەنیزەکەکەی لایەو زیناکار تەنها بەردی بۆ هەیەواتە هیچ یان ئەگەر نیکاحی حەڵاڵی دیبێو دان بەوە دابنێ یان چوار شایەتی هەبێ لەسەر زیناکەی، کابرا سەنگسار ئەکرێت. لەوانەیە مەبەست ئەوەبێ،والله أعلم.

قیافەناس باوەڕی پێ ئەکرێت

(٦٣٦/ ن /٢٩٢٤)- [عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: اَنَّ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دَخَلَ عَلَيَّ مَسْرُوراً تَبْرُقُ اَسَارِيرَ وَجْهِهِ فَقَالَ: اَلَمْ تَرَىْ اَنَّ مُجَزِّزاً نَظَـر آنِفاً اِلَى زَيْدِ بْنِ حَارِثَةَ وَاُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ فَقَالَ: اِنَّ هَذِهِ الأَقْدَامُ بَعْضُها مِنْ بَعْضٍ!) رواه الجماعة خ/٦٧٧٠) م/١٤٥٩/٣٨) ولفظ ابى داود وابن ماجه ورواية لمسلم والنسائى والترمذى (اَلَمْ تَرَىْ اَنَّ مُجَزِّزاً الْمُدْلَجِيِّ رَأى زَيْداً واُسامَةَ قَدْ غَطَّيا رُؤُسَهُمَا بِقَطِيفَةٍ وَبَدَتْ أَقْدَامُهُمَا ، فَقَالَ : اِنَّ هذهِ الأَقْدامِ بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ !)) احمد (٢٢٦/٦) وابوداود (٢٢٦٧) والترمذى (١٢١٩) والنسائى(١٨٤/٦) وابن ماجة (٢٣٤٩)].

لە دایکی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتە لام زۆر شادمان بوو ناوچاوی بریقەی ئەدایەوە لەخۆشیاو فەرموی (نەت دی بەڕاستی قیافە ناسێك کەمێ لەمەو پێش تەماشای زەیدی کوڕی حاریسو ئوسامەی کوڕی زەیدی کردو وتی: ئەم قاچانە لەیەك دەچن..وە لە وشەی ئەبو داودو ئیبین ماجەو ریوایەتێکی ئیمامی موسلمو نەسائیو تورمزی بەم شێوەیە هاتوە کە: نەتدی بەڕاستی ئیستا قیافەشناسی مودلەجی چاوی بەزەیدو ئوسامە کەوت کە سەریان بەپارچەیەك داپۆشی بوو قاچیان

دەرکەوت وتی: بەڕاستی ئەم قاچانە یەکێکن - لەیەك دەچن - ئەڵێن زەید زۆر سپی بوو - ئوسامە رەش بوو خەڵکی گومانی لێ هەبوو بۆیە پێغەمبەرمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە قسەی ئەو قیافەناسە ئەوەندە کەیف خۆش بووە، چونکە زۆری خۆش ئەویستن.

باسی ئافرەتانی تەڵاقدراو ومێرد مردو

(٦٣٧/ ن /٢٩٢٩)- [عَنْ أُمُّ سَلَمَةَ اَنَّ امْرَأَةً مِنْ اَسْلَمَ يُقالَ لَهَا سُبَيْعَةَ ، كَانَتْ تَحْتَ زَوْجِهَا فَتُوفِّيَ عَنْهَا وَهَي حُبلى فَخَطَبَهَا ابُوُ السَّنَابِلِ بْـنِ بَعْكَـكٍ، فَأَبَتْ اَنْ تَنْكِحَهُ، فَقَالَ: وَاللهِ مَا يَصْلُحُ اَنْ تَنْكِحِـي حَتَّـى تَعْتَـدّي آخِـرَ الاَجَلَيْنِ فَمَكَثَتْ قَرِيباً مِنْ عَشْرِ لَيَالٍ نُفِسَـتْ، ثُـمَّ جَـاءَتْ اِلَـى النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: (انْكِحِي) رواه الجماعة الا ابـاداود وابـن ماجـة خ/(٤٩٠٩) م/(١٤٨٥/٥٧) احمـد (٣٤٢/٦) والترمـذي (١١٩٤) والنسـائي (١٩٢،١٩١/٦)].

لە خاتون ئومو سەلەمەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە بەڕاستی ئافرەتێـك لـە تـیرەی ئەسلەمە کە پێیان ئەوت: (سُبَيْعة) سوبەیعە کەلای مێردی بوو مێردەکەی مردو ئەو باردار بوو، ئەبو سەنابیلی کوڕی بەعکەك خوازبێنی کـرد، ئـەو ئافرەتـە رازی نـەبوو پێی، جا پێیووت: نابێ تۆ شووبکەیت هەتا دواترین ماوە تەواو نەکـەیت — مـاوەی وەفـات کـە چـوارمانگو دەشـەوەو مـاوەی بـارداری کـەدانانی سـکەکەیە - تـا

هەردوكیان دوایان بێت.واتە پێی ناخۆشبوو شوو بكات چونكە بۆخۆی نەبوو، بەڵێ - ئافرەتەكە دوای نزیكەی دەشەو منداڵی بوو لەپاشدا هاتە خزمەتی پێغەمبەرو (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی شوو بكە -واتە ئافرەتی حامیلە چ تەڵاقدرابێ‌و چ مێردی مردبێ بەدانانی حەملەكەی عیدەكەی دوایی دێت.

تێبینی: عیدەكانی ئافرەت هەمویان لەقورئاندا هاتوون لێرەدا باسیان ناكەین. تەماشای سورەتی بەقەرە ئایەتی(٢٢٨و ٢٣٤)و سورەتی الاحزاب ئایەتی(٤٩)و سورەتی تەلاق ئایەتی (٤) بكە. ئەوەی كە لەمەودوا باس ئەكرێت بۆ ئەو شتانەیە كە پەیوەندی پێوە هەیە.

(٦٣٨/ ن /٢٩٤٠)- [عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ قَالَتْ: كُنَّا نُنْهَى اَنْ نُحِدَّ عَلَى مَيِّتٍ فَوْقَ ثَلاَثٍ اِلاَّ عَلَى زَوْجٍ اَرْبَعَةَ اَشْهُرٍ وَعَشْراً وَلاَ نَكْتَحِلُ وَلاَ نَتَطَيَّبُ وَلاَ نَلْبَسُ ثَوْباً مَصْبُوغاً اِلاَّ ثَوْبَ عَصْبٍ وَقَدْ رُخِّصَ لَنَا عِنْدَ الطُّهْرِ اِذَا اغْتَسَلَتْ اِحْدَانَا مِنْ مَحِيضِهَا فِي نُبْذَةٍ مِن كُسْتِ اظفار: اخرجاه خ/١٤١،٥١٣١) م/٦٧/٩٣٨)].

لەدایكی عەتیەوە - خ - هاتوە كەوتویەتی: ئێمە بەرگری كراین لەوەی كە تازیە بگرین بۆمردو زیاتر لەسێ شەو مەگەر بۆ مێرد كە چوار مانگ‌و دەشەوە،وەچاو نەڕەژێن‌و خۆ بۆن خۆش نەكەین‌و پۆشاكی ڕەنگ كراو نەكەینەبەر مەگر ئەو ڕەنگەی كە بە داوەكانیەوە بێت لە بنەڕەتا،وەبەڕاستی ماوەمان پێ درا لەكاتی پاك بوونەوەدا هەركاتێ یەكێك لەئێمە خۆی شۆرد لەبێ نوێژی -و ئازیەتی هەبوو - هەندێ بخور بەكاربهێنێ‌و بەبۆن خۆشكردن دانانرێت - بەڵێ: ئافرەتانی خاوەن باوەڕ ئەبێ ئاوابن‌و بەچاكی پارێزگاری لەیاسای ئیسلام بكەن لەهەمو بوارەكانیدا،وەكو پێشوەكانیان.

٦٣٩٠/ ن /٢٩٤٥)- [عَنْ فُرَيْعَةَ بِنْتِ مَالِكٍ قَالَتْ: خَرَجَ زَوْجِي فِي طَلَبِ اَعْلاَجٍ لَهُ فَاَدْرَكَهُمْ فِي طَرَفِ الْقُدُوم فَقَتَلُوهُ، فَأَتَى نَعْيُهُ وَاَنَا فِي دَار شَاسِعَةٍ مِنْ دُور اَهْلِي، فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَذَكَرْتُ ذٰلِكَ لَهُ ، فَقُلْتُ : اِنَّ نَعِيَ زَوْجِي اَتَانِي فِي دار شَاسِعَةٍ مِنْ دُور اَهْلِي وَلَمْ يَدَعْ نَفَقَةً وَلا مَالاً وَرِثْتُهُ ، وَلَيْسَ الْمَسْكَنُ لَهُ ، فَلَو تَحَوَّلْتُ اِلَى اَهْلِي ، وَاِخْوَتِي لَكَانَ اَرْفَقُ لِي فِي بَعْض شَأْنِي؟ قال: ((تَحَوَّلِي)) فَلَمَّا خَرَجْتُ اِلَى الْمَسْجِدِ (اَوْ الى الْحُجْرَةِ) دَعَانِي (اَوْ اَمَرَ بِي فَدُعِيتُ) فَقَالَ: ((امْكُثِي فِي بَيْتِكِ الَّذِي اَتَاكِ فِيهِ نَعِيُّ زَوْجِكِ حَتَّى يَبْلَغَ الْكِتابُ أَجَلَهُ، قالَتْ: فَاعْتَدَدْتُ فِيهِ اَرْبَعَةَ اَشْهُرٍ وعَشْراً. قالَتْ: وَاَرْسَلَ اِلَيَّ عُثْمانُ فَاَخْبَرْتُهُ فَأَخَذَ بِهِ) رواه الخمسة وصححه الترمذي ولم يذكر النسائي وابن ماجة (ارسال عثمان) احمد (٦/٤٢١،٤٢٠،٣٧٠) وابوداود(٢٣٠٠) والترمذي (١٢٠٤) والنسائي (٦/٢٠٠،١٩٩) وابن ماجة (٢٠٣١)].

لە خاتون فورەیعەی کچی مالیکەوە (خوالێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: مێردەکەم چوو بەشوێن چەند بەندەیەکی کافریدا -کە هەڵهاتبوون- لە ناوچەی قەدوم گەیشت پێیانو کوشتیانو هەواڵی کوشتنیم پێ گەیشت من لە ماڵێك دابووم دوور بوو لەماڵی خزمانم. جا هاتمە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) ئەوەم بۆ باسکردووتم: من هەواڵی نەمانی مێردەکەم پێگەیشت لەماڵێکدا کە دوورە لەماڵی خزمانمەوەو هیچ خەرجیەکی بەجێ نەهێشتووەو ماڵێکیش نیە تا بە بەکەلەپور بیبەمەوەخانوەکەیش هی ئەو نیە، پێم خۆشە بگەڕێمەوە ناوخانەوادەی خۆم،وە براکانم باشترن بۆم لەهەندێ کاروبارما؟ فەرموی: ((بگوێزەرەوە)) کاتێ لەمزگەوت دەرچووم

(یان لەحوجرە) بانگی كردم (یان فەرمانی دا بانگ كرام) فەرموی: ((هەر لەوماڵەی كە هەواڵی مردنی مێردەكەتت پێگەیشتووە بمێنەرەوە تا عیدە تەواو دەبێ)) ئەڵێ: چوار مانگو دەشەو لەوشوێنەدا مامەوە، ئەڵێ: عوسمان خەلیفەی مسوڵمانان پاشوەفاتی پێغەمبەر (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ هەمان مەبەست ناردیە لامو ئەم هەواڵەی پێداو ئەویش بەوشێوەی كردواتە: پێویستە ئافرەت لە عیدەیوەفات دا لەوماڵەدا بمێنێتەوە كەهەواڵی مەرگی پێگەیشتووە تا عیدەی تەواو ئەبێ)) مەگەر شوێنەكە چۆڵ بێ ومەترسیدارو حەدیسی فاتمەی كچی قەیس لەسەر ئەوەیە بە قسەی خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ)[1].

(٦٤٠/ ن /٢٩٥٣)- [عَنْ اَبی سَعِیدٍ اَنَّ النَّبِیَّ (صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ فِی سبی اَوْطَاسَ:(لاَ تُوطَأُ حَامِلٌ حَتَّی تَضَعَ وَلاَ غَیْرَ حَامِلٍ حَتَّـی تَحِیضَ حَیْضَةً) احمد(٢٨،٦٢،٨٧/٣) وابوداود(٢١٥٧)].

لە باوكی سەعیدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی سەبارەت بە ئافرەتەكانی ئەوطاس: جیماع نەكرێت لەگەڵ هیچ باردارێكا تا سكەكەی دائەنێو ئەوانەی كە حامیلە نین تا دەفعەیەك لەعوزر پاك نەبنەوەواتە بۆ تێكەڵاو نەبونی نەسەب دڵنیا بون لە خاڵی بونی مناڵدان پێویستە. ئا بەو شێوەیە بكرێت تا دڵنیایی پەیدا ئەبێت.

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٢٩٤٨)ی (نیل الاوطار) بكە.

باسی شیر خـواردن

(٦٤١/ ن /٢٩٥٧)- [عَنْ عَائِشَةَ اَنَّ النبِّـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (لاَ تُحَرِّمُ المَصَّةُ وَلاَ الْمَصَّتَانِ) رواه الجماعة الاّ البخاری /م/١٧/١٤٥٠) احمد(٦/٩٦،٩٥،٣١) وابوداود (٢٠٦٣) والترمذی (١١٥٠) والنسائی (٦/١٠١) وابن ماجة (١٩٤٠)].

له دایكی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە (خوالێی ڕازی بێ) هاتوە كە جارێكو دووجار شیر خواردن ئافرەت حەرام ناكات لەسەر پیاوەوای لێوەرئەگیرێ كە سێ جار ئەبێ بەهۆی حەرام بوون هەندێ لەزانایان بەم شێوە ڕەئیان داوە هەندێكیش ئەڵێن بەپێنج جار لەبەر فەرمودەی (خَمْسٍ مَعْلُومَاتٍ) كە ئیمامی موسلم ریوایەتی كردووە. بەو مەرجەیش منداڵەكە لە دوو ساڵ گەورەتر نەبێو قەزیەی سالم - كە بە گەورەیی شیری پێداوە - بەتایبەتی دانراوە بۆ كەسی تر نیە لەلای بێجگە لەخاتون عائیشە (خوالێی ڕازی بێ)[1].

(٦٤٢/ ن /٢٩٦٧)- [عَنْ عَبَّاس اَنَّ النبِّـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اُرِيد عَلَى ابْنَةِ حَمْزَةَ فَقَالَ: (إِنَّهَا لاَ تَحِلُّ لِي، إِنَّهَا ابْنَةُ اَخِي مِنَ الرَّضَاعَةِ وَيَحْرُمُ مِنَ الرَّضَاعَةِ مَا يَحْرُمُ الرَّحِمُ) فی لفظ (من النسب) اخرجاه خ/٥١٠٠)م/١٢/١٤٤٧)]

---

(١) تەماشای فەرمودەی (٢٩٦٢ و٢٩٦٦) لە سەرچاوەی پێشو، بكە.

لە عەبدوڵڵای كوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە بەڕاستی باسی كچی حەمزە كرا بۆ پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: بۆمن ڕەوا نییە چونكە كچی برای شیریمە،وە قەدەغە ئەبێ بەشیر ئەوەی كە بەخزمایەتی ونەسەب قەدەغەیە. دیارەوترا سێ یان زیاتر ئەبێ بەهۆی قەدەغەبوون بەڵام خۆپاراستن چاكە(١).

باسی خەرجی مرۆڤ بۆخۆی و ماڵ و مناڵی پێش خزمانی

(٦٤٣/ ن /٢٩٧٤)- [عَنْ جَابِرٍ اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ لِرَجُلٍ: (ابْدَءْ بِنَفْسِكَ فَتَصَدَّقْ عَلَيْهَا فَأِنْ فَضَلَ شَيْءٌ فَلأَهْلِكَ فَـاِنْ فَضَـلَ عَـنْ اَهْلِكَ شَيْءٌ فَلِذِي قَرَابَتِكَ، فَأِنْ فَضَلَ عَـنْ ذِي قَرَابَتِـكَ شَـيْءٌ فَهَكَـذَا وَهَكَذَا) احمد (٣/٣٦٩) ومسلم (٩٩٧) وابوداود (٣٩٥٧) والنسائی (٧/٣٠٤)]

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی بە پیاوێك: پێشەكی چاكە لەگەڵ نەفسی خۆتا بكە جا ئەگەر شتێك زیاد بوو بیدە بەخێزانو مناڵتەوە ئەگەر لەوانیش زیاد دەرچوو بیدە بەوانەی كە خزمایەتیان هەیە لەگەڵتاوەئەگەر لەویش زیاد هات ئیتر بەملاو بەولادا بیبەخشە.

---

(١) تەماشای (٢٩٧١) لە سەرچاوەی پێشو، بكە.

ئافرەت بۆی هەیە لەماڵی مێردی بەبێ ئاگاداری مێردی خەرج بكات ئەگەر بەئەندازەی خۆی پێ نەدەدا

١٦٤٤/ ن /٢٩٧٧)- [عَنْ عَائِشَةَ اَنَّ هِنداً قَالَتْ يَا رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، اِنَّ اَبَا سُفْيَانَ رَجُلٌ شَحِيحٌ، وَلَيْسَ يُعْطِينِى مَا يَكْفِينِى وَوَلَدِى اِلاَّ مَا اَخَذْتُ مِنْهُ وَهُوَ لاَيَعْلَمُ فَقَالَ: (خُذِى مَا يَكْفِيكِ وَوَلَدَكِ بِالْمَعْرُوفِ) رواه الجماعة الاالترمذى خ/٢٢١١) م/١٧١٤/٧) احمد (٦/٥٠) وابوداود (٣٥٣٢) والنسائى (٢٤٦/٨) وابن ماجة (٢٢٩٣)].

لە دایكی باوەڕ دارانەوە خاتوون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە بەڕاستی هیندوتی: ئەی پێغەمبەری خوا بەڕاستی ئەبو سوفیان ڕەزیلەو ئەوەندەم پێ نادات كەبەشی خۆمو منداڵەكەم بكات مەگەر بەدزی خۆیەوە شتی لێ ببەمو ئەو نەزانێ؟ فەرموی: ((بەشی خۆتو منداڵەكەت بەگوێرەی باوی خەڵك هەڵگرە)).

كێ شایستە ترە بۆ بەخێوكردنی منالْ؟

(٦٤٥/ ن /٢٩٨٤)- [عَنْ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ اَنَّ ابْنَةَ حَمْزَةَ اخْتَصَمَ فِيْهَا عَلِيٌّ وَجَعْفَرٌ وَزَيْدٌ فَقَالَ عَلِيٌّ اَنَا اَحَقُّ بِهَا هِيَ ابْنَةُ عَمِّيّ. وَقَالَ جَعْفَرٌ: بِنْتُ عَمِّيّ وَخَالَتُهَا تَحْتِي. وَقَالَ زَيْدٌ: ابْنَةُ اَخِي، فَقَضَى بِهَا رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لِخَالَتِهَا، وَقَالَ: (الْخَالَةُ بِمَنْزِلَةِ الأُمِّ) اخرجاه (خ/٢٦٩٩) (م/١٧٨٣) دون موضع شاهد].

لەبەرائی كوڕی عازیبەوە (خوا لێی ڕازی بێ) خاتون كە لەسەر كچی حەمزە، عەلیو جەعفەرو زەید كێشەیان بووە، عەلیوتویەتی: من شایستە ترم بەو چونكە كچی مامە. جەعفەروتی: كچی مامەو پوری لەلای منە (خوشكی دایكی).وە زەیدوتی: كچی برامە، جا پێغەمبەری خوا دای بەپورەكەیواتە لەلای جەعفەری داناو فەرموی (خوشكی دایكوەكو دایكوایە).

٦٤٦/ن/٢٩٨٥- [عَنْ عَبدْ اللهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ، اَنَّ امْرَأَةً قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ اِنَّ ابْنِي هَذَا كَانَ بَطْنِي لَهُ وِعَاءٌ وَحِجْرِي لَهُ حِوَاءٌ وَثَدْيِ لَهُ سِقَاءٌ وَزَعَمَ أَبُوهُ أَنَّهُ يَنْزَعُهُ مِنِّي، فَقَالَ: اَنْتِ اَحَقُّ بِهِ مَالَمْ تَنْكِحِي رواه احمد (١٨٢/٢) وابوداود (٢٢٧٦) بلفظ قريب منه].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاسەوە هاتوە کە بەڕاستی ئافرەتێكوتی ئەی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڕاستی ئەم کوڕەم سکی من زەرفی بووەو کۆشم کۆی کردوەتەوەو مەمکم کونەی ئاوی بووەو باوکی‌وا گومان ئەکات کە ئەمنی‌وەرئەگرێتەوە فەرموی: تۆ شایستەتری بەو مادەم شونەکەیت.واتە ئافرەت تا شوو نەکات ئەو شایستە ترە بەسەرپەرشتی‌و بەخێوکردنی منالْ ئەگەر منالْکە پێ ڕەوکەو نان خۆر نەبێ،وە ئەگەر گەورە بوو یان بەتیرو پشك ئەدرێ بەیەکێکیان یان تەماشای بەرژەوەندی منالەکە ئەکرێت لەلای کامیان بەرژەوەندی ئەپارێزرا بەو ئەدرێت بەگوێرەی ئەو ڕیوایەتانەی کە هاتون[1].

خەرجی بەندەو حەیوانات

(٦٤٧/ ن /٢٩٨٨)- [عَنْ عَبدْالله بْنِ عَمْرو اَنَّهُ قَالَ لِقُهْرَمانَ لَهُ: هَـلْ اَعْطَيْـتَ الرَّقِيقَ قُوتَهُمْ؟ قَالَ: لاَ، قَالَ فَأْنطَلِقْ فَأَعْطِهِمْ، فَأِنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: كَفَى بِالْمَرْءِ اِثْماً اَنْ يَحْبِسَ عَمَّـنْ يَمْلِـكُ قُوتَـهُ] رواه مسلم (٩٩٦).

لـە عەبـدوڵڵای کـوڕی عـەمرەوە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) هـاتوە، کـە وتویـەتی بـە خزمەتکارێکی - قەهرەمان - ئایا بەشی بەندەکانت داوە؟ وتی: نەخێر، وتی: بچۆو بەشی خۆیانیان پێ بدە، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی:

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٢٩٨٦، ٢٩٨٧) لە سەرچاوەی پێشو، بکە.

بەسەبۆ مرۆڤ ئەو تاوانەی كە ڕۆزی بیشارێتەوە لەوەی كە ڕۆزی لەلای ئەوە)، واتە تاوانێكی زۆر گەورەیە كە مرۆڤ سەرپەرشتو داشتیاری شتیَ بیَ - مرۆڤ یان حەیوان -و ڕۆزی بەدەست ئەوبیَت كەچی ئەو بیگرێتەوە لیَیو لەكاتی خۆیدا پیَی نەدات.

(٦٤٨/ ن /٢٩٩٠)- [عَنْ اَبِى زَرٍّ ، عَنْ النَّبِىِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: هُمْ اِخْوَانُكُمْ وَخَوَلُكُمْ جَعَلَهُمْ اللهُ تَحْتَ اَيْدِيكُمْ فَمَنْ كَانَ اَخُوهُ تَحْتَ يَدِهِ ، فَلْيُطعِمْهُ مِمّا يَأْكُلُ ، وَلْيُلْبِسْهُ مِمّا يَلْبَسُ ، وَلا تُكَلِّفُوهُمْ مَا يَغْلِبُهُمْ . فَإِنْ كَلَّفْتُمُوهُمْ فَأَعِينُوهُمْ عَلَيْهِ] رواه الجماعة الا النسائى (خ/٣٠) (م/٣٠ـــ٤٠. ١٦٦١)] احمد (١٥٨/٥) وابوداود (٥١٥٨) والترمذى (١٩٤٥) وابن ماجة (٣٦٩٠).

لە ئەبو زەڕەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی ئەوان - بەندەكان - براتانو دراون پیَتان خوا دایناوە لەژیَر دەست ئیَوەدا جا هەركەسێك براكەی لەژیَر دەست دایە باخواردنی پیَ بدات لەو خواردنەی كەخۆی ئەیخواتو پۆشاكی بۆ بكات لەوەی كەخۆ ئەیپۆشیَتو داوای شتیَكیان لیَ نەكەن كە لەتواناياندا نەبیَ، وەئە گەرداوای كردنی ئیشیَكتان لیَ كردن كەلە توانا یاندا نەبو یارمەتیان بدەن بەم شیَوەیە دەرئەكەویَت كە ئایینی مرۆڤ پەروەری ئیسلام چۆن هەوڵی یەكسانی مرۆڤو مافیان ئەدات، بەلاّم دوژمنانوەكو شەمشەمە كویَرە ئەم هەمو ڕاستیانە نابینن، اَللَّهُمَّ اهْدِ قَوْمِي فَاِنَّهُمْ لاَيَعْلَمُونَ وَالْهِمْنِي وَايَّاهُمْ الصَّوابَ وُالرُّشْدَ - آمین.

(٦٤٩/ ن /٢٩٩٤)- [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ اَنَّ النَّبِىَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: بَيْنَمَا رَجُلُ يَمْشِى بِطَرِيقٍ اشْتَدَّ عَلَيْهِ الْعَطَشُ فَوَجَدَ بِئْراً فَنَزَلَ فِيهَا

فَشَرِبَ ثُمَّ خَرَجَ فَإِذَا كَلْبٌ يَلْهَثُ يَأْكُلُ الثرىَ مِنَ الْعَطَشِ فَقَالَ الرَّجُلُ لَقَدْ بَلَغَ هذَا الْكَلْبَ مِنَ الْعَطَشِ مِثْلُ الَّذى كَانَ بَلَغَ مِنِىّ ، فَنَزَلَ الْبِئْرَ فَمَلأَ خُفَّهُ مَاءً ، ثُمَّ اَمْسَكَهُ بِفِيهِ حَتَّى رَقِيَ فَسَقَى الْكَلْبَ، فَشَكَرَ اللهُ لَهُ فَغَفَرَ لَهُ)) قَالُوا يَارسُولَ الله ، وَإِنَّ لَنَا فِي الْبَهَائِمِ اَجْراً؟! فَقَالَ : ((فِي كُلِّ كبِدٍ رَطْبَةٍ اَجْرٌ))] متفق علية احمد (٤/١٧٥) (خ/٢٣٦٣، ٢٤٦٦، ٦٠٠٩/م/٢٢٤٤) وابوداود (٢٥٥٠).

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: لەكاتێكا پیاوێك ئەچوو بەڕێگایەكدا زۆر تینوی بوو بیرێكی دەستكەوتو چووە خوارەوەو ئاوی لێخواردو هاتە دەرەوە دی سەگێك زمانی دەرهێناوەو خاك ئەخوات لە تینویەتیدا، پیاوەكە وتی: بەڕاستی ئەو سەگە لە تینویەتیدا وەكو منی لێهاتوە، جا ئەچێتە ناو بیرەكەوەو پڕی خوفەكەی خۆی دەكاتو لەپاشدا بەدەمیەوە ئەیگرێت تا سەرئەكەوێتو سەگەكە ئاو ئەدات، خوا سوپاسی كردو لێی خۆش بوو) وتیان ئەی پێغەمبەری خودا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئایا لەسەر حەواناتیش پاداش هەیە، فەرموی: هەمو دڵێكی تەڕ - كە خزمەتی بكەیت - پاداشتی هەیە. بە لێ سزا دانیشی هەریەو شێوەیە تۆڵەی هەیە. [1]

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٢٩٩٣) لە نیل الاوطار دابكە.

باسی خوێنەکان (الدِّمَاءُ)

(٦٥٠/ ن /٢٩٩٧)- [عَنْ عَائِشَةَ: لاَ يَحِلُّ دَمُ امْرِءٍ مُسْلِمٍ اِلاَّ مِنْ ثَلاَثَةٍ: اِلاَّ مَنْ زَنَى بَعْدَ مَا اُحْصِنَ اَوْ كَفَرَ بَعْدَ مَا اَسْلَمَ اَوْ قَتَلَ نَفْساً فَقُتِلَ بِهَا] رواه احمد (٢١٤/٦) والنسائى (١٠١/٧، ١٠٢) ومسلم بمعناه (١٦٧٦/٢٦) وابوداود (٤٣٥٣).

لەدایکی باوەڕ دارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە ((ڕەوا نیە ڕشتنی خوێنی هیچ مرۆڤێکی مسوڵمان مەگەر لە یەکێك لە سێ ڕێگەوە بێت، مەگەر زینا بکات پاش ئەوەی کە جیماعی حەڵاڵی کردبێ، یان کافر ببێ پاش ئەوەی کە مسوڵمان بووە یان مسوڵمانێك بەدەستی ئەنقەس[1] بکوژێت بەوە ئەکوژرێنەوە.

(٦٥١/ ن /٢٩٩٨)- [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ قُتِلَ لَهُ قَتِيلٌ فَهُوَ بِخَيْرِ النَّظَرَيْنِ: اِمَّا اَنْ يَفْتَدِيَ وَاِمَّا اَنْ يَقْتُلَ رواه الجماعة لكن لفظ الترمذى: (اِمَّا اَنْ يَعْفُوَ وَاِمَّا اَنْ يَقْتُلَ)]. احمد (٢٣٨/٢) خ (٢٤٣٤) م (١٣٥٥/٤٤٧) وابوداود (٤٥٠٥) والترمذى (١٤٠٥، ٢٦٦٧) والنسائى (٣٨/٨) وابن ماجة (٢٦٢٤).

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکەسێ کەسێکی لێ کوژرا ئەوە بۆ ئەو هەیە دوو ڕێگا, یان خوێن

(١) لە فەرمودەی ژمارە (٢٩٩٧) لە ریوایەتی نەسائی لە سەرچاوەی پێشودا، هاتوە.

بی وەرگرێت, یان بیكوژێت لەباتی كوژراوی خۆیدا....وە لەوشەی تورمزی دا هاتوە (ببەخشێ یان بیكوژێت). جا بەخشینە كەواتە لە كوشتن تا لەگەڵوشەی پێشوودا رێك بكەوێت وەئەشگونجێ بەتەواوی بیبەخشێت واتە نەبیكوژێتو نەشتی پێوەربگرێت كە ئەمەش دروستەو شتێكی باشە.

<u>**تێبینی:**</u> لەبارەی برینەكانیشەوە هەمان سێ شت هەیە ئەگەر برینەكە ئەكراوەكو خۆی بریندار بكرێت ئەگینا هەردوو رێگا هەیە یان بەخشین یان وەرگرتنی خوێنی برینەكە كە ئەویش هەندێكیان دیاری كراونو هەندێكیشیان (حاكم یان قازی) دیاری ئەكات،وە ئەتوانرێت لەوەش كە دیاری كراوە كەمتر بكرێتەوە ئەگەر خاوەن ماف ڕازی بوو.

٦٥٢/ ن /٣٠٠٢)- [عَنْ عَلِيٍّ (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) اَنَّ النبَّـِيَّ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْمُؤْمِنُونَ تَتَكَافَأُ دِمَاؤُهُمْ وَهُمْ يَدٌ عَلَى مَنْ سِوَاهُمْ وَيَسْـعَى بِذِمَّتِهِمْ اَدْنَاهُمْ. اَلاَ، لاَ يُقْتَلُ مُؤْمِنٌ بِكَافِرٍ وَلاَ ذُوعَهْدٍ فِي عَهْدِهِ] رواه احمد وابوداود والنسائی.

لە عەلیەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: باوەڕداران خوێنەكانیان یەكسانەو یەك دەستن بەرامبەر بەبێجگە لەخۆیانەوە ئەكەوێتە گەردەنی هەمویانەوە ئەوەی كە لەگەردنی كەمترینیانەوە بێ‌واتە: ئەگەر كەمترینی مسوڵمانان لە پلەوپایەو ناو شۆرەتەوە پەنای كافرێكی دا لەووڵاتی ئیسلام دا پێویستە هەمویان بیپارێزن، ئاگادار بن, باوەڕدار بەكافر ناكوژرێتوەكافرێ كەلەناو عەهدو پەیمانی مسوڵماندا بێ بەكافرێكی دەرەوەی عەهدو پەیمان ناكوژرێتەوە.

(٦٥٣/ ن /٣٠٠٤)- [عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ عَمْرو عَنِ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: مَنْ قَتَلَ مُعَاهِداً لَمْ يَرِحْ رَائِحَةَ الْجَنَّةِ وَاِنّ رِيحَهَا يُوجَدُ مِنْ مَسِيرةِ اَرْبَعِينَ عَاماً] رواه احمد (١٨٦/٢) والبخاری (٣١٦٦) والنسائی (٢٥/٨) وابن ماجة (٢٦٨٦).

لە عەبدوڵڵای كوڕی عەمەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە فەرمویەتی: هەركەسێ كافرێكی عەهدو پەیماندار لەگەڵ مسوڵمانان د' بكوژێت بۆنی بەهەشتی پێ ناگاتەوە بەڕاستی بۆنی بەهەشت لەدووری چل ساڵ ڕێگەوە دەست ئەكەوێت واتە زیاتر لە چل ساڵ ڕێگا لە بەهەشتەوە دوور ئەخرێتەوە.

(٦٥٤/ ن /٣٠٠٦)- [عَنْ الْحَسَنِ عَنْ سَمُرةَ اَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ قَتَلَ عَبْدَهُ قَتَلْنَاهُ وَمَنْ جَدَعَ عَبْدَهُ جَدَعْنَاهُ] رواه الخمسة وقال الترمذی: حديث حسن غريب.

لە حەسەنەوە، لە سەمورەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەركەسێ بەندەی خۆی بكوژێ دەیكوژینەوەو هەركەسێك بەندەی خۆی لووت هەڵدڕێ لوتی هەڵئەدرین وە لە ریوایەتی: ئەبو داود نەسائیدا هاتوە كە: (وَمَنْ خَصَى عَبْدَهُ خَصَيْنَاهُ/وە هەركەسێك بەندەی خۆی بخەسێنێ ئەیخەسێنین)، جا هەندێ لەزانایان ئەم فەرمودەیە مانا دەكەن هەركەسێ كە، بەندەی بووە كاتی خۆی، واتە بەندە بوونی كۆنی نابێ بەهۆی تۆڵە لێ نەسەندنی بەم شێوەیە ڕێك ئەكەوێت لەگەڵ ئەو فەرمودانەدا كە ئەڵێ: ئازاد بەبەندە ناكوژرێ‌وە ئەگەر بەندەی خۆی بێ كۆی دەنگی لەسەرە بێجگە لە نەخەعی كە ئەڵێ ئەكوژرێ، ئەوو ڕواڵەتی ئەو فەرمودەیەو مانای گشتی ئایەتی (النَّفْسُ بِالنَّفْسِ/ گیان بەگیان) ئەكات بەبەڵگە، وە ئەگەر بەندەی خۆی نەبێ نارێكیەكە زۆرترە.وە

هەندێكیش ئەڵێن: لەنێوان ئازادو بەندەدا - تۆڵەسەندن نییە نەلەگیان داو نە لە ئەندام دا،وە هەركەس بۆخۆی شتێكی هەیەو كاتی روودانی پیاوی خۆی بۆ هەر سەردەمێك دەبێ یەكلای كاتەوەو پێویست بەكێشەی ئەمڕۆ ناكات.

باسی كوشتنی پیاو بە كوشتنی ئافرەت وە ئایا بكوژ ناشرین ئەكرێت ئەگەر كوژراوی ناشرین كردبوو؟

(٦٥٥/ ن /٣٠٠٧)- [عَنْ اَنَس ((اَنَّ يَهُودِيًّا رَضَّ رَأْسَ جَارِيَةٍ بَيْنَ حَجَرَيْنِ فَقِيلَ لَهَا: مَنْ فَعَلَ بِكِ هَذَا؟ فَلانٌ؟ اَوْ فَلانٌ ؟ حَتَّى سُمِيَّ الْيَهُودِيُّ، فَأَوْمَأَتْ بِرَأْسِهَا فَجِيءَ بِهِ فَاعْتَرَفَ فَأَمَرَ بِهِ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَرُضَّ رَأْسُهُ بِحَجَرَيْنِ) رواه الجماعة خ (٢٤١٣) م (١٦٧٢/١٧) احمد (١٨٣،١٩٣/٣) وابوداود (٤٥٢٧) والترمذى (١٩٣٤) والنسائى (٢٢/٨) وابن ماجة (٢٦٦٥)].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی جولەكەیەك سەری كەنیزەكێكی وورد كرد لەنێوان دوو بەرددا، پێی ووترا كێ‌وای لێكردیت؟ فلاّن یان فلاّن -ناوی چەند كەسیان بۆ برد- تا گەیشتە ناوی جولەكەیەك بەسەری هێمای بۆ كردو هێنراو دانی پێدانا، جا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانی پێدا كە سەری ئەویش لەنێوان دوو بەردا والێ بكەن.

(٦٥٦/ ن /٣٠٠٩)- [وَعَنْهُ قَالَ: كَانَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَحُثُّ فِي خُطْبَتِهِ عَلَى الصَّدَقَةِ وَيَنْهَى عَنْ الْمُثْلَةِ) رواه النسائى (١٠١/٧)].

وه هەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه، کە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە خوتبەکەیدا -خەڵکی - هان ئەدا لەسەر چاکە کردنو بەرگری کردن لە ناشرین کردنی کوژراو،واتە نابێ کوژراو ناشرین بکرێت.

(٦٥٧/ ن /٣٠١٢)- [عَنْ عَبْدِالله بْنِ عَمْرو اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اَلاَ اِنَّ قَتِيلَ الْخَطِأَ شِبْهُ الْعَمْدِ قَتِيلُ السُّوطُ اَوْ اَلعَصَا فِيهِ مِأْةُ مِنَ الْإِبلِ، مِنْهَا اَربْعَوُنَ فِى بُطُونِهَا اَوْلاَدُهَا) رواه الخمسة الا الترمذى، احمد(١٦٤/٢) وابوداود(٤٥٤٧) والنسائى(٢٢/٨) وابن ماجة (٢٦٢٧)].

لە عەبدوڵلای کوڕی عەمرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئاگاداربن، کوژراوی هەڵەی لە دەستیانقەسچو، کوژراوی تۆڵو عەسایە لەوەدا سەد وشتر هەیە کە چلیان بەچکەیان لەسك دابێ.

کەسێ کەسێك بگرێ و کەسێکی تر بیکوژێت

٦٥٨/ن/٣٠١٣-[عَنْ ابْنِ عُمَرَ عَنْ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) قَـالَ: اِذَا اَمْسَكَ الرَّجُلُ الرَّجُلَ وَقَتَلَهُ الآخَرُ يُقْتَـلُ الَّـذِى قَتَـلَ وَيُحْـبَسُ الَّـذِى اَمْسَكَ) رواه الدار قطني (١٣٩،١٤٠/٣) والبيهقي (٥٠/٨)].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرمویەتی: هەرکاتێ پیاوێك پیاوێکی گرتو یەکێکی تر کوشتی، ئەکوژرێتەوە ئەوەی کە کوشتویەتیو زیندان ئەکرێت ئەوەی کە گرتوویەتی، ئەمە ئەوە نیە، کە کۆمەڵێك لەبەر یەك کەس ئەکوژرێت وە ئەو زیندانیەش ماوەکەی بەدەست ئیمام یان جێنشینیەتی، مەرج نیە تا مردن بێ، ئەگەر چی هەندێووتویانە مەرگە، لەوانە ڕەبیعەیە.

تۆڵـەی شـكاندنی دان

(٦٥٩/ ن /٣٠١٥)- [عَنْ اَنَسٍ اَنَّ الرُّبَيِّعْ عَمَّتَهُ كَسَرَتْ ثَنِيَّةَ جَارِيَةٍ فَطَلَبُوا اِلَيْهِ الْعَفْو فَأَبْوا فعرَضُوا الأَرْشَ فَأَبوا فَأَتواْ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَابَوا اِلاَ الْقِصَاصَ، فَأَمَرَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِالْقِصَاصِ فَقَالَ اَنَسٌ بْنِ النَّضر: يَا رَسُولَ الله اَتَكْسِرُ ثَنِيَّةَ الرُّبَيِّعِ، لاَ وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقّ لاَتُكْسَرُ ثَنِيَّتُهَا! فَقَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (يَا اَنَسُ! كِتَابَ الله الْقِصَاصُ) فَرَضِيَ الْقَوْمُ فَعَفَوا فَقَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اِنَّ مِنْ عِبَادِ الله مَنْ لَوْ اَقْسَمَ عَلَى الله لأَبَرَّهُ) رواه الجماعة الا مسلم والترمذی خ (٤٥٠٠) احمد (١٢٨/٣) وابوداود (٤٥٩٥) (١٩٣٤) والنسائی (٢٦/٨،٢٧، وابن ماجة (٢٦٤٩)].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە روبەیعی پـوری دانـە دوانیەكـەی كچـێكی شكاند، جا خزمەكانی داوایان لێكرد ببیەخشێت، خزمـەكانی دان شـكاو نـەیانكرد، جاوتیان خوێنەكەی ئەدەین، نەیانكرد، ئینجا هاتنە خزمەت پێغەمبەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وتیان بێجگە لەتۆڵە هیچمان ناوێ، بۆیـە پێغەمبـەری خـواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فرمانی تۆڵەی دا - كە دانی بشكێنێ -جا ئەنەسی كوڕی نەزر- كە بـرای بوو-، وتی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دانـی روبـەییع ئەشـكێنیت؟

نەخێر، سوێند بەو كەسەی كە تۆی بەڕاستی ڕەوانە كردووە، دوانیەكەی (ثنیة) ڕوبەییع ناشكێت!

جا پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ئەی ئەنەس، كیتابەكەی خوا تۆڵەی داناوە - مەبەست ئایەتی (وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ/ برینەكان تۆڵەیان هەیە) سورەتی مائیدە ئایەتی ٤٥ بوو -جا خزمانی كچە هاتنو چاوپۆشیان كردواتە قسەكەی ئەنەس ڕاست دەرچوو دانی رووبەییع نەشكێنرا، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی بەڕاستی لەناو بەندەكانی خوادا كەسانێ هەن كە ئەگەر سوێند لەسەر خوا بخۆن خوا سوێنەكەیان ناخات.

کەسێ قەپ لەدەستی کەسێك بگرێت و دەستی ڕاکێشێت دانی دەربێت

(٦٦٠/ ن /٣٠١٦)- [عَنْ عِمْرَانِ بْنِ حُصَيْنِ اَنَّ رَجُلاً عَضَّ يَدَ رَجُلٍ فَنَزَعَ يَدَهُ مِنْ فِيهِ فَو قَعَتْ ثَنِيَّتَاهُ فَاخْتَصَمُوا اِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: يَعَضُّ اَحدُكُمْ يَدَ اَخِيهِ كَمَا يَعَضُّ الْفَحْلُ! لاَ دِيَةَ لَكَ) رواه الجماعة الا اباداود خ (٦٨٩٢) م (١٦٧٣) احمد (٤/٤٣٥،٤٢٧) والترمذی (١٤١٦) وابن ماجة (٢٦٥٧)].

لە عمرانی کوڕی حوسەینەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پیاوێك قەپی کرد بەدەستی پیاوێکی تردا، جا ئەویش دەستی لەدەمی راکێشاو هەردوو دوانیەکەی (الثنایاه) کەوتن‌و کێشەکەیان بردە لای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: هەندێ لە ئێوە قەپ ئەکات بەدەستی کەسێك لە ئێوەداوەکو چۆن وشتر قەپی پێدا دەکات، هیچ خوێنت نیە،واتە: تازە دانەکانت بەزایە چووەو نابێ داوای تۆڵەیشی بکەیت.

کەسێك بەدزیـەوە بنوارێتە ماڵێکـەوە کە گیرابێ

(٦٦١/ ن /٣٠٢٠)- [عَنْ اَبِی هُرَیْرَةَ اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) قَالَ: لَوْ اَنَّ رَجُلاً اطَّلَعَ عَلَيْکَ بِغَيْرِ اِذْنٍ فَحَذَفْتَهُ بِحَصَاةٍ فَفَقَأْتَ عَيْنَهُ مَـا كَانَ عَلَيْکَ جُنَاحٌ) رواه الجماعة الاالترمـذى وابـن ماجـة خ (٦٩٠٢) م (٢١٥٨) احمد (٢٣٤/٢) وابوداود (٥١٧٢) والنسائى (٦١/٨)].

لەئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) فەرمویـەتی: ئەگـەر پیاوێـك نـواڕی بۆتـان لـەناوماڵدا بـەبێ ئـەوەی مـاوەی پێدرابێ، جا بەردێکت بۆ گرتو چاوێکت دەرهێنا هیچ تاوانێکت لەسەر نیە.

(٦٦٢/ ن /٣٠٢٦)- [عَنْ اَبِی هُرَيْرَةَ اَنَّ النَّبِـیَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ: (مَا عَفَا رَجُلٌ عَنْ مَظْلَمَةٍ اِلاَّ زَادَهُ اللهُ بِهَا عِـزّاً) رواه احمـد ومسـلم (٣٠٢٦) والترمذى (٢٠٢٩) وصححه].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبـەرەوە (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) کـە فەرمویەتی: هیچ پیاوێك چاوپۆشی ناکات لەستەمێك مەگەر خوا زیاتر بەوە بەهێزو تواناتری بکات،واتە خوا بەخشینو چاوپۆشی لەتۆڵەکردنەوەی پێ خۆشترە.

باسی سوێن خواردنی زۆر - القسامة -

(٦٦٣/ ن /٣٠٣٤)- [عَنْ سَهْلِ بْنِ اَبِي حَثْمَةَ قَالَ: انْطَلَق عَبْدُالله بْـنُ سَـهْل وَمُحَيَّصَةُ بْنُ مَسْعُودٍ اِلَى خَيْبَـرَ -وَهُـوَ يَوْمَئِـذٍ صُـلحٌ- فَتَفَرَّقَـا، فَـأَتَى مُحيِّصَـةُ اِلَى عَبْدُالله بْنِ سَهْلٍ وَهُوَ يَتَشَحَّطُ فِي دَمِهِ قَتِـيلاً فَدَفَنَـهُ، ثُـمَّ قَدِمَ الْمَدِينَةَ فَانْطَـلَقَ عَبْدُالرَّحْمنِ بْنُ سَهْلٍ وَمُحَيِّصَـةُ وَحُوَيِّصَةُ ابْنَـا مَسْعُودٍ اِلَى النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَذَهَبَ عَبْدُ الـرَّحْمَنِ يَـتَكَلَّمُ فَقَالَ : ((كَبِّرْ كَبِّرْ)) وَهُوَ اَحْدَثُ الْقَوْمِ فَسَكَتَ فَتَكَلَّمَا ، قَالَ: ((أَتحْلِفُونَ وَتَسْتَحِقُّونَ قَاتِلَكُمْ (اَو صَاحِبَكُمْ) ؟)) فَقَالُوا : وَكَيْفَ نَحْلِفُ وَلَمْ نَشْهَدْ وَلَمْ نَرَ ؟! قَالَ : ((فَتُبَرِّئُكُمْ يَهُودُ بِخَمْسِينَ يَميناً؟))، فَقَالُوا : كَيْفَ نَأْخُذُ اَيْمَانَ قَوْمٍ كُفَّارٍ ؟! فَعَقَلَهُ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) مِـنْ عِنْـدِهِ)) رواه الجماعة (خ/٧١٩٢) (م/٩/١٦٦٠/١، ٦،٣) احمـد (٣/٤) ابـوداود (٤٥٢٠) الترمـذى (١٤٢٢) النسائى (٨/٧_١١) ابن ماجة (٢٦٧٧)].

لە سەهلی کوڕی ئەبو حەسمەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە عبدوڵڵای کوڕی سـەهلو موحەییسەی کوڕی مەسعود چوون بۆ خەیبەر -وە ئەوە لە کاتی ئاشتە وا بیدا بـو- جا لەوێ لەیەك جیابوونەوە پاشان موحەییسە هاتەوە لای عەبـدوڵڵای کـوڕی سـەهل تەماشای کرد ئەو زۆر تلاوە لەناو خوێنی خۆیداو کـوژراوە، جـا ئـەویش شـاردییەوە

نەپاشـان هاتـەوە مەدینـە، ئینجـا عبـدورحمانی كـوڕی سـەهل -بـرای كـوژراو-و موحییسەو حوەییسەی كوڕانی مەسعود چونە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عەبدوڕەحمان دەستی كرد بە قسەكردن فەرمووی: (قسە بدە بە گەورە، بیدە بـە گەورە)، واتە بـا تـەمـەن گەورەكـەتان قسـە بكـات، چـونكە ئـەو بچـووكترینی ئـەو كۆمەڵە بوو، جا بێدەنگ بوو ئەو دوانەكەی تر قسەیان كرد.

فەرمووی: ئایا سوێند ئەخۆن تا بـبن بـەخاوەن حـەق بەسـەر بكوژەكەتانـەوە (یـان، رەفیقەكەتانەوە)؟

وتیان: چۆن سوێند بخۆین نەلەوێ بووین و نەبینیومانە؟!

فەرمووی: دەی جولەكە خۆیان دەرباز ئەكەن بە پەنجا سوێند؟

وتیان: چۆن باوەڕ بكەین بەسوێندی كافران؟!

جا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خۆی خوێنەكەی پێدان. لێرەدا ئەمانە وەرئەگرین:

١ـ كەسێ كوژراو، بكوژ دیار نەبوو ئەگەر خاوەنەكەی گومانی لە كەسێ كـردو رێـی تێدەچوو ئەوە ئەتوانێ پەنجا سوێند بخوات و ببێ بـە خـاوەنی مـافی خـۆی بەسـەر ئەو كەسەوە،وە ئەگەر نەیخوارد گومان لێكراو پـەنجا سـوێند ئـەخوات و لەوتاوانـە رزگاری ئەبێ.

٢ـ سوێندی كافر ئەكرێ باوەڕی پێ بكرێ.

٣ـ لە قسەو باسدا گەورەترین كەس مافی پێش خسـتنی هەیـە، واتـە تـەمـەن رێـزی خۆی هەیە.

٤ـ ئیمام ئەتوانێ لەماڵی خۆی یا لە بەیتوڵ بۆ بەرژەوەندیو ئاشتی نێـوان خـەڵك - پارەی خوێن بدات.

٥ـ خوێن بەفیڕۆ ناچێت و ئەبێ چارەی بكرێت.

(٦٦٤/ ن /٣٠٤٢)- [عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) يَوْمَ فَتْحِ مَكَّةَ: اَنَّ هَذَا الْبَلَدَ حَرَامٌ حَرَّمَهُ اللهُ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَوات وَالأَرْضَ فَهُوَ حضرَامٌ بِحُرْمَةِ الله اِلَى يَوْمِ القِيَامَةِ ، واِنَّهُ لَمْ يَحِلَّ الْقِتَالُ فِيهِ لأَحَدٍ قَبْلِي ، وَلَمْ يَحِلَّ لِي اِلاَّ سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ ، فَهُوَ حَرَامٌ بِحُرْمَةِ الله اِلَى يَوْمِ الْقِيامَةِ)) رواه الجماعة الا ابن ماجة (خ/١٥٨٧، ١٨٣٤، ٢٧٨٣، ٢٨٢٥، ٣١٨٩) (م/١٣٥٣/٤٤٥) احمد (٢٢٦/١، ٢٥٩، ٣١٥، ٣٥٥) وابوداود (٢٠١٨، ٢٤٨٠، الترمذی (١٥٩٠) النسائی (٢٠٣/٥_٢٠٤)].

لە عەبدوڵڵای كوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) لەڕۆژی سەركەوتنی لەشاری مەكەدا، فەرمویەتی: ئەم شارە قەدەغەیە، خوا قەدەغەی كردووە ئەوكاتەی كە ئاسمانانو زەوی دروست كرد، كەواتە قەدەغەیە بە قەدەغەكردنی خوایی هەتا ڕۆژی قیامەت، وەبەڕاستی ڕەوا نەدراوە شەڕی تێدا بكرێت بۆ هیچ كەسێك پێش من وەرەوا نەدراوە بۆ منیش مەگەر كاتێك لە ڕۆژێك، ئێستا ئەو قەدەغەیە بە قەدەغەكردنی خوایی یە هەتا ڕۆژی قیامەت، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانرێت كە مەكە پەنای تاوانبارو بكوژو دزو داوێن پیس نادات‌و فەرمودەی ڕاستیان لەسەرە[1].

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٣٠٣٩ تا ٣٠٤٣)، لە نیل الاوطار، بكە.

گەورەیی تاوانی کوشتن

(٦٦٥/ ن /٣٠٤٤)- [عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ عَنِ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اَوَّلُ مَا يُقْضى بَيْنَ النَّاسِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِي الـدِّمَاءِ) رواه الجماعـة الاّ ابـاداود (خ/٦٥٣٣،٦٨٦٤) (م/٢٨/١٦٧٨) احمـــد (٤٤٠،٤٤٢/١) الترمـــذى (١٣٩٦،١٣٩٧) النسائى (٨٣/٧) وابن ماجة (٢٦١٥)].

لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە پێغەمبەر (صَلیَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: لە مافی خەڵکا پێشەکیترین شتێ کە دەستی پێ ئەکرێت لە نێوان خەڵکا لە ڕۆژی قیامەتا لەبارەی خوێنەکانەوەیە.

٦٦٦/ن/٣٠٥٠ [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ): (مَنْ قَتَلَ نَفْسَهُ بحَدِيدَةٍ فَحَدِيدَتُهُ فِي يَدِهِ يَتَوَجَّأُ بهَا فِي بَطْنِـهِ فِـى نَـارِ جَهَنَّمَ، خالِداً مُخَلَّداً فِيهَا أَبداً. وَمَنْ قَتَلَ نَفْسَـهُ بسُـمّ فَسُـمُّهُ فِـى يَـدِهِ يَتَحَسَّاهُ فِي نارِ جَهَنَّمَ خَالِداً مُخَلَّداً فِيهَا اَبداً ، وَمَنْ تَرَدَّى مِنْ جَبَلٍ فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ مُتَرَدٍّ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِداً مُخَلَّـداً فِيهَـا أَبـداً) رواه الجماعـة الاّ النسـائى وابـاداود (خ/٥٧٧٨) (م/١٠٩/١٧٥) احمـد (٢٥٤،٤٧٨،٤٨٨/٢) الترمـذى (٢٠٣٤،٢٠٤٤) ابن ماجة (٤٣٦٠)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەر كەسێك بە ئاسنێك خۆی بكوژێ ئەوە ئاسنەكەی بەدەستەوەیە دەیكا بەسكی خۆیدا لەناو ئاگری دۆزەخدا هەمیشەییەو هەمیشەیش دەكرێت لەناو ئاگردا هەتا هەتایە،وە هەركەسێك خۆی بكوژێ بەژار ئەوە ژارەكەی لەدەست دایە هەر خەریكە ئەیخوات لەناو ئاگری دۆزەخدا، هەمیشەییەو هەمیشەیش دەكرێت لەناو ئەو ئاگرەدا هەتا هەتایە،وە هەركەسێك لە چیایەك خۆی بخاتە خوارەوەو خۆی بكوژێت ئەوە ئەو هەوا ئەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە. هەمیشەییەو هەمیشەیش دەكرێت لەناویا هەتا هەتایە، فەرمودە لەمبارەوە زۆرە ئەوەندە بەسە، لە عاقڵان ئیشارەتێك.

(٦٦٧/ ن /٣٠٥١) [عَنِ الْمِقْدَادِ بْنِ الأَسْوَدِ أَنَّهُ قَالَ: يَارَسُولَ اللهِ أَرَأَيْتَ إِنْ لَقِيتُ رَجُلاً مِنَ الْكُفَّارِ فَقَاتَلَنِي فَضَرَبَ إِحْدَى يَدَيَّ بِالسَّيْفِ فَقَطَعَهَا ثُمَّ لاذَ مِنِّي بِشَجَرَةٍ فَقَالَ: أَسْلَمْتُ للهِ، أَفَأَقْتُلُهُ يَارسُولَ اللهِ بَعْدَ أَنْ قَالَهَا ؟ قَالَ ((لا تَقْتُلْهُ))، قَالَ: فَقُلْتُ يَارَسُولَ اللهِ إِنَّهُ قَطَعَ يَدِي، ثُمَّ قَالَ ذَلِكَ بَعْدَ أَنْ قَطَعَهَا أَفَأَقْتُلُهُ؟ قَالَ: ((لا تَقْتُلْهُ فَإِنْ قَتَلْتَهُ فَإِنَّهُ بِمَنْزِلَتِكَ قَبْلَ أَنْ تَقْتُلَهُ، وَإِنَّكَ بِمَنْزِلَتِهِ قَبْلَ أَنْ يَقُولَ كَلِمَتَهُ الَّتِي قَالَ) متفق عليه خ/٤٠١٩،٦٨٦٥) م/٩٥،١٥٥) احمد (٦/٣،٤،٥)]

لە میقدادی كوڕی ئەسوەدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێم بڵێ ئەگەر بگەم بە پیاوێك لە كافرانو شەڕم لەگەڵدا بكات بەشمشێر بدات لە دەستێكمو ببچڕێت لە پاش دا خۆی بپارێزێ لەمن بەهۆی درەختێكەوەو بڵێ: گەردن كەچم بۆ خواو - مسوڵمان ببێ - ئایا بیكوژم ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پاش ئەوەی كەوای ووت؟

فەرموی (نەیکوژیت).

وتی:وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڕاستی ئەو دەستی منی بچڕیبێ لەپاشدا ئەوە بڵێ پاش ئەوەی كە بچڕیویەتی ئایا بیكوژم؟

فەرموی ((نەیكوژیت، جا ئەگەر كوشتت بەڕاستی ئەو دێتە جێگای تۆ پێش ئەوەی كە بیكوژێت -واتە مسوڵمانە -وە تۆ ئەچیتە جێگای ئەو پێش ئەوەی كە ئەو قسەیە بكات واتە: كافربوون، یان تاوانباربوون)).

(٦٦٨/ ن /٣٠٥٣)- [عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: وَحَوْلَهُ عِصَابَةٌ مِنْ اَصْحَابِهِ (بَايعوُنِى عَلَى اَلاَّتُشْرِكُوا بِالله شَيْئاً وَلاَتَسْرِقُوا وَلاَتزنُوا وَلاَتَقْتُلُوا اَوْلاَدَكُمْ وَلاَتَأْتُوا بِبُهْتَان تَفْتَرُونَهُ بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَاَرْجُلِكُمْ وَلاَ تَعْصُوا فِي مَعْرُوفٍ، فَمَنْ وَفَى مِنْكُمْ فَأَجْرُهُ عَلَى الله، وَمَنْ أَصَابَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئاً فَعُوقِبَ بِهِ فى الدُّنْيا فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ، وَمَنْ أَصَابَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئاً ثُمَّ سَتَرَهُ الله فَهُوَ اِلَى الله إنْ شَاءَ عَفَا عَنْهُ وَاِنْ شَاءَ عَاقَبَهُ)) فَبَايَعْنَاهُ عَلَى ذَلِكَ. وَفى لَفْظٍ: ((فَلاَ تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتى حَرَّمَ اللهُ اِلاّ بِالْحِقِّ)) متفق علية خ/٦٨٠١،٦٧٨٤) م/١٧٠٩/٤٣-٤١) احمد(٥/٣٢٠،٣١٤)]

لە عوبادەی كوڕی سامیتەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی كە كۆمەڵێك لە یارەكانی لە چواردەور بوو: پەیمانم پێ بدەن كە هیچ هاوبەشییەك بۆ خوا دانەنێن،وە دزی نەكەن، وە زینا نەكەن، وە منالی خۆتان نەكوژنەوە بوختان بۆ یەكتر نەكەن نە ئێستاو نە لەپاشدا، بێ فەرمانی نەكەن لە چاكەدا، جا هەركەس لە ئێوە پەیمانی خۆی بردە سەر ئەوە پاداشتی لەلای خوایەوە هەركەسێك لە یەكێك لەوانە كۆتا هاتو ئەو كارەی ئەنجام داو لە دونیادا

تۆڵەی لێسەنرا ئەوە ئیتر داپۆشەری تاوانەکەیەتیوە هەرکەسێك ئەوەی ئەنجام دا لەپاشا خوا شاردییەوە، ئەوە ئیتر بەدەست خوایە، ئەگەر ئارەزووی لێ بوو چەپۆشی لێ ئەکات وە ئەگەر ئارەزووی لێ بوو تۆڵەی لێوەرئەگرێت، جا ئێمەیش پەیمانمان پێدا لەسەر ئەوە، وە لە وشەیەکی تردا هاتوە، کە ((نەکوژن ئەو گیانەی کە خوا قەدەغەی کردووە لێتان مەگەر بۆ مەبەستێکی ڕاستی،وەکو پاشگەزبوونەوە یە کوشتنی نا حەق، یا زینا بکاتو ژنی هێنا بێ یان هێرش بکاتە سەر گیانو ماڵی مسوڵمانێكو..وە....)).

(٦٦٩/ ن /٣٠٥٥)- [عَنْ وَاثِلَةَ بْنِ الأَسْقَعِ قَالَ: اَتَيْنَا رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي صَاحِبٍ لَنَا اَوْجَبَ – يَعْنِي النَّارَ– بِالْقَتِلِ فَقَالَ: (أَعْتِقُو عَنْهُ يُعْتِقِ اللهُ بِكُلِّ عُضْوٍ مِنْهُ عَضْواً مِنْهُ مِنَ النَّارِ) رواه احمد(٣/٤٩١،٤٩٠، وابوداود(٣٩٦٤)]

لە واسیلەی کوڕی ئەسقەعەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: هاتینە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەربارەی ڕەفیقێکمان کە پێویست بوو - واتە ئاگر بۆی - بەهۆی کوشتنەوە فەرموی: (لەباتی ئەودا بەندە ئازاد بکەن خوا بەهۆی هەر ئەندامێکیەوە ئەندامێکی لەئاگر ئازاد ئەکات)، واتە خێرو چاکە ئەبێ بەهۆی ڕەزامەندی خواو داپۆشینی تاوانەکەی.وەئەمەش ڕێگایەکی ترە بۆ ئازاد کردنی عەبدەکان بەکوێرایی چاوی ناحەزان.

(٦٧٠/ ن /٣٠٥٨)- [عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (هَذِهِ وَهَذِهِ سَوَاءٌ) يَعْنِي الْخِنْصَرُ وَالْبِنْصَرُ وَالأَبْهَامُ) رواه الجماعة الامسلماً. وَفِي روايةٍ قَالَ: دِيَةُ اَصَابِعِ الْيَدَيْنِ وَالرِّجْلَيْنِ سَوَاءٌ عَشْرٌ مِنَ

الأَبِلِ لِكُلِّ أُصْبَعٍ) رواه الترمذی وصححه (١٣١٩) اللفظ الاول (خ/٦٨٩٥) احمد (٢٢٧،٣٣٩،٣٤٥/١) وابوداود(٤٥٥٨) والترمذی (١٣٩٢) والنسائی (٥٦/٨) ابن ماجة (٢٦٥٢)].

له عەبدوڵڵای كوڕی عەباسەوه (رضی الله عنهما) له پێغەمبەرەوه (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلّمَ) هاتوه كه فەرمویەتی: (ئەمەو ئەمەوەكو یەكن)، واته پەنجه بچكۆڵەكەو پاڵ ئەوو پەنجه گەوره كه له خوێنداوەكو یەكن...وه له ڕیوایەتێكی تردا كه تورمزی هێناویەتیو بەڕاستی داناوه هاتوه كه فەرمویەتی: خوێن بای پەنجەكانی دەستەكانو پێكانوەكو یەكنو هەر پەنجەیەك دەوشتر خوێنیەتی ئەگەر بڕا.

(٦٧١/ ن /٣٠٥٩)- [وَعَنْهُ اَنَّ النبَّـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (الأَسْـنَانُ سَوَاءٌ. الثَّنِيَّةُ وَالضِّرْسُ سَوَاءٌ) رواه ابوداود (٤٥٥٩)،ابن ماجة (٢٦٥٠)]

وه هەرلەوەوه (خوا لێی ڕازی بێ)و له پێغەمبەرەوه (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلّمَ) هاتوه، كه فەرمویەتی: دانەكان وەكو یەكن، دوانیەكانو خڕێ وەكو یەكن.

(٦٧٢/ ن /٣٠٥٩) -[عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْب عَنْ اَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ اَنَّ النبَّـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَضَى فى الْعَيْنِ الْعَوْراءِ السَّادَّة لِمَكَانِهَا اِذَا طُمِسَتْ بِثُلثِ دِيَتِهَا وَفى الْيَدِ الشَّلاَّءِ اِذَا قُطِعَتْ بِثُلُثِ دِيَتِهـا وَفِـى السِّـنِّ السَّـوْداءَ اِذَا نُزِعَتْ بِثُلُثِ دِيَتِهَا) رواه النسائى (٥٥/٨) ولابى داود (٤٥٦٧) منه (قَضَـى فـى الْعَيْنِ الْقَائِمَة السَّادَّة لِمَكَانِهَا بِثُلثِ الدِّيَة)].

له عەمری كوڕی شوعەیبەوه له باوكیەوه له باوەیەوه هاتوه كه بەڕاستی پێغەمبەر (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلّمَ) بڕیاری داوه له چاوێكی كوێرو چەموش كه له جێگای

خۆیدا بێ هەرکاتێ لابرا بەتەواوی سێ یەکی خوێنی هەیەواتە نزیکەی ١٧وشتر خوێنیەتی‌وە سەبارەت بە دەستێکی ووشك بوو هەرکاتێ برا سێیەکی خوێنیەتی،و: سەبارەت بە دانی رەشۆ بوو هەرکاتێ هەڵکەنرا سییەکی خوێنیەتی... بریاری داو: بۆ ئەو چاوەی کە لە شوێن خۆیدا مابێتو بەسێیەکی خوێنەکەی واتە: ئەگەر بینینی لەدەست دابو، والله أعلم.

(٦٧٣/ ن /٣٠٦٥)- [عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ عَنْ اَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (عَقْلُ الْكَافِرِ نِصْفُ دِيَةِ الْمُسْلِمِ) احمد (١٨٢/٢، ١٧٨، والترمذي (١٤١٣) والنسائي (٤٥/٨)].

لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە لە باوکیەوە لە باوەیەوە رضي الله عنهم هاتوە کە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: نرخی خوێنی کافر نیوەی نرخی خوێنی مسوڵمانە.

خوێنی بەچكە

(٦٧٤/ ن /٣٠٦٩)- [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ: اقْتَتَلَتْ امْرَأَتَانِ مِنْ هُـذَيْلٍ فَرَمَـتْ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَىَ بِحَجَرٍ فَقَتَلَتْهَا وَمَا فِي بَطْنِهَا، فَاخْتَصَمُوا اِلَى رَسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَضَى: اَنَّ دِيَةَ جَنِينِهَا غُرَّةٌ عبدٌ اَوْ وَلِيَدَةُ وَقَضَى بِدِيَةِ الْمَرأَةِ عَلَى عَاقِلَتِهَا) متفق علية خ/٥٧٥٩) م/١٦٨١/٣٤) احمد(٢/٢٣٦)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، كـە وتویـەتی: دوو ئـافرەت لـە تـیرەی هوزەیـل شـەڕیان بـوو یـەكێكیان بـەردێكی دا لـەكێكیانو كوشـتیو ئـەوەیش كەلەسكیابوو - كوژراو دوگیان بو - جاكێشەكەیان گەیاندە پێغەمبـەری خـوا (صَلَّ اللّهُ عَلَیهِ وَسَلَّمَ)و ئـەویش بڕیاریـدا كـە: خـوێنی بەچـكەكەی غورِەیەكـە - كـەبایی - عەبدێك یان جارییەك كە بڕیاریدا كە خوێنی ئافرەتەكەیش لەسـەر خزمـانی بكـوژە، واتە خوێنی - لەدەستیانقەس چوو (شبە العمـد) لەسـەر خزمـانی بكـوژە. تێبینـی: كوشتن سێ جۆرە:-

١- هەڵە (الخطأ).

٢-وەكو دەستیانقاس وایە (**شبه** العمد).

٣- كوشتنی دەستیانقەس (العمد).

(٦٧٥/ ن /٣٠٧٣)- [عَنْ مَحْمُودِ بْنِ لَبِيدٍ قَالَ: اخْتَلَفَـتْ سُـيُوفُ الْمُسْـلِمِينَ عَلَى الْيَمَانِ اَبِى حُذَيْفَةَ يَوْمَ أُحُدٍ وَلاَيَعْرِفُونَهُ فَقَتَلُـوهُ، فَـأَرَادَ رَسُـولَ الله

(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اَنْ يَدِيَهُ فَتَصَدَّقَ حُذَيْفَةُ بِدِيَتِهِ عَلَى الْمُسْـلِمِين.

رواه احمد (٥/٤٢٩)].

لـه مـەحمودی کـوڕی لەبیـدەوه (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوه، کـه وتویـەتی: شمشـێری مسولّمانان داباریه سەر (یەمان) باوکی حوزەیفه له غـەزای ئوحـوددا و نەیانناسـیو کوشتیان، جا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)ویستی خوێنەکـەی بـدات، حوزەیفـه خوێنەکەی بەخشی بە مسولّمانان ،واته ئەگەر لە غەزادا کەسێ کەسێکی نەناسـیو کوشتیو بەکافری زانی لەپاشدا دەرکەوت کە مسولّمانه پێویستـه لەسـەر ڕەهبـەری مسولّمانان خوێنەکەی بدات لە بەیتولمال.

(٦٧٦/ ن /٣٠٧٨)- [عَنْ حَجَّاجِ بْنِ اَرْطَاةَ عَنْ زَيْدِ بْنِ جُبَيْرٍ عَنْ خَشْفِ بْـنِ مَالِكٍ الطَّائِي عَنْ ابْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللهِ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ): (فِي دِيَةِ الْخَطَأِ عِشْرُونَ حِقَّةً وَعِشْرُونَ جَذَعَةً وَعِشْـرُونَ بِنْـتَ مَخَاضٍ وَعِشْرُونَ بِنْتَ لَبُونٍ وَعِشْرُونَ ابْنَ مَخَـاضٍ ذَكَـراً) رواه الخمسـة احمد (١/٤٥٠،٣٨٤) وابوداود (٤٥٤٥) والترمذی (١٣٨٦) والنسائی (٨/٤٣) ابن ماجة (٢٦٣١)].

له حەجاجی کـوڕی ئەرتائـەوه، لـه زەیـدی کـوڕی جویـەیرەوه لـه خەشـفی کـوڕی مـالیکی تائیـەوه لـه عەبـدوللّای کـوڕی مەسـعودەوه (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوه، کـه وتویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویـەتی: نرخـی خـوێنی هەڵـه بیست‌وشتری پێ لەپێنج ساڵو بیست‌وشتری پێ له چوارو بیست‌وشـتری پـێ لـه دوو ساڵو بیست‌وشتری پێ له سێ ساڵ (ئەمانەئەبێ مێ بن)وه بیست وشتری نێـری پـێ لەدوو ساڵ،واتەوشترەکان بیست بیست ئەکرێ بـه پێـنج بەشـەوه لەتۆڵـەی کوشـتنی

هەڵەدا .تێبینی: شێوەی تریش هاتوە لەبارەی بەهای خوێنی هەڵەی روتەوە لەبەر ئەوە زانایان لەوبارەوە بۆچونیان جیاوازە[١].

(٦٧٧/ ن /٣٠٨٦)- [عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ، أَنَّ غُلاَمَاً لأُنَاسٍ فُقَرَاءَ قَطَعَ أُذُنَ غُلاَمٍ لأُنَاسٍ اَغْنِيَاءَ فَأَتَى اَهْلَهُ اِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالُوا: يَا نَبِيَّ الله، اِنَّا أُنَاسٌ فُقَرَاءُ. فَلَمْ يَجْعَلْ عَلَيْهِ شَيْئاً) رواه احمد (٤٣٨/٤) وابوداود (٤٥٩٠) والنسائى (٢٥/٨)].

لە عیمرانی کوڕی حوسەینەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە بەندەیەکی کۆمەڵە خەڵکێکی فەقیر گوێی بەندەیەکی کۆمەڵە خەڵکێکی دەوڵەمەندی بڕی، جا خاوەنی بەندەکە - کە فەقیر بوون - هاتنە خزمەتی پێغەمبەرو (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڕاستی ئێمە کۆمەڵە خەڵکێکی فەقیرین هیچی لەسەر دائەنا،واتە ئەگەر هەڵگر، یان هەڵگرانی خوێن فەقیر بوون خوێنیان ناکەوێتە سەر چونکە بەرئەم قاعیدەی گشتی یە (لاَ يُكَلِّفُ اللهُ نَفْساً إِلاَّوُسْعَهَا) کەلەم ئایەتەوەوەرگیراوە ئەکەوێت.

(٦٧٨/ ن /٣٠٨٨)- [عَنِ الْخَشْخَاشِ الْعَنْبَرِيِّ قَالَ: اَتَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَمَعِي ابْنٌ لِي فَقَالَ: ابْنُكَ هَذَا؟ فَقُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: لاَيَجْنِي عَلَيْكَ وَلاَ تَجنِي عَلَيْهِ) رواه احمد(٣٤٤،٣٤٥/٤)(٨١/٥) وابن ماجة (٢٦٧١)].

لە خەشخاشی عەنبەرییەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: هاتمە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کوڕێکی خۆمم لەگەڵ دا بوو، فەرموی ئەمە کوڕتە؟

(١) تەماشای ڕاڤەی هەمان فەرمودە لە (نیل الأوطار)دا بکە، بەسودە.

وتم: بەلێ.

فەرموی: (تاوانی ئەو لەسەر تۆ نییەو تاوانی تۆیش لەسەر ئەو نییە)وە ئەم فەرمودە بە قەسامە تايبەت ئەبێ، واتە لە قەسامەدا سوێندی تاوانێ کە تاوانکارکە دیارنەبێ لەسەر خزمانیەتی،وە لەرۆژی قیامەتیشدا تاوانی هەرکەس لەسەرشانی خۆیەتی.وە تاوانی خێڵو تیرەش هەروایەوەکو لەم فەرمودەی بەردەمدا دێ.

(٦٧٩/ ن /٣٠٩١)- [عَنْ رَجُلٍ مِنَ بَنَى يَرْبُوعٍ قَالَ: أَتَيْنَا رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ يُكَلِّمُ النَّاسَ فَقَامَ اِلَيْهِ النَّاسُ فَقَالُوا يَارَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هَؤُلاَءِ بَنُو فُلاَنِ الَّذِينَ قَتَلُوا فُلاَناً. فَقَالَ: رَسُولُ اللهِ(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (لاَ تَجْنِيْ نَفْسٌ عَلَى نَفْسٍ) رواه احمد(٥/٣٧٧) والنسائى (٨/٥٤) وذكره فى الصحيحة (٩٨٨)].

لە پیاوێکەوە لەتیرەی یەربوعەوە هاتوە، کە وتویەتی چوینە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وە ئەو - لەوکاتەدا - قسەی ئەکرد بۆ خەڵك، کۆمەڵێك خەڵك هەستانو وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەوە تیرەی فلاّنن کە فلاّن کەسیان کوشتووە، جا پێغەمبەر (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: تاوانی هیچ کەسێك ناخرێتە سەر کەسێکی تر. ئەم فەرمودەیە گشتیو فراوانترەو هەمو کەس ئەگرێتەوە.

باسی سنوره - الحدود - وه بەشی سەنگسار كردنی زینا كاریٚ كه حەلاڵی دیبیٚ و تا زینای ئەوانەی كه نیكاحی حەلاڵیان نەدیبیٚ و ئاوارەكردنیان

(٦٨٠/ ن /٣٠٩٣)- [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ وَزَيْدِ بْنِ خَالِدٍ أَنَّهُمَا قَالاَ: اِنَّ رَجُلاً مِنَ الأَعْرَابِ اَتَى رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: يَارَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اَنْشُدُكَ اللهَ! اِلاَّ قَضَيْتَ لِى بِكِتَابِ الله. وَقَالَ الْخَصْمُ الآخَرُ وَهُوَ اَفْقَهَ مِنْهُ: نَعَمْ، فَاقْضِ بَيْنَنَا بِكِتَابِ الله وَأْئذَنْ لِى فَقَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (قُلْ) قَالَ اِنَّ ابْنِى كَانَ عَسِيفاً عَلَى هَذَا فَزَنَى بِامْرَأَتِهِ وَاِنِّى أُخْبِرْتُ اَنَّ عَلى ابْنِى الرَّجْمُ فَافْتَدَيْتُ مِنْهُ بِمِائَةِ شَاةٍ وَوَلِيدَةٍ، فَسَأَلْتُ أَهْلَ الْعِلْمِ فَأَخْبرونِى اَنَّ عَلَى ابْنِى جَلْدَ مِائَةٍ وَتَغْرِيبَ عَامٍ ، وَاَنَّ عَلَى امْرَأَةِ هَذَا الرَّجْمُ. فَقَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : ((وَالَّذِى نَفْسِى بِيَدِهِ، لأَقْضِيَنَّ بَيْنَكُمَا بِكِتَابِ الله: الْوَلِيدَةُ وَالْغَنَمُ رَدٌّ ، وَعَلَى ابْنِكَ جَلْدُ مِائَةٍ وَتَغْرِيبُ عَامٍ، وَاَغْدُ يَااُنَيْسُ- لِرَجُلٍ مِنْ اَسْلَمَ- اِلَى امْرَأَةِ هَذَا ، فَإِنِ اعْتَرَفَتْ فَارْجُمْهَا)) قَالَ : فَغَدا عَلَيْهَا فَاعْتَرَفَتْ، فَاَمَرَ بِهَا رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فرُجِمَتْ]. رواه الجماعة احمد (١١٥/٤) وابوداود (٤٤٤٥) والترمذى (٢٤٠/٨، ٢٤١) وفى الكبرى (٢٨٥/٤) وابن ماجة (٢٥٤٩) (خ/٦٨٤٢، ٦٨٤٣) (م/١٦٩٧، ١٦٩٨)].

لە ئەبو هورەیرەوەو زەیـدی کـوڕی خالیـدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە کەووتویانـە: بەڕاستی پیاوێك لەعەرەبە دەشتەکییەکان هاتە خزمەتی پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سوێندت ئـەدەم بـەخوا، هـەر بە کیتابەکەی خوا بڕیارم بۆ بدە.وە هاوکێشەکەی تریان کە ئەو تێگەیشتوو تـر بـوو لەو، وتی: بەڵێ، بەکیتابەکەی خوا فرمان بدە لە نێوانمانداو ماوەم پێ بدە، فەرمووی: بڵێ وتی: کوڕی من لەلای ئەمەمزور بووە کاری خراپی لەگەڵ ژنی ئـەودا کـردوە،وە هەواڵم پێدرا کە کـوڕی مـن ئـەبێ سەنگسـار بکرێـت لەبـەر ئـەوە مـن سـەد مـەڕو کەنیزەکێکم لەباتی ئەودا، لەپاشا پرسیارم لە خاوەن زانیـاری کـرد وتـی: کـوڕی تـۆ سـەد تازیبانـەی لێ ئـەدەرێتو سـاڵێك ئـاوارە ئـەکرێت، وە لەسـەر خێزانـی ئەمـە سەنگسار کردن هەیە، جا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ((سـوێند بـەو کەسەی کەگیانی منی بەدەستە، بـە کتابیەکـەی خـوا بڕیارتـان لەنێوانتانـدا دەدەم، کەنیزەکەکەو مەڕەکان ئەگەڕێننەوە،وە لەسەر کوڕی تۆ سەد تازیانـە هەیـەو سـاڵێك دوور ئەخرێتەوە، ئەی ئەنەسە بچکۆل بـەیانی بـڕۆ -پیـاوێکی تـیرەی ئەسـلەم بـوو- بۆلای خێزانی ئەو پیاوە جا ئەگەر ئیعترافی کرد سەنگساری بکە، وتی: بەیانی چـوو ئافرەتەکـە دانـی پێـدانا، جـا پێغەمبـەری خـوا فرمانیـدا کەسەنگسـار بکرێـت جـا سەنگسار کرا، واتە ئـەوەی نیکـاحی حـەڵاڵی دیبـێو زینـا بکـات ئـەبێ سەنگسـار بکرێت, پیاو بێ یا ئافرەت.

(٦٨١/ ن /٣١٠٠)- [عَنْ جَابرِ بْنِ عَبْدِاللهِ قَالَ: رَجَمَ النَّبِــيُّ رَجُلاً مِنْ اَسْـلَمَ وَرَجُلاً مِنْ الْيَهُودِ وَامْـرَأَةً. رواه احمـد (٣٢١/٣) ومسـلم (١٧٠١/١) وابـوداود (٤٤٥٥)].

لەجابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە (رضی الله عنهما) هـاتوە، کـە وتویـەتی: پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پیـاوێکی تـیرەی ئەسـلەمو جولەکەیـەك‌و ئـافرەتێکی سەنگسـار کردووە.

(دانپێدانانی زینا بەچوارجار دەبێ)

٦٨٢/ن/٣١٠٢- [عَنْ اَبِی هُرَیْرَةَ قَالَ: اَتَى رَجُلٌ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ فِی الْمَسْجدِ فَنَادَاهُ فَقَالَ: یَارَسُولَ الله ! اِنِّی زَنَیْتُ، فَأَعْرَضَ عَنْهُ حَتَّى رَدَّدَ عَلَیْهِ اَرْبَعَ مَرَّاتٍ، فَلَمَّا شَهِدَ عَلَى نَفْسِـهِ اَرْبَـعَ شَـهَادَاتٍ، دَعَاهُ النَّبِــیُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: (اَبِکَ جُنُونٌ؟) قَالَ: (لاَ) قَالَ: (فَهَلْ اَحْصَنْتَ؟) قَالَ: (نَعَمْ) فَقَالَ النَّبِــیُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ): (اذْهَبُوا بِهِ فَارْجُمُوهُ) قَالَ ابْنُ شِهَاب: فَأَخْبَرَنِی مَنْ سَمِعَ جَابِرَ بْنَ عَبْـدِاللهِ قَـالَ: كُنْتُ فِیمَنْ رَجَمَهُ فَرَجَمْنَـاهُ بِالْمُصَـلَّى، فَلَمّـا اَذْلَقَتْـهُ الْحِجَـارَةُ هَـرَبَ، فَاَدْرَكْنَـاهُ بِـالْحَرَّةِ فَرَجَمْنَـاهُ. متفـق علیـه (خ/ ٥٢٧١، ٦٨١٥، ٦٨٢٥، ٧١٦٧ (م/١٦٩١/١٦) احمد (٤٥٣/٢)].

لە ئەبوهورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە ئەو تەشریفی لە مزگەوتا بوو، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): بەڕاستی من زینام كردووە، جا پشتی تێكرد، تا چوارجار ئەوەی ووتەوە، جا كاتێ چوارجار شایەتی لەسەرخۆیدا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بانگی كردو فەرمویی: ((تۆ شێت نیت؟

وتی: نەخێر.

فەرموی: ژنت هێناوە؟

وتی: بەڵێ، جا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ((بیبەنو بەردبارانی بكەن)) كوڕی شەهاب ئەڵێ: ئەوەی لەجابیری كوڕی عەبدوڵڵای بیستبو پێی‌وتم، وتی: من یەكێك بووم لەناو ئەوانەی كەسەنگسارىان كرد، جا بەردبارانمان كرد لەجێگای نوێژدا - شوێنێك بوو لە دەرەوەی شار، كاتی جەژنانو نوێژی بارانەیان لەوێ دەكرد - جا كاتێ ئێشی بەردەكانی پێگەیشت، رایكردو لەناو بەردەلانەكەدا پێی گەیشتینو سەنگسارمان كرد،وە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە كە داننان بەژن هێناندا یەكجار بەسەو بەوشەی بەڵێ، دان پێدانانە.

كەسێ بڵێ حەدم لەسەرەو ناوی شتەكە نەبات، حەدی لێنادرێت

(٦٨٣/ ن /٣١١٠)- [عَنْ اَنَس، قَالَ: كُنْتُ عِنْدَ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَجَاءَهُ رَجُلٌ فَقَالَ: يَارَسُولَ الله، اِنِّى اُصَبْتُ حَدّاً فَاَقِمْهُ عَلَيَّ وَلَمْ يَسْـئَلَهُ. قَالَ: وَحَضَرتِ الصَّلاَةُ فَصَلَّى النَّبِـيُّ فَلَمَّا قَضَى النَّبِـيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) قَامَ اِلَيْهِ الرَّجُلُ فَقَالَ: يَارَسُولَ الله اِنِّى اُصَبْتُ حَدّاً فَاَقِمْ فِيَّ كِتَاب الله قَالَ : ((اَلَيْسَ قَدْ صَلَّيْتَ مَعَنَا؟)) قَالَ: نَعَمْ . قَالَ : ((فَإِنَّ اللهَ قَدْ غَفَـر لَكَ ذَنْبَكَ)) اَوْ ((حَدَّكَ)) اخرجاه (خ/٦٨٢٣) (م/٢٧٦٤)].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتويەتی: من لای پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووم، پیاوێك هاتە لای وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) من دوچاری حەد بووم، جێبەجێی بكە لەسەرم، وەهیچ پرسیاری لێنەكرد، ئەڵێ: نوێژ بوو، جا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نوێژی كرد، كاتێ كە لە نوێژ بویەوە، هەمان پیاو هەستاییەوەو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڕاستی دوچاری حەد بووم، دەی كیتابەكەی خوام لەسەر جێبەجێ بكە.

فەرموی: ئایا لەگەڵ ئێمەدا نوێژت كرد؟

وتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) .

فــەرموی: بەڕاســتی خــوا لــەتاوانت خــۆش بــوو (یــان لەحەدەكــەت) لێــردن پێغەمبەرمان پرسیاری لـێ نەكرد لەسەرچیو چی كردووە، بەڵكو بێ دەنگی لێكرد. جا ئەگەر كەسێ هەروای ووت چاك وایە داوای باسكردنی لێ نەكرێتو هەڵنرێت كە باسی تاوانەكە نەكاتو پەشیمان ببێتەوە، خوا بەڕەحمە بۆ بەنـدەكانی، لێـرەوە ئـەوە دەرئەكەوێت كە بڵاوكردنەوەی تاوانی خەڵك چەند خراپو ناشرینە لەڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە.

حــەد بەگومان دروســت نیە

(٦٨٤/ ن /٣١١٣)- [عَنْ ابْنِ عَبَّاس، اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْــهِ وَسَــلَّمَ) لاَعَنَ بَيْنَ الْعَجَلاَنِيِّ وَامْرَأَتِهِ فَقَالَ شَدّادُ بْنُ الْهادِ: هِيَ الْمَــرَأَةُ الَّتِــي قَــالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (لَــوْ كُنْــتُ راجمــاً اَحَــداً بِغَيْــرِ بَيِّنَــةٍ لَرجَمْتُهَا) قَالَ: لاَ، تِلْكَ امْرَأَةٌ كَانَتْ قَدْ أَعْلَنَتَ فِي الإِسْــلاَمِ. متفــق عليــة (خ/٥٣١٠، ٥٣١٦، ٦٨٥٥، ٦٨٥٦، ٧٢٣٨) (م/١٤٩٧) كـــذا رواه النســـائى (١٧١/٦) احمد (٣٣٥/١، ٣٣٦، ٣٣٧، ٣٦٥)].

لە عـەبدوڵڵای كوڕی عـەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هــاتوە، كــە بەڕاســتی پێغەمبــەری خوا (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) نەفرینكردنی دانا لەنێوان عـەجلانیو خێزانەكەیدا، جــا شــەداد وتی: ئەوە ئەو ئافرەتە بوو كە پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) فــەرموی: (ئەگــەر من بەبێ شایەتو بەڵگە كەسێكم سەنگسار بكردایە ئەو ئافرەتەم سەنگسار ئەكرد)

وتی: نەخێر، ئەوە ئافرەتێك بوو لەناو مسوڵمانان دیار بوو بەداوێن پیسی ئەناسرا بەڵام نە شایەتی لەسەر بوو نەخۆیشی دانی پێدائەنا، واتە: بەگومان لەسەر خەڵك حەد سابت نابێت.

(٦٨٥/ ن /٣١١٧)- [وَعَنْهُ قَالَ: قَالَ عُمَرُ بْنُ الخَطَّاب: كَانَ فِيمَا اَنْزَلَ اللهُ آيَةَ الرَّجْمِ فَقَرَأْنَاهَا وَعَقَلْنَاهَا وَوَعَيْنَاهَا وَرَجَمَ رَسُولُ الله وَرَجَمْنَا بَعْدَهُ فَأَخْشَى اِنْ طَالَ بِالنَّاسِ زَمَانٌ اَنْ يَقُولَ قَائِلٌ : وَالله مَا نَجِدُ الرَّجْمَ فِي كِتَابِ الله تَعَالَى، فَيَضِلُّوا بِتَرْكِ فَرِيضَةٍ أَنْزَلَهَا اللهُ تَعَالَى ، وَالرَّجْمُ فِي كِتَابِ الله حَقٌّ عَلَى مَنْ زَنَى إِذَا أُحْصِنَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ، اِذَا قَامَتِ الْبَيِّنَةُ اَوْ كَانَ الْحَبَلُ اَوِ الْأَعْتِرَافُ .رواه الجماعة احمد (١/ ٢٣، ٢٤، ٤٠، ٤٧، ٥٥) وابوداود (٤٤١٨) والترمذى (١٤٣٢) ابن ماجة (٢٥٥٣) الا النسائى (خ/٦٨٢٩) (م/١٦٩١)].

وە هەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: عومەری کوڕی خەتاب وتویەتی: لەوانەی کەخوا ڕەوانەی کردووە ئایەتی سەنگسارکردنە، جا ئێمە خوێندمانەوەو لێی تێگەیشتینو پاراستمانوە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سەنگساری کردووەو ئێمەش پاش ئەو سەنگسارمان کردووە، جا ئەترسم کە ئەگەر زەمان زۆر درێژەی کێشا یەکێك بڵێ: بەخوا لە قورئانی خوادا ڕەجم نییە جا گومرا بن بە هۆی وازهێنان لە پێویستیەك کە خوای بالادەست دایبەزاندووە وەسەنگسارکردن لە قورئانەکەی خوادا، سابتەو ڕاستە لەسەر ئەو کەسەی کە زینا بکات هەرکاتێ نیکاحی حەڵاڵی بەخۆییەوە دیبێ لە پیاوانو لەژنان هەرکاتێ شایەت هەبوو یان بارداری - الحمل - یان دانپێدانان.

(٦٨٦/ ن /٣١٢٧)- [عَنْ عِمْرَ اِن بْنِ حُصَيْنٍ اَنَّ امْرَأَةً مِنْ جُهَيْنَةَ اَتَتْ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهِيَ حُبْلَى مِنَ الزِّنَى فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ الله اَصَبْتُ حَدّاً فَأَقِمْهُ عَلَيَّ فَدَعَا نَبِيُّ الله(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَلِيَّهَا فَقَالَ: اَحْسِنْ اِلَيْهَا فَإِذَا وَضَعَتْ فَأْتِنِى)) فَفَعَلَ ، فَامَرَ بِهَا رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَشُدَّتْ عَلَيْهَا ثِيَابُها ، ثُمَّ أَمَرَ بِهَا فَرُجِمَتْ ثُمَّ صَلَّى عَلَيْهَا . فَقَالَ عُمَرُ : تُصَلِّى عَلَيْها ، يارسُولَ الله وَقَدْ زَنَتْ؟! قَالَ : ((لَقَدْ تَابَتْ تَوْبَةً لَوْ قُسِمَتْ بَيْنَ سَبْعِينَ مِنْ اَهْلِ الْمدَينَةِ لَوَ سِعَتْهُمْ، وَهَلْ وَجَدْتَ أَفْضَلَ مِنْ أَنْ جَادَتْ بِنَفْسِهَا لله؟! رواه الجماعة احمد (٤/٤٢٩، ٤٣٠، ٤٣٥، ٤٣٦، ٤٣٧، ٤٤٠) النسائي (٤/٦٣ــ ٦٤) الاّ البخاري وابن ماجة (م/١٦٩٦) (وابوداود/٤٤٤١) والترمذى (١٤٣٥)].

لە عیمرانی كوڕی حوسەینەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە بەڕاستی ئافرەتێك لەتیرەی جوهەینیە هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باردار بوو لەزیناوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دوچاری حەد بووم جێبەجێی بكە لەسەرم، جا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بانگی سەرپەرشتەكەی كردو فەرموی: ((چاك ڕەفتاری لەگەڵدا بكە، هەركاتێ منالەكەی بوو، بۆم بهێنەوە)) ئەویش وایكرد، جا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سەبارەت بەو فرمانی داو پۆشاكەكەی چاك پێچرا پێیەوە ئەوسا فرمانی داو سەنگسار كرا لەپاشان نوێژی لەسەر كرد، عومەر پێی وت: نوێژی لەسەر ئەكەیت ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەو كە زینای كردووە؟! فەرموی بەڕاستی تەوبەیەكی وایكردووە كە ئەگەر دابەش بكرێت بەسەر حەفتا نەفەر لە خەڵكی مەدینەدا هەمویان ئەگرێتەوە، ئایا بەڕێزتر لەوكەسەت دەستكەوتوە كە گیانی خۆی بەخشیوە لەبەر خوا؟

باسی دواخستنی حەد لەوانەی كە بەهانەیەكیان هەبێ وەكو بارداری و نەخۆشی

(٦٨٧/ ن /٣١٢٨)- [عَنْ عَلِيّ ، قَالَ: اَنَّ اَمَةً لِرَسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) زَنَتْ فَأَمَرَنِى اَنْ اَجْلِدَهَا فَأَتَيْتُهَا فَاِذَا هِيَ حَدِيثَةُ عَهْدٍ بِنِفَاسٍ فَخَشِيتُ اِنْ اَنَا جَلَدْتُّهَا اَنْ اَقْتُلَهَا، فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِلنَّبِيَ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: (اَحْسَنْتَ) اتْرُكْهَا حَتَّى تَمَاثَلَ) رواه احمد (١٥٦/١) ومسلم (١٧٠٥) والترمذى (١٤٤١) وصححه].

لە عەلییەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: بەڕاستی كەنیزەكێكی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) زینای كردو فرمانی پێدام كەتازە یانەی لێبدەم منیش هاتمە لای كەچی لەوكاتەدا تازە لە عوزر پاك بوەوە منیش ترسام كە ئەگەر تازیانەی لێ بدەم - چونكە كەم خوێن بووە- بمرێت، جا ئەوەم بۆ پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باسكرد، فەرموی: ((چاكت كردووە وازی لێبێنە تا بەباشی دێتەوە سەر حاڵ)).

باسی ئەوانەی كە زینا لەگەڵ مەحرەمیان دا بكەن یان ئیش گەلی لوت ئەنجام بدەم

(٦٨٨/ ن /٣١٣١)- [عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ قَالَ: لَقِيتُ خَالِي وَمَعَهُ الرَّايَةُ فَقُلْتُ اَيْنَ تُرِيدُ؟ قَالَ: بَعَثَنِى رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اِلَى رَجُلٍ تَزَوَّجَ امْرَأَةَ أَبِيهِ مِنْ بَعْدِهِ اَنْ اَضْرِبَ عُنَقَهُ وآخُذَ مَالَهُ. رواه الخمسة ولَمْ يَذْكُرِ ابْنُ ماجَه والترمذىُّ اَخْذَ الْمَالِ احمد (٢٩٧/٤،٢٩٥،٢٩٢،٢٩٠) ابوداود (٤٤٥٧) وابن ماجة (٢٦٠٧) والترمذى (١٣٦٢)].

لەبەرائی كوڕی عازیبەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: گەیشتمە خاڵم ئاڵایەكی بەدەستەوە بوو وتم: بۆ كوێ؟
وتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) من ناردووە بۆلای پیاوێك كە ژنی باوكی لەپاش باوكی هێناوە كە بدەم لە گەردەنیو ماڵەكەی وەرگرم.

(٦٨٩/ ن /٣١٣٤ش)- [عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (مَنْ أَتَى بَهِيمَةً فَلاَ حَدَّ عَلَيهْ) رواه الترمذى (٥٧/٤) عقب الحديث (١٤٥٥) وابوداود(٤٤٦٥) والنسائى (٣٢٣/٤)]

لە عەبدوڵڵای كوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە هەركەسێ بچێتە لای بێ زمانێ حەدی لەسەر نییە.

لەمبارەوە فەرمودەی دژی ئەمە هاتوە، بەڵام ئەم فەرمودەیە دروستترە هەروەها دەربارەی ئەوانەی کە ئیشی گەلی لوت ئەکەن تاوانێکی گەورەیەو - زانایان دووبەشن بەشێکیان ئەڵێ بکوژرێنو بەشێکیان ئەڵێ وەکو زینا وایە، جا ئەوەی کە نیکاحی دروستی دیبێ بۆخۆی، سەنگسار ئەکرێت ئەگینا سەد تازیانەی لێ ئەدرێتو لەمبارەوە فەرمودە هەیە بەڵام لەبەر ئەوەی کەسەنەدەکانیان لاواز بوو نەم نووسین، بەسە کە بزانین گەلی پێغەمبەرێك لەبەرئەو ڕەوشتە پیسە لەناوبران.

٦٩٠/ن/٣١٣٨- [عَنْ ابِی هُرَیْرَةَ عَنْ النبِّـیِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ: اِذَا زَنَتْ اَمَةُ اَحدِكُمْ فَتَبَيَّـنَ زِنَاهَا فَلْيَجْلِدْهَا الْحَدَّ وَلاَيُثَـرِّبْ عَلَيْهَـا ثُـمَّ اِنْ زَنَتْ فَلْيَجْلِدْهَا الْحَدَّ وَلاَيُثَرِّبْ عَلَيْهَا ثُمَّ اِنْ زَنَتْ فَلْيَبِعْهَا وَلَوْ بِحَبْـلٍ مِـنْ شَعْرٍ) متفق علیهٔ ورواه احمد فی روایَةٍ وابوداود وذكرا فِيه فی الرَّابِعَـةِ الْحَـدَّ وَالْبَيْـعَ (خ/٢٢٣٢، ٢٢٤٣، ٦٨٣٧، ٦٨٣٩، ١١٥٣، ٢١٥٢) (م/١٧٠٣) احمد (١١٧/٤، ١١٦)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرمویەتی: هەرکاتێ کەنیزەکێکی یەکێ، لەئێوە زینای کردو ئاشکرا بوو با تازە یانەی لێ بداتو لۆمەی نەکات لەپاشان ئەگەر هەم زینای کرد باتازیانەی لێ بداتو لۆمەی نەکات لە پاشان ئەگەر بۆجاری سێهەم زینای کرد بابیفرۆشێت ئەگەر بەگوریسێکی موو بووە...وە لە ڕیوایەتی ئیمام ئەحمەدو ئەبوداودا هاتوە: لەجاری چوارەمدا (حەد لێدانو فرۆشتن) هاتوە.

دەستی دز ئەبڕێت

(٦٩١/ ن /٣١٤٢)- [عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْطَعُ يَدَ السَّارِقِ فِي رُبْعِ دِينَارٍ فَصَاعِداً) رواه الجماعة (خ/٦٧٩٨، ٦٧٩٧) (م/١٦٨٦) احمد (٣٦/٦) وابوداود (٤٣٨٣) والترمذى (١٤٤٥) النسائى (٧٨،٧٩/٨)].

لە دایکی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەستی دزی بڕیوە لەسەر روبعە دینارێك‌و زیاتر.

(٦٩٢/ ن /٣١٤٤)- [عَنْ رَافِعِ بْنَ خَدِيجٍ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: لاَ قَطْعَ فِي ثَمَرٍ وَلاَ كَثَرٍ) رواه الخمسة احمد (٤٦٣،٤٦٤/٣)، (١٤١/٥، ١٤٠) وابوداود (٤٣٨٨) والترمذى (١٤٤٩) النسائى (٨٧/٨-٨٨) وابن ماجة (م/٢٥٩٣)].

لە رافیعی کوڕی خەدیجەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: بیستم لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە ئەیفەرمو: دەست بڕین نییە لە بەروبوومداو شەکری ناو نامی خورمادا.

(٦٩٣/ ن /٣١٤٩)- [عَنْ جَابِرٍ عَنْ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (لَيْسَ خَائِنٍ وَلاَمُنْتَهِبٍ وَلاَمُخْتَلِسٍ قَطْعٌ) رواه الخمسة وصححه احمد (٣٨٠/٣) وابوداود(٤٣٩٢،٤٣٩١) والترمذى (١٤٤٨) النسائى (٨٨/٨٩/٨) وابن ماجة (٢٥٩١)].

لـه جـابیرەوە (خوا لێـی ڕازی بـێ) هـاتوە لـە پێغەمبـەرەوە (صَلیَّ اللّٰهُ عَلَیْـهِ وَسَلَّمَ)، کـە فەرمویـەتی: بـۆ خیانـەت کردنـی خائینـانو تـالآنکردنی تالآنچـیانو شـت فڕانـدنی فڕێنران دەست بڕین نییە، چونکە ئاشکرانو خاوەن ماڵ دەتوانـێ پارێزگـاری لـەخۆی بکات، یان بەناسینی ئەوانە لەپاشدا هەوڵی وەرگرتنەوەی بدات.

(٦٩٤/ ن /٣١٥٠)- [عَنِ ابْنِ عُمَـرَ قَـالَ: كَانَـتْ مَخْزُومِيَّـةٌ تَسْـتَعِيرُ الْمَتَـاعَ وَتَجحَدُهُ فَأَمَرَ النَّبِـيُّ بِقَطْعِ يَدِهَا) رواه احمـد (١٥١/٢) والنسـائى (٧٠،٧١/٨) وابوداود (٤٣٩٥)].

له عـەبدوڵلاّی کوڕی عومـەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویـەتی -ئـافرەتێکی تیرەی- مـەخزومی کەلوپەلی بە ئەمانەت دەبرد لەپاشان لەژێری دەداو نەیئەدایەوە، جا پێغەمبەر (صَلیَّ اللّٰهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فرمانیدا بەبڕینی دەستی.

(٦٩٥/ ن /٣١٥٦)- [وَعَنْهُ اَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ تَعَـافَوْا الْحُدودَ فِيمَا بَيْنَكُمْ فَمَا بَلَغَنِي مِنْ حَدٍّ فَقَدْ وَجَـبَ) رواه النسـائى (٧٠/٨) وابوداود(٤٣٧٦)].

وە هەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبـەری خـوا (صَلیَّ اللّٰهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: چاوپۆشی بکەن لە یەکتر لە سنورەکاندا (الحدود) لەنێوان خۆتانداو -نەیگەیەنن بە من، چونکە -ئەوەی کە گەیشـتە لای من ئیتر ئەوە پێویست ئـەبێ،

واتە حاکم بۆی نییە چاوپۆشی لە سنوورەکانی شەرع بکات، بەلاّم خەڵك ئەتوانن لەنێوان خۆیاندا چاوپۆشی لەیەکتر بکەن، وە ئەم فەرمودەی بەردەم باشتر شتەکە روون ئەکاتەوە.

(٦٩٦/ ن /٣١٥٩)- [عَنْ عَائِشَةَ اَنَّ قُرَيْشاً اَهَمَّتهُمْ الْمَرأَةُ الْمخْزُومِيَّةُ الَّتِى سَرَقَتْ قَالُوا مَنْ يُكَلِّمْ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَمَنْ يَجْتِرِىءْ عَلَيْهِ اِلاّ أُسَامَةُ حِبُّ رَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَكَلَّمَ رَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: اَتَشْفَعُ فِى حَدّ مِنْ حُدُودِ الله؟ثُمَّ قَامَ فَخَطَبَ ، فَقَالَ : ((يَأَيُّها النَّاسُ اِنَّمَا ضَلَّ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ ، أَنَّهُمْ كَانُوا اِذَ سَرَقَ فِيهِمُ الشَّرِيفُ تَركُوهُ، وَاِذَا سَرَقَ فِيهِمُ الضَّعيفُ أقَامُوا عَلَيْهِ الْحِدَّ. وَاَيْمُ الله! لَوْ اَنَّ فاطِمَةَ بِنْتَ مُحمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعَ مُحَمَّدٌ يَدَهَا) رواه الجماعة الاّ ابن ماجة (خ/٦٨٨٧) (م/١٦٨٨) احمد (٦٢/٦) وابوداود (٤٣٧٤) والترمذى (١٤٣٠) النسائى (٧٢،٧٣،٧٤/٨)].

لە دایکی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە بەڕاستی قورەیش زۆر بەپەرۆش بوون بۆ ئەو ئافرەتە مەخزوومیەی کە دزی کردبوو - پێیان ناخۆش بوو دەستی ببڕێت چونکە لەتیرەیەکی ناودار بوو -وتیان کێ قسە بکات لەگەڵ پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وە کێ توانایی هەیە بێجگەلە ئوسامە کە خۆشەویستی پێغەمبەرە؟ جا ئوسامە -لەوبارەوە- قسەی لەگەڵ پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرد، فەرموی: (تکا بۆ حەدێك ئەکەیت لەحەدەکانی خوا؟!) لەپاشان هەستاوەو خوتبەیەکی خوێندەوەو فەرموی ئەی خەڵکینە نەوەکو گومڕابوون ئەوانەی پێش ئێوە - تەنها بەهۆی ئەوەوە بووەکە - ئەگەر شەریفیان دزی بکردایە وازیان

لـێ ئەهێناوە ئەگەر بێ هێزیان دزی بکردایە حەدیان لێ ئەدا، بەخوا قەسـەم ئەگـەر فاتیمەی کچی موحەمەد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دزی بکات، موحەمەد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەستی ئەبڕێت.

(٦٩٧/ ن /٣١٦١) -[عَنْ عُبَادَةَ بَنْ الصَّامِتِ: اَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (جَاهِدُوا النَّاسَ فِي اللهِ الْقَرِيـبَ وَالْبَعِيـدَ وَلاَتُبَـالوُا فِـي اللهِ لَوْمَةَ لائِمٍ وَاَقِيمُوا حُدُودَ اللهِ فِي الْحَضَرِ وَالسَّفَرِ) رواه عبدالله بن احمـد فـي مُسْندِ أبيه (٣١٤،٣١٦،٣٢٦/٥)]

لە عوبادەی کوڕی سامیتەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویـەتی: غـەزای خـەڵك بكـەن لەبـەر خـوا، نزیـكو دوور گوێمەدەنە سەرزەنشتی سەرزەنشت کاران، وە حەدەکانی خوا ئەنجام بدەن لە ماڵو لە کارواندا واتە هیچ شتێك نەبێ بەهۆی تەمەڵیتانو گۆشەنشینیتانو لە هەمو کاتێکـا - کە سنووری خودا بەزێنرا - تۆڵەوەرگرتنـەوە یەکسـان بێـت لاتـان چ لـە مـاڵو چ لـەکاروانیداو ئـەو فەرمودانـەی کـە ئـەوە دەگەیـەنن لـەکاتی غـەزاو لەسـەفەردا حدودەکان جێبەجێ ناکرێن ناگەنە پلەی ئەم فەرمودەیە.

(٦٩٨/ ن /٣١٦٢)- [عَنْ اَنَسٍ اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أُتِيَ بِرَجُلٍ قَدْ شَرِبَ الْخَمْرَ فَلْيَجْلِدْ بجريدَتَيْن نَحْوَ اَرْبَعِينَ قَالَ: وَفَعَلَهُ اَبـوُ بَكْـرِ، فَلَمَّـا كَانَ عُمَرَ اسْتَشَارَ النَّاسَ، فَقَالَ: عَبْدُ الرَّحْمنِ: اَخفُّ الْحُدودِ ثَمَانِينَ فَأَمَرَ بِهِ عُمَرُ. رواه الجماعة الا البخارى والترمـذى (م/١٧٠٦/٣٥) احمـد (١١٥،١٧٦/٣) وابوداود (٤٤٧٩) والترمذى (١٤٤٣) ابن ماجه (٢٥٧٠)].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پیاوێکی هێنرایە لا کە شەرابی خواردبوەوە بەلاسکی هێشوی خورما نزیکەی چلی لێدا. وتی: ئەبو بەکریش هەروای کرد، جا لەکاتێکا عومەر بوو بە خەلیفە - پرسی بەخەڵك کرد - سەبارەت بەچەندییەتی حەدی شەراب خۆر — عەبدورەحمان وتی: سوکترین حەد هەشتا تازیانەیە - بابکرێت بەهەشتا - جا عومەر فرمانی دا بەو هەشتا تازیانا بۆ شەراب خۆر.

٦٩٩/ن/٣١٧٦- [عَنْ جَابِرٍ عَنِ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اِنْ شَرِبَ الْخَمْرَ فَاجْلِدُوه فَاِنْ عَادَ فِي الرَّابِعَةِ فَاقْتُلُوهُ) قَالَ: ثُمَّ أُوتِيَ النَّبِـيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَعَدَ ذَلِکَ بِرَجُلٍ قَدْ شَـرِبَ فِـي الرَّابِعَـةِ فَضَـرَبَهُ وَلَـمْ يَقْتُلْهُ..) رواه النسائي في الكبرى (٢٥٧/٣) برقم (٥٣٠٣،٥٣،٢) والحاكم (٣٧٣/٤)].

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرمویەتی: هەرکەسێ شەراب بخواتەوە تازیانەی لێبدەن جا ئەگەر جاری چوارەم خواردییەوە بیکوژن) ئەڵێ: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)لەپاشان پیاوێك هێنرایە خزمەتی کە جاری چوارەمی بوو شەرابی خواردبوەو لێیداو نەیکوشت، واتە فرمانی کوشتن هەڵوەشاوەتەوە[1].

(٧٠٠/ ن /٣١٨١)- [عَنْ اَبِي بُرْدَةَ بْنَ نِيَارٍ، اَنَّهُ سَمِعَ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: لاَ يُجْلَدُ فَوْقَ عَشْرَةِ اَسْوَاطٍ اِلاَّ فِي حَـدٍّ مِـنَ حُـدودِ اللهِ تَعَالَى) رواه الجماعة (خ/٦٨٥٠،٦٨٤٨) (م/١٧٠٨) والترمذي (١٤٦٣) وابـن ماجـه (٢٦٠١) واحمد (٤٦٦/٣) وابوداود (٤٤٩٢،٤٤٩١) النسائي (٣٢٠/٤) في الكبرى].

---

(١) تەماشای هەمان ژمارە بکە، لە سەرچاوەی پێشوو.

لە باوكی بوردەی كوڕی نییارەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی بیستوویەتی لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، كە ئەیفەرمو: ((زیاتر لە دەتازیانە نادرێت لە هیچ كەسێك - مەگەر لە حەدێك لەحەدەكانی خوای بالآدەست بێت -))، بونی زیندانو بەكارهێنانی تولّ بەشێوەیەكی كەمو بۆ مۆچاندن ڕەوایە، وەكو خەلیفەكان ئەنجامیان داوە.

باسی دژایەتی خواو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و ڕێگاکرتن

(٧٠١/ ن /٣١٨٣)- [عَنْ قَتَادَةَ عَنْ اَنَس، اَنَّ نَاساً مِنْ عُكل وَعُرَيْنَـةَ قَـدِمُوا عَلَى النَّبِـيِّ وَتَكَلَّمُوا بالإِسْلاَمِ فَاسْـتَوْخَمُوا الْمَدِينَـةَ فَـأَمَرَ لَهُـمْ النَّبِـيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بذَوْدٍ ورَاعٍ ، واَمَرهُمْ اَنْ يَخْرُجُوا فَلْيَشربُوا مِـنْ اَبْوالِهَا وَ اَلْبانِهَا. فانْطَلَقُوا حَتَّى اِذَا كَانُوا بناحِيَةِ الحرَّةِ كَفَرُوا بَعْدَ اِسْلامِهِمْ ، وَقَتَلُوا رَاعىَ النبَّـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) وَاسْـتَاقُوا الـذَّوْدَ. فَبَلَـغَ ذَلِکَ النَّبيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَبَعَثَ الطَّلَبَ فى آثارِهِمْ ، فَأَمَرَ بِهِـمْ فَسَمَّرُوا أَعْيُنَهُمْ وقَطَّعُوا أيْدِيَهُمْ، وَتُركُوا فِي نَاحِيَةِ الْحَرَّةِ حَتَّى ماتُوا عَلَى حَالِهِمْ. رواه الجماعة وَزَادَ الْبُخَارىّ قَالَ قَتَادَةُ: بَلَغَنَا اَنَّ النبَّـيَّ (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَعْدَ ذَلِکَ كَانَ يَحُثُّ عَلَى الصَّدَقَةِ وَيَنْهَى عَـنْ الْمُثْلَـةَ .
واحمد (١٦٣/٣، ١٧٠، ١٧٧، ٢٣٣، ٢٨٧، ٢٩٠) وابوداود (٤٣٦٧، ٤٣٦٨) والترمـذى (٧٢، ١٨٤٥، ٢٠٤٢) والنسائى (٩٧/٧) وابن ماجة (٢٥٧٨) وزيادة البخـارى (٤١٩٢) (خ/١٥٠١، ٥٦٨٦، ٥٧٢٧) (م/١٦٧١/٣)].

لە قەتادەوە لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە کـە بەڕاسـتی خـەڵکێك لـەتیرەی عوکلو عورەینە هاتنە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)وەکو مسوڵمان قسـەیان کرد، ئینجا شاری مەدینەیان پێ ناخۆش بوو لەبەر نەخۆشیەکەی کە دووچاریان بوو،

ـەبەر ئەوە پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانى دا، كە چەند وشترێكو شوانێك بـۆ خزمەتى ئەوان لەمەدینە دەربچنو لە میزو شیری ئەو حوشترانە بخۆن - تـا چـاك ببنەوە - جا ڕۆیشتن تا گەیشتنە ناوچە بەردەلانەكەى مەدینە، لەپاش ئیسلام بـوون كـافر بوونـەوەو شـوانەكەیان كوشـتو وشـترەكانیان بـرد. جـا ئـەو هەواڵـە گەیشـتە پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و خـەڵكى نـارد بەشـوێنیاندا - گرتنیـانو هێنایانـەوە خزمەتى پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) - ئینجا فـەرمانى كـرد كـە چاویان داغ كـراو دەستیان بڕاو لە گۆشەیەكى ئەو بەردەلانەداوازیان لىَ هێنرا تا بـەو شـێوەیە مـردن، چونكە ئەوانە پاشگەزبوونەوەو كەسێكیان كوشتو وشـترەكانیان دزى كـە هەریـەك لەوانە خۆى تۆڵەى تایبەتى هەیە.

... ئیمـامى بوخـارى ئەمـەى زیـاد كـردووە، كـە قـەتادە وتویـەتى: پێمـان گەیشتووە لـە پێغەمبـەرەوە (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دواى ئـەو ڕوداوە هەمیشـە خـەڵكى هەڵئەنا لەسەر چاكەو بەرگرى ئەكرد لە ناشرین كردنى كـوژراو، واتـە ئـەم چـاو داخ كردنو دانانە تا بە هێواش بمرنـەى لابـردو بـەرگرى لێكـرد پـاش ئـەو ڕووداوە، والله أعلم.

دەرچووەکان (الخوارج)

(٧٠٢/ ن /٣١٨٧)- [عَنْ أَمِيرِ المؤمنين عَلِيّ بْن اَبى طَالِب (رَّضِيَ اللَّهُ عَنْـهُ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولَ (سَيَخْرُجُ قُوْمٌ فِـى آخِرِ الزَّمَانِ حِدَاثُ الأَسْنَانِ سُفَهَاءُ الأَحْلاَمِ، يَقُولُونَ مِنْ قَوْلِ خَيْرِ الْبَرِيَّةِ لاَ يُجاوِزُ إيمَانُهمْ حَنَاجِرَهُمْ يَمْرقُونَ مِنَ الدِّينِ كَمَا يَمْـرُقُ السَّـهْمُ مِـنَ الرَّمِيَّةِ فَأَيْنَمَا لِقِتُمُوهُمْ فَاقْتُلُوهُمْ، فَأِنَّ فِي قَتْلِهِمْ اَجْـراً لِمَـنْ قَـتَلَهُمْ يَـوْمَ الْقِيَامَةِ رواه الجماعة عن احمـد (٨١/١، ١١٣، ١٣١) وابـوداود (٤٧٦٧) والنسـائي (١١٩/٧) الاّ الترمذي وابن ماجة (خ/٣٦١١، ٥٠٥٧، ٦٩٣٠) (م/١٠٦٦/١٥٤)].

لە پێشەوای باوەڕدارانـەوە عـەلی کـوڕی ئـەبو تالـب (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، کـە وتویەتی: بیستوومە لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّ اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) کـە ئەیفـەرمو: ((بـەم زووانە لە کۆتاییەکانی زەماندا گەلێك دێن کە منالّن‌و کەم عەقلّن، لەبارەی بەشێك لە قسەکانی چاکترین دروستکراوی خواوە (محمد (صَلَّ اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ)) قسـە ئەکـەن کە باوەڕەکانیان لە قورگیان نەچووەتە خوارەوە، دەرئەچن لە ئایین هەروەکو چۆن تـیر لـە نێچـیر دەرئەچێت، جـا لەهـەرکوێ پێیـان گەیشـتن بیـانکوژن بەڕاسـتی لەکوشـتنی ئەوانەدا پاداش هەیە بۆ بکوژانیان لە ڕۆژی قیامەتدا.

خۆگۆتن سەبارەت بە ستەمی فرمانڕەوایانی مسوڵمان

(٧٠٣/ ن /٣١٩٤)- [عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (مَنْ رَأَى مِنْ أَمِيرِهِ شَيْئاً يَكْرَهُهُ فَلْيَصْبِرْ فأَنَهُ مَنْ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ شِبْراً فَمَاتَ فَمِيتَتُهُ جَاهِلِيَّةٌ) متفق عليه (خ/٧١٥٤) (م/١٨٤٩/٥٥) واحمد (١/٢٧٥، ٢٩٧، ٣١٠)].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکام لە ئێوە لە ئەمیرەکەی خۆی شتێکی دی کە پێی ناخۆش بوو با خۆبگرێ -و جیا نەبێتەوە - بەڕاستی هەرکەسێ لە کۆمەڵی - مسوڵمانان – بە ئەندازەی بستێك جیا ببێتەوەو بمرێت ئەوە مردنەکەی نەزانانەیە، واتە وەکو سەردەمی نەزانیو نەفامی حیسابی بۆ ئەکرێت، والله أعلم.

(٧٠٤/ ن /٣١٩٥)- [عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (كَانَتْ بَنو إِسْرائِيل تَسُوسُهُم الأَنْبِياء كُلَّما هَلَكَ نَبِيٌّ خَلَفَهُ نَبِيٌّ وَإِنَّهُ لاَ نَبِيَّ بَعْدِي وَسَيكُونُ خُلَفَاءُ فَيَكْثُرُونَ) قَالُوا: فَمَا تَأْمُرُنَا؟ قَالَ: فُوابِبَيْعَةِ الأَوَّل فَالأَوَّلِ ثُمَّ أَعْطُوهُمْ حَقَّهُمْ، فَإِنَّ اللهَ سَائِلُهُمْ عَمَّا اسْتَرْعَاهُمْ) متفق عليه (خ/٣٤٥٥) (م/١٨٤٢) واحمد (٢/٢٩٧)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە لـە پێغەمبـەروە (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کـە فەرمویەتی: کاروباری کـوڕانی یـەعقوب (بـەنی ئیسـرائیل) پێغەمبـەران بـەڕێوەیـان ئەبرد، هەرکاتێ پێغەمبەرێك لەدنیا دەرچوایە پێغەمبـەرێکی تـر ئەهاتـە جێگـای. وەبەڕاستی لەپاش من پێغەمبەر نییـە، بـەم زوانـە جێنشـین ئـەبن، کـە زۆر ئـەبن. وتیان: چ فرمانێکت هەیە بۆمان؟ فەرموی: ئەو پەیمانـەی کـە پێیـان ئـەدەن بیدەنـە سەر یەك لەدوای یەك لەپاشان مافی خۆیانیان پێ بدەن، بەڕاستی خوا پرسیاریان لێ ئەکات سەبارەت بەوانەی کەلە ژێر دەستەیان بوون.

(٧٠٥/ ن /٣١٩٨)- [عَنْ عَرْفَجَةَ الأَشْجَعِيِّ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (مَنْ اَتَاكُمْ وَاَمْرُكُمْ جَمِيعٌ عَلَى رَجُلٍ واحِدٍ، يُرِيدُ اَنْ يَشُقَّ عَصَاكُمْ، اَوْ يُفَـرِّقَ جَمَـاعَتَكُمْ – فَـاقْتُلُوُهْ) رواه مسلم (م/١٨٥٢/٦٠، واحمد (٤/٢٦١-٣٤١) وابوداود(٤٧٦٢) والنسائی (٧/٩٣،٩٢)].

لە عەرەفجەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە کەوتویـەتی: بیسـتم لـە پێغەمبـەری خـواوە (صَلىَّ اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) کــە ئەیفــەرمو: هەرکەسـێك هاتــە لاتــانو ئێــوە یــەکبوون بەسەرپەرشتی یـەك پیاوویسـتی هێزەکـەتان بەشـکات - یـان کۆمەڵەکـەتان لەیـەك جیابکاتەوە - بیکوژن، بەڵێ بەش بەشـیو جیابوونـەوە ئەوەنـدە پـڕ مەترسـییە بـێ دوودڵی پێغەمبەری (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) داناو دڵسـۆز ئەفـەرمویت ئـەوەی کـە هـەوڵی بەش بەشیتان ئەدات بیکوژن، هەرکەسێك بێت، جـا بـا بانگەوازکـەرانی حیزبایـەتی لەناو ئیسلامدا تەماشای خۆیان بکـەنو هـەروەها تێکـدەرانی ڕیـزی مسـوڵمانانیش بەناوو ناتۆرەی جیاجیا. لە خوا بترسن, کەشو فشی دنیا ئەوەندە نابات دوایی دێت, پاشەڕۆژ سەختە.

باوەڕ کردن بە ساحیران

٧٠٦١/ ن /٣٢٠٨) -[عَنْ صَفِيَّةَ بِنْتِ أَبِي عُبَيْدٍ عَنْ بَعْضِ اَزْوَاجِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَن اَتَى عَرَّافاً فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ، لَمْ يَقْبَلِ اللهُ لَهُ صَلاَةً اَرْبَعِينَ لَيْلَةً) رواه احمد (٦٨/٤)(٣٨٠/٥) ومسلم(٢٢٣٠)]

لەسەفیەی کچی ئەبو عوبەیدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) لە هەندێ لە خێزانەکانی پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و لە پێغەمبەرەوە هاتوە کە فەرمویەتی: ((هەرکەسێك بچێتە لای فاڵچیەك‌و پرسیاری شتێکی لێ بکات خوا نوێژی چل شەوی لێوەرناگرێت، وە ئەگەر باوەڕی پێ‌بکات کافر ئەبێ وەکو لەفەرمودەی (فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا اُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ/ **رواه احمد** ومسلم) هاتوە.

ئەستێرە گێڕانیش بەشێکە لە سیحر وەکو لە فەرمودەی (**مَنِ اقْتَبَسَ عِلْماً مِنَ النُّجُومِ، اقْتَبَسَ شُعْبَةً مِنَ السِّحْرِ، زاد ما زاد) رواه احمد وابوداود وابن ماجة)**، واتە هەرکەسێك زانینێك لە ئەستێرەوە وەرگرێت بەشێك لە سیحری وەرگرتووە، زۆرتر ئەبێت هەتا زیاتر بزانێ، وەساحیر حەدەکەی کوشتنە وەکو لە هەندێ ریوایەتدا هاتوە[1]، بەڵام ریوایەتەکان زر بەهێز نەبوون لێرەدا تۆمارم نەکردن.

(١) تەماشای ژمارە (٣٢٠١-٣٢٠٣)، لە سەرچاوەی پێشوو، بکە.

(٧٠٧/ ن /٣٢٠٦)- [عَنْ اَبِى مُوسَى اَنَّ النَّبِـىَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ ثَلاَثَةٌ لاَيَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ: مُدْمِنُ خَمْرٍ وَقَاطِعُ رَحِمٍ وَمُصِدّقٌ بِالسِّـحْرِ) رواه احمد (٣٩٩/٤) وابن حبان (١٣٨١-موار) وابوبعلى(٧٢٤٨) والحاكم (١٤٦/٤)].

لەئـەبو موسـاوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە لـە پێغەمبـەرەوە (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) کـە فەرمویەتی: سیان ناچێنە بەهەشتەوە ئەوکەسەی هەمیشە شەراب بخواتەوە، وەئەوەی کە پەیوەندی خزمایەتی ئەپچڕێت وە ئـەوەی کـە بـاوەڕ بـەجادو ئـەکاتو بەڕاسـتی ئەزانێ.

کوشتنی ئەو کەسەی
کە جوێن بە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) بدات

(٧٠٨/ ن /٣٢١٣)- [عَنِ الشَّعْبِـىّ عَنْ أَمِيرِ الْمُؤْمِنِينَ عَلِىّ (رَّضِىَ اللَّهُ عَنْـهُ) اَنَّ يَهُودِيَّةً كَانَتْ تَشْتُمُ النَّبِىَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَتَقَعُ فِيهِ ، فَخَنَقَهَا رَجُلٌ حَتَّى مَاتَتْ فَأَبْطَلَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) دَمهَـا) رواه ابوداود(٤٣٦٢)].

لە شەعبیەوە لە پێشەوای باوەڕدارانەوە عەلی (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاسـتی ئافرەتێکی جوولەکە جوێنیدا بە پێغەمبەر (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ)و قسـەی ناشـرینی پـێ ئـەوت، پیاوێـك دەسـتینایە بینـی تـا خنکـانی، جـا پێغەمبـەر (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ)

خوێنەکەی بەتاڵ کردەوە، واتە خوێنی نەدا. بەڵام لەسەر تانەو تەشەری ڕووت ناکوژرێت، وەکو لەم فەرمودەدا دەرئەکەوێت:

٧٠٩١/ن/٣٢١٥)- [عَنْ أَنَس، قَالَ: مَرَّ يَهُودِيٌّ بِرَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: السَّامُ عَلَيْكَ. فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : ((وَعَلَيْكَ)) فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : ((اَتَدْرُونَ مَايَقُولُ؟ قَالَ : السَّامُ عَلَيْكَ!)) قَالُوا يَارسُولُ اللهِ، اَلاَ نَقْتُلُهُ؟ قَالَ: لاَ، اِذَا سَلَّمَ عَلَيْكُمْ اَهْلُ الْكِتَابِ فَقُولُوا وَعَلَيْكُمْ) رواه احمد (٢١٨/٣،٢١٠) والبخاري (٦٩٢٦)] .

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: جوولەکەیەك دای بەلای پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و وتی - سامٌوعەلەیکم -واتە: بمریت.

جا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی -وەتۆیش -.

ئینجا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ئایا ئەزانن چی ئەڵێ؟

فەرموی: ئەڵێ مردن لەسەر تۆ))، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەیکوژین؟

فەرموی: ((نەخێر، هەرکاتێ خاوەن پەراوەکان سەلامیان لێکردن، ئێوە بڵێن (وە عەلەیکوم/ وە لەسەر ئێوەش بێت) جا ئەگەر چاکیان ووتبو بۆخۆیشیان چاکە وەئەگەر خراپیان ووت بەم شێوە وەڵامتان داوونەتەوە.

پاشگەز بوونەوە لە ئایین

(٧١٠/ ن /٣٢١٦)- [(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : (مَنْ بَدَّلَ دِينَهُ فَاقْتُلُوهُ) رواه الجماعة الاّ مسلماً (خ/٣٠١٧) احمد (١/،٢٨٢،٢٢٠،٢١٩،٢١٧، ٢٨٣) وابوداود (٤٣٥١) والنسائي (١٠٤/٧) والترمذي (١٤٥٨) وابن ماجة (٢٥٣٥)].

لە عەبدوڵڵای كوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((هەركەسێ ئاینی خۆی گۆڕی بیكوژن،واتە پاش گۆڕاندن تەنها ئاینی ئیسلام وەرئەگیرێت جا هەركەسێ لەئیسلام پاشگەزبێتەوە یان لەئایینەكەی خۆیو نەیەتە سەر ئیسلام جیاوازی نیەو ئەكوژرێت ئەگەر چی لەبارەی دووهەمەوە قسە هەیە كەئەگەر بگەڕێتەوە سەر ئایینەكەی خۆیوازی لێ ئەهێنرێت.

باسی جیهادو ڕەوشتی پێغەمبەرمان

(٧١١/ ن /٣٢٣٥)- [عَن اَبِى عَبْسٍ الْحارِثىٍّ قَالَ سَمِعْتُ رَسولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ (مَنِ اْغبَرَّتْ قَدَمَاهُ فِى سَبِيلِ الله حَرَّمَهُ اللهُ عَلَى النَّارِ) رواه احمد (٤٧٩/٣) والبخارى (٩٠٧، ٢٨١١) والنسائى والترمذى (١٦٣٢)].

له باوکی عەبسی حاریسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه، کە وتویەتی: بیستم لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە ئەیفەرمو: هەرکەسێك هەر دوو قاچی تۆزاوی بێ لەرێگای خوادا، خوا ئەو کەسە قەدەغە دەکات لە ئاگر)) وە لـەمبارەوە دەیان فەرمودەی تر هەیەو هەندێکی- لـەگوڵزاری چاکانداو هەندێکیش لەپەراوی (چل فەرمودە قودسیەکاندا نوسراوە)و لێرەدا دوبارەیان ناکەینەوە جا بۆسودی زیاتر بچن لەوێدا تەماشایان بکەن.

پێویستە لە غەزا نیەت، پاك بێت

(٧١٢/ ن /٣٢٥١)- [عَنْ أَبِي مُوسَى قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) عَنِ الرَّجُلِ يُقَاتِلُ شَجَاعَةً، وَيُقَاتِلُ حَمِيَّةً، وَيُقَاتِلُ رِيَاءً فَأَيّ ذَلِكَ فِي سَبِيلِ اللهِ؟ فَقَالَ: (مَنْ قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللهِ هِيَ الْعُلْيَا، فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللهِ) رواه الجماعة وابوداود (٢٥١٧) والترمذي (١٦٤٦) والنسائي (٢٣/٦) وابن ماجة (٢٧٨٥) (خ/١٢٣، ٢٨١٠، ٣١٢٦، ٧٤٥٨) (م/١٩٠٤) احمـــد (٣٩٢/٤، ٣٩٧، ٤٠٢، ٤٠٥، ١٧)].

لە باوکی موساوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: لە پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پرسیار کرا کە ئەگەر پیاوێك شەڕ بکات لەبەر زرینگایەتی،وە کەسێك شەڕ بکات لەبەر دەمارگیریو کەسێك شەڕ بکات لەبەر خۆپیشان دان کامیان لەڕێگای خوادان؟ فەمووی: ((هەرکەسێك شەڕ بکات بۆ ئەوەی ئاینی خوا سەرکەوێت ئەوە لەڕێگای خوادایە)) جا ئەوانەی لەو ژیانەدا شەڕو ناکۆکی ئەکەن باتەماشای خۆیان بکەن بزانن کامیان بەندەی ڕاستەقینەی خوданو بۆ ئەو شەڕ ئەکەن.

دەسكەوت (غنيمة)
پاداشی موجاهید كەم ئەكاتەوە

(٧١٣/ ن /٣٢٥٢)- [عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ عَمْرِو قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (مَا مِنْ غَازِيَةٍ تَغْزُو فِي سَبِيلِ اللهِ فَيُصِيبُونَ غَنِيمَةً اِلاّ تَعَجَّلُوا ثُلُثَيْ اَجْرِهِمْ فِي الآخِرَةِ وَيَبْقَى لَهُمْ الثُلُثُ وَاِنْ لَمْ يُصِيبُوا غَنِيمَةً تَمَّ لَهُمْ اَجْرُهُمْ) رواه الجماعة وابوداود (٢٤٩٧) والنسائی (١٧/٦) وابن ماجة (٢٧٨٥) الا البخاری والترمذی (م/١٩٠٦) احمد (١٦٩/٢)].

لە عەبدوڵڵای كوڕی عەمرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: بیستم لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە ئەیفەرمو: ((هیچ غەزاكەرێك نیە غەزا بكات لە ڕێگای خواداو دەستكەوتیان دەستكەوێت مەگەر ئەوەی كە پەلەكراوە بۆیان دووبەش لە سێ بەشی پاداشەكەی دواڕۆژییەوەیەك بەش لەسێ بەشی بۆ ئەمێنێتەوە، وە ئەگەر هیچ دەستكەوتێكیان دەست نەكەوت پاداشتەكەیان تەواو ئەبێ - لەڕۆژی قیامەتاواتە چەند سودی دنیایی دەست كەوێت لە جیهاددا ئەوەندە سودی قیامەتی كەم ئەبێتەوە.

پرس كردن بەباوك و دايك بۆ غەزا

(٧١٤/ ن /٣٢٥٩)- [وَعَنْهُ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ اِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَاسْتَأْذَنَهُ فِي الْجِهَادِ فَقَالَ: اَحَيٌّ وَالِدَاكَ؟) قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: (فَفِيهِمَا فَجَاهِدْ) رواه الجماعة الا ابـاداود (وابن ماجـة /خ/٣٠٠٤، ٥٩٧٢، والترمذى (١٦٧١) والنسائى (١٠/٦) (م/٢٥٤٩/٥) (احمد ١٦٥/٢، ١٨٨، ١٩٣، ١٩٧، ٢٢١)].

وە هەرلەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتويەتى: پياوێك هاتە خزمەتى پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) داواى لێكرد كە بچێ بۆ غەزا، فەرموى (باوكت يا دايكت ماوە)، وتى: بەڵێ. فەرموى: تۆ بچۆ بۆ خزمەتكردنيان-بەوشێوەيە- غەزا بكە)) بەڵێ لەوكاتانەى كە غەزا فەرزى كيفايە بێت وايەو پێويستە باوكو دايكو خاوەن قەرز ماوەى بدەن ئەگينا نابێ غەزا بكات، بەڵام غەزا بوبە فەرزى عەين ئەوە پێويست بەئيزنيان ناكاتو دژايەتى فرمانى خوا ناكرێت لەبەر خاترى كەس.

(٧١٥/ ن /٣٢٦٤)- [(وَعَنْهُ اَنَّ رَسُـولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: يَغْفِرُ اللهُ لِلشَّهِيدِ كُلَّ ذَنْبٍ اِلاّ الدَّيْنَ فَأِنَّ جِبْرِيلْ - عَلَيْهِ السَّـلامُ- قَـالَ لِـي ذَلِكَ) رواه احمد (٢/٢٢٠) ومسلم (١١٩/١٨٨٦)].

وه هەرلەوەوه کە بەراستی پێغەمبەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویـەتی:خوا چاو پۆشی ئەکات لەهەمو تاوانێکی شەهید بێجگە لەقـەرز- بەراسـتی جبرەئیـل ئـەوەی پێ وتم ، واتە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دان بەمو ڵکی تاکی دا ئەنێت ومافی هـەمو کـە سێك ئەپارێزێت و نایە لێت ماڵی کەس لەناو بچێت .

(٧١٦/ ن /٣٢٦٧)- [عن خُبَيبْ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمنِ (بْنِ خُبَيْب) عَنْ اَبِيـهِ عَـنْ جَدِّهِ قَالَ: اَتَيْتُ النَّبِـيّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) وَهُـوَ يُريـد غَـزواً، اَنَـا وَرَجُلٌ مِنْ قَوْمِيَ وَلَمْ نُسْلِمْ فَقُلْنَا: اِنّا نَسْتَحِى اَنْ يَشْهَدَ قُوْمُنَا مَشْـهَداً لاَ نَشْهَدُهُ مَعَهُمْ فَقَالَ: (اَسْلَمْتُمَا) فَقُلْنَا: لاَ. فقالَ: (اِنّا لاَ نَسْتَعِينُ بِالْمُشْـرِكِينَ عَلَى اْلمُشْـرِكِينَ) فَاَسْـلَمْنَا وَشَـهِدَنا مَعَـهُ.. رواه احمـد (٣/٤٥٤) والبخـارى (٢/١/٢٠٩) فى التاريخ.

لە خوبەیبی کوڕی عەبدورەحمانی کوڕی خوبەیب لە باوکیەوە لە باوەیـەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: هاتـمە خزمەتی پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وە ئـەو مەبەستی غەزایەك بوو، منو پیاوێکی تیرەکەم کە مسوڵمان نەبوین.

وتـمان: بەڕاستی شەرم ئەکەین کە تیرەکەمان ئامادەی ڕووداوێك ببێت، وە ئێمـە لەگەڵ ئەواندا ئامادە نەبین.

جا فەرموی: (مسوڵمان بوون؟).

وتمان: نەخێر.

فـەرمووی: (بەڕاسـتی ئێمـە داوای یارمـەتی لـەبت پەرسـتان ناکـەین دژی بـت پەرستان)) جا مسولّمان بوینو ئامادە بوین لەگەڵیا، بەڵێ بەڕاسـتی ئەمـە یەکێک لەژیریو داناییەکـەی پێغەمبـەرمانو (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بـەم شـێوەیە توانیویـەتی کاریان تێ بکاتو مسولّمان بن وە ئەو کاتەیش بـت پەرسـتی بـردوە لەگـەڵ خۆیـ دیسان هەمان مەبەست بووە ئەوەبوو سەفوانی بـرد بـۆ حونـەین کـە هێشـتا بـاوەڕی نەهێنا بوو، بەڵام هەر لەو سەفەرەدا باوەڕی هێناو مسولّمان بوو، ئەمـە لەلایـەکەوە لەلایەکی ترەوە مانای نیە کەسێ کە دوژمنی بیروباوەڕت بـێ لەگـەڵ خۆتـا بیبەیتـە سەر دوژمن بەچی دەزانی خیانەتت لەگەڵدا ناکات؟

دەی سەلامو ڕەحمەتی خوات لێبێ ئەی ڕەهبەری دڵسـوزو لێزانو دانـا خـودا لـە پەیڕەوانی ڕاستەقینەی تۆ حیسابمان بکاتو شـەرمەندەی دیداری تۆمان نـەکات - **آمین** -.

دەربارەی ڕاگۆڕینەوەی پێشــەوا لەگەڵ ژێردەستانیدا

(٧١٧/ ن /٣٢٧١)- [عَنْ اَنَس اَنَّ النبَّــيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شَاوَرَ حِينَ بَلَغَهُ اِقْبَالُ اَبِى سُفْيَانَ، فَتَكَلَّم اَبو بَكْــرٍ فَــأَعْرَضَ عَنْــهُ ثُــمَّ تكَلَّــمَ عُمَــرُ فَاعْرَضَ عَنْهُ فَقَامَ سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ فَقَالَ اِيَّانَا تُرِيدُ يَارَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْــهِ وَسَــلَّمَ)؟! والَّــذِى نَفْسِــى بيَــدِهِ ! لَــوْ اَمَرْتَنَــا اَنْ نُخِيضَــهَا الْبَحْــرَ لأَخَضْنَاهَا، ولَوْ اَمَرْتَنَا اَنْ نَضْرِبَ أَكْبَادَهَا اِلَى بَرْكِ الْغِمَــادِ لَفَعَلْنَــا. قَــالَ فَنَدَبَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) النَّاسَ فَانْطَلَقُوا حَتَّى نَزَلُوا بَدْراً وَوَرَدَتْ عَلَيْهِمْ رَوَايَا قُرَيْش، وَفِيهِمْ غُلاَمٌ اَسْوَدُ لِبَنى الحَجَّاجِ، فَأَخَذوُهُ، فَكَانَ أَصْحَابُ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَــلَّمَ) يَسْــأَلُونَهُ عَــنْ أَبــى سُفْيَانَ وَاَصْحَابهِ فيقولُ لَهُمْ: مَالِى عِلْمٌ بأَبى سُفْيَانَ وَلَكنْ هَذَا أُبو جَهْــل وَعُتْبَةُ وَشَيْبَةُ وَأُمَيَّةُ بْنُ خلَفٍ فى النّاس. فَإذَا قَالَ ذَلِكَ ضَــرَبُوهُ فقَــالَ : نَعَمْ..اَنَا أُخْبِرُكُمْ، هّذَا أُبو سُفيان. فَإذَا تَركُوهُ فَسَأَلُوهُ فَقَــالَ : مَــالَى بــأَبى سُفْيانَ عِلْمٌ وَلَكنْ هَذَا أُبو جَهْلٍ وَعُتْبَةُ وَشَــيْبَةُ وَأُمَيَّــةُ بْــنُ خَلَــفٍ فــى النّاسِ. فَإذَا قَالَ هَذا ضَرَبُوهُ وَرَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْــهِ وَسَــلَّمَ) قَــائمٌ

يُصَلِّي، فَلَمَّا رَأى ذَلِكَ انْصَرَفَ فَقَالَ: ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ! إِنَّكُمْ لَتَضْرِبُونَهُ إِذَا صَدَقَكُمْ وَتَتْرُكُونَه إِذَا كَذَبَكُمْ)) ثُمَّ قَالَ: ((هَذا مَصْرَعُ فُلاَنٍ. وَيَضَعُ يَدَهُ عَلَى الأَرْضِ هَهُنَا وَهَهُنَا . قَالَ: فَوَاللهِ مَا مَاطَ أَحَدٌ مِنْهُمْ عَنْ مَوْضِعِهِ. رواه احمد (٣/٢٢٠، ٢٥٧) ومسلم (١٧٧٩)].

له ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕاگوێزینەوەی كرد كاتێ كە هەواڵی هاتنەوەی ئەبو سوفیانی پێگەیشت، جا ئەبوبەكر قسەی كرد گوێی پێ نەدا لەپاشان عومەر قسەی كرد گوێی پێنەدا جا سەعدی كوڕی عوبادە هەستایەوە ووتی: مەبەستت ئێمەیە ئەی پێغەمبەری خوا؟! سوێند بەو كەسەی كە گیانی منی بەدەستە ئەگەر فرمان بكەیت كە بچینە ئەو بەحرەوە ئەچین وە ئەگەر فەرمانمان بەسەردا بكەیت كە بخورین لە وشترەكانمان بۆ بەركولغومار - شوێنێك بوو كە دەمیل لەجیدەوە دوور بوو لەكەناری دەریادا - وائەكەین، وتی: جا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خەڵكی هەڵناو چوون هەتا گەیشتنە بەدرو ئاوهێنەرانی قورەیش هاتەلایانوەلەناو ئەواندا بەندەیەكی ڕەشی تێدا بوو كەهی كوڕانی حەجاج بوو گرتیان. جا یارەكانی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەستیان كرد بە لێپرسینی دەربارەی ئەبو سوفیانو ڕەفیقەكانی، پێیووتن من هیچ نازانم سەبارەت بە ئەبو سوفیانو ڕەفیقەكانی، بەڵام ئەمە ئەبو جەهلو عوتبەو شەیبەو ئومەییەی كوڕی خەلەفە، ئینجا هەركاتێوای ئەوت لێیان ئەدا (جا وتی: بەڵێ: من هەواڵتان ئەدەمێ ئەوە ئەبو سوفیانە. جا كە هەر وازیان لێ ئەهێناو پرسیاریان لێ ئەكرد ئەیووت: من دەربارەی ئەبو سوفیان هیچ نازانم بەڵام ئەمە ئەبو جەهلو عوتبەو شەیبەو ئومەیەی كوڕی خەلەفە، جا هەروای ئەوت لێیان ئەداوەلەوكاتەدا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەستا بوو نوێژی ئەكرد، جا كاتێ ئەوەی دیو لای كردەوەو فەرموی: سوێند بەو كەسەی كە گیانی منی بەدەستە ئێوە لێتان ئەدا كە

ڕاستی لەگەڵدا ئەكردنوازتان لیٚ ئەهێنا كاتیٚ كەدرۆی لەگەڵدا ئەكردن) لەپاشان فەرموی: (ئەمە جێگای كەوتنی فلاٚنەو)وە دەستی ئەخستە سەر زەوییەكە لێرەو ئەویٚ - چەند كەسێكی ناو برد لەوانە ئەبو جەهل -وتی: بەخوا هیچ كام لەوانە لەوجێگادا بەم لاو لادا نەچوونو كەوتنو كوژران.

(٧١٨/ ن /٣٢٧٣)- [(عَنْ مَعْقِلِ بْنِ يَسَارٍ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: مَا مِنْ عَبْدٍ يَسْتَرْعِيهِ اللهُ رَعِيَّةً يَمُوتُ يَوْمَ يَمُوتُ وَهُوَ غَاشٌ لِرَعِيَّتِهِ إِلاَّ حَرَّمَ اللهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ) متفق عليه. (خ/٧١٥٠، ٧١٥١) (م/١٤٢/٢٢٧) واحمد (٢٥/٥، ٢٧)].

لە مەعقیلی كوڕی یەسارەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: بیستم لەپێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەیفەرمو هیچ بەندەیەك نیە كەخوا بیكات بەسەرپەرشتی بۆ خەڵكێك، بمرێت ئەو ڕۆژەی كە ئەمرێت ئەو خیانەتكاربیٚ لەگەڵ ژێر دەستەكانیدا مەگەر خوا بەهەشتی لیٚ قەدەغە بكات،وە دوعای كردوە لەو كەسەی كەسەختگیری ئەكات لەگەڵ ژێر دەستەكانیدا[1].

(١) تەماشای فەرمودەی (٣٢٧٤-٧٢٧٦) لە سەرچاوەی پێشوو، بكە.

گوێرایەڵی ئەمیر پێویستە

(٧١٩/ ن /٣٢٧٨)- [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ اَنَّ النبَّـيَّ قَالَ: (مَنْ أَطَاعَنِى فَقَـدْ اَطَـاعَ اللهَ وَمَنْ عَصَانِى فَقَدْ عَصَا اللهَ وَمَنْ يُطِعِ الأَمِيرَ فَقَدْ أَطَاعَنِى، وَمَنْ يَعْصى الأَمِيرَ فَقَدْ عَصانى) رواه الجماعة احمـد (٢٤٤/٢، ٢٥٢، ٢٧٠، ٣١٣، ٣٤٢، ٥١١)، (١٧١/٤، ٤١٦/٦، ٤٦٧) والنسائى (١٥٤/٧) وابن ماجة (٣، ٢٨٥٩) الا الترمذى وابـا داود (خ/٢٩٥٧). (م/١٨٣٥، ٣٢، ٣٣)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکەسێك بەگوێی من بکات بەگوێی خوای کردوە، وە هەرکەسێك سەرپێچی لە فەرمانی من بکات سەرپێچی لە فەرمانی خوای کردوە، وە هەرکەسێك بەگوێی ئەمیری خۆی بکات بەگوێی منی کردوە، وە هەرکەسێك نافەرمانی ئەمیری خۆی بکات نا فرمانی منی کردوە، بەڵێ پێویستە فرمانی ئەمیری مسوڵمانان جێبەجێ بکرێت مادام دژی فرمانی خواو پێغەمبەر (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەبێ، بەڵام ئەگەر دژی فرمانی خواو پێغەمبەر (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بوو نابێ بەگوێی بکرێت لەو مەسئەلەدا لەبەر فەرمودەی (**لاَ طَاعَةَ لِمَعْصِيَةَ اللهِ إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ**/ پەیڕەوی کردن نیە لەگوناهی خوادا پەیڕەو لەشتی چاکدایە) رواه الجماعة الا الترمذي وأبن ماجة، ژمارە (٣٢٨٠) لە (**نيل الاوطار**) دا.

بانگ کردن بۆ سەر ئایین پێش شەڕکردن پێویستە ئەگەر ئایینیان پێ نەگەیشتبێ ئەگینا سوننەتە

(٧٢٠/ ن /٣٢٨١)- [(عَن ابْنَ عَبَّاسٍ قَالَ: مَا قَاتَلَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَوْمَاً قَطُّ اِلاَّ دَعَاهُم) رواه احمد (١/٢٣١، ٢٣٦)].

له عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شەڕی لەگەڵ هیچ گەلێکدا نەکردووە مەگەر بانگی کردبن بۆسەر ئایینی خواپەرستی. واتە ئەگەر مسوڵمان نەبون ئینجا شەڕی لەگەڵ کردن.

(٧٢١/ ن /٣٢٨٢)- [عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ بَرَيْدَةَ عَنْ اَبِيهِ قَالَ: كَانَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اِذَا اَمَّر اَمِيراً عَلَى جَيْشٍ اَوْ سَرِيَّةٍ اَوْصَاهُ فِي خَاصَّتِهِ بِتَقْوَ الله، وَمَنْ مَعْهُ مِنَ الْمُسْلِمِينَ خَيْراً ثُمَّ قَالَ: اغْزُوا بِاسْمِ الله فِي سَبْيِلِ الله قَاتِلُوا مَنْ كَفَرَ بِالله اغْزُوا وَلاَ تَغُلُّوا وَلاَ تَغْدِرُوا وَلاَ تُمَثِّلُوا وَلاَ تَقْتُلُوا وَلِيدَةً، وَاِذَا لَقِيتَ عَدُوَّكَ من الْمُشْرِكِينَ فَادْعُهُمْ اِلَى ثَلاَثِ خِصَال، (أوْخِلاَل) فَأَيَّتُهُنَّ مَاأجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ وكُفَّ عَنْهُمْ: ادْعُهُمْ اِلَى الإسْلامِ ، فَإِنْ أَجَابُوكَ فَاقبَلْ مِنْهُمْ. وكُفَّ عَنْهُمْ. ثُمَّ ادْعُهُمْ اِلَى التَّحَوُّل مِنْ دَارِهِمْ اِلَى دَارِ الْمُهاجرِينَ ، وَاَخْبِرْهُمْ اَنَّهُمْ اِنْ فَعَلُوا ذَلِكَ فَلَهُمْ مَالِلْمُهاجِرِينَ ، وَعَلَيْهِمْ مَا عَلَى المُهاجِرِينَ، فَإِنْ اَبَوْا اَنْ يَتحَوَّلُوا عَنْهَا،

فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّهُمْ يَكُونُونَ كَأَعْرَابِ الْمُسْلِمينَ يَجْرِى عَلَيْهِمْ حُكْمُ اللهِ الَّذِى يَجْرِى عَلَى الْمُسْلِمِينَ ، وَلا يَكُونُ لَهُمْ فِى الْفَىْءِ وَالْغَنِيمَةِ شَىْءٌ إِلاَّ أَنْ يُجاهِدُوا مَعَ الْمُسلِمينَ فَإِنْ هُمْ أَبَوْا فَسَلْهُمُ الْجِزْيَةَ ، فَأِنْ أَجابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ وَكُفَّ عَنْهُمْ، وَإِنْ هُمْ أَبَوْا فَاسْتَعِنْ بِاللهِ عَلَيهِمْ وَقَاتِلْهُمْ ، وَإِذَ حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ فَأَرادُكَ أَنْ تَجْعَلَ لَهُمْ ذِمَّةَ اللهِ وَذِمَّةَ نَبِيِّهِ، فَلا تَجْعَلْ لَهُمْ ذِمَّةَ اللهِ وَلا ذِمَّةَ نَبِيِّهِ، وَلَكِنْ اجْعَلْ لَهُمْ ذِمَّتَكَ وَذِمَّةَ أَصْحابِكَ، فَأَنَّكُمْ أَنْ تُخْفِرُوا ذِمَّتَكُمْ وَذِمَّةَ أَصْحابِكُمْ، أَهْوَنُ مِنْ أَنْ تُخْفِرُوا ذِمَّةَ اللهِ وَذِمَّةَ رَسُولِهِ. وَإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ وَأَرَادُوكَ أَنْ تُنْزِلَهُمْ عَلَى حُكْمِ اللهِ فَلاَ تُنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِ اللهِ، وَلَكِنْ أَنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِكَ فَأِنَّكَ لاَ تَدْرِى أَتُصِيبُ فِيهِمْ حُكْمَ اللهِ أَمْ لاَ) رواه الجماعة الاّ البخارى احمد (٣٥٢/٥، ٣٥٨) وابن ماجة (٢٨٥٨) والنسائى (م/١٧٣١، ٢/ ٣). والترمذى (١٤٠٨، ١٦١٧) وابوداود (٢٦١٢، ٢٦١٣)].

لە سولەیمانی کوڕی بورەیدەوە لە باوکیەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەرکاتێ ئەمیرێکی دانایە بەسەر سوپایەکەوەیان بەسەر گرۆهێکەوە ئامۆژگاری ئەکرد پێشەکی لەبارەی خۆیەوە کە لەخوا بترسێ‌وە بەچاکی لەگەڵ ڕەفیقەکانی دا ڕەفتار بکات لەپاشان ئەیفەرمو: بەناوی خواوە غەزا بکەن، لەڕێگای خوادا، شەڕ بکەن لەگەڵ بێ باوەڕان بەخوا، غەزا بکەن دزی لە غەنیمەت نەکەن، خیانەت نەکەن، کوژراو ناشرین نەکەن منداڵ نەکوژن‌وەهەرکاتێ گەیشتنە دوژمن بانگیان بکەن بۆ سێ شت کامیان‌وەڵامدانەوە لێیان‌وەرگرن‌و خۆتان بپارێزن لەدژایەتیان: بانگیان بکەن بۆ ئیسلام، جا ئەگەروەڵامیان دانەوە

ئێیانوەرگرنو خۆتان دوور بخەنەوە لەوەی کەشەڕیان لەگەڵدا بکەن، لەپاشان بانگیان بکەن کەلە جێگاو ماڵی خۆیان کۆچبکەنو بێن بۆلای ماڵی کۆچکەرانو پێیان بڵێن ئەگەر ئەوەتان کرد ئیتر بۆ ئێوە هەیە ئەوەی کە بۆ کۆچکەران هەیەوەپێویستە لەسەرتان ئەوەی کەلەسەر کۆچکەران پێویستەوەئەگەر دەرنەچوون لەو جێگایەی کە تێیدا بوون، پێیان بڵێن کە ئەوانوەکو عەرەبە دەشتەکیە مسوڵمانەکانن، فرمانی خوا بەسەر ئەواندا جێبەجێ ئەکرێت بەو شێوەی کە لەسەر مسوڵمانەکان ئەنجام ئەدرێت،وە لەدەستکەوتەکاندا - فەیئو غەنیمەتدا - هیچیان پێ نادرێت مەگەر ئەوانیش لەگەڵ مسوڵمانەکانی تردا ئامادەی غەزابن، جا ئەگەر ئەمەشیانوەرنەگرت داوای سەرانەیان لێ بکەن - بۆ خزمەتی سوپای ئیسلامو پارێزگاری لەوانیش - جا ئەگەر ئەمەیانوەڵامدایتەوە لێیانوەرگرەو خۆت دوور بگرە لەئازاردانیان،وە ئەگەر ئەمەیشیانوەرنەگرت، جا داوای یارمەتی لەخوا بکە دژی ئەوانو شەڕیان لەگەڵدا بکە،وە ئەگەر خەڵکی قەڵایەکت گەمارۆ داوو ئەوانویستیان لەسەر بەڵێندان بەوەی کە خواو پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیەوێ خۆیان بدەن بەدەستەوە، تۆ خواو پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەکەی بەشایەت بۆیان بەڵام تۆ بڵێ لەسەر ملی خۆتو یارەکانت خۆیان بەدەستەوە بدەن چونکە ئەگەر ئەو عەهدو پەیمانە لەسەر ملی خۆتو یارەکانت بەوانی ئەدەیت بیشکێنی ئاسانترە لەوەی کەتۆ عەهدو پەیمان بەناوی خواو پێغەمبەرەوە بشکێنی.وە ئەگەر گەمارۆی قەڵایەکتان داوویستیان خۆیان بەدەستەوە بدەن بەومەرجەی بەوشێوەیەی خوا دەیەوێ ئاوا ڕەفتاریان لەگەڵ بکەن، تۆ دایان نەبەزێنی لەسەر بڕیارو حوکمی خوا بەڵکو دایان بەزێنە لەسەر بڕیاری خۆت چونکە تۆ نازانی ئەو بڕیارەی کە تۆدەیدەیت ڕێکە لەگەڵ حوکمی خوادا، یان نا. بەڕاستی ئەم فەرمودەیە، کۆگایەکی گەورەی زانیاری تێدایەو پێویستە بەووردی سەرنجی بدرێت.

(٧٢٢/ ن /٣٢٨٧)- [(عَنْ كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ عَنْ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنَّهُ كَانَ إِذَا اَرَادَ غَزْوَةً وَرَّى بِغَيْرِها) متفق علية (خ/٢٩٤٨) (م/٢٧٦٩ احمد (٦/٣٩٠) وهو لابى داود (٢٦٣٧): والحرب خُدعةٌ].

له کەعبی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە بەڕاستی ئەو هەرکاتێ مەبەستی غەزای ناوچەیەك بووایە شوێنێکی تری بێجگە لەوەی باس ئەکرد...وە ئەمە لای ئەبو داودیش هاتوەو ئەمەی لێ زیاد کردوە کە (شەڕ فێڵە)، واتە دروستە لەکاتی شەڕدا فرماندە ڕاستی بەسوپاکەی نەڵێ نەوەك بکەوێتە گوێی دوژمنو خۆی ئامادە بکاتو مسوڵمانان توشی زیان بێن.

(٧٢٣/ ن /٣٢٩٢)- [عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): خَيْرُ الصَّحَابَةِ اَرْبَعَةٌ وَخَيْرُ السَّرَايَا اَرْبَعُمِائَةٍ وَخَيْرُ الْجُيُوشِ اَرْبَعَةُ اَلآفٍ وَلاَيُغْلَبُ اثْنَا عَشَرَ اَلْفاً مِنْ قِلَّةٍ) احمد (١/٢٩٩،٢٩٤) وابوداود (٢٦١١) والترمذى (١٥٥٥) وقال حديث حسن].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کەوتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: باشترین ڕەفیقی - کاروانی - چوار کەسەو باشترین گرۆهی - جیهادی - چوارسەد کەسەو باشترین سوپا چوار هەزار کەسە،وە دوانزە هەزار کەس شکست ناخوات لەبەر کەمی، واتە مەگەر هۆیەکی تریوەکو لاوازی لەبارەی بیروباوەڕەوە یان چەك چۆڵەوە ببێ بەهۆی شکانی دوانزە هەزار ئەگینا لەبەرکەمی ناشکێنو دوانزە هەزار بەسە.

هاوکاری ئافـرەت لە غـەزادا بۆ بەرژەوەندی نەخـۆش و بریـندارو خزمــەت کردن

(٧٢٤/ ن /٣٣٠٢)- [عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ الأنصارِيَّةَ قَالَتْ: غَـزَوْتُ مَـعَ رَسُـولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سَبْعَ غَزَوَاتٍ اَخْلُفُهُمْ فِي رِحَـالِهِمْ وَاَصْـنَعُ لَهُـمْ الطَّعَامِ وَأُدَاوِى الْجَرْحَـى وَأَقُومُ عَلَى الزَّمْنَـى) رواه احمـد (٨٤/٥)(٤٠٧/٦) ومسلم (١٨١٢) وابن ماجة (٢٨٥٦)].

لە دایـکی عـەتیـەی ئـەنسـارییەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوه، کـە وتویـەتی: حـەوت غـەزام لە غزمەتی پێغەمبەری خوادا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کـردووە، دائـەنیشـتم لـەناو کەلوپەلو بنەو بارەگاکانیانداو خواردنم بـۆ دروسـت ئـەکردنو تیمـاری بریـندارەکانم ئەکردو سەرپەرشتی پەك کەوتووەکانم ئەکرد.

(٧٢٥/ ن /٣٣٠٤)- [عَنْ عَائِشَةَ أَنَّهَا قَالَتْ: يَا رَسُـولَ الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) نَرَى الْجِهَادَ اَفْضَلُ الأَعْمَالِ اَفَلاَ نُجَاهِدُ؟ قَالَ: (لَكِنْ اَفْضَلُ الْجِهَادِ حَجٌّ مَبْرُوُرٌ) رواه احمد والبخاری (١٥٢٠،١٨٦١،٢٧٨٤،٢٨٧٦)].

لە دایکی باوەڕدارانەوە خاتون عـائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کـە وتویـەتی: ئـەی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئێمـە جیهـاد بەگـەورەترین کـردەوە ئـەزانین ئایـا جیهاد نەکەین؟ فەرموی: (بەڵام گـەورەترین شـت حـەجی چـاك ئـەنجام دراوە)، واتـە

جیهاد تا نەبێ بەفەرزی عەین لەسەر ئافرەتان پێویست نیە بەڵکو سوننەتە، وەکو لە فەرمودەی دایکی عەتیەوە دەرکەوت هەروەها لە خەنجەرەکەی ئوموسولەیم لە رۆژی حونەین دا کەوتی: هیناومە تا ئەگەر کافرێکم لێ نزیك کەوتەوە بیکەم بەسکیاو سکی بدڕێنم، ریوایەتی ئیمام موسلیم لە ئەنەسەوە (١٨٠٩- ١٣٤). بەڵام ئەگەر جیهاد بوو بەفەرزی عەین پێویستە لەسەر هەمو کەس بەبێ جیاوازی هەرکەس بەگوێرەی توانای، ژنو پیاو گەنجو پیر, ناودارو بێ ناو.

(٧٢٦/ ن /٣٣٠٥)- [عَنْ كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ: اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خَرَجَ يَوْمَ الْخَمِيسِ فِـي غَـزْوَةِ تَبُـوكَ وَكَـانَ يُحِـبُّ اَنْ يَخْـرُجَ يَـوْمَ الْخَمِيسِ)، متفق عليهٔ خ (٩٢٤٨) م (٢٧٦٩)].

لە کەعبی کوڕی مالیکەوە (خوا لیی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رۆژی پێنج شەممە دەرچوو بۆ غەزای تەبوك وەپێی خۆشبوو لە رۆژی پێنج شەمەدا دەرچێ بۆ سەفەر.

(٧٢٧/ ن /٣٣١١)- [عَنْ الْمُهَلَّبِ بْنِ اَبِي صُفْرَةَ عَمَّنْ سَمِعَ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولَ: اِنْ بَيَّتَكُمُ الْعَدُوُّ فَقُولُوا (حم. لاَيُنْصَرُونَ) رواه الخمسة الاّ ابن ماجهٔ. احمد (٦٥/٤) (٣٧٧/٥) وابوداود (٢٥٩٧) والترمذی (١٦٨٢) والنسائی (٢٧٠/٥) برقم (٨٨٦) فی الكبری].

لە موهەللەبی کوڕی سوفرەوە لەو کەسەی، کە لە پێغەمبەریوە (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بیستبوو هاتوە کە ئەیفەرمو: ئەگەر شەو دوژمن دای بەسەرتاندا بڵێن (حا، میم، سەرناکەون)، واتە ئەوە نهێنی شەوتان بێ, لەوانەیشە دوعای شەڕ بێت لەو کافرانە.

٧٢٨/ ن /٣٣١٣)- [عَنِ الْحَسنِ عَنْ قَيسِ بْنِ عَبَّادَةَ قَالَ: كَانَ اَصْحَابُ رَسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَكْرَهُونَ الصَّوْتَ عِنْدَ القِتَالِ) رواه ابوداود(٢٦٥٦)].

لە حەسەنەوە، لە قەیسی کوڕی عەبادەوە هاتوە کەوتویەتی: یارەکانی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەنگە دەنگیان پێ خۆشنەبووە لە غەزادا، بێجگە لەو شیعارە کە لەفەرمودەی پێشەوە باسکرا،وەکو (**حم، لاتنصرون، اَمِتْ اَمِتْ** - لە فەرمودەی (**غَزَوْنَا مَعَ اَبِي بَكْرٍ زَمَنَ رَسُولِ اللهِ** (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **فَكَانَ شِعَارُنَا: اَمِتْ اَمِتْ**[1]. رواه احمد وابو داود/ غەزامان کرد لەگەڵ ئەبوبەکردا لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڵگەی دیاریمان، بمرێنە بمرێنە بوو).

(٧٢٩/ ن /٣٣١٧)- [عَنْ أَنسٍ قَالَ: كَانَ اَصْحَابُ رَسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اِذَا غزَا قَوْماً لَمْ يَغْزُو حَتَّى يُصْبِحَ فَأِذَا سَمِعَ اَذَاناً أَمْسَكَ وَاِذَا لَمْ يَسْمَعْ اَذَناً أَغَارَ بَعْدَمَا يُصْبِحُ) رواه احمد (٢٦٣/٣، ٢٣٧، ٢٣٦، ٢٠٦، ١٥٩)]

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەرکاتێ غەزای گەلێکی بکردایە شەڕی نەدەکرد هەتا بانگی بەیانی جا ئەگەر گوێی لەبانگ بوایە خۆی دەگرتەوە، وە ئەگەر گوێی لەبانگ نەبووایە هێرشی ئەکردە سەریان، ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەڵێن مادام دەنگو باسی ئاین گەیشت بەگەلێك ئیتر پێویست ناکات دوبارە تەبلیغ بکرێن ئەگەر وەڵامیان بەچاکی نەدایەوە شەڕیان لەگەڵدا ئەکرێو ئاگادار ناکرێنەوە، هەروەها بانگ هێمایەکی

(١) تەماشای شەرحی ئەو دوو فەرمودەیە بکە، لە سەرچاوەی پێشوو.

گرنگی ئیسلامەتیەو هەرگەڵو گوندو شارێكوازیان لیٚ هێنا بۆ فەرمانی مسوڵمانان هەیە سزایان بدات.

(٧٣٠/ ن /٣٣١٩)- [عَنِ الصَّعْبِ بْنِ جَثَّامَةَ، اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سُئِلَ عَنْ اَهْلِ الدَّارِ مِنَ الْمُشْرِكِينَ يُبَيَّتُونَ، فَيُصَابُ مِنْ نِسَائِهِمْ وَذَرَارِيهِمْ؟ فَقَالَ: (هُمْ مِنْهُمْ) رواه الجماعة الاالنسائي خ(٣٠١٢) م(١٧٤٥/٢٦ احمد (٣٧،٣٨/٤) وابوداود (٢٦٧٢) والترمذی (١٥٧٠) وابن ماجة (٢٨٣٩)].

لە سەعبی كوڕی جەسامەوە (خوا لێی ڕازی بێ) كە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پرسیاری لێكرا لەوڵاتی موشریكانێك كەشەو بدرێت بەسەریاندا، ئافرەتو منالّ بەرئەكەون - ئەوە چۆنە؟ - فەرموی (ئەوانیش - ژنو منالّەكان - لەوانن - لەكافرەكانن-) ئەبو داود لەپاش ئەم فەرمودەیە ئەوەی زیاد كردووە كە: زوهریوتویەتی: لەپاشدا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری كرد لەكوشتنی ئافرەتو منالاّن واتە فرمانی پێشووی هەڵوەشاندوەتەوە بەڵام ئەم دوو فەرمودەیە تێك ناگیرێن، چونكە ئەوەڵ بۆ ئەو كاتەیە كەشەو ئەدرێ بەسەركافراندا و مەبەست كوشتنی ئافرەتو منالّ نییە بەڵام شەڕەو بەرئەكەونو مسوڵمان لەوبارەوە تاوانی ناگات، دووهەمیان نابێ بەدەستیانقەس ئافرەتو منالّ بكوژرێت، كەواتە دووروی جیاوازیان هەیەو لەیەك ناگیرێن[1]، والله أعلم.

(٧٣١/ ن /٣٣٢٩)- [عَنْ اَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: بَعَثَنَا رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي بَعْثٍ فَقَالَ: اِنْ وَجَدْتُمْ فُلاَنَاً وَفُلاَنَاً (الرَّجُلَينِ) فَأَحْرِقُوهُمَا

(١) تەماشای فەرمودەی (اَوَلَيْسَ خيارُكُمْ اَوْلاَدَ الْمُشْرِكِينَ؟) ژمارە (٣٣٢٧) لە سەرچاوەی پێشو، بكە.

بالنَّار) ثُمَّ قَالَ: حِينَ اَرَدْنَـا الْخُـرُوجَ: (اِنِـيّ كُنْـتُ أَمَـرتُكُمْ اَنْ تُحْرِقـوا فُــلاَنَاً وَفُلاَناً وَاِنَ النَّارَ لاَيُعذِّبُ بِهَا اِلاَّ اللهُ فَإِنْ وَجَدْتُمُوهُمَا فَاقْتُلُوهُمَا)، رواه الجماعة الا مسلماً وابن ماجة خ(٣٠١٦) وابـوداود (٢٦٧٤) والترمـذی (١٥٧١) احمد (٣٠٧/٢) النسائی فی الكبری (١٨٣/٥) برقم (٨٦١٣)].

له ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبــەری خـوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ناردینی لەناو چەند كەسێكدا فـەرموی: ئەگـەر فـلاّنو فلاّنتـان دی -دوو پیاو بوون- بیانسوتێنن بەئاگر. لەپاشان كاتێ ویستمان دەرچین فـەرموی: بەڕاسـتی من لەپێشەوە بەئێوەم وت فلاّنو فلاّن بسوتێنن, بەڕاستی بە ئاگری نابێ سـزا بـدات بێجگە لەخوا ئەگەر بەردەستتان كەوتن بیانكوژن، واتـە: مەیانسـوتێنن. بـەڵێ ئـەم زاتە پاش قسەكەی بۆی ڕوون بوویەوە كە سوتاندن چاك نیە بەو شـێوەیە فرمانەكـەی گۆڕی، بەلاّم ئیمڕۆ كابرا فتوای دا هەرچەن بزانـێ وایـش نیـە هـەر داكـۆكی لەسـەر ئەكات؟!

(٧٣٢/ ن /٣٣٣١)- [عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِاللهِ قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): اَلاَ تُرِيحُنِي مِنْ ذِي الْخَلَصَةِ؟ قَالَ: فَانْطَلَقْتُ فِـي خَمْسِـينَ وَمائَةً فَارِس مِنْ اَحْمَسَ وَكَانُوا أَصْحَاب خَيْلٍ وَكَانَ ذُو الْخَلَصَةَ بَيْتاً فِي اْليَمَنِ لِخَثْعَمَ وَبَجِيلَةَ فِيهِ نَصَبٌ يُعبَدُ يُقَالُ لَهُ: كَعْبَةَ الْيَمَانِيَّةَ قَالَ: فَأَتَاهَـا فَحرَقَهَا بالنَّارِ وكَسَرَهَا ثُمَّ بَعثَ رَجُلاً مِنْ اَحْمَسَ، يُكَنى اَبَا اَرْطَاة، اِلَـى النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُبَشِّرُهُ بذَلِكَ فَلَمَّا اَتَاهُ قَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ، مَا جِئْتُ حَتَّى تَرَكْتُهَا كَأَنَّهَـا جَمَـلٌ اَجْـرَبْ، قَـالَ

فَبَرَّكَ النَّبِـيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى خَيْلِ اَحْمَسَ وَرِجَالِهَا خَمْسَ مَرَّاتٍ) متفق علية (خ/٣٠٢٠) (م/٢٤٧٦-١٣٧) احمد (٤/٣٦٠)].

له جەریری کوڕی عەبدوڵڵاوه (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه، که وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی وتم: ((ئایا ناتوانی ئاسوودەمان بکەیت لە زولخەلسە؟)) جا منیش لەگەڵ (١٥٠) سواری ئەحمەسدا کە خاوەنی چارەوێ بوون ڕۆیشتین و، زوللخەلسەیش ماڵێك بوو لە یەمەندا هی هۆزی خەسعەم و بەجیلە بوو کە لەناویدا بت هەبوو ئەیان پەرست و پێ ئەوترا کەعبەی یەمانی، وتی: جا هاتە لای و بەئاگر سوتانی و شکاندی لەپاشدا پیاوێکی ئەحمەسی کە بەناوی باوکی ئەرتا -دەناسرا- ناردی بۆ خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە ئەو مژدەیەی پێبدات، جا کاتێ هاتە لای وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سوێند بەو کەسەی کە تۆی بەڕاستی ڕەوانە کردووە. بەجێم نەهێشتووە تاوەکو وشتری کە ڕۆڵی لێ هات -واتە سوتاو پلە پلە بوو -وتی: جا پێغەمبەر (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دوعای پیرۆزی و بەرەکەتی کرد بۆ چارەوێکانی ئەحمەس و پیاوەکانی پێنج جار، واتە شکاندنی بتەکان ئەرکێکی ئاینی و پێویستە مادام دەسەڵاتی ئاینی هەبێ.

(٧٣٣/ ن /٣٣٣٢)- [عَنِ ابْنِ عُمَرَ اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) قَطَعَ نَخْلَ بَنِي النَّضِير وَحَـرَقَ) رواه الخمسة الا النسـائى خ (٢٣٢٦) م (١٧٤٦/٣٠، وابوداود (٢٦١٥) والترمذى (١٥٥٢،٣٣٠٢) ابن ماجة (٢٨٤٤)]

له عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوه (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه کە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (هەندێ) لە خورمای بەنی نەزیری بڕیو سووتاندی، وە هەر لەمبارەوە ئەم ئایەتەی (٥) سورەتی حەشر دابەزی کە ئەفەرموێت: ﴿مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ

تَرَكۡتُمُوهَا قَآئِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذۡنِ ٱللَّهِ وَلِيُخۡزِيَ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾ واتە: هیچ خورمایەکت نەبڕیوەو وازتان لەهیچ نەهێناوە هەموی بە فەرمانی خوا بووە تا فاسقان سەرشۆر بکات)، واتە ئەگەر پێویست بوو درەخت ئەبڕێت وە ئەمە ئەبێ بەتایبەتکەری ئەو فەرمودانەی کە بەرگری ئەکەن لە بڕینی درەختی میوەدار.

قەدەغەیە پشت تێ کردن لەکاتی هێرشی دوژمندا ئەگەر دوژمن لەدوو بەرامبەر زیاتر نەبوو

(٧٣٤/ ن /٣٣٣٤)- [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتَ) قَالُوا وَمَا هُنَّ يَا رَسُولَ الله؟ قَالَ: (الشِّرْكُ بِالله، وَالسِّحْرُ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِى حَرَّمَ اللهُ اِلاَّ بِالْحَقِّ وَاَكْلُ الرِّبَا، وَاَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ، وَالتَّوَلِّى يَوْمَ الزَّحْفِ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الغَافِلاتِ الْمُؤْمِنَاتِ)

رواه البخارى (٢٧٦٦) مسلم (٨٩-١٤٥) وابوداود (٢٨٧٤) والنسائى (٦/٢٥)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلَّ اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) کە فەرمویەتی: (خۆتان بپارێزن لە حەوت فەوتێنەرەکان) وتیان: کامانەن ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: (هاوەڵ دانان بۆ خوا، جادوو کردن، وە کوشتنی ئەو کەسەی کە خوا قەدەغەی کردووە مەگەر لەسەر شتی ڕەواو ڕاست، وە خواردنی سوو، وە خواردنی ماڵی هەتیو،و پشتکردنە شەڕلەکاتی هێرشی دوژمندا، وە نیسبەت دانی ئافرەتی پاك داوێنی بێ ئاگای باوەڕدار لەزینا، واتە بۆمان

ڕوونبویەوە کە پشت تێکردنی کافران لەکاتی هێرشدا مادام لە دوو بەرامبەر زیاتر نەبن یەکێکە لە تاوانە گەورەکان کە مرۆڤ لەناو دەبات، خوا بمان پارێزێ لە هەردوتیان، آمین.

(٧٣٥/ ن /٣٣٣٥)- [عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ لَمَّا نَزَلَتْ (إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ..) فَكَتَبَ عَلَيهِمْ الاّ يَفِرَّ عِشْرُونَ مِنْ مِائَتين، ثُمَّ نَزَلَتْ (آلْئَنَ خَفَّفَ آللهُ عَنكُمْ...)الآيةَ: فَكَتَبَ الاَّ يَفِرَّ مِأَةٌ مِن مِأَتَيْن. رواه البخاري (٤٦٥٢) وابوداود (٢٦٤٦)].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە لەکاتێکا کە ئایەتی (ئەگەر

لەناو ئێوەدا بیست کەسی خۆگر ببێ سەرئەکەوێ بەسەر دووسەد کەسدا) فەرزی کرد لەسەریان کە (٢٠)کەس لە بەرامبەر (٢٠٠) کەسەوە هەڵنەیەت. لەپاشدا کە دابەزی (ئێستا خوا سوکی کرد بۆتان...) تا کۆتایی ئایەتەکە کە فەرزی کرد لەسەریان کە سەد کەس لە بەرانبەری دووسەد کەسەوە هەڵنەیەتو پشت نەکاتە کافران، دیارە لەوە زیاتر بوو ئەگەر مسوڵمان هەڵهات ئەوە ئەو تاوانە گەورەیە لەسەر نانوسرێت،وە ئەگەر شەڕیشی کرد هەتا شەهید بوو زۆر چاکە، والله أعلم.

(٧٣٦/ ن /٣٣٣٧)- [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ: بَعَثَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَشَرَةُ رَهْطٍ (سَرِيَّةً) عَيْناً وَاَمَّرَ عَلَيْهُمْ عَاصِمُ بْنُ ثابت الأَنْصَارِيَّ فَأنْطَلَقُوا حَتَّى اِذَا كَانُوا بالْهَدأَةِ ـ وَهُوَ بَيْنَ عُسْفَانَ وَمَكَّةَ ـ ذُكِرُو لِبَنِى لِحْيَانَ فَنَفَرُوا لَهُمْ قَرِيباً مِنْ مِأَتَىْ رَجُلٍ كُلُّهُمْ رَامٍ فَاقْتَصُّوا آثَارَهمْ حَتَّى وَجَدوا مَأْكَلَهُمْ تَمْراً تَزَوَّدُوهُ مِنَ الْمَدِينَةِ، فَقَالُوا :هَذَا تَمْرُ يَثْرِبَ، فَاقْتَصُّوا

آثارهُمْ) فَلَمَّا رَآهُمْ عاصِمُ وَاَصْحابُهُ لَجئُوا اِلَى فَدْفَدٍ وَأَحاطَ بهِمُ الْقَوْمُ ، فَقَالُوا لَهُمْ: انْزِلُوا وَأَعْطُونا بِأَيْديكُمْ، وَلَكُمْ الْعَهْدُ وَالْمِيثاقُ اَلاَّ نَقْتُلَ مِـنْكُمْ أَحَداً، قَالَ عاصِمُ بْنُ ثَابتٍ أَمِيرُ السَّرِيَّةِ: اَمَّا اَنا فَوالله، لا أَنْزِلُ الْيَوْمَ فـى ذِمَّة كَافِرٍ، اَللهُمَّ خَبِّرْعَنَّا نَبِيَّكَ. فَرَمَوْهُمْ بِالنَّبْلِ فَقَتَلُوا عَاصِماً فِى سَـبْعَةٍ، فَنَزَلَ اِلَيْهِمْ ثَلاثَةُ رَهْطٍ بِالْعَهدِ وَالْمِيثَاقِ، مِنْهُمْ: خُبَيْـبُ الأنصـارىُّ وَابْـنُ دَثِنَّةَ، وَرَجَلٌ آخَرُ، فَلَمَّا اسْتَمْكَنُوا مِنْهُمْ اَطْلَقُوا أَوْتَارَ قِسِيِّهِمْ فَأَوْثَقُوهُمْ ، فَقَالَ الرَّجُلُ الثَّالِثُ: هَذا أَوَّل الْغَدْرِ وَالله لا أَصْحَبُكُمْ، اِنَّ لِى فِى هَـؤُلاءِ لأُسْوَةً- يُرِيدُ القَتْلَى- فَجرَّرُوهُ وَعَالَجُوهُ عَلَى اَنْ يَصْحَبَهُمْ فَأَبى فَقَتَلُوهُ ، وانْطَلَقُوا بِخُبَيْبٍ وَابْنِ عَامِرِ بْنِ نَوْفَلٍ (بْنِ عَبْدِ مَنَافٍ) ، وَكَانَ خُبَيْبٌ هُوَ قَتَلَ يَوْمَ بَدْرٍ الْحَارِثَ. فَمَكَثَ عِنْدَهُمْ أَسِيراً، حَتَّى أَجْمَعُـوا عَلَـى قَتْلِـهِ، فاسْتَعَارَ مُوسَى مِنْ بَعْضِ بَنَاتِ الْحَارِثِ لِيَسْتَحِدَّ بِهَا فَأَعَارَتْـهُ ، قَالَـتْ: فَغَفَلْتُ عَنْ صَبِىّ لِى ، فَدَرَجَ اِلَيْهِ، حَتَّى أَتَاهُ فَوَضَعَهُ عَلَى فَخِـذِهِ، فَلَمَّـا رَأَيْتُهُ فَزِعْتُ فَزْعَةً، حَتَّى عَرَفَ ذَلِكَ مِنِىّ، وَفِى يَـدِهِ الْمُوسـى ، فَقَـالَ: أَتَخْشَيْنِ أَنْ أَقْتُلَهُ؟ مَا كُنْتُ لأَفعَلَ ذَلِكَ اِنْ شاءَ اللهُ تَعالَى. وَكَانَتْ تَقُولُ : مَارَأَيْتُ أَسِيراً قَطُّ خَيْراً مِنْ خُبَيْبٍ، لَقَدْ رَأَيْتُهُ مِنْ قِطْفِ عِنَبٍ، وَما بِمَكَّةَ يَوْمَئِذٍ ثَمَرَةٌ! وَرانَّهُ لَمُوثَقٌ بِالحَدِيدِ، وَمَا كَانَ اِلاَّ رِزْقـاً رَزَقَـهُ الله خُبَيْبـاً. فَخَرَجُوا بِهِ مِنَ الْحَرَمِ لِقَتْلُوهُ فَقَالَ: دَعُونى أُصَلِّى رَكْعَتَـيْنِ. ثُـمَّ انْصَـرَفَ اِلَيْهِمْ فَقَالَ: لَوْلا اَنْ تَرَوا اَنّ مابِى جَزَعٌ مِنَ الْمَوْتِ لَزِدْتُ. فَكَانَ اَوَّلُ مَنْ

سَنَّ الرَّكْعَتَيْنِ عِنْدَ الْقَتْلِ (هُوَ) . ثُمَّ قَالَ: اَللهُمَّ أَحْصِهِمْ عَدَداً وَقَالَ:
وَلَسْتُ أُبالِي حينَ أُقْتَلُ مُسْلِماً– عَلَى اَيِّ شِقٍّ كَانَ لله مَصْرَعِي. وَذَلِكَ
في ذَات الإلهِ وَإِنْ يَشَأْ– يُبارِكْ عَلَى أَوْصَال شِلْوٍ مُمَزَّعِ . ثُمَّ قَامَ إِلَيْهِ
عُقْبَةُ بْنُ الْحَارِثِ فَقَتَلَهُ. وَبَعَثَ قُرَيْشٌ إِلَى عَاصِمٍ، لِيَأْتُوا بِشَيْءٍ مِنْ
جَسَدِهِ بَعْدَ مَوْتِهِ وَكَانَ قَتَلَ عَظِيماً مِنْ عُظَمَائِهِمْ يَوْمَ بَدْرٍ– فَبَعَثَ اللهُ
عَلَيْهِ مِثْلُ الظُّلَّةِ مِنَ الدَّابِرِ فَحَمَتْهُ مِنْ رُسُلِهِمْ فَلَمْ يَقْدِرُوا مِنْهُ عَلَى
شَيْءٍ)) رواه احمد (٢٩٤/٢ـ ٢٩٥) والبخاري (٣٩٨٩، ٣/٤٥) وابوداود (٢٦٦٠ـ
٢٦٦١)].

له ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گروهێکی دە نەفەری نارد بۆ زانینی باس، عاصمی کوڕی سابتی ئەنساری کرد بەئەمیریان جا ڕۆیشتنو هەتا گەیشتنە هەدئە - کە ئەو ئەکەوێتە نێوان عوسفانو مەکەوە - باسکران بۆ هۆزی لیحیان جا ئەوانیش نزیکەی دوو سەد کەسیان دەرچوون بۆیان کە هەمویان تیرەندازو نیشانە شکێن بوون جا بە شوێنیاندا هاتن تا دییان خواردنیان خورمایەو لەمەدینەوە بەتێشوو هاوردویانە، وتیان ئەمە خورمای مەدینەییە جا بەشوێنیاندا هاتن جا کاتێ عاسمو یارەکانیان چاویان کەوت پێیان پەنایان برد بۆ چیایەکی نزیکیانو ئەو گەلەیش چواردەوریان دان، وتیان بێنە خوارەوەو ئەوەی پێتانە بماندەنێ بەڵێنتان پێ ئەدەینو سوێنتان بۆ ئەخۆین کەهیچ کەستان ناکوژین، عاسمی کوڕی سابت ئەمیری گرۆهەکە وتی: بەخوا من ئەمڕۆ دانابەزم لەسەر وەعدو سوێنی کافر، ئەی خوایە ئەم هەواڵەم بدە بە پێغەمبەرەکەت (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، جا تیر بارانیان کردنو حەوتیان شەهید بوون کە عاسمیش یەکێك لەو حەوتانە بوو، سێ نەفەریان لەسەر بەڵێنو سوێندەکانی کافرەکان خۆیان

دابەستەوە لەوانە ((خوبەیبی یاریدەدەرو كوڕی دەسنەو پیاوێكی تر، جاوەختێ زاڵ بوون بەسەریاندا بەنی تیرو كەوانەكانیان كردەوەو دەستیان پێ بەستن، جا پیاوی سێهەم وتی: ئەمە یەكەم خیانەتیانە، بەخوا نایەم لەگەڵتاندا - بەڕاستی ئەوانە - واتە شەهیدەكان - بۆمن پێشەوان و چاویان لێ بكەم تا شەهادەت جا زۆریان كێشاو پاڵیان نا زۆر چاوەڕوانیان لێ كرد نەچوو - شەهیدیان كرد، ئینجا خوبەیبو كوڕی دەسنەیان برد هەتا فرۆشتیان بەمەكە لەپاش غەزای بەدر، جا كوڕانی حاریسی كوڕی عامیری كوڕی نەوفەلی كوڕی عەبدی مەناف كە كاتی خۆی لەبەدردا خوبەیب حارسی كوشتبوو كڕییان. جا لای ئەوان بەدیلی مایەوە، هەتا هەمویان هاتنە سەر ئەوەی كە بیكوژن، جا ئەویش - كەزانی كاتی كوشتنی نزیك بووەتەوە - لەهەندێ لەكچەكانی حاریسی تیغێكی بەئەمانەتوەرگرت تا موی شەرمگەی پێ لابات ئەویش پێیداو ئەڵێ: لەوكاتەدا بێ ئاگابووم لەمناڵێكم سەركەوتبو بۆلای تا گەیشتبووە لایو ئەویش خستبوویە سەرڕانی خۆیو كاتێ دیم زۆر ترسام بە شێوەیەكیوا كە ئەویش پێی زانیم وەبەدەستیەوە تیغەكە هەبوووتی ئەترسی بیكوژم؟ شتی واناكەم ئینشائەڵلاهو تەعالا. وە ئەو - ئافرەتە - ئەیویت هەرگیز دیلێكی چاكتر لە خوبەیبم نەدیوە، بەڕاستی دیم لە میوەیەكی وای ئەخوارد كە لەو ڕۆژەدا لەمەكە دەست نەدەكەوت وە ئەو بەزرێی بەسترابوو، وە ئەو بێجگە لە ڕۆزییەكی خوایی كەدایبوو بەخوبەیب شتێكی تر نەبوو، جا لە حەرەمی مەكە دەریان كرد تا بیكوژن، وتی: وازم لێ بهێنن بادوو ركایەت نوێژ بكەم لەپاش - نوێژەكە - ڕووی كردەوە لایان، وتی: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە كە بڵێن لە مردن ئەترسێ زیاترم ئەكرد،وە ئەو یەكەم كەسبوو كە دوو ركایەت نوێژی سوونەتی پێش شەهادەتی دانا لەپاشان فەرموی: خوایە هەمویان لەناو ببەیتو چەند هۆنراوەیەكی وت لەوانە (ولست ابالی...واتە: من بەلامەوە گرنگ نییە مادام بە مسوڵمانی ئەكوژرێم بەكام لامدا بكەوم بۆخوا، وە ئەوە لەبەر خاتری ڕەزای خوایە وە ئەگەر

ئارەزۆی لێبێ ئەو پارچە ئەندامە بەشبەشانەی لەشم بەفڕو پیرۆز ئەکات. لەپاش عوقبەی کوڕی حاریس هەستاو شەهیدی کرد،وە قورەیش ناردیان بەدوای لاشەی عاسمدا تا هیچ نەبێ بەشێ لە لەشی ئەویان دەستکەوێت پاش شەهیدبوونی چونکە گەورەیەك لە گەورەکانی ئەوانی لەبەدرا کوشتبوو - جا خوا کۆمەڵێك زەردەواڵەی ناردە سەر لاشەکەو نەیان توانی لێی نزیك ببنەوەو پاراستی لەدەستی ڕەوانە کراوەکانیانو نەیانتوانی هیچی لێ ببەنەوە - ئەڵێن کاتی خۆی عاسم دوعای کردبوو کە - ئەیخوایە نەبەزیندوی نەبەمردوی لەشم لەلەشی کافر نەکەوێت، جا ئەوە بوو خوا تکاکەی لێوەرگرتو پاش مەرگیش نەیهێشت لەشی لە لەشیان بکەوێت. یا رب لك الحمد كما ينبغي لجلال وجهك وعظيم سلطانك، چۆن هەرکەسێکت ویست بە کەیفی خۆی دەیپارێزیت. نِعْيم المولى و نِعْمَ النصير.

لەناكاو كوشتنی دوژمنانی خواو پێغەمبەرو درۆكردن بۆ ئەم مەبەستە

(٧٣٧/ ن /٣٣٣٨)- [عَنْ جَابِرٍ اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (مَنْ لِكَعَبِ بْنِ الأَشْرَفِ فَإِنَّهُ قَدْ آذَى اللهَ وَرَسُولَهُ؟ قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ مُسْلَمَةَ، اَتُحِبّ اَنْ اَقْتُلَهُ يَارَسُولَ الله؟ قَالَ: (نَعَمْ) قَالَ: فَائْذَنْ لِي فَأَقُولُ. قَالَ: (قَدْ فَعَلْتُ) قَالَ: فَأَتَاهُ فَقَالَ: انَّ هَذَا ـ يَعْنِي النَّبِيَّ ـ قَدْ عَنَّانَا وَسَأَلَنَا الصَّدَقَةَ، قَالَ: وَاَيْضاً وَالله (لَتَمَلُّنَّهُ) قَالَ: فَإِنَّا قَدْ اتَّبَعْنَاهُ فَنَكَرَهُ اَنْ نَدَعَهُ حَتَّى نَنْظُرَ اِلَى مَا يَصِيرُ اَمْرَهُ، قَالَ: فَلَمْ يَزَلْ يُكَلِّمُهُ حَتَّى اِسْتَمْكَنَ مِنْهُ فَقَتَلَهُ) رواه البخاري (٢٥١٠، ٣٠٣١، ٣٠٣٢، ٤٠٣٧) ومسلم (١١٩/١٨٠) وابوداود (٢٧٦٨)].

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە بە ڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: كێ كەعبی كوڕی ئەشرەفم بۆ لەناو ئەبات بە ڕاستی خواو پێغەمبەری ئازارداوە.

موحەممەدی كوڕی مەسلەمە وتی: پێت خۆشە بیكوژم ئەی پێغەمبەری خوا؟

فەرموی: (بەڵێ).

وتی: ماوەم پێ بدە كە هەندێ قسە – لە روڵەتا چاك نین – بیكەم، فەرموی (بە ڕاستی ئەوەم كرد)، واتە ماوەم پێدایت بەو قسەی كە خۆت پەسەندی ئەكەیت ئەڵێ جا – موحەممەد – هاتە لای، وتی: بە ڕاستی ئەمە – مەبەستی پێغەمبەر بوو – زۆر ئێمەی ئازارداوەو داوای چاكەو زەكاتمان لێ ئەكات، وتی بە خو. هەروەها منیش نارەحەتم لەو ماوە درێژەی ئێوە لەگەڵ ئەودا.

وتی: چار چیە – ئێمە دوای كەوتوینو پێمان ناخۆشە كەوازی لێ بهێنین هەتا نەیبینین بزانین كە ئیشی بە كوێ ئەگات

وتی: هەر ئاوەها درێژەیدا بە قسەكردن لەگەڵیا هەتا فرسەتی لێ هێناو كوشتی.

ئازیزانم ئەم فەرمودەیە بە شێوەی درێژتر هاتوە، بەڵام من لەبەر كورتكردنەوەی نووسینەكەم ئەم ریوایەتە كورتەم هێنا كە مەبەستەكەی تێدایە بۆ زیاتر شت زانین تەماشای ڕاڤەی هەمان فەرمود بكەن لە (نیل الاوطار)دا،وە لە ژیانی پێغەمبەردا بە درێژی باسمان كردووە.

کەسێ بیەوێ
لە جێگای سەرکەوتندا سێ ڕۆژ بمێنێتەوە

(٧٣٨/ ن /٣٣٤٣)- [عَنْ أَنَس، عَنْ أَبِي طَلْحَةَ، عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنَّهُ كَانَ اِذَا ظَهَرَ عَلَى قَوْمٍ، أَقَامَ بِالْعَرْصَةِ ثَلاَثَ لَيَالٍ. متفق عليه.

(خ/٣٠٦٥، ٣٩٧٦) (م/٢٨٧٥/٧٨) احمد (٢٩/٤) وابوداود ايضاً (٢٦٩٥)].

لە ئەنەسەوە لە باوکی تەلحەوە (خوا لێی ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتوە، کە بە ڕاستی ئەو هەرکاتێ بەسەر گەلێکدا سەربکەوتایە سێ شەو لەو شوێنەدا ئەمایەوە، ئاشکرایە ئەمە شتێکی پێویستە بۆ هەر فەرماندەیەکی لێزانو دڵسۆز هەم بۆ هێورکردنەوەی ناوچەکەو هەم بۆ ناسینی خەڵکەکەو چۆنیەتی ئیش لەگەڵ کردنیاندا.

چوار بەش لە پێنج بەشی دەستکەوت هی سوپایەکەیە و بۆ پێغەمبەری خوا نەبووە

(٧٣٩/ ن /٣٤٤٥)- [عَنْ عُبَادَةَ بْنَ الصَّامِتِ، اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـه وَسَلَّمَ) صَلَّى بِهِمْ فِى غَزْوَتِهِمْ اِلَى بَعِيرٍ مِنَ المَقْسِمِ، فَلَمَّا سَلَّم قَامَ فَتَنَاوَلَ وَبْرَةً بَيْنَ أُنْـمُلَتَيهِ فَقَالَ: (اِنَّ هَذَا مِنْ غَنَائِمِكُمْ وَاِنَّـهُ لَـيْسَ لِـى فِيْهَـا اِلاَّ نَصِبِى مَعَكُمْ اِلاَّ الْخُمْسَ، وَالْخُمْسَ مَرْدُودٌ عَلَيْكُمْ فَأَدوُّا الْخَيْطَ وَالْمِخْيَطَ وَاَكْبَرَ مِنَ ذَلِكَ وَاَصْغَرَ) رواه احمد (٣١٩/٥) والنسائى (١٣١/٧) وابن ماجة (٢٨٥٠)].

لە عوبادەی کوڕی سامیتەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە بە ڕاستی پێغەمبەری خوا لە غەزاکەیاندا ڕوو بەوشترێکی دەستکەوت نوێژی بۆ کردن‌و کاتێ سەلامی دایەوە هەستاو کورکێکی لە نێوان دوو پەنجەیدا گرت‌و فەرموی: بەڕاستی ئەمە بەشێکە لە دەستکەوتەکەتان وە بەڕاستی بۆ من نیە لەو دەستکەوتەدا مەگەر ئەو بەشەی من کە لەگەڵ ئێوەدام‌و بێجگە لە پێنج یەك، کە پێنج یەکیش دێتەوە بۆ خۆتان جا کەوابوو هیچ لەو غەنیمەتە نەخەنە لاوە — بیدەنەوە — ئەگەر لاتانە هەتا دەزگ‌و دەرزیش‌و گەورەتر لەوەیش‌و بچوکتریش.

٧٤٠٠/ ن /٣٣٤٩)- [عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ أَنَّهُ قَالَ لِخَالِدِ بْنِ ٱلْوِلِيد: اَمَا عَلِمْتَ اَنَّ النَّبِيَّ قَضَى بِالسَّلَبِ لِلْقَاتِلِ؟ قَالَ: بَلَى) رواه احمد(٦/٢٦-٢٧)ءمسلم (٤٤/١٧٥٣) ءابوداود (٢٧١٩)]

له عەوفی كوڕی مالیكەوه (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه، كه به ڕاستی وتی به خالیدی كوڕی وەلید: ئایا نازانی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڕیاری داوه كه هەرچی به كوژراوه هەیه بۆ بكوژه؟

وتی ئەرێ ئەزانم، سەلەب: بەو شتانه ئەڵێن به شەڕەكەرەوه هەیه مادام كەسێك به ئاشكرا بۆی دەرچوو ڕووبه ڕوو بوونەوه هەرچی پێیه ئەدرێ به بكوژو بەردابەشكردن ناكەوێت[1].

(١) تەماشای ژماره (٣٣٥٠) له سەرچاوەی پێشوو، بكه.

یەکسانی لە نێوان بەهێز و بێهێز و شەڕکەر و شەڕنەکەردا مادام ئامادەی غەزاکە ببن

(٧٤١/ ن /٣٣٥٧)- [عَنْ سَعْدِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ الرَّجُلُ يَكُونَ حَامِيَةُ الْقَوْمِ اَيَكُونُ سَهْمُهُ وَسَهْمُ غَيْرِهِ سَوَاءٌ؟ قَالَ: (ثَكَلَتْكَ اُمُّكَ ابْنَ اُمِّ سَعْدٍ، وَهَلْ تُرْزَقُونَ وَتُنْصَرُونَ اِلاّ بِضُعَفَائِكُمْ) رواه احمد (١٧٣/١)].

لە سەعدی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: وتم ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەو پیاوەی کە پارێزەری گەلەکەیە ئایا بەشی ئەوو بەشی بێجگە لەو هەروەکو یەکە؟ واتە بەلایەوە وابو کە جیاوازییان هەبێ. بەلاّم پێغەمبەری داناو دڵسۆز فەرموی: (لەبارەی دایکت چی ئەی کوڕی دایکی سەعد، ئایا ڕۆزیتان پێ‌ئەدرێ یان یارمەتی ئەدرێن ئەگەر بەهۆی لاوازەکانتانەوە نەبێت)، ئەم ریواەتە خوا مەیلی بوو بینووسم کەمێ لاوازی هەیە لە سەنەدەکەیدا بەلاّم فەرمودەی ﴿**هَلْ تُرْزَقُونَ وَتُنْصَرُونَ اِلاّ بِضُعَفَائِكُمْ**[1]﴾ کە ئیمامی بوخاری (٢٨٩٦)و نەسائی(٤٥١٦) ڕیوایەتیان کردوە ئەبێتە پاڵ پشتێکی چاك بۆی‌و ئەبێ بە (حسن)، والله اعلم.

---

(١)) تەماشای ژمارە (٣٣٥٨– ٣٣٥٩) بکە، لە هەمان سەرچاوە.

٧٤٢/ ن /٣٣٦٥)- [عَنِ ابْنِ عُمَرَ، اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يُنَفِّلُ بَعْضَ مَنْ يَبْعَثُ مِنَ السَّرَايَا لأَنْفُسِهِمْ خَاصَّةً سِوَى قَسْمَ عَامَّةِ الْجَيْشِ، وَالْخُمْسُ فِي ذَلِكَ كُلِّهِ وَاجِبٌ) متفق عليه وابو داود (٢٧٤٦) خ(٣١٣٥) م (٤٠-١٧٥٠) واحمد (١٤٠/٢)].

له عەبدوڵای كوڕی عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێ) هاتوە، كە بە ڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) زیادەی ئەدا بە هەندێ كەس، كە ئەیناردن لەناو گروهەكاندا — لەبەر ئەنجامدانی ئیشی گرنگو چالاكانە — تایبەت بە خۆیان بێجگە لەو بەشەی كە بە گشتی لەناو سوپاكەدا دەستی ئەكەوت. وە پێنج یەك لە هەمویدا پێوستە، واتە پێشەكی ئەبێ پێنج یەكی ١/٥ لێ دەربكرێت ئینجا ئەو زیادەی لێ دەربكرێتو پاشان دابەش بكرێت بەو شێوەی كە هاتوە.

(٧٤٣/ ن /٣٣٦٨)- [عَنْ يَزِيدَ بْنِ عَبْدِ اللهِ قَالَ: كُنَا بِالْمَرْبَدِ، اِذْ دَخَلَ رَجُلٌ مَعَهُ قِطْعَةُ اَدِيمٍ فَقَرَأْنَاهَا فَإِذَا فِيْهَا: (مِنْ مُحَمَّدٍ رَسُولَ اللهِ اِلَى بَنَى زُهَيْرِ بْنِ قَيْسٍ إِنَّكُمْ اِنْ شَهِدْتُمْ اَنْ لاَ اِلَهَ اِلاّ اللهَ وَاَنَّ مُحَمّداً رَسُول اللهِ وَاَقَمْتُمْ الصَّلاَةَ وَآتَيْتُمْ الزَّكَاةَ وَاَدَّيْتُمُ الْخُمْسَ مِنَ الْمَغْنَمِ وَسَهْمَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَسَهْمَ الصَّفِيِّ اَنْتُمْ آمِنُونَ بِأَمَانِ اللهِ وَرَسُولِهِ) رواه احمد (٧٧/٥) وابوداود(٢٩٩٩) والنسائى (١٣٤/٧)].

له یەزیدی كوڕی عەبدوڵاوە هاتوە، كە وتویەتی: لە (مەربەد)بوین لەوكاتەدا پیاوێك هاتوو پارچەیە چەرمی پێ بوو جا خوێندمانەوە كەچی لەناویا - ئەمەبوو كە - لە موحەممەد (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێغەمبەری خواوە، بۆ كوڕانی زوهەیری كوڕی قەیس بەڕاستی ئەگەر ئێوە شایەتیتاندا، كە بێجگە لە (ئەڵڵا) هیچ پەرستراوێكی

تری ڕاستەقینە نییەو موحەمەد پێغەمبەری خواییەو نوێژتان كردو زەكاتتان دەدا پێنج یەكتان داو (٥/١) بەشی پێغەمبەرو بەشی تایبەتیتاندا، ئێوە بێ ترس ئەمینن - لەخۆتانو ماڵو منداڵتان — بە ئەمانەتی خواو پێغەبەرەكەی. (الصفی بەشێكە هەمشە گرۆهو سوپاكان شتێكیان وەكو وشترێك، بەندەیەك، كەنیزەكێك شمشێرێك یان هەر شتێكی تر پێش هەمو شت دایان ئەنا بۆ پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خاتوون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) وتویەتی: (صَفِيَّةُ مِنَ الصَّفِيِّ) خاتون سەفیە لەویەشەیە، ژمارە (٣٣٧١) نیل الاوطار. رواه أبو داود (٢٩٩٤).

(٧٤٤/ ن /٣٣٧٥)- [عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: (كَانَ النَّبِيُّ يُعْطِي الْمَرْأَةَ وَالْمَمْلُوكَ مِنَ الْغَنَائِمِ دُونَ مَا يُصِيبُ الْجَيْشَ) رواه احمد (١/٣٥٣، ٣٥٢، ٣١٩)].

لە عەبدوڵلای كوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە دەستكەوتی غەزا بەشی ئافرەتو بەندەیانی ئەدا بەشێوەیەكی كەمتر لە بەشی سوپا، هەندێ ئەڵێن لە بەشە تایبەتییەكەی خۆی لە پێنج یەك ٥/١ ئەیدا بەوان. (ئەمە بەشێكە هەمیشە كەمتر بوە لە دەستكەوتەكان كە پێی ئەوترێت (رَضْخٌ).

بەشی سـوارو پیـادە

(٧٤٥/ ن /٣٣٨٠)- [عَنِ ابْنِ عُمَرَ، اَنَّ النبِّـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (اَسْـهَمَ لِلْفَرَسِ سَــهْمَيْنِ وَلِلرَّجُلِ سَــهْماً]، متفـق عليـهٔ خ (٢٨٦٣) م (٥٧/١٧٦٢) احمد (٢/٢) كذا، رواه التـرمذی (١٥٥٤).

لە عەبدوڵڵای کوڕی عـومـەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (دوو بەشی داناوە — لە دەستکەوت - بۆ ئەسپو بەشـێکی بـۆ پیـاو)، واتە ئەو کەسەی کە پیادە بووە بەشێکی پـێ ئـەدرێ وە ئەوکەسـەش کـە بەسـواری هاتوە بۆ غـەزاو چارەوێکەی لەغـەزادا بەکارئەهێنێ سێ بەشی پـێ ئـەدرێ بەشـێکی خۆیو دوو بەشی ئەسپەکەی.

كەسێ بەهۆی بەرژەوەندییەكی مسوڵمانانەوە ئامادەی غەزا نەبێ و بەشی بۆ دانرێت

(٧٤٦/ ن /٣٣٨٩)- [وَعَنْهُ قَالَ: لَـمَّا تَغَيَّبَ عُثْمَانُ عَنْ بَدْرٍ فَأَنَّهُ كَانَتْ تَحْتَـهُ بِنْتُ رَسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَكَانَتْ مَرِيضَةً فَقَالَ لَـهُ النَّبِـيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): إِنَّ لَكَ أَجْرَ رَجُلٍ وَسَـهْمَهُ) رواه احمـد (٢/١٠١-١٠٢) والبخاری (٣١٣٠) والترمذی (٣٧٠٦)].

وە هەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، كـە وتویـەتی لـەكاتێكا عوسـمان لەبـەدر ئامادە نەبوو لەبەر ئەوە بوو كە كچی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خێزانی بـوو نەخۆش بوو، پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرموو (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڕاستی بۆتۆ هەیە - لە پاشە ڕۆژدا - پاداشی پیاوێكی پیادەو بەشێكی ئەویشت بـۆ هەیـە - لەدەستكەوتدا -.

(٧٤٧/ ن /٣٣٩٢)- [(عَنْ أَبِي مُوسَى قَالَ: بَلَغَنَا مَخْرَجَ رَسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَنَحْنُ بِالْيَمَنِ فَخَرَجْنَا مُهَاجِرِينَ إِلَيْهِ أَنَا وَأَخَـوَانِ لِـي (أَنَـا أَصْغَرُهُمْ) أَحَدُهُمَا أَبُو بُرَيْدَةَ وَالآخَرُ أَبُو رُهْمٍ – إِمَّا قَالَ فِي بِضْعَةٍ وَإِمَّـا قَالَ: فِي ثَلاَثَةٍ وَخَمْسِينَ أَوَ اثْنَتَيْنِ وَخَمْسِينَ رَجُلاً مِـنْ قَـوْمِي- قَـالَ: فَرَكِبْنَا سَفِينَةً فَأَلْقَتْنَا سَفِينَتُنَا إِلَى النَّجَاشِيِّ بِالْحَبَشَةِ، فَوَافَقْنَا جَعْفَرَ بْنَ أَبِي

طالِب وَ أَصْحَابَهُ عِنْدَهُ، فَقَالَ جَعْفَرُ: إِنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَعَثَنَا هَهُنا، وَأَمَرَنَا بالإقَامةِ. قَالَ : فَاقَمْنَا مَعَهُ حَتَّى قَدِمْنَا جَمِيعاً، فَوافَقْنَا رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حِينَ افْتَتَحَ خَيْبَرَ فَأَسْهَمَ لَنَا (اَوْ قَالَ اَعْطَانَا مِنْهَا) وَمَا قَسَمَ لأَحَدٍ غَابَ عَنْ فَتْحِ خَيْبَرَ مِنهَا شَيْئاً اِلاّ لِمَنْ شَهِدَ مَعَهُ، اِلاَّ لأَصْحَاب سَفِينَتِنَا مَعَ جَعْفَرٍ وَاَصْحَابِهِ، قَسَمَ لَهُمْ مَعَهُمْ)، رواه الجماعة الاّ النسائى وابن ماجة خ (٣١٣٦) م (١٦٩/٢٥٠٢) واحمد (٣٩٤،٤١٢/٤) وابوداود (٢٧٢٥) والترمذى (١٥٥٩)]

لە باوكی موساوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: هەواڵی دەرچوونی پێغەمبەرمان (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) پێگەیشتو ئێمە لە یەمەندا بووین، جا ئێمەیش دەرچووین كۆچەریانە بۆلای ئەو منو دوو برای ترم -و من بچووكترینیان بووم - یەكێكیان ئەبو بورەیدەو ئەویتریان ئەبو روهم - یان فەرموی لەناو ئەوەندە، و یان وتی: لەناو (٥٣) كەس یان (٥٢) كەس لەگەلەكەی خۆم-

وتی: سواری كەشتیەك بووین كەشتیەكەمان بردنی بۆلای نەجاشی لەحەبەشەدا، ئەوسا لەوێ ڕێمان كەوت لە جافری كوڕی ئەبو تالبو رەفیقەكانی لەلای ئەو.

جا جافر وتی: بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) ناردوینی بۆ ئێرەو فرمانی پێ كردووین كە لێرە بمێنینەوە.

وتی: ئیتر ئێمە لەگەڵ ئەودا ماینەوە تا هەمومان هاتین، گەیشتین بە پێغەمبەر (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) كاتێ كە فەتحی خەیبەری كردو بەشی بۆ داناین، (یان وتی: لەوە بەشی داین)وە داینەنا بۆ هیچ كەسێك كە لەخەیبەردا ئامادە نەبوو هیچ شتێك مەگەر بۆ ئەو كەسەی كە ئامادە بوو لەگەڵی بێجگە لە یارانی كەشتی كەلەگەڵ جافرو یارانیدا بوون بەشی ئەوانەی دا لەگەڵ ئەواندا، لەڕاستیدا پێغەمبەری ئازیز

(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەو ڕێگە دوورەی كە ئەوان بڕیبویان بۆ خزمەت پێغەمبەر بەم بەشە بەسەری كردنەوەو دڵخۆشی كردن.

هەروەكو فەرموی: نازانم بەكام دڵخۆشبم بەفەتحی خەیبەر یان بەهاتنەوەی جەعفەرە, ئەبو موساو ڕەفیقەكانیشی ئەوكەسانە بوون كە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە غەزایەكدا لە باسێكی درێژدا كەلەپەراوی (ئابووری لە ئیسلامدا) نوسیوەمە فەرموی (هُمْ مِنِّي وَأَنَا مِنْهُمْ/ ئەوان لە منن‌و منیش لەوانم) وصلی الله علیه وعلی آله واصحابه وسلّم تسلیما كثیراً.

بەخشین بە مسوڵمانانی نۆ

(٧٤٨/ ن /٣٣٩٥)- [(عَنْ ابْنِ مَسْعُودٍ لَمَّا آثَرَ النَّبِيُّ أُنَاساً فِي الْقِسْمَةِ فَأَعْطَى الأَقْرَعَ بْنَ حَابِسٍ مِاءَةً مِنَ الأَبِلِ وَأَعْطَى عُيَيْنَةَ مِثْلَ ذَلِكَ وَأَعْطَى أُنَاساً مِنْ أَشْرَافِ الْعَرَبِ وَآثَرَهُمْ يَوْمَئِذٍ فِي الْقِسْمَةِ- قَالَ رَجُلٌ: وَاللهِ! اِنَّ هذهِ لَقِسمَةٌ مَاعُدِلَ فِيهَا وَجْهَ الله! فَقُلْتُ: وَاللهِ لأُخْبِرَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) .فَأَتَيْتُهُ فَأَخْبَرْتُهُ، فَقَالَ: ((فَمَنْ يَعْدِلُ اِذَا لَمْ يَعْدِلِ اللهُ وَرَسُولُهُ؟)) ثُمَّ قَالَ: ((رَحِمَ اللهُ مُوسَى فَقدْ أُذِيَ اَكْثَرَ مِنْ هَذَا فَصَبَرَ)، متفق علیهٔ خ (٣٤٠٥) م (١٠٦٢-١٤٠) احمد (١-٣٨٠-٤٣٥))].

لە عەبدوڵڵای كوڕی مەسعودەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: لەكاتێكا كە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چەند كەسێكی جیاكردەوە بە بەخشینێكی زۆر پێیانو

سەدوشتری دابە ئەقرەعی کوڕی حابیسو هەروەکو ئەویشی دا بە عویەینەوە بەخشی بە هەندێك لە پیاوە ناودارەکانی عەرەب، وە ئەو ڕۆژە ئەوانی جیاکردەوە لەبەشدا —

پیاوێك وتی: بەخوا! ئەمە بەشکردنێك بوو، دادپەروەری تێدا نەکرابوو، مەبەست خوا نەبووە لەودا

جا وتم: بەخوا: ئەم هەواڵە ئەدەم بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و هاتمو هەواڵەکەم پێدا.

ئینجا فەرموی: ئەی کێ دادپەروەری ئەکات ئەگەر خواو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەیکەن؟ ((لە پاشان فەرموی: ڕەحمەتی خوا لە موسا بەڕاستی ئازاردرا بەزیاتر لەمەو خۆی گرت))، واتە دروستە پێشەوای مسوڵمانان لە بەر بەرژەوەندییەکی ئایین لە دەستکەوتا شتێکی زیاد، بەکەسێك یان چەند کەسانێك بدات بەتایبەت بۆ تازە مسوڵمانان تا دڵیان ئارامتر ببێ[1].

---

(١) تەماشای ژمارە (٣٣٩٦) لە سەرچاوەی پێشو، بکە.

ماڵی مسوڵمانان ئەگەر کافر گرتیان لەپاشدا کەوتەوە دەست مسوڵمانان چۆنی لێ بکەن؟

(٧٤٩/ ن /٣٣٩٧)- [(عَنْ عِمْرَانَ بْنِ الْحُصَيْنِ قَالَ: أُسِرَتِ امْرَأَةٌ مِنَ الأَنْصَارِ وَأُصِيبَتِ الْعَضْبَاءُ فَكَانَتِ الْمَرْأَةُ فِي الْوِثَاقِ وَكَانَ الْقَوْمُ يُرِيحُونَ نَعَمَهُمْ بَيْنَ يَدَيْ بُيُوتِهِمْ فَانْفَلَتَتْ ذَاتَ لَيْلَةٍ مِنَ الْوِثَاقِ فَأَتَتِ الإِبِلَ فَجَعَلَتْ إِذَا دَنَتْ مِنَ الْبَعِيرِ رَغَا فَتَتْرُكُهُ حَتَّى تَنْتَهِيَ إِلَى الْعَضْبَاءِ فَلَمْ تَرْغُ. قَالَ: وَهِيَ نَاقَةٌ مُنَوَّقَةٌ (وَفِي رِوَايَةٍ مُدَرَّبَةٌ) فَقَعَدَتْ فشى عجُزِهَا ثُمَّ زَجَضرَتْهَا فَانْطَلَقَتْ، وَنُذِرُوابِهَا (فَطَلَبُوهَا) فَأَعْجَزَتْهُمْ قَالَ: وَنَذَرَتْ لله: إِنْ نَجَّاهَا اللهُ عَلَيْهَا لَتَنْحرَنَّهَا. فَلَمَّا قَدِمَتِ الْمَدِينَةَ رَآهَا النَّاسُ. فَقَالُوا : الْعَضْبَاءُ ! نَاقَةُ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: إِنَّهَا نَذَرَتْ لِلَّهِ: إِنْ نَجَّاهَا اللهُ عَلَيْهَا لَتَنْحرَنَّهَا؟! فَأَتَوْا رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَذَكَرُوا ذَلِكَ لَهُ. فَقَالَ: ((سُبْحَانَ الله ! بِئْسَمَا جَزَتْهَا ، نَذَرَتْ إِنْ نَجَّاهَا اللهُ عَلَيْها لَتَنْحَرَنَّها؟! لا وَفَاءَ لِنَذْرٍ فِي مَعْصِيَةٍ وَلا فِيمَا لا يَمْلِكُ)) رواه احمد (٤٣٠/٤) ومسلم (٨/١٦٤١) وابوداود (٣٣١٦)].

لە عیمرانی کوڕی حوسەینەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: ئافرەتێکی یاریدەدەرەکان بەدیل گیرا،وە عەزبا -وشتری پێغەمبەر (صَلیّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) بوو گیرا -

وە ئەو ئافرەتە زنجیر كرا بوو، ئەو گەلەیش ئێواران مەڕو ماڵاتیان لەپێش دەم ماڵەكانیاندا مۆڵ ئەدا، شەوێك خۆی دەرهێنا لەزنجیرو هاتە لایوشترەكان، جا نزیكی هەر وشترێك ئەبووەوە ئەیقیڕان - ئەویش -وازی لیٚ ئەهێنا تا گەیشتە لای (غەزبا) ئەو نەیقیڕان، ئەڵێ: ئەو وشترێكی مۆچێنراو بوو (لە ڕیوایەتێكی تردا - تەمیٚ كراو بوو) جا سواری بوو لێی خوڕی هەستاو ڕۆیی، ئەوگەلەی لیٚ ئاگادار كرایەوەو چون بە شوێنیاو لە دەستی خستنو - پێی نەگەیشتن، ئەڵێ: نەزری كرد بۆ خوا ئەگەر خوا بەسواری ئەم وشترە رزگاری بكات سەری ببڕێت. جا كاتیٚ گەیشتە مەدینە، خەڵك دیسانوتیان: عەزبا! وشترەكەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وتی: من نەزرم كردوە بۆ خوا: ئەگەر رزگارم بكات بەڕاستی سەری ببڕم؟! هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خواو (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باسیان كرد بۆی فەرموی: پاكو بیٚ عەیبی بۆ خوا! خراپ پاداشتی داوەتەوە، نەزری كردووە لەسەر ئەو ئەگەر خوا رزگاری بكات، سەری ببڕێت؟! نەزر لە تاواندا جێبەجیٚ ناكرێت، وە لەشتێكدا كە موڵكی كابرا نەبیٚ - جێبەجیٚ ناكرێت -.

لێرەدا ئەوە دەركەوت كە ماڵی مسوڵمانان هەرچەند كافر بیبات هەركاتیٚ كەوتەوە بەردەستی مسوڵمانان هەر هی ئەو كابرا مسوڵمانەیە، دابەشكرابیٚ یان نەكرابیٚ، بەو مەرجە شتەكە وەكو خۆی مابێتەوە، وە لێرەدا ئەوە دەرئەكەویٚ كە نەزر لە نارەواو لەشتێكدا كە موڵكی خۆی نەبیٚ جێبەجیٚ ناكرێت، ئەوەش وەرئەگیریٚ ئەگەر حەیوانێك بوو بەسەبەبی خێرێك بۆ كابرا، ئێشو ئازاری بۆ دروست نەكات، والله أعلم.

(ئەوەی کە دروستە هەڵگرتنی بەبێ بەشکردن وەکو خواردن و ئالفی حەیوان)

(٧٥٠/ ن /٣٤٠١)- [(عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ الْمُغَفَّلِ قَالَ: اَصَبْتُ جِرَاباً مِنْ شَحْمٍ يَوْمَ خَيْبَرَ فَالْتَزَمْتُهُ: فَقُلْتُ لاَ أُعْطِي الْيَوْمَ اَحَداً مِنْ هَذَا شَيْئاً. فَالْتَفَتَ فَاِذَا رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مُتَبَسِّمٌ) رواه احمد (٨٦/٤) ومسلم (٧٢/١٧٧٢) وابوداود (٢٧٠٢) والنسائي (٢٣٦/٧) بهذا اللفظ. وبنحوه متفق عليهْ].

لە عەبدوڵڵای کوڕی موغەفەلەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: ڕۆژی خەیبەر خیگەیەك بەزم دەستکەوت جا هەڵم گرت بەچاکی وتم: ئەمڕۆ لەمە بە هیچ کەسێك هیچ شتێ نادەم، لام کردەوە کەچی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بزەی پێکەنینیەتی...وە هەر لەم مانایەدا هاتوە بە ئیتفاقی ئیمامی أحمدو بوخاریو موسلیم.

تاوانی خیانەت لە دەستكەوتی غەزاو سوتانی كەل و پەلی خیانەتكار

(٧٥١/ ن /٣٤١٢)- [(عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ: كَانَ عَلَى ثَقَلِ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَجُلٌ يُقَالُ كَرْكَرَةَ فَمَاتَ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (هُوَ فِي النَّارِ) فَذَهَبُوا يَنْظُرُونَ اِلَيْهِ فَوَجَدُوا عَبَاءَةً قَدْ غَلَّهَا) رواه احمد (٢/١٦٠) والبخاری (٣٠٧٤)]

لە عەبدوڵڵای كوڕی عەمرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: سەرپەرشتكاری كەلوپەلی پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پیاوێك بوو كە پێیان ئەوت (كەركەرە)و مرد، جا پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی (ئەو لەناو ئاگردایە)). چوون تەماشایان كرد عەبایەكیان دیوە كە لە غەنیمەت - بێ پرس هەڵی گرتبوو -. واتە خیانەت لەغەنیمەت تاوانێكی گەورەیەو هەندێ بەلایانەوەوایە كە ئەگەر كەسێك خیانەتی كرد پێویستە كەلو پەلەكەیشی بسوتێنرێو بەشی خۆیشی لەو غەزادا پێ نەدرێت [(١)]، بەڵام ئەو فەرمودانە كە باسی سوتانی كەلو پەل ئەكات لاوازە.

---

(١) تەماشای ژمارە (٣٤٣١٤ و ٣٤١٥) لە سەرچاوەی پێشوو، بكە.

باسی بەرەڵاکردنی دیلی کافر بێ تۆڵە وەرگرتن

(٧٥٢/ ن /٣٤١٧)- [(عَنْ جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ، اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ، قَالَ فِي أَسَارَى بَدْرٍ: (لَوْ كَانَ الْمُطْعِمُ بْنُ عَدِيٍّ حَياً ثُمَّ كَلَّمَنِي فِي هَؤُلاَءِ النَّتْنَى لَتَرَكْتُهُمْ لَهُ) رواه احمد (٤/٨٠) والبخاري (٣١٣٩) وابوداود (٢٦٨٩)].

لە جوبەیری کوڕی موتعیمەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سەبارەت بە دیلەکانی بەدر فەرموی: ((ئەگەر ئێستا موتعیمی کوڕی عەدی زیندوو بووایەو لەپاشان لەبارەی ئەم بۆگەنانەوە، قسەی لەگەڵما بکردایە هەموویانم واز لێ ئەهێنا بۆی، واتە: بێ تۆڵە وەرگرتن ئازادم ئەکردن، بەڵێ پێغەمبەری ئازیزمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سەفەری تایفو پەنادانی موتعیمی لەبیر نەچووەتەوەو هەروەکو فەرمویەتی: پێی خۆشبوو کە پاداشی چاکەی موتعیمی بدایەتەوە.

(٧٥٣/ ن /٣٤٢٤)- [(عَنْ عِمْرَانَ بْنِ الْحُصَيْنِ قَالَ: كَانَتْ ثَقِيفٌ حُلَفَاءَ لِبَنِي عُقَيْلٍ فَاسَرَتْ ثَقِيفٌ رَجُلَيْنِ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَاَسَرَ اَصْحَابُ رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَجُلاً مِنْ بَنِي عُقَيْلٍ وَاَصَابُوا مَعَهُ الْعَضْبَاءَ فَأَتَى عَلَيْهِ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ فِي الوِثَاقِ فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ. فَأَتَاهُ فَقَالَ: (مَا شَأْنُكَ؟) فَقَالَ: بِمَا

اَخْذَتَنِی وَأَخذْتَ سَابِقَةَ الحَـاجِّ (یَعنـی الْعَضْـبَاءَ) ، فَقَـالَ: ((أَخَـذْتُکَ بِجَرِیرَةِ حُلَفائِکَ ثَقِیفٌ)) ثُمَّ انْصَرفَ عَنْهُ فَنَاداهُ فَقَالَ: یَا مُحَمَّدُ ، یَامُحَمَّدُ . فَقَالَ((مَا شَأْنُکَ)) قَالَ: إِنّی مُسْلِمٌ قَالَ: ((لَوْ قُلْتَهَا وَأَنْتَ تَمْلِکُ أَمْـرَکَ اَفْلَحْتَ کُلَّ الْفَلاحِ))، ثُمَّ انْصَرفَ عَنْهُ فَنَاداهُ یَا مُحَمَّدُ ، یَامُحَمَّـدُ فَأَتَـاهُ، فَقَالَ((مَا شَأْنُکَ)) فَقَالَ إِنّی جائِعٌ فَـأَطْعِمنِی ، وظَمْـآنٌ فَاسْـقِنِی، قَـالَ: ((هَـذِهِ حَاجَتُـکَ)) فَفُـدِیَ بَعْـدُ بِـالرَّجلَیْنِ) رواه احمـد(٤/٤٣٠) ومسـلم (٨/١٦٤١) وابوداود (٣٣١٦)].

لـە عیمرانـی کـوڕی حوسـەینەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، کـە وتویـەتی: سـەقیف سوێنخۆری بەنو عوقەیل بوون، جا سەقیف دوو پیـاو لـەیارانی پێغەمبـەری خوایـان (صَلَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) بەدیلی گرت وە یارانی پێغەمبەریش (صَلَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) پیاوێکیـان لە بەنو عوقـەیل گـرتوە (عـەزبا) — نـاوی وشـترێکی پێغەمبـەرە — کـە بـەو بـوو گرتیان، جا پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) هات بەسەریا کـە ئـەو بەسـرابووە جـا ئەویش بانگی کردووتی: ئەی موحەمەد تەشریفی هاتـە لایوتـی ((چـیتە؟)) وتـی بۆچی منت گرتووەو ئەوەی کە پێش حاجیەکان ئەکەوت (مەبەستی ئـەو وشـترە بـوو کە ناوی عەزبا بوو) فەرموی: تۆم گرتووە بەتۆڵەی تـاوانی هاوسـوێنخوارەکانتانەوە، سەقیف)) لەپاشان پشتی تێکرد، جا بانگی کردووتی: ئەی موحەمـەد (صَلَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) ئەی موحەمەد (صَلَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ)، فەرموی: چیت دەوێ؟ وتی: من مسـوڵمانم، فەرموی: ((ئەگەر ئەوەت بووتایەو دەسەڵاتت بەدەست خۆت بووایـە رزگـار ئـەبویت بەتەواوی مانای رزگاری)) لەپاشان پشتی تێکرد جا - هەم - بـانگی کـردەوە، ئـەی موحەمەد (صَلَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) ئەی موحەمـەد (صَلَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ)، جـا هاتـەوە بۆلایـو فەرموی: ((چیت ئـەوێ؟)) وتـی: برسـیمە خـواردنم بـدەرێ، تینوومـە ئـاوم بـدەرێ،

فەرموی (ئەوە پێوستیتن))، واتە ئەبێ پێت بدرێت، جا لەباتی ئەو دوو پیاوەی ئازادی کرد. بەڕاستی ئەم فەرمودە شتی زۆری تێدایە لەوانە، دروستە دیل ببەسترێتەوەوە ئەگەر دوتیرە هاوپەیمان بوون تاوانی هەرکام لەسەر ئەویتریان حیساب ئەکرێت، کافر کە گیرا هەرچی پێیە هی مسولمانانەو مسولمان بوون پاش بەدیل گیران نابێ بەهۆی گەڕاندنەوەی ماڵ سامانیو دەتوانرێ بە بارمتەی مسولمان ئازاد بکرێت،وە ئازادکردنی دیلی کافر لەبەرانبەری ئازادی مسولمانانەوە رەوایە، دیل ئەگەر کافریش بێ ئەبێ خواردنو ئاوی پێ بدرێت، وە ئەبێ ماوەی پێ بدرێت کە قسەی خۆی بکاتو گوێ لەداواکارییەکانی بگیرێت، بەلاّم قسەی دیل وەرئەگیرێ کەبڵێ بەر لەدیلیم باوەرم هێناوە(١)، وە ئەگەر شایەتی هەبێ سودی هەیە بۆیو ماڵو سامانی پێ ئەدرێتەوە ئەگەر بەردەست کەوتبێ(٢).

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٣٤٢٥) لە سەرچاوەی پێشوو، بکە.

(٢) تەماشای ژمارە (٣٤٣٦) لە سەرچاوەی پێشوو، بکە.

دروستە عـەرەب بکریٚ بە بەندە

(٧٥٤/ ن /٣٤٢٧)- [عَنْ اَبِی هُرَیْرَةَ قَالَ: ثَلاَثَ خِصَال سَمِعْتُهُنَّ مِنْ رَسُـول اللهِ (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فِی بَنِـی تَمِیمٍ، لاَ اَزَالُ اُحِبُّهُمْ بَعْدَهُ: کَانَ عَلَی عَائِشَةَ مُحَرَّرٌ، فَقَالَ: (اَعْتِقِی مِنْ هَؤُلاَءِ) وَجَاءَتْ صَـدقَاتُهُمْ فَقَـالَ هَـذِهِ صَدَقَاتُ قَوْمِی) قَالَ: (وَهُمْ اَشَدُّ النَّاسِ قِتَـالاً فِـی الْمَلاَحِـمِ) رواه مسـلم (١٩٨/٢٥٢٥)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: سێ تاریفی بـەنی تـەمیمم بیستووە لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) لەبـەر ئـەوە ئـیتر خۆشـم دەوون - لەپێشەوە لەسەر تیرەگەری ئەبو هورەیرە خۆش نەدەویستن - ((عـائیشـە (خـوا لێـی ڕازی بێ) بەندەیەکی لەسەر بوو کە ئازادی بکات پێغەمبـەر (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فـەرموی: ((لەوانـە -واتـە بـەنی تـەمیمی کـە عـەرەب بـوونو لـە ئیلیاسـی کـوڕی مـوزەردا ئەگەیشتنەوە بە پێغەمبەر (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) وە هێنـانی ئـەم فـەرمودەیش بـۆ ئـەو مەبەسـتەیە - ئـازاد بکـە)) وە زەکـاتی ئـەوان هـات فـەرموی: ((ئەمـە زەکـاتی خزمەکانمە))و فەرموی: بەهێزترین کەسن لە جەنگو تێڕژاندا)).

كوشتنی جاسوس

(٧٥٥/ ن /٣٤٣٠)- [عَنْ سَلَمَةَ بْنِ الْأَكْوَعِ قَالَ: أَتَى النَّبِيَّ عَيْنٌ وَهُوَ فِي سَفَرٍ، فَجَلَسَ عِنْدَ بَعْضِ أَصْحَابِهِ يَتَحَدَّثُ ثُمَّ انْسَلَّ فَقَالَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (اُطْلُبُوهُ فَاقْتُلُوهُ) فَسَبَقْتُهُمْ إِلَيْهِ فَقَتَلْتُهُ فَنَفَّلَنِي سلبَه) رواه احمد (٥٠/٤) والبخاری (٣٠٥١) وابوداود (٢٦٥٣)].

لە سەلەمەی كوڕی ئەكوەعەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كەوتویەتی: جاسوسێك (سیخور) هاتە لای پێغەمبەرو (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و لەسەفەر بوو جا لای هەندێ لەیارەكان دانیشتو قسەی ئەكرد لەپاشان خۆی دزییەوە، پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: بگەڕێن بەشوێنیاو بیكوژن، جا من لەوان پێشكەوتمو كوشتم، لەبەر ئەوە هەرچی پێ بوو دای بەمن.

بەندەی کافر کاتێ
بە مسوڵمانی بێتە لای ئێمە ئازادە

(٧٥٦/ ن /٣٤٣٤)- [عَنِ الشَّعْبِـيِّ، عَنْ رَجُلٌ مِنْ ثَقِيفٍ، قَالَ: سَأَلْنَا رَسُـولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اَنْ يَرُدَّ اِلَيْنَا اَبَا بَكْرَةَ وَكَانَ مَمْلُوكُنَـا فَاَسْـلَمَ قَبْلَنَا، فَقَالَ: لاَ، هُوَ طَلِيقُ اللهِ، ثُمَّ طَلِيقُ رَسُولِهِ) رواه احمد (١٦٨/٤ـ ٣١٠)].

لە شەعبیەوە لە پیاوێکی سەقیفەوە هاتوە، کە وتویەتی: داوامان کرد لە پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە ئەبوبەکرە کە بەندەمان بوو پێش ئێمە مسوڵمان ببوو -وەبەر لەوان لە قەڵای تایف بەگوریسێك خۆی بەردایەوە خوارەوەو هاتە خزمەتی پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) -و مسوڵمان بوو - فەرموی: (نەخێر ئەوە ئازادکراوی خوایەو لەپاشان ئازادکراوی پێغەمبەرەکەیەتی (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ))، واتە نەیدانەوە ولە بەندەییش رزگاری بو.

یاسای زەوی دەستکەوت

(٧٥٧/ ن /٣٤٣٨)- [(عَنْ اَبِی هُرَیْرَةَ اَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اَیُّمَا قَرْیَةٍ أَتَیْتُمُوهَا فَأَقَمْتُمْ فِیْهَا فَسَهْمُكُمْ فِیْهَا وَاَیُّمَا قَرْیَةٍ عَصَتِ اللهَ وَرَسُولَهَ فَأِنَّ خُمْسَهَا للهِ وَرَسُولِهِ، ثُمَّ هِیَ لَكُمْ) رواه احمد (٣١٧/٢) ومسلم (١٧٥٦ـ ٤٧) وابوداود (٣٠٣٦)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەر دێیەك کە چوونە ناویەوەو تییێدا مانەوە ئەو بەشی ئێوەی تیێدایە، واتە مافی بەشتان هەیە لەو دێیەدا وە هەر دێیەك - یان شارێك - کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرد، ئەوە پێنج یەکی (١/٥) هی خواو پێغەمبەرەکەیەتی، لەپاشان ئەو دێیە هی ئێوەیە، واتە زەوی‌و باخ‌و ئاوی ئەو گوندە هی سوپای مسوڵمانانە، شێوەی یەکەمیان پێی ئەوترێ (الفیء)وە شێوەی دووهەم (الغنیمة)، واللە أعلم.

سەركەوتنی مەككە، بەزۆر یان بەئاشتی و كوشتنی تاوانبار لەهەر كوێدا بێ

٧٥٨/ن/٣٤٤٨- [عَنْ سَعْدٍ قَالَ: (لَمَّا كَانَ يَوْمُ فَتْحِ مَكَّةَ أَمَّنَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) النَّاسَ اِلاَّ اَرْبَعَةَ نَفَرٍوَ امْرَأَتَينِ وَسَمَّاهُمْ) رواه النسائی (٧/١٠٥ـ ١٠٦) وابوداود (٢٦٨٣ـ ٤٣٥٢)].

له سەعدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: لەڕۆژی سەركەوتنی مەككەدا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەمانەت نامەی دا بە هەمو خەڵك بێجگە لە چوار پیاوو دوو ئافرەت كەناوی بردن، ئەمە زۆرتر لەوە دەچێ كەبەزۆر گیراوەو هەندێ ریوایەتی تر ئەمە روونتر ئەكەنەوە لەوانە ئەوەی كە شەڕی خالیدی كوڕیوەلید باس ئەكاتو لەهەندێكیان دا هاتوە پێغەمبەری (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((مەككە بۆمن یەك سەعات حەڵاڵ كراوەو تارۆژی قیامەت بۆ كەس حەڵاڵ نیە وحەڕامە شەڕتێدا كردنی وەهەندێكیش بەلایانەوە وایە كە بەئاشتی سەركەوتن بە دەست هاتوەو بۆ ئەوەیش چەند بەڵگە باس ئەكەن لەوانە دابەش نەكردنی زەویو زاری مەككە لەسوپای ئیسلام و نەهێنانی دەست كەوت. ئەگونجێ ئەمەیان شتێكی تایبەت بێ بەمەككەوە یان فرماندەی مسوڵمانان بەدەست خۆیەتی جێگایەكی گرت زەویو زارەكەی بدات بەسوپاكەیان بیداتەوە بەخۆیان یان بیدات بە كەسانێكی تر، والله أعلم.

کوچکردن هەیە لە وڵاتی کوفرەوە بۆ وڵاتی ئیسلام وە کۆچکردن نیە لە جێگایەکدا کە خەڵکەکەی مسوڵمان بێ

(٧٥٩/ ن /٣٤٥٥)- [عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ السَّعْدِيِّ، اَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (لاَ تَنْقَطِعُ الْهِجْرَةُ مَا قُوتِلَ الْعَدُوُّ) رواه احمد (٥/٢٧٠) والنسائى (١٤٦/٧، ١٤٧)].

لە عەبدوڵڵای کوڕی سەعدییەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: کۆچکردن نابڕێتەوە مادام شەڕ لەگەڵ دوژمندا بکرێت، بەڵێ تاجیهاد هەبێ کۆچکردنیش هەیەو جیهادیش ئەمێنێتەوەتا ڕۆژی قیامەت. وە ئەم فەرمودەیەی ئیبنو عەباسە کەدێت بۆ شوێنێکە کە خەڵکەکەی مسوڵمان بێو بتوانن بێ ترس شیعارەکانی ئاین ئەنجام بدەنو دووچاری کێشەو سزای قورس نەکرێن، سزای بچووك هەر ئەبێ، واللە أعلم.

(٧٦٠/ ن /٣٤٥٦)- [(عَنْ ابْنِ عَبَّاس عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ هِجْرَةَ بَعْدَ الْفَتْحِ وَلَكِنْ جِهَادٌ وَنِيَّةٌ وَاِذَا اسْتُنْفِرْتُمْ فَانْفِرُوا)، رواه الجماعة الا ابن ماجة، لكن له منه (اِذَا اسْتُنْفِرْتم فَانْفِرُوا) وروَت عائِشَةَ مِثْلَه، متفق عليه. (خ/١٨٣٤، ٢٨٢٥ ٢٧٨٣،) (م/١٣٥٣-٤٤٥) ابوداود (٢٤٨٠) احمد (٢٢٦/١، ٣١٥، ٣١٦، ٣٥٥) الترمذى (١٥٩٠) النسائى (١٤٦/٧) ابن ماجة (٢٧٧٣)].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتوە، کە فەرمویەتی: پاش سەرکەوتنی مەککە کۆچکردن نییە، بەڵام جیهادو نیەتی جیهاد - ئەمێنێ —وە هەرکاتێ فەرمانتان پێدرا کە دەرچن بۆ جیهاد دەرچن.

نێرراوی کافر دەپارێزرێت

(٧٦١/ ن /٣٤٦٣)- [عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: جَاءَ ابْنُ النَّوَاحِةِ وَابْنُ أُثَالٍ – رَسُولا مُسَيْلَمَةَ – إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ لَهُمَا أَتَشْهَدَانِ أَنِّيَ رَسُولُ اللهِ؟) قَالاَ: نَشْهَدُ أَنَّ مُسَيْلَمَةَ رَسُولُ اللهِ. فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (آمَنْتُ بِاللهِ وَرَسُولِهِ لَوْ كُنْتُ قَاتِلاً رَسُولاً لَقَتَلْتُكُمَا) قَالَ عَبْدُ اللهِ: فَمَضَتِ السُّنَّةُ أَنَّ الرُّسُلَ لاَتُقْتَلُ) رواه احمد (٣٩٦/١، ٤٠٦، ٣٩٠) والنسائي في السنن الكبرى كما في التحفة (٩٢٨٠) وابوداود (٢٧٦٢)].

لە عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتی: کوڕی نەواحەو کوڕی ئوسال دوو نێراوی موسەیلەمە بوون، هاتنە خزمەتی پێغەمبەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی بەوان ((ئایا شایەتی ئەدەن کە من پێغەمبەری خوام (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟)).

وتیان شایەتی ئەدەین کە موسەیلەمە پێغەمبەری خوایە.

پێغەمبەریش (صَلیَّ اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: باوەڕم هەیە بەخواو بە پێغەمبەرەکەی ئەگەر نێرراوم بکوشتایە بەراستی ئێوەم ئەکوشت.

عەبدولاَّ ئەڵێ: ئیتر رەوشت لەسەر ئەوە دامەزراوە کە نێرراو نەکوژرێت.

ئەو مەرجەی کە دروستە لەگەڵ کافردا بکرێت

(٧٦٢/ ن /٣٤٦٧)- [عَنْ اَنَس اَنَّ قُرَيْشاً صَالَحُوا النبَّيَّ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَاشْتَرطُوا عَلَيْهِ: اَنَّ مَنْ جَاءَ مِنْكُمْ لاَ نَرُدُّهُ عَلَيْكُمْ وَمَنْ جَاءَ مِنَّا رَدَدْتُمُوهُ عَلَيْنَا، فَقَالُوا: يَا رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اَنَكْتُبَ هَذَا؟! قَالَ: نَعَمْ، اِنَّهُ مَنْ ذَهَبَ مِنَّا اِلَيْهِمْ فَأَبْعَدَهُ اللهُ وَمَنْ جَاءَ مِنْهُمْ سَيَجْعَلُ اللهُ لَهُ فَرَجاً وَمَخْرَجاً) رواه احمد (٣/٢٦٨) م (١٧٨٤)].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی قورەیش ڕێککەوتن لەگەڵ پێغەمبەر (صَلیَّ اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): چەند مەرجیان لەسەر دانا لەوانە، بەڕاستی هەرکەسێك لە ئێوە هات، بۆ لای ئێمەو بێ باوەڕ بوو، ئێمە نایدەینەوە بە ئێوە، وە ئەگەرکەسێك لە ئێمە هاتە لای ئێوەو موسڵمان بوو، بیگەڕێننەوە بۆمان، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئا ئەمە بنوسین؟! فەرموی (بەڵێ)، بەراستی هەرکەسێك لە ئێمە چوو بۆ ناو ئەوان خوا دورتری بخاتەوە، وە هەرکەسێکیش لەوان بێت، با نەیەتو خۆی بگرێت، بەم زوانە خوا تەنگانەی لەسەر لائەباتو دەروی خێری لێ ئەکاتەوە، بەڵێ بە راستی دوو ساڵی بەسەرا چوو، سەرکەوتنی مەککە بوو، ئەوانەی لەوێ بوون دەروی خێریان لێکرایەوە، وە ئەوانەی پاشگەزبوونەوە چەند

کەسێکی کەم بوون، بە سزای تاوانی خۆیان گەیشتن، تەواوی بەندەکانی ئەم پەیمانەم لە ژیانی پێغەمبەردا (صَلیَّ اللّٰهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) بەشریت باس کردوە لێرەدا دوبارەی ناکەمەوە.

رازی بوونی گەمارۆدراوان بە بڕیاری مسوڵمانێك

(٧٦٣/ ن /٣٤٧٤)- [عَنْ أَبِي سَعِيدٍ، أَنَّ أَهْلَ قُرَيْظَةَ نَزَلُوا عَلَى حُكْمِ سَعْدِ بْنِ مُعَاذٍ فَأَرْسَلَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِلَى سَعْدٍ فَأَتَاهُ عَلَى حِمَارٍ ، فَلَمَّا دَنَا قَرِيباً مِنَ الْمَسْجِدِ، قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (قُومُوا إِلَى سَيِّدِكُمْ) أَوْ (خَيْرِكُمْ) فَقَعَدَ عِنْ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: إِنَّ هَؤُلَاءِ نَزَلُوا عَلَى حُكْمِكَ) قَالَ: فَإِنِّي أَحْكُمُ أَنْ تُقْتَلَ مُقَاتِلَتُهُمْ وَتُسْبَى ذَرَارِيهِمْ، فَقَالَ: (لَقَدْ حَكَمْتَ بِمَا حَكَمَ بِهِ الْمَلِكُ) وَفِي لَفْظٍ: قَضَيْتَ بِحُكْمِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ) أخرجاه. البخاري (٤١٢١) ومسلم (٦٤-١٧٦٨)].

لە باوکی سەعیدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەراستی ئەهلی قورەیزە رازی بوون، پاش گەمارۆدانیان بە بڕیاری سەعدی کوڕی موعاز، جا پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللّٰهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) ناردی بەشوێن سەعددا، هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللّٰهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) بە سواری کەرێك، جا کاتێ نزیك کەوتەوە لە مزگەوت، پێغەمبەری خوا (صَلیَّ

اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی (هەستن بەدەم گەورەکەتانەوە، یان چاکترینتانەوە، جا لای پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دانیشتو فەرموی (ئا ئەمانە رازی بون بە بڕیاری تۆ)، وتی: بەڕاستی من بڕیارم ئەوەیە کە شەڕکەرەکانیان بکوژرێن، ژن و منالەکانیان بدرێنە مسولمانان، فەرموی (بەڕاستی بڕیارتدا بەو شێوەی کە پادشا بڕیاری دابوو)وە لە وشەیەکی تردا هاتوە کە (بڕیارتدا بە بڕیاری خوای بە دەسەلاتو بەشکۆ).

بەستنی پەیمان و سەندنی سەرانە(الجزیە)

(٧٦٤/ ٣٤٧٦)- [عَنِ الْمُغِيْرَةَ بْنِ شُعْبَةَ: أَنَّهُ قَالَ لِعَامِلِ كِسْرى: أَمَرَنَا نَبِيُّنَا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنْ نُقَاتِلَكُمْ حَتَّى تَعْبُدُوا اللهَ وَحْدَهُ أَوْ تُؤَدُّوا الْجِزْيَةَ) رواه البخاري (٣١٥٩)].

لە موغەیرەی کوڕی شوعبەوە هاتوە، کە بەڕاستی ئەو وتی بە ئیشکەری کیسرا، پێغەمبەرمان (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (فەرمانی پێداوین کە شەڕتان لە گەڵ بکەین، تا بەندایەتی خوا ئەکەن بە تەنها، یان تا سەرانە ئەدەن، واتە ئەگەر موسڵمان بوون ئەوە نێوانمان برایەتیەو چی بۆ ئێمەیە بۆ ئێوەیشە، وە چی بە زیانی ئێمە بێت بە زیانی ئێوەیشە،وە ئەگەروانەکەن، ئەبێ بۆ پارێزگاری خۆتان سەرانە بە ئێمە بدەن تا سنورتان پارێزراوبێ، وە ئەگەر ئەمەش نەکەن، لە یەکتری ئەدەین تا یەکێکمان سەر دەکەوین.

بەرگری لە نیشتەجێبوونی کافران لە حیجازدا

(٧٦٥/ ن/ ٣٤٨٩)- [عَنِ ابْنِ عَبَّـاسٍ قَـالَ: اشْـتَدَّ بِرَسُـولِ اللهِ وَجَعُـهُ يَـوْمَ الْخَمِيسِ وَأَوْصَى عِنْدَ مَوْتِهِ بِـثَلاثٍ (أَخْرِجـوُا الْمُشْـرِكِينَ مِـنْ جَزِيـرَةِ الْعَرَبِ، وَأَجِيزُوا الْوَفْدَ بِنَحْوِ مَاكُنْتُ أُجِيزُهُمْ وَنَسِـيتُ الثَّالِثَـةَ) اخرجـاه ، البخاري (٣٠٥٣)ءمسلم (١٦٣٧)].

لە عەبدولاّی کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، کـە وتویـەتی: پێغەمبـەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕۆژی پێنج شەممە ئێشی زۆر توندبووە، وەسیەتی کرد لە کاتی سەرەمەرگدا بە سێ شت ((بت پەرستان دەرکەن لە جەزیرەتولعـەرەب، وە سـەوقاتی بدەن بە نوێنەران وەکو من چۆن سەوقاتیم پێداون))وە سێیەمیانم لە بیر چوەتەوە.

دەست پێكردنی سەلام لە كافران و سەرەخۆشی كردنیان

(٧٦٦/ ن /٣٤٩٤)- [عَنْ اَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ): (لاَ تَبْدَؤُا الْيَهُودَ وَالنَّصَارىَ بِالسَّلاَمِ وَاِذَا لَقِيتُمُـوهُمْ فِـى طَرِيـقٍ فَاضْطَرُّوهُمْ اِلَى اَضْيَقِهَا) رواه الجماعـة الا النسـائى وابـن ماجـة. خ فـى الادب المفرد(١١٠٣) م (٢١٦٧) احمد (٢/٢٢٥، ٢٢٦، ٤٣٦، ٤٤٤) والترمذى (١٧٠٠،١٦٠٢) وابوداود (٥٢٠٢)].

لە ئەبوهورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: (پێشەكی سەلام لە جولەكەو گاور نەكەن، وە ئەگەر لە ڕێگادا پێیان گەیشتن، ناچاریان بكەن كە لە تەنگترین جێگایەوە بڕوات، لە ڕاستیدا ئەمە هەمو بۆ ئەوەیە تا چەند ڕۆژێ لە تەمەنی ماوە بیر لە بیروباوەڕی ڕاستەقینە بكاتەوە، بۆ هەمیشە خۆی لە سزا رزگار بكاتو مەسئەلەی سەلامیش لە پێشەوە باسمان كرد، كە ئەوان دوعای خراپ ئەكەن، نیەتیان چاك نیەو موسڵمانیش مافی خۆیەتی دۆستایەتی لەگەڵ ئەوانە نەكاتو سەلامی لێ نەكات.

(٧٦٧/ ن /٣٤٩٩)- [عَنْ اَنَسٍ قَالَ: كَانَ غُـلاَمٌ يَهُـودِيٌّ يَخْـدُمُ رَسُـولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَمَرِضَ فَأَتَاهُ النَّبِـىُّ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) يَعُودُهُ فَقَعَدَ عِنْدَ رَأْسِهِ، فَقَالَ لَهُ: (اَسْلِمْ) فَنَظَرَ اِلَى اَبِيهِ وَهُوَ عِنْدَهُ فَقَالَ لَهُ:

اَطِعْ اَبَا الْقَاسِمِ. فَأَسْلَمَ، فَخَرَجَ النبَّـيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ يَقُولُ: (الْحَمْدُ لِلهِ الَّذِي اَنْقَذَهُ بِي مِنَ النَّارِ) رواه احمد (٣/٢٨٠) والبخاری (١٣٥٦) وابوداود (٣٠٩٥)].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: کوڕێکی جولەکە خزمەتی پێغەمبەری خوای (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەکرد، نەخۆش کەوت، جا پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتە دیدەنیو لای سەری دانیشتو فەرموی (موسڵمان بە) جا ئەویش تەماشای باوکی کرد کە ئەو کات لەلای بوو، وتی بەو کوڕەی: بەگوێی باوکی قاسم بکە، ئەویش موسڵمان بوو، جا پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەرچوو، وە ئەو ئەیفەرمو: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بەهۆی منەوە رزگاری کرد لە ئاگر،واتە سەردانی نەخۆشی جولەکەو گاور سونەتەو باشوایە بەرەو ئایین بانگ بکرێت، بەڵکو باوەڕ بهێنێو خۆشبەخت ببێ.

لە دەسکەوتی مسوڵمانان تەنها بە بەرەی کوڕانی موتەلیب و کوڕانی بەنی هاشم ئەدرێ لە خزمان

(٧٦٨/ ن /٣٥٠٠)- [عَنْ جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ قَالَ: مَشَيْتُ أَنَا وَعُثْمَانُ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقُلْنَا: أَعْطَيْتُ بَنِي الْمُطَّلِبِ مِنْ خُمُسِ خَيْبَرَ وَتَرَكْتَنَا؟! فَقَالَ: (إِنَّمَا بَنُو الْمُطَّلِبِ وَبَنُو هَاشِمٍ شَيْءٌ وَاحِدٌ) قَالَ جُبَيْرٌ: وَلَمْ يُقْسِمِ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لِبَنِي عَبْدَ شَمْسٍ وَلاَ بَنِي نَوْفَلٍ شَيْئاً) رواه احمد (٨٥/٤) والبخاري (٤٢٢٩) والنسائي (١٣٠/٧) وابن ماجة (٢٨٨١)].

لە جوبەیری کوڕی موتعیمەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوەکەوتویەتی: منو عوسمان چوین بۆلای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و وتمان لە پێنج یەکی (١/٥) خەیبەر بەشی کوڕانی موتەلیبت داوەو وازت لە ئێمە هێناوە؟! عوسمان لە کوڕانی عەبدی شەمسەو جوبەیرش لە کوڕانی نەوفەلە، عەبدو شەمسو نەوفەلو هاشمو موتەلیب، هەمویان کوڕی عەبدو مەنافن، فەرموی: کوڕانی موتەلیبو کوڕانی هاشم یەك شتن، جوبەیر ئەڵێ: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە کوڕانی عەبدو شەمس وکوڕی نەفەل هیچی نەدا، بەڵێ کاتی خۆی کوڕانی موتەلیب پاڵ پشتو یارمەتی دەری کوڕانی هاشم بوون، تەنانەت کاتێ قورەیش پەیوەندی خۆیان لەگەڵ بەری هاشم دا پچڕاندوگەمارۆیان (حەساریان) خستە سەریان بەرەی موتەلیبیش بوون بە هاوبەشی بەرەی هاشم بەلام بەرەی نەوفەلو بەرەی عەبدو شەمس نەهاتنە ریزیانەوە.

دابەشکردنی بەشەکانی فەیئ
بە گوێرەی خێزاندارو بێ خێزان

(٧٦٩/ ن /٣٥٠٥)- [عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ، اَنَّ رَسُــولَ الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ): كَانَ اِذَا اَتَــاهُ الْفَيْءُ قَسَمَهُ فِـى يَوْمِـهِ فَـأَعْطَى الآهِـلَ حَظَّـيْنِ وَاَعْطَى الْعَزَبَ حَظّاً) رواه احمد (٢٩،٢٥/٦) وابوداود (٢٩٥٣)].

لە عەوفی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێ)، هاتوە کە: بە ڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەرکاتێ دەسکەوتی گەڕاوەی (الفیىء) بۆ بهاتایە هەر ئەو ڕۆژە دابەشی ئەکردو، بە ژندار دوو بەشو بێ ژن یەك بەشی ئەدا، (الفیىء)، واتە ئەو ماڵەی کە دەست مسولْمانان ئەکەوێت لە کافرانەوە، بەبێ شەڕو ئایەتی (٥،٦) سورەتی حەشر باسی بەشبەرەکانی کردوە. (الغنیمة) ئەو ماڵەیە کە بەشەڕ لە کافرەکانەوە دەست ئەکەوێت، کە چوار بەش لە پێنج بەش ئەدرێ بە شەڕکەرانو بەشەکەی تری ئەدرێت بە پێنج تاقمەکەی (فەیئ)و سورەتی (الانفال) ئایەتی (٤١) مەبەستی ئەوەیە لە پاش بردنی چوار بەشەکەی، (والله اعلم).

(٧٧٠/ ن /٣٥١٣)- [عَنْ نَافِعٍ مَوْلَى ابْنِ عُمَرَ اَنَّ عُمَرَ كَانَ فَرَضَ لِلْمُهَاجِرِينَ الأَوَّلِينَ اَرْبَعَةُ آلاف وفَرَضَ لاِبْنِ عُمَرَ ثَلاَثَةَ آلافٍ وَخَمْسُمائَةً، فَقِيلَ لَهُ: هُوَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ، فَلِمَ نَقَصْتَهُ مِنْ اَرْبَعَةَ آلافٍ؟ قَالَ: اِنَّمَا هَاجَرَ بِهِ اَبوُهُ. يَقُولُ: لَيْسِ هُوَ كَمَنْ هَاجَرَ بِنَفْسِهِ) رواه البخاری (٣٩١٢)].

لە نافیعەوە خزمەتکاری عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە: بە ڕاستی عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) لە دەسکەوت بەشی کۆچەرە پێشوەکانی چوار هەزار ئەداو بەشی عەبدوڵای کوڕی سێ هەزارو پێنج سەد ئەدا

جا پێی وترا: ئەویش لە کۆچەرییە پێشووەکانە بۆ بەشەکەیت کەم کردوەتەوە؟

وتی: ئەو باوکی کۆچی پێکردوە. ئەیوت: وەکو ئەو کەسە نییەکە خۆی کۆچی کردوە، هەروەها لە ریوایەتێکی تری ئیمامی بوخاریدا لە قەیسی کوڕی حازیمەوە هاتوە (٤٠٢٢) کە بەشی بەدرییەکان، واتە ئەوانەی کە لە غەزای بەدرا بەشداریان کردبوو پێنج هەزاری ئەداو ئەیوت ئەوانە بەرزتر ئەکەمەوە بەسەر پاش خۆیاند **(لأُفَضِّلَنَّهُمْ عَلَى مَنْ بَعْدِهُمْ)** ن/٣٥١٢.

(٧٧١/ ن /٣٥١٦)- [عَنْ اَبِى هُرَيْـرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُـولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ): (لاَسَبَقَ اِلاَّ فِي خُفّ اَوْ نَصْلٍ اَوْ حَافِرٍ) رواه الخمسة. رواه احمد (٤٧٤/٢) وابوداود (٢٥٧٤) والترمذى (١٧٠٠) وابن ماجة (٢٨٧٨) والنسائى (٣٥٨٧،٤٥٨٨)].

لە ئەبوهورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتوویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: کێبەرکێ لەسەر دۆڕانو بردنەوە دروست نیە، مەگەر لە سواری وشترو تیرهاویشتنو چارەوێدا، لەم سێ شتانەدا بەم مەرجانەی خوارەوە دۆڕاندنو بردنەوە دروستە، چونکە شتانێکن پێویستن بۆ جیهاد لە ڕێگای خودا. مەرجەکان:

١- ئەو شتەی کە دائەنرێ کە ببرێتەوە دیاری بێ، (العوض المعلوم).

٢- بۆ سواری, ئەوەڵو کۆتایی شوێنەکە بزانرێت. (الابتداء والانتهاء معلومة).

٣- بە چەند پێشکەوتن دەیباتەوەوە ئەبێ ئەوەش بزانرێت، جارێ یان دوو یان زیاتر.....

٤- ئەو ولاّخەیش کە مسابەقەی پێ ئەکەن ئەبێ پێشەکی دیاری کرابێ.

٥- پێشکەوتن هەردوو بەسەر یەکتردا چاوەڕێ بکرێت، ئەگینا دروست نییە، چونکە مەبەست تاقیکردنەوەیە جا ئەگەر بزانرێت بەیەقین پێش ئەکەوێت، ئەوە قومارەو نابێ ئەنجام بدرێت[1].

تێبینی: یانسیبو گۆلێنو باقی یاریەکانی تر کە ئەمڕۆ ئەکرێن بەشێکن لە قومارو پێویستە مسولْمانان خۆیان لێ دور بگرن، مسولْمان, شەیتان دوژمنتە وریای خۆتبە بەفتوای بێ بنەماولاسایی کردنەوەی خەلْکانی بێ باوە ڕفریو نەخوێت.

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٣٥٢٢) لە سەرچاوەی پێشوو، بکە..

هەڵـنان بۆ نیشـانە ڕەوی

(٧٧٢/ ن /٣٥٢٩)- [عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: [ۇ ۆ ۆ ۋ ۋ ۇ](الانفال-٦٠)، اَلاَ اِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْـىُ اَلاَ اِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْىُ، اَلاَ اِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْىُ) رواه احمد (٤/١٥٧،١٥٦) ومسلم (١٩١٧)].

لە عوقبـەی كـوڕی عـامیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، كـە وتویـەتی: بیسـتم لـە پێغەمبەری خواوە (صَلىَّ اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ)، كە ئەیفەرمو (ئامادەی بكەن لە دژیـان ئـەوەی كـە لـە تواناتانـدا هەیـە) سـورەتی ئـەنفال ئایـەتی (٦٠) ئاگـاداربن توانـایی تـیر هاوێشتنە، ئاگاربن توانایی تیر هاوێشتنە، ئاگاربن توانایی تیر هاوێشـتنە، وە هـەر لـەمبارەوە بەهـەمان دوو راویـە وەكـە ئیمـامی ئەحمـەد (٤/١٤٦،١٤٤)وە موسـلم (١٩١٩) هاتوە، كە (**مَنْ عُلِّمَ الرَّمْيَ ثُـمَّ تَرَكَـهُ فَلَـيْسَ مِنَّـا**) هەركەسـێ فێـری تـیر هاویشتن بێو پاشان وازی لێبهێنێ لـە ئێمـە نییـە. بـە ڕاسـتی لەمبارەیـەوە دەیـان فەرمودەی راستو جوان هەیە، ئێمە لەبەر كورتكردنەوە نەمان نوسین[1].

(٧٧٣/ ن /٣٥٣٦)- [عَنِ ابْنَ عَبَّاس اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ: (لاَ تَتَّخِذُوا شَيْئاً فِيهِ الرُّوحُ غَرَضاً) رواه الجماعة الاّ البخـارى وابـاداود احمـد

(١) تەماشای ژمارە (٣٥٢٨ تا٣٥٣٣) لە هەمان سەرچاوە، بكە.

(١/٢٨٥،٢٨٠) م(١٩٥٧/٥٨) والنسائي (٢٣٨،٢٣٩/٧) والترمذي (١٤٧٥) وابن ماجـة (٣١٧٨)].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە: بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: (ئەوەی کە گیانی تێدا بێ نەیکەن بە نیشانە)وە لە ریوایەتی تردا، نەفرەتی لەو کەسانە کردوە کە گیاندار بکەن بە نیشانە[(١)]،وە نابێ بدرێن بە شەڕو نابێ بخەسێنرێن‌و نابێ دەم‌و چاویان داخ بکرێت، یان بدرێت لە دەم‌و چاویان، نابێ کەر بنرێت لە ماین[(٢)]، کە ئەبێ بەهۆی پەیدابوونی ئێستر، دروستە کێبڕکێ بە پێ‌و زۆرانبازی‌و یاری بەسەرە نێزە بەمەرجێك لە سەر بردنەوە نەبێ[(٣)]،وە یاری بە کۆتر چاك نییە، لەبەر فەرمودەی (**شَيْطَانٌ يَتْبَعُ شَيْطَانَةً**) ن/٣٥٥٣.

---

(١) تەماشای ژمارە (٣٥٣٤ تا ٣٥٣٩) بکە، لە سەرچاوەی پێشوو.
(٢) تەماشای ژمارە (٣٥٤٥ تا ٣٥٤٧) لە هەمان سەرچاوە، بکە.
(٣) تەماشای ژمارە (٣٥٤٨) لە هەمان سەرچاوە، بکە.

قەدەغەیە قومارو یاری بەتاوڵە

٧٧٤/ن/٣٥٥٤-[عَنْ اَبِى هُرَيْـرَةَ عَنِ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) قَـالَ: (مَنْ حَلَفَ فَقَالَ فِى حَلِفِهِ: باللاَّتِ وَالْعُزَّى فَلْيَقُلْ: لاَ اِلَهَ اِلاَّ اللهُ وَمَنْ قَالَ لِصَاحِبِهِ: قَالَ: تَعَـالَ أُقَـامِرْكَ، فَلْيَتَصَـدَّقْ) رواه الجماعـة. احمـد (٣٠٩/٢) والبخاري (٤٨٦٠) ومسلم (١٦٤٧) وابـوداود (٣٢٤٧) والترمـذى (١٥٤٥) والنسـائى (٧/٧) وابن ماجة (٢٠٩٦)].

لە ئەبوهورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کـە پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویـەتی: هەرکەسـێك بـە لاتو عـوزا سـوێندی خـوارد بـازو بلێـت: هـیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە جگە لە خواوە هەرکەسـێك وتـی بـە ڕەفیقەکـەی:وەرە قومارت لەگەڵدا بکەم، با چاکەیەك بکات، واتە تـاوانێکی کـردوە بـەو قسـەیە کـە کردویەتی با چاکەیەك بکات، چونکە چاکە خراپە لا ئـەبات، هـەر شـتێك بردنـەوەو دۆڕانی تێدا بێت قومارە وشەی (مَيْسِر) هەمویان ئەگرێتەوە، کەواتە ئـەم یاریانـەی کە ئەمرۆ ئەنجام ئەدرێن، هەر لە تۆپانەوە بگرە هەتا کۆتاییان هەمویان قومارن، بە داخەوە ئەمرۆ هەزاران بەچکەی مسوڵمانان سـەرگەرمی ئـەو قومارانەیـە، وە ئێمـە لەسـەر ئایـەتی (**اَعُـوذُ بِـاللهِ اَنْ اَكُـونَ مِـنَ الْجَـاهِلِينَ**) لـە سـورەتی بەقـەرەدا ئـەو یاریانەمان باس کردون کە دروستەو لێرا لە فەرمودەی (٧٧١) دوبارەیی باسـکراون‌و لەوێش باسی یاری پیاو لەگەڵ خێزانی خۆیدا باسکراوە هیوادارم بەسوود بێ.

(٧٧٥/ ن /٣٥٥٥)- [عَنْ بُرَيْدَةَ اَنَّ النبِّـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (مَـنْ لَعِبَ بِالنَّرْدْشِـيرِ فَكَأَنَّمَا صَبَغَ يَدَهُ فِـى لَحِـمْ خَنْزِيـرٍ وَدَمِـهِ) رواه احمـد (٣٥٢،٣٥٧،٣٦١/٥) ءالبخاری فی الادب المفـرد (١٢٧١) ءابـوداود (٤٩٣٩) ءمسـلم (٢٢٦٠) ءابن ماجة (٣٧٦٣)].

له بوریـدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كه بەڕاســـتی پێغەمبەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتـی:

هـەركەسێ یاری بە (نەردەشیر) بكات،وەكو ئەوەوایە دەستی خۆی ڕەنگ كردبـێ بە گۆشـتی بـەرازو خوێنەكـەی، واتـە چـۆن دەسـت خسـتنە گۆشـتو خـوێنی بـەراز حەرامە ئەو یارییەش قەدەغەو حەرامـە. نـەرد، مورویەكـە چـەند نقێمـی هەیـە،وە تاوڵەش قەدەغەیەو چـەندین فـەرمودەی لەسـەر هـاتوە لـە شـەرحی ئـەم فـەرمودەو چەندین فەرمودەی تری ئەم باسە.

(٧٧٦/ ن /٣٥٥٩)- [عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ غُنْمٍ قَالَ: حَدَّثَنِي أبوُ عَامِرٍ اَوْ اَبـوُ مَالِكٍ الأَشْعَرِيٍّ سَمِعَ النبَّـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (لِيَكُونُنَّ مِنْ أُمتِي قَوْمٌ يَسْتَحِلُّون الحِـرَ وَالْحَرِيـرِ وَالْخَمْـرَ وَالْمَعَـازِفَ) رواه البخـاری (٥٥٩٠) و وصله ابوداود (٤٠٣٩) وابن حبـان (٦٧٥٤) والطبرانـی (٣٤١٧) والبيهقـی (٢٧٢/٣)].

له عەبدورەحمانی كوڕی غونمەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كه وتویـەتی ئـەبو عـامر یان ئەبو مالیكی ئەشعەری قسەی بۆ كردوم كه بیستویەتی له پێغەمبـەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەیفەرمو: ((بەڕاستی لەناو گەلی مندا هی وا ئـەبن كـە: زینـاو پۆشـینی

هەوریشمو ئارەقو مۆسیقا حەڵاڵ ئەکەن، ڕاستت فەرموو ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وا هەمویان حەڵاڵ کران، یان ڕاستەوخۆ یان بەناوی ڕەنگاورەنگەوە.

يَاإلهِي اَشْكُو اِلَيْكَ بَثِّي وَحُزنْي مِمَا وَقَعَ لَنَا فِـي هَـذَا الزَّمَـانِ وَافْـتَحْ بَيْنَنَـا وَبَـيْنَ قَوْمِنَا بِالْحَقِّ وَاَنْتَ خُيْرُ الْفَاتِحِينَ.

دەف لێدانی ئافرەتان بۆ هاتنەوەی کەسێك یان لە جەژندا

(٧٧٧/ ن /٣٥٦٧)- [عَنْ بُرَيْـدَةَ قَالَ: خَـرَجَ رَسُـولُ الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) فِي بَعْضِ مَغَازِيه فَلَمَّا انْصَرَفَ جَاءَتْ جَارِيَةٌ سَواءُ، فَقَالَـتْ: يَـا رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إنيِّ كُنْتُ نَذَرْتُ اِنْ رَدَّكَ اللهُ صَـالِحاً اَنْ اَضْرِبَ بَيْنَ يَدَيْكَ بالدُّفِّ وَاَتَغَنَّى. قَالَ لَهَا: (اِنْ كُنْتِ نَذَرْتِ فَاضْـربى وَاِلاّ فَلاَ) فَجَعَلَتْ تَضرِبُ، فَدَخَلَ أبوُ بَكْرٍ وَهَىَ تَضْرِبُ، ثُمَّ دَخَلَ عَلِـىٌّ وَهَىَ تَضْرِبُ، ثُمَّ دَخَلَ عُثمَانُ وَهَى تَضْرِبُ ثُمَّ دَخَلَ عُمَرُ، فَأَلْقَتِ الدُّفَّ تَحْتَ اسْتِهَا، ثُمَّ قَعَدَتْ عَلَيْهِ فَقَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) : ((اِنَّ اَلَّشيْطَانَ لَيَخَافُ مِنْكَ يَاعُمَرُ إنّى كُنْتُ جَالِساً وَهَىَ تَضْرِبُ فَدَخَلَ أَبوُ بَكْرٍ وَهَىَ تَضْرِبُ، ثُمَّ دَخَلَ عَلِيٌّ وَهَىَ تَضْرِبُ ثُمَّ دَخَلَ عُثمَانُ وَهَى تَضْرِبُ ، فَلَمَّا دَخَلْـتَ أَنْـتَ يَـاعُمَرُ اَلْقَـتِ الـدُّفَّ)) رواه احمـد (٣٥٣/٥) والترمذى(٣٦٩٠)] .

لە بورەیدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەرچوو بۆ هەندێ لە غەزاكانی، جا كاتێ كە گەڕایەوە كەنیزەكێكی ڕەش پێست هاتو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە ڕاستی من لەسەر خۆمم نەزر كردوە ئەگەر خوا تۆی بەسەلامەتی گەڕاندەوە، كە لەبەردەم تۆدا دەف لێبدەمو گۆرانی بلێم، فەرموی (ئەگەر نەزرت كردوە لێیدە ئەگینا نەخێر) جا دەستی كرد، بەدەف لێدان، جا ئەبوبەكر هاتە ژورەوە ئەو هەر لێی دەدا، وە لەپاشان عەلی هاتە ژورەوە ئەو هەر لێی دەدا، لە پاشان عوسمان هاتە ژورەوە ئەو هەر لێی دەدا،وە لە پاشان عومەر هاتە ژورەوە دەفەكەی خستە ژێر خۆیەوە، وە لە پاشان دانیشت لەسەری پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی (بەڕاستی شەیتان لەتۆ دەترسێ ئەی عومەر، ئەوانە هەرسێیان هاتن دانیشتن، ئەو هەر دەفی خۆی لێدەدا كەچی كاتێ كە تۆ هاتیت ئەی عومەر دەفەكەی فڕێدا، جا ئەمە ئەكەن بەبەڵگە لەسەر ئەوەی كە دەف لێدان بۆشاییو خۆشیو هاتنەوەی سەفەریو ژن گواستنەوە دروستە، چونكە ئەگەر حەرام بوایە پێغەمبەر (صَلىَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ماوەی بەو ئافرەتە نەدەدا، بەڵام نەك وەكو ئەمڕۆ كە هەرچی رادیۆو تەلەفزیۆن ئەكەیتەوە دهۆڵو زوڕنایەو بێشەرمانەیش بەداخەوە پاش قورئان بەڵكو لەگەڵ هەندێ زیكریشدا دەف لێدان كە ئالێتێكی گاڵتەو گەمەیە بەكار ئەهێنرێت؟! جێگای داخە مسوڵمان ئەوەندە بێئاگابێ لە ڕەوشتی پێغەمبەرەكەیو خۆیشی بە شوێنكەوتوی ئەو دابنێت.

ئەوەی کە حەڵاڵە
لە حەیوانەکانی ماڵی

(٧٧٨/ ن /٣٥٧٢)- [عَنْ جَابِرٍ: (اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَهَى يَوْمَ خَيْبَرَ عَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ الأَهْلِيَّةِ وَأَذِنَ فِي لُحُومِ الْخَيْلِ) رواه الجماعة الا ترمزى وابن ماجة. احمد (٣٦١،٣٨٥/٣) البخارى (٤٢١٩) م (٣٦/١٩٤١) ابوداود (٣٧٨٨) والنسائى (٢٠١/٧)].

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە: بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) لە ڕۆژی خەیبەردا بەرگری کرد، لە خواردنی گۆشتی کەری ماڵی، وە ماوەی پێدان بۆ خواردنی گۆشتی چارەوێ.

(٧٧٩/ ن /٣٥٧٤)- [عَنْ اَبِى مُوسَى قَالَ: (رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَأْكُلُ لَحْمَ دَجَاجٍ) رواه الجماعة الاّ ابادوود وابن ماجة. احمد (٣٤٥،٣٤٦،٣٥٣/٦)، خ (٥٥١٠، ٥٥١٩)، م (١٦٤٩-٩) الترمذى (١٨٢٧) النسائى (٢٠٦/٧)].

لە ئەبو موساوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: دیم پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) کە گۆشتی مریشکی ئەخوارد.

(٧٨٠/ ن /٣٥٨٤)- [عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: (نَهَى رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) عَنْ كُلِّ ذِي نَابٍ مِنَ السَبَاعَ وَكُلِّ ذِي مَخْلَـبٍ مِـنَ الطَّيْـرِ)، رواه الجماعة الاّ البخـاری والترمـذی. احمـد (٢٨٩/١) م (١٩٣٤-١٦) ابـوداود (٣٨٠٥) النسائی (٢٠٦/٧)ءابن ماجة (٣٢٣٤)].

له عەبدوڵای كوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە ووتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری كردوە لە خواردنی گۆشتی هەمو دڕندەیەك، كە خاوەنی كەڵبە بێ، -بەو كەڵبەیەی نێچری خۆی پەك بخات-، وە هەمو خاوەن چڕنوقێك لە باڵندە، كە بەو چڕنوقانەی نێچیری خۆی پەك بخات.

بزن مـژە حـەڵاڵە

(٧٨١/ ن /٣٥٩٠)- [عَنْ ابْنِ عُمَرَ: اَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) سُئِلَ عَنِ الضَّبِّ؟ فَقَالَ: (لاَ آكُلُ وَلاَ اُحَرِّمُهُ) رواه الجماعة الاّ اباداود. احمد (٩/٢) م (١٩٤٣-٣٩) خ (٥٥٣٦) النسائی (١٩٧/٧) ءابن ماجـة (٣٢٤٢) والترمـذی (١٧٩٠)].

له عەبدوڵای كوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەبارەی بزن مژەوە پرسیاری لێكرا؟

فەرموی: ((نە ئەیخۆم و نە قەدەغەی ئەكەم)).

لە بارەی کەمتیارو کەروێشکەوە

(٧٨٢/ ن /٣٥٩٤)- [عَنْ عَبْدِ الرَّحْمنِ بْنِ عَبْدِ اللهِ بْنِ اَبِى عِمَارَةَ قَالَ قُلْتُ لِجَابِرٍ: الضَّبُعُ ، اَصَيْدٌ هِيَ؟ قَالَ: نَعَمْ، قُلْتُ: آكُلُهَا؟ قَالَ: نَعَمْ. قُلْتُ: اَقَالَهُ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟ قَالَ: نَعَمْ) رواه الخمسة. احمد (٢٩٧/٣. ٣١٨، ٣٢٢) وابوداود (٣٨٠١) النسائى (١٩١/٥)، (٢٠٠/٧) الترمذى (٨٥١) وابن ماجة (٣٠٨٥، ٣٢٣٨)].

لە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عیمارەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: وتم بە جابیر: کەمتیار نێچیرە؟

وتی: بەڵێ. وتم: ئایا بیخۆم؟

وتی بەڵێ.

وتم: ئایا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی.

وتی: بەڵێ.

(٧٨٣/ ن /٣٥٩٥)- [عَنْ أَنَس قَالَ: (اَنْفَجْنَا أَرْنَباً بِمَرِّ الظَّهْرَانِ، فَسَعَى الْقَوْمُ فَلَغِبُوا، وَاَدْرَكْتُها وَأَخَذْتَهَا، فَأَتَيْتُ بِهَاأَبَا طَلْحَةَ فَذَبَحَهَا وَبَعَثَ اِلَى رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِوَرِكِهَا وَفَخِذِهَا فَقَبِلَهُ) رواه الجماعة احمد

(١١٨/٣، ١٧١) و (خ/٢٥٧٢) و(م/١٩٥٣/٥٣) وابوداود (٣٧٩١) والترمذی (١٧٨٩) والنسائی (١٩٧/٧) وابن ماجة (٣٢٤٣)].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی لە ڕێگا لە (مەڕو زەهران) گەیشتینە کەروێشکێك، ئەو کۆمەڵە ڕایکرد، بە شوێنیاو ماندوبوون، وە من پێی گەیشتمو گرتمو هێنام بۆ باوکی تەلحە، ئەویش سەری بڕیو ڕانێکی بە کلۆکەوە نارد بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وە ئەویش وەریگرت.

(٧٨٤/ ن /٣٥٩٨)- [عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: (نَهَى رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) عَنْ شُرْبِ لَبَنِ الْجَلاَّلَةِ) رواه الخمسة الا ابن ماجة (احمد/٢٢٦/١، ٢٤١، ٢٩٣) ابوداود (٣٧٨٦) والترمذی وصححهُ (١٨٢٥) والنسائی (٢٤٠/٧)].

لە عەبدوڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: (پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری کردوە، لە خواردنەوەی شیری جەلالە. جەلالە بەو حەیوانە ئەڵێن کە شتی پیس بخوات، ئەمە شیری ناخورێت، وەکو لێرەوتراوەو گۆشتیشی ناخورێ[1]. سوار بونیشی خراپە تا پاك ئەبێتەوە، ئەویش بەئەوە ئەبێت، کە چەند ڕۆژێك ببەسترێتەوە، ئالفو ئاوی پاکی پێ بدرێت، مریشكو قازو مراویش هەروایە، وتراوە ماوەی وشترو مانگا (٤٠) ڕۆژەو مەڕو ماڵات (٧) ڕۆژەو مریشك سێ ڕۆژە، ئینجا پاك ئەبنەوەو سود لێوەرگرتنیان دروستە.

(١) تەماشای فەرمودەی (٣٥٩٩ تا ٣٦٠٠) بکە، لە سەرچاوەی پێشوو.

هەندێك ئەزانرێت قەدەغەیە بەهۆی فرماندان بە كوشتنیان یان قەدەغە كردنی كوشتنیان

(٧٨٥/ ن /٣٦٠١)- [عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (خَمْسٌ فَوَاسِقُ يُقْتَلْنَ فِي الحِلِّ وَالْحَرَمِ: الْحَيَةُ، وَالْغُرَابُ الأَبْقَعُ. وَالْفَأْرَةُ، وَالْكَلْبُ الْعَقُورُ، وَالْحُدَيَّا) رواه احمد (٩٧/٦، ٢٠٣) و (م/١١٩٨ـــ ٦٧، والنسائی (١٨٨/٥، ٢٠٨)].

لە دایكی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((پێنج فاسق ئەكوژرێن لە حەرامو حەلاڵدا، واتە لە دەرەوەی مەككەو لە مەككە داو ئیحرامی حەجی پۆشیبێ یان نا: ئەوانەش ئەمانەن: مارو قەلانجەو مشكو سەگی نهێن گروهار، كۆلارە (كۆركۆرە) ئەمانە هیچكامیان گۆشتیان ناخورێت.

(٧٨٦/ ن /٣٦٠٥)- [(عَنْ ابْنَ عَبَّاسٍ قَالَ: (نَهَى رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنْ قَتْلِ اَرْبَعٍ مِنَ الدَّوَابِّ: النَّمْلَةِ، وَالنَّحْلَةِ وَالْهُدْهُدِ، وَالصُّرَدِ) رواه احمد (٣٣٢/١) وابوداود (٥٢٦٧) وابن ماجة (٣٢٢٤)].

لە عەبدوڵای كوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ) بەرگری كردوە لە كوشتنی چوار گیان لەبەر ئەوانەش ئەمانەن:

مێرووله، مێش هەنگ، پەپوسلێمانەو سورەدکە چۆلەکەیەکی سەر گەورەیە، لە ریوایەتی تردا بەرگری کراوە لە کوشتنی بۆقو شەم شەمەکوێرە، کە بەیهەقی ئەڵێ ئەوە قەویترین شتە لە بارەی بەرگرییەوە، کە هاتبێ، واتە فەرمودەی: (**نَهَي رَسُولُ اللهِ عَنْ قَتْلِ الضِّفْدَعِ**، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری کردوە لە کوشتنی بۆق.) ژمارە (٣٦٠٦)، لە (نیل الاوطار)دا.کە ئیمامی ئەحمەدو ئەبو داودو نەسائی ریوایەتیان کردوە. وە فەرمودەی دیسان بۆقو شەمشەمەکوێرە، بەیهقی بە ژمارەی (٣١٨/٩) هێناویەتیو ریوایەتەکەی راستە (صحيح) تەماشەی شەرحی ئەو دوو فەرمودەیەی سەرەوە لە (نیل الاوطار) دا بکە.

(٧٨٧/ ن /٣٦٠٧)- [عَنْ اَبِى لَبَابَةَ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَنْهَى عَنْ قَتْلِ الجِنَّانِ الَّتِى تَكُونُ فِى البُيُوتِ اِلاَّ الأَبْتَرَ وَذَا الطُّفْيَتَيْنِ فَأَنَّهُمَا اللَّذانِ يَخْطَفَانِ البَصَرَ وَيَتْبَعَانِ مَا فِي بُطُونِ النِسَاءِ) متفق علية، وابوداود احمد (٤٣٠/٣) (خ/٣٣١١ـ ٣٣١٢) (م/٢٢٣٣ـ ١٣٦) ابوداود (٥٢٥٣، ٥٢٥٥)].

لە باوکی لە بابەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: بیستم لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە بەرگری ئەکرد، لە کوشتنی ئەو مارە بچکۆلانانەی کە لەناو ماڵەکاندان، بێجگە لە کوڵە مارە شینەکانو ئەو مارەی کە دوو هێڵی سپی رەنگ بە سەریاندا تا خوارەوەیان کێشراوە، کە بە تەماشا کردنیان چاو کوێر ئەکەنو ئافرەتی حامیلە تەماشایان بکات، سکەکەی لەبار دەچێ, لە بەر ئەو دوو سیفەتەی کە خوا بەوانی داوە. چاکوایە ماری ماڵی تا سێ جار لەسێ رۆژدا تێخورێن، ئەگەر نەچون جا بکوژرێن[1].

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٣٦٠٨) لە سەرچاوەی پێشو بکە.

باسـی بونی سـەگ

(٧٨٨/ ن /٣٦٠٩)- [عَنْ اَبی هُرَیْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَـلَّی اللَّـهُ عَلَیْـهِ وَسَلَّمَ): (مَنِ اتَّخَذَ كَلْباً اِلاَّ كَلْبَ صَیْدٍ اَوْ زَرْعٍ اَوْ مَاشِیَةٍ انْتَقَصَ مِنْ أَجْرِهِ كُلَّ یَوْمٍ قِیـرَاطٌ) رواه الجماعـة الا ابـاداود. احمـد (٢/٢٦٧) (خ/٢٣٢٢، ٣٣٢٤، (م/١٥٧٥ـ ٥٧، ٥٨). الترمذی (١٤٩٠) والنسائی (٧/١٨٩) وابن ماجة (٣٢٠٤)].

لە ئەبوهریرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: (هەر كەسێ سەگێك راگیر بكات، مەگەر سەگی ڕاوو یان بۆ پاسی زەراعەت یان هی حەیوان، ئەگینا هەمو ڕۆژێك قیراتێك لە خێرو چاكەی كەم ئەكرێتەوە). قیرات بە ئەندازەی چیایەكی مام ناوەندیە.

(٧٨٩/ ن /٣٦١٣)- [عَنْ جَابِرٍ قَالَ: اَمَرَنَا رَسُولَ اللهِ (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَـلَّمَ) بِقَتْلِ الْكِلاَبِ حَتَّی إِنَّ الْمَرَأَةَ تَقْدِمِ مِنَ الْبَادِیَةِ بِكَلْبِهَـا فَنَقْتُلُـهُ، ثُـمَّ نَهَـی رَسُولُ اللهِ (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) عَنْ قَتْلِهَا، وَقَـالَ: (عَلَـیْكُمْ بِالأَسْـوَدِ الْبَهِیمِ ذِی النُّقْطَتَیْنِ، فَإِنَّهُ شَیْطَانٌ) رواه احمـد (٣/٣٣٣) ومسـلم (١٥٧٢ـــ ٤٧) وابوداود (٢٨٤٦)].

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كـە وتویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانی پێ كردین بە كوشتنی سەگەكان - تەنانەت ئافرەت لە لادێوە ئەهات

سەگی لەگەڵدا بـو ئـەمان کوشـت، لـە پاشـان پێغەمبـەری خـوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) بەرگری کرد، لە کوشتنیانو فەرموی: (پێویستە لەسەرتان سـەگی زۆر رەش کـە دوو خاڵ لەسەری چاوەکانیانەوە هەیە بکـوژن - چـونکە بەڕاسـتی ئـەوە شـەیتانە، بـەڵێ بونی سەگ، وەکو لە فەرمودەی پێشودا باسکرا خراپەو ئەبێ بەهۆی ترسانی خەڵكو بەرگری فریشتە لە هاتنە ماڵەوە، کە چەندجار ئیشـارەمان پـێکردووە، لـە نووسـنی چل فەرمودە قودسیەکانو گوڵزاری چاکان، هەرچەندە یەکەمیان هەر لەبەر ئەو جۆرە فەرمودانە هێشتا لە چاپخانەکاندا چاوی بە ژیان نەکەوتوە؟!

(٧٩٠/ ن /٣٦١٥)- [عَنْ عَدِيٍّ بْنِ حَاتَمٍ قَالَ قُلْتُ: يَا رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اِنّى أُرْسِلُ الْكِلاَبَ الْمُعَلَّمَةَ فَيُمْسِكْنَ عَلَىَّ، وَأَذْكُرُ اسْمَ الله؟ قَالَ: اِذَا اَرسَلْتَ كَلْبَكَ الْمُعَلَّمَ وَذَكَرْتَ اسْمَ الله عَلَيْهِ فَكُـلْ مَـا أمسَـكَ عَلَيْكَ) قُلْتُ: وَاِنْ قَتَلْنَ؟. قَالَ: (وَاِنْ قَتَلْنَ، مَـالَمْ يُشْـرِكْهَا كَلْـبٌ لَـيْسَ مَعَهَا). قُلْتُ لَهُ: فإِنِّى اَرمى بِالْمِعْرَاضِ الصَّيْدَ فَأَصِـيدُ، قَـالَ: (اِذَا رَمَيْـتَ بِالْمِعْرَاضِ فَخَزَقَ فَكُلْهُ وَاِنْ اَصَابَهُ بعَرْضِهِ فَلاَ تَأْكُلْـهُ) وَفِـى رِوَايَـةٍ: اِنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اِذَا اَرْسَلْتَ كَلْبَكَ فَأَذْكُرِ اسْمَ الله عَلَيْهِ، فَإِذَا اَمْسَكَ عَلَيْكَ فَأَدْرَكْتَهَ حَيّاً فَاذْبَحْهُ وَاِنْ اَدْرَكْتَه قَدْ قُتِلَ وَلَـمْ يَأْكُلْ مِنْهُ فَكُلْهُ فَإِنَّ اَخْذَ الْكَلْبِ ذَكَاةٌ) متفق علية. احمد (٢٥٦/٤) (خ/٤٥٧٥) (م/١٩٢٩ــــ ٢) وكــذلك بــاللفظ الاوّل رواه ابــوداود (٢٨٤٨) والترمــذى (١٧٩/٧) والنسائى (١٧٩/٧) وباللفظ الثانى: ابوداود (٢٨٤٧) والنسائى (١٨٠/٧)].

لـە عـەدی کـوڕی حاتەمـەوە (خوالێی ڕازی بێ) هـاتوە کـە وتویـەتی:وتم: ئـەی پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) من سەگانی ڕاوەکـی ئـەنێرم بـە شـوێن نێچـیرداو ئەیگرن بۆم‌و ناوی خوای لە سەر ئەبەم؟

فەرموی: هەرکاتێ سەگی ڕاوەکیت ڕەوانەکردو ناوی خـوات لەسـەر بـرد، ئـەوەی کە بۆت ئەگرێ بیخۆ.

وتم: ئەگەر بیشی کوژن؟

فەرموی: ئەگەر بیشی کوژن بە مـەرجێك، سـەگێکی تـر هاوبەشـی نـەکردبن، - واتـە ئەگـەر سـەگێکی تـر هاوبەشـی کـردبن‌و کوژرابـێ مـەیخۆ نـەوەك ئـەو سـەگە کوشتبێتی.

وتم بەو: ئەگەر برکێك بگرمە نێچرو بیگرم؟

فەرموی: ئەگەر شتێکت فڕەدا بۆ نێچرو برینداری کرد، تا گەیشـتی بـەو مـرد - بیخۆ, ئەگەر بەپاناییدا لێیداو کوشتی مەیخۆن چونکە بەر (موقوذة) ئەکەوێت.وە لە ریوایەتێکی تری ئەم فەرمودەدا هـاتوە، کـە ((پێغەمبـەری خـوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی هەرکاتێ سەگەکەی خۆتت نارد، ناوی خوای لەسەر ببە، جا ئەگەر شـتێکی حەلاڵی بۆ گرتیت‌و پێی گەیشتی بە زیندوی سـەری بـبڕەوە ئەگـەر بـە مـردوی پێـی گەیشتیت، کوشتبوی‌و هیچی لێ نەخوارد بوو، ئەوە بیخۆ، چونکە گـرتنی سـەگەکە بە سەربڕین دائەنرێت. وە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە حەلاڵە چ برینـداری کردبـێ یان خنکاندبێتی، بەمە وشەی (وَالْمُنْخَنِقَةُ) تایبەت ئەبێ، وە دەرکـەوت (بسم الله) کردن لە کاتی ناردنی سەگەکەدا پێویستە.

ئەگـەر تیر لە نێچیر دراو گوم بوو, پاش ماوەیەك دۆزرایەوە

(٧٩١/ ن /٣٦٢٥)- [وَعَنْهُ اَيضاً عَنْ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اِذَا رَمَيْتَ الصَّيْدَ فَوَجَدْتَهُ بَعْدَ يَوْمٍ اَوْ يَوْمَيْنِ لَيْسَ بِهِ اِلاّ اَثرُ سَهْمِكَ ـ فَكُـلْ وَاِنْ وَقَعَ فِي الْمَاءِ فَلاَ تَأْكُلْ) رواه احمد (٣٧٩/٢) والبخاری (٤٥٨٤)].

وە هەر لەوەوە دوبارە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرمویەتی: هەرکاتێ تیرت لە نێچرداو دوای ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ دیتتەوە، بێجگە لە جێگە تیرەکەی خۆت هیچ شوێنەوارێکی تری پێوە نەبو بیخۆ، ئەگەر بۆگەن نەبوبوو[1]. -وە ئەگەر کەوتبووە ناو ئاو مەیخۆ. چونکە لەوانەیە بە ئاوەکە خنکابێ، هەروەها ئەگەر لە شاخ کەوتبووە خوار ناخورێت، نەوەك بەهۆی کەوتنە خوارەوەکەی کوژرابێ بەر (وَالْمُتَرَدِّيَةُ) ئەکەوێ.

(١) تەماشای ژمارە (٣٦٢٣) لە سەرچاوەی پێشو بکە.

سەر برین ئەبێ تەنها بەناوی خواوە بێ، بە هەر شتێ خوێن بڕژێنی دروستە

(٧٩٢/ ن /٣٦٣١)- [عَنِ الأِمَامِ عَلِيٍّ بْنِ أبى طَالِب (رَّضِيَ اللَّـهُ عَنْـهُ) أَنَّـهُ سَمِعَ النبَّـِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (لَعَنَ اللهُ مَـنْ ذَبَـحَ لِغَيْـرِ الله. وَلَعَنَ اللهُ مَنْ آوى مُحْدِثاً، وَلَعَنَ اللهُ مَنْ لَعَنَ وَالِدْيهِ، وَلَعَنَ اللهُ مَـنْ غَيَّـر تُخُومَ الأَرْضِ) رواه احمد(١٥٢/١-١٨٨) ومسلم (١٩٧٨-٤٣-٤٥) والبخارى فى الادب (١٧) والنسائى (٢٣٢/٧)].

لە پێشەوا عەلی كوڕی ئەبی تالیبەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە بەڕاستی بیستویەتی لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە ئەیفەرمو (نەفرینی خوا لەوكەسەی كە بۆ بێجگە لە خوا حەیوان سەر ئەبڕێت، وە نەفرینی خوا لەو كەسەی كە جێگا ئەدا بە داهێنەر لە ئایین دا، وە نەفرینی خوا لەو كەسەی كە نەفرین ئەكات لە باوكو دایكی،وە نەفرینی خوا لە كەسەی كە سنوری زەوی ئەگۆڕێ.

ئەگەر گۆشتیان بۆت هانی لێی مەپرسە وە خۆت بسم الله، بكە و بیخۆ

٧٩٣/ن/٣٦٣٢-[عَنْ عَائِشَةَ، اَنَّ قَوْماً قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اِنَّ قَوْماً يَأْتُونَنَا بِاللَّحْمِ لاَنَدْرِي اَذُكِرَ اسْمُ اللهِ عَلَيْهِ اَمْ لاَ؟ فَقَالَ (سَمُّوا عَلَيْهِ اَنْتُمْ وَكُلُوا) قَالَتْ: وَكَانُوا حَدِيثِي عَهْدٍ بِالْكُفْرِ) رواه البخاری (٢٠٥٧،٥٥٠٧) وابوداود(٢٨٢٩) وابن ماجة (٣١٧٤) والنسائی (٧/٢٣٧)].

لە دایكی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی گەلێك وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڕاستی گەلێك هەن، كە گۆشتمان بۆ دێنن، نازانین ناوی خوای لەسەر براوە، یان نەء؟

فەرموی (ئێوە ناوی خوای لەسەر ببەنو بیخۆن).

خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) ئەڵێ ئەوانە: نزیك بوون لە كافریەتیەوە، واتە تازە مسوڵمان بوون، ئەم فەرمودەیە ئەوە ئەگەیەنێ، لە وولاتی ئیسلامیداو لەناو گەلێك با تازەیش مسوڵمان بوبن، لێپرسینەوە پێویستە لەسەر كوشتنەوەیانو چاكوایە كابرای بخۆر خۆیشی (بسم الله)ی لەسەر بكات، بەم (بسم الله)ی خۆتە خواردنی گۆشتەكە بێترسە. (والله اعلم).

سەر برین بە هەرچی ببێ بێجگە لە ئێسقان و ددان دروستە مادام ببێ بەهۆی خوێن ڕژان

(٧٩٤/ ن /٣٦٣٤)- [عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ: (اَنَّ ذِئْباً نَيَّبَ فِى شَاةٍ فَذَبَحُوهَا بِمِرْوَةٍ، فَرَخَّصَ لَهُمْ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِى أَكْلِهَا) رواه احمد(١٨٣/٥) والنسائى (٢٢٧/٧،٢٢٥) وابن ماجة (٣١٧٦) واخرج معناه البذار والطبرانى (فى الاوسط) عن ابن عمر باسناد صحيح. البذار (كشف الاستار-١٢٢٣)].

لە زەیدی کوڕی سابتەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە: گورگێك کەڵبەیەکیدا لە حەیوانێكو بە بەردە چەخماخ سەریان بڕیو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ماوەی دان کە بیخۆن.

(٧٩٥/ ن /٣٦٣٦)- [عَنْ رَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ قَالَ: قُلْتُ يَارَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اِنَّا نَلْقِى الْعَدُوَّ غَداً وَلَيْسَ مَعْنَا مُدىً؟ فَقَالَ النَّبِىُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (مَا أَنْهَرَ الدَّمَ وَذُكِرَ اسْمُ اللهِ عَلَيْهِ فَكُلُوا مَا لَمْ يَكُنْ سِنّاً اَوْ ظُفُراً، وَسَأُحَدِّثُكُمْ عَنْ ذَلِكَ، اَمَّا السِّنُّ فَعَظْمٌ وَاَمَّا الظُّفُرُ فَمُدىَ الْحَبَشَةِ) رواه الجماعة احمد (١٤٠/٤) (خ/٢٥٠٧،٥٥٠٦،٥٥٠٩) (م/١٩٦٨-٢٠-٢١) وابوداود (٢٨٢١) والترمذى (١٤١٩) والنسائى (٢٢١/٧) وابن ماجة (٣١٣٧)].

لـە نـافیعی کـوڕی خەدیجـەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، کـە وتویـەتی: وتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڕاسـتی ئێمـە بـەیانی بـە دوژمـن ئەگـەین‌و کێردمان پێ نیە (چەقۆ)؟

پێغەمبەری (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: هەر شتێ خوێن ڕەوان بکەو نـاوی خـوای لەسەر ببرێت بیخۆن، مەگەر ددان‌و نینۆك بێ، وا قسەی ئەویشتان بۆ ئەکەم، -دان‌و نینۆك- دان چونکە ئێسقانە، -واتە نابێ بە ئێسـقان حـەیوان سـەر ببڕێـت‌و دانـیش هەر ئێسقانە، وە نینۆکیش -چونکە- چـەقۆی حەبەشـییەکانە، کافرەکـان مەبەسـتە واتە لە ڕەوشتی ئەوان سود وەرنەگرن.

(٧٩٦/ ن /٣٦٤٤)- [عَنْ أَبِي سَعَيدٍ عَنِ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) أَنَّـهُ قَالَ فِي الْجَنِينِ: (ذَكَاتُهُ ذَكَاةُ أُمِّهِ) رواه الخمسة الاّ النسـائی احمـد (٣١،٥٣/٣) وابوداود (٢٧٢٧) والترمذی (١٤٧٦) وابن ماجة (٣١٩٩) حسن لغيره].

لە باوکی سەعیدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبـەرەوە (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کـە بەڕاسـتی فەرمویـەتی: سـەبارەت بـە بەچـکەی ناوسـکی حـەیوان: سـەربڕینی سـەربڕینی دایکـێتی. واتـە ئەگـەر حـەیوانێکی ئـاووس سـەربڕاو بەچـکەکەی تـا دەرهێنانی گیانی تێدابو ئەوە پێویستە سەر ببـڕێت، وە ئەگەر گیانیشی تێدا نـەبوو حەڵاڵە، چونکە سەربڕینی دایکی بە سەربڕینی ئەویش دائەنرێت.

(٧٩٧/ ن /٣٦٤٥)- [عَنِ ابْنِ عُمَرَ، اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) قَـالَ: (مَا قُطِعَ مِنْ بَهِيمَةٍ وَهِيَ حَيَّةٌ ، فَمَا قُطِعَ مِنْهَا فَهُوَ مَيْتَةٌ) رواه ابـن ماجـة (٣٢١٦) حسن لغيره].

لە عەبدوڵڵای كوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئەوەی لە حەیوانێكی زیندو بكرێتەوە، بێجگە نە خوری‌و موو كورك، ئەوەی لێی بكرێتەوە لەو ئەوە مردارەو بووە، واتە ناخورێتو حەرامە ، جگەلەماسی .

دەربارەی ماسی و
كوللە و گیانلەبەری ئاوی

(٧٩٨/ ن /٣٦٤٧)- [عَنِ ابْنِ اَوْفَى قَالَ: (غَزَوْنَا مَعَ رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سَبعْ غَزْوَاتٍ نَأْكُلُ مَعَهُ الْجَرَادَ) احمد (٣٨٠/٤) (خ/٥٤٩٥) (م/١٩٥٢-٥٢) وابوداود (٣٨١٢) والترمذی (١٨٢١-١٨٢٢) رواه النسائی (٢١٠/٧)].

لە كوڕی ئەبو ئەوفاوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: حەوت غەزامان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) كرد، كوللەمان ئەخوارد، واتە خواردنی كولله حەلاڵە.

(٧٩٩/ ن /٣٦٤٨)- [عَنْ جَابِرٍ قَالَ: غَزَوْنَا جَيْش الْخَبْطِ واَمِيرُنَا أُبُو عُبَيْدَةَ فَجُعْنَا جُوعاً شَدِيداً، فَأَلْقَى الْبَحْرُ حُوتاً مَيِّتاً لَمْ نَرَ مِثْلَهُ يُقَالَ لَهُ: الْعَنْبَرُ، فَأَكَلْنَا مِنْهُ نِصْفَ شَهْرٍ، فَأَخَذَ أَبُو عُبَيْدَةَ عَظَماً مِنْ عِظَامِهِ فَمَرَّ الرَّاكِبُ تَحْتَهُ، قال : فَلَمَّا قَدِمْنَا الْمَدِينَةَ ذَكَرْنَا ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

وَسَلَّمَ) فَقَالَ: ((كُلوُا رِزْقاً أخْرَجَهُ اللهُ –عزّ وَجَلَّ– لَكُمْ، أَطِعمُونَا إِنْ كَانَ مَعَكُمْ)) فَأَتَاهُ بَعْضُهُمْ بِشَيْءٍ فَأَكَلَهُ) متفق عليه، احمد (٣٠٨/٣) (خ/٤٣٦١،٤٣٦٢،٥٤٩٣،٥٤٩٤) (م/١٩٣٥–١٨) وكذلک رواه النسائی (٢٠٧/٧)].

له جابیرەوه (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه، که وتویەتی: ئێمه که سوپای خەبت بوین غەزامان کرد. خەبت هەڵوەریوی پەڵکی دارو درەختە، چونکه ئەوان لەو غەزادا لەبرسا ئەوانەیان ئەخوارد –وه ئەمیرمان ئەبو عوبەیده بوو، برسیمان بوو برسیەکی زۆر، جا دەریا نەهەنگێکی فڕێدایه دەرەوە، که وێنەی ئەوەمان – لە گەورەییدا– نەدیبوو، پێی ئەوترا (عەنبەر) جا نیومانگ لێمان خوارد– سێسەد کەس بووین[1] – ئەوەندە گەورە بو که ئەبو عوبەیده ئێسقانێکی له ئێسقانەکانی– که پەراسویەکی بوو –دانا سوار بەژێریا هاتوچۆی دەکرد، وتی کاتێ هاتینەوە مەدینە باسی ئەومان کرد، بۆ پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و فەرموی: ((بخۆن ڕۆزییەکه خوای بەدەسەڵاتو باشکۆ بۆی ناردوون، بەشی ئێمەیش بدەن ئەگەر پێتانە، هەندێکیان شتێکیان بۆ هێنا خواردی.

(٨٠٠/ ن /٣٦٤٩)– [عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ زَيْدِ بْنِ اَسْلَمَ عَنْ أَبِيهِ عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (أُحِلَّ لَنَا مَيْتَتَانِ وَدَمَانِ: فَأَمَّا الْمَيْتَتَانِ: فَالْحُوتُ وَالْجَرَادُ، وَأَمَا الدَّمَانِ: فَالكَبِدُ وَالطِّحَالُ) رواه احمد (٩٧/٢) وابن ماجة (٣٢١٨، ٣٣١٤) والدار قطنى (٢٧١/٤ــ ٢٧٢) والشافعى (٦٠٨/٢) والبهقى (٢٥٧/٩) وكذلک رواه دار قطنی من روایة عبدالله بن زید، وثقه

(١) له ژیانی پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەمەم بە شریت باسکردوه گوێ لێگرتنی بەسودە.

الامام احمد، وقد صح وقفه وَهُوَ بِمَثَابَةِ الرَّفْعِ. لأَنَّ قَوْلَ الصَّحَابِيِّ (أُحِلَّ لَنَا كَذَا) وَ (حُرِّمَ عَلَيْنَا كَذَا) مِثْلُ قَوْلِهِ (أُمِرْنَا بِكَذَا) وَ(نُهِينَا عَنْ كَذَا)].

لە عەبدورەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە لە باوکییەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: حەڵاڵە بۆمان دوو مردارەوە بوو دو خوێن بخۆین، مرداربووەکان: ماسیو کوللەن، وە خوێنەکانیش، جەرگو سپڵن (فاتە ڕەش).

ئەم فەرمودەیە جێگای ڕەزامەندی زۆرێك لە زانایانەو وە کاریان پێکردوە، تا ئەصحاب ریوایەتەکەی راستەو قسەی ئەصحابەیش هەرکاتێ وتی: شتمان لێ حەڵاڵ - یان حەرام کراوە - حیسابی گەیشتن بە پێغەمبەری (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ ئەکرێت. (والله اعلم).

مـردارەوە بوو بۆ ناچـاری ڕەوایە

(٨٠١/ ن /٣٦٥٢)- [عَنْ أَبِي وَاقِدٍ اللَّيْثِي قَالَ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ إنَّا بأَرْضٍ تُصِيبُنَا مَخْمَصَةٌ، فَمَا يَحِلُّ لَنَا مِنَ الْمَيْتَةِ؟ فقَالَ: (إذَا لَـمْ تَصْـطَبِحُوا ولَـمْ تَغْتَبِقُوا ولَمْ تَحْتَفِؤُا بِهَا بَقْلاً ـ فَشَأْنُكُمْ بِهَا) رواه احمد (٢١٨/٥) قال الهيثمى رواه الطبراني ورجاله الثقاة. وفى روايةْ احمد ـ انقطاع].

لـه بـاوکی واقیـدی لەیسـیەوە (خـوا لێـی ڕازی بێ) هـاتوە، کـه وتویـەتی: وتم: بـه پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئێمه له ناوچەیەکداین، دوچاری برسێتی ئەبین چی حەڵاڵه له مرداڕۆبوو؟ فەرموی: خواردنی بەیانیتان نەبو،وه خواردنی ئێوارەتان نەبوو هیچ دانەوێڵەیەکتان پێ نـەبو، - بیخـۆن‌و خۆتـان لـه برسـێتی رزگـار بکـەن -ئـیتر خۆتان‌و مرداڕۆبوو، واته حەڵاڵه بۆتان لەو کاتەدا.

نابێ كەسێك شتی كەسێك بخوات
مەگەر خاوەنەكەی ماوەی پێ بدات

(٨٠٢/ ن /٣٦٥٤)- [عَنِ ابْنِ عُمَرَ، اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (لاَ يَحْلِبَنَّ أَحَدٌ مَاشِيَةَ أَحَدٍ اِلاَّ بِأذْنِهِ اَيُحِبُّ اَحَدُكُمْ اَنْ تُـؤْتَى مَشْـرَبَتُهُ فَيُنْتَشَلَ طَعَامُهُ، وَاِنَّما تُخْزِنُ لَهُمْ ضُرُوعَ مَوَاشِيهِمْ اَطْعِمَـتَهُمْ فَـلاَ يَحْلِـبَنَّ اَحَدٌ مَاشِيَةَ أَحَدٍ اِلاَّ بِأِذْنِهِ). رواه الجماعة الا الترمذی والنسائی. احمد (٤/٢، ٦) (خ/٢٤٣٥) (م/١٧٢٦ـ ١٣) ابوداود (٢٦٢٣) وابن ماجة (٢٣٠٢)].

لە عەبدوڵڵای كوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە فەرمویەتی: هیچ كەسێك حەیوانی كەسێك نەدۆشێت، مەگەر خاوەنەكەی ماوەی پێبدات، ئایا هیچكام لە ئێوە پێی خۆشە بچنە ژووری كەلوپەلیەوەو خواردنەكەی ببرێت؟ دەی گوانی حەیوانەكانیان بێجگە لە ژووری خواردنەكەیان شتێكی تر نیە، كەوابو با هیچ كەسێك حەیوانی كەس بەبێ ئینجازەی خاوەنەكەی نەدۆشێ.

ئەوەی كە ماوەی پێدراوە
بۆ ڕێبوار لە بەروبوم

(٨٠٣/ ن /٣٦٥٧)- [عَنِ ابْنِ عُمَرَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ دَخَلَ حَائِطاً، فَلْيَأْكُلْ وَلاَ يَتَّخِذْ خُبْنَةْ) رواه ابن ماجة (٢٣٠١) والترمذی (١٢٨٧) وقال: غريب لا نعرفه الا من هذا الوجه].

لە عەبدوڵڵای كوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتوە، كە فەرمویەتی: هەركەسێك چووە ناو باخێكەوە با لێی بخوات، بەلاّم هیچ لەگەڵ خۆیدا نەبات.

(٨٠٤/ ن /٣٦٥٩)- [عَنِ الْحَسنِ عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدُبٍ اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اِذَا اَتَى اَحَدُكُمْ عَلَى مَاشِيَةٍ فَأِنْ كَانَ فِيْهَا صَاحِبُهَا فَلَيَسْتَأْذِنَهُ، فَأِنْ أذِنَ لَهُ فَلْيَحْتَلِبْ وَلِيَشْرَبْ وَاِنْ لَمْ يَكُنْ فِيْهَا اَحَدٌ فَلْيُصَوِّتْ ثَلاَثاً فَإِنْ اَجَابَهُ اَحَدٌ فَلْيَسْتَأْذِنَهُ، فَأِنْ لَمْ يُجِبْهُ اَحَدٌ فَلَيَحْتَلِبْ وَلْيَشْرَبْ وَلاَ يَحْمِلْ). رواه ابوداود (٢٦١٩) والترمذی (١٢٩٦) وصححه وقال ابن المدينی سماع الحسن من سمرة صحيحٌ].

لە حەسەنەوە لە سەمورەی كوڕی جوندوبەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەركاتێ هەركام لە ئێوە چووە ناو مەڕو

مالآتێكەوە، ئەگەر خاوەنەكەی تێیدابوو با داوای ئیزنی لیٚ بكات، - بۆ دۆشینی - جا ئەگەر ماوەی دان بابیدۆشێت‌و بیخواتەوە، وە ئەگەر خاوەنەكەی تێیدا نەبوو. با سیٚ جار بانگی خاوەن مالآتەكە بكات، ئەگەر وەلآمی دایەوە، با داوای ئیزنی لیٚ بكات، وە ئەگەر هیچ كەس وەلآمی نەدایەوە با بیدۆشیٚ‌و بیخواتەوەو هەلّی نەگریٚ. واتە هەر ئەوەندەی كە لەویٚ ئەیخوات بدۆشیٚ، ئەم دوو فەرمودەیە ئەبن بە تایبەتكەری فەرمودەی پێش خۆیان، واتە ژمارە (٨٠٢). والله اعلم.

سەبارەت بە میوانداری

(٨٠٥/ ن /٣٦٦٢)- [عَنْ أَبِی شُرَيحِ الْخُزَاعِیِّ، عَنْ رَسُولِ الله (صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ كَانَ يُؤمِنُ بِالله وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفِهِ جَائِزَتَهُ) قَالُوا: وَمَا جَائِزَتُهُ يَا رَسُولَ الله (صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟ قَالَ: يَوْمٌ وَلَيْلَةٌ وَالضِّيافَةُ ثَلاَثَةُ اَيَّامٍ، فَمَا كَانَ وَرَاءُ ذَلِكَ فَهُوَ صَدَقَةٌ، وَلاَ يَحِلُّ لَهُ اَنْ يَثْوِیَ عِنْدَهُ حَتَّی يُحْرِجَهُ) متفق علية. احمد (٣١/٤) (خ/٦٠١٩، ٦١٣٥، ٦٤٧٦) (م/٤٨ـ ١٤) وكذا رواه ابوداود (٣٧٤٨، ٣٦٧٥) والترمذی (١٩٦٧، ١٩٦٨)].

لە باوكی شورەیحی خوزاعیەوە (خوا لیی ڕازی بێ) لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتوە، كە فەرمویەتی: هەركەسێك باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی دوای هێناوە با ڕێزی میوانەكەی‌و خەلآتەكەی بگرێت، وتیان كامەیە خەلآتی ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟ فەرموی (ڕێزی تایبەتە ڕۆژو شەوێك، وە میوانداری سیٚ ڕۆژە پاش ئەوە چاكەیە، وە ڕەوانیە بۆی ئەوەندە بمێنێتەوە، تا گوناهباری بكات، واتە

ئەوەندە بمێنێ کابرا توانای ڕێز لێگرتنی نەبێ، چونکە میوانەو مافی ڕێز لێگرتنی هەیە، کابرا کە نەتوانێ توشی گوناهـ ئەبێت و سەخڵەت ئەبێ.

(٨٠٦/ ن /٣٦٦٤)- [عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَيُّمَا ضَيْفٍ نَزَلَ بِقَوْمٍ فَأَصْبَحَ الضَّيْفُ مَحْرُوماً فَلَهُ اَنْ يَأْخُذَ بِقَدَرِ قِرَاهُ وَلاَ حَرَجَ عَلَيْهِ) رواه احمد (٢/٣٨٠)].

لە ئەبوهریرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەر میوانێك دابەزێتە لای گەلێك و ڕۆژ بکاتەوەو بێبەش کرابێ لە مافی میوانداری بۆی هەیە بەئەندازەی مافی میوانداری وەرگرێت، ئەگەر بەزۆریش بێ، وە هیچ تاوانێك نییە لەسەر ئەو ئیشەی.

رۆن ئەگەر شتی پیسی تێكەوت

(٨٠٧/ ن /٣٦٦٥)- [عَنْ مَيْمُونَةَ: اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سُئِلَ عَنْ فَأْرَةٍ وَقَعَتْ فِي سَمْنٍ فَمَاتَتْ؟ فَقَالَ: اَلْقُوهَا وَمَاحَوْلَهَا وكُلُوا سَمْنَكُمْ) رواه الجماعة الا مسلما وابن ماجة. احمد (٣٢٩/٦-٣٣٠) (خ/٢٣٥-٢٣٦) وابـوداود (٣٨٤١) والترمذی (١٧٩٨) والنسائی (١٧٨/٧)].

لە دایكی باوەڕدارانەوە خاتون مەیمونەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، لـە پێغەمبـەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كـە پرسـیاری لێكـرا لـەبارەی مشـكەوە كـە بكەوێتـە نـاو رۆنەوەو بتۆپێ؟

فەرموی: فڕێی بدەنو چواردەوری جێگاكەیشی -فڕێ بدەن- وە رۆنەكەتان بخۆن، بەڵێ ئەمە وەختێك ئەبێ وای لێ بكرێت كە رۆنەكە بە سبێتی، ئینجا مشـكەكەی تێكەوتبێ، ئەگینا ئەگەر تەڕ بوو، نابێ بخورێ لەبەر فەرمودەی **(وَاِنْ كَانَ مَائِعاً فَلاَ تَقْرَبُوهُ)** ئەگـەر تـەڕبوو نزیكـی نەكەونـەوە، رواه ابـوداود (٣٨٤٢) والنسـائي (١٧٨,٧).

بەرنامـەی خواردن

(٨٠٨/ ن /٣٦٦٧)- [عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (اِذَا اَكَلَ اَحَدُكُمْ طَعَاماً فَلْيَقُلْ: (بِسْمِ اللهِ). فَأِنْ نَسِيَ فِي أوَّلِهِ، فَلْيَقُلْ: بِسْمِ اللهِ عَلَى اَوَّلِهِ وَآخِرِهِ) رواه احمد (٢٠٧/٦، ٢٤٦، ٢٦٥) وابوداود (٣٧٦٧) والترمذی (١٨٥٨) والنسائی فی الكبری (٧٨/٦) رقم (١٠١١٢)].

لە دایكی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە(خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كەوتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەر كاتێ یەكێك لە ئێوە خواردنێكی خوارد، - خواردنەوەیش هەربەم شێوەیە - با بلێت (بسم الله/ بەناوی خوا)وە ئەگەر لە ئەوەڵەوە لە بیری چوو، - هەر كاتێ كەوتە بیری - با بلێت (**بِسْمِ اللهِ اَوَّلِهِ وَآخِرِهِ** / بەناوی خوا لە سەر ئەوەڵو ئاخری).

(٨٠٩/ ن/ش /٣٦٦٧)- [عَنْ جَابِرٍ أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (اِذَا دَخَلَ الرَّجُلُ بَيْتَهُ، فَذَكَرَ اللهَ عِنْدَ دُخُولِهِ وَعِنْدَ طَعَامِهِ قَالَ الشَّيْطَانُ لاَمَبِيتَ لَكُمْ وَلاَعَشَاءَ وَاِذَا دَخَلَ فَلَمْ يَذْكُرِ اللهَ عِنْدَ دُخُولِهِ، قَالَ: الشَّيْطَانُ اَدْرَكْتُمْ الْمَبِيتَ. فَاِذَا لَمْ يَذْكُرِاللهَ عِنْدَ طَعَامِهِ قَالَ: اَدْرَكْتُمْ الْمَبِيتَ وَالْعَشَاءَ) رواه الجماعة الا الترمذی. احمد(٣٨٣/٣) فی الادب(١٠٩٦)

(م/٢٠١٨) وابوداود (٣٧٦٥) وابن ماجة (٣٨٨٧) والنسائى فى عمل اليوم والليلة (١٨٧)].

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی بیستویە لە پێغەمبەرەوە (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) کە ئەیفەرمو: (هەرکاتێ پیاوێ، - ئافرەتیش هەروایە - چووەماڵەوەو یادی خوای کرد، کاتی چونەوە ژورەوەو کاتی خواردن، شەیتان بە بەچکەکانی خۆی ئەڵێ نە جێگای شەو مانەوەتان بۆ هەیەو نە خواردنواتە بڕۆن لێرە بێ سودە بۆتان.وە هەرکاتێ چونە ژورەوە (بسم الله)ی نەکرد، شەیتان ئەڵێ: جێگای شەوتان دەستکەوت، وە ئەگەر یادی خوایشی نەکرد واتە: (بسم الله) لە کاتی خواردن دا، ئەڵێ هەم جێگای شەوو هەم جێگای خواردنتان دەست کەوت. جا تەماشا بکەن ئەی خاوەن باوەڕان چۆن پێغەمبەری ئازیزمان (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) بەووشە بچوك‌و پیرۆزە کە بە ئێمەی وتوە - بسم الله - چ تاوانبارێکمان لێ دور ئەخاتەوە. فەرمودەی دەستی ڕاست‌و لە لای خۆتەوە خواردنمان لە (گوڵزاری چاکان)دا باسکردوە.

(٨١٠/ ن /٣٦٧٢)- [عَنْ أَنس اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ اِذَا طَعِمَ طَعَاماً لَعِقَ اَصَابعَهُ الثَّلاثَ وَقَالَ: (اِذَا وَقَعَتْ لُقمَةُ أَحَـدِكُمْ فَلْـيُمِطْ عَنْهَـا الأَذىَ وَلَيَأْكُلْهَا وَلاَ يَدَعْهَا لِلشَّيْطَان) وَأَمَرَنا اَنْ نَسْلُت } القَصْـعَةَ، وَقَـالَ: (إِنَّكُمْ لاَتَدْرُونَ فِي أيَّ طَعَامِكُمْ الْبَرَكَـةَ) رواه احمـد (٢٩٠/١٧٧/٣) ومسـلم (٢٠٣٤-١٣٦) وابوداود (٣٨٤٥) الترمذى (١٨٠٣) وصححه].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلیَّ اللّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) هەرکاتێ خواردنی بخواردایە سێ پەنجەکەی - کە خواردنی پێ ئەخوارد - ئەلێسایەوەو ئەیفەرمو (هەرکاتێ پاروی یەکێکتان کەوت با هەرچی پێوە دراوە لای بات‌و بیخوات، وە وازی لێنەهێنێ بۆ شەیتان.وە فەرمانی پێ ئەکردین کە کاسە

بلێسینەوەو فەرموی: بەڕاستی ئێوە نازانن لە کام خواردنتاندا فەڕو بەرەکەت هەیـە. جا لەبەرئەوە فـەرموی هیچـی خەسـار مـەدەن نـەوەك لـەو بەشـەدا فـەڕو بەرەکـەت هەبێت،وە بەم شێوەیە لـە زیـاد رەوی‌و خـۆ بەگـەورە گـرتن دورمـان ئەخاتـەوە, بـە داخـەوە ئێسـتا شـەربەت‌و شـتی‌وایش تـەواو نـاخۆن‌و پێیـان عـەیبە تـەواوی بکـەن هەرچەندە ئەزانن کە ئەو شتە تازە لە خاوەنەکەی چوە بیخۆن یا نەیخۆن, جابۆچی؟!

دروستە لە ماڵ دا شت دابەش بکەیت بەسەر خۆت و میوان دا ئەگەر کەم بوو

(٨١١/ ن /٣٦٧٤)- [عَنْ جَابِرٍ اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اَتَى بَعْضَ حُجَرِ نِسَائِهِ، فَدَخَلَ، ثُمَّ أذِنَ لِي فَدَخَلْتُ، فَقَالَ: (هَلْ مِنْ غَدَاءٍ؟) فَقَالوُا نَعَمْ، فَأُتِيَ بِثَلاثَةِ أقْرِصَةٍ فَأَخَذَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قُرْصاً فَوَضَعَهُ بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَخَذَ قُرْصاً آخَرَ فَوَضَعَهُ بَيْنَ يَدَيَّ، ثُمَّ أخَذَ الثَّالِثَ فَكَسَرَ بِاثْنَتَيْنِ فَجَعَلَ نِصْفَهُ بَيْنَ يَدَيْهِ وَنِصْفَهُ بَيْن يَدَيَّ، ثُمَّ قَالَ: (هَلْ مِنْ أُدْمٍ؟) قَالوُا: لاَ, اِلاَّ شَيْءٌ مِنْ خَلٍّ ، قَالَ: (هَاتُوهُ) فَنِعْمَ الأُدْمُ هُوَ) رواه احمد (٣/٣٧٩) ومسلم (٢٠٥٢-١٦٩)].

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتە حوجرەی یەکێ لە خێزانەکانیەوەو چووە ژورەوە، لە پاشان ماوەی پێدام منـیش چووەمە ژورەوە، فەرموی: (خواردنی بەیانیمان هیچ هەیە؟).

وتیان: بەڵێ.

جا سێ کولێرەیان هێناو پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەستی برد یەکێکیانی خستە بەر دەستی خۆیو یەکێکیانی تری خستە بەر دەستی منو لە پاشان سێیەمیانی لەت کرد، نیوەی لەبەردەستی خۆی داناوو نیوەکەی تری خستە بەر دەستی من، لە پاشان فەرموی: ئایا پێخۆر هەیە؟

وتیان: نەخێر، بێجگە لە شتێکی کەم لە سرکە.

فەرموی: (بیهێنن) جا فەرموی ئەوە پێخۆرێکە چاکە.

شەو پێش خەوتن ئەگەر دەستی چەوربو بەهۆی چەوری خواردنەوە بشۆرێت

(٨١٢/ ن /٣٦٨٠)- [عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (مَنْ بَاتَ وَفِي يَدِهِ (رِيحُ) غَمَرٍ وَلَمْ يَغْسِلْهُ فَأَصَابَهُ شَيءٌ فَلاَ يَلُومَنَّ إِلاَّ نَفْسَهُ) رواه الجماعة الا مسلماً. احمد(٢/٢٣٦،٥٣٧) في الادب (١٢٢٠) وابوداود(٣٨٥٢) وترمزی (١٨٥٩) والنسائي (٣٤٤/٢) وابن ماجة (٣٢٩٧)].

لە ئەبوهورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: کەسێ شەو بخەوێتو بەدەستییەوە چەوری نان خواردن هەبێتو نەیشۆردبێ، جا هەرچی بە سەرهات با تەنها سەرزنشتی خۆی بکات.

دوعای پاش نان خـواردن

(٨١٣/ ن /٣٦٨١)- [عَنْ أَبِى اَمَامَةَ اَنَّ النبَّـىَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ إِذَا رَفَعَ مَائِدَتَهُ قَالَ: (الْحَمْدُ لله كَثِيراً طَيِّباً مُبَارَكاً فِيهِ غَيْرَ مَكِفِّىٍّ وَلاَمُـوَدَّعٍ وَلاَمُسْـتَغْنىً عَنْـهُ رَبَّنَـا) رواه الجماعـة الا مسـلماًو النسـائى. احمـد (٢٥٢/٥) (خ/٥٤٥٨) وابوداود (٣٨٤٩) والترمذى (٣٤٥٨) وابن ماجة (٣٢٨٤)].

لە ئەبو ئەمامەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوەکە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) هەرکاتێ سفرەیان لە پێش هەڵئەگرت، ئەیفەرمو: سوپاس بۆ خوا، سوپاسێکی زۆرو پاكو بەرێز، ئەمە بەس نەبێ، - بەڵکو هەم بۆمان بێت -وە خواحافیزی لێکراو نەبێ، وە بێ‌نیاز نەبین لێی، - نمەك نەشناس نەبین - ئەی پەروەردگارمان. وە چەند دوعایەکی تر لەمبارەوە هاتون[1].

---

(١) بۆ زیاتر شارەزابون، تەماشای ژمارە (٣٦٨١ تا٣٦٨٤) و شەرحەکانیان لە سەرچاوەی پێشو بکە.

باسی خـواردنەوە

(٨١٤/ ن /٣٦٨٥)- [عَنِ ابْنِ عُمَرَ اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (مَنْ شَرِبَ الْخَمْرَ فِي الدُّنْيَا، ثُمَّ لَمْ يَتُبْ مِنْهَا حُرِمَهَا فِي الآخِرةِ) رواه الجماعة الاّ ان الترمذی روی بنحوه. احمد (٢/٢٨،٢١،١٩) (خ/٥٥٧٥) م (٣-٢٠٠٣-٧٦،٧٧،٧٨) وابوداود (٣٦٧٩) والترمذی (١٨٦١) والنسائی (٨/٣١٧) وابن ماجة (٣٣٧٣)].

لە عەبدوڵای كوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: هەركەسێك ئارەق بخواتەوە لە دنیادا و لە پاشان تەوبە نەكات لێی، - بێ بەش ئەكرێت لێی لە دوارۆژدا. جا یان نایخاتە بەهەشتەوەوە ئەگەر بە حەڵاڵی دانابێ - یان لە بەهەشتدا پێی نادرێت و ئەبێ بە ڕۆشنكەرەوەو بەتایبەتكەری **(فِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الأَنْفُسُ...)** وێنەكانی، والله اعلم.

(٨١٥/ ن /٣٦٩٨)- [وَعَنْهُ اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (كُلُّ مُسْكِرٍ خَمْرٌ وَكُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ) رواه الجماعة الاّ البخاری وابن ماجة احمد (٢/١٦) م(٣-٢٠٠٣-٧٤) وابوداود (٣٦٧٩) والترمذی (١٨٦١) والنسائی (٨/٢٩٦)].

وە هەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەمو سەرخۆشكەرێك عارەقە،وە هەمو سەرخۆشكەریش قەدەغەیە، لەبارەی عارەقەوە فەرمودە زۆرە بەمەی خوارەوە كۆتایی پێ دێنین لێرەدا.

(٨١٦/ ن /٣٧٠٤)- [عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ، قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (كُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ وَمَا أَسْكَرَ الْفَرَقُ مِنْهُ فَمِلْءُ الْكَفِّ مِنْهُ حَرَامٌ) رواه احمد (٧١،٧٢،١٣١/٦) وابوداود (٣٦٨٧) والترمذی (١٨٦٦) وقال حديث حسن].

لە دایكی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرشتێك سەرخۆشكەر بێ قەدەغەیە،وە ئەوەی كە گۆزەیەكی سەرخۆش بكات،واتە ئەگەر كابرایەك گۆزەیەكی لێ بخوات ئینجا سەرخۆشی بكات، پڕی گوێلێكیشی قەدەغەیە.

ناوەڕۆك حسابە نەك ناو

(٨١٧/ ن /٣٧١٢)- [عَنِ ابْنِ مُحَيْرِيزٍ عَنْ رَجُلٌ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (يَشْرَبُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي الْخَمْرَ وَيُسَمُّونَهَا بِغَيْرِ اسْمِهَا) رواه احمد (٢٣٧/٤) والنسائي (٣١٢/٨)].

لە کوڕی موحەیریزەوە (خوا لێی ڕازی بێ) لە پیاوێك لە یارانی پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتوەکە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: بەشێك لە گەلەکەی مـن عارەق ئەخواتەوەو ناوی ئەبەن بەغەیری ناوی خۆی. ڕاستت فەرموو ئەی پێغەمبەری ئازیز (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئێستا ئەیخۆنەوەو خۆیان بە موسوڵمان ئـەزانن‌و ناویـان نـاوە (مەشروباتی رۆحی، ئاو جۆی ئیسلامی‌و...هتد).

ئاو خواردنەوە لە هەمو زەرفێکدا دروستە بێجگە لە زێڕو زیو

(٨١٨/ ن /٣٧٢٤)- [عَنْ بُرَيْدَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنِ الأَشْرِبَةِ اِلاَّ فِي ظُرُوفِ الأَدَمِ فَاشْرَبُوهُ فِي كُلِّ وِعَاءٍ، غَيْرَ اَلاَّ تَشْرَبُوا مُسْكِراً) رواه احمد (٣٥٦/٥،٣٥٥،٣٥٠) ومسلم (٩٧٧-٦٥) والنسائي (٣/٨) وابوداود (٣٦٩٨)].

لە بورەیدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: من بەرگریم لە ئێوە کردبو کە ئاو بخۆنەوە مەگەر لە کاسەی چەرمدا، ئێستا -بخۆن لە هەمو کاسەیەکدا - بێجگە لە کاسەی زێڕوزیو[1] - بەڵام- سەرخۆشکەر نەخۆنەوە.

---

(١) وەکو لە فەرمودەی بەرائی کوڕی عازبدا هاتوە (... وَعَنِ الشُّرْبِ بالفضة- وە لە خواردنەوەی کاسەی زیو)، کە ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردوە.

تێكەڵاو كردنی خورما و مێوژوو هەر جۆرێكی تر

(٨١٩/ ن /٣٧٢٤)- [عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (لاَ تَنْبِذُوا التَّمْرَ وَالزَّبِيبَ جَمِيعاً وَلاَ تَنْبِذُوا التَّمْرَ وَالْبُسْرَ جَمِيعاً، وَانْبِذُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُنَّ وَحْدَهُ) رواه احمد (٢/٤٤٥/٥٢٦) ومسلم (١٩٨٩-٢٦) والنسائى (٨/٢٩٣) وابن ماجة (٣٣٩٦)].

لە ئەبوهورەیرەوە (خوالێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئاوی خورماو مێووژ بەیەكەوە نەگرن، وە ئاوی خورماو خورمای كاڵ بەیەكەوە نەگرن -(بوسر) پێش ئەوەیە كە ببێ بە روتەبو لە پاش روتەب خورمایە - هەمو یەكێك لەوانە بەتەنها ئاوی بگرن، وە لەمبارییەوە دەیان فەرمودەی تر هەیەو كە زۆر ڕاست یان جوانن، چونكە زوو ئەبن بە (شەراب)، بەڵام ئەگەر زیاتر لە دوو ڕۆژی نەخایەند ئەخورا قەیناكە بەیەكەوە ئاویان بگیرێت، لەبەر ئەم فەرمودەی خوارەوە.

(٨٢٠/ ن /٣٧٣٥)- [عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: كُنَا نَنْبُذُ لِرَسُول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِى سِقَاءٍ فَنَأْخُذُ قَبْضَةً مِنْ تَمْرٍ وَقَبْضَةً مِنْ زَبِيب فَنَطْرَحُهُمَا، ثُمَّ نَصُبُّ عَلَيْهِ الْمَاءَ فَنَنْبُذُهُ غُدْوَةً فَيَشْرَبُهُ عَشِيَّةً وَنَنْبُذْهُ عَشِيَّةً فَيَشْرَبُهُ غُدْوَةً) رواه ابن ماجة ورجاله صحيح (٣٣٩٨) كذا رواه الامام احمد (٦/٤٦)].

لە دایکی باوەڕدارانـەوە خـاتون عـائیشـە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، کـە وتویـەتی: (ئێمە ئاومان ئەگرت لـە کونـەدا، مشـتێ خورمـاو مشـتێ مێوژمـان فـڕێ ئەدایـە ناویەوەو لەپاشدا ئاومان ئـەکرد بەسـەریاو بـەیانی -بەوشـێوەیە- ئاومـان ئـەگرت، ئێوارە ئەیخوارد،وە ئێوارە -بەهـەمان شـێوە- ئاومـان ئـەگرتو بـەیانیان ئـەیخوارد، ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە تێکەڵاوەکـە خـۆی قەدەغـە نییـە، مانـەوەو بـوونی بەسەرخۆشکەر خراپە[1]. واللە اعلم.

نەریتی ئاو خواردنەوە

(٨٢١/ ن /٣٧٤٥)- [عَنْ أبي قَتَادَةَ قَـالَ: قَالَ رَسُولُ الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ): (اِذَا شَرِبَ اَحَدُكُمْ فَلاَ يَتَنَفَّسْ فِي الإِنَاءِ) (م/٢٦٧-٦٣،٦٥) والنسائى (٤٣/١) والترمذى (١٨٨٩)].

لە باوکی قەتادەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: (هەرکاتێ هەر یـەك لـە ئێـوە ئـاوی خـواردەوە بـا هەناسـەی نەکاتەوە ناو ئاوەکە،وە خواردنەوە بەسێ جار سونەتە.

لەبەر فەرمودەی (**كَانَ يَتَنَفَّسْ فِي الإِنَاءِ ثَلاَثاً**) متفق علیه. پێغەمبەر (صَلیَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە سێ جـار ئـاوی ئـەخواردەوە، هەناسـەی ئـەدا پـاش هـەمو بەشـێك لـە خواردنەوەکە.وە فەرمودەی تر لەمبارەوە زۆرە.

---

(١) بۆ زیاتر شارەزابونی ئەم باسە تەماشەی ژمارەی (٣٧٤٠ تا ٣٧٤٣) لە سەرچاوەی پێشو، بکە.

(٨٢٢/ ن /٣٧٥٠)- [عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (لاَيَشْرَبَنَّ أَحَدٌ مِنْكُمْ قَائِماً، فَمَنْ نَسِيَ فَلْيَسْتَقِئْ) رواه مسلم].

لە ئەبوهورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: با هیچكام لە ئێوە بە پێوە ئاو نەخواتەوە، جا ئەگەر لە بیری چوو، واتە بە پێوە ئاوی خواردەوە، با بڕشێتەوە ئەمە بەڵگەیە لەسەر خراپی ئاو خواردن بە پێوە، بەڵام حەرام نییە، چونكە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە پێوە ئاوی زەمزەمی خواردوەتەوە، وە ئیمامی عەلیش (خوا لێی ڕازی بێ) بە پێوە ئاوی خواردوە وتویەتی: پێغەمبەرم (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دی وەكو منی كردوە،واتە بە پێوە ئاوی خواردوەتەوە. والله اعلم.

(٨٢٣/ ن /٣٧٥٥)- [وَعَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (نَهَى أَنْ يُشْرَبَ مِنْ فِي السِّقَاءِ) رواه احمد (٢٤٧،٣٢٧،٣٥٣/٢) والبخاری (٥٦٢٨،٥٢٥٧) وابن ماجـة (٣٤٢٠)].

وە هەر لەوەوە هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری كردوە لە ئاو خواردنەوە لە دەمی كونەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەرنادروستی ئەو جۆرە ئاوخواردنەوە، چونكە لەوانەیە شتی تێدابێ‌و دوچاری ئازاری بكات، من بە چاوی خۆم ئەمەم دیوە كە بەهۆی ئەو جۆرە ئاو خواردنانەوە زەرو (زالو) چووەتە قوڕگی دوو كەسەوە پاش ئێش‌و ئازاری زۆر من هەستم پێ كردوە، سوپاس بۆ خوا رزگارم كردن، كە یەكێكیان دایكی خۆم بوو، خوا لێی خۆش بێت‌و گەردنشی لە هەمو شت بەو هۆیەوە ئازاد كردم، ئەویتریان خزمێكی تری خۆم بو بەناوی عوسمان قادر كە نەماوە خوا لێی خۆشبێ. بەڵام ئەو جۆرەیش حەرام نییە، چونكە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە ماڵی ئومو سولەیم دا لە دەمی كونەوە بە پێوە

ئاوی خواردوەتەوە، جا بۆ شارەزایی زیاتر تەماشای فەرمودەی ژمارە (٣٧٤٨ تا ٣٧٥٨) بکە لە (نیل الاوطار)دا.

دەم شۆردن لە پاش شیر خواردن

(٨٢٤/ ن /٣٧٥٩)-[عَنْ ابْنِ عَبَاس، اَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شَرِبَ لَبَناً فَمَضْمَضَ وَقَالَ: (إِنَّ لَهُ دَسَماً) رواه الجماعة احمد (٢٢٣،٢٢٧،٣٢٩/١) (خ/٥٦٠٩، ٢١١) (م/٣٥٨-٩٥) وابوداود(١٩٦)والترمذی (٨٩) والنسائی (١٠٩/١) وابن ماجة (٤٩٨)].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شیرێکی خواردەوەو ئاوی گێڕا بەدەمیاو فەرموی: (بە ڕاستی ئەو چەورایی هەیە). هەر بەم شێوەیە چاك وایە، مرۆڤ هەر شتێکی چەوری خوارد، دەمی بشۆرێت.

دروستە لە ناو كۆڕێكدا خواردنەوەیەك بدرێ بە كەسێك و بیخواتەوە و پاشان بۆ لای راست

(٨٢٥/ ن /٣٧٦٠)- [عَنْ أَنَسٍ اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أُتِيَ بِلَبَنٍ قَدْ شِيبَ بِمَاءٍ وَعَنْ يَمِينِهِ أَعْرَابِيٌّ وَعَنْ يَسَارِهِ اَبُو بَكْرٍ فَشَرِبَ ثُـمَّ اَعْطَـى الأَعْرَابِيَّ وَقَالَ: (الأَيْمَنُ فالأَيْمَنُ فالأَيْمَنُ) رواه الجماعة الا النسـائي. احمـد (١١٣/٣) (خ/٥٦١٩) (م/٢٠٢٩-١٢٤،١٢٥) وابـوداود (٣٧٢٦) والترمـذی (١٨٩٣) وابن ماجة (٣٤٢٥)].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بـە ڕاسـتی پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شیرێ كە ئاوی تێكرا بوو، بۆی هێنراوە لە لای ڕاست عەرەبێكی دەشـتەكی دانشـت بوو،وە لای چەپیەوەئەبوبەكر (خوا لێی ڕازی بێ) جا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) - شیرەكەی خـواردەوە- و ئـەوەی كـە لێـی مایـەوە دای بـە عـەرەبەكـەو فـەرموی: لـە راستەوە لە راستەوە دەست پێبكەن. وە باشوایـە كـە ئـەو كەسـەی ئـاو ئـەدات بـە خەڵك خۆی پاش ئەوان بخوات.وە چەند فەرمودەش لەمبارەوە هەیە لەوانە **(إِنَّ سَاقِيَ الْقَـوْمِ آخِـرُهُمْ)** رواه مسـلم (٦٨١)، بـە ڕاسـتی ئـاو دەری قـەوم ئاخریانـە بـۆ ئـاو خواردنەوە.

سەبارەت بە نەخۆشی و چارەسەر كردنی

(٨٢٦/ ن /٣٧٦٣)- [عَنْ أُسَامَةَ بْنِ شَرِيكٍ قَالَ: جَاءَ أَعْرَابِيٌّ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ، أَنَتَدَاوَى؟ قَالَ: نَعَمْ، فَإِنَّ اللهَ لَمْ يُنْزِلْ دَاءً إِلاَّ أَنْزَلَ لَهُ شِفَاءً، عَلِمَهُ مَنْ عَلِمَهُ وَجَهِلَهُ مَنْ جَهِلَهُ) رواه احمد(٢٧٨/٤)].

لە ئوسامەی كوڕی شەریكەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: عەرەبێك هات وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئایا ئێمە تیماری خۆمان بكەین؟

فەرمووی: بەڵێ، بە ڕاستی خوا هیچ نەخۆشییەك ڕەوانە ناكات، هەتا چارەسەرەكەیشی بۆ ڕەوانە نەكات،وە لەوشەی تردا هاتوە، كە فەرمویەتی (**تَدَاوَوْا عِبادَ الله**/ تیماری خۆتان بكەن ئەی بەندەكانی خوا). تورمزی (٢٠٣٨).

واتە: فەرمانی داوە بە تیماركردنو چارەسەری نەخۆشی، بەڵام ئەبێ بزانێ ئەو چارەسەرەیانە هۆو كەرەسەن بۆ لابردنی نەخۆشی، تەنها خوا خۆی شیفا ئەدات. لێرەیش فەرمووی: هەندێ ئەیزانن هەم نەخۆشییەكەو هەم چارەسەرەكەیو هەندێكی نایزانێ، جا ئەوەی زانی بەیارمەتی خوا شیفای بۆ دێتو ئەوەش كە نەیزانی ئاشكرایە ئارەزوی خوا لە سەر ئەوەیەو نەخۆشییەكەی چارەسەر نابێ،وە فەرمودەی (٧٠) هەزار بەبێ حیساب ئەچنە بەهەشتەوە دژی چارەسەر نییە بە شتی ڕەوا، ئاشكرایە پشت بەستنی تەواووا لە مرۆڤ ئەكات، كە چارەسەر پشت گوێ بخاتو هەر چاوەڕوانی شیفا لە خوا بكات.

چارەسەر بە شتی قەدەغە ڕەوا نیە

(٨٢٧/ ن /٣٧٧٠)- [عَنْ وَائِلِ بْنِ حُجْرٍ، اَنَّ طَارِقَ بْنِ سُوَيَدَ الْجُعْفِيَّ سَأَلَ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنِ الْخَمْرِ؟ فَنَهَاهُ عَنْهَا فَقَالَ: إِنَّمَا أَصْنَعُهَا لِلدَّوَاءِ؟ قَالَ: (إِنَّهُ لَيْسَ بِدَوَاءٍ وَلَكِنَّه دَاءٌ) احمد (٣١١،٣١٧/٤) ومسلم (١٩٨٤-١٢) وترمزي(٢٠٤٦) وابوداود(٣٨٧٣)].

لە وائیلی کوڕی حوجرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە تاریقی کوڕی سوەیدی جەعەفی لەبارەی عارەقەوە پرسیاری کرد لە پێغەمبەری (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەویش بەرگری کرد، وتی: دروستکردنەکەم تەنها بۆ دەرمانە؟

فەرموی: (ئەوە دەرمان نیە، بەڵکو ئەوە دەردە). واتە نابێ بە عارەق چارەسەری نەخۆشی بکرێت، چونکە هەر خۆی نەخۆشییەو لە هەمو نەخۆشییەکانی تر خراپترە، یاخوا تەنها لە بەهەشتدا بیخۆین. لە دنیادا دەمو سکمان لێی پاك بێ.

(٨٢٨/ ن /٣٧٧٢) -[عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنِ الدَّوَاءِ الْخَبِيثِ يَعْنِي السُّمَّ) رواه الخمسة الا النسائي. احمد (٣٠٥،٤٤٦،٤٧٨/٢) وابوداود (٣٨٧٠) والترمذي (٢٠٤٥) وابن ماجة (٣٤٥٩)].

لە ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرگری کردوە لە دەرمانی پیس مەبەستی ژارە بەڵێ پێغەمبەری ئازیزمان

(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ماوەی داوە كە میزی وشتر بخورێت بۆ دەرمـان ئەگـەر بڵـێن پاكـە وەكو رای هێندێ زانایان ئـەوە بەڵگەیـە لەسـەرئەوەی كـە میـزو شـیاكەی حـەیوانی گۆشت حەڵاڵ پاكەوە ئەگەر بڵێن پیسە ئەوە ئەبێ بەتایبەتكەری ئەم فەرمودەیە كـە مانامان كرد، والله أعلم.

(٨٢٩/ ن /٣٧٧٩)- [عَنْ جَابِرٍ قَالَ: سَـمِعْتُ رَسُـولَ اللهِ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (إِنْ كَانَ فِي شَيْءٍ مِنْ أَدْوِيَتِكُمْ خَيْرٌ، فَفِي شَـرْطَةِ مِحْجَـمٍ أَوْ شَرْبَةِ عَسَلٍ أَوْ لَذْعَةِ بِنَارٍ تُوافِقُ الدَّاءَ وَمَا أُحِبّ أَنْ أَكْتَوِي) متفق عليـهْ. احمد (٣/٣٤٣) (خ/ ٥٦٨٣، ٥٧٠٢، ٥٧٠٤)، (م/٥/٢٢٠٥/٧١)].

لە جابیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كـە وتویـەتی: بیسـتم لـە پێغەمبـەری خـواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە ئەیفەرمو: ئەگەر لە شتێ لـە دەرمانەكانتانـدا فـەڕو بەرەكـەت هەبێ ئەوە لە كەڵە شاخگرتنو لە خواردنەوەیەكی هـەنگوینو داخكردنێكـی ئـاگردا هەیە، كە هەڵكـەوێ لـە نەخۆشـیەكەوە مـن پـێم خـۆش نیـە خـۆم داخ بكـەم، وە لـە ڕیوایەتی تردا بەرگری لە داخ كردن كردوە[١]، وە هەنـدێ كـەسو لـە هەنـدێ كاتـدا ماوەی پێ داوە وەكو ناردنی دكتۆر بۆلای ئوبەیی كوڕی كەعب پارچە ڕەگێكی لـێ بڕیو لە پاشان داخی كرد[٢]، وە سەعیدی كوڕی مەعازیشی ئەو دەمـارەی كـە بـڕا بوو دوجار داخ كرد[٣]. واتە ئەگەر پێویستی كرد لەسـەر بڕیـاری دكتـۆری شـارەزاو مسوڵمان قەیناكە داخ كردن.

---

(١) تەماشای ژمارە (٣٧٧٧ تا ٣٧٧٨) لە سەرچاوەی پێشوو، بكە.
(٢) تەماشەی ژمارە (٣٧٧٣) لە سەرچاوەی پێشو، بكە.
(٣) تەماشای ژمارە (٣٧٧٤) لە سەرچاوەی پێشو، بكە.

دەربارەی نوشتەو مورووسەوز و شتی تر

(٨٣٠/ ن /٣٧٨٦)- [عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (إِنَّ الرُّقَى وَالتَّمَائِمَ وَالتِّوَلَةَ شِرْكٌ) رواه احمد (٣٨١/١) وابوداود (٣٨٨٣) وابن ماجة (٣٥٣٠)].

لە عەبدوڵڵای كوڕی مەسعودەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: نوشتە، هەڵواسینی مروی - سەوز بۆ چاوەزار -وە بەكارهێنانی شێوەی جادوی بۆ خۆشەویستكردنی ئافرەت لەلای مێردی، شیركن و هەڵگریان تاوانبارە.

(٨٣١/ ن /٣٧٩١)- [عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: كُنَّا نَرْقَى فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَقُلْنَا يَارَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، كَيْفَ تَرىَ فِي ذَلِكَ؟ فَقَالَ: (اعْرِضُوا عَلَيَّ رُقَاكُمْ، لاَ بَأْسَ بِالرُّقَى مَا لَمْ يَكُنْ فِيْهِ شِرْكٌ) رواه مسلم (٢٢٠٠ـ ٦٤) وابوداود (٣٨٨٦)].

لە عەوفی كوڕی مالیكەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: ئێمە لە سەردەمی نەفامی دا نوشتەمان ئەكرد، لەبەرئەوە وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەوە چۆن تەماشا ئەكەیت؟

فەرموی: نوشتەكانتانم پیشاندەن، نوشتە قەیناكات ئەگەر شیركی تێدا نەبێ، واتە داواو پاڕانەوەی لە خوا زیاتری تێدا نەبێ، چونكە هەر خۆی ئەتوانێ شیفای

نەخۆش بدات، ئەگەر داواکردنی بێجگە لە خوای تێدا بوو، یان بە وشەیەك بو کە مانای نەئەزانرا دروست نیە، پێویستە ئەوەش بزانین کە رێگای چارەسەری نەخۆش بە دوو جۆر ئەبێ، یان بە رۆحی کە تەنها بە قورئانو فەرمودە بە نرخەکانی پێغەمبەرو (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پاڕانەوەی مرۆڤە زیندوەکان بۆ یەکتر، ئەو قورئانو نزایانەی پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەسەر نەخۆشەکەدا، یان شتێ کە نەخۆشەکە بە خواردنی سودی لێوەرگرێت، ئەخوێنرێت ئیتر بۆ نوسین لە کاغەزو هەڵگرتنی هیچ بەڵگەیەکی ڕاستو دروستمان نیە، بەڵام ئەگەر بۆ کەسێکی منداڵ یان کەسێ نەتوانێ فێری ببێ، ئەگەر بنوسرێت بۆی، چونکە زەرورەتە دروستە بەڵام هەرکەسێ هەستێ هەندێ ئایەت بۆ بابای نەخۆش کە خۆی ئەتوانێ بیانخوێنێ، بنوسێتو بڵێ بە خۆتیەوە هەڵواسە، شتێکی خراپەو بیریان لەوە نەکردوەتەوە کە بردنی ئایەتی قورئان بۆ سەر پێشاو بە لەشی پیسەوە نەوەك دروست نیە بەڵکو جێگای مەترسیە بۆ ئیمان. چارەسەری دووهەم بە شتە مادەکانە ئەمانە هەر پیسو قەدەغە نەبن بەکارهێنانیان بەو مەرجە کە لە کەسێکەوە وەری گرن، کە جێگای باوەڕەیان بێو سودو زیانی شتەکە بزانی هیچ قەیناکە[1]. واللہ اعلم.

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٣٧٨٧ تا ٣٧٩٢) لە سەرچاوەی پێشو، بکە.

خوێندنی سورەتی ئیخلاس و فەلەق و ناس بۆ نەخۆش باشە

(٨٣٢/ ن /٣٧٩٣)- [عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: (كَانَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا مَرِضَ أَحَدٌ مِنْ أَهْلِهِ نَفَثَ عَلَيْهِ بِالْمُعَوِّذَاتِ. فَلَمَّا مَرِضَ مَرَضَهُ الَّذِي مَاتَ فِيْهِ جَعَلْتُ أَنْفُثُ عَلَيْهِ وَأَمْسَحُهُ بِيَدِ نَفْسِهِ، لأَنَّهَا أَعْظَمُ بَرَكَةً مِنْ يَدِي) رواه الجماعة الا النسائي والترمذي. احمد (٦/١٠٤،١١٤) و (خ/٤٤٣٩، ٥٠١٦، ٥٧٣٥، ٥٧٥١) و (م/٢١٩٢ــ ٥٠ــ ٥١) وابوداود (٣٩٠٢) وابن ماجة (٣٥٢٩)].

لە دایكی باوەڕدارانەوە خاتون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەركاتێ یەكێك لە بنەماڵەكەی نەخۆش بكەوتایە، ئەو - سێ سورەتەی سەرەوەی - ئەخوێند بەسەر نەخۆشەكەو فوی لێ ئەكرد، جا كاتێ خۆی نەخۆش كەوت ئەو نەخۆشییەی كە لەودا كۆچی كرد، من بە هەناسەوە ئەم خوێند بە سەریاو دەستی خۆیم ئەهێنا بەسەر لەشی دا، چونكە دەستی ئەو بەرێزتر بوو - لە دەستی من - لە فەڕو بەرەكەتدا، بە ڕاستی ئەم سێ سورەتە چەكێكی زۆر پیرۆزو برندەن بۆ لەناوبردنی دوژمنانی لەشی خواناس، پێویستە ئەوەش بزانین كە باوەڕبونی نەخۆشەكە بەو سودەی ئەوانو ڕاستیو دروستیو پەر هێزكاری خوێنەرەكە، زۆر كاریگەرن لەوەرگرتنی نزاكەو شیفای نەخۆشەكەدا.

چاو کار ئەکات و داوای خۆشۆردن لە چاوپیس

(٨٣٣/ ن /٣٧٩٦)- [عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (الْعَيْنُ حَقٌّ، وَلَوْ كَانَ شَيْءٌ سَابِقٌ الْقَدَرَ لَسَبَقَتْهُ الْعَيْنُ، وَإِذَا اسْتُغْسِلْتُمْ فَاغْسِلُوا). رواه احمد (١/٢٧٤، ٢٩٤) ومسلم (٢١٨٨ــ ٤٢) الترمذي (٢٠٦٢) وصححه والنسائي في الكبرى (٤/٣٨١) رقم (٧٦٢٠)].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: چاو ڕاستە -کاری گەرە لە مرۆڤدا بە فەرمانی خواوەکو چەك-، وە ئەگەر شتێك لە ئەندازەگیریو تەقدیری خوا پێش بکەوتایە، چاو پێش ئەکەوت. واتە هیچ شتێك لە تەقدیرێ کە خوا داینـاوە پێش ناکەوێت، -جا ئەفەرموێت-وە هەرکاتێك چاوتان کاری کردە کەسێكو — پێتان وترا خۆتان بشۆرن -با هەرچی زوتر- خۆتان بشۆرن.

بەڵێ شێوەی ئەم خۆشۆردنەیش باسکراوە[1]، بەم شێوەی خوارەوە، بە کابرای پیس -وەختێ زانرا بە ڕاستی نەك بەگومان- ئەوترێت کە دەست نوێژێ بگرێو ئەژنۆکانیو شەرمگەیشی بشۆرێو ئاوەکەی نەڕێژێتو لە پشتەوە کە کابرای چاو لێدراو نەزانێ ئاوەکە بکرێت بە ملو پشتیا، ئینشائەڵڵا شیفای بۆ دێت، وەکو روداوی (سەهلی کوڕی حەنیفی -چاو لێدراو- عامیری کوڕی رەبیعەی خاوەن چاو).

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٣٧٩٨) لە سەرچاوەی پێشوو، بکە.

باسی سوێن خواردن و كەفارەتەكەی

(٨٣٤/ ن /٣٨٠١)- [عَنِ أَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): اَلْيَمِينُ عَلَى نِيَّةِ الْمُسْتَحْلِفِ) رواه مسلم (١٦٥٣ــ ١٢) وابن ماجة (٢١٢٠)]..

له ئەبوهورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: سوێن لەسەر نیەتی سوێندەرە،واتە ئەو مەبەستی چۆنە سوێندەكە بەو شێوەیە نەك بەنیەتی سوێن خۆر، چونكە ئەگەر وابێ هەركەسێ بۆخۆی لە كاتی سوێندا مەبەستێك لە دڵی خۆیدا دائەنێ‌و سوێن ئەخوات بە شێوەیەك كە سودی خۆی بێ‌و مافی كابرای سوێن بۆ خوراو لە ناو ئەچێت‌و سود لە سوێند خواردندا نامێنێت.

کەسێ سوێند بخوات و إن شاء الله بکات، سوێند کەوتنی تێدا نیە

(٣٨٠٣/٨٣٥)- [عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (مَن حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ فَقَالَ: إِنْ شَاءَ اللهُ ـ فلا حِنْثَ عَلَيْهِ) رواه الخمسة.
احمد (٦/٢، ١٠، ٤٨، ٤٩، ٦٨، ١٢٦، ١٢٧، ١٥٣) ابوداود (٣٢٦١، ٣٢٦٢) والترمذی (١٥٣١) والنسائی (١٢/٧، ٢٥) وابن ماجة (٢١٠٥)].

لە عەبدولڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکەسێ سوێند لەسەر شتێك بخوات و بڵێ (**إِنْ شاءالله**/ ئەگەر خوا ئارەزوی لێبێ) ئەوە سوێند کەوتنی تێدا نیە، ئەگەر ئەنجامیدا ئەوە کە هیچ وە ئەگەر ئەنجامیشی نەدا مانای وایە، خوا ئارەزوی لێ نەبووەو سوێندی ناکەوێ.

کەسێ وتی خەڵات نادەم بەزەکاتدان سوێندی ناکەوێ

(٨٣٦/ ن /٣٨٠٥)- [عَنِ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا أُتِيَ بِطَعَامٍ سَأَلَ عَنْهُ اَهَدِيَّةٌ اَمْ صَدَقَةٌ؟) فَإِنْ قِيلَ: صَدَقَةٌ. قَالَ لأَصْحَابِهِ: (كُلُوا) وَلَمْ يَأْكُلْ. وَاِنْ قِيلَ هَدِيَّةٌ ضَرَبَ بِيَدِهِ وَاَكَلَ مَعَهُمْ) اخرجاه. خ(٢٥٧٦) (م/١٠٧٧)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەرکاتێ خواردنێکی بۆ بهێنرایە پرسیاری ئەکرد لەبارەیەوە ئەیفەرمو خەڵاتە یان زەکات؟ ئەگەر بوترایە زەکاتە ئەیفەرمو بەیارەکانی (بخۆن) وە خۆی نەیئەخوارد. وە ئەگەر بوترایە خەڵاتە، ئەویش دەستی بۆ ئەبرد -و ئەیخوارد- لەگەڵ یارەکانیا واتە سوێند لەسەر شتێکی دیاری خورا لەسەر شێوەو جۆری تری ناکەوێت.

کەسێ سوێندی خوارد کە پێخۆر ناخۆم بەچی سوێندی ئەکەوێت

(٨٣٧/ ن /٣٨٠٧)- [عَنْ جَابِرٍ، عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (نِعْمَ الأُدْمُ الخَلُّ) رواه الجماعـة الاّ البخـارى. (م/٢٠٥٢/١٦٦،١٦٧) وابـوداود (٣٨٢١) والنسائى (١٤/٧) والترمذى (١٨٣٩/١٨٤٢) وابن ماجة (٣٣١٧) احمد (٣٠١/٣،٣٠٤، ٣٦٤، ٣٨٩، ٣٩٠، ٤٠٠)].

لـە جـابیرەوە (خوا لێـی ڕازی بێ) هـاتوە، لـە پێغەمبـەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کـە فەرمویەتی ((پێخۆرێکی چـاکە سـرکە) هـەروەها لـەبارەی ڕۆنـی زەیتـونو خورمـاو گۆشت، وە فەرمودەی ڕاست هاتوون کە پێخۆرن، واتـە کەسـێ وتـی پێخـۆر نـاخۆم نابێ ئەوانەو هەرشـتێکی تـر لـە جـۆری ئـەوان بـێو بـەعادەت نـانی پێـوە بخورێـت بیخوات. ئێمە لەبەر کورتکردنەوەی فەرمودەکانمان نەنووسی[1].

---

(١) بۆ شارەزایی زیاتر با تەماشای ژمارە (٣٨٠٨ تا ٣٨١٢) لە سەرچاوەی پێشوو، بکە.

كەسێ سەرەمانگی ئیسلامی سوێندی خوارد تا مانگێك فلاَن شت ناكەم دەگونجێ چەند ڕۆژ بێت؟

(٨٣٨/ ن /٣٨١٥)- [عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ، اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حَلَفَ: (لاَيَدْخُلُ عَلَى بَعْضِ أَهْلِهِ شَهْراً. وَفِي لَفْظٍ: اِلَى مِنْ نِسَائِهِ شَهْراً – فَلَمَّا مَضَى تِسعَةٌ وَعِشْرونَ يَوْماً غَدا عَلَيْهِمْ اَوْ رَاحَ. فَقِيلَ لَهُ: يَا رَسُولَ الله حَلَفْتَ اَلاَّ تَدْخُلَ عَلَيْهِنَّ شَهْراً؟ فَقَالَ: (اِنَّ الشَهْرَ يَكُونُ تِسْعاً وَعِشْرِين) متفق علية. احمد (٣١٥/٦) (خ/٥٢٠٢) (م/١٠٨٥-٢٥) وكذا رواه النسائي (١٨٢٠١) في الكبرى وابن ماجة (٢٠٦١)].

لە دايكی باوەڕدارانەوە خاتون ئوموسەلەمە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سوێندی خوارد مانگێك نەچێتە لای هەندێ لە خێزانەكانی. وە لەوشەیەكی تردا، سوێندی خوارد لەبارەی هەندێ لە ژنەكانیەوە نەچێتە لایان تا مانگێك جا كاتێ (٢٩) بیستو نۆ ڕۆژ ڕۆیی بەیانی یان ئێوارە چووە لایان بێژرا پێی: كە تۆ - ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سوێندت خوارد كە مانگێك نەچیتە لایان؟ فەرموی: (بەڕاستی مانگ (٢٩) بیستو نۆیە). بەڵێ هەر لەبەر ئەو ڕۆژە كەمەیە كە مانگی ئاسمان ئەسوڕێتەوە.

سوێند بە زات و سیفەتی خوا دروستەو نابێ بەغەیری خوا سوێند بخورێت

(٨٣٩/ ن /٣٨١٧)- [عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: كَانَ اَكْثَرُ مَا كَانَ النَّبِـيُّ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَحْلِفُ: (لاَ, وَمُقَلِّبِ اْلقُلُـوبِ) رواه الجماعـة الاّ مسـلماً واحمـد (خ/٦٦١٧،٦٦٢٨،٧٣٩١) وابـوداود (٣٢٦٣) والترمـذى (١٥٤٠) والنسـائى (٧/٢-٣) وابن ماجة (٢٠٩٢)].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: زۆرتر لەو سوێندانەی کە پێغەمبەر (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەیخوارد -ئەوەبوو کە ئەیفەرمو-: نەء، بەو کەسەی کە دڵەکان ئەم دیو، دیو ئەکات. واتە سوێند بە سیفەتەکانی خوا دروستە.

(٨٤٠/ ن /٣٨٢٢)- [وَعَنْهُ اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سَمِعَ عُمَرَ وَهُوَ يَحْلِفُ بِأَبِيـهِ، فَقَالَ: (إِنَّ اللهَ يَنْهَاكُمْ اَنْ تَحْلِفُوا ابآبائِكُمْ فَمَنْ كَانَ حَالِفـاً فَلْيَحْلِفْ بِاللهِ أَوْ لِيَصْمُتْ) متفـق عليـة احمـد (٢/١١،١٧،١٢٤) (م/١٦٤٦)، (خ/ ٣٨٣٦، ٦١٠٨، ٦٦٤٦، ٦٦٤٨، ٢٦٧٩)].

وە هەر لەوەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گوێی لە عومەر بوو سوێندی ئەخوارد بە باوکی، جا فەرموی (بەڕاستی خوا بەرگری کردون لەوەی کە سوێند بخۆن بە باوکانتان، جا هەرکەسێك ئەیەوێ سوێند بخوات با

-تەنها- بەناوی خواوە سوێند بخوات یان بێ دەنـگ بێـت.وە لـەمبارەوە فـەرمودەی زۆر هەیە بەڵام جێگای داخە ئەمیش وەکو باقی ڕەوشتو ئاکارە ئیسـلامیەکانی تـر بەر لافاوی نەفامی کەوتووەو سوێند بە هەمو شت ئەخۆنو خۆیشـیان بـە مسـوڵمان ئەزانن کـە فـەرمودەی ڕاسـت هەیـەو ئەفـەرموێ (**مَـنْ حَلَـفَ بِغَيْـرِ اللهِ فَقَـدْ كَفَـرَ/** هەرکەسێ بەغەیری خوا سوێند بخـوات کـافر ئـەبێ) ئیمـامی ئـەبو داود (٣٢٥١)و تـورمزی (١٥٣٥) باسـیان کـردووەو بـەجوانی دانـاوەو حـاکم بـە سـەحیحی دانـاوە هەروەها ئیمامی ئەحمەدیش ڕیوایەتی کردوە (٣٤/٢، ٥٨، ٦٩، ٨٦، ١٢٥).

سوێندی سوێند خۆر ئەنجام بدرێ
ئەگەر بەهانە هەبێ

(٨٤١/ ن /٣٨٢٩)- [عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ قَالَ: أَمَرَنَا رَسُولُ اللهِ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِسَبْعٍ: (أَمَرَنَا بِعِيَادَةِ الْمَـرِيضِ، وَاتِّبَـاعِ الْجَنَـائِزِ، وَتَشْـمِيتِ الْعَاطِسِ وَإِبْرَارِ الْقَسَـمِ (أَوِ الْمُقْسِـمْ) وَنَصْـرِ الْمَظْلُـومِ وَإِجَابَـةِ الـدَّاعِي وَإِفْشَاءِ السَّلَامِ) رواه الجماعـة الا ابـاداود احمـد (٢٨٤،٢٨٧،٢٩٩/٤) (م/٢٠٦٦) والترمذی (١٧٦٠) وابـن ماجـة (٣٥٨٩، ٢١١٥)، (خ/ ٦٦٥٤، ١٢٣٩، ٢٤٤٥، ٥١٧٥، ٥٦٣٥، ٥٨٣٨، ٥٨٤٩، ٥٨٦٣، ٦٢٢٢، ٦٢٣٥) والنسائی (٢٠١/٨/٧،٥٤/٤)]

لە بەرائی کوڕی عازیبەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فرمـانی پێـداین بـە ئەنجامـدانی حـەوت شـت: فرمـانی پێـداین

بەسەردان لە نەخۆش، دوا كەوتنی مردو، دوعای خێر بۆ ئەو كەسەی كە بپـژمێت - و سوپاسی خوا بكـات - هێنانـەدی قسـەی سـوێند خـۆر، واتـە ئەگـەر سـوێندێكی لەسەر خواردیت كـە ئـەبێ فلاَنـە شـت بكـەیت یـان نەیكـەیت بـەگوێی بكـەیت. وە یارمەتیدانی ستەم لێكراو، چوون بەدەم بانگ كردنـەوە، بلاَوكردنـەوەی سـەلام واتـە بەكارهێنانی وشەی سەلام لەگـەڵ خـەڵكا. پێویسـتە ئەمانـە ئـەنجام بـدرێن مەگـەر بەهانەیەكی شـەرعی هـەبێ، وەك ئـەوەی كـە كاتـێ پێغەمبـەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خەوەكەی خۆی بۆ گێڕایەوەو وتی ماوەم پێ بدە بە من خەو پەرژێنی بكەم، لە پـاش خەو پەرژینەكەی وتی: ئەی پێغەمبـەری خـوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دایـك‌و بـاوكم بـە قوربانت بن، پێكام یان بەهەڵـە داچـوم فـەرموی: (**أَصَـبْتَ بَعْضـاً وَأَخْطَـأْتَ بَعْضـاً**/ هەندێكت پێكاو هەندێكت نە پێكا[1]) وتی: بەخوا قسەم بۆ ئەكەیت لەوەی كە نـەم پێكاوە؟ فەرموی: (سوێند مەخۆ)، واتە سوێندەكەی بۆ جێبەجێ نەكرد.

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٣٨٣٠) لە سەرچاوەی پێشوو، بكە.

ئەو کەسەی بڵێ جولەکە بم
یان گاوربم ئەگەر ئەو شتە بکەم

(٨٤٢/ ن /٣٨٣١)- [عَنْ ثَابِتِ بْنِ الضَّحَّاكِ أَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (مَنْ حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ بِمِلَّةٍ غَيْرِ الْأِسْلاَمِ كَاذِباً – فَهُـوَ كَمَـا قَالَ) رواه الجماعة. احمد (٣٣،٣٤/٤) (م/١١٠) وابـوداود (٣٢٥٧) والنسـائى وابـن ماجة (٢٠٩٨) (خ/١٣٦٣، ١٤٧١، ٤٨٤٣، ٦٠٤٧، ٦١٠٥، ٦٦٢٥)].

لە سابتی کوڕی زەحاکەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بە ڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: هەرکەسێك سوێن بخوات لەسەر شتێ بە ئایینێ بێجگە لە ئیسلام بە درۆوەوە –واتە وانەبێ، ئەوە وایە کە ئەڵێواتە ئەچێتە سەر ئەو ئایینە بەو قسەیە کە ئەیکات کەوتی جولەکە بم ئەگەر فلان ئیش ئەکەم، ئەگەر لە بنەڕەتا جوولەکە نەبوبێ ئێستە ئەبێ بە جوولەکە لەسەر ئەو قسەیە.

جا ئاینو پارێزگاری لێی پێویستەو نابێ بەسادە تەماشا بکرێ، هەموکەس بەندەی خوایە، بەندایەتی ئەوەیە لە قسەو فرمانی سەرپێچی نەکەیت ئەگینا لە بەندایەتی دەر ئەچیتو پاشە ڕۆژی خۆت خراپ ئەکەیت، خوا منو ئێوەیش لە کرداروو‌تارو نیەتی خراپ بپارێزێ - ئامیین.

ئەو سوێندەی کە کابرا نقوم دەکات لە تاواندا و
سوێندی لۆمە لەسەر نەکراو

(٨٤٣/ ن /٣٨٣٣)- [عَنِ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (خَمْسٌ لَيْسَ لَهُنَّ كَفَّارَةٌ: الشِّرْكُ بِاللهِ وَقَتْلُ النَّفْسِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَبُهْتُ مُؤْمِنٍ ، وَالْفِرَارُ يَوْمَ الزَّحْفِ، وَيَمِينٌ صَابِرَةٌ يَقْتَطِعُ بِهَا مَالاً بِغَيْرِ حَقٍّ) رواه الخمسة الاّ الترمذى. احمد(٣٥٥/٥) وابوداود (٣٢٥٨) والنسائى (٦/٧) وابن ماجة (٢١٠٠)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: پێنج شت هەیەکە کە فارەتیان نییە واتە هیچ شتێك لە تۆڵەیان نادرێتو چاوپۆشی لە کابرا ناکرێت - مەگەر تەوبە بکاتو مافی خاوەن مافەکان بدات - لەوانە، هاوبەش دانانە بۆ خوا، کوشتنی خەڵك بە ناڕەوا، بختیان کردن بۆ باوەڕدار، ڕاکردن لە هێرشی دوژمن -ئەگەر زیاتر نەبێ لە دوو بەرامبەر-وە سوێنی خۆگر واتە بە ئیسراحەت بێو ئامۆژگاری بکرێ کەچی ئەو هەر ئامادەبێ کە سوێن بخوات، کە بەو سوێندە ماڵێك ببچڕێت بە ناحەق واتە ماڵی مسوڵمانێك بە ناڕەوا بەو سوێنە ببات بۆخۆی.

(٨٤٤/ ن /٣٨٣٦)-[عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: أُنْزِلَتْ هَـذِهِ الآَيـةُ: [لاَّ يُؤَاخِـذُكُمُ آللهُ بِآللَّغْوِ فِى أَيْمَنِكُمْ....](البقرة- ٢٢٥) فِى قَوْلِ الرَّجُلِ: لاَ وَاللهِ. وَبَلَىَ وَاللهِ) رواه البخاری (٤٦١٣)].

لە دایکی باوەڕدارانـەوە خـاتون عـائیشـە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، کـە وتویـەتی: دابەزی ئەم ئاییەتە (خوا سەرزەنشتان ناکات لەسەر سـوێندی زیـادە خواردنتـان...) سورەتی بەقەرە-٢٢٥، لەبارەی قسەی پیاو -یان ئافرەت کە کـاتی قسـە کـردن بـێ ئاگاهانە ئەڵێ - ئەرێ بەخوا، نەبەخوا. واتـە ئەمانـە سـوێن نـین‌و کـەفارەتیان نیـە. چونکە بەدڵ بڕیاری سوێند خواردنی نەداوە. ئەوە سوێندەکە کابرا لـە دڵـەوە بڕیـاری سوێن خواردنەکە بدات‌و ئینجا بەدەم ئاشکرای بکات،والله أعلم.

سـوێند لەسەر شـتی ئایندەو کەفارەتی پێش شکانی سوێندەکە، یان پاش شـکانی

(٨٤٥/ ن /٣٨٣٩- [عَنِ أَبِى هُرَيْرَةَ اَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) قَـالَ: (مَنْ حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ فَرَأَى غَيْرَهَا خَيْراً مِنْهَا فَلْيُكَفِّرْ عَنْ يَمِينِهِ وَلْيَفْعَـلِ الَّذِي هُـوَ خَيْـرٌ) رواه احمـد (٣٦١/٢) ومسـلم (١٦٥٠/١٧) والترمـذى (١٥٣٠) وصححه].

له ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، کـه بەڕاسـتی پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: کەسێك سوێند بخوات لەسەر شتێك کەچـی،دی بێجگـه لـەوە- ی کە سوێندی لەسەر خواردوە - چاکترە با کـەفارەتی سـوێندەکەی بـداتو ئـەوەی کـە چاکە بیکات. وە لەوشەیەکی تردا هاتوە کە: بـا ئـەو ئیشـەی کـە چـاکترە ئـەنجامی بداتو ئینجا کەفارەتی سوێنەکەی بدات کە بریتیـە لـە ئـازاد کردنـی بەندەیـە یـان خواردنی دە فەقیر یان پۆشاك بۆ کردنیان لـە پۆشـاكو خـواردنێکی مـام ناوەنـدی - هەر کام لەوانە بکات باشەو خۆی سەرپشکە کامیان هەڵ ئەبژێرێتوە ئەگەر توانـای ئەوانەی نەبوو ئینجا پێویستە سێ ڕۆژ ڕۆژو بگرێت.وە ئەمـە لـە سـورەتی (المائـدة، ئایەتی ٨٩)دا هاتوە، کە لەوێ: بە تەرتیب خـواردنو پۆشـاك بەنـدە, کـە نـەبوون - سێ ڕۆژ ڕۆژوەیەك لە پاش یەك بن ڕۆژەکان باشترە.

باسـی نەزر كــردن

(٨٤٦/ ن/٣٨٤٤)- [عَنْ عَائِشَةَ عَنِ النَّبِــيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (مَنْ نَذَرَ أَنْ يُطِيعِ اللهِ فَلْيَطِعْهُ، وَمَنْ نَذَرَ أَنْ يَعْصِيَهُ فَلاَ يَعْصِــهِ) رواه الجماعـة الاّ مسلماً. احمد (٦/٢٤٧، ٢٢٤، ٤١، ٣٦) (خ/٦٦٩٦/٦٧٠٠) وابـوداود (٣٢٨٩، ٣٢٩٠، ٣٢٩١، ٣٢٩٢) والترمذی (١٥٢٤،٢٥٢٥،١٦٢٦) والنسائی (١٧،٢٦،٢٧/٧) وابن ماجة (٢١٢٥،٢١٢٦)].

لە دایكی باوەڕدارانەوە خاتوون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە كە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویە: هەركەسێ نـەزری كـرد لەسـەر خـۆی كەشـتی بـاش بكـاتو پەسەندی شەرع بێت با نەزەرەكەی جێبەجێ بكات.وە هەركەسێك كە نـەزری كـردوە كە ئیشێكی نامەشروع ئەنجام بدات با ئەنجامی نەدات، وە كەفارەتی سوێنێك بـدات وەكو لە فەرمودەی (**كَفَّارَةُ النَّذْرِ كَفَّارَةُ يَمِينٍ/** كـەفارەتی نـەزر كـەفارەتی سـوێنە)دا هاتوە، (رواه مسلم (١٦٤٥) وأحمد وغیرها). بەڵام جمهور لەسەر ئـەوەن كـە نـەزری تاوان ناكرێو كەفارەتیشی نیە.

نەزری حەڵاڵ و نەزری تاوان

(٨٤٧/ ن /٣٨٤٦)- [عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: بَيْنا النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَخْطُبُ إِذْ هُوَ بِرَجُلٍ قَائِمٍ فَسَأَلَ عَنْهُ فَقَالُوا: (أَبُو إِسْرائِيلَ نَذَرَ أَنْ يَقُومَ فِي الشَّمْسِ وَلاَيَقْعُدَ وَلاَيَسْتَظِلَّ وَلاَ يَتَكَلَّمَ وَأَنْ يَصُومَ فَقَالَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (مُرُوهُ فَلْيَتَكَلَّمْ، وَلْيَسْتَظِلَّ وَلْيَقْعُدْ وَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ) رواه البخاري (٦٧٠٤) وابوداود(٣٣٠٠) وابن ماجة (٢١٣٦)].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی لە کاتێکا پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خوتبەی ئەخوێندەوە، کەچی ئەوە پیاوێکەوەستاوە، جا لەبارەیەوە پرسیاری کرد وتیان: ئەبو ئیسرائیلە نەزری کردووە کە لەبەر ڕۆژ بوەستێت و دانەنیشێ و نەیەتە سێبەرو قسە نەکات و بەڕۆژوبێ. پێغەمبەر (صَلَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی: ((بڵێن پێی با قسە بکات و بچێتە سێبەرو دانیشێ و ڕۆژووەکەی تەواو بکات، واتە نەزری شتە حەڵاڵەکانی لێ هەڵوەشاندەوەو نەزری خێرو چاکەو عیبادەتی بۆ هێشتەوەو فەرموی با تەواوی بکات وەکو لە فەرمودەی پێشەوە باسمان کرد، وە لە هەڵوەشاندنەوەدا کەفارەتیش نیە، والله أعلم.

شتێ كە موڵكی كابرا نەبێت ناكرێ بەنەزر

(٨٤٨/ ن /٣٨٤٧)-[عَنْ ثَابِتِ بْنِ الضَّحَاكِ اَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (لَيْسَ عَلَى الرَّجُلِ نَذْرٌ فِيْمَا لاَيَمْلِكُ) رواه البخاری (٦٠٤٧) ومسلم (١١٠) وابوداود (٣٢٥٧) والترمذی (٢٦٣٦/١٥٢٧)].

لە سابتی كوڕی زەحاكەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: نەزر نیە لەسەر كابرا لە شتێكا كە خۆی خاوەنی نەبێ.

(٨٤٩/ ن /٣٨٥٥)- [عَنِ ابْنِ عَبَّاس عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (مَنْ نَذَرَ نَذْراً لَمْ يَسُمِّهِ فَكَفَّارَتُهُ كَفَّارَةُ يَمِينٍ وَمَنْ نَذَرَ نَذْراً لَمْ يُطِقْهُ فَكَفَّارَتُهُ كَفَّارَةُ يَمِينٍ) رواه ابوداود (٣٣٢٢) وابن ماجة (٢١٢٨)].

لە عەبدوڵڵای كوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە فەرمویەتی: هەركەسێك نەزرێ بكاتو ناوی نەبردبێت، واتە وتبێتی نەزرێك لەسەرم بێ، بۆ فلاَنە شتو ناوی شتە نەزرییەكەی نەبردبێ، ئەوە كەفارەتی سوێنێكی ئەكەوێت. وە هەركەسێك نەزرێ بكاتو لەتوانایدا نەبێ ئەویش هەر كەفارەتی سوێنی ئەكەوێت.

(٨٥٠/ ن /٣٨٥٨)- [عَنْ كُرَيْب عَنِ ابْنِ عَبَّاس قَالَ: (جَاءَتْ امْرَأَةٌ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ الله إِنَّ أُخْتِي نَذَرَتْ أَنْ تَحُجَّ مَاشِيَةً فَقَالَ: (إِنَّ اللهَ لاَيَصْنَعُ بِشَقَاءِ أُخْتِكِ شَيْئاً لِتَخْرُجْ رَاكِبَةً وَلْتُكَفِّرْ عَنْ يَمِينِهَا) رواه احمد (٣١٠،٣١٥/١) وابوداود (٣٢٥٩)].

له كورەیبەوە لە عەبدوڵڵای كوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: ((ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەڕاستی خوشكم نەزری كردووە لەسەرخۆی كە بە پیادە حەج بكات، فەرموی: بەڕاستی خوا بەو زەحمەتەی خوشكی تۆ هیچ شتێك ناكات واتە: زەحمەتی خوشكی تۆی ناوێ جا كەوابوو پێی بڵێ: با بچێت بەسواریو كەفارەتی سوێنەكەی بدات.

كافرێ شتێ نەزر بكات و لەپاشان مسولمان بێ مادام بۆ شتی حەرام نەبێ ئەبێ جێبەجێی بكات

(٨٥١/ ن /٣٨٦٠)- [عَنْ عُمَرَ قَالَ: (نَذَرْتُ نَذْراً فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَسَأَلْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَعْدَمَا أَسْلَمْتُ، فَأَمَرَنِي أَنْ أُفِيَ بِنَذْرِي) رواه ابن ماجه (٢١٢٩) وهو احد روايات الحديث المتفق عليهٔ].

له عومەرەوه (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوه، كه وتویەتی: ((لەسەردەمی نەفامییدا نەزرێكم لەسەر خۆم دانابوو -كه شەوێك له مزگەوتی حەرام (مسجد الحرام)دا بمێنمەوه - جا دوای ئەوەی كه مسوڵمان بووم پرسیارم كرد له پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فرمانی پێكردم كه نەزری خۆم ببەمه سەر.

كەسێ تەواوی ماڵی خۆی نەزر بكات

(٨٥٢/ ن /٣٨٦٥)- [عَنِ الْحُسَيْنِ بْنِ السَّائِبِ بن أَبِى لُبَابَةَ، أَنَّ أَبَا لُبَابَةَ بْنِ عَبْدِالْمُنْذِرِ، لَمَّا تَابَ اللهُ عَلَيْهِ قَالَ: (يَا رَسُولُ الله ، إِنْ مِنْ تَوْبَتِى اَنْ أَهْجُرَ دَارَ قَوْمِي وَأُسَاكِنَكَ، وَاَنْ اَنْخلِعَ مِنْ مَالِي صَدَقَةً لله –عزوجل– وَلِرَسُولِهِ. فَقَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (يُجْزِى عَنْكَ الثُّلُثُ) رواه احمد (٤٥٢،٤٥٣/٣) وابوداود (٣٣١٩) عن الزهرى عن ابن كعب بن مالك عن ابيه].

لە حوسەینی كوڕی سائیبی كوڕی ئەبو لوبابەوە هاتوە، كە بەڕاستی ئەبو لوبابەی كوڕی عەبدولمونزیر كاتێ كە خوا تەوبەی لێوەرگرت وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ)، بەڕاستی بەشێك لەوەی كە دامناوە بۆ خوا ئەگەر تەوبەم لێوەرگرێت ئەوەیە كە - لەناو خزمانی خۆم كۆچ بكەم بێمە لات وە هەمو ماڵم چاكە بێ بۆ خوای - بەدەسەڵاتو باشكۆوە بۆ پێغەمبەرەكەی، فەرموی: (بەخشینی سێیەكی ماڵت بەسە بۆت). واتە: هەموی مەبەخشەو بە ئەوەندە نەزرەكەت لەسەر لا ئەچێت.

كەسێ شایەتی بدات لەسەر تەنهایی خواو پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرو بزانێ زیندو ئەكرێتـەوە باوەڕدارە

(٨٥٣/ ن /٣٨٦٦)- [عَنْ عُبَيْدِاللهِ بْنِ عَبْدِ اللهِ عَنْ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ: أَنَّهُ جَاءَ بِأَمَةٍ سَوْدَاءَ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّ عَلَيَّ عِتْقُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ، فَإِنْ كُنْتَ تَرَىٰ هَذِهِ مُؤْمِنَةً أَعْتِقُهَا، فَقَالَ: لَهَا رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (أَتَشْهَدِينَ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ) قَالَتْ: نَعَمْ، قَالَ: (أَتَشْهَدِينَ أَنِي رَسُولُ اللهِ) قَالَتْ: نَعَمْ، قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: (أَتُؤْمِنُونَ بِالْبَعْثِ بَعْدَ الْمَوْتِ) قَالَتْ: نَعَمْ، قَالَ: فَأَعْتِقْهَا) رواه احمد(٤٥١/٣) قَالَ الْهَيْثَمِيُّ رِجَالُهُ مُوثَقُونَ].

لـە عوبەیـدوڵڵای كـوڕی عەبـدوڵڵاوە لـە پیـاوێكی ئەنسـارییەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی كەنیزەكێكی ڕەش پێستی هێنـاو وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) من ئازادكردنی بەندەیەكی باوەڕدارم لەسەرە، ئەگەر تـۆ ئەمـە بـە باوەڕدار ئەزانی ئازادی ئەكەم.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرموو: ئایا شـایەتی ئـەدەیت كـە هـیچ پەرستراوێكی ڕاستەقینە نیە بێجگە لە (الله)؟

وتی: بەڵێ. فەرموی: (ئایاشایەتی ئەودەیت كە مـن پیغەمبـەری خـوام (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)

وتی : بەڵێ

فەرموی: (ئایا باوەڕت هەیە بە زیندوبوونەوە لەپاش مردن.

وتی: بەڵێ. فەرموی: ئازادی بكە -باوەڕدارە-.

کەسێ نەزر بکات لەسەر خۆی
کە لە (مسجد الاقصی) نوێژ بکات

(٨٥٤/ ن /٣٨٦٩)- [عَنِ ابْنِ عَبَّاس، أَنَّ امْرَأَةً شَكَتْ شَكْوَى، فَقَالَتْ: إِنْ شَفَانِي اللهُ فَلأَخْرُجَنَّ فَلأُصَلِّيَنَّ فِي بَيْتِ الْمَقْدِسِ. فَبَرَئَتْ، ثُمَّ تَجَهَّزَتْ تُرِيدُ الْخُرُوجَ فَجَائَتْ مَيْمُونَةَ تُسَلِّمُ عَلَيْهَا فَأَخْبَرَتْهَا بِذَلِكَ، فَقَالَتِ: اجْلِسِي فَكُلِي مَا صَنَعْتَ، وَصَلِّي فِي مَسْجِدِ الرَّسُول (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (صَلاَةٌ فِيهِ أَفْضَلُ مِنْ أَلْفِ صَلاَةٍ فِيمَا سِوَاهُ مِنَ الْمَسَاجِدِ إِلاَّ مَسْجِدَ الْكَعْبَةِ) رواه احمد (٣٣٤/٦) ومسلم (١٣٩٦/٥١٠) والنسائی (٢١٣/٥)].

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە ئافرەتێك نەخۆش کەوت، وتی: ئەگەر خوا شیفام بدات بەڕاستی دەرئەچمو لە مزگەوتی قودس دا (بیت المقدس) نوێژ ئەکەم. چاك بوویەوە، لەپاشان خۆی ئامادەکردو ویستی بچێت چووە لای دایکی باوەڕداران خاتون مەیمونەو سەلامی لێکردو ئەو هەواڵەی پێدا، فەرموی: دانیشەو ئەوەی کردوتە بیخۆو نوێژ لە مزگەوتی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دا بکە، بەڕاستی من بیستم لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە ئەیفەرمو نوێژێك لەم مزگەوتەدا بەرێزترە لە هەزار نوێژ کە لە ئەم مزگەوتەدا نەکرێت بێجگە لە مزگەوتی مەککە، واتە: ئەگەر کەسێك بەندایەتیەکی لەسەر

خۆی نەزر کرد لە جێگایەکدا ئەگەر جێگایەکی چاکتر هەبوو ئەتوانێ بیگۆڕێت بۆچاکترەکەیانەوە فەرمودەی **(صلِّ هَهُنَا نوێژ ئالێرەدا بکە)** زیاتر ئەم قسەیەمان بەهێز ئەکات[١].

(٨٥٥/ ن /٣٨٧١)- [عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (لاَ تُشدُّ الرِّحَالُ اِلاَّ اِلَى ثَلاَثَةِ مَسَاجِدَ : الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَمَسْجِدِي هَذَا وَالْمَسْجِدِ الأَقْصَى) رواه الجماعة الا احمد والترمذى (خ/١١٨٩) (م/١٣٩٧) وابوداود (٢٠٣٣) النسائى (٣٧/٢) وابن ماجة (١٤٠٩)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کەوتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: سەفەری دور نەکەن مەگەر بۆ یەکێك لە سێ مزگەوت. مزگەوتی مەککەو مزگەوتی منو مزگەوتی ئەقسا (بيت المقدس)، وە بەهەمان شێوە ئەم فەرمودەیە لەئەبو سەعیدی خدریشەوە هێنراوەوە لە ریوایەتێکی ئیمامی موسلم دا **(إِنَّمَا يُسَافِرُ اِلَى ثَلاثَةِ مَسَاجِدَ)** هاتوە واتە، سەفەری شایستەوە چاکە هەر ئەوەیە کە بۆلای ئەو سێ مزگەوتە بکرێت.

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٣٨٦٨) لە سەرچاوەی پێشوو، بکە.

نـەزری مردو پاش خۆی ئەنجام ئەدرێت

(٨٥٦/ ن /٣٨٧٢)- [عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ اَنَّ سَعْدَ بْنِ عُبَادَةَ اسْتَفْتَى رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: (إِنَّ أُمِّي مَاتَتْ وَعَلَيْهَا نَذْرٌ لَمْ تَقْضِهِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) (اقْضِهِ عَنْهَا) رواه ابوداود (٣٣٠٧) والنسائي (٢٥٣/٦، ٢٥٤، ٢٠/٧، ٢١)].

له عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی سەعدی کوڕی عوبادە داوای فتوای کرد لـە پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و وتـی: بەڕاستی دایکم مردوەو ئەو نەزرێکی لەسەر بـوو نـەیکردووە؟ پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی (لەباتی ئەو جێبەجێی بکە).

باسی ئەمارەت و قەزاوەت و بڕیارەکان

(٨٥٧/ ن/ش /٣٨٧٣)- [عَن عُمَرَ بْنِ الَخطَّاب: (إِذَا كُنْـتُمْ ثَلاَثَـةً فِـي سَـفَرٍ فَأَمِّرُوا اَحَدَكُمْ، ذَاكَ أَمِيرٌ اَمَّرَهُ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)) رواه البذار (٢/٢٦٦،٢٦٧) برقم (١٦٧٢- كشف)].

لە عومەری کوڕی خەتابەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە هەرکاتێ سێ کەس بوون لە کارواندا با یەکێکتان بکەن بە ئەمیر. ئەوە ئەمیرێکە، پێغەمبەری خوا (صَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فرمانی پێکردوە. بەهەمان مانا ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداود[1] هێناویانە. لەبەر ڕاستری ئەم ڕیوایەتە بۆیە ئێمە لە بەزارەوە هێنامان.

---

(١) تەماشای ژمارە (٣٨٧٣- ٣٨٧٤) لەسەرچاوەی پێشوو بکە.

داواکردنی ئەمینداریێتی چاك نیە

(٨٥٨/ ن /٣٨٧٦)- [عَنْ عَبْدِالرَّحْمِن بْنِ سَمُرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (يَا عَبْدِالرَّحْمِنِ لاَ تَسْأَلِ الأِمَارَةَ فَإِنَّكَ إِنْ أُعْطِيتَهَا عَنْ غَيْرِ مَسْأَلَةٍ أُعِنْتَ عَلَيْهَا، وَإِنْ أُعْطِيتَهَا عَنْ مَسْأَلَةٍ وُكِلْتَ إِلَيْهَا) رواه الجماعة الا ابن ماجة. احمد (٦١،٦٢،٦٣/٥) (خ/ ٧١٤٧، ٧١٤٦، ٦٧٢٢، ٦٦٢٢) (م/١٦٥٢) ابوداود (٢٩٢٩،٣٢٧٧) والترمذی (١٥٢٩) والنسائی (١٠،١٢/٧)(٢٢٥/٨)].

لە عەبدورەحمانی کوڕی سەمورەوە (خوای لێ ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئەی عەبدورەحمانی کوڕی سەمورە داوای ئەمیرایەتی مەککە، چونکە ئەگەر پێت بدرێ بەبێ داواکردن یارمەتی ئەدرێیت، وە ئەگەر پێت بدرێ لەسەر داخوازی خۆت بەخۆت دەسپێررێت وە یارمەتی نادرێیت، ئایا هەر هۆی ئەم داوا کردنە نیە کە هیچ کەس نایباتە سەر؟! والله أعلم.

بەلاٌم ئەگەر كەسێ نەبوو بۆ ئەمیرایەتی و كەسێ وای ئەزانێ كە ئەیبات بەڕێوە.ئەوە داوا بكات قەیناكە

(٨٥٩/ ن /٣٨٧٩)- [عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِـىِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (مَنْ طَلَبَ قَضَاءَ الْمُسْلِمِينَ حَتَّى يَنَالَهُ ثُمَّ غَلَبَ عَدْلُهُ جَوْرَهُ فَلَهُ الْجَنَّـةُ وَمَنْ غَلَبَ جَوْرُهُ عَدْلَهُ فَلَهُ النَّارُ) رواه ابو داود(٣٥٧٥)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلیَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە فەرمویەتی: هەر كەسێ داوای قەزاوەتی مسولْمانان بكات - پاش ئەوەی كەسی شایستە تر نەبێ - هەتا پێی ئەدرێ، لەپاشان ئەگەر دادپەروەری بەسەر ستەمی دا زالْ بوو ئەوە بەهەشت بۆ ئەوەوە. ئەگەر ستەمی زالْ بوو بەسەر دادپەروەریدا ئەوە بۆ ئەوە ئاگر،وە لەم بارەوە دەیان فەرمودەی تر هەیە.

ترساندن لە سەرپەرشتی و ئەمیرایەتی

(٨٦٠/ ن /٣٨٨٢)- [وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنَّهُ قَالَ: (وَيْلٌ لِلأُمَرَاءِ، وَيْلٌ لِلْعُرَفَاءِ، وَيْلٌ لِلأُمَنَاءِ لَيَتَمَنَّيَنَّ أَقْوَامٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَّ ذَوَائِبَهُمْ كَانَتْ مُتَعَلِّقَةً بِالثُّرَيَّا، يَتَذَبْذَبُونَ بَيْنَ السَّمَاءِ، وَالأَرْضِ وَلَمْ يَكُونُوا عَمِلُوا عَلَى شَيْءٍ) رواه احمد(٣٥٢،٥٢١/٢) وصححه الحاكم ووافقه الذهبي].

وە هەر لەوەوەو لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتوە، کە بەڕاستی ئەو فەرمویەتی: هاوار بۆ ئەمیرەکان، هاوار بۆ عەریفەکان هاوار بۆ ئەمینندارەکان، بەڕاستی گەلێکی زۆرن کە لە ڕۆژی قیامەتا ئاوات ئەخوازن -ئەڵێن- خۆزگە پرچمان ببەسرایە بە سورەیاوەو بشەکیاینەوە لە نێوان ئاسمانو زەویداو لە هیچ جۆرە -لێپرسراوییەکدا- ئیشمان نەکردایە. وە هەر لەمبارەوە هاتوە، کە ئەفەرموێت:-

(٨٦١/ ن /٣٨٨٤)- [عَنْ أَبِي أُمَامَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (مَامِنَ رَجُلٍ يَلِي أَمْرَ عَشَرَةٍ - فَمَا فَوْقَ ذَلِكَ- الاَّ أَتَى اللهَ (عَزَّ وَ جَلَّ) يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَدُهُ عَلَى عُنِقِهِ، فَكَّهُ بُرُّهُ اَوْ أَوْبَقَهُ إِثْمُهُ، أَوَّ لَهَا مَلاَمَةٌ وَأَوْسَطُهَا نَدَامَةٌ، وَآخِرُها خِزْيٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ) رواه احمد(٢٦٧/٥) حَسَّنَهُ السُّيُوطِيّ].

لە ئەبو ئومامەوە (خوا لێی ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتوە، کە فەرمویەتی: هیچ پیاوێك نیە کە سەرپەرشتی دوو - زیاتر لەوە بکات - مەگەر کاتێ هاتە لای خوای - بەدەسەڵاتو باشکۆ - لە ڕۆژی قیامەتا دەستی بەستراوە

بەملیەوە، جا - یان - چاکەکەی ئەیکاتەوە، یان بەهیلاکی ئەبات گوناهەکەی، ئەوەڵی سەرپەرشتی وئەمارەت سەرزەنشتی کردنە، وە ناوەڕاستەکەی پەشیمانیەو ئاخرەکەیشی سەرشۆڕییە لە ڕۆژی قیامەتا. ئەوە یەسەرئەنجامی ئەو شتەی کە ئەمرۆ ئەوەندە سەرو ماڵو گیانی بێ تاوانی فیدا ئەکرێتو هەرکەس وا دەزانێ دنیا هەر بۆ ئەوەو هەمو هەوڵو کۆششی هەر بۆ ئەو دونیایە کە بۆ کەسیش نەبوەو نابێ.

دادپـەروەران خۆش بەختـن

(٨٦٢/ ن /٣٨٨٧)- [عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ: قَالَ رَسُـولُ اللهِ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (اِنَّ الْمُقْسِطِينَ عِنْدَ اللهِ عَلَى مَنَـابِرَ مِـنْ نُـورٍ عَـنْ يَـمِينِ الرَّحْمَنِ – وَكِلْتَا يَدَيْهِ يَـمَينٌ – اَلَّذِينَ يَعْدِلُونَ فِـي حُكْمِهِـمْ اَوْ أَهْلِـيهِمْ وَمَاؤُلُّوا) رواه احمد (١٦٠/٢) ومسلم (١٨٢٧) والنسائى (٢٢١/٨)].

لە عـەبدوڵڵای کوڕی عـەمرەوەو (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: بەڕاستی داد پەروەران لەلای خوا لەسەر مینبەرەکانی نورن لەلای ڕاستی ڕەحمانەوە - هەردوو دەستی هەر ڕاستە -واتە هەردوو دەستی خـاوەنی فەڕو خێرن - چۆنیەتی ئەو دەستە، تەنها خوا خۆی ئـەزانێ - ئـەوانـە کـێن ئەوەنـدە بەڕێزن؟ ئەوانەن کە داد پەروەر بوون لە فرمانیانداو لەناو بنەماڵەیان داو لەگەڵ ئـەو کەسانەی کە بەسەرپەرشتیان کردون.

سەرپەرشتی ئافرەت و منالّ و كەسانێ كە قەزاوەت نەزانن یان كەمتەرخەم بن لە قەزاوەتدا

(٨٦٣/ ن /٣٨٨٨)- [عَنْ أَبِي بَكْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنَّ اَهْلَ فَارِسَ مَلَّكُوا عَلَيْهِمْ بِنْتَ كِسْرَى قَالَ: (لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ وَلَّوْا أَمْرَهُمْ امْرَأَةً) رواه احمد (٤٣،٤٧،٥١/٥) والبخاری (٤٤٢٥،٧٠٩٩) والترمذی (٢٢٦٢) والنسائی (٢٢٧/٨)].

لە ئەبو بەكرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: كاتێ كە هەواڵ گەیشتە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە ئەهلی فارس كچی كسرایان كردووە بە پاشای خۆیان فەرموی: ((هەرگیز سەركەوتوو نابێت گەلێك كە ئافرەت كاروباریان بەڕێوە ببات‌و سەرپەرشتیان بێ)).

(٨٦٤/ ن /٣٨٨٩)- [عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (تَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنْ رَأْسِ السَّبْعِينَ وَإِمَارَةِ الصِّبْيَانِ) رواه احمد (٤٤٨/٢، ٣٥٥، ٣٢٦)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: پەنا بگرن بەخوا، لەسەری حەفتا، - لەو كارەسات‌و

ناڕێکیـەی کـە لەوکاتـەدا روئـەدات‌و، پـەنا بگـرن بـەخوا لەسەرپەرشـتی‌و ئـەمیری منالاّن.

بەداخەوە ئەمڕۆ جیهان بەو نەخۆشیە کوشندەیە گرفتارە، اللَّهُمَّ اَصْلِحْ حَالَنَا.

(٨٦٥/ ن /٣٨٩٠)- [عَنْ بُرَيْدَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (الْقُضَاةُ ثَلاَثَةٌ، وَاحِدٌ فِي الْجَنَّةِ وَاثْنَانِ فِي النَّارِ، فَأَمَّا الَّذِي فِي الْجَنَّةِ: فَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَقَضَى بِهِ، وَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ وَجَارَ فِي الْحُكْمِ فَهُوَ فِي النَّارِ، وَرَجُلٌ قَضَى لِلنَّاسِ عَلَى جَهْلٍ فَهُوَ فِي النَّارِ) رواه الخمسة الا احمد. ابوداود (٣٥٧٣) والترمذى (١٣٢٢) والنسائى (٢٠٠٩) فى الكبرى (٢٣١٥) وابن ماجه]

لە بورەیـدەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، لـە پێغەمبـەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کـە فەرمویەتی: قازییەکان سیانن یەکێکیان لە بەهەشت دایەو دوانیـان لـەناو ئـاگردان، ئەوەیان کە لە بەهەشـت دایـە پیاوێکـە ڕاسـتی ئـەزانێ‌و بڕیاریشـی پـێ ئـەدات،وە پیاوێك کە ڕاستی بزانێ‌و لە فرمان دا ستەم بکـات لـەناو ئاگردایـە.وە پیاوێـك کـە حەقیقەت‌و ڕاستی نەزانێ‌و فرمان بدا بەسەر خـەڵکا بەنەزانانـە ئـەوە ئـەویش لـەناو ئاگردایە.

(٨٦٦/ ن /٣٨٩٤)- [عَنْ أُمِّ الْحُصَيْنِ الأَحْمَسِيَّةِ أَنَّهَا سَمِعَتِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (اسْمَعُوا وَاَطِيعوُا وَإِنْ اَمَّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ حَبَشِيٌّ، مَا أَقَامَ فِيكُمْ كِتَابَ اللهِ عَزَّوَجَلَّ) رواه الجماعة الاّ البخارى وابـاداود. احمد (٣٨١/٥،٦٩/٤) (م/١٨٣٨) والترمذى (١٧٠٦) والنسائى (١٥٤/٧) وابن ماجة (٢٨٦١)].

لە ئومو حوسەینی ئەحمەسییەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە ئەو بیستوویەتی لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە ئەیفەرمو: ((گوێبگرنو پەیڕەوی بكە ئەگەرچی بەندەیەكی حەبەشی ڕەش پێست —سەری وەكو مێوژ وابێ - بكرێ بە ئەمیرتان هەتا ئەوكاتەی بە كیتابەكەی خوای - بەدەسەلاتو باشكۆ - لە نێوانتان دا ئیش ئەكات. واتە پەیڕەویو گوێڕایەڵی ئەمیری مسولمان پێویستە بەو مەرجەی بە قورئان ئیش بكات، وە ئەگەر بەقورئان ئیشی نەكرد ئیشەكانی تاوانەو نابێ بەگوێی بكرێت، بەڵكو ئەبێ لابرێتو كەسێكی تر كە بە قورئان ئیش بكات بخرێتە جێگای ئەگینا هەمو تاوانبارن.

دروستە ئەمیرایەتی ببەسترێت بەمەرجەوە

(٨٦٧/ ن /٣٨٩٦)- [عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: اَمَّـرَ رَسُـولُ الله (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) فِي غَزْوَةِ مُؤْتَةَ زَيْدَ بْنَ حَارِثَةَ وَقَالَ: اِنَ قُتِلَ زَيْدٌ فَجَعْفَرٌ واِنْ قُتِلَ جَعْفَرٌ فَعَبْدُالله بْنِ رَوَاحَةَ) رواه البخاری (٤٢٦١)].

لە عەبدوڵڵای كوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلیَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە غەزای موئتەدا زەیدی كوڕی حاریسەی كرد بە ئەمیرو فەرموی: ئەگەر زەید كوژرا جەعفەرەوە ئەگەر جەعفەر كوژرا عەبدوڵڵای كوڕی ڕەواحەیە. بەڵێ ئەم سێ پاڵەوانە خواناسە یەك لەپاش یەك بە فرمانی پێغەمبەر (صَلیَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بوون بە ئەمیر لەو غەزاداو هەرسێكیان یەك لەپاش یەك شەهیدكران خوا لە هەمویان خۆش بێت, پاش ئەوان خالیدی كوڕی وەلید پەلاماری ئالآكەی داو نەیهێشت بكەوێتو بو بە ئەمیری موسوڵمانان پاش فڕوفێڵێك كە لەگەڵ دوژمندا ئەنجامیدا شەو گەڕایەوە بۆ مەدینەو ئەم باسەم بە درێژی لە ژیانی پێغەمبەردا باسكردووە بۆ سودی زیاتر با گوێی لێ بگرن.

فرمانڕەوایان و حاکمان نابێ بەرتیل بخۆن وە مافی دەرگابانیان نیە

(٨٦٨/ ن /٣٨٩٧)- [عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (لَعْنَةُ اللهِ عَلَى الرَّاشِي والْمُرْتِشِي فِي الْحُكْمِ) رواه احمد (٣٨٧/٢) والترمذی (١٣٣٦)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: نەفرینی خوا لەبەرتیل دەرو، بەرتیلوەرگر لە حوکومکردندا.

(٨٦٩/ ن /٣٩٠٠)- [عَنْ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (مَا مِنْ إِمَامٍ أَوْ وَالٍ يَغْلِقُ بَابَهُ دُونَ ذَوِى الْحَاجَةِ وَالْخَلَّةِ وَالْمَسْكَنَةِ – اِلاَّ أَغْلَقَ اللهُ أَبْوَابَ السَّمَاءِ دُونَ خلتِهِ وَحَاجَتِهِ ومَسْكَنَتِهِ) رواه احمد (٢٣١/٤) والترمذی (١٣٣٢)].

لە عەمری کوڕی مورەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە وتویەتی: بیستم لە پێغەمبەری خواوە (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە ئەیفەرمو: هیچ پێشەواو والیەك نیە کە دەرگای خۆی دابخات لەڕووی خاوەن نیازانو فەقیرانو بێ نەوایان مەگەر خوا دەرگاکانی ئاسمان داخێت لەسەرنیازو فەقرو بێ نەوایی ئەوواتە چۆن ڕەفتار بکات لەگەڵ مەخلوقی خودا خوایش وای لەگەڵدا دەکاتوەکو لەم فەرمودە داهاتو (**کَمَا**

تُدِينُ تُدَانُ وَبِالْكَيْلِ الَّذِي تُكِيلُ تُكَالُ/ چۆن ڕەفتار بكەیت وات ڕەفتار لەگەڵدا ئەكرێت وە بەو مەنەی كە دەپێویت وات بۆ دەپێون) بەڕاستی ئەمە توندترین هەڕەشەیە لە فرمانڕەوایانو كاربەدەستان وە تا ئێستا بەچاوی خۆم زۆرم لەو شێوە دیوە -خوا بمانپارێزێ.

لەسەر كێشەی ناڕەوا داكۆكی كردن تاوانە

(٨٧٠/ ن /٣٩٠١)- [عَنِ ابْنِ عُمَرَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (مَنْ خَاصَمَ فِي بَاطِلٍ وَهُوَ يَعْلَمُ، لَمْ يَزَلْ فِي سَخَطِ اللهِ حَتَّى يَنْزِعَ) رواه احمد (٢/٧٠) وابوداود (٣٥٩٧)].

لە عەبدوڵڵای كوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ)هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە فەرمویەتی: هەركەسێ لەسەر شتێكی ناڕەواو خۆیشی بزانێ كە ناڕەوایە، كێشە بكات، ئەوە هەر لەناو ڕقو قینی خوادایە هەتاوازی لێ ئەهێنێ،واتە مرۆڤی موسوڵمان نابێ لەسەر شتی نادروستو ناڕەوا بێتە جواب بەڵكو ئەبێ لایەنگری حەقو ڕاستی بێ ئەگەرچی بەزیانی خۆیشی بێ.

حاكم نابێ لەكاتی توڕەییدا فەرمان دەركات

(٨٧١/ ن /٣٩٠٣)- [عَنْ أَبِى بَكْرَةَ قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (لاَ يَقْضِينَّ حَاكِمٌ بَيْنَ اثْنَيْنِ وَهُوَ غَضْبَانُ) رواه الجماعة. احمد (٥/٥٢،٤٦،٣٨،٣٦) (خ/١٧٥٨) (م/١٧١٧) وابوداود (٣٥٨٩) والترمذی (١٣٣٤) والنسائی (٨/٢٣٨،٢٣٧) وابن ماجة (٢٣١٦)].

لە ئەبوبەكرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: بیستم لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كە ئەیفەرمو: (با هیچ فەرمانڕەوایەك لە نێوان دوو كەس - یان زیاتر - دا بڕیار نەدا لەو كاتەدا كە توڕەیەو ڕقی هەستاوە)، نەوەك لە بڕیارەكەیدا بەهەڵەدا بچێتو پاشان هەم مافی هەندێ بەزایە بڕواتو هەم هەندێ كەس شتێكی بەناڕەوا بەركەوێتو هەم خۆیشی دوچاری سزای پاشە ڕۆژ بێت، هەرئاوهایە هەر شتێ كە بیری مرۆڤ نارێك بكاتوەكو ئیحتیاجی زۆر بۆ دەست گەیاندن بەئاوو ترسو سەرماو گەرمای زۆر، والله أعلم.

(٨٧٢/ ن /٣٩٠٦)- [عَنْ عَلِيٍّ أَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (يَا عَلِيُّ، إِذَا جَلَسَ إِلَيْكَ الْخَصْمَانِ، فَلاَ تَقْضِ بَيْنَهُمَا حَتَّى تَسْمَعَ مِنَ الآخَرِ كَمَا سَمِعْتَ مِنَ الأَوَّلِ، فَإِنَّكَ إِذَا فَعَلْتَ ذَلِكَ تَبَيَّنَ لَكَ الْقَضَاءُ)

رواه احمد (٩١،٩٦،١١١/١) وعبدالله ابنه (١٤٩/١) وابوداود (٣٥٨٢) والترمذی (١٣٣١) والنسائی فِی خَصَائِصِ عَلیّ (٣٤)].

لە ئیمامی عەلیەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئەی عەلی، هەرکاتێ دوو نەیاری یەك، دانیشتن لەلات. بڕیار نەدەیت لە نێوانیاندا هەتا قسەی دووهەم ئەبیستی وەکو چۆن قسەی یەکەمت بیستووە، چونکە ئەگەر بەڕاستی تۆ هەر کاتێ ئاوەها بکەیت بڕیاردانت بۆ ڕۆشن ئەبێتەوە.

لێرەدا ئەوە دەرئەکەوێت کە دانیشتنی نەیارو هاوکێشەکان لەلای حاکم دروستەو وایش باشەوە چاك وایە حاکم هیچ فەرقیان نەخات لە تەماشاکردنو قسە لیَوەرگرتنو دانیشتنو قسە لەگەڵ کردنیاندا، مەگەر لایەنێکی کێشەکە مسوڵمان نەبێ ئەمە دروستە لە جێگادا -بەڵکو پێویستە، جێگای مسوڵمانە کە بەرزتر بێ لەبەر ئەو ڕیوایەتانەی کە هاتوون[1]، ئەمە جگە لەوەیش گەورەییو ڕێزی باوەڕدار پیشان ئەدات وانەیەکە بۆ بێباوەڕانیش تا بەخۆیاندا بێنەوەو باوەڕ بهێنن کە گەورەترین دەسکەوتە بۆیانو پاش مەرگ بە چاکی ئەمە ئەزانن.

---

(١) بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە تەماشای ڕاڤەی فەرمودەی ژمارە (٣٩٠٥-٣٩٠٦)، لە سەرچاوەی پێشوو بکە.

حاکم بۆی هەیە کاتێ کێشەکە نەهاتبێتە لای تکا بکا بۆ کێشەچی و داوای کەم کردنەوەی بۆ بکات

(٨٧٣/ ن /٣٩١٠)- [عَنْ كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ أَنَّهُ تَقَاضَى ابْنَ أَبِى حَدْرَدٍ دَيْنًا كَانَ عَلَيْهِ فِى الْمَسْجِدِ فَارْتَفَعَتْ أَصْوَاتُهُمَا حَتَّى سَمِعَهَا رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ فِى بَيْتِهِ، فَخَرَجَ اِلَيهِمَا حَتَّى كَشَفَ سِجْفَ حُجْرَتِهِ فَنَادَى: (يَا كَعْبُ) فَقَالَ: لَبَّيْكَ، يَا رَسُولَ اللهِ. قَالَ: (ضَعْ مِنْ دَيْنِكَ هَذَا) وَأَومَاءَ اِلَيْهِ اَىْ : الشَّطْرَ قَالَ: قَدْ فَعَلْتُ، يَا رَسُولَ اللهِ. قَالَ: (قُمْ فَاقْضِهِ) رواه الجماعة الاّ الترمذي. احمد(٦/٣٩٠) (م/١٥٥٨) (خ/٤٥٧،٤٧١،٢٤١٨،٢٧١٠،٢٧٠٦) وابوداود (٣٥٩٥) والنسائى (٨/٢٤٤،٢٣٩) وابن ماجة (٢٤٢٩)].

لە کەعبی کوڕی مالیکەوە هاتوە، کە ئەو داوای قەرزی لە کوڕی ئەبو حەدرەد کردوە لە مزگەوتا چونکە قەرزی بەلایەوە بووە، جا دەنگیان بەرز بووەتەوە تا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەماڵی خۆیدا - کە دەرگای لەسەر مزگەوت بووە - گوێی لێیان بووە، جا دەرچووە بۆ لایان‌و پەردەی حوجرەکەی لاداوەو بانگی کردوە ((هۆ کەعب)) وتی: وڵامم دایەوە ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی ((ئەوەندە لە قەرزەکەت لابە)) وە هێمای بۆ کرد، واتە بۆ نیوەی وتی: بەڕاستی وام کرد، ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) واتە وا نیوەم لێ کەم کردەوە لەسەر قسەی جەنابت. جا فەرمووی - بەکوڕی ئەبو حەدرەد - (هەڵسە جێبەجێی بکە)،

لێرەدا ئەوە وەرئەگرین کە بڕیاردان لە مزگەوتا دروستە، وە بە هەرکەسێك وترا ئەو شتە بکە یان مەیکە بە هێماکە وتی وام کرد بەشتێکی راستو دان پێدانان دائەنرێت. وە هێمای دەرککراو وەکو قسە وایە سەرەرای تکای حاکم بۆ مەحکوم.

بڕیاری حاکم هەر لە ڕواڵەتا پەسەند ئەکرێت

(٨٧٤/ ن /٣٩١١)- [عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ أَنَّ النبَّيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (إِنَّما أَنَا بَشَرٌ وإِنَّكُمْ تَخْتَصِمُونَ اِلَيَّ ولَعَلَ بَعْضُكُمْ اَنْ يَكُونَ اَلْحَنَ بحُجَّتِهِ مِنْ بَعْض، فَأَقْضِي بِنَحْو مِمَّا اَسْمَعُ فَمَنْ قَضَيْتُ لَهُ مِنْ حَقِّ أَخِيهِ شَيْئاً فَلاَ يَأْخُذْهُ فَإِنَّمَا اَقْطَعُ لَهُ قِطْعَةً مِنَ النَّارِ) رواه الجماعة. احمد (٣٠٧/٦، ٢٠٣،٢٩٠) (م/١٧١٣) ابوداود (٣٥٨٣) (خ/٧١٨٥/٦، ٧١٨١، ٦٩٦٧، ٢٦٨٠، ٢٤٥٨) والترمذي (١٣٣٩) والنسائي (٢٣٣،٢٤٧/٨) وابن ماجة (٢٣١٧)].

لە دایکی باوەڕدارانەوە خاتون ئوموسەلەمە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: منیش هەر بەشەرم، وە ئێوە کێشەی خۆتان دێننە لامو لەوانەیە هەندێکتان لێزانتر بن لە قسەکردنو هێنانەوەی بەڵگە لەسەر قسەی خۆی لە هەندێکی ترتانەوە من بەوشێوەیەی کە ئەیبیستم بڕیار ئەدەم جا هەرکەسێك من بڕیارم بۆدابە شتێ کە حەقی براکەی تری بوو با نەیبات، چونکە بەڕاستی من پارچەیەك ئاگرم بۆ پچڕیوە، واتە فرمانی حاکم حەرام حەڵاڵ ناکات هەرکەس بێ.

تەرجـەمـەی تاكێك باوەڕی پێ ئەكرێت

(٨٧٥/ ن /٣٩١٢)- [في حَدِيثِ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ، اَنَّ النَّبِـيَّ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) أَمَرَهُ، فَتَعَلَّمَ كِتَابَ الْيَهُودِ وَقَالَ: حَتَّى كَتَبْتُ لِلنَّبِـيِّ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كُتُبَهُ وَاَقْرَاْتُهُ كُتُبُهُمْ اِذَا كَتَبوُا اِلَيْهِ) رواه البخاري (٧١٩٥) وابوداود (٣٦٤٥) والترمذي (٢٧١٥)].

لە حەدیسی زەیدی كوڕی سابت دا هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانی پێدا كە فێری خوێندنەوەو نووسینی جوولەكە ببێ،وە ئەڵێ: هەتا ئەم نووسی بۆ پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نووسراوەكانی - بەزمانی جوولەكـە -وە ئـەم خوێندەوە نامەكانیان هەركاتێ بیانوسایە بۆ پێغەمبەر، واتـە بـاوەڕ بـە تەرجەمـەی كەسێكی لێزان ئەكرێتو بڕیاری لەسەر ئەدرێت.

بڕيار بە شايەتێك و سوێندێكی خاوەن حەق

(٨٧٦/ ن /٣٩١٣)- [عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ: (أَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَضَى بِيَمِينٍ وَشَاهِدٍ) رواه الجماعة الاّ البخاری والترمذی. احمد(١/٣٢٣،٣١٥،٢٤٨) (م/١٧١٢) وابوداود(٣٦٠٩،٣٦٠٨) والنسائی كما فی التحفة (٦٢٩٩٩) فی الكبری وابن ماجة (٢٣٧٠)].

لە عەبدوڵڵای كوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە شايەتێكو سوێندێك بڕياری داوە)).

ئەوانەی کە شایەتیان لێ وەرناگیرێ

(٨٧٧/ ن /٣٩٢٠)- [عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْب عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (لاَ تَجُوزُ شَـهَادَةُ خَـائِنٍ وَلاَخَائِنَـةٍ وَلاَذِي غَمْرٍ عَلَى أَخِيهِ، وَلاَتَجُوزُ شَهَادَةُ الْقَانِعِ لأَهْلِ الْبَيْتِ) الْقَانِعُ: الَّذِي يُنْفِـقُ عَلَيْهِ اَهْلُ الْبَيْتِ. رواه احمد (٢/٢٠٤، ٢٠٨، ٢٢٥، ١٨١) وابـوداود (٣٦٠٠) وابـن ماجة (٢٣٦٦) وَلأَبِي دَاوُدَ (٣٦٠١): لاَ تَجُوزُ شَـهَادَةُ خَـائِنٍ وَلاَ خَائِنَـةٍ وَلاَ زَانٍ وَلاَ زَانِيَةٍ وَلاَذِي غَمْرٍ عَلَى أَخِيـهِ].

لە عەمرِی کورِی شوعەیبەوە لە باوکیەوە لە باوەییەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کـە وتویـەتی: پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویـەتی: شـایەتی هـیچ پیـاوو ئافرەتێکی تاوانبار دروست نیەوە -شایەتی- هیچ خاوەن ڕقێك لـە براکـەی دروسـت نیە، وە شایەتی نـمەك خۆری ماڵێك -بۆ ئەو ماڵە- دروسـت نیـە..و لـە ڕیوایـەتی تری ئەم فەرمودەدا کە ئەبو داوود هێناویەتی بـەم شـێوەیە ((....وە شـایەتی هـیچ پیاوێکی زینا کارو ئـافرەتێکی زیناکـار وەرناگیرێـت...))- ئـەوەی بۆشـاییەکان لـە ڕیوایەتی سەرەوەدا باسکراون.

(ذو غمر)، واتە ڕق لە دڵ، قین لە دڵ.

(قانع): بەو کەسە ئەڵێن کە بەسەر کەسێکەوە بژیت، ماڵێك یان کەسێك ژیـانی دابین بکات، چونکە لەوانەیە بەسوودی ئەوان قسە بکات.

وە هەر لەوانە کە شایەتیان لـیوەرناگیرێت، گومان لێکراوو خزم. بەڵام شـایەتی مسولْمان لەسەر کافر وەرئەگیرێ، چونکە دوژمنایەتی مسـولْمان لەبـەر ئاییـنـە، وە ئایین ماوەی پێ نادات کە ناحـەق بڵـێ، بـەڵام دوژمنایەتیەکـەی تـر لەسـەر دنیایـە ئەگونجێ هەوڵی زیاندان لە یەکتر بدەن، واللە أعلم.

وە هـەر لـەو بابەتەیـە کـە شـایەتی کـوڕ بـۆ بـاوك و ژن و مێـرد لەسـەر یـەکتر وەرناگیرێت چونکە جێگـای گومـانن. بـەڵام لـە دەشـتـەکییەکدا ئەگـەر ئەناسـرا بـە پیاوێکی دادپەروەر ئەوە شەهادەتی لێ وەرئەگیرێ، چونکە لـە ڕیوایەتـدا هـاتوە کـە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شایەتی دەشتەکیوەرگرتووە سەبارەت بە مانگ[١].

(١) بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە تەماشای راڤەی هەمان ژمارە (٣٩٢٠-٣٩٢١) لە سەرچاوەی پێشوو، بکە.

شایەتی ئەهلی زیمە بۆ وەسییەت

(٨٧٨/ ن /٣٩٢٢)- [عَنِ الشَّعْبِيِّ، أَنَّ رَجُلاً مِنَ الْمُسْلِمِينَ حَضَرَتْهُ الوَفَاةُ بِدَقُوقَا هَذِهِ وَلَمْ يَجِدْ أحَداً مِنَ الْمُسْلِمِينَ يَشْهَدُهُ عَلَى وَصِيَّتِهِ فَأَشْهَدَ رَجُلَيْنِ مِنْ أَهْلِ الكِتَابِ فَقَدِمَا الْكُوفَةَ فَأَتَيَا الأَشْعَرِيَّ. يَعْنِي أَبَا مُوسَى — فَأَخْبَرَاهُ وَقَدِمَا بِتَرِكَتِهِ وَوَصِيَّتِهِ، فَقَالَ الأَشْعَرِيُّ: هَذَا أَمْرٌ لَمْ يَكُنْ بَعْدَ الَّذِي كَانَ فِي عَهْدِ رَسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَأَحْلَفَهُمَا بَعْدَ الْعَصْرِ: مَا خَانَا، وَلاَكَذِبَا ولابَدَّ لا، وَلاَكَتَما، وَلاَغَيَّرا، وَإِنَّهَا لَوَصِيَّةُ الرَّجُلِ وَتَرِكَتُهُ فَأَمْضَى شَهَادَتَهُمَا) رواه ابوداود (٣٦٠٥) قال الحافظ: ان رجال اسناده ثقاةٌ].

لە شەعبیەوە هاتوە، كە بەڕاستی پیاوێك لە مسوڵمانان لەم (دەقوقا)دا نزیكی گیان دەرچوونی بوو لەوێش هیچ مسوڵمانێكی دەست نەكەوت كە بیكات بە شایەت لەسەر وەسییەتەكەی لەبەر ئەوە دوو پیاوی ئەهلی كیتابی كرد بە شایەت، جا ئەو دوانەش هاتنە كوفەو چوونە لای ئەشعەری، مەبەستی ئەبوو موسابوو، وە ئەو هەواڵەیان پێداو ئەوەی كە بەجێمابو لێی (التركة)و وەسیەتەكەیان بۆ هێنا،

ئەشعەری وتی: ئەمە شتێکە دوای ئەوەی کە لە زەمانی پێغەمبەردا ڕوویداوە، نەبوە - مەبەستی مردنی کابرای سەهمیو تەمیمی داریو عەدی کوڕی بەدایە[1].

جا لەپاش نوێژی عەسر سوێندی دان کە: خیانەتمان نەکردوە، درۆناکەینو هیچمان نەشاردوەتەوەو هیچمان نەگۆڕیوە بەشتی ترو هیچمان تێکنەداوە، وە ئەمە وەسیەتی ئەو پیاوەیەو میراتەکەیەتی (الترکة) جا ئەویش -بەم شێوەیە- شایەتیەکەی لێوەرگرتن.

بەڵێ لەمبارەوە قسە زۆر کراوە، هەندێك ئەڵێن مەنسوخەو هەندێك ئەڵێن پێچەوانەی قیاسەو... بەڵام ئەوەی کە من لەمبارەوە بەڕاست تری ئەزانم ئەوەیە کە ئەم شێوەیە شێوەیەکی تایبەتەوەکو مامەڵەی — عەرایا وەکو مامەڵەی سەلەمو سەوزخریو خۆی بۆ خۆی ئەم بریارەی هەیەو رواڵەتی قورئانیش[2] ئەمە ئەگەیەنێو پێویست بەو دورو درێژە پێدانە ناکات خۆی بریارێکی جیاکراوەیە بەر قیاس ناکەوێو قیاسی شتی تریشی ناکرێتە سەر، واللە أعلم.

---

(١) تەماشای فەرمودەی ژمارە (٣٩٢٤) لە سەرچاوەی پێشوو، بکە.

(٢) تەماشای ئایەتی (١٠٦) المائدة بکە.

چەند جوانە کەسێ شایەتی ڕاستی لابێ خاوەنەکەی ئاگادار بکاتەوەو چەند ناشیرینە هەر لە خۆیەوە شایەتی بدات

(٨٧٩/ ن /٣٩٢٥)- [عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدِ الْجُهَنِيِّ، أَنَّ رَسُولَ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (اَلاَ أُخبركُم بِخَيْرِ الشُّهَدَاءِ الَّذى يَأتِى بِشَهَادَتِهِ قَبْلَ اَنْ يُسْأَلُهَا) رواه الجماعة الاّ البخارى. احمد (١١٥/٤، ١٩٣/٥) (م/١٧١٩) ابوداود (٣٥٩٦) والترمذى (٢٢٩٥، ٢٢٩٦، ٢٢٩٧) والنسائى فى الكبرى (٤٩٤/٣، ٦٠٢٩)].

لە زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنیەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ئایا هەواڵتان بدەمێ بە چاکترین شایەت: ئەو کەسەیە کە شایەتیەکەی ئەدات -بۆ خاوەنەکەی- پێش ئەوەی کە داوای شایەتی لێ بکرێت.

خراپی لەخۆوە شایەتی دان بێ ئەوەی پێویست بێ و کەس داوای لێ بکات و خراپی خیانەت و قەڵەوی

(٨٨٠/ ن /٣٩٢٦)- [عَنْ عِمْرانِ بْنِ حُصَيْنٍ، عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (خَيْرُ أُمَّتِي قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ. (قَالَ عِمْرانُ: فَلاَ أَدْرِي: أَذَكَرَ بَعْدَ قَرْنِهِ قَرْنَيْنِ أَوْ ثَلاَثَةً؟) ثُمَّ إِنَّ مِنْ بَعْدِهِمْ قَوْماً يَشْهَدُونَ وَلاَ يُسْتَشْهَدُونَ وَيَخُونُونَ وَلاَ يُؤْتَمَنُونَ، وَيُنْذِرُونَ وَلاَ يُوفُونَ، وَيَظْهَرُ فِيهِمْ السِّمنُ) لِلْحَدِيثِ ثَلاَثَ طُرقٍ إِلَى عِمْرَانَ، رواه البخاري (٢٦٥١، ٣٦٥٠، ٦٤٢٨، ٦٦٩٥) و (م/٢٥٣٥/ ٢١٤) والنسائي (١٧/٧-١٨) وغيرهم].

لە عیمڕانی کوڕی حوسەینەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرمویەتی: باشترینی گەلەکەم ئەم زەمانی خۆمەیە. لەپاشان ئەوەی کە بەدوای ئەواندا دێ، لە پاشان ئەوەی کە بەدوای ئەوانیشدا دێت (عیمران وتی: نازانم لەپاش زەمانی خۆی دوو چەرخی باسکرد یان سیان) لەپاشان بەڕاستی لەپاش ئەوان گەلێك ئەبێ شایەتی ئەدەن بێ‌ئەوەی داوای شایەتیان لێ بکرێت -کە ئەبنە هۆی ئاشووبو زیندو کردنەوەی بەلاو موسیبەتی لەناوچوو مردو وتراوە (**اَلْفِتْنَةُ نَائِمَةٌ لَعَنَ اللهُ مَنْ اَيْقَظَهَا**) فیتنەو ئاشوب خەوتوە نەفرینی خوا لەو کەسەی کە زیندوی ئەکاتەوە، بەڵێ ئەو جۆرە شایەتانەن کە پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سەرزەنیشتیان ئەکات وە خیانەت ئەکەنو خەڵك باوەڕیان پێ ناکات وە نەزر

ئەكەنو جێبەجێی ناكەن وە لەناو ئەواندا قەڵەوی پەیدا ئەبێ بەهۆی ئیسراحەتو چەوری خواردن، كە ئەمە ئەبێ بەهۆی تەمەڵی لە كاروباری خواپەرستیدا، ئەم فەرمودە لەگەڵ فەرمودەی پێش خۆیدا تێك ئەگیرێن، بەڵام بەو سەر باسەی كە بۆم داناون یەك ئەخرێنەوە، والله أعلم.

شایەتی درۆ تاوانێكی زۆر گەورەیە

(٨٨١/ ن /٣٩٢٨)- [عَنْ أَنَس قَالَ: ذَكَرَ رَسُولُ الله الْكَبَائِرَ - أَوْ سُئِلَ عَنِ الْكَبَائِرِ- فَقَالَ: (الشِّرْكُ بالله، وَقَتْلُ النَّفْسِ، وَعُقُوقُ الوالِدَيْن) وقال: (الاَ أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الْكَبَائِرِ؟ قَوْلُ الزور) أَوْ قَالَ (شَهَادَةُ الزُّور) رواه الجماعة الا اباداود وابن ماجة. احمد (١٣١/٣، ١٣٤) و (خ/(٦٥٣، ٥٩٧٧، ٦٨٧١) و م(٨٨) والترمذي (١٢٠٧، ٣٠١٨) والنسائي (٨٨/٧، ٦٣/٨)].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باسی تاوانە گەورەكانی كرد (یان پرسیاری تاوانە گەورەكانی لێكرا) فەرموی: هاوبەش دانان بۆ خوا، وە كوشتنی خەڵك بەناڕەواو نا فرمانی باوكو دایك) وە فەرموی: ئایا پێتان بڵێم بەگەورەترینی گەورەكان لە تاوان؟ قسەی درۆ - یان فەرموی شایەتی درۆ، بەڕاستی لەمبارەوە چەندین فەرمودەی تر هەیە، ئەوەی كەسە ئەلفێكی بەسە.

ئەگەر دووکەس لەبارەی شتێکەوە کێشەیان بوو، هیچکامیان بەڵگەیان نەبوو

(٨٨٢/ ن /٣٩٣٢)- [عَنْ أَبِي مُوسَى: (إِنَّ رَجُلَيْنِ اخْتَصَمَا إِلَى رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي دَابَّةٍ لَيْسَ لِوَاحِدٍ مِنْهُمَا بَيِّنَةٌ فَجَعَلَهَا بَيْنَهُمَا نِصْفَيْنِ) رواه الخمسة الاّ الترمذي. احمد (٤٠٢/٤) ابوداود (٣٦١٤/٣٦١٥) والنسائی (٢٤٨/٨) وابن ماجة (٢٣٣٠)].

لە ئەبو موساوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە بەڕاستی دوو پیاو کێشەیان هێنایە خزمەتی پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەبارەی وڵاخێکەوەو هیچکامیان شایەتیان نەبوو، جا کردی بە دوو بەشەوە لە نێوانیاندا - هەر یەکەیان هەڵیگرێتەوە نیوەی قیمەتی بۆ ئەویتریان بگەڕێنێتەوە، جا ئەگەر بەوەش ڕازی نەبوون تیرو پشك ئەکرێ کە کامیان سوێند بخۆن بۆ هەرکامیان دەرچوو ئەوە سوێند ئەخوات‌و ئەیبات وەکو لەم فەرمودەی دێت دەرئەکەوێت.

(٨٨٣/ ن /٣٩٣٣)- [[عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَرَضَ عَلَى قَوْمٍ الْيَمِينَ فَأَسْرَعوا، فَأَمَرَ أَنْ يُسْهَمَ بَيْنَهُمْ فِي الْيَمِينِ أَيُّهُمْ يَحْلِفُ؟) رواه البخاري (٢٦٧٤)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هـاتوە، كـە بەڕاسـتی پێغەمبـەر (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێشنیاری سوێندی كرد بۆ گەلێك جا ئەوان -هەركام- بۆ خۆی پەلـەی ئـەكرد كە سوێند بخوات، لەبەر ئەوە فرمانی دا كە تیرو پشك لە نێوانیاندا بكرێت بۆ سوێند خواردنەكە، چونكە ناكرێ هەروا لە خۆڕا بە یـەكێكیان بلێـت سـوێند بخـۆ، چ پێیـان خۆشبێ بۆ سوێند خواردن یان پێیان ناخۆش بێ ئەوە ڕێگای چارەسەریەتیو بەس.

ئەگەر شایەت نەبوو ئینكاركەر سوێند ئەدرێت و بۆ دەعواچی نیە هەردووكیان بكات

(٨٨٤/ ن /٣٩٣٤)- [عَنِ الأَشْعَثِ بْنِ قَيْسٍ قَـالَ: كَـانَ بَيْنِـي وَبَيْــنَ رَجُـلٍ خُصُومَةٌ فِي بِئْرٍ فَاخْتَصَمْنَا إِلَى رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: (شَاهِدَاكَ أَوْ يَـمِينُهُ)، فَقُلْتُ: إِنَّهُ إِذَنْ يَحْلِفُ وَلاَ يُبَالِي. فَقَالَ: (مَنْ حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ يَقْتَطِعُ بِهَا مَالَ امْرِءٍ مُسْلِمٍ هُوَ فِيهَا فَاجِرٌ لَقِيَ اللهَ وَهُـوَ عَلَيْـهِ غَضْبَانُ) متفق عليهُ].

لە ئەشعەسی كوڕی قەیسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: لە نێـوان مـنو پیاوێكی تر كێشەیەك هەبوو لەسەر بیرێك، جا كێشەكەمان گەیاندە لای پێغەمبەری خوا (صَلىَّ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و فەرموی: (دوو شایەت بهێنن یان سوێنی ئەو).

وتم: بەڕاستی ئەو سوێن ئەخواتو هیچ گوێی پێ نادات.

فەرموی: هەر كەسێك سوێند بخوات لەسەر شتێكو بەو سوێنەی بە نـاڕەوا مـاڵی مسوڵمانێك بۆخۆی ببچڕێت، بـە خـوا ئـەگات لەوكاتـەدا كـە رقیـەتی لێـی، واتـە

ئیدعاکەر داوای سوێندی لێ ناکرێتو مونکیر سوێند ئەدرێتو پێچەوانەی نابێ مەگەر مونکیر سوێنەکە بداتەوە بۆ مودەعی تەماشای ئەم فەرمودەی بەردەم بکە.

(٨٨٥/ ن /٣٩٣٦)- [عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (أَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَضَى بِالْيَمِينِ عَلَى الْمُدَّعَى عَلَيْهِ) وَفِي رِوَايَةٍ (أَنَّ النَّبِـيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (لَوْ يُعْطِى النَّاسَ بِدَعْوَاهُمْ لادَّعَى نَاسٌ دِمَاءَ رِجَالٍ وَأَمْوالِهِمْ ولَكِنَّ الْيَمِينَ عَلَى الْمُدَّعى عليه) رواه احمد (٣٤٢/١، ٣٥١، ٣٥٦) ومسلمٌ (١٧١١) وابن ماجة (٢٣٢١)].

له عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، کە: بەڕاستی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فرمانی کردووە بەسوێن لەسەر ئەو کەسەی کە داوای شتێکی لێ ئەکەن...وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتوە، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: ((ئەگەر خەڵکی بەداوای خۆیان شتیان پێ بدرێ - هەندێ — لە خەڵك داوای خوێنی پیاوانو ماڵەکانیان دەکرد بەڵام سوێن لەسەر داوا لێکراوە.

لەبارەی داواکەر (المدَّعی)و داوا لێکراو (المدَّعی علیه) زانایان لە پێناسەیاندا ناڕێکیان هەیەو دوو پێناسەیان بەناو بانگە

<u>یەکەم</u>: داواکەر ئەو کەسەیە کە قسەکەی پێچەوانەی رواڵەتە، داوا لێکراو پێچەوانەی ئەوە.

<u>دووهەم</u>: داواکەر ئەو کەسەیە کە ئەگەر بێدەنگ بوو، هیچ شتێك لە ئارادا نەمێنێ، داوا لێکراو ئەو کەسەیە هەرچەن ئەو بێدەنگ بێوازی لێ نەهێنرێت.

(٨٨٦/ ن /٣٩٤٠)- [عَنِ ابْنِ عُمَرَ، عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (مَنْ حَلَفَ بِاللهِ فليَصْدُقْ وَمَنْ حُلِفَ لَهُ بِاللهِ فَلْيَرْضَ وَمَنْ لَمْ يَرْضَ فَلَيْسَ مِنَ اللهِ) رواه ابن ماجه (٢١٠١) قَالَ الْبُوصِيرِيُّ فِي الزَّوَائِد (١٤٣/٢) هَذَا إِسْنَادٌ صَحِيحٌ، رِجَالُهُ ثِقَاتٌ].

له عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، لە پێغەمبەرەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە فەرمویەتی: (هەرکەس سوێند ئەخوات بەخوا با ڕاست بکات -بەدرۆوە سوێند نەخوات -وە هەرکەسێك بەخوا سوێندی بۆ خوارد بارازی ببێ، وە هەرکەسێك رازی نەبێ ئەوە بە بەندەی ڕاستەقینەی خوا حیساب ناکرێت، یان هیچ بەڵگەیەکی تری بەدەستەوە نیە لەلایەن خوداوەو ئەبێ ڕازی ببێ، والله أعلم.

٨٨٧/ن/٣٩٤٣- [[عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: (لاَ يَحْلِفُ عِنْدَ هَذَا الْمِنْبَرِ عَبْدٌ وَلاَ أَمَةٌ عَلَى يَمِينٍ آثِمَةٍ ـ وَلَوْ عَلَى سِوَاكٍ رَطْبٍ ـ إِلاَّ أَوْجَبَ اللهُ لَهُ النَّارَ) رواه احمد (٣٢٩/٢، ٥١٨) وابن ماجه (٢٣٢٦)].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە کە بەڕاستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمویەتی: لەلای ئەم مینبەرە هیچ پیاوو ئافرەتێك سوێندێکی ناحەق و نارەوا ناخۆن کە تاوانبار بن لەسەری - ئەگەر لەسەر سیواکی تەریش بووە - مەگەر خوا پێویست بکات لەسەر ئەوە ئاگر, واتە بەو سوێندە ناڕەوایە چونە ناو ئاگر فەرز ئەکرێت لەسەریان. ئەمانەو دەیان فەرمودەی تر هەن سەبارەت بە سوێنی ناحەق.

(٨٨٨/ ن /٣٩٤٦)- [عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: خَطَبَنَا عُمَرُ بِالْجَابِيَةِ فَقَالَ: يَأَيُّهَا النَّاسُ اِنِّي قُمْتُ فِيْكُمْ كَقِيامِ رَسُولِ الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِينَا، قَالَ: أُصِيكُمْ بِاَصْحَابِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ يَفْشُوا الْكَذِبَ حَتَّى يَحْلِفَ الرَّجُلُ وَلا يُسْتَحْلَفُ وَيَشْهَدُ الشَّاهِدُ وَلا يُسْتَشْهَدُ. اَلاَ لا يَخْلُوَنَّ رجُلٌ بامْرَأةٍ اِلاّ كَانَ ثَالِثُهُمَا الشَّيْطانُ، عَلَيْكُمْ بِالْجَمَاعَةِ، وإِيَّاكُمْ وَالْفُرْقَةَ، فَأِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ الوَاحِدِ وَهُوَ مِنَ اْلأِثْنَيْنِ اَبْعَدُ. مَنْ اَرَادَ بُحْبُوحَةَ الجنَّةِ فلْيَلْزَمِ الْجَمَاعَةَ. مَنْ سَرَّتْهُ حَسَنَتُهُ وساءَتْهُ سيِّئَتُهُ فَذلِكَ الْمُؤْمِنُ) رواه احمد (١٨/١) والترمذی (٢١٦٥)].

لە عەبدوڵڵای كوڕی عومەرەوە (خوا لێی ڕازی بێ) هاتوە، كە وتویەتی: عومەر (خوا لێی ڕازی بێ) لە جابیە خوتبەیەكی بۆ خوێندینەوەو وتی: ئەی خەڵكینە، من لەناو ئێوەدا هەستام وەكو پێغەمبەر (صَلَّ اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەناو ئێمەدا هەستا بو، فەرموی: ئامۆژگاریتان ئەكەم لەبارەی یارەكانمەوە -واتە بێ ئەدەب نەبن‌و قسەی خراپیان پێ نەڵێن- لە پاشان- چاك بن لەگەڵ ئەوانەی پاش ئەوان دێن لەپاشان چاك بن لەگەڵ ئەوانەی پاش ئەوانیش دێن واتە ڕێزی ئەو سێ بەشە بگرن، لەپاشان درۆ ڕەواج پەیدا ئەكات‌و بڵاوئەبێتەوە، تاوای لێدێت پیاو سوێن ئەخوات بێ ئەوەی سوێند بدرێت، شایەت شایەتی ئەدات بێ‌ئەوەی داوای شایەتی لێ بكرێت.

ئاگادار بن، با تەنیا نەبێت هیچ پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێكی -نامەحرەم-دا ئەگەروای كرد -شەیتان سێیەمیانە-، واتە شەیتان دێتە نێوانیان‌و هەوڵی ئەوە ئەدات كە دوچاری تاوانیان بكات پێویستە (لەسەرتان كە یەك بن‌و دووربكەونەوە لە بەش بەشی) بەڕاستی شەیتان لەگەڵ یەك كەس دایەو لەگەڵ دوان دوورترە.

هەرکەسێك ناوەڕاستی بەهەشتی دەوێ با لەگەڵ کۆمەڵ دابێ. هەرکەسێك چاکەکەی شادمانی کردو خراپەکەی غەمناکی کرد ئەوە باوەڕ دارە.

بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی نووسینی ئەم فەرمودە بەنرخانە، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٧/ رجب/ ١٤٢٤ ك. ق. هەولێر.

وصلى الله على قائدنا وحبيبنا وشفيعنا محمد وعلى آله وأصحابه، يا الهى صلّ وسلّم عليه وعليهم عدد ما أحاط به علمك وخطّ به قلمك وأحصاه كتابك.

وآخر دَعوانا أنِ الحمد لله ربِّ العالمين.

ناوەرۆك

فەرمووده‌كانی ئەحكام

لێرەدا هەستاوم بەدەرهێنانی ((888)) فەرمودەی پێغەمبەری ئازیزمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وسَلَّمَ) كە هیچ كامیان لە پلەی (حسن لغیره) خوارتر نین،واتە: هەموو فەرمودەكان جێگای باوەڕن و زانین و ئیش پێكردن و فەتوا پێدانیان بۆ ترسە، ئەمیش لە (منتقی الاخبار) لە (نیل الاوطار)دا كە بریتیە لە (3946) فەرمودە دەرم هێناون.

ئەوەی لێرە ئێمە كردومانە، ئەوەیە كە، ئەگەر چەند فەرمودە هەبووە لەبارەی یەك شت ئێمە یەكێكیانمان هێناوە وە ئەگەر فەرمودەیەكی (صحیح) بووە لەبارەی حوكمێكەوە بەڵام فەرمودەیەكی (حسن، یان حسن لغیره) بووە هەر لەوبارەیەوە زیادەیەكی تێدابووە یان كورت تر بووە ئێمە (حسن، یان حسن لغیره)یەكمان هێناوە لەبەر سودی زیاتر یان لەبەر ئاسان لەبەر كردن، هەوڵمان داوە هەمو فەرمودەكان بە ژمارەیانەوە بنوسین تا ئەگەر برایەك لە شتێكا گومانی پەیدا كرد بتوانێ بە ئاسانی ئەو فەرمودەیە بدۆزێتەوە و تەماشای خۆی و ڕاڤەكانیان بكات، پێشەكی ئێمە ژمارەی خۆمان ئەنووسین پاشان ژمارەی هەمان فەرمودە لە (نیل الاوطار)دا بەم شێوەیە ئەنوسین (ن/1)، ئینجا فەرمودەكە ئەنوسین پاشان ئەگەر تەنها ئیمامی بوخاری و مسلم ئەو فەرمودەیان هێنا بوو ئەنوسین (أَخْرَجاه/ ئەو دوانە دەریانهێناوە) وە ئەگەر ئیمامی ئەحمەدیان لەگەڵدا بوو ئەنووسین (متفق علیه/ یەكن لەسەری)، وە ئەگەر ئەمانە خاوەنی {سونەنەكانیان، واتە: (أبو داود -ترمزي- النسائي- وأبن ماجه)یان لەگەڵدا بوون ئەنووسین (رواه الجماعة)}،وە ئەگەر ئیمامی ئەحمەد خاوەنی سونەنەكان دەرهێنابو، ئەوە بۆیان ئەنوسین (رواه الخمسة) لەپاش ئەوە یەك بەیەك خۆیان و ژمارەی فەرمودەكان ئەنوسین و هەندێ جاریش بێجگە لەوانیش كەسانی تریش ئەنوسین بەڵام زۆر بەكەمی یەك دوو فەرمودەشمان هێناوە لەغەیری (منتقی) لە شوێنی خۆیدا ڕاویەكەمان نوسیوە لەپاشدا (ن/ش)م نوسیوە، واتە: لە شەرحەكەیدا هاتووە، گرنگ ئەوەیە كە هیچ فەرمودەیەكمان نەنوسیوە كە ئیشی پێ نەكرێت مانایەكی كورتمان كردوە، وە دەرهێنانی فرمانەكانمان داوەتە دەست ژیری تێگەیشتن.

نرخی 10.000 دینار

9 789922 620848

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوكردنەوە
هەولێر - شەقامی ٣٠مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice